گەراس ئارِ . ڤی. ستانسفیلّد

# کوردستانی عێراق

## پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراسیی




وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە
پرۆفیسۆر.ی. د. یاسین سەردەشتیی

چاپی یەکەم
٢٠١٠

گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیڵد

# کوردستانی عێراق

## پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراسیی @

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

پرۆفیسۆر.ی. د. یاسین سەردەشتیی

ناوی کتێب : کوردستانی عێراق . پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراسیی
نووسەر : گەراس ئار. ڤی. ستانسفیلد
وەرگێڕان و هەموو ئەرکێکی لەچاپدانی: پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتیی
تیراژ : ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن :
شوێنی چاپ : چاپخانەی (سیڤا) ، سلێمانی

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە :

- یادی ئەو نەونەمامانەی لەلایەن رژێمە خوێنخۆرەکەی کۆماری ئیسلامییەوە لەسێدارەدران : شیرین عەلەملهولی، فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی

- سیاسەتکاری بەشەرەفی کورد ئەحمەد تورک و هاوڕێکانی، هەروەها ئەوانەی لەنێو زیندانەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورک و لەسەر چیا سەرکەشەکانی باکووری کوردستان لە پێناو ئازادیی و مافە رەواکانی نەتەوەکەیان دژی جینۆسایدی مرۆیی و کەلتوریی و مێژوویی و ژینگەیی تێدەکۆشن و بەرسنگیان لە تاوانەکانی نەژاد پەرستان و سیاسەتی حەقارەت و تەسفیەی پارتی عەدالەت و تەنمیە گرتووە.

- گوڵی تازە پشکتوو : نارین.

## نێوەرۆک


| | |
|---|---|
| گوتەی وەرگێڕ | ٦ |
| پێشەکیی | ١٥ |
| سوپاس و پێزانین | ١٨ |
| بەشی یەکەم: دەروازە | ٢١ |
| بەشی دووم: تیۆرو میتۆدناسیی | ٤١ |
| بەشی سێیەم: شیکاریی چوارچێوەیی | ٧٥ |
| بەشی چوارەم: پەرەسەندنی سیستمی حیزبە سیاسییەکان | ١٤٣ |
| بەشی پێنجەم: پرۆسەی بڕیارسازیی پارتیو یەکێتی | ٢٢٣ |
| بەشی شەشەم: ستراکتۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٢٨١ |
| بەشی حەوتەم: حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢-٢٠٠٢ | ٣٢٧ |
| ئەنجامگیریی | ٣٩١ |
| پاشەکیی | ٤٠٧ |
| بیبیلیۆگرافیا | ٤٤٥ |

## گوتەی وەرگێڕ

ئاشکرایە کە بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەهاری ساڵی ١٩٩١دا، بە یەکێك لە گرنگترین بڕیارە مێژووییەکان سەبارەت بە کورد بەگشتیی و سەبارەت بە کوردی عێراق بەتایبەتیی دەژمێردێت، ئەو بڕیارەی نەك هەر گەلی کوردی ئاوارەو هەڵاتووی سەر سنوورەکانی بۆسەر زێدو ماڵ و حاڵی خۆی گێڕایەوە، بەڵکو ئەرکی چەنگ و نینۆککردنی هێزەکانی ڕژێمی بەعسی لە سێ پارێزگای باشووری کوردستان گرتە ئەستۆو زەمینەی بۆ کێشانەوەی ئەو هێزانە لە بەشێکی بەرچاوی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی لە هەرێمی کوردستانی عێراق خۆشکرد کە ئامانجێکی هەرە گرنگی جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی نەتەوەیی کورد بوو لەو بەشەی کوردستاندا.

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش هەڵبژاردنەکانی مایۆی ساڵی ١٩٩٢ بەرجەستەی ئەو دەسەڵاتە دیفاکتۆیە دەکات، ئەو حکومەتەی کە گەلی کورد هیوای ئەوەی پێی بوو لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوچەرخی دیموکراتیی دابمەزرێنرێت و برینە قووڵەکانی چەندین ساڵەی سەردەمی تاوانکاریی بەعس سارێژ بکات و کۆمەڵگایەکی ئازادو دەسەڵاتێکی کوردستانیی دادپەروەر بێنێتەکایەوە. بەڵام هەر زوو لە ئاکامی چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی کە گرنگترینیان: ژێرخانێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی وێران، نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهەق نیشتیمانیی و دیموکراتیی و حیزبی دیموکراتیی راستەقینە، باڵادەستی عەقڵیەتی پاوانخوازیی و دواکەوتووانەی سیاسیی هێزە سیاسییەکان، بێمتمانەیی تەواوی نێوانیان تا ڕادەی تۆقین لە یەکتری، پەنانەبردن بۆ دیالۆك و لێکتێگەیشتن و سازانی سیاسیی و بڕوابوون بە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەڕێگەی سێرەی تفەنگەکانەوە، هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ دەستێوەردانی دوژمنانی خەونی نەتەوەیی کورد ڕەخساند کە ئەو سیستمە فشەڵە فیفتی فیفتییە داڕمێنن کە حکومەتە کوردییەکەی لەسەر دامەزرابوو و هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەت پارتی و یەکێتی، لێکبەردەن. ئەوانەی بێئەوەی ئەزموونێکیان

له براكوژییەكانی رابردوو وەرگرتبێت، بێئەوەی ئەو هەموو نەهامەتییەی رابردووی گەلە ستەمدیدەكەیان و برینە قووڵەكانی لەبەرچاوبگرن، بێئەوەی بیرێك لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەكەیان بكەنەوەو سڵ لە حوكمی مێژوو بكەنەوە، تەنیا لەبەر تێركردنی ئارەزووی مەقامخوازیی و بەرژەوەندییە تایبەتە لابەلاكانیان، كۆمەڵگای كوردییان گیرۆدەی رەشترین قۆناغی مێژووی خۆی كردەوەو نەك هەر دڵی دوژمنانی كوردیان خۆشكرد، بەڵكو بۆ خۆسەپاندن و ملشكاندنی بەرامبەرەكانیان دەستیان بە داوێنی پیسی ئەو رژێمە داگیركەرانەوە گرت و پەلكێشی هێزەكانیان كردن بۆ ناو قوڵایی خاكی كوردستانی ئازادكراوو لەدەیان شوێندا دژی یەكتر كۆمەڵكوژییان ئەنجامدا كە تێیدا سەدەها رۆڵەی كوردی تێدا بەكوشت چوون. ئەو شەڕە نەفرەتییە ناوخۆییەی بە نەفیرعامی هێزەكان دژی یەكترو بە گەمارۆی خۆراك خستنە شارو شارۆچكەكان دەستپێكردو تادەهات كارەساتی مەزنی بەدوای خۆیدا دەهێنا كە بێوێنەترینیان كارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و گێڕانەوەی هێزەكانی رژێمی بەعس بو بۆ ناوپایتەختی هەرێمی كوردستان .

پاش ئەوەی هێزە مەزنەكانی رۆژئاوا، بەتایبەت وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا مەترسیی قووڵبوونەوەی تێوەگلانی هێزە هەرێمییەكانی لە شەڕی ناوخۆی باشووری كوردستاندا درك پێكردو پارتی و یەكێتیش دوای رژاندنی بەناهەقی ئەو هەموو خوێنە، گەیشتنە ئەو بڕوایەی كە هیچیان ناتوانن ئەوی دیكە لە شانۆكە دەرپەڕێنن و هەروەها ناشتوانن پێكەوە عال و سال حكومڕانیەتییەكی یەكگرتوو بەڕێوەبەرن، ئەوسا پەنایان بۆ ئەو برد كە هەریەكەو لەناوچەی نفوزو قەڵەمڕەوی خۆیداو بێ ترس و سڵەمینەوە لەوی تر دەسەلاتێكی خۆجێ بۆ خۆیان پێكبهێنن و بۆ چەسپاندنی ئەو دەسەلاتەو بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریی و كۆمەلایەتییەكانیان لە دوو دەڤەری جیا لەیەك هەڵسوڕێن، بەوەش باشووری كوردستان بووە دوو بەش كە زەردستان و سەوزستانەو كورد بوو بە خاوەنی دوو حكومەت! ئەوەی كە بە تێپەڕینی كات و دوای نیشتنەوەی تەپوتۆزی گەردەلولی شەڕی ناوخۆ، جۆرە سەقامگیرییەكی تێدا پەیدابوو، جارێكی دیكە بواری بۆ كاروهەڵسوڕانی حوكمڕانیی

لەو دوو ناوچەیەدا رەخساندەوەو وڵاتانی دراوسێشی لەوە دڵنیاکردەوە کە چیدی حکومەتێکی نەتەوەیی کوردیی یەکگرتووی کاراو هاوچەرخ لە ناوچەکەدا نابێت.

شایەنی باسە، مەسەلەی کورد کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمو نەقۆزتنەوەی عاقڵانەو دڵسۆزانەی دەرفەتەکەی بەردەمی، بایەخێکی مەزنو سۆزی گشتیی لەدەستدابوو، لەدوای رووداوەکانی ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱و ئامادەکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هێرشکردنە سەر رژێمی سەدام لە عێراق، جارێکی تر بایەخی ئەو مەسەلەیە بووژایەوەو هەوڵی لەیەکتر نزیککردنەوەی بژاردە پەرتەوازە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق دراو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی رێکەوتننامەی واشنگتۆن خرایە رۆژەڤەوە. ئەوەش جارێکی دیکە هیوای گەلی کوردی لە باشووری کوردستان بووژاندەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی رژێمی دیکتاتۆریی سەدام بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕنراو مژدەی دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتیی فیدراڵیی لەعێراق راگەیەندرا، ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا بە پاڵپشتیی ئەمەریکا بەخێراییەکی بەرچاو بچێتەپێشو جگە لە دامەزراندنی ناوەندێکی دیموکراتیی لە بەغدا کە کوردیش وەك شەریکە بەشێکی رێزلێگیراو تێیدا بەشداربێت، بەڵکو چاوەڕێ دەکرا لە کوردستانیش بەهۆی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە، پارلەمانێکی راستەقینەی چالاكو خاوەن پرستیژو هەیبەت پێکبهێنرێتو حکومەتێکی کارای دیموکراتیی کوردستانیی بێتەسەرکار کە بەجدیی قۆڵی مەردانەی لێهەڵماڵێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی سەرانسەرییو گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی سیاسیی، کارگێڕیی، ئابووریی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی و مۆراڵییدا لە کۆمەڵگادا تێبکۆشێت، هەنگاوێکی گەورە بەرەو سارێژکردنەوەی برینەکانی رابردوو بەدیهێنانی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، سەروەریی یاسا، سەربەخۆیی دادگاکان، بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی و دامەزراندنی پرۆژە ستراتیژییەکان، بەهێزکردنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیی، پاراستنی موڵكو ماڵو سامانی گشتیی، پاراستنو برەوپێدانی ئازادییەکان، نەهێشتنی رۆتینی کاتکوژی فەرمانگەو دیاردەکانی مەحسوبییەتو مەنسوبییەتو چالاککردنی کاروهەڵسوڕانی

دەزگا حكومییەكان، ڕێگرتن لە قۆرغكاریی بازاڕو چەسپاندنی بنەماكانی بازاڕی ئازاد، بەگژداچوونەوەی پەتای گەندەڵیی سیاسیی، دارایی، ئابووریی، كارگێڕیی و ئەخلاقیی كە هێشتا بەو چەشنە سامناكەی ئێستا پەرەی نەگرتبوو، هەوڵدان بۆ پاكـژاگرتنی ژینگـەو بنیاتنانـەوەی ورەو ئـیرادەو بـەها ئینـسانییەكانی مرۆڤـی كورد..هتد، بەڵام ئایا ئەم هیوایەشمان بەدەردی هیواكەی ساڵی ١٩٩٢ ١چوو؟

دیارە سیستمی فیفتی فیفتییەكە كە لە یەكەمین و دووەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا جۆرێك لە ڕێكەوتن و سازانی پارتی و یەكێتی بوو بۆ دابەشكردنی دەسەلات لە باشووری كوردستاندا، ئەو سیستمەی كە نەك هەر لەڕووی كارگێڕییەوە تەپۆو ناكارابوو، لەڕووی بەهێزكردنی هاوبەستەگیی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتییشەوە شكستخواردوو بوو، بەڵكو سەرچاوەیەكی سەرەكیی تێكچوونی حكومەت و پەرتبوونی پارلەمان و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ بوو. لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٥ باس لە جۆرە سیستمێكی سیاسیی دەكرێت كە بە "سیستمی دیموكراتیی تەوافوقیی" ناوی دەبرێت، دامەزراندنی لیستی هاوپەیمانیی و ڕێكەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەكێتی لەكلاوڕۆژنەی ئەو سیستمەوە بووە، سیستمێكی وا كە لەكۆمەڵگا پەرت و دابەشبووەكاندا پێشتر لە وڵاتە بچووكەكانی ئەورووپای ڕۆژئاوای وەك هۆڵەندا، سویسرا، نەمسا و بەلجیكا تاقیكراوەتەوە كە لەوێ سەركەوتنێكی گەورەی لە ڕێگرتن لە توندوتیژیی كۆمەڵایەتیی و پێكهێنانی بناغەی حكومەتێك بەدیهێنا كە بەرژەوەندی تەواوی پێكهاتەكانی وڵاتی پاراستووەو زەمینەی بۆ پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی جێگیریی سیاسیی و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیی فەرهەنگیی خۆشكردووە بەشێوەیەك ئەو وڵاتانە بوونەتە ئازادترین و دیموكراتییترین وڵاتە پێشكەوتووە دیموكراتەكانی ئەورووپا.

لێرەدا، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ كە ئەوەیە ئایا ئەم چەشنە سیستمە دیموكراتییە تەوافوقییە لە كوردستان تا چەند دەبێتە شاڕێگەی بەدیهاتنی ئەو هەموو بەڵێن و

دروشـم و هیوایانـه و کۆمـەڵگای باشـووری کوردسـتان بـەرەو گەشـەو پەرەسـەندن و پێشکەوتنی دیموکراتیی و دادپەروەریی دەبات.

لەڕاسـتییدا، ئـەوەی زەمینـەی سـەرکەوتنی سیـستمی دیمـوکراتی تـەوافوقیی مسۆگەر دەکات بریتییە لە: بوونی هۆشیاریی و دڵسۆزییەکی مەزنی سەرکردایەتیی سیاسـیی و هاوسـەنگیی و فرەرەنگیـی هێـزە سیاسـییەکان و ڕۆیـشتن بـە ئاراسـتەی بنیاتنـانی ژێرخـانێکی بـەهێزو بەدامـەزراوەییکردنی حکومـەت بـەجۆرێك کـە ببێتـە بـاڵاترین دەزگـای جێبـەجێکردنی نیـشتیمانیی بـەهێزو بەرنامـەداری هاوچـەرخ کـە بەرجەسـتەو نوێنەرایـەتیی بەرژەوەندییـەکانی تـەواوی چـین وتوێژەکانی کۆمـەڵگا بکـات و هـاوڵاتییبوون بکاتـە پێوانـەی ئـەرك و مافـەکان و حکومـەت نەبێتـە ئـامرازی دەستی کەسێک، یاخود بنەماڵەو حیزبێکی دیارییکراو.

ئـەوەی ئـەمڕۆ لـە باشـووری کوردسـتاندا بـە ئاشـکرا دەبینرێـت ئـەوەمان پێـشان دەدات کە "مۆدێلە تەوافوقە کوردییەکە" ئەوەندە ئاستەنگی لەڕێیە بەچەشنێك کۆت و بەنـدکراوە کـە نـەك هـەر نـەیتوانیوە چارەسـەری قەیرانـەکانی نـاو کۆمـەڵگای کوردیی بکـات و ڕێـچکەیەك بـۆ بەرەوپێشـچوون بگرێتەبـەر، بـەڵکو بـەجۆرێك بەدەسـت ئـەو قەیرانانـە گیرییخواردووە کـە مژدەی تێپەڕاندنیان و زاڵبـوون بەسـەریاندا بەڕوونی لـە ئاسۆدا نابینرێت,

شـایەنی باسـە، پـاش دابەشـبوونی سیـستمە سیاسـییە فیفتییەکـەی سـەرەتای نەوەتـەکان و دابەشـبوونی کوردسـتان بـۆ دوو ئیـدارەی جیـا لەیـەك، کـە هەریەکـەیان بەشـێوەیەکی تـەواو لـەبن هـەژموونی پـارتی و یەکێتیـدا بـوون، ئـەو دەیەیـەی کـە لـە تەمەنی ئەو دوو ئیدارەیەدا تێپەڕیی نەك هەر ریفۆرمی ریشەیی لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایـەتیی و فەرهـەنگیی بـەخۆوە نـەبینی، بـەڵکو زیـاتر بـۆ چەسـپاندنی پێگـەی بنەماڵـەیی و بـەهێزکردنی دەسـەڵات و بەرژەوەنـدیی بـژاردەی حیزبیـی لـە ئاسـت کۆمــەڵگادا بــووە، مەترســیی دەســتێوەردانی دەرەوەش زۆر بەبایــەخ نــەگیران، خەمـساردییەکی قـووڵ سـەبارەت بـە ئاینـدە لەگۆڕێـدا بـوو، بەرژەوەندییـە تایبەتـەکان کرانە ئامانج و بەرژەوەندیی گشتییش پشتگوێخرا، پلانە ستراتیژییە نیشتمانییەکان

کاریان بۆ نەکرا، ژێرخانی ئابووریی و پرۆسەی بنیاتنانەوەی مادیی و مرۆیی لە کۆمەڵگای کوردییدا بیٚ خاوەنداریی مایەوە. نەك هەر ئەوەندە بگرە هەڵوێستێکی ئەرێنیش لەمەڕ برەوپێدانی دیموکراتیی نێوخۆیی حیزبیی و بەدامەزراوەییکردنی فرە مینبەری نێوحیزب و چەسپاندنی بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و بازاڕی ئازاد و دادی کۆمەڵایەتیی نەگیرایەبەرو تێکڕای ئەو مەسەلە گرنگانە لەژێر چەکوشی سیستمێکی دەبڵ ئۆتۆکراتیی و بیرۆکراتییەتی حیزبیی و دەسەڵاتی ئاسایشیی و قۆرغکاریی بازاڕو سستیی تەواوی کاروهەڵسوڕانی دەزگا خزمەتگوزارییەکان دەینالاندو بێئیرادەکردنی تاك و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ دەستپێشخەریی و گەشەکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لەگۆڕێدا بوو.

لەپاش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی ساڵی پار کە خاڵێکی وەرچەرخانی ئەرێنیی بوو لەمێژووی ئەزموونە حوکمڕانییەکەی باشووری کوردستان، بەوەی کە بۆ یەکەمین جار لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە، ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بەشێوازێکی ئاشتییانەو لەڕێگەی سندوقیی دەنگدانەوە ٢٥ کورسیی پارلەمانیان بەدەستهێنا. ئەوەش گیانێکی بە بەری سیستمە سیاسییەکە چەقبەستووەکەدا کردەوەو بوارێکی بۆ مشتومڕ سەبارەت بە ئیشکالییەتە مەزنەکانی سیستمە کوردییەکە رەخساندو جۆرێك لە پرستیژو چالاکیی بە پارلەمان بەخشی کە هیچ کات پێشتر بەخۆیەوە نەبینیوە.

مەزنترین ئیشکالییەتی ئەمڕۆی حکومەتە تەوافوقە کوردییەکە ئەوەیە کە میراتێکی قووڵی قەیرانەکانی رابردووی بەسەردا کەوتووە، لەسۆنگەی پەرەسەندنی دە ساڵ لە سیستمی حیزبۆکراتیی لە دوو دەڤەرە جیاوازەکەدا، هێشتا مەسەلە هەرە بایەخدارەکانی وەك داڕشتنی بڕیارە سیاسییەکان، مەسەلە ئابووریی و داراییەکان و وەبەرهێنان، هێزە چەکدارەکان و مەسەلە ئاسایشییەکان، پەیوەندییە دەرەکییەکان، ئەمانە تێکڕایان لە بندەستی بڕاردەی حیزبییدابوون و هەرواش ماونەتەوەو لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتە تەوافوقییەکەن و بەوەش حکومەت چەقۆیەکی بەدەستە کە دەسکەکەی لەدەستی لایەن و کەسانی دیکەدایە. ئەوەش وایکردووە کە

ئـەو حکومەتـە تـەنیا ئەرکـە خزمەتگوزارییـەکانی خراوەتـە ئەسـتۆ نـەتوانێت پلانـی سـتراتیژیی بـۆ مەسـەلە نەتـەوەیی و ئـابووریی و ئـەمنیی و سـەربازیی و پەیوەندییـە دەرەکییـــەکان دابڕێـــژێت. ئـــەوەش حکومـــەتی لـــەمانا راســـتەقینەکەی دەرهاویــشتووە.دیــارە مەســەلەی پێــدانی رەوایــی بــە دابەشــبوونی حکومەتــە تەوافوقییەکە هەر لەسەرەتاوە دیاربوو، کاتێك بەپێچەوانەی هەموو عورفێکی دنیاوە، داواکرا لە پەرلەماندا لەگەڵ متمانەدان بە سەرۆکی حکومەت، متمانە بە جێگرەکەشی بدرێت، ئەوەی وادەکات ئەو جێگرە لە دەڤەری پارتیدا وەك سەرۆك وەزیری بەشە حکومەتەکـەی پـارتی هەڵـسوڕێت، مەسـەلەیەکی وا کـە بـوونی یـەك بڕیـاری و یـەك هەڵوێـستی لـە حکومەتـە تەوافوقییەکـەدا لاوازدەکـات، ئـەوەش لەمپـەرێکی مـەزنی بــەردەم سیــستمی دیموکراتییــەتی تەوافوقییــە کــە یــەکگرتووی و دامــەزراوەیی دەزگاکانی بڕیار بەبنەما وەردەگرێت و چالاکانە جێبەجێیان دەکات.

لەلایـەکی دیکـەوە، ئەگـەر دەرکـەوتنی بزوتنـەوەی گـۆڕان بووەهـۆی پەیـدابوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی و فرەرەنگیی هاوکێشە سیاسییەکەی لـە هەرێمەکەدا، بەڵام لـە سـەرێکی تـرەوە بـووە لاوازکردنـی هێزێکـی بنـەڕەتی حکومەتـە تەوافوقییەکـەو باڵادەسـتیی تـەرەفێکی هاوکێـشە سیاسـییەکە لەبەرامبـەر هێزەکـانی دیکـەی هەرێمەکـەداو هاوسـەنگییەکەی پێـشووی لاسـەنگکردووە، ئـەوەش زەنگێکـی مەترسییدارە بۆ حکومەتی تەوافوقیی، چونکە هاوسەنگی هێزەکان یەکێکە لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی پایەداریی تەوافوق، بەتایبەت لە کوردستاندا هێزەکان تائێستاش لەو خۆشخەیاڵییەدا دەژین و بە جدیی کار بۆ ئەوە دەکەن کە لە ئایندەی نزیکدا ببنە تاکە هێزی باڵادەستی سەر شانۆکەو پەرە بە پاوانە حیزبییەکەی خۆیان بدەن و سەرجەم ناوچـەکانی دیکـەی هەرێمەکـە بهاوێژنـە بـن هـەژموونیان و دەزگـا و دامـەزراوە حیزبیـەکانی خۆیـان بکەنـە ئەلتـەرناتیڤی دامـەزراوە حکومییـەکان و لەسـەرەوە بیانسەپێنن، هـەروەها سیستمێکی ناوەندگـەرای توندوتیژی حیزبی قائیدو قائیدی زەرورە بکەنە ئەمری واقیع. ئەوەش یەکێکە لە هەرە رەوتە مەترسیداریەکانی ئەمڕۆو ئایندەی باشووری کوردستان و ئـەو سـەقامگیرییە کەمـەی هەشـە لـەنێوی دەبـات و

سیستمه تەوافوقییەکـە پووچەڵدەکاتەوەو دوور نیە لەڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە جارێکی دیکە هەلومەرجەکە بەرەو تەقینەوە نەبات.

شایەنی باسە، ئەوانە زۆر باشی بۆچوون کە گەندەڵییان بە یەك لە هەرە پەتا مەترسییدارەکان بۆ سەر ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و سەرجەم ئەزموونە کوردییەکە داناوە، ئەو گەندەڵییەی زادەی نادیموکراتییبوونی دەسەڵاتە سیاسییەکەو بێڕەونەقیی سیمبولەکانێتی، زادەی ناشەفافبوون و نەبوونی چاودێری پێویست و لێپرسینەوەو ئیستغلالکردنی پۆست و بڕیارە حیزبیی و حکومیییەکانە بۆ قازانجی شەخسیی و بنەماڵەیی، ئەوەی پێویستی بە ئیرادەیەکی ریفۆرمیستانەی رادیکاڵانەی بژاردەیەکی ئازاو ئازاد هەیە بەگژیاندا بچێتەوەو ریشەکێشیان کات، جگە لەوەی پێویستی بەکات و جێگیریی سیاسیی و دۆستانێکی ستراتیژیی و دڵسۆز هەیە کە هاوکاریی بکەن لە تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە قووڵانەی کە تادێت شیرازەی کۆمەڵگاکەمان لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت و بەرەو کارەسات ملدەنێن.

ئەو پرسیارانەی کە دەشێت لێرەدا بکرێت ئەوەیە، داخۆ پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەو تێکچوونی هەلومەرجە گشتییەکەی عێراق و پەیدابوونەوەی مەترسیی لەسەر هەرێمی کوردستان لە باشوورەوە، هەروەها بەرەوپێشچوونی پیلانی وڵاتانی دەوروبەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سیاسییەکەی عێراق و تێکدانی ئەزموونە کوردییەکە، تا چەند حکومەتە کوردییە تەوافوقییەکە بەم لاوازیی و تەپۆیی و دەستکورتییەوە، حیزبە سیاسییەکان بەم عەقڵییەتە دۆگما و خۆسەپێنیی وخەمساردیی نیشتیمانییەوە ، کۆمەڵگای کوردستان بەو دۆخە قەیراناوییەی خۆیەوە، دەتوانن خۆڕاگربن و دەرفەتێکیان بۆ رزگاربوون هەبێت؟ چ پلانێك هەیە بۆ رێگرتن لەو مەترسییانەو چۆنێتی رووبەڕووبوونەوەیان لەکاتی قەومانیاندا؟ تاچەند هێزە چەکدارەکانی باشووری کوردستان توانا و ورەی رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەکی دەستدرێژیی ئایندەییان هەیە؟ تاچەند گەل و جەماوەرەکە هاوسۆزدەبن لەگەڵ حکومەت و سەرکردایەتییەکەیان و لەپشتیانەوە دەوەستن و ئەمجارەیان بەچ ناوێکەوە داوایان لێدەکرێت قوربانیی بدەن؟ ئایا ١٨ ساڵ

ماوەیەکی کەم بوو کە کار بۆ داڕشتنی بناغەی ئەزموونێکی بەهێزی حوکمڕانیی بکرێت و حکومەتێکی کوردستانیی پتەو دابمەزرێنرێت کە ئامانجە سەرەکییەکانی لە رزگاریی، ئازادیی، دیموکراتیی و دادپەروەریی و کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران بهێنایەتەدی،؟ ئایا ئەم هیوایانە لە ئایندەدا بەم کەرەسەو ئامرازە، بەم ئاکارو مۆراڵە سیاسیی و کارگێڕییە، بەم جیهانبینیی و مێنتالیتەیە هەنوکەییەو بە ڕێبەری ئەم سەرکردایەتییە سیاسییە ئێستاییە دێنەدی؟!! دیارە گەشبین بین یا رەشبین، ئایندە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کە کوردستانی عێراق بەرەو کوێ مل دەنێ؟!

خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبەی بەردەست، لەبنەڕەتدا نامەی دکتۆرایە کەلەلایەن خاتوو" گەراس ستانسفیلد" ەوە پێشکەش بەزانکۆی دورهام لە بەریتانیا کراوە، بە وردیی و قووڵیی و زانستییانە زۆر لە مەسەلەکانی تایبەت بە دەیەیەك لە ژیانی سیاسیی کوردستانی عێراق لەڕێگەی شیکارییەکی کرۆنۆلۆژیی و سیاسییەوە دەخاتە پێش چاو کە بە بڕوای ئێمە پێشتر کارێکی بەو چەشنە نەکراوە، ئەوەی وادەکات خوێندنەوەی ئەم بابەتە سوودێکی باشی بۆ هەرکەسێك هەبێت بخوازێت بە باشیی لە پەرەسەندنی رووداوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لە دەیەی رابردوو تێبگات و روونتر میکانیزمی کارکردنی حیزب و حکومەت فام بکات. بەبڕوای ئێمە وەرگێڕانی ئەم جۆرە کارانە راژەیەکی گەورە بە برەوپێدانی تێڕوانینێکی عەقڵانییانە سەبارەت بە تێگەیشتن لە ئەزموونە کوردییەکەی باشووری کوردستان دەکات و خوێنەران و بایەخداران گەلێك سوودی لێ دەبینن. هەر بۆیە کتێبخانەی هەژاری کوردیی فرە پێویستی بە وەرگێڕانی ئەم جۆرە کارو لێکۆڵینەوانەیە.

دواجار، پێمخۆشە لێرەدا سوپاسی کاکە"زریان سالار حەمە عارف" بکەم کە کۆپییەکی ئەم کتێبەی پێدام، هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە بۆ زیاتر بەرچاوڕوونیی و دەرخستنی رای جیاواز ، لەلایەن وەرگێڕەوە سوود لە هێندێك سەرچاوەو سەرنج وەرگیراون و لە پەراوێزدا خراونەتەبەرچاو، ئەو سەرنجانەی کە بەوە لە پەراوێزەکانی نووسەر جیاکراونەتەوە کە ژمارەیان پێنەدراوەو بە خاڵێکی رەشی بەم چەشنە " • " ئاماژەیان بۆ کراوە، لەگەڵ هیوای تەندروستیی و سەرفرازیی بۆ هەمووان.

**پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتیی**

## پێشەکیی

کوردستان نە قەوارەیەکی سیاسیی بەوردیی دیارییکراوەو نە دەوڵەتیشە، بەڵکو هەرێمێکە نزیکەی ١٩١,٦٠٠کم دووجایەو ناوچە سنوورییەکانی چەندین دەوڵەت پێکەوە گرێدەدات، بەتایبەت: تورکیا، ئێران و عێراق. لەم ناوچەیەدا نزیکەی بیست و پێنج ملیۆن کوردڕەگەز هەن، هەروەها لە رووی جیهانییشەوە، دەگونجێت کوردان نوێنەرایەتیی مەزنترین نەتەوەی جیهان بکەن کە لە ماف هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان بێبەشکراون. کوردان لە زۆربەی ماوەی سەدەی بیستەمدا، لەپێناو بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانیاندا جەنگاون، لە کاتێکدا دواجار چاویان لە کوردستانێکی سەربەخۆ بووە، هەرچەندە ئەو گرفتانەی کە رووبەڕوویان بووەتەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازەو وایلێکردوون نەتوانن دیدێکی هەماهەنگ لەوبارەیەوە پەرەپێبدەن.

لەم ناوچەیەدا، کوردستانی عێراق زیاتر لە دە ساڵە وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ کاردەکات. کەوتۆتە سەرەڕێگەی جیهانەوەو بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکان ناچارانە مۆڵیان تێدا خواردووەو ناوچەیەکی داگیرساوی سەرەکیی جیهانیی پێکدەهێنێت، بە چەند دەوڵەتێك دەورە دراوە کە لەراستییدا،یا لەبنەڕەتدا دوژمن بە کوردانن، ئەویش: سوریا،تورکیا و ئێران و هەروەها ئەو بەشەی عێراقە کە ماوەتەوە. هەرچەندە، وەك خاکێکی کیشوەریی داخراو سەبارەت وەك سیستمی پەیوەندیی و کۆمیونیکەیشن پشت بە نیازپاکیی دراوسێکانی دەبەستێت. ئەم ناوچەیە کە وەك بەشێك لە عێراق ماوەتەوەو کەوتۆتە بەشی سەرەوەی یەك لە رووبارە مەزنەکان، بەڵام لە رووی ئیتنییەوە جیاوازە.

هەلومەرجە سیاسییەکەی هەروەك هەلومەرجە جوگرافییەکەی سەرنجڕاکێشە. حکومەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان(ح ھ ك)، دوو قەوارە دەگرێتە دەگرێتەخۆ کە بە تەواویی لە رووی سیاسیی و جوگرافییەوە لە یەکتری جیان. لەوەش زیاتر، هەریەکەیان نوێنەرایەتیی پارتێکی سیاسیی دەکەن. هەربۆیە لە کوردستانی عێراقدا حکومەت و حیزبی سیاسیی دوو رووی دراوێکن. هەردوو حیزبە سیاسییەکە: پارتی

دیموکراتی کوردستان(پ د ك) له رۆژئاواو یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی ن ك ) له رۆژهەلات، هەریەکەو بەشێوەیەکی جیا لەوی دی پەرەیانسەندووەو هەریەکەشیان پەیوەندیی هەرێمیی جیاوازیان هەیە. دوای جەولەکانی شەڕی ناوخۆ، هەردوو حیزبەکە سیستمی حوکمڕانیی جیاوازیان له ساڵی ١٩٩٦ پەرەپێدا، هەروەها وێڕای چەندین بێنەوبەرە، تا ئێستاش هەلومەرجەکە بە شێوەیەکی رێژەیی خۆڕاگر ماوەتەوە، بەوەش، وێڕای ئەو ناسەقامگیرییەی کە بەهۆی چالاکییەکانی دەوڵەتانی دراوسێوە، بەتایبەت تورکیا، هاتۆتەئارا، هەروەها ئەو چڕکردنەوەی سیاسەتی جیهانیی لەسەر عێراق، بەلام سەقامگیرییەك هەیەو هەروەها سەرەتایەکیش هەیە بۆئەوەی کە دەگونجێت بە تەوافوق حیساب بکرێت.

ئەم کتێبە هەموو پرسە سەرەکییەکان شرۆڤە دەکات، مەسەلە جوگرافیی،سیاسیی و جیۆپۆلیتکییەکان بە درێژیی و هەروەها وردەکارییەکی دروستی دەوڵەمەندو تێگەیشتنێکی قووڵ دەخاتە بەرچاو کە لە هیچ کتێبێکی دیکەدا نیە. نووسەری ئەم کتێبە (د. گەراس ستانسفیلد )ە کە زۆربەی ماوەی ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٠ لەسەر چەندین پرۆژەی جیاواز لە کوردستان کاری کردووە. ئەم ئامادەییە بەردەوامەی لەو ناوچەیە، لەگەڵ شارەزاییە جوگرافیی و سیاسییەکانی خۆی وایلێکردووە پەیوەندیی نزیكو رایەڵە لەگەڵ هەریەك لە بەشەکانی ح ه ك هەبێت. هەروەها ئەو بە شێوەیەکی نزیك پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند ئاژانسێکی دیکەو رێکخراوی ناحکومییدا کاریکردووە. لەسەرووی هەمووانەوە، ئەو پەیوەندیی نزیکی شەخسیی لەگەڵ سەرکردایەتیی هەریەك لە پارتی و یەکێتیدا پەرە پێداوە، بۆخۆم گوێم لە هەریەك لە مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی بووە کە وەك شارەزاترین کەس بە کاروباری فەرمانڕەوایەتیی هەردوو حکومەتەکە ئاماژەیان بۆ کردووە. ئەو کۆڵینەوە بەرچاوەکەی خۆی و هەروەها ئاکامەکانی چاوپێکەوتنە دوورودرێژەکانی لە تەواوی کارەکانیدا بەکارهێناوە، گەراس نامەیەکی هێناوەتەبەر کە بە چەشنێك لەرووی نێوەرۆك و ئەو کاتە گونجاوەشی تێدا دەرکەوت، مەزن و بەرچاو بوو.

لەماوەی دوازدە ساڵی رابردوودا، عێراق بەدەگمەن لە هەواڵە سەرەکییەکانی جیهانیی بەدوور بووەو بەتوندییش جێگەی بایەخی میدیاکان بووە. هەربۆیە سەبارەت بە کوردستانی عێراق بەرژەوەندییان لە هەر لێکدانەوەیەکی فەرمییدا بووە. وێڕای ئەوەی کە بایەخی ئەم کتێبە بەو راستییە پتەوتربوو کە کوردان کرۆکی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی سەدام حسێن پێکدەهێنن و هەروەها دەوڵەتە دیفاکتۆکە بۆخۆی مۆدێلێکی گونجاو بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دیموکراسیی ئایندەیی لە عێراق پێکدەهێنن. پێگەی سیاسیی ئەمێستا لە کوردستانی عێراقدا بە پلەی مەزن ئاکامی ئەو شێوازەیە کە دوو حیزبە سیاسییە سەرەکییەکە تێیدا گەشەی کردووە. بە وردییش حساب بۆ ئەم بابەتە کراوە کە دەردەکەوێت لە رێگەی ئەو چاوپێکەوتنانەوە بێت کە لەگەڵ ئەوانەدا کراوە کە رۆڵییان لە رووداوە یەکلاکەرەوەکاندا بینیوە. هەلومەرجی هاوچەرخی هەردوو حیزبەکە هەڵسەنگێنراوە، بەتایبەت، تێڕوانینیان بۆ حوکمڕانیی. پاشتر پێکهاتەو شێوازی بڕیارسازیی هەردوو حیزبەکە لە ح ه ك دا بەدرێژیی وەسفکراوەو هەڵسەنگێندراوە. پێشتر زۆر کەم لەم جۆرە مەتریاڵو بابەتانە بەو چەشنە وردیی و درێژییە تۆمارکراوە. ئاکامەکەشی ئەم کتێبەیە کە کەلێنێکی مەزن لەو ئەدەبیاتانەدا پڕدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی زێدە گرنگە ئەوەیە، ئەم بەرهەمە وەك رێنماییەکی بایەخدار راژە بە پێشهاتە ئایندەییەکان لە عێراقدا دەکات. وەك لە داهاتوودا ئەوە دەردەکەوێت، لەوانەیە کوردو کوردستانی عێراق ببنە مەسەلەیەکی ناوەندیی لە کاروباری عێراقە مەزنترەکەدا.

ئیوان ئەندەرسۆن

/ پرۆفیسۆری فەخریی لە جیۆپۆلیتیك/ زانکۆی دورهام

## سوپاس و پێزانین

سەرەتا خوازیارم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی سەرپەرشتیارەکەم (ئیوان ئەندەرسۆن) بکەم کە لە ماوەی شەش مانگی ساڵی دواییدا بەردەوام کۆمەکی کردووم. لە کارکردن لەگەڵیدا کاتێکی بەنرخم بردەسەر. (رۆزی بەیلن)یش بەهەمان شێوەی کۆمەکی ئیوان، لە زۆر کاتی سەختدا کۆمەك و سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئامۆژگارییم بووە. هەروەها پێمخۆشە سوپاسی(ساین ئەندەرسۆن) بکەم سەبارەت بەو دانیشتنە ئەژمارنەکراوانەی کە پێکەوە لە سەر مێزی خواردن و قاوەخواردنەوە پێکەوە کۆیدەکردینەوە. هەروەها (د.لایم ئەندەرسۆن) لەپای ئەو ئامۆژگاریی و هاوکارییانەی سەبارەت بە تان و پۆی تیۆرەکانی زانستی سیاسیی پێشکەشی کردم. (پرۆفیسۆر. تیم نیبلۆك) ی زانکۆی ئێکسترا کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیار بوو سەبارەت بە ریسکی سەردانم بۆ کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٦دا، هەروەها سوپاسی ئەوەی دەکەم کە هاوکاریی کردم لەکاتێکدا ئەزموونی من سنووردار بوو. هەروەها بەڕێزی هێندە میهرەبان بوو کە پێداچوونەوەی بۆ بەشەکانی ئەم کتێبە کرد. سەرچاوەکانی دیکەی کۆمەك لە زانکۆی دورهامەوە بوو، ئەو زانکۆیەی دکتۆراکەمی خستە ئەستۆ، وەك : پرۆفیسۆر دۆگلاس دەیڤس، ئەنەوشیروان ئیحتیشامی، د.ئالان پیرسۆن، د.خەلیل راشیدیان، د.سەلوا ئەمبار، کریسچن بارکی، ساحیب پەروانە، هەروەها سەرپەرشتیاری بەشی نێوخۆیی خوێندکاران لە کۆلێجی ستهایڵد و ستبید، بەتایبەت ئەلیکساندەر کلارك.

لە کوردستانی عێراق دەرفەتی ئەوەم هەبوو لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتیی کاربکەم، حوسام لەتیف فێری ئەوەی کردم ئازادانە لە هەلومەرجێکی ئاوارتەدا کاربکەم. لە ساڵی ٢٠٠٠و ٢٠٠١ دا لەگەڵ د. جولیان مالینسۆن، ساران مۆریس و د. هیلین گاڤین دا لە کوردستانی عێراق بووم، توانای بێکۆتایی ئەوانە بۆ کارکردن لەژێر ئەوپەڕی فشاردا، بۆمن هاندەر و ئیلهامێك بوو، هەروەها ناتوانم ئەو کاتانە لەبیربکەم کە فرە چێژمان لێبرد. ستاڤ خۆجێی تیمی کۆڵینەوەی زانکۆی دورهام لە (١٩٩٧-١٩٩٨)، هەروەها بەرنامەی کۆڵینەوەی کوردستانی عێراق لە (١٩٩٨-٢٠٠١) لەنێو نزیکترین

دۆستانی خۆمدا دەمێننەوەو ئەوان بەرپرسن لەوەی توانیبێتم لە "راستیی" کوردانو ژیانی رۆژانەی کوردستان تێبگەم.

لەنێو حیزبە سیاسییەکاندا، توانیم چەندین سیاسەتکارو کەسایەتیی بەشێوەیەکی ریکوپێك ببینمو بەتایبەت خوازیارم سوپاسی: سامی عەبدولڕەحمان، سەعد عەبدوڵلا، شالاوی عەلی عەسکەری، رۆژ بەهجەت، نەسرین بەرواری، مەسعود بارزانی، نێچیرەڤان بارزانی، مەئمون بریفکانی، د. جەمال فوئاد، د.کەمال فوئاد، کاملی حاجی عەلی، ئیبراهیم حەسەن، دواتر: فرانسۆ هەریری، قادر جەباری، حاکم قادر حەمەجان، شیلان خانەقا، مەهدی خۆشناو، سەرکۆ مەحموود، کەمال موفتی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، فەلاح مستەفا بەکر، عادل ناسر، سەعدی پیرە، د.شەفیق قەزاز، شوان قلیاسانی، د.لەتیف رەشید، کۆسرت رەسوڵ عەلی، د.بەرهەم ساڵح، د.عەلی سندی، د. ئیبراهیم تاهیر، جەلال تاڵەبانی، محەمەد تۆفیقو هۆشیار زێباری. لە هەولێریش بەتایبەت: ئیبراهیم حەسەن لە هەر هەنگاوێکدا هاوکاریی کردووم، هەروەها پێش ئەویش فەلاح مستەفاو سامی عەبدولڕەحمان، ئەوانەی هەردەم کاتی خۆیان بۆ ئاسانکردنی ئیشەکانم تەرخانکرد بەتایبەت لە رۆژانی بەرایی مانەوەم لە هەرێمەکەدا. لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ بەریتانیا، دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا لەگەڵ هۆشیار زێباری لە پارتیو د.لەتیف رەشید لە یەکێتی پەیوەندیم هەبێت، کە هەردووکیان تێڕوانینو سەرنجی وردو بەنرخییان پێبەخشیم و فرە چێژم لەو گفتوگۆیانە کرد کە سەبارەت بە کارەکەم لەگەڵم ئەنجامدان. لە سلێمانیش، شوان قلیاسانی هەلی ئەوەی بۆ رەخساندم کە هەرکەسم پێویست بێت ببینم. بەهەمانشێوە: سەعدی پیرە، کۆسرەت رەسوڵ عەلی، د.بەرهەم ساڵح، هەروەها نەوشیروان مستەفا، ئەوانە فرە بەدەنگمەوە هاتنو کۆمەکیان کرد. لەنێو ئەوانەدا کە لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا لە کوردستانی عێراق هەڵدەسوڕان دەمەوێت کەسانێك دەستنیشانبکەم کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە زامنی سەلامەتیم بەرپرسیار بوون لەوانە: سادق ئیبراهیم، د.ئیزابیل هێمنگ، د.عوسمان رەسوڵ، د.مستەفا رەسوڵ، باردی کیرشاو، کێن گیبس، ئارین ڤاگ، مایك رۆوڵی، ستیف دەیڤسو جۆن کیلکنی.

چەند ئەكادیمستێكیش بۆم بوونە سەرچاوەی ئامۆژگارییو لەماوەی سێ ساڵی دواییمدا هاوكارییان كردمو وایانكرد بتوانم قسە لەگەڵ ژمارەیەكی بەرفراوانی خەڵكدا بكەمو سوود لە ئەزموونی چەندین ساڵەیان بكەم. سوپاسێكی تایبەت بۆ د.فیب مارو پرۆفیسۆر حودیس یاف. د. ئایڤار گوتامانیس لەوماوەیەی سەردانی واشنگتۆن دی سیم كرد سەبارەت بە سیاسەتی عێراقیی چەندین سەرنجی قووڵو سوودمەندی پێبەخشیم. لەنێوەندی حكومییدا خوازیارم سوپاسی د.ئالاستەر میك فەیل بكەم، هەروەها د.لاین سۆندەرس لە باڵیۆزخانەی بەریتانی لە ئەنكەرە، ئەوەی ئاگاداری باری ئاسایشیشم بوو.

دواجار، زۆر بە بایەخەوە، سوپاسی دایكو باوكم دەكەم، كە ئەو سێ ساڵەی لە كوردستانی عێراق بووم بۆ ئەوان بە ئاسانی تێنەپەڕی. بەڵام بە تەواویی سەبارەت بە كارەكەم بایەخداربوون و هەرگیز كارێكیان نەكرد كە دڵەڕاوكێیان كار لە كارو هەڵسوڕانم بكات.

## تێبینیی:

لەمیانەی كۆڵینەوەی ئەم تێزەدا، جیاوگی كاركردنم لەگەڵ حیزبە سیاسییەكانی كوردستانو پێڕێك لە كادرەكانیان پێبرا. سیاسەتی كوردیی لەسایەی هەژموونی ئامادەیی ئەم سیاسەتكارانەدایە، كە پێویستبوو لە دەقەكەدا ئاماژەیان پێبدەم. لە راستییدا پێویستدەكات تێبینییەكی كورت لەوبارەیەوە بدەم كە چۆنم ئاماژە پێداون. هەوڵمداوە ئەو شێوازە هەڵبژێرمو بەجۆرێك ئاماژە بەو كەسایەتییانە بدەم كە وەك باوە لە ناوچەكە ئاماژەیان بۆ دەكرێت. هێندێك لەوانە لە ڕێگەی ناوی یەكەمەوە ناویان دەهێنرێت، بۆ نموونە:سامی(سامی عەبدولرەحمان)و نەوشیروان(نەوشیروان مستەفا ئەمین)، منیش هەر ئەو شێوەیەم هەڵبژاردووە. سەبارەت بە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی، بۆ بەرچاوڕوونیی، مەلامستەفا بارزانیم هەر بە (بارزانی) ناوهێناوە، وێڕای ئاماژەدان بە ئەندامانی دیكەی بنەماڵەكە لەڕێگەی ناوهێنانی ناوی یەكەمیانەوە، كە لە كوردستانی عێراقیش پەیڕەویی لێدەكرێت(بۆ نموونە مەسعودو نێچیرەڤان). سەبارەت بە جەلال تاڵەبانیش، بۆ بەرچاوڕوونیی، بە درێژایی دەقەكە هەر بە (تاڵەبانی) ئاماژەم پێداوە.

# بەشی یەکەم: دەروازە

کوردستانی عێراق لەڕووی پەرەسەندنی سیاسییەوە لە سەرەڕێگای دووڕیانێکە، لەکاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینەدا، حیزبە سیاسییەکان کوردستانی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٩١ ەوە کە هێزە کارگێڕیی و سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە باکووری وڵات کێشرانەوە، فەرمانڕەوایەتیی و کارگێڕیی هەرێمەکەیان لەسایەی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیاندا بەڕێوەبردووە. ئەو دەیەیەی دوایی کە بۆ هیچ یەك لە دەوڵەتە دیفاکتۆ کوردییەکەی عێراق و گەلەکەی هەروا ئاسان تێنەپەڕی. سیستمی سیاسیی هەرێمەکە لەماوەی پێنج ساڵی یەکەمی نەوەتەکاندا، ناسەقامگیرییەکی بەرفراوانی لەخۆی پێشاندا، وێڕای جەنگێکی نێوخۆیی بەربڵاو، لەگەڵ تێوەگلانی حکومەتە نیشتمانییە بێگانەکان لە کاروباری دەوڵەتە دیفاکتۆ ساواکە، ئەوەی پێدەچوو کە وەك دەرکەوتەیەکی جێگیر لە ژیانی سیاسییدا خۆی بنوێنێت.

هەرچەندە، لەساڵی ١٩٩٧ ەوە، سیاسەتی کوردی عێراق سەقامگیرییەکی بایەخداری بەخۆیەوە بینی، وێڕای دابەشبوونی هەرێمەکە لەنێوان دوو حیزبی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان( پ د ك )و یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ی ن ك ). هەردوو حیزبەکە درکیان بەوەکرد، گەر ئەوان ئەو توانایەیان نیە کە یەکتری لە مەیدانەکەدا دەرپەڕێنن و یەکێکیان بەتەواویی سواری ملی ئەوی دیکەیان بێت، هەروەها ئەگەر ئەو خواستە سیاسییەشیان نیە سیستمێکی فەرمانڕەوایەتیی یەکگرتوو پایەدار بکەن، کەواتە حاڵەتی دابەشبوون بۆیان باشترین شتە رووی تێبکەن. بەم دواییە، لە ئەپرلی ٢٠٠٢دا، یەکەمین نیشانەی ئەگەری یەکخستنەوەی کارگێڕیی خۆی پێشاندایەوە، سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، بەدوای یەکدا، لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا چاویان بە یەکتر کەوت تاوەکو سەبارەت بە چەندین پرسی سەرەکیی گفتوگۆبکەن، لەوانە تێوەگلانی کورد لە پلانەکانی ئەمەریکا بۆ رووخاندنی رژێمی سەدام حسێن و هەروەها هەوڵدان بۆ پتەوکردنی هاوکاریی لەگەڵ کاربەدەستانی کورد، لەوانە یەکخستنی چەند

وەزارەتێکی کوردیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە کارانە روویانـــدەدا، کاربەدەســـتە باڵاکـــانی هـــەردوولا بەتایبـــەت دانیـــان بـــەوەدانا کـــە یەکخستنەوەی سەرتاسەریی نایەتەبەر.

ئەوەی تێکەڵ بەم پەرەسەندنانە بوو، ئەو بزاوتەی کە کاریکردە سەر کوردستانی عێراق بریتیبوو لەو گەمارۆ ئابوورییـەی کە لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە/یوئێن دژی عێراق سەپێنرابوو. ئـەو گەمارۆیـەی مەینەتییـەکی بەرفراوانی بۆ گـەلی عێـراق بەگشتیی لێکەوتـەوە، بـەڵام بە تێپەڕاندنی بڕیـاری ٩٨٦ی ئەنجومـەنی ئاسایش، کە رێگـــەی بـــە فرۆشـــتنی بڕێکـــی بایەخـــدار لـــە نـــەوتی عێراقـــدا بۆئـــەوەی کەلوپـــەلی مرۆڤایـەتیی پێویـستی پێبکڕدرێـت، هەلومـەرجی کوردسـتانی عێـراق بـەرەو باشـتر رۆیشت. ١٣٪ی داهات بۆ پارێزگاکـانی باکوور زامنکرا کە لـەژێر دەسـتی دەسـەڵاتی کوردییـدا بـوو، ئـەوەش لەلایـەن ئاژانسەکانی یوئێنـەوە بـەڕێوەدەبراو بـە هاوکـاریی دەسـەڵاتدارە خۆماڵییـە کوردییـەکان لـەنێوان سـاڵی ١٩٩٧و(ئـەو سـاڵەی دواخـولی شـەڕی سـەرەکیی نێـوان یـەکێتیو پـارتی تێـدا روودا) هـەروەها ناوەڕاسـتی ٢٠٠٢، کوردسـتانی عێـراق ماوەیـەکی لـە برەوپێـدانی سـەقامگیریی سیاسیی،گەشـەکردنی ئـابووریی، هـەروەها دانپێـدانانی نێودەوڵـەتیی بـەخۆوەبینی. هـەروەها زێـدەتریش سـوودی لـەو سیاسـەتە بینی کـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بۆ نینـۆککردنو کەمکردنـەوەی مەترسییەکانی رژێمـی سـەدام حسێن گرتبووەبـەر ، پێگـەی دەوڵـەتی دیفـاکتۆش خـۆی لـەنێو ئـەو سیاسـەتەدا بینییـەوە. هەرچـەندە، رووداوەکـانی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ هەڕەشـــەی لـــەو پێگـــە هەنووکەییـــە کـــرد کـــە زەمینـــەی بـــۆ گەشەسـەندنی کوردسـتانی عێـراق خۆشـکردبوو. پـاش سـەرکەوتنی گریمانـەکراوی هێرشـە سـەربازییەکانی وڵاتـە یـەکگرتووەکان دژی رژێمـی تاڵیبـانی ئەفغانـستانو رێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بنلادن، سـەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش ئاوڕی لـە عێـراق دایـەوە کە بەشێك لـە (میحـوەری شـەڕ)و رێگەخۆشـکەری ئـەو تیرۆرەیـە کـە دەوڵـەتان دەسـت بـە پـشتیدا دەهێـنن. لەکاتێکـدا سـەختە ئـەوە بگوترێـت کـە لـە پێـنج سـاڵی داهاتوودا بە تەواویی لە عێراقدا چی دەگوزەرێت، ئەوەی ماقووڵە ئەو پێشنیازەیە کە

سیاسەت لە عێراقدا گۆڕانی بەسەرداد‌ێت، لەبەرئەوە، پێگەی کوردان لە عێراقدا بۆ جارێکی دیکە دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە. سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتییەی لەمەڕ بەرێوبردنی هەرێمێك لە ئەستۆیاندابوو، ئەو هەرێمە کە زێدی نزیکەی ٤ملیۆن خەڵکەوو یەکێکە لە هەرە هەستیارترین ناوچەی جیهان لەرووی جیۆستراتیژییەوە، بە تێگەیشتنێکی وریایانە سەبارەت بە گرتنەبەری هەڵویستێکی خێرا لەم کاتەدا هەڵدەسوڕان، داخۆ چوونە پاڵی ئەمەریکا هەڵدەبژێرن، پێگەی خۆیان لەنێو جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەگشتیی بەهێز دەکەن ( لەگەڵ باڵادەستییان لەنێو کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق(ئای ئێن سی) هەروەها رێبەرایەتیی ئۆپۆزسیۆن بکەن لەوەی پێی دەگوترا(چوار تاقمەکە) کە بەخێرایی لە دەرکەوتندا بوو)، دەرگای دانوساندن لەگەڵ بەغدادا بکەنەوە، یاخود لە واقیعدا، هیچ ناکەن.[1]

کوردان لەوە بەئاگابوون کە فاکتەری سەرەکیی بە قازانجی ئەوان ئەوەیە کە ماوەی دەساڵە لەسایەی ئۆتۆنۆمییەکدا لەدەرەوەی حکومەتی ناوەندییدا دەیگوزەرێنن، هەروەها کارگێڕییەکی خۆماڵییان دامەزراندووە، هەرچەندە، ئەوەی مابوو، ئەوەبوو کە کارکردنی سیستمەکەو ئەگەری ئەوەی هەیە کە شیکارییەك سەبارەت بە سیاسەتی کوردییە هەنوکەییە نێوخۆییەکە دەشێت ئاشکرا بکرێت، بەشێوەیەکی بەرفراوان قسەی لەبارەوە نەکرابوو، وەك مەتەڵێك، بۆ سیاسەتسازان و رۆژنامەنووسان و ئەکادیمستان وەك یەك مابووەوە. لەڕاستییدا، وا دەردەکەوت کە زۆربەی زۆری ئاماژەکان لەوەدا چڕدەبنەوە کە لە چەند دیدی ئاوێتەوە باس لە

---

[1] ئای ئێن سی، بە گروپێکی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی لەقەڵەم دەدرێت. هەروەها هەریەك لە یەکێتی و پارتی، نوێنەرایەتیی خۆیان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتییە شەش کەسییەکەیدا هەیە ( هەریەك لە د.لەتیف رەشیدو هۆشیاری زێباری ) هەرچەندە دابەشبوون لەنێو ئای ئێن سی دا، بەتایبەتیی لەنێوان سەرکردایەتیی پارتی و ئەحمەد چەلەبی وایکرد نوێنەرایەتیی کوردیی لەگەڵ زۆربەی رێکخراوەکانی غەیری ئای ئێن سی دا کۆببنەوە کە هاوپەیمانیی نیشتیمانیی عێراقییە/"ئای ئێن ئەی" کە لەلایەن د.عەلاوییەوە سەرکردایەتیی دەکرێت، هەروەها ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەلایەن ئایەتوڵڵا باقر ئەلحەکیمەوە رێبەرایەتیی دەکرێت. کاتێك نوێنەرایەتییەکانیان لەگەڵ گروپە کوردییەکاندا کۆبوونەوە، هەموویان تێکڕا بە "چوار تاقمەکە" ناسێنران.

نەهامەتیی کوردانی عێراق بکات. بۆ نموونە، لە راپۆرتێکی ئەم دواییەی (بی بی سی) دا، کوردانیان وەك گەلێکی سەرکوتکراو ناساند، کە لە ئاکامی گەمارۆدا ژیانیان وێران بووە و تۆقیوی دەستی سزادانی هاوسێکانیانن. بەپێچەوانەوە رەگەزەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و میدیای رۆژئاوا سەرقاڵی ئەوەبوون کوردان وەك جەنگاوەرانی ئازادیی وێنا بکەن(هەڵبەتە خێڵەکیی و لەسایەی میرە جەنگاوەرە بەرچاوەکانەوە) کە دەتوانێت هاوکاریی رووخاندنی رژێمی سەدام بکەن و دەبنە هاندەری پەرەسەندنی دیموکراسیی لە عێراق(ئەوەی تاڕادەیەك سەمەرەیە گەر ئەوان لە بنەڕەتدا خێڵەکیی و جەنگاوەر بن)

هەواڵە جەمسەرگیرەکان، کە واقیعی سیاسیی کوردیی دەشێوێنن کە دەگونجێت ئەجێندایەکی شەڕئەنگێزانە بێت، دەتوانێت تەنیا راژە بە کارکردن دژی تێکڕای بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بکات، هەروەها، لەم ماوە دیالیکتییە هەنوکەییە، کوردان قازانج لەوە ناکەن کە وەك جەنگاوەرانی ئازادیی، خەڵکی سەرکوتکراو، یاخود بەڵێندەری فێڵباز بناسرێن. پێگەگەلێکی بەو چەشنە دەخرێتە دەستی ئەوانەی کە بەدوای بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆیانەوەن، چ لە واشنگتۆن دی سی، لەندەن، یان بەغدا. هەرچەندە پێچەوانەی خولەکانی هەواڵ، کوردان بۆ خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو وریا و خۆپارێزن و بەشێوەیەکی رێژەیی کەم دەڵێن. لەکاتێکدا سەفقەیەکی مەزنیان هەیە لەدەستیبدەن. ئەگەر وابێت، لەداهاتوودا، خەریکە، لەبەرئەوەی متمانەیان بەوەیە کە گۆڕان لە عێراقدا قازانجیان پێدەبەخشێت، هەروەها بەشێوەیەکی بنەڕەتیی پێگە هەنوکەییەکەیان لە دەوڵەتی عێراقدا بەهێز دەکات. سەرکردایەتیی کورد درکی بەوە کردووە کە بوونی قەوارەی دەوڵەتە دیفاکتۆکە بۆ زیاتر لە دەیەیەك چەکێکی کاریگەرە بۆ پەرەسەندنی کەیسەکەیان لە پەرەسەندنی داهاتووی عێراقدا. شتێك نیە وا دەربکەوێت کە بێ هۆکار حەزبکەن فرێبدرێنەوە بەر ئەو دەستپێشخەرییە پرۆپاگەندەییە، هەروەها پەرۆشی ئەو هەواڵانەن کە لەمەڕ بەهێزییان چڕدەبێتەوە، زیاتر لە هەموو ئەوانەی کە لاوازیان دەردەخەن.

لەبەرئـەوە سیـستمە سیاسـییەکەی کوردسـتانی عێـراق لەسـایەی هەلومەرجێکـدا پەرەیـسەند کـە پێدەچێت سـەختو نـاوازە بدرێتـە قەڵـەم. چ بۆ کوردو چ بـۆ عێـراق. ڕووبەڕووی پێویـستی پێکهێنـانی کارگێڕییـەك بووەوە لـەپاش کشانەوەی هێزەکـانی حکومـەتی عێـراق، حیزبـە سیاسـییەکانی هەرێمەکـە لـەپێناو پەرەسـەندنی دەسـەڵاتە ساواکەیان تێدەکۆشان. گرفتەکان بەهۆی دەسەڵاتی دراوسێ ملهوڕەکانیانەوە زێدەتر بـوو، لەوانـە تورکیـا و ئێـران، ئەوانـەی بـەهۆی هۆکـاری نێوخـۆیی خۆیـان تونـدیی و دژوارییان خستە نێو دەوڵەتە دیفاکتۆکەوە.

دەرکـــەوتنی ئـــەم ناســـەقامگیرییە وای لـــە ئەکادیمـــستان، ڕۆژنامەنووســـانو سیاسـەتکاران کـردووە کـە هـەوڵی سـەرکردەکانی کـورد بـۆ دامەزرانـدنی حکومـەتێك کەمبکەنەوە کەبایەخ بە ڕێکخستنی کاروباری نێوخۆیی کوردستانی عێـراقو برەو بە ئاسـایش بـداتو کۆمەڵگایـەکی مـەدەنی دابمـەزرێنێت.حکومـەتی تورکیـا بەتایبـەت بەوچەشـنە ئامـاژەی بـە هەرێمـە کوردییەکـەی عێـراق داوە کـە بۆشـایی دەسـەڵاتی تێدایەو حکومەتی کاریگەری تێدانیەو ناوچەیەکە بە بێیاسایی دەناسرێتەوە.بوڵـەنت ئەجەویـدی سـەرۆك وەزیرانـی پێـشووی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٩٦و وەك ئەنـدامێکی ئۆپۆزسـیۆن، ئامـاژەی بـە بـوونی بۆشـایی دەسـەڵات لـەو ناوچـەیە داوە. [R] ئـەو لـەو دەمـەوە تـاکو بـوو بـە سـەرۆك وەزیـران ئـەو سـەرنجەی نـەگۆڕابوو، ئـەو ئامارژەیـدا بـە لاوازیی دەسەڵات لە باکووری عێراق دا. [S] سلێمان دەمیرئەلی سەرۆك کۆماری تورکیا تێبینیکرد:"هەرێمەکەی باکووری عێراق بۆشایی سیاسیی تێدایە، حکومـەتێکی تێـدا نیە" بەمەش، ئەوەیش بە ئاشـکرا پشتگیریی هەڵوێـستی سـەرۆك وەزیرانەکـەی خـۆی کرد. [T]

---

[2] Government of Turkey, Regional Security Plan, 15 April 1996.
[3] Government of Turkey, Regional Security Plan, 27 January 1999.
[4] Quoted in M. Gunter, ‘Developments in Iraqi Kurdistan: Their Influence on Neighbouring States and the Kurdish Movements in Surrounding States’, in *Irakisch-Kurdistan: Status und Perspektiven. Ergebnisse einer internationalen tagung 1999*, Berlin: Awadanie.V., 1999, p. 80.

هەروەها ئەم رەخنەیە لای ئەکادیمستانی ناسراو رەنگیداوەتەوە، (ڤۆلکەر پێرسن) کاتێك شیکاریی سەبارەت بە عێراق لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەنجامدا، بەتایبەت لەگەڵ پەیوەندیی بە هێشتنەوەی بەردەوامی سەدام حسێن دەڵێت:"حیزبە کوردییەکان ...تەنانەت ناتوانن بێڕەونەقترین رەگەزی عێراقێکی باشتری دیموکرات لە بەشەکەی باکووری وڵاتدا بێننە ئارا."[5] (میشێل گونتەر) رێبەرێکی رێکوپێکی ئەرگومێنتی بۆشایی دەسەڵاتە، ئەم ئەرگومێنتە سیناریۆیەك بۆ ناسەقامگیریی سیاسیی لەمەڕ بۆشایی دەسەڵات دێنێتەبەرچاو کە وڵاتانی هاوسێ‌و هەروەها ئەمەریکا بێزار دەکات،[6] ئەوەی بیرۆکەیەکی گرفتئامێزە کە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چ سەبارەت بە چەمك‌و چ سەبارەت بە واقیعی کوردستانی عێراق خۆی. لەڕاستییدا، لەڕووی چەمکەوە زیاتر لەنێو سیاسەتکارانی کورددا وەك نوکتە باسی لێوەدەکرێت، لەگەڵ ئەو قسەیەی گوایە شتێك بەناوی کەمی دەسەڵات لە هەرێمەکەدا نیە، بەڵکو لەبری ئەوە چەندین تاقمی جۆراوجۆر بەوکارە هەڵدەستن. سەعدی ئەحمەد پیرە لە یەکێتی ئەوەی دەرخست،کە ناتوانرێت کوردستانی عێراق وەك بۆشایی دەسەڵات وەسفبکرێت، پاش ئەوەی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ح هـ ك، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە، لەناوچەکە بە شێوەیەکی پەرەسەندوو بەرەو دەزگاییبوون هەنگاوی ناوە، ئەو چەمکەی ئەو ناساندی کە زیاتر گونجاوە بریتییە لە (بۆشایی بەرگریی)، ئەوەی کە ح هـ ك و حیزبە سیاسییەکان، نە لەڕووی سیاسییەوەو نە لەڕووی سەربازییەوە، ئەو سەرچاوەیەیان نیە کە بتوانن رێ لە هاتنەناوەوەی بێگانەکان بۆ ناوچەکە بگرن.[7]

لە هەولێر، سامی عەبدولڕەحمان جێگری سەرۆك وەزیرانی کابینەی چوارەمی ح هـ ك بەهەمانشێوە، چەمکی بۆشایی دەسەڵاتی لا پەسەند نەبوو، بەوەی کە شاری

[5] V. Perthes, *Iraq Under Sanctions: A Regime Defiant,* Middle East Programme Briefing No. 40, London: Chatham House, 1998, p. 1.

[6] Gunter, op. cit., pp. 66–8, for example.

[7] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨.

هــەولێر لەســايەی ئاســتێکی بــاڵای نــەزمو ياســاداية، ئــەو زيــاتر چوارچــێوەی نێونەتەوەيی بۆشايی دەسەڵاتی ناساند بەوەی لەو دەمەدا(ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٩٠ کان) دەرکەوتبوو بەوەی کە بەهۆی هێرشە سەربازييەکانی تورکيايە بۆ سەر پ ك ك، کە لە کوردستانی عێراقدا جێگيرن. ئەو هاتنەناوەوانە هەميشە وەك بەڵگەيەك بۆ لاوازيی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لەلايەن پارتييەوە ئامارەی بۆکراوە. هەرچەندە، سامی عەبدولڕەحمان مشتومڕی سەبارەت بەوە دەکرد کە هاتنەناوەوەی هێزە سەربازييەکانی حکومەتی تورکيی لەواقيعدا ئۆپەراسيۆنی هاوبەشی پێشمەرگەکانی (مليشيا) پارتييە لەگەڵ هێزەکانی تورك دژی پ ك ك. ئەو گوتی کە هيچ هاتنەناوەوەيەکی سوپای بێگانە بۆ کوردستانی عێراق بێ ڕێگەپێدانی پارتی ناتوانرێت ئەنجامبدرێت.[٨] نەوشيروان مستەفا ئەمين، جێگری نافەرميی سەرکردەی يەکێتی، رايگەياند گوايە شەقامەکانی سلێمانی لە شەقامەکانی دياربەکر لەتورکيا سەلامەتترە،هەروەها ئەويش چەمکی بۆشايی دەسەڵاتی رەتکردەوە.[٩]

توانای تورکيا،ئێران و عێراق بۆ ناردنی هێزە سەربازييەکانيان بۆناو کوردستانی عێراق، وەك ديارە بێئەوەی بايەخێك بدرێتە سەرنجی پارتی و يەکێتی، پێويستە راستگۆييەك بداتە پێگەی ئەکاديمستانی وەك گونتەر. لەوەش زياتر، توانای بەڕێوەبردنی گونجاوی کاروباری نێوخۆيی کوردستانی عێراق لەلايەن زۆربەی بايەخداران پەسەند نەکراوە. (ستيڤن پێليترە) لەنووسينێکيدا لە ساڵی ١٩٩١، مشتومڕی لەوبارەيەوە کردووە کە ئەگەری سروشتی دوژمنکارانەی کوردان ئەو توانايەی لێ زەوتکردن بتوانن کوردستانێکی سەربەخۆ بۆخۆيان بەڕێوەبەرن. هەلومەرجێکی بەوچەشنەی کە بە( ئاشکرا نەشياو) وەسفکردووە، هەروەها "قەوارەيەك کە لەلايەن کوردانەوە بەڕێوەببرێت کارێکی مەحاڵە." هەر ئەو تايبەتمەندييەی وای لە کوردان کردووە بۆماوەی چەندين سەدە بمێننەوەو

---

[8] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدين، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشيروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی ژوونی ١٩٩٩.

نەفەوتێن، بەڕاستیی جەخت دەکاتەوە لەوەی نەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن. کوردان وەك گرووپێك، سەرکەش و ملهوڕن، تەنانەت مل بەو سەرکردانەش نادەن کە خۆیان هەڵیانبژاردوون، بەوەش هەموو ئەو جۆشە هەنوکەییەی بۆ(دەوڵەتداریی)کوردان هەیە وەك سەرگەردانییەك ببینرێت.[10]

هەرچەندە، بوونی بەردەوامی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیی لە دەیەی رابردوودا رێگایەکی بایەخداری گرتەبەر کە ئیدعاکانی پێلیترە پوچەڵ دەکاتەوە. لێرەوە وتاری ئەکادیمست و رۆژنامەنووسان دەستیپێکرد بە ئاماژەدان بەو رووخسارە باش و هەروەها بەدەکانی کارگێڕییە دیفاکتۆکە. دەگونجێت بەڵگەیەکی بەسوود بۆ ئەم گۆڕانە، ئەو نامەیە بێت کە لەلایەن ژمارەیەك لە سیاسەتکارانی ئەمەریکاوە بۆ یەکێتی نێردراوە کە بە بۆنەی یادی بیست و پێنج ساڵەی دامەزراندنییەوە پیرۆزبایی لەو حیزبە دەکات.[11] (فیلنەر)ی کۆنگرێسمانی ئەمەریکیی لە نامەکەیدا دەڵێت:"بەتوندیی هەست بەوە دەکەم کە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیریی دەزگا دیموکراتییە پشکوتووەکانی کوردستانی عێراق بکات و بیپارێزێت."[12] بەهەمانشێوە، (سیناتۆر ریچارد.جی.لوگەر) تێبینیی ئەوەی کردووە کە"پێویستە دەزگا دیموکراتییە پشکوتووەکانی کوردستانی عێراق لە ستەمکاریی رژێمی عێراق بپارێزرێن."[13] دەگونجێت زێدە تەواوکەرتر لەم بارەیەوە بریتیبێت لەو وشانەی کە لە نامەکەی (سیناتۆر جەی. روبێرت کێری)دا هاتووە، کە ئەویش بۆ یەکێتی نێردراوە، ئەو دەڵێت:

---

[10] S. Pelletiere, *The Kurds and their Agas: An Assessment of the Situation in Northern Iraq*, Philadelphia: Strategic Studies Institute, US Army War College, 1991, p. 1.

[11] یادی بیست و پێنج ساڵەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکێتی لە ١ی ژوونی ٢٠٠٠دابوو.

[12] Letter from Congressman Bob Filner to Dr Barham Salih, (then) PUK Representative to Washington DC, 26 May 2000.

[13] Letter from Senator Richard G. Lugar to Dr Barham Salih, PUK Representative to Washington DC, 30 May 2000.

"هێندێك هەن كە دەڵێن دیموكراتیی چەمكێكی نامۆیە بە عێراقییەكان. بەڵام ئەو كۆمەڵگا مەدەنییە دیموكراتییەی كە لە كوردستانی عێراقدا دامەزراوە ئەوە پێشاندەدات كە عێراقییەكانیش وەك هەموو گەلێك خولیا و بەهرەی ئەوەیان هەیە حوكمی خۆیان بكەن." [14]

وێڕای ئەوەش، بەگشتیی، سەرنجەكان كە تا كۆتایی نەوەتەكان مانەوە، نەرێنی بوون، بەهۆی ئاگری ئەو دوژمنایەتییەی كە لەنێوان پارتی ویەكێتیدا هەڵگیرسابوو. (دنیس ناتالی) كۆڵینەوە شیكارییەكەی خۆی لە ساڵی ١٩٩٩دا سەبارەت بە كێشەی كورد لەعێراق پاش جەنگی كەنداو بەوە دەستپێدەكات كە ململانێی نێوخۆیی نێوان پارتی و یەكێتی لە ساڵی ١٩٩٤دا كاریگەری ح ه ك ی پووچەڵكردۆتەوە. [15] لە بۆچوونێكی هەمانشێوەدا، عومەر شێخموس ئەكادیمستی بەرچاوی كورد، ئەم كێشمەكێشەی وا ناساندووە كە كاریگەرییە خۆماڵییە كوردییەكەی لاوازو وێرانكردووە. [16]

نكۆڵیی لەوە ناكرێت كە ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٦ بووەهۆی دابەشبوونی كارگێڕییەكە لەنێوان دوو تاقمی جیاواز كە لە هەولێرو سلێمانیدا جێگیربوون كە یەك بەدوای یەك لەژێر هەژموونی پارتی و یەكێتیدا بوون. هەرچەندە، زیاتر لەوەی وەك ئەوە سەیربكرێت كە "پووچەڵكردنەوە"و "لاوازبوون" بەهۆی بێڕەونەقی سروشتی حوكمدارێتی گەلی كوردەوە هاتبێتەئارا، لەوانەیە ئەوە زیاتر راستتر بێت وەك ئەدائێك لێی بڕوانرێت كە ئاستێكی پێگەیشتووە لەلایەن سیستمە سیاسییە كوردییەكەو هەروەها حیزبەكانەوە هاتۆتەدی. دەتوانرێت مشتومڕ لەوبارەیەوە

[14] Letter from Senator J. Robert Kerrey to Jalal Talabani, Secretary General of the PUK, 2 June 2000.
[15] D. Natali, *International Aid, Regional Politics and the Kurdish Issue in Iraq After the Gulf War*, Emirates Center for Strategic Studies and Research, 1999, pp. 1, 27.
[16] O. Sheikhmous, 'Intra-Kurdish Relations of Kurds of Iraq with Kurds of Other Parts of Kurdistan', in *Irakisch-Kurdistan: Status und Perspektiven*, 1999, Berlin: Awadani e.V., p. 63.

بكرێت كه لاوازیی له سیستمه سیاسییەكه لەئاكامی ئەو ململانێیه بووه كه لەنێوان پارتیو یەكێتیو هێزەكانی دیكەدا،بەهەر هۆیەك بێت، هەبووه. هەروەها، پێگەی ئەو حیزبانه له پەیوەندیی لەگەڵ رۆژئاوادا (لەبنەڕەتدا ئەمەریكا)، بەغدا، هەروەها لەئاستێكی كەمتریشدا،ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. تا ساڵی ١٩٩٧، لانیكەم، هیچ یەك له حیزبەكان ئەو توانایەیان لەخۆیان پێشان نەدەدا كه بەشێوەیەكی ئاشتییخوازانه ئەم ركابەرییه بەڕێوەبەرن، هەربۆیه پەنایان بۆ رێگەچارەی سەربازیی برد، زۆربەی جاریش بەهاوكاریی دەوڵەته بێگانەكانی دەوروبەر، ئەوەی وایكرد كه ئەگەری بوونی حكومەتێكی هاوبەشی سەقامگیر تا ئەوپەڕی نامومكین بێت. لەو دەمەدا كه بۆ دوو سیستمی جیاواز دابەشبوون، بەپێچەوانەوە، بەهۆی زێدەبوونی چالاكییان له دەزگاكانی كارگێڕییەكی دیفاكتۆدا بەهێزبوون. لەوەش زیاتر، كارگێڕییەكی یەكگرتوو سەقامگیرییەكی جیۆپۆلیتیكیی هەرێمیی هێنایەئارا، بەتایبەت بۆ توركیاو ئێران. هەریەكه لەم دەوڵەتانەو هێزەكانی دیكه سیاسەتێكی چالاكو شێوێنەریان گرتەبەرو هەریەكەو له خەمی بەدیهێنانی بەرژەوەندییه تایبەتییەكانی خۆیان بوون.

سەرنجی هەژموندار یەك لەو سەرنجه بەردەوامانه بوو كه حیزبه سیاسییەكانی كوردستانی عێراقی پێ وەسفدەكرا، بەتایبەت پارتیو یەكێتی، بەوەی كه دەرفەتێكی وایان بۆ دامەزراندنی هەرێمێكی ئۆتۆنۆم لەباربردووه بەهۆی ئەوەی هەریەكەو بەئاكارێكی پەرتخوازانه هەڵدەسوڕێن، بەرژەوەندیی حیزبییان خستۆته پێش بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كورد، هەروەها سەرچاوەكانی داهاتی حكومەت بەقازانجی گیرفانی زلحیزبەكان تالاّندەكرێت. كاتێك لەساڵی ١٩٩٩دا له كۆنفرانسی بەرلین ئامادەبووم كه سەبارەت به هەلومەرجی كوردستانی عێراق بوو، د.كەمال فوئاد جێگری سەرۆك وەزیرانی ح ه ك ئیدارەی سلێمانی، هەروەها سەعدی پیره وەزیری كاروباری مرۆڤایەتیی، هەردووكیان بەتینو تاوێكی زۆرەوە چالاكییەكانی ح ه ك یان بۆ ئامادەبووان روونكردەوە، دەشێت پێشكەشكردنەكەیان ئایندەخوازانه

وەسفبكرێت.[QW] هەرچەندە، بەشداربووان و ئامادەبووان جارێكی دیكە قسەكانیان سەبارەت بە هۆكارەكانی دووبەرەكییەكەو جەنگی براكوژیی سی ساڵە چڕكردەوە، زیاتر لەو هەنگاوانەی كە لەلایەن حیزبەكانی كوردستانی عێراقەوە نراوە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەكە. منیش ئابەم تێڕوانینە دژبەرانەوە كەوتمە دوای پەرەسەندی ئەو گریمانانەی لەم كتێبەدا ئامارژەی بۆكراوە.

## پێشاندانی گریمانە:

گریمانەكەم ئەوەیە كە دابەشبوونی هەنوكەیی سیستمی سیاسیی و كارگێڕیی بریتییە لە دەركەوتەیەكی راستەوخۆی پەرەسەندنی مێژوویی و تایبەتمەندیی سیستمە سیاسییەكەی كوردستانی عێراق. دابەشبوونی هەنوكەیی كوردستانی عێراق لەنێوان دوو كارگێڕیی جیاوازدا كە لەسایەی هەژموونی پارتی و یەكێتیدان حاڵەتێكی بزاوتی حیزبییە، هەوڵەكان بۆ یەكخستنەوەی سیستمەكە ڕێگە بە پەرەسەندنی ناسەقامگیریی دەدات لەنێوان پارتی و یەكێتیدا. ئەوەی كە هێزی حیزبەكان لە حاڵەتێكی وادا رادەگرێت كە توانای ئەوەیان نەبێت پێكەوە هەڵكەن. لەڕووی نێوخۆییشەوە، پێویست نیە سیستمێكی دابەش لاواز بێت. توانای هەردوو كارگێڕییە هەرێمییەكە سەبارەت بە حوكمكردنی ناوچەكانیان بەهێزبوو بەهۆی ئەو سەقامگیرییەی لەئاكامی جیابوونەوەكە هاتەئارا، وێڕای تێكەڵبوون بە هەوڵەكانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك ی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە(بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش). هەرچەندە رۆڵی حیزبە سیاسییەكان لەنێو كارگێڕییدا باڵادەست مایەوە، هەروەها هاوجووتبوونی حیزب و حكومەت دیاردەیەكی سیاسەتە كوردییەكەی عێراقە.

---

[17] The conference was entitled *Irakisch-Kurdistan: Status und Perspektiven. Ergebnisse einer internationalen tagung 1999 in Berlin* and was held on 9–10 April 1999 in Berlin, Germany.

پەرەسەندنی ئایندەیی کوردستانی عێراق پشت بە فاکتەرگەلێك دەبەستێت، بەلاّم، لەچوارچێوەی توانای سیستمە کارگێڕیی و سیاسییەکەدا، پرسی حکومەتێکی یەکگرتوو کە لەلایەن ڕێکەوتننامەی واشنگتۆنی ساڵی ١٩٩٨ەوە بانگەشەی بۆ کراوە بایەخێکی بالاّی هەیە. من مشتومڕی ئەوەم کردووە کە هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی سیستمە سیاسیی و کارگێڕییەکە بە خێرایی کارێکی مەترسییدارە، چونکە چەندین گرفتی بنەڕەتیی لەنێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەدا ماون کە پێویستیان بە چارەسەرکردنە. لەبەرئەوە ئەم دیدە پێشخراوە کە چارەسەرێکی کاتیی گونجاو و جیاوازە، ئەویش مۆدێلێکی تەوافوقی سیاسیی فرە بژاردەیی حیزبەکانە، لەچوارچێوەی سیستمە کارگێڕیی و ناوچەییە دابەشبووەکەدا.

سیستمێکی بەوچەشنە نزیکەی تاڕادەیەك لەنێو هەرێمەکەدا دەرکەوتووە و هەروەها سەقامگیریی سیاسییشی پێشانداوە. حکومەتێك لەهەولێر لەسایەی هەژموونی پارتیدا، حکومەتێکیش لە سلێمانی لەسایەی هەژموونی یەکێتیدا، لەگەڵ ئەنجامدانی دانیشتنی سیاسیی ڕێکخراو و هەروەها هەماهەنگیی وەزارەتە خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەنێوان هەردوو هەرێمەکەدا زێدەتر بووە، ڕێ بە پێکهاتنەوە و ئاشتەوایی بژاردە دەدات لەدۆخێکی سیاسییدا کە شەبەقی ململانێی حیزبایەتیی تێنەکەوێت. هەروەها دەتوانرێت وەك زامنێکی جیۆپۆلیتییکی ببینرێت، چونکە توانای هەریەك لە پارتەکان بۆ کارلێککردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دەوروبەردا چەسپاوە بێئەوەی هەڕەشەیەکی ئاشکرابکەوێتە سەر دۆخی پارتەکەی دی، بەهەمانشێوە، دابەشبوونەکە بەقازانجی دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی دەستبەجێی ئەو دەوڵەتانە بوو ، ئەوانەی کە کوردستانێکی یەکگرتووی عێراقیان لەڕووی سیاسییەوە وەك جۆرە مەترسیی و هەڕەشەیەك بۆخۆیان دەبینی. هەربۆیە، سیستمێکی سیاسیی دابەشبوو بۆماوەیەکی کاتیی جۆرە سوودێکی تێدایە، لەگەڵ ئەوەی دەستێوەردانی لەلایەن

**دەوڵەتانی دراوسێوە کەمتر وێرانکەرترە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە سەقامگیریی نێوخۆییشی پتەوترە.**

**پێویستە تێبینی ئەوەبکرێت کە گفتوگۆکە زیاتر سەبارەت بە کوردستانی عێراق چڕبۆتەوە تاوەکو عێراق بەگشتیی، هەرچەندە، ئاماژەشی بە پێگەی کوردستانی عێراق لەچوارچێوەی عێراقدا کردووە. ئەو بزاوتەی پەیوەستە بەوەی کە دەشێت یان ناشێت لە عێراقدا رووبدات لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا کۆمەڵێکە، لەکاتێکدا بایەخی ئاشکرای هەیە، کە دەیەوێت چڕکردنەوەی تەواوی کورد لەسەر ئەم کۆڵینەوەیە لاواز بکات، هەرچەندە وەك رووداوەکان بەئاگاییەکی سووکەڵانەوە دەچنەپێش پێویستە جاروبار پێگەی کورد سەبارەت بەدەوڵەتی ئایندەی عێراق دیاریی بکرێت، بەتایبەت کە هەردوو حیزبەکە (هەرچەندە پارتی بەتایبەتییتر) هەوڵی بەسیاسییکردنی پرسەکەیان لەنێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقییدا داوە. لەڕاستییدا، ئەو پەرۆشییەی کە حیزبە کوردییەکان هەیانە(پارتی بەرچاوانەترە) کە چارەسەری فیدراڵی بۆ عێراق بەهێزتر دەکات، پێویستە پرسیاری لەبارەوە بکرێت. بەتایبەت لەکاتێکدا کە کاری زۆر لەچوارچێوەی کوردستانی عێراق خۆیدا دەکرێت بۆ پەرەپێدانی ستراکتۆرە سیاسییەکە کە وادەردەکەوێت لە هەردوو رووی سیاسیی و ئابوورییەوە بەردەوامبێت. ئەوەندەی حیزبەکان دەیهێنن و دەیبەن بەوەی "ئەزموونە دیموکراتییە کوردییەکە" سەرکەوتوویی خۆی سەلماندووە، ئەوان زۆربەی جار مژدەی ئەو وەرچەرخانەی خۆیان دەدەن، بێئەوەی زۆر درك بەوە بکەن کە ئەو "ئەزموونە" لەسەر بناغەیەکی فشەڵ و ئاسانڕمێن دەرکەوتووە کە ئاکامی توندیی و نائارامیی کوردییە (تەنانەت گرفتە حیزبییە نێوخۆییەکانیش)، وێڕای ئەو فشارە جیۆپۆلیتکییەی لەلایەن دەوڵەتانی هاوسێی عێراقەوە ئەنجامدەدرێت.** [18]

---

[18] **نموونەیەکی بەم چەشنە لە گوتارەکەی هۆشیار زێباری دا لە زانکۆی ئەمەریکی لە واشنگتۆن دی سی دا لە ژوونی ٢٠٠٢دا دەردەکەوێت.**

هێشتا کوردان، بەتایبەت پارتی، پەرە بەخۆیان دەدەن، داوای ئەوە دەکەن کە سیستمە سیاسییەکەیان سەرکەوتوودەبێتو ئەو مۆدێلە "دیموکراسییەیان" دەبێت لەپاش رووخاندنی سەدام حسێن لەسەری بەردەوامبن. هەرچەندە، تکایەکی بەمجۆرە بۆخۆی سەرنجڕاکێشە. نادانایییە بێ ئاراستەکردنی رەوایی داواکانیان پەسەندبکرێت. ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە تاچەند ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو دەبێت؟ چەندە بەردەوام دەبێت؟ تاچەند سیستمێك کە بە دابەشبوونی بنەڕەتیی دەناسرێتەوە تا ئەوەی ستراکتۆرێکی دیموکراتی تێکهەڵکێشی هەبێت بەڕاستیی جێگەی هیوا دەبێت کە بتوانێت ببێتە مۆدێلێك بۆ باقی دیکەی عێراق؟ کارگێڕییە کوردییەکە وەك ئاوێنەیەك دەمێنێتەوە کە وێنەی دابەشبوونێکی سیاسیی پێشاندەدات کە بووهۆی وێرانکارییەکی زەوەند و نەهامەتییەکی مەزن بۆ گەلی کورد. وێڕای ئەوە، هێشتا ئەم مۆدێلە بەردەوام وەك چارەسەرێك بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکانی عێراق پێشکەش دەکرێت، جا ئەوە بشێت یان نەشێت، ئەوە کێشەی من نیە. هەروەها لەوانەیە کە لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەدا ئەم پرسە وەڵامی خۆی وەرگرتبێت. هەرچەندە، ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، بەتەواویی تا چ ئاستێك ئەم مۆدێلەی حوکمکردنو دیموکراسییە لەلای زۆربەی بەشە کاریگەرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی هاتۆتەپێش؟ لەهەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا تێگەیشتنی سیاسەتە هاوچەرخە کوردییەکە پێویستە، هەروەها بەهیوای ئەوەی ئەم کتێبە دەروازەیەکی چکۆلانە بۆ سەر چەند سەرنجو تێڕوانینێکی بەسوود بکاتەوە.

## ستراكتۆری كتێبەكە

بۆئاماژەدان بەم گریمانەیە، پێویستە هەلومەرجە كوردییەكەی عێراق بخرێتە نێو چوارچێوەیەكی شیكارییانەی گونجاوەوە، وێڕای پێدانی بایەخێكی ورد بە پەرەسەندنە سیاسییەكەی، بەشی دووەم بریتییە لە بەشە تیۆریی و میتۆدناسیی كارەكە، لەم بەشەدا، كارم بۆ هێنانەكایەی شیكارییەك سەبارەت بە رووخسارەكانی تیۆری زانستە سیاسییەكان كردووە، ئەوەی دەتوانرێت بەشێوەیەك بۆ كۆڵینەوە لە سیاسەتە كوردییەكە لەعێراق گونجاو ببینرێت. لە كۆڵینەوەی سیستمی سیاسیی و كارگێڕیی لە دەوڵەتی دیفاكتۆدا، ئەركێكی بەسوودە بۆ پێناسەكانی(دەوڵەت) لەڕووی ئەدەبیی و تیۆرییەوە شیبكرێتەوە، بەوەش، ئەو تایبەتمەندییە گونجاوانە پەرەپێدەدات كە دەگونجێت كوردستانی عێراقی پێ پێناسەو شیكاریی بكرێت. تیۆرەكانی زانستی سیاسیی لەمەڕ سیستمی تەوافوق وەك لایەنی تیۆریی تایبەت ئیستیكی لەسەر كراوە. بەدەنەی ئەم تیۆرە كە باس لە كۆمەڵگا پەرتەوازەكان دەكات، ئاشتەوایی و سازان پێشنیاز دەكات، هەروەها پرسەكان لەرێگەی شیكارییەكی خۆیی و تێڕوانینێكی كردارییەوە بۆ كوردستانی عێراق هاتۆتەبەر . بەشەكە بە هەڵسەنگاندنێكی رێبازە میتۆدناسییە گونجاوەكان بۆ كۆڵینەوەی سیستمە سیاسیی و كارگێڕییەكان كۆتاییدێت، دیارییكردنی بوارێكی گونجاوی میتۆدناسیی، هەروەها وەسفكردنی مەیدانی كارەكەی لەئەستۆدا بوو، ئەوەی كە ئەم تێزە ئیستیكی لەسەركردووە.

بەشی سێیەم ئاماژە بە جوگرافیای سروشتیی و مرۆیی و هەروەها ئابووریی كوردستانی عێراق دەكات، دەتوانرێت وەك بەشێكی چوارچێوەیی لێی بڕوانرێت، ئاماژە بە گرفتەكانی ناساندنی كوردستانی عێراق كراوە، دواتر بەوردیی جوگرافیای سروشتیی هەرێمەكە هەڵسەنگێندراوە، تێیدا شیكاریی سەرچاوە سروشتییەكان و پەیوەندییەكانی نێوان كورد و حكومەتی عێراق كراوە، ئنجا گفتوگۆ لەمەڕ جوگرافیای مرۆیی كوردستانی عێراق كراوە، بەشێوەیەكی بنەڕەتیی، لەڕووی

سەرنجی جوگرافیای سیاسییەوە، جەخت لە ژمارەی دانیشتووان کراوەتەوە، لە گۆڕانەکانی دابەشکردن و هەروەها دابەشبوونە کارگێڕییەکانیش. پاشتر ئاماژە بە پرسە ئەنترۆپۆلۆژییەکان کراوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی تایبەتمەندییە زمانەوانیی، ئیتنیی و باوەڕە مەزهەبییەکانی ناوچەکانی باکووری عێراق. ئنجا لەسەر بنەمای ئەم شیکارییە، تایبەتمەندیی ئابووریی هەرێمەکە شیکراوەتەوە. لەئاکامی وریا بوون سەبارەت بە رۆڵی کشتوکاڵ لە ئابووریی سوننەتیی کوردییدا، بە باسکردنێکی ئەو تیۆرانە دەستمپێکردووە کە باس لە پەرەسەندنی ستراکتۆری سیاسیی بۆ ئەو شێوازە سوننەتییانەی بەرهەمهێنانی ئابووریی دەکەن. تیۆرگەلێکی بەم چەشنە لەبنەڕەتدا حەتمییە، هەروەها ئەو دیدەی کە ژینگەی سروشتی بەشێوەیەکی سەرەکیی دەستدەگرێت بەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانداو ئەو چالاکییانەی لە ئەستۆ دەگرن، بەتایبەت، کاتێك ئەو ژینگەیەی وەك کوردستانی عێراق سەخت بێت. لەبەرئەوە، چوونەپێش لەم بەشەدا لە جوگرافیای سروشتییەوە بۆ جوگرافیای مرۆیی، دواتریش بۆ چالاکییە ئابوورییەکان ، بە ئامانجی گشتیی فەراهەمکردنی بنەمایەکی دروست بۆ شیکردنەوەی سیستەمە سیاسیی و کارگێڕییەکە، پێدەچێت کە چوونەپێشێکی لۆجیکیی بێت لەبارەی ئەو سەرنجە پێودانگییانەی ئەم تیۆرانە، بالادەستی کشتوکاڵ لە کوردستانی عێراقدا شتێکە دانپێدانراوە، هەروەك کاریگەرییەکانی داهاتی نەوتیش. شێواندنی کایەی کشتوکاڵی بەهۆی هەڵمەتەکانی ئەنفال و کاریگەری دواتری بڕیاری ٩٨٦ ی ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن ناسێنراوە. بەشەکە بە هەڵسەنگاندنی چالاکییە ئابوورییە هەنوکەییەکان کۆتاییهاتووە.

بەشی چوارەم بریتییە لە نەخشەو پەرەسەندنی سیستەمی حیزبە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراقدا ، ئەوەی مەبەستە لەم بەشەدا، فەراهەمکردنی زیاتر لە گێڕانەوەی حیزبە کوردییەکانە، کە پێشتر چەند جارێك نووسەرانی دیکە لەئەستۆیان گرتووە، لەبری ئەوە، ئەم بەشە شیکاریی سیستەمی سیاسیی

حیزبایەتیی کردووە، ئەوەی کە زیاتر وەك گرووپێنەی سیاسیی هەژموونداره، کە دەگونجێت بە جوڵانەوە پارتیزانییەکان ئاماژەیان بۆ بکرێت، تا ئەوەندە حیزبی سیاسیی هاوچەرخ بن کە دەستیان بەسەر ئامرازە ئاڵۆزە حکومییەکاندا گرتووە. بەشەکە بە هەڵسەنگاندنێکی تیۆریی بایەخدارەوە دەستپێدەکات، هەروەها ئاماژە بە تیۆرەکان لەمەڕ شۆڕش دەدات، ئەوەی کە لە سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی وەك ماوسیتۆنگ و ئەرنستۆ جیڤاردا هاتەئارا. دواتر بەشەکە ڕەوتێکی کرۆنۆلۆژیی گرتووەو لەبنەڕەتدا لەسەر ئەو ڕووداوانە وەستاوە کە ئاسەواریان بەسەر پەرەسەندنی سیستمی پارتە سیاسییەکانەوە جێهێشتووە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەم بەشە دەگونجێت لە گێڕانەوە سیاسییە کوردییەکان جیاوازبێت، لەکاتێکدا پەرە بە پرسگەلێك دراوە کە لەکارەکانی دیکەدا پشتگوێخراوە. مەبەستی ئەم سەرنجە ئەوەیە کە هەڵسەنگاندن و شیکارییەك بهێنرێتەئارا تا ڕێ بە خوێنەر بدات بەتەواویی ئاڵۆزییەکانی سیستمە سیاسییە نێوخۆییەکەی کوردستانی عێراق لەسەروبەندی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١دا مەزەندە بکات.

بەشی پێنجەم لەسەر بنەمای شیکاریی بەشەکانی پێشوو بنیاتنراوەو بایەخی خۆی لەسەر سیستمە سیاسییە حیزبایەتییە هاوچەرخەکەی کوردستانی عێراق چڕکردۆتەوە. بەشەکە بە شیکارییەکی کرۆنۆلۆژیی مێژووی سیاسیی کوردستانی عێراق لەماوەی نەوەتەکاندا دەستپێکردووە، جارێکی تر لەسەر ئەو ڕووداوو ساتانە وەستاوە کە کاریگەرییان لە پەرەسەندنی سیستمە سیاسیی و کارگێڕییەکە هەبووە، هەریەکە لە پارتی و یەکێتی بەجیا هەڵسەنگێندراون، وێڕای ستراکتۆر، ڕێکخراو پرۆسەی بڕیارسازییان، هەروەها ڕۆڵی هێندێك کەسایەتیی و گرووپی دیارییکراو هەڵسەنگێندراوە، کە ڕێیداوە سوود لە هەردوو شێوازە دەزگایی و پیشەییەکان وەربگرێت. هەروەها هەر شیکارییەکیش لە پەیوەندیی نێوان حیزبەکان و حکومەتە نیشتمانییە بێگانەکانی کۆڵیوەتەوەو هەروەها ئەگەری ئایندەیی پەرەسەندنی حیزبە سیاسییەکەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

بەشی شەشەم‌و حەوتەم، ویڕای بەشی پێنجەم، کرۆکی کتێبەکە پێکدەهێنێت، بەشی شەشەم باس لەو دەزگا حکومییانە دەکات کە لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق پەرەیانسەندووە. بەشەکە بە شیکارییەکی کرۆنۆلۆژییانەی ساڵانی ١٩٩٠کان دەستپێدەکات، لەسەر ئەو رووداو ساتانە ئیستیکی کردووە کە کاریگەرییان بەسەر پەرەسەندنی سیستمی بەڕێوەبەردن‌و کارگێڕییەوە هەبووە. ئینجا کرۆکی ئەم بەشە بە پێشکەشکردنی شیکاریی‌و هەڵسەنگاندنێك سەبارەت بە بەشە پێکهاتەییەکانی سیستمی حوکمداریی دەستپێدەکات، کە بایەخ بە مشتومڕێکی بنەڕەتیی ئەو گرفتانە دەدات کە سەبارەت بە دامەزراندنی دەزگا حکومیی‌و کارگێڕیی، پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانیی هەرێمیی، پێکهێنانی دەزگای جێبەجێکردن‌و پۆستی وەزارەتەکان، هەروەها پەسەندکردنی سیستمی دادوەریین. دەتوانرێت ئەم بەشە وەك یەکەمین بەش تەماشابکرێت کە شکڵگرتنی پرۆسەکەی گرتبێتەخۆ، هەروەها هەڵسەنگاندنێکی ستراکتۆرانەو شیکاریی لەمەڕ سیستمە کارگێڕییە کوردییەکەی عێراق لە نەوەتەکاندا پێشکەشکردبێت.

بەشی حەوتەم لەسەر شیکارییەکی ستراکتۆرانە بنەمای گرتووە. هەروەها ئەویش بە شیکارییەکی کرۆنۆلۆژییانە دەستپێدەکات، ئەمجارەیان، بایەخ بە پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرە سیاسییەکان‌و هەروەها پەرەسەندنی کارگێڕییەکە دراوە. دواتر بایەخ بە شیکاریی‌و هەڵسەنگاندنی کابینەی سێیەمی ح هـ ك دراوە، لەساڵی ١٩٩٦ تا ١٩٩٩. ئەم کابینانە پاش داگیرکردنی شاری هەولێر لەلایەن هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق و پارتییەوە لە ئووتی ١٩٩٦دا پێکهێنران، ئەوانەی دابەشبوونی سیستمەکەیان پێشاندا کە تا ئەمڕۆش تایبەتمەندیی دەوڵەتە دیفاکتۆکەیە. شیکاریی ستراکتۆرو میکانیزمی ئەو کابینانەی کە لە هەولێرو سلێمانی یەك لەدوای یەك لەژێر هەژموونی پارتی‌و یەکێتیدا بوون، تەنیا تێگەیشتنێکی قووڵ سەبارەت بە بزاوتی کارگێڕییە هەرێمییەکە فەراهەم ناکات، بەڵکو هەروەها سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حیزب‌و

حکومەتیش بایەخدارە، ئەوەی ڕێ بە بەراوردکاریی نێوان پرۆسەی بڕیارسازیی هەریەك لە پارتی و یەکێتی دەدات. هەربۆیە دەگونجێت وا سەیری ئەم بەشە بکرێت کە درێژبووەوەی لۆجیکی بەشی پێنجەم و هەروەها شەشەمیشە.

بەشەکە بەهەڵسەنگاندنێکی بەراوردکاریی سەبارەت بە سیستمە سیاسیی و کارگێڕییەکەی هەردوو ناوچەی بن هەژموونی پارتی و یەکێتی کۆتاییدێت. هەروەها بە شیکارییەکی پەرەسەندنی داهاتووی کابینەی چوارەمیش کە هەر لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ وە لە هەولێر هەبوو. هەروەها مەسەلەی ڕێکخستنەوەی کابینەی سێیەم کە هەر لە هەمانکاتدا لە سلێمانی هەبوو.

لە هەموو ئەم بەشانەدا، تیۆری سیستمی تەوافوقیی خراوەتە پێش ، کە وەك تێڕوانینێك گونجاوە بۆئەوەی ڕێگە بە پەرەسەندنێکی ئاشتییخوازانەی سیاسییانە لە سنووری هەلومەرجە هەنوکەییەکە بدات. بەهەمانشێوە، لەکۆتایی تێکڕای بەشەکاندا بایەخ بە سالآنی نەوەتەکان دراوە. پەرەسەندنی دەستپێشخەریی حکومەتە نیشتمانییە بێگانەکان، بەتایبەت، ولآتە یەکگرتووەکان، بەئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو دابەشبوونە هەنوکەییە لە دەوڵەتە دیفاکتۆکەدا دەرکەوتبوو. کاتێك مشتومڕەکان چوونەپێش، تۆنێکی تێڕوانینی زێدەتر بۆ ناساندنی چارەسەرێکی ئەو گرفتانە گیرابووەبەر کە ڕووبەڕووی دەوڵەتە دیفاکتۆکە ببووەوە، هەروەها مەترسیی چوونەپێشی خێرا لەمەڕ یەکخستنی دوو پێکهاتەکەش، ئەوەی بۆ نموونە لەلایەن ڕێکەوتننامەی واشنگتۆنەوە بانگەشەی بۆ دەکرا.

شیکاریی بەشەکانی پێشوو بەو ئەنجامگیرییە دەگاتە دواخاڵی پێگەیشتن کە پێشنیازدەکات، مەزنترین ئاستەنگ لەماوەی کورتخایەن و ناوەنجیدا ڕووبەڕووی حیزبە کوردییەکان دەبێتەوە بریتییە لە هاوسەنگکردنی پێویستییە نێوخۆییەکان لەگەڵ فشاری دەرەکییدا. لەنێوخۆدا، پێویستی بە پەرەسەندی سیستمێکی سیاسیی و کارگێڕیی دیموکراتیی بەهێز هەیە، لەڕووی دەرەکیشەوە، کوردان

دەبێت لەوە وریا و بەئاگابن کە دەوڵەتە دیفاکتۆکەیان بەشێوەیەك درکی پێنەکراوە کە بەهێزبێت و بەدەزگایی بکرێت. شکستهێنان لە بەدیهێنانی یەکەم پێویستییدا ئاژاوەو ناسەقامگیریی سیاسیی لێدەکەوێتەوە. شکستهێنان لە بەدیهێنانی ئەوەکەی دووەمیش دەتوانرێت ئاکامی ئەوەی لێبکەوێتەوە کە هاوسێکان و دەوڵەتە خاوەن نفوزەکان ناچاربن زیاتر لە کاروباری سیاسیی و سەربازیی دەوڵەتە دیفاکتۆکەوە بگلێن و هاندەری رووخاندنی خێراتری بن، وەك لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا روویدا، لەمیانەی ئەو ژینگە هەنوکەییەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، دەبێت کوردانی عێراق بە ڕێچکەیەکی فرە باریکی نێوان ئەم دوو پێویستییەدا تێپەڕن.

# بەشی دووەم : تیۆرو میتۆدناسیی

مشتومڕ سەبارەت بە سیستمی هاوچەرخی سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا لەڕووی تیۆرییەوە ئەرکێکی ئاڵۆزو سەختە. لەکاتێکدا دەگونجێت کە رووخساری چەندین چوارچێوەی تیۆری جۆربەجۆر دەربکەوێت کە رێگەی تێگەیشتنی هەرێمەکە بەخۆیان بدەن، هێشتا مەسەلەی ناسین و وەسفکردنی مۆدێلکی تیۆریی کە بەهۆیەوە پەرەسەندنە هاوچەرخە سیاسییەکەی پێ لێکبدرێتەوە وەك کارێکی سەخت و بەکێشە دەمێنێتەوە. بەدڵنیاییەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو پێگە ناجێگیرەی لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەو لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، وێڕای ئەوەی کە کوردستانی عێراق کاریگەریی چەندین بزاڤ و هێزو هۆکاری جۆربەجۆری لەسەرە. لەگەڵ سروشتی ئەم کۆڵینەوەیەدا گرفتی تیۆریی زێدەتر سەرهەڵدەدەن. کوردستانی عێراق خێرا دەگۆڕێت و بۆ تێگەیشتنی ئێستاش پێویستە پەردە لەسەر ئەم رابردووە تایبەتمەندە لابدرێت کە کوردانی عێراقی پێدا تێپەڕیون . هەروەها پێویستە گریمانە سەبارەت بە رووداوەکانی ئایندەش بکرێت، بەتایبەت، ئەوەی پەیوەندیی بە پێگەی ئەمڕۆی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە سەبارەت بە رووخاندنی سەدام حسێن. لەڕاستییدا ئەم کۆڵینەوەیە، هەڵسەنگاندنێکی ئێستاو ئایندەیە. هەربۆیە هەموو ئەو رووخسارەکانی ئەو تیۆرانەی لەبەرچاوگرتووەکە دەگونجێت وەك شیکاریی وەسفبکرێن، هەروەها ئەوانەشی کە دەگونجێت وەك گریمانەیی/prescriptive بناسرێن.

گرنگ ئەوەیە لەم خاڵەدا درك بە پێگەی کوردانی عێراق بکەین، کاریگەریی رووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، هەروەها ئاکامی سیاسەتی سەپێنراوی ئەمەریکا سەبارەت بە برەوپێدانی ئاراستەی"گۆڕینی رژێم" لەعێراق، فرە دەرفەتگەلێکی تیۆریی و مانایەکی قووڵی دابە کوردان . ئەوان ئێستا نەك لە سەروبەندی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی خۆیانن لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵکو

دەگونجێت، گەر كوردان بە وردیی لەسەر هەمان سیاسەتی خۆنزیككردنەوەی هەستیارانە لەهەمبەر وڵاتە یەكگرتووەكان بچنەپێش بێئەوەی هێشتا بەتەواویی خۆیان بە مەسەلەی رووخاندنی سەدام حسێنەوە ببەستنەوەو خۆیان وابببیننەوە كە ببنە رەگەزو پێكهێنەرێكی سەرەكیی لە حكومەتی داهاتوودا كە بۆ تەواوی عێراق دادەمەزرێت. شاراوەنیە كە حیزبە كوردییەكان سیستەم و دەزگاكانیان وەك نموونەیەكی باڵا بۆ فەرمانڕەوایەتیی تەواوی عێراق راگەیاندووە. لەكاتێكدا ئەمە برێكی بەرچاو لە نابابەتییبوون و رووشكاوییی دەردەخات(ئەوان لەبنەڕەتدا پێكهاتەی حكومەتی عێراقیان لە ساڵی ١٩٩١دا بەمیرات بۆ بەجێماو وەك نموونەیەكی شیاویان بۆ كوردستانێكی دیفاكتۆ ناساند)، ئەوان پێگەیەكی ئەوتۆیان هەیە كە تادێت زێدەتر لەلایەن كۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە گوێیان لێدەگیرێت، هەروەها لەوەش بایەخدارتر، لەلایەن عێراقییەكان خۆیانەوە، بەهێزەكانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە وەك كۆنگرەی نیشتمانیی عێراق/ئای ئێن سی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەعێراق كە دان بە بوونی پێشینەو ئایندەییان دەنێن.

لەبەرئەوە، لەكاتێكدا ١١ی سێپتەمبەر سروشت و بایەخی كۆڵینەوەیەكی نەگۆڕیوە كە سەبارەت بە بزاوتی سیاسیی و كارگێڕیی كوردە لە عێراقدا، بەڵكو دواپێنتی لەوە فراوانتركردووە كە هەر بابەتێكی ئەكادیمی كوردیی رووت بێت و لەڕووی كردارییەوە كردوویەتی بە بابەتێكی عێراقیی. ئەمەش ئەو خاڵەیە كە بەتوندیی لەلایەن ئاراستەكانی سیاسەتی ئەمڕۆییەوە پشتگیریی لێدەكرێت، ئەوەی لەلایەن رێبەرانی باڵای نێو پارتی و یەكێتییەوە ناسێندراوە.[1]

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، لەندەن، ٢٤ ئەپرڵ ٢٠٠٢ . چاوپێكەوتن لەگەڵ د.لەتیف رەشید، لەندەن، ٢٥ ئەپرڵ ٢٠٠٢.

## پنتی تیۆریی

زۆرجار دەگوترێت کە هەلومەرجە سیاسییەکەی کوردستانی عێراق کەموێنەیە، ئەوە سەبارەت بە هێندێك لە رووخسارەکانی دروستە، بەڵام هێندێکی دیکەی، ئاکامێکی سروشتی هەر شوێنێکی دیکەشە، دەگونجێت زیاتر ئەوە راستربێت بگوترێت کە هەلومەرجەکەی ناوازەیە. کوردستانی عێراق دەوڵەتێك نیە کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانپێدانرابێت. وێرای ئەوەی سیستمێکی سیاسیی خۆجێ سەریهەڵداوە کە شێوازێکی پەرەسەندووی باڵاو دەزگاگەلێکی نیمچە دەوڵەتیی خاوەن تایبەتمەندیی و مۆرکی تایبەتی پێشانداوە. هەربۆیە ئامانجی ئەم بەشە دوو لایەنە، یەکەمیان پێویست بەوە دەکات ئەم هەلومەرجە ناوازەیە بخەینە چوارچێوەی بابەتی ئەدەبیاتی تایبەتمەندیی پێکهێنانو کارکردنی دەوڵەتەوە، هەروەها دووەمیشیان پەرەپێدانی لایەنی تیۆریی و میستۆدناسییە کە بۆ کۆڵینەوەی سیستمە سیاسییەکە فرە شیاو و گونجاوتر بێت.

کێشەی کورد بەشێوەیەکی فرە گشتیی لەڕووی ئەو کاریگەرییەی کۆڕو تاقمە کوردییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمانە، مشتومڕی لەبارەوە کراوە. وێرای ئەوەش، تەنیا بە بەکارهێنانی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان نەبێت، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی پشت بە بیرۆکەی "دەوڵەت" دەبەستێت، مەحاڵە بتوانرێت شیکارییەکی قووڵ سەبارەت بە کێشەی کوردانی عێراق لە خاڵی دەستپێکی سیستمە خۆماڵییەکەوە فەراهەم بکات.

کوردان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی سیستمی دەوڵەتەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، بەشێوەیەکی کاریگەرو لەڕووی جوگرافییەوە خزێنراونەتەوە هەرێمگەلێکی سنووریی هەستیارەوە لە وڵاتانی سوریا، عێراق، ئێران و تورکیادا، ئەوەی وایلێکردوون ببنە داشێکی مەیدانە جوگرافییەکە ، ئەوەی کە مۆڵگەی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکەشی تێدا چەسپیوە. ئەوەش بۆخۆی وادەکات شیکاریی سیاسەتی

کوردیی زیاتر لەمەڕ پەیوەندییەکانی کورد وەك گەلێکی کەمینە لەگەڵ تێوەگلانی دەرەکیی لەپەرەسەندنە سیاسییەکەیان چڕبکرێتەوە.[R] دەتوانرێت هۆکارەکانی ئەوەی کە کوردان پێگەیەکی هێندە بەرچاویان لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانی جۆرابەجۆردا هەیە لە چەندین هۆکاری پەیوەست بەیەکەوە ببینرێتەوە، وەك ئەوەی کە هەرێمە کوردییەکە لەڕووی سەرچاوەوە دەوڵەمەندە، بەتایبەتیی نەوت، هەروەها کەوتۆتە شوێنێکی ئەوتۆوە کە بایەخێکی مەزنی جیۆئابووریی هەیە، هەروەها بەشێوەیەکی کاریگەر پێگەی گونجاویشیان وەك بەکرێگیراو.[S] هەربۆیە تیۆرەکانی پەیوەندییە نیۆدەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لەپەرەسەندنی تێگەیشتنی کێشە ئاڵۆزەکەی کوردانی عێراقەوە هەیە، بەڵام لە شیکاریی پەرەسەندنی سیاسیی کوردانی عێراقەوە سوودێکی سنووردار یان دەبێت.

هەرچەندە، لەساڵی ١٩٩١ەوە، واقیعە جیۆپۆلیتکییەکان برەوی بە پەرەسەندنی زیاتری هەلومەرجەکەی کوردستانی عێراق داوە، کە بۆ ڕێبەرانی کورد، ئەمێستا لەسایەی هەژموونی پرسی خۆبەڕێوەبردندان. گۆڕان لە سیستمی جیهانیی و هەرێمیی لە کۆتایی هەشتاکانداو سەرەتای نەوەتەکاندا دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ کوردانی عێراق هێنایەپێش کە جڵەوی دەستپێشخەریی بگرنەدەست. وەك جەلال تاڵەبانی گوتی:" دوژمنایەتیی سەدام حسێن دژی کوێت...بووەهۆی دەرکەوتنی

---

[2] بۆ شیکاریی پەیوەندییەکانی نێوان کەمینە جیاوازەکان و تێوەگلانی دەرەکیی بڕوانە:

A. Heraclides, *The Self-Determination of Minorities in International Politics*, 1991, London: Frank Cass.

[3] بۆ شیکاریی کاریگەریی جیۆپۆلیتیك لەسەر کوردان بڕوانە:

R. Olson, ‘The Kurdish Question and Geopolitical and Geostrategic Changes in the Middle East after theGulf War’, *Journal of South Asian and Middle East Studies* Vol. 17 No. 4, 1994, pp. 44–67; R. Olson, ‘The Kurdish Question and the Kurdish Problem: Some Geopoliticand Geostrategic Comparisons’, *Peuples Mediterraneens*, 68–69, 1994, pp. 77–94; H. Khashan, ‘The Labyrinth of Kurdish Self-Determination’, *International Journal of Kurdish Studies*, Vol. 8, Nos. 1–2, 1995, pp. 5–32.

هەلومەرجێك لە عێراق كە ئێمە بۆ دامەزراندنی كارگێڕییەكی ئازادی خۆجێ قۆزتمانەوە."[4]

بوونی ئەم حاڵەتە لە كوردستانی عێراقدا دەرفەتگەلێكی نوێی بۆ كۆڵینەوە لەمەڕ سیستمە سیاسییەكەی كوردانی عێراق هێنایەئارا، پەرەسەندنی سیستمە سیاسییەكە بۆ یەكێك كە پێكهاتە حاڵەتە خۆجێیەكان پێشانبدات، تەنانەت ئەگەر شەرعییەتی نێودەوڵەتییشی نەبێت، هانی ئەوە دەدات وەك قەوارەیەكی دەوڵەتیی كۆڵینەوە لەبارەی كوردستانی عێراقەوە بكرێت. هەربۆیە مشتومڕی من لەوبارەیەوە كە كۆڵینەوە سەبارەت بە تایبەتمەندیی حاڵەتە نێوخۆییەكەی هەرێمەكە رێدەدات بە تێگەیشتنێكی قووڵ لەمەڕ پەرەسەندنو هەروەها كاركردنی سیستمە سیاسییەكەی كوردستانی عێراق، هەروەها رێدەدات بە پێشكەشكردنی چارەسەرێكی واقیعبینانەش بۆ هەلومەرجەكەی كوردان.

پێویستە ئەوە دیارییبكرێت كە چۆن دەگونجێت كوردستانی عێراقی دیفاكتۆ بخرێتە چوارچێوەی لێكدانەوەی تیۆریی تایبەت بە "دەوڵەت"ەوە. هەروەها ئەوەندەی پەیوەندیی بەمەوە هەیە، كاریگەریی جیهانگەرایی لەسەر تایبەتمەندییو پێكهاتنی دەوڵەت وەك هەوڵێك بۆ دەرخستنی ئەوە ناسێنراوە كە بیرۆكە تیۆرییەكانو واقیعە سیاسییەكان لەبارەی دەوڵەتەوە چەندە گۆڕاون، بەتایبەت پاش هەڵوەشانەوەی یەكێتیی شورەویی. تایبەتمەندییەكانی دەوڵەت فرە پشت بە دیارییكردنی كاتو شوێن دەبەستێت، هەربۆیە پشت بە واقیعە جیۆپۆلیتیكییەكانیش دەبەستێت. لەكاتێكدا مەبەستی ئەم كتێبە شیكارییو هەڵسەنگاندنی پەرەسەندنو كاركردنی دەوڵەتە كوردییە دیفاكتۆكەیە، پێویستە پەرەش بە وەسفكردنی بیرۆكەی تیۆریی "دەوڵەت"بدرێت، ئەوەی سیستمە

---

[4] Jalal Talabani, 14 June 1992, quoted in M. Gunter, 'Developments in Iraqi Kurdistan: Their Influence on Neighbouring States and the Kurdish Movements in Surrounding States', in *Irakisch – Kurdistan: Status und Perspektiven. Ergebnisse einer internationalen tagung 1999*, Berlin: Awadani e.V., 1999, p. 87.

سیاسیی و کارگێڕییەکەی هەرێمەکەی تێدا جێدەگرێت. کاتێك ئەم جێگرتنە لەڕووی تیۆرییەوە هاتەدی، ئەو کاتە دەگونجێت هێڵە پەیوەندییدارەکانی بپرسین و ڕێبازەکانی دیارییبکرێت.

بایەخی فرەی بەکارهێنانی تیۆری "دەوڵەت" لەم بەشەدا، بۆ دیارییکردنی ئەو میتۆد و تەکنیکانەیە کە لە کۆڵینەوەی قەوارە دەوڵەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەی کوردستانی عێراق وەك خاوەن تایبەتمەندییەکی دەوڵەتییانە ناسێنراوە. تیۆرە سیاسییەکانی بەراوردکاریی هەڵسەنگێندراوە، ئەوەی پەیوەندیی بە شیکاریی سیستمە سیاسییەکەی کوردانی عێراقەوە هەیە، وێڕای ئاماژەکردن بۆ هەلومەرجە راستیینەکانی دیکەی جیهان. ئەم لەبەرچاوگرتنە تیۆرییە ڕێ بە لەئەستۆگرتنی شیکاریی و هەڵسەنگاندنی پەرەسەندن و کاروهەڵسوڕانی سیستمە سیاسییەکە دەدات.

## تیۆرەکانی دەوڵەت

لەڕاستییدا بیرۆکەی دەوڵەت بەشێکە لەو بابەتە بنەڕەتییەی بایەخ بە پرسە ئالۆزەکەی کورد دەدات، ئەوەی لەبواری جێبەجێکردنی کردارییشەوە بەڕوونی دەردەکەوێت. هەلومەرجی کوردان لەعێراقدا زادەی واقیعێکە لەدەرەوەی ئەو شێوە دژوارەی دەوڵەتە کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتۆتەئارا، هەروەها پەرەسەندنە مێژووییەکەی لەسەر بیرۆکەی دەوڵەت وەك قەوارەیەك چڕدەبێتەوە، ئەوەی بەپێچەوانەوە، بەهۆیانەوە کوردان چەوسێنراوەنەتەوە، پاشتر بۆتە خولیایەك.

ناساندنی دەوڵەت لەڕووی تیۆرییەوە پەردە لەسەر زنجیرەیەك بۆچوونی جیاواز هەڵدەداتەوە، بەشێوەیەك هیچ پێناسایەکی تایبەت نیە کە هەمووان کۆکبن لەسەری، بەڵام دەگونجێت لێکچوون لەو پێناسانەدا هەبێت.[6] هەروەها لە کۆڵینەوە سەبارەت بە

---

[5] D. Krasner, ‘Approaches to the State: Alternative Conceptions and Historical Dynamics’, *Comparative Politics*, Vol. 16, No. 2, 1984, pp. 223–46; D.

دەوڵەت لەڕووی کردارییشەوە هەرهەمانشێوەیە، لەکاتێکدا دەگونجێت نادەوڵەتبوون پێــودانگی پێویــستو تایبەتمەنــدیی بگرێتــەخۆ، ئــەوەی کــە هێــشتا حاڵــەتی دەوڵەتبوونی بەخۆوە نەگرتووە. لەلایەکی دیکەوە، دووبارە بە دانپێدانانی دەوڵـەتان، مرۆ دەتوانێت ئەو برە زۆرەی پێناسە بەکاربێنێت. تەنانەت ئەو کاتەش کە دەگوترێت دەوڵـەتێك بوونی هەیە، دەشێت تایبەتمەندیی و پێودانگە پێویستەکان نەگرێتـەخۆ. سـەبارەت بـەم پرسـە، "دێڤید کراسـنەر" تێبینیکـردووە کـە "دان بەهێنـدێك لـە قەوارەکاندا دەنرێت کە لەڕووی ئۆتۆنۆمییەکی دادوەریی فەرمییەوە یاخود زەمینیی هەرێمییەوە کورتیهێناوە، لەکاتێکدا ئەو دانپێدانانە بۆ هێندێك دەوڵەت رەوا نابینرێن کە خاوەنی ئەو سیفەتانەشن"[7]

## ناساندنی دەوڵەت

ئەوە سەلمێنراوە کە فەراهەمکردنی ناساندنی کارو شێوازی ئەو یەکە سـەرەتاییە شیککارییانە بۆ تیۆریستانی زانستی سیاسیی ئـەرکێکی تاقەتپڕوکێنـە.[8] بۆنموونـە، "داڤید ئەستۆن"، کاتێك تێبینیی چەمکی "دەوڵـەت"ی کردووە کـە ١٤٠جار زێدەتر پێناسەو بەکارهێنانی هەیە، کە زادەی مەیلی ئایدۆلۆژیی جۆربەجۆرە، ئەو ئاڵۆزییە

---

Krasner, *Sovereignty: Organized Hypocrisy*, Princeton, NJ: Princeton University Press, 1999, p. 4. Also see M. Banks and M. Shaw, *State and Society in International Relations*. New York: St.Martin’s Press, 1991.

[6] Krasner (1999) op. cit., p. 220.

[7] بۆ کورتـە هەڵسەنگاندنێك سـەبارەت بـە پەرەسـەندنی "دەوڵـەت" و هـەروەها چەمکەکانی سـەروەریی ، بڕوانە:

D. Philpott, ‘Ideas and the Evolution of Sovereignty’, in S. Hashmi (ed.), *State Sovereignty: Change and Persistence in International Relations*, Pennsylvania: Pennsylvania State University Press, 1997, pp. 17–47. For a succinct appraisal of theories of international relations, see J.E. Dougherty and R.L. Pfaltzgraff, *Contending Theories of International Relations*, New York: Harper and Row, 1990; H. Hannum, *Autonomy, Sovereignty, and Self-Determination: The Accommodation of Conflicting Rights*,Philadelphia, PA: University of Pennsylvania Press, 1990

زێدەیە ئاکامی بەکارهێنانی فراوانی ئەو چەمکەیە، هەروەها سەختییەکانی کارکردنەکانی ئەو چەمکەیە بۆ کۆڵینەوە ئەزموونییەکان.[8]

پێناسەکردنی دەوڵەت لەساڵی ١٩٣٣دا لە پەیمانی مۆنتیڤیدیۆدا سەبارەت بە ماف‌و ئەرکەکانی دەوڵەت دەبینرێتەوە. پەیمانەکە دەوڵەتی بەم شێوەیەی خوارەوە ناساندووە کە خاوەنی" ا- دانیشتووانێکی هەمیشەیی ب- سەرزەمینێکی دیارییکراو ج- حکومەت‌و هەروەها د- توانای چوونە نێو پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا.[9] هەرچەندە ئەم پێناسەیە لەڕووی سەروەرییەوە کورتیهێناوە، ئەوەی سیفەتێکی دەوڵەتبوونە. ئەوەی وادەکات مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ لەڕووی شەرعییەتەوە سەختبێت.[10] زیاتر لەوەش، دەبێت درك بەوە بکەین کە جیاوازیی لەنێوان ئەوپێوانانەدا هەیە کە پێویستە کۆببنەوە پێش ئەوەی دەوڵەت بتوانێت بێتەئارا. هەروەها لەگەڵ ئەو پێوانانەی کە چاوەڕواندەکرێت ببێتە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتێك. "داڤید نایت" ناجێگیرییەکی بایەخداری لەنێوان ئەو پێوانانە ناساندووە کە پێویستن یەکانگیربن لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بۆ بوونی دەوڵەت پێویستن، کاتێك دەڵێت:"پێویستە هێندێك پێوانەی باو هاوبەش‌و یەکانگیربن پێش ئەوەی بگوترێت دەوڵەتەکە پەیدابووە، هەرچەندە ئەو هۆکارگەلە تایبەتییانەی کەوادەکات بۆچی دەوڵەت هەبێت زۆر بەتەواویی جیاوازو ئاشکرایە.[11]

تیۆرەکانی دەوڵەت بە ڕەگەزگەلێکی ئاوێتە لە ڕێبازی جیاواز دەناسرێتەوە، وێڕای ئەو ئاکامەی کە پێناسەی دەوڵەت چەندین سیفەتیشی دەناسێنێت. وێڕای هێندەش ، دەشێت ژمارەیەکی بەرچاو لە دەوڵەتی دامەزراو بکەوێتە دەرەوەی تیۆری رووتەوە. "یالا فێرگوسن‌و ریچارد مانسباك" سەرزەنشتی ئەم گرفتە دەکەن سەبارەت

---

[8] D. Easton, ‘The Political System Besieged by the State’, *Political Theory*, Vol. 9, No. 3, 1981, pp. 303–26, p. 307.
[9] Hannum, op. cit., pp. 15–16.
[10] Ibid.
[11] D. Knight, ‘People Together, Yet Apart: Rethinking Territory, Sovereignty, and Identities’, in G.J. Demko and W.B. Wood (eds), *Reordering the World*, Boulder, CO: Westview Press, 1994, p. 72.

بەو پێناسە تەمومژاوییە تێکەڵوپێکەڵەی ئەم دیاردەیە کە کۆڵینەوەی لێدەکرێت و بەرێژەیەکی خێرا دەگۆڕێت ، وادەکات باسەکە ببێتە شتێکی نابابەتییانە."[12]
"میشیل مان"پێناسەیەکی تێکەڵی پێشکەشکردووە، بەڵام لە بنەڕەتەوە پێناسەیەکی دەزگاییە، ئەوەی لەگەڵ "ماکس ویبەر"دا پێکیهێناوە، لەم پێناسەیەدا کە زۆربەی رەگەزەکانی زۆرینەی تیۆرەکانی دەوڵەتی لەخۆگرتووە، دەوڵەت چوار رەگەزی سەرەکیی هەیە، ئەوانەش[13]: ١- دەستەیەکی بەرچاو لە دەزگاکان و کارمەندە بەرجەستەکان، ٢- ناوەندگەرایی بەمانای ئەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەدەرەوە رادێت کە ناوەندە بۆ پۆشینی ٣- ناوچەیەکی هەرێمیی سنووردار کە ئەو دەسەڵات و پەیوەندییانەی لەسەر بەڕێوەبەرێت ٤- قۆرغکردنی پایەکانی دەسەڵاتدارێتیی بۆ پێکهێنانی فەرمانڕەوایەتیی ، کە بەهۆی قۆرغکردنی ئامرازە فیزیکییەکانی توندوتیژییەوە پشتگیریی بکرێت.

دەگونجێت بەرچاوترین تایبەتمەندیی دەوڵەت دەستبەسەرداگرتنی خاك بێت، هیچ دەوڵەتێك بێ بوونی ناوچەیەکی جوگرافیی دانپێدانراو نابێت کە لێیەوە فەرمانڕەوایەتیی، کارگێڕیی، بەرگریی، بەڕێوەبردنی بڕیارسازیی ئەنجامبدات و داوا بکات هاوڵاتییەکانی دڵسۆزیی و وەفاداریی خۆیان بۆ ئەو فەرمانڕەوایەتییە دەرببڕن.
"باری بوزان" ئەمەی لە هزردا بووە کاتێك دەوڵەتی بەوە ناساندووە کە:

" نوێنەرایەتیی کۆمەڵێك مرۆڤ دەکات کە تێیدا دەزگا فەرمانڕەوایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خاکێکی دیارییکراو ئاوێتەدەبن. هەرچەندە بۆ زۆربە، نەك بۆ هەموو، مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم ئاوێتەبوونە لەنێو ئەم رەگەزە پەیوەستدارانەی وەك خاك، حکومەت و کۆمەڵگا، ئەوەیە کە دەوڵەت پێکدەهێنێت." [14]

---

[12] . Ferguson and R. Mansbach, *The Elusive Quest: Theory and International Politics*, Columbia: University of South Carolina Press, 1988, p. 142.
[13] Ibid., pp. 60–1.
[14] B. Buzan, *People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era*, London: Harvester Wheatsheaf, 1991, p. 60.
15 G. Parker, Western Geopolitical Thought in the Twentieth Century, London: Croom Helm, 1985, p. 1.

دەگونجێت ئەم هەڵوێستە کە خاك بەبایەخ وەردەگرێت بە جیۆپۆلیتیکانە وەسفبکرێت، هەروەها پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و خاك بەتوندیی لەلایەن بواری جوگرافیی سیاسیی و جیۆپۆلیتیکەوە پشتگیرییکراوە. ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکات کە توانا و دەسەڵات زادەی سروشتی فیزیکیی خودی جیهانە، هەروەها، بەتایبەت لەم ناوچەیەدا کە زێدە لەلایەن هێزەکانی ئابووریی جیهانگەرایی کاری تێدەکرێت، هێشتا هێزو توانای دەوڵەتی مۆدێرن بەشێوەیەکی بنەڕەتیی پەیوەستە بە دەستبەسەرداگرتنی خاك و قەڵەمڕەوەکە.[15] سەبارەت بە دەوڵەتە دیفاکتۆکەی کوردستانی عێراق، کۆنترۆڵکردنەکەی ئەو خاکە دیارییکراوە، کە شانبەشانی پەرەسەندنی کارگێڕییەکی خێرا کارابوو، لەگەڵ کۆمەڵگایەکی مەدەنییدا، کە ببێتە ناوکی پێناسەکەی، لانیکەم وەك نیمچە قەوارەی دەوڵەتێك، ئەگەر زێدەتر نەبێت، ئەوەش گرنگ نیە کە ئەم خاکە چەندینجار تووشی سنووربەزاندن و تەجاوز دەبێتەوە.

ئەوەی راهێنانێکی پێویستە کە یەکالأبکرێتەوە ئەوەیە کە کام لەو پێناسانە پەیوەستن بە دۆخە کوردییەکەی نەوەتەکانەوە، لەڕاستییدا سیستەمە سیاسیی و کارگێڕییەکەی کورستانی عێراق چەندین بنەمای پێویست و سەرەکییان گرتۆتەخۆ کە لەلایەن زانایانەوە بۆ پێناسەکردنی دەوڵەت بەکاربراوە. بە لەبەرچاوگرتنی مەرجە سەرەکییەکانی پەیمانی مۆنتیڤیدیۆ یاخود ئەو بۆچوونە تیۆرییانەی پێشتر قسەیان لێکرا، دەگونجێت مشتومڕ لەوبارەیەوە بکرێت کە هەرێمە کوردییەکەی عێراق، دانیشتووانێکی هەمیشەیی، خاکێکی دیارییکراو، حکومەتێك و توانایەکی بۆ چوونە نێو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرتووەتەخۆ، ئەگەر لەسەر ئاستێکی نافەرمیش بێت.[16] هەرچەندە، بە فەرمیی خاوەنی سوپایەکی هەمیشەیی نیە، لەلایەن نەتەوە

[15] G. Parker, Western Geopolitical Thought in the Twentieth Century, London: Croom Helm, 1985, p. 1.

[16] توانای کوردانی عێراق بۆ چوونە نێو دەیالۆگەوە لەرێگەی حیزبە سیاسییەکانیانەوە تایبەتمەندییەکی فرە دیارە لە ململانێیە سیاسییەکاندا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. هەریەك لە یەکێتی و

یەکگرتووەکانـەوە بەشـێوەیەکی نێونەتـەوەیش دانیپێدانـەنراوە، بـاج و دەرامـەتیش کۆناکاتـەوە.[QW] هەربۆیـە، کاتێك وەك قەوارەیـەکی تایبـەت و جیـا تەماشـای سیـستمە سیاسـیی و کارگێڕییەکـەی کوردسـتانی عێـراق دەکـەین ، لـەڕووە نێوخۆییەکەیـدا، چەندین سیفەتی بەدەوڵەتبوون دەگرێتەخۆ.

ئنجا چۆن مرۆڤێك لـەم گورزە پێناسە تەمزمژاوییـە سەبارەت بە دەوڵـەت تێبگا؟ لەئاسـتێکدا فـرە ئەسـتەم نیـە ئـەوە بناسـرێت کـە "دەوڵـەت" بـە ئامـاژەکردن بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی خـاك، دابینکردنـی دەزگـا حکومییـەکان، هـەروەها /یـاخود بـەکارهێنانی زەبـر لـەدژی خەڵکەکـەی خـۆی پێناسـەبکرێت. هەرچـەندە، گرفتەکـە بـە پـشتبەستن بـەو سـەرنج و تێڕوانینـە پێوانەییانـەی کۆڵینەوەکـەی پێکـراوە، ئاڵۆزە.[QX] تێکـڕا لەگـەڵ هـاوجووتکردنی پێوانـە جیاوازەکانـدا، پێویـستە پەرەسـەندنی کـاتیی دەوڵەت کاتێك لەبەرچاوبگیرێت کە پێناسەی تیۆریی بۆ بدۆزرێتەوە. "داڤید واڵدنـەر" لـە شـیکارییەکیدا کـە لـە کتێبێکـی "مـاکس وێبـەر"دا دایبەزانـدووە، بـاس لـە پەرەسـەندنی دەزگاکـانی دەوڵـەت لـە هەریـەك لـە سـوریا و تورکیـادا دەکـات، ئـەو شـیکارییە سـەبارەت بـە گواسـتنەوەی ئـەو دەوڵەتانـە لـە قـەوارەی ناوەنجییـەوە بـۆ قەوارەی ناناوەنجیی کردووە، واتە لە قەوارەیەکەوە کە دەسـەڵات راستـەوخۆ لەلایـەن

---

پـارتی سیـستمێکی نوێنەرایـەتیی بـەرفراوانیان پاراسـت و پـەرەیان پێـدا، ئـەوەی کـە ئێـستا لـەڕووی ئـەو نوێنەرایەتییەی بە ح هـ ك پەیوەستە بۆتە دووهێندە، بەتایبەتیی سەبارەت بە یەکێتی.

[17] هەرچەندە، هێزی پێشمەرگە بەشێوزەیەکی زێدە لەشێوەی سوپایەکی هەمیشەیی رێکخراوە، هـەروەها هەوڵ بۆ ئەوەدراوە کە رێگە بە ح هـ ك بدرێت کۆنترۆڵی زیاتری میلیشیا حیزبییەکان بکات.

[18] بـوزان(١٩٩١) جـەختی لەسـەر ئاسـایش لـە چـەند ئاسـتێکی جیـاوازدا کـردووە، ناسـاندنی رەگـەزە زەمینییـەکانی هەڵبـژاردووە، رۆگـەر بنجـامین و رایمونـد دوڤـال لـە دەزگاکـانی حکومـەت و کارگێڕییـان کۆڵیوەتـەوە، دەوڵـەتیان وەك ئـەوە ناسـاندووە کـە لـەڕووی فیزیکییـەوە چـیە، لەڕێگـەی بـەکارهێنانی تێـڕوانینی سـتراکتۆری–وەزیفییـەوە. هـەروەها گـرۆس (١٩٩٨) سـەبارەت بـە لێکۆڵینەوەکـەی لەمـەڕ فەلەستین جەخت لـە دەوڵـەت وەك هێـزی ناچارکەر کردۆتـەوە، دەگونجێت لـەنێو بابـەتی کۆڵینەوەکەیـدا هەڵیهێنجابێت و درکی پیێ کردبێت .بڕوانە:

R. Benjamin and R. Duvall, n.d. (unpublished paper), quoted in Krasner, 1984, op. cit., p. 224.

بژاردەیەکەوە بە هاوپەیمانیی لەگەڵ پیاوماقوڵاندا هەڵدەسوڕێنرێت بەرەو قەوارەیەکی دی کە دەزگاکانی دەوڵەت شوێنی بژاردە دەگرێتەوە تاکو پەیوەندیی نێوان ئابووریی دەوڵەت و کۆمەڵگادا پێکبهێنێت. هەربۆیە لەڕووی لۆجیکییەوە، ئەم پەرەسەندنە کاتییەی دەوڵەت ئەوە دەخاتە بەرچاو کە دەگونجێت بوونی دەوڵەتان لە قۆناغی گواستنەوە جیاوازەکاندا تایبەتمەندیی جیاوازیشی لێدەرکەوێت. واڵدنەر لەوەش زێدەتر دەڕوات و لایەنگریی ئەوەدەکات کە"دەوڵەتان بەشێوەی زنجیرەیەك ریزبەندبوون. هیچ کام لەوانە خاوەن بنەمایەکی تەواو ناوەنجیی یاخود تەواو ناناوەنجیی نین"[19]

بەهێشتنەوەی ئەم پرسە کاتیی و پێوانەییانە لە زەیندا، هەستێکی بەرچاو پێکدێت کە دەوڵەت بەشێوەیەکی وا پێناسەبکرێت کە ڕێگە بە قەوارەکان بدات کە لە هێندێك پێویستیی تایبەتدا بەشداربن، وێڕای ئەوەی کە هەموویان بەهەمانشێوە لەو تایبەتمەندییانە بەشدار نابن. لێرەوە دەتوانرێت هەر قەوارەیەکی دەوڵەتیی بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو تایبەتمەندییە ناسراوانەی تێیدایە پێناسەبکرێت، نەك تەنیا بەهۆی یەك سیفەتی ناسراوەوە.[20] ئەو تایبەتمەندییەی کە دەتوانرێت لەڕێگەی درکپێکردنی سیماگەلێکی جیاوازەوە وەسفبکرێت، بێئەوەی پێویستکات هەرهەمووی لەخۆبگرێت. ئەوەی کە باوەڕوایە پێوانەکانی پێکهێنانی دەوڵەت پێکدەهێنن. وێنەی ٢ :١ ئەو هزرە پێشاندەدات کە دەوڵەتی ژمارە ١و٤ وەك دوو دەوڵەت دەردەخات کە خاوەنی هیچ تایبەتمەندییەکی هاوبەش نین. بەڵام وەك دەوڵەتیش ریزبەند دەکرێن چونکە تایبەتمەندیی گروپەکەیان تێدا ڕەنگدەداتەوە.[21]

---

[19] D. Waldner, *State Building and Late Development*, Ithaca: Cornell University Press, 1999, p. 19; M. Weber, ‘Politics as a Vocation’, in H.M. Gerth and C. Wright Mills (eds) *From Max Weber: Essays in Sociology*, New York: Oxford University Press, 1946, p. 82.

[20] Krasner chooses to call the set of criteria a ‘bundle of properties’ (Krasner (1999) op. cit., p. 220).

[21] ئەم بۆچوونە لە کاری ئاڕ نیدهامەوە پەرەیسەندووە:

بەهەمانشێوە، هەر نموونەیەکی نەتەوە بێدەوڵەتەکان کە بەدوای بەدەوڵەتبووندا بگەڕێت بەهەمان ئەو دەستە پێوانە پێویستانە بەڕێوەناچێت، وێڕای تایبەتمەندیی پێویست کە لەبەرچاوگرتنە جیۆپۆلیتیکییەکان کاریان تێدەکات. رای من ئەوەیە، کە ئەو بڕوا دیارییکراوانەی کە بۆ بەدەوڵەتبوونی کورد هەن هەمان ئەوانە نین بۆ نموونە کە لای تایوان هەیە. لەوەش زیاتر، گەر ئەوەمان پەسەندبێت کە پێوانەکانی بەدەوڵەتبوون بۆ نموونە راستییەکانی جیهان رێژەیی و گۆڕاون، ئەوسا لەڕووی لۆجیکەوە، پێویستە هاوشێوەی گۆڕاوی یەکسان هەبێت، ئەوانەی دەستەیەك نموونەی جیاواز لەوانی دیکە پێکدەهێنن، پێویستە میکانیزمێکی بەوشێوەیەی پێکهێنانی دەوڵەتان و هاندانی پێوانەکانی وردەکارییە جیۆپۆلیتیکییەکان بن لەڕووی کات و شوێنەوە.

| پێوانەی جیاکەرەوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | A | B | C | | | |
| 2 | | B | C | D | | |
| 3 | | | C | D | E | |
| 4 | | | | D | E | F |

وێنەی ٢: ١ پێوانەی وێنکردنی تایبەتمەندیی دەوڵەت.

لەبەرئەوە دەتوانرێت پێگەی دەوڵەتی هەنوکەیی کورستانی عێراق واببینرێت کە زادەی دۆخێکی جیۆپۆلیتیکی و مێژوویی ناوازەیە و لەپاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دوو جەمسەریی هاتۆتەبەرهەم، پێگە هەنوکەییەکەشی لە تایبەتمەندییەکانی :جوگرافیا و دانیشتووانەکەی، پەرەسەندنە سیاسییەکەی و هەروەها ئاکامە دەستوبردەکانی گۆڕان لە هاوسەنگی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش جەنگی دووەمی کەنداو، دەبینرێتەوە.

R. Needham, *Circumstantial Deliveries*, Berkeley: University of California Press, 1981.

هەرچەندە، لەکاتێکدا لەپێناو بایەخ و بەرژەوەندیی ئەکادیمیی، پێویست بەوەناکات کە دوای ئاڵۆزییە تیۆرییەکان ئەو تایبەتمەندییانەی "دەوڵەت" بکەوین کە پێشتر مشتومڕی لەبارەوە کراوە. وادەردەکەوێت کە سیفەتە تیۆرییەکانی دەوڵەتان زۆربن، بەجۆرێك کەوا هێندێك دەوڵەتانی دامەزراو چەندین لەو سیفەتانەیان تێدا دەرنەکەوتووە کە وا باوەڕدەکرێت گرنگ بن. هەروەها کورستانی عێراق لە ناوچەیەکدا شوێنی گرتووە، ئەمەش لە قاڵبێکی تیۆرییدا دەناسرێت. لەم بنەمایەوە، من پێویستە سەیری ناوەوەی دەوڵەتە دیفاکتۆکە بکەم و هەروەها شیکارییش سەبارەت بە دەستپێکردنی بزاوتەکەی هەر لەناوەوە، لە رووە خۆجێییەکەی بنیاتبنێم، وەك لەو گۆشەیەی کە زیاتر باوەو کەمتر لەڕووی مشتومڕەوە زانیاریی بەخشترە، یان رووی دەرەکیی و هەروەها نێودەوڵەتییەکەی ، ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە لەسەدەی بیست و یەکەمدا قەوارەیەکی دەوڵەتی دیفاکتۆ لە کورستانی عێراقدا هەیە، تێگەیشتنی تایبەتمەندیی، بزاوت و هەروەها میکانیزمەکەی، پێویستی بە پەرەسەندنە لەگەڵ ئاماژەدان بە سیستەمە سیاسییە چەکدارییە یاخییەکەی کە پێشتر حاڵەتی دەوڵەتی هەبووە، هەروەها بۆ سیستەمی حیزبایەتیی و پێکهاتەی کارگێڕییشی، دواجار بۆ ئەگەرە ئایندەو بەردەوامیی لەسەر سەرزەمینێکی دیارییکراوو سنوورداری دەوڵەتی عێراقدا.

## پەرەسەندنی سیستەمە سیاسییەکە

پەرەسەندنی گرووپی سیاسیی لە جوڵانەوەیەکی پێشمەرگانەوە بۆ پارتێکی سیاسیی بابەتێکە کە زۆربەی جار لە ئەدەبیاتی سیاسییدا لێینەکۆڵراوەتەوە، مرۆ پێویستە تەماشای ئەو تیۆریستە شۆڕشگێڕە راستەقینانە بکات کە ئاماژەیان بە جیۆپۆلیتیکای شۆڕش لەگیانی کەسایەتیی وەك ئەرنیستۆ جیڤاراو ماوسیتۆنگ و هەروەها بەشێوەیەکی لابەلا لە کارە ئەکادیمییەکاندا هاتووە، بەتایبەت لای"رۆبێرت

مککۆڵ"دا. [RR] لەئاماژەدان بە تیۆرێکی ئەوتۆ، تێڕوانینی خۆم زێدەتر لەڕووی "جیۆپۆلیتیك"ەوە چڕکردۆتەوە تاکو رووخسارە ئایدۆلۆژییەکانی شۆڕش، هەروەها رووخسارە زۆر هزرییەکانم لەبارەی شۆڕشی نیشتمانییەوە بۆ نووسەرانی دیکە جێهێشتووە . مککۆڵ لە شیکارییەکەیدا سەبارەت بە بنەما زەمینییەکانی شۆڕش، تیۆری"دەوڵەتی چەکداران"ی پێشخستووە. ئەوەی کە من مشتومڕی لەبارەوە دەکەم پەیوەندییەکی نزیکی بەو دەوڵەتە دیفاکتۆیەوە هەیە کە لە کورستانی عێراقدا هەیە. [RS] مککۆڵ وا دەبینێت کە سروشتی شۆڕش لەگەڵ پەیوەستبوونی زیاتری بەخاكو کۆنترۆڵکردنییەوە گۆڕانی بەسەردادێت، واقیعی ئەوەش هەیە کە شۆڕش"لەپێشییەکی زەمینیی هەیە". [RT] ئەو زێدەتر تێبینییکردووە کە:

" شۆڕشە نیشتمانییە هاوچەرخەکان وەك تاکتیکێکی بنەڕەتیی پەسەندیان کردووە کە سەرزەمینێکی بنەڕەتیی دژەدەوڵەت(دەوڵەتی چەکدارانی یاخیی) لەنێو دەوڵەتدا بێنرێتەئارا... میکانیزمەکەشی پێکهێنانی یەکەی هەرێمییە کە لە هەموو سیفاتەکانی هەر شەرعیەتێکی دەوڵەتییانەوە رکابەری بکات، واتە پاساو، کۆنترۆڵکردنی خاكو دانیشتووانو هەروەها، بەتایبەت، ئەفراندنی ناوکێکی زەمینی تایبەت بەخۆی لەگەڵ یەکەی کارگێڕیی، شانبەشانی بنکەی هێزو دەسەڵات لە سوپایەکی پارتیزانییدا...وا باشە کە شۆڕشە نیشتمانییە هاوچەرخەکان هەروەك

---

22 R. McColl, ‘The Insurgent State: Territorial Bases of Revolution’, *Annals of the Association of American Geographers*, Vol. 39, No. 4, 1969, pp. 613–31; P. O’Sullivan, ‘A Geographical Analysis of Guerrilla Warfare’, *Political Geography Quarterly*, Vol. 2, No. 2, 1983, pp. 139–50; M. Glassner, *Political Geography*, New York: John Wiley & Sons, 1996.

23 McColl, op. cit.; Mao Tse-Tung, *Selected Works*, Vol. II, New York: International Publishers, 1954; Ernesto (Che) Guevara, *Guerrilla Warfare*, University of Nebraska Press, 1961.

24 McColl, op. cit., p. 614. Also see N. Miller and R. Aya, *National Liberation: Revolution in the Third World*. London: Collier/Macmillan, 1971.

پرۆسەیەکی گەشەکردنی سەرزەمینێك سەیربکرێت کە یەکەیەکی سیاسیی کردۆتە بنکە لەنێو خاکێکی دوژمنکارانەی سیاسییدا.[25]

بنەماکانی بنکەی قەڵەمڕەوی زەمینیی لە نووسینەکانی ماوسیتۆنگی ڕێبەری شۆڕشگێڕی چینیدا مەسەلەیەکی ناوەندییە.[26] سێ قۆناغەکەی شۆڕش وەك لەلایەن ماوسیتۆنگەوە باسی لێوەکراوە بریتییە لە ماوەی جەنگێکی بزۆز، کە جەنگێکی پارتیزانیی بەدوادادێتو دواتریش جەنگێکی ڕێکخراوی نیزامیی(هاوسەنگ). مککۆڵ ئەم قۆناغانەی لە چوارچێوەی جوگرافییدا کۆڵیوەتەوە کە هەر قۆناغێك نوێنەرایەتیی گەشەکردنی دەوڵەتێکی چەکدارانی یاخیی دەکات ، هەروەها توانای بۆ زێدەکردنی ئەو ناوچەیەی لەڕووی سیاسییو سەربازییەوە لە بندەستی دەوڵەتە چەکدارانەکەدایە.[27]

ئەم چەشنە ڕوانینە ڕێ بە واقیعی شۆڕشە نیشتمانییەکە دەدات کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنو بەدەستەوەگرتنی خاك ببێتە بەشێك لە لەبەرچاوگرتنە تیۆرییەکان. هەرچەندە، تیۆری یاخیبوونی چەکداریی، ئەوەی لەسەرەوە نموونە کلاسیکییەکەی هاتووە، بایەخ بە ئامانجەکانی چەکدارەکان دەدات. زۆر کەم سەبارەت بە کاریگەری دەستکەوتەکانی ئەم ئامانجانە لەسەر گرووپی سیاسییە سەرکەوتووەکان نووسراون.

## پراکتیك لە کوردستانی عێراق

لەبەرئەوە پێویستە دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستانی عێراق وەك لانیکەم هاوشێوەیەکی نزیك لە "دەوڵەتی چەکداران" مشتومڕی لەبارەوە بکرێت، دەوڵەتی چەکداران وا دەناسرێت کە توانای ئەوەی هەیە سوپای سەربازیی حکومەت ناچاربکات لە شارە مەزنەکاندا چڕببنەوەو بۆخۆشی ناوچە چەکدارانەکەی خۆی لە پەلاماری هێزەکانی حکومەت بپارێزێت. لە دەوڵەتی دیفاکتۆدا، جوڵانەوە

[25] Ibid.
[26] Mao Tse-Tung, op. cit., pp. 183–4.
[27] McColl, op. cit., p. 616.

**شۆڕشگێڕییەکان نزیکەی خۆیان لە سێ قۆناغی پەرەسەندنی بنکە زەمینییەکاندا ڕیزبەند دەکەن. هەرچەندە، گۆڕانکاریی لە هاوسەنگیی جیۆپۆلیتیکییدا بڕیار لە تایبەتمەندیی ئاکامی جوڵانەوە چەکدارییەکە دەدا کە بەخێرایی دەستبەسەر خاك‌و هەرێمێکدا بگرێت. لەبەرئەوە، پەیوەندیی نێوان جیۆپۆلیتیك‌و دامەزراندنی قەوارە دەوڵەتییەکە بەئاسانیی دەردەکەوێت . ئەم گورزە تیۆرە سیاسییە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ یارمەتی تێگەیشتنی پەرەسەندنی سیستەمە سیاسییەکەی کورستانی عێراق، بەتایبەت، لەنێو یەکێتیدا، ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕ کە شوێنکەوتەی نزیکی نووسینەکانی ئەو جەنگاوەرانە بوون کە هاوشێوەی خەباتی ئەوان بوون، هەروەها ئاستەمە بتوانرێت کاریگەریی ماوسیتۆنگ لە پەرەسەندنی سیستمی سیاسیی بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان‌و هەشتاکان لەبەرچاونەگیرێت. ئەوەش مانای ئەوەیە کە پراکتیزەکردنی تیۆری دەوڵەتی چەکداران بۆ هەلومەرجەکەی کوردانی عێراق کارێکی دروستە،• چ لەلایەن شیکارییەکی وەسفییەوە، چ تێگەیشتنیشی بەگوێرەی تیۆری گریمانەیی.** RX

---

• لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣، دەڵێت:" کاروباری جوڵانەوەکە هەر شەڕ نەبو لەگەڵ هێزەکانی بەعس، بەڵکو ببو بە جۆرێك لە حوکمڕانی، دەسەڵاتی حکومەت لە زۆر ناوچەدا نەمابو، یا کز ببو، خەڵك بۆ بەلاداخستنی کێشەکانیان ڕویان لە داوودەزگاکانی شۆڕش ئەکرد. بڕیارمان دا کە هەرێمەکان هەڵبوەشێنینەوەو تیپیان لێ دروست بکەین‌و هەر چەند تیپێك بەرەو ڕوی دەزگایەکی باڵاتر بکەینەوە." بڕوانە: پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ١٩٧٩-١٩٨٣، ل ٢٦٧.

[28] هەژموونداترین دەستەی یەکێتی، کۆمەڵە بوو، کە پێشتر بە کۆمەڵەی مارکسی-لینینیستی دەناسرا. هەروەها دواتر هەوڵیدا خۆی وەك ڕێکخراوێکی ماویستی بناسێت. پەروەردەی ئەم ڕێکخراوە بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان لەسەر نووسینەکانی ماوسیتۆنگەوە بنەمای گرتبوو. هەروەها زۆربەی سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی لەبنەڕەتدا ئەندامی کۆمەڵە بوون، لەوانە نەوشیروان مستەفا, هەرچەندە، یەکێتی ئەمڕۆ دوور لە تیۆرەکانی هەژموونداریی ماویسیتی گەشەیکردووە، بناغەکەی هێشتا بەهێزترە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان قلیاسانی، سلێمانی، ١٨ ژوونی ١٩٩٨، ٤ ئووتی ١٩٩٩،. نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی ژوونی ١٩٩٩ ،. جەلال تاڵەبانی، سلێمانی، ١١سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

## تیۆری سیاسیی بەراوردکاریی

گــەر وادابنــێن کــە هێزەکــانی جیۆپۆلیتیــكو هــەروەها یاخییبوونــە چــەکدارییە نێوخۆییەکــە دەبنــە هــۆی دامەزرانــدنی دەوڵــەتی دیفــاکتۆ، لــەم تێڕوانینــەوە، ئــەوە پەسەندە کە پێگەی ئەم قەوارەیە بخرێتەسەر تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت، لە قۆناغی داهــاتووی شــیکارییدا، هەوڵــدەدرێت کۆڵینــەوە ســەبارەت بــە سیــستمی سیاســیی قەوارەی دەوڵەتی دیفاکتۆ بکرێت.

ئەمــەش ئــەرکێکی ســەختەو پێویــستی بــە پەرەپێــدانی ئــەو تیۆرانەیــە کــە بــەو بابەتــــەوە پەیوەندییــــدارن، وێــــڕای هەڵــــسەنگاندنی وردی سیاســــەتی نێوخــــۆیی کوردستانی عێراق لەپێناو شیکارییەکی گشتگیردا، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی رێژەیی وەبــەرهێنانی مێــژووی سیاســیی کوردســتانی عێــراق ئاســانە، بــەڵام ئــەوەی بایــەخی زێدەترە وەبەرهێنانی شیکارییە سەبارەت بە میکانیزمی سیاسەتی کوردانی عێـراق ، ئەوەش تەنیا لەرێگەی جبەخانەیەکی پڕ شێوازە تیۆریی و میتۆدییەکانەوەو هەروەها بەهۆی کارێکی مەیدانی فراوانەوە دەبێت، تا بتوانرێت زانیاریی چڕوپڕمان سەبارەت بە سیاسەتی کوردیی هەبێت و بتوانین ئامانجەکانی ئەم کتێبە بێنینەدی.

شێوازەکە دەبێـت پـشت بـە ئامرازگـەلێکی جیـاواز ببەسـتێت تـاکو چـەندین رووی سیــستمە سیاســییە گشتییەکە رەنگبداتــەوە، ئــەوەی کــارکردنی نێوخــۆیی سیاســەتی کــوردی عێــراق، لــە حیــزب و چــالاکیی دەســتەوتاقمەکان، ئەنجومــەنی یاســادانان و دەزگــــای دادوەریــــی، تــــا وەزارەت و دەزگــــا بەڕێوەبەرایەتییــــەکان بگرێتــــە خــــۆ، وەك دەستپێکێك، هەڵسەنگاندنی چوارچێوە گشتییەکەی ئەم بەشەم گرتۆتەئەستۆ، قـامکم خستۆتە ســەر پەرەســەندنی تیــۆریی کــە بەشــێکە لــە بابــەتی بــەراوردکاریی سیاســیی، نموونەی ئەم پراکتیزەکردنەش، مەبەست لێی هەرێمی کوردستانی عێراقە.

لەتــەواوی ئــەم بەشــەدا ،مەبەســتمە، کــار بــۆ برەوپێــدانی دروســتی بابەتەکــەم و خواســتی پەرەســەندنی مــەودا تیۆرییــە نوێیــەکان پێکــەوە بکــەم بــۆ کۆڵینــەوەی ئــەو ســیناریۆیانەی لــە هەلومەرجــە کوردییەکــەی عێراقــەوە نزیکــە. بــۆ هێنانــەدی ئــەم ئامانجــە، بەشــەکە دابەشــکراوە بــۆ هەڵــسەنگاندنێکی سیــستمە سیاســییەکە وەك

یەکەیەکی گشتیی کۆڵینەوەکە، پەرەسەندنی تێڕوانینە تیۆرییە پەیوەندییدارەکان، هەروەها پراکتیزەکردن و ئەو گرفتانەی لەئاکامی پراکتیزەکردنی تیۆرگەلێکی بەو چەشنە لەناوچەیەکی بەو شێوەیەدا دەردەکەون.

## کۆڵینەوە لە سیستمە سیاسییەکە

تیۆرەکانی سیاسەت و حوکمڕانیی کە لەسایەی چەتری بەراوردکاری سیاسییدا هەن لە شیکارییەکانی دامەزراوەکاندا دەبینرێنەوە. هەروەها زۆربەی جار دەوڵەت، سیستمەکان، هەروەها دیسپلینی بەراوردکاریی سیاسیی لە کۆڵینەوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا سەرهەڵدەدات،بەشێوەیەکی سەرەکیی لە دەوڵەتە دیموکراتە لیبراڵەکاندا. هەرچەندە، ئەم تیۆرانە دەتوانرێت بەهەمانشێوە بۆ دەوڵەتە دیفاکتۆکان، هەرێمە نادەوڵەتییەکان، ئەو سەرزەمین و قەلەمڕەوانەی کە بەشێوەیەك وەسفدەکرێت کە لەبندەستی دەسەڵاتە نانیزامییەکاندان. بەراوردکاریی سیاسیی چوارچێوەی شیکاریی و هەروەها کۆبوونەوەی تیۆرەکان فەراهەم دەکات کە ئامانجی ئاسانکاریی شیکارییەکی ڕێکوپێکە شێوازە جیاوازەکانی سیاسەت و فەرمانڕەوایەتییە.[29] ئەو ڕاستییەی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی پەرەیسەندووەو بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرمانڕەوایەتیی و سیاسەتکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەکارهاتووە، ڕێی ئەوەی لێناگیرێت کە بەسەر کوردستانی عێراقیشدا پراکتیزەبکرێت. لەکاتێکدا زۆربەی تیۆرەکانی ئەم دسپلینە بەهۆی کۆڵینەوە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە پەرەیانپێدراوە، هەروەها لەڕێگەی شیکاریی بنەڕەتیی نموونەی زێدە بچووکترەوە سەریانهەڵداوەو زێدەکارییان تێداکراوە، ئەو نموونە جیاوئاڵۆزانەی کە لەشوێن و ئاستی جیاوازدا پەرەیانسەندووە.[30] لەوەش زیاتر، زۆربەی تیۆرە بناغەییەکانی بەراوردکاریی

[29] See D.J. Kriek, ‘David Easton and the Analysis of Political Structure’, *Journal of Theoretical Politics*, Vol. 8, 1995.
[30] G. Almond, ‘Comparative Politics’, in D.L. Sills (ed.), *International Encyclopaedia of the Social Sciences*, vol. 13. New York: Macmillan, 1968, pp. 331–6.

سیاسیی لەبنەڕەتدا لەنێو بوارەکانی دیکەدا پەرەیانسەندووە وەك لەوەی لەبواری زانستی سیاسییدا، بەشێوەیەکی تایبەت لەبواری سۆسیۆلۆژییدا، لەگەڵ کۆڵینەوەی ڕێکخراوەکان، هەروەها بواری ئەنترۆپۆلۆژیا لەگەڵ کۆڵینەوەی سیستمە سیاسییە خۆجێیەکان. هەربۆیە پێویست نیە مەرجی قەوارەی دەوڵەتە دانپێدانراوەکان بکرێتە پێویستییەکی ناچاریی بۆ پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرانەی بەراوردکاریی سیاسیی.

لەوەش زیاتر، زۆربەی کۆڵینەوەکانی بەراوردکاریی سیاسیی تایبەت بۆئەوە دانەڕێژراون کە تێڕوانینی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە شیکارییدا برەوپێبدات، وەك ئەوەی ڕێ بە تێڕوانینێکی بەراوردکاریی بدرێت کە لە تێگەیشتنی سیاسەتو حوکمڕانیی لە سیستمە جیاوازەکانو لەسایەی هەلومەرجی جیاوازدا رووبدات.[31] بۆئەم مەبەستەشە کە من هەوڵمداوە زیاتر چەمکی "سیستمی سیاسیی" تاکو "سیستمی دەوڵەت"وەك یەکەیەکی گشتگیری شیکاریی بەکاربهێنم.[32]

## رووخسارەکانی بەراوردکاریی

دەگونجێت گرفتگەلێك لە پێناسەکردنی بابەتی بەراوردکاریی لە شیکارییدا دەربکەوێت، وێڕای ئەوەی شوێنگەلێکی کەم هەن کە بەشداریی تایبەتمەندیی و مێژوویی کوردستانی عێراق بکەن. هەرچەندە، ئەگەر ئەوەی لەم بابەتەدا کۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، ناباوەو دەشێت بیۆێنەش بێت، بەوەش ژمارەی گونجاوی کەیسە بەراوردەکان بە ئاشکرا دابەزیوە. بۆ نموونە، کاتێك مەسەلەی حوکمڕانیی و سیاسەت لە هەرێمە نادەوڵەتییەکاندا دەخرێتە بەرباس، بڕارە تەنیا لە مشتێك کەیسدا دەردەکەوێت، دواتر ئەگەر پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانو هەروەها کارگێڕییە

[31] J. Blondel, *Comparative Government: An Introduction,* London: Prentice Hall/Harvester Wheatsheaf, 1995, p. 17.

[32] For an assessment of the applicability of the concepts of the ‘political system’ and ‘the state’, see Easton, 1981, op. cit.

حکومییــە دیفاکتۆکــە بزانرێــت، بڕارەکــە بەشــێوەیەکی سەرســوڕهێنەر بەرتەســك دەبێتەوە.

"گای پیتەرس" دوو گەنگەشەی قنیاتکەری پێشکەشکردووە سەبارەت بەوەی کە چــۆن دەتوانرێــت تیــۆری بــەراوردکاریی لەمــەڕ کۆڵینــەوەی کەیــسە تاکــەکان بەکاربهێنرێت. یەکەم، ئەو دەڵێت کە هۆکاری بنەڕەتیی بریتییە لە سوودوەرگرتن لە کەیسێکی تایبەت بۆ زانینی دیاردەیەك وادەردەکەوێت کە تەنیا لەوتاکە کەیسەدا دەرکەوتووە. لەبەرئەوە کۆڵینەوەی کەیسە تاکەکان باشتر وەك ڕێنمایی ڕاهێنان دەبینرێــت، بــەهیوای ئــەوەی زانیارییــەکانی ئــەو دیاردەیــە بخرێتەســەر جەســتەی پێکهاتــەی تیۆرکــە.[SS] "ریچارد رۆس" ئەم تێڕوانینەی بە "کۆڵینەوەی کەیسێکی کراوەگەرا" ناوبردووە. دەگونجێت چ شتێك لە کۆڵینەوەی ئەو وڵاتە تاکانە بکرێت ئەگــەر ئــەو تێڕوانینانــە بــەکاربهێنرێت کــە وادەکــات بنــەمای گــشتگیری ئــەوتۆ هــەڵبهێنجرێت کە بتوانرێت لەهەر شوێنێکی دیکە ئەزموون بکرێت.[ST] پیتەرس سەبارەت بە داکۆکییکردن لە تێڕوانینی کۆڵینەوەی کەیسە تاکەکان، دەڵێت کە:

کۆڵەر شتێکی گرنگی بەدەر لە تیۆرە باوەکان ناساندووە، یاخود پرسێك کە دیاردەیــەکی دەرخــستووە کــە پێــشتر لــە تێکــڕای ئــەوەی نووســراون جیاکردۆتەوە...دواتر مەبەستی کۆڵینەوەی کەیسی کراوەگەرا ئەوەیە کە بەتەواوی یەك کەیسی لەگەڵ ئەو تیۆرانەی لەهزردا هەن رووماڵ بکات، لەگەڵ پێشبینیکردنی روونکردنەوە یاخود فراوانکردنی پێکهاتەی بنەڕەتیی تیۆریی لەگەڵ داتاو زانیارییە ئەنجامگیرەکان.[SU]

[33] B.G. Peters, *Comparative Politics: Theory and Methods*, Basingstoke, Macmillan, 1998, p. 62.
[34] R. Rose, ‘Comparing Forms of Comparative Analysis’, *Political Studies*, Vol. 39, No. 3, 1991, pp. 446–62, p. 454.
[35] Peters (1998) op. cit., p. 62.

## سیستمی سیاسیی تەوافوقیی

وێڕای ئەوەی دەتوانرێت هەلومەرجی سیاسیی هەنوکەیی لە کوردستانی عێراقدا بە بێوێنە پێناسە بکرێت، بەڵام رووخسارەکانی سیستمی سیاسیی هەیە کە پێشتر لە نووسینە تیۆرییەکاندا ئاماژەی بۆکراوە. تانوپۆی ئەم کتێبە بریتییە لە: یەکەم، ناساندنی تایپۆلۆژی(سیمبوڵدۆزیی) سیستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەیە، هەروەها دووەم، ناساندنی مۆدێلێکی گونجاو بۆ پەرەسەندنی بەردەوامی ئاشتییانەی سیستمە سیاسییەکە، لانیکەم لەم ماوەیەی ئێستادا کە باری سیاسیی لە لە تەواوی عێراقدا ناسەقامگیرو ئاڵۆزە. مشتومڕ لەوبارەیەوە کراوە کە دەتوانرێت تیۆرەکانی سیستمی تەوافوقی سیاسیی وەك بنەمایەك بێت بۆ شیکاریی ئەو هۆکارانەی لەپشت ناسەقامگیرییە سیاسییەکەوە بوون لە کوردستانی عێراقدا لە نیوەی یەکەمی نەوەتەکانەوە. هەروەها ئەو سەقامگیرییەی کە پاشتر دەرکەوت، بەتایبەت لەسەروبەندی کۆتایی نەوەتەکانەوە. لەوەش زیاتر، تیۆرەکانی تەوافوقی سیاسیی بەشێوەیەکی گریمانەیی خراونەتەپێش چاو ، بۆئەوەی وەك مۆدێلێکی گونجاوبێت بۆ پەرەسەندنێکی سیاسیی ئاشتییانەی بەردەوام لە هەرێمە کوردییەکەی عێراقدا لەم قۆناغە ناسەقامگیرە هەنوکەییەی عێراقدا.

هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردی عێراق هاوشێوەی "کۆمەڵگە فرە پەرتەوازەکانە" کە لەلایەن "لوستیك"ەوە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەکراوە:

"کۆمەڵگایەك کە بە قووڵی دابەشبووە، پەیوەندیی مەیلو ئینتیماکانی دابەشبوونێکی دوژمنانەی لەکۆمەڵگادا هێناوەتەئارا، کە لەسەر بنەمای ناسنامەی لابەلا دامەزراوە، لەگەڵ هەڵتۆقینی سیاسیی توندو بەرچاو، ئەوەی بووە بە زەمینەی پرسگەلێکی سیاسیی جیاو بەرفراوان لەماوەیەکی بنەڕەتییدا." [36]

[36]I.S. Lustick, ‘Stability in Deeply Divided Societies: Consociationalism versus Control’, *World Politics*, Vol. 31, 1979, pp. 325–44.

هەربۆیە کۆمەڵگای کوردیی دەشێت وەك کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە بناسێنرێت(لەڕووی خێڵایەتیی، کۆمەڵایەتیی، حیزبی سیاسیی، یاخود سروشتی جوگرافییەوە)، ویڕای ئاراستەیەکی سیاسیی ئەوتۆ کە پێدەچێت لەلایەن تاقمی بچووك بچووکەوە کۆنترۆڵکرابێت کە زۆربەی جار بژاردە سیاسییە نەیارەکان بن. هەربۆیە مشتومڕ سەبارەت بەوەکراوە کە پەرەسەندنی سیستمی کوردیی عێراق پێویستی بە مامەڵەکردنێکی وەستایانەو سەرکەوتووانەی پەرتەوازە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، شانبەشانی دابینکردنی تەبایی و ئاشتەوایی بژاردە.

لەبارەی مشتومڕکردن لەمەڕ ئەم گرفتە سەبارەت بە کۆمەڵگای پەرتەوازەی ئێرلەندای باکوور، "برێندان ئولیری" ئەوەی ناساندووە کە کۆمەڵگایەکی بەو چەشنە بۆ مۆدێلی وێسمینسینەری حکومەتی تاکە حیزبی نەشیاوە، ئەوەی ویستی خۆی لە دەوڵەتێکی یەکگرتوویی ناوەندگەرادا دەسەپێنێت.[SW] بەهەمانشێوە، بۆ مشتومڕکردن سەبارەت بە ئایندەی پەرەسەندنی سیاسیی لە باشووری ئەفریقادا،" جۆن مکگرای و ئیس.جەی.ئار نۆئێل) ئەوەیان ناساندووە کە مۆدێلی وێستمینیستەر بۆ کۆمەڵگا پەرتەوازەکان کارەساتبارە.[SX] ئەو مۆدێلەی کە بۆ چەسپاندنی سەقامگیریی لە کۆمەڵگا پەرتەوازەکاندا ناسێنراوە بریتییە لە مۆدێلی تەوافوقی"ئارێند لیجفارد"[SY]. تیۆری لیجفارد سەبارەت بە سیستمی دیموکراتیی تەوافوقی، شیکاریی دەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ بایەخی بژاردە سیاسییە

---

[37]B. O’Leary, ‘The Limits to Coercive Consociationalism in Northern Ireland’, *Political Studies*, XXXVII, 1989, pp. 562–88.

[38] J. McGarry and S.J.R. Noel, ‘The Prospects for Consociational Democracy in South Africa’, Journal of Commonwealth and Comparative Politics, Vol. 27, 1989, pp. 5–22, p. 6.

[39] A. Lijphart, *The Politics of Accommodation: Pluralism and Democracy in the Netherlands*, Berkeley:University of California Press, 1968; ‘Consociational Democracy’ *World Politics*, Vol. 21, 1969, pp. 207–25; *Democracy in Plural Societies*, Yale University Press, 1977.

بەڕێوەبەرەکان لە کۆمەڵگا پەرتەوازەکاندا کۆدەکاتەوە، لەڕاستییدا تێڕوانینە ستراکتۆرییەکان لەگەڵ پێویستی گرتنەخۆی رووخسارە ئاکارییەکان پێکەوە گرێدەدات. دەتوانرێت شێوەکانی سیستمی سیاسیی تەوافوقی بەبیرۆکەی سەرەکیی ئەم کتێبە دابنرێت. شیکاریی سەرەکیی بەرەو ئەو ئەنجامگیرییە دەڕوات کە تێیدا پێشنیازی چارەسەرێکی تەوافوقی گونجاوی بۆ گرفتە هەنوکەییە راستەوخۆکانی سیستمە سیاسیی و کارگێڕییە کوردییەکەی عێراق بکات. خۆی لەخۆیدا، تیۆرەکان لە سەروبەندی کۆتایی کتێبەکەدا پەرەیانپێدراوە، لەکاتێکدا بەڵگەکان لەڕێگەی شیکاریی سیستمە سیاسیی و کارگێڕییەکەدا خراونەتەبەرچاو، بەهاوکاریی بەشە بنەڕەتییەکانی تیۆرەکە.

مۆدیلی سیستمی سیاسیی تەوافوقی لەلایەن لیجفاردەوە لە ساڵانی شەستەکاندا پەرەپێدراوە، ئەوەی کۆڵینەوەی لەوبارەیەوە کرد کە چۆن کۆمەڵگا پەرگیرەکان ململانێی داپۆشراوی خۆی بەڕێوەدەبات. [TP] ئەو بەشێوەیەکی بنەڕەتیی کاری خۆی لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە چڕکردبووەوە کە دەستەو تاقمی پەرتەوازەی گرتبووەخۆ، بەتایبەت، لە هۆڵەنداو نەمساو سویسرا، هەروەها ئەوەی روونکردۆتەوە کە ئەو وڵاتە تایبەتمەندیی کۆمەڵگا فرە کەلتووری پەرتەوازەیان هەیە، بەڵام دیموکراسییەکی سەقامگیری بەرهەمهێناوە کە ئاسانتر لەو دەوڵەتانەی دیکە هەیانە کە کەمتر رەگەزە پەرتەوازە زیانگەیەنەرەکانی تێدایە. [TQ] ئەو مۆدێلەی خۆی بەوە ناساندووە کە:"حکومەتێك لەلایەن قۆرغکاریی بژاردە بە ئامانجی پیادەکردنی دیموکراسیی بە

---

[40] See S. Halpern, ‘The Disorderly Universe of Consociational Democracy,’ *West European Politics*, Vol. 9, 1986, pp. 181–97, p. 182; T. Najem, *Collapse and Reconstruction of Lebanon*, University of Durham: Centre for Middle Eastern and Islamic Studies Middle East Papers, No. 59, 1998, p. 3.

[41] Halpern, op. cit., p. 182; A. Kaiser, ‘Types of Democracy: From Classical to New Institutionalism’, *Journal of Theoretical Politics*, Vol. 9, No. 4, 1997, pp. 419–44, p. 427.

کـەلتوورێکی سیاسـیی پەرتـەوازە بـەرەو دیموکراسـییەکی سـەقامگیر."[TR] لەبەرئـەوە ڕۆڵـی سـەرکردەکانی گروپـە ڕکابـەرەکان لـەو کۆمەڵگایانـەی کـەلتووری سیاسـیی بەتوندیی تێدا پەرتەوازەیە فرە بایەخدارە.[TS] لیجفارد ئەم فاکتەرانەی خوارەوەی وەك فاکتەرگەلێك ناساندووە کە بڕوا وایە زەمینە بۆ پەرەسەندنی سیستمێکی تەوافوقیی خۆشدەکات[TT]:

١- پێویستە بـژاردە لەسـەر ئـەو بەرژەوەندییـە جۆراوجۆرانـە پێکبـێن کـە لـە کۆمەڵگاکەدا هەیە.

٢- پێویستە بژاردە توانای تێپەڕاندنی ناتەبایی و دووبەرەکییەکانی هەبێت.

٣- بژاردە جەختکردنەوە لە سیستمی تەوافوقیی بگرێتەئەستۆ.

٤- هەموو ئەو فاکتەرانـەی سـەرەوە لەسـەر بنـەمای ئـەو گریمانـە رادەوەسـتێت کە تێگەیشتنی بژاردەیە لە مەترسیی پەرتەوازەیی سیاسیی.

مشتومڕی ئەوە کراوە کە دەتوانرێت پەرەسەندنی ئاشتەواویی ئایندەی سیستمی سیاسـیی لـە کوردسـتانی عێراقـدا بـە گرتنەبـەری مـۆدێلی تـەوافوقیی دێتـەدی.[TU] بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٩٦، سیستمە سیاسییەکە چەشنێك لە تایبەتمەندییەکانی

[42] A. Lijphart, ‘Consociational Democracy,’ *World Politics*, Vol. 21, 1969, p. 216.

[43] Ibid., p. 208. Also see I.S. Lustick, ‘Lijphart, Lakatos and Consociationalism’, *World Politics*, Vol. 50, pp. 88–117, 1997, pp. 91–2.

[44] Lijphart (1969) op. cit., p. 216. Also see Najem, 1998, op. cit., pp. 3–4.

[45] سەرنجڕاکێشە، پارتی مۆدێلێکی بەم چەشنە بەشێوەیەکی زێدە گونجاو بۆ تەواوی سیستمە سیاسییەکەی عێراق دەناسێنێت، لەڕێگەی دووبارە بەراوردی فەرهەنگی جیاوازی کۆمەڵگا لە عێراقدا. هەرچەندە، من پێموایە کە مۆدێلی تەوافوقی زیاتر بۆ کوردستانی عێراق گونجاوترە تاکو بۆ عێراق و بۆ ڕێکخستنی دابەشبوونی مێژینەی نێوان دەقەری بادینان و سۆران سوودبەخشە {کەتاڕادەیەك تایبەتمەندی لەلایەن هەریەك لە پارتی و یەکێتیەوەیە)هێشتا دوودڵم داخۆ بردنەپێشەوەی ئەم سیستمە بۆ تەواوی عێراق بە جدیی لەبەرچاوگیراوە.

سیستمی تەوافوقیی تێدا دەرکەوتووە. لە کوردستانی عێراقدا، کە تێیدا دووبەرەکیی سیاسیی بەهۆی پەرەسەندنی دژبەرانەی سیستمی حیزبە سیاسییەکان پەرەیسەندووە، هەلومەرجە هەنووکەییەکە تاڕادەیەکی توند دابەشبوونی فەرهەنگی لابەلای هێناوەتەئارا کە لەلایەن بژاردە سیاسییەکەوە بناغەی بۆ داڕێژراوە، هەربۆیە، بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی هەنوکەیی ئەو کارگێڕیی و سەرزەمینە کە بەسەر ناوچە جوگرافییەکانی بندەستی تاقمە سیاسییەکان دابەشبووە، هاتووم شێوەکانی جوگرافیایی مۆدێلی تەوافوقییشم پێشکەشکردووە، کە بە پلەی یەکەم گروپەکانی بەتەواویی تێدا دابەشبووە. مۆدێلێکی بەو چەشنە کارلێکی بژاردەکەی لە بەرزترین ئاستی حیزبە سیاسییەکاندا بەڕێوەدەچێت، بەڵام دەگونجێت کە تایبەتمەندییەکەی لەوەدابێت لەڕووی کارگێڕییەوە لەیەك جیا بێت. ئەوەش زامنی تەبابوونی بژاردەیە لە ژینگەیەکی سیاسیی گۆڕاودا . تیۆرەکانی سیستمی تەوافوقیی لە ئەنجامگیرییدا وەك چارەسەرێکی کاتیی گونجاو بۆ گرفتە ئایندەییەکانی پەرەسەندن وەك سیستمێکی فرە کاریگەری حوکمڕانیی پێشکەشکراوە. دەگونجێت پەرەسەندنی سیستمە سیاسییەکە دەرکەوتنی تایبەتمەندییە زۆر سوننەتییەکانی بەخۆوە بینیبێت کە لیجفارد پێناسەی کردووە، کە لەواقیعدا ببێتە سیستمی حکومەتێکی یەکگرتوو کە سیستمی تەوافوقیی حکومەتێکی فراهەمکراو رابگرێت.

دەگونجێت وادەربکەوێت کە بەکارهێنانی مۆدێلی جۆری تەوافوقیی لەم شیکارییەدا، دوو ئاستی هەبێت، یەکەم: شیکارییەکانی سیستمی سیاسیی هاوچەرخ لە کوردستانی عێراقدا دەگرێتەخۆ، بە کۆمەڵگە فرە دابەشبووەکەو پێکهاتە سیاسییەکەیەوە، لەنێوان ناوچە دەستەییەکانی هەریەك لە پارتی و یەکێتیەوە، وێڕای دابەشبوونە لەمێژینە خێڵەکیی و زمانییەکە، مۆدێلێك کە هەوڵی شیکاریی پێکهاتە سیاسییەکەی کۆمەڵگا بەقووڵیی دابەشبووەکان دەدات، لەگەڵ رەگەزێکی رێنماییکەر بۆ پەرەسەندنێکی بەردەوامی ئایندەی سیاسیی، بەهایەکی بایەخداری تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە دەتوانرێت بگوترێت کە یەکەمین دوو کابینەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ح ه ك لەنێوان سالانی ١٩٩١و ١٩٩٦دا دواجار تەوافوقیی بوون،

له هاوبەشیی له پۆسته وەزارییەکان، تا دواخالّی پێکهێنانی سیستمه کارگێڕییەکه لەکاته بنبەستو سەختگیرییەکەیدا. دابەشبوونەکەی دواتری کارگێڕیی و حیزبەکان پاش سالّی ١٩٩٦ دەگونجێت یەکەمین نیشانەی سیستمه تەوافوقییەکە بێت، بەلاّم لەڕاستییدا پەرەسەندنێکی زیاتر جوگرافیی بوو، لەگەلّ هاریکاریی بڕاردەو پەیوەندیی که هێشتا لەبەرزترین ئاستدا بەڕێوەدەچوو، بەلاّم لەگەلّ، تائەم دواییەش، دابەشبوونی تەواوی چالاکییه کارگێڕییەکان لەنێوان دوو ناوچەی تاقمگەرادا. هەرچەنده، ئەوەندەی پەیوەندی به کاروباره مرۆڤایەتییەکانەوه هەبێت، کارەکانی یوئێنو هەروەها جاروبار ئەمنو ئاسایش لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دەرکەوت.

دووەمین بەکارهێنانی مۆدێله تەوافوقییەکه بریتییه لەوەرگرتنی نموونەی کوردستانی عێراق، هەلّبەته لەگەلّ سیستمەکەیدا که تاڕادەیەك کەموێنەیه، هەروەها هەلّسەنگاندنی میتۆدو کاروهەلّسوڕانی حکومەت وەك مۆدێلێکی سیستمی ئایندەیی عێراق، کەتێیدا کوردو عەرەب بەشه فیدرالّییەکانی دەولّەتی عێراق پێکدەهێنن. ئەوەشی که کوردستانه (ئەوەی هەلومەرجه هەنوکەییەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو ئەوه دەڕوات بۆخۆی ببێته جۆره فیدرالّییەك لەنێوان بەشەکەی پارتیو یەکێتیدا، لانیکەم له ئێستادا) که بەشێکه له عێراق، شانبەشانی فیدرالّیەتێکی عەرەبی که له هەرێمه "سوننیی"ەکەی ناوەندو هەرێمه "شیعیی"ەکەی باشوور پێکهاتووه. لەگەلّ ڕێکخستنی دابەشکردنێکی دەسەلاّت که بۆ فراوانکردنی هاریکاریی نێوان گروپه جیاوازەکاندا داڕێژراوه، هەروەها بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤو پەرەپێدانی هەریەك له سیاسەته فیدرالّیو نیشتمانییەکان لەپێناو فریاکەوتنێکی ئاوارتەی گەلی عێراق، رەگەزو بیروباوەڕیان هەرچییەك بێت.

دەگونجێت سیستمێکی تەوافوقیی بەو چەشنه وەك چارەسەرێك ببینرێت. هەرچەنده، ئەوەی پێشتر دامەزرێنرابوون نزیکەی ستراکتۆرێکی فیدرالّیی بوو، لەگەلّ پێکهاتنەوەی بڕارده له پرۆسەی بڕیارسازییدا، دواجار پێکهاتەیەکی سیاسیی سەقامگیری هێناوەتەئارا که شانبەشانی ئابوورییەکی نیشتمانیی چالاك بوونی

هەیە. نموونەیەکی بەو جۆرە، سویسرایە، هەروەها هۆڵەنداو بەلجیکاش، کە لەهەر کەیسێکی وەك ئەوانەدا فرەرەنگیی ئیتنیی و هەمەجۆریی کەلتووریی بەهۆی چەندین بەندو هاوسەنگییەوە کە لە سیستمەکەدا لەخۆی گرتووە دەپارێزێت. لەعێراقدا، ئەو وڵاتەی کە چەندین دەیەیە لەسایەی فەرمانڕەوایەتیی ملهوڕو خۆسەپێندا کڕوساوە، واپێدەچێت کە توانای مرۆیی و ئەگەرە درکپێکراوەکانی فێربوون و بنیاتنانی لەسەر لایەنە باش و بەدەکانی ئەزمونی سیستمە سیاسییە کوردییەکە لە ساڵانی نەوەتەکاندا جیاوازبێت، هەروەها بەدیهێنانی سیستمێکی حوکمڕانیی، لەقۆناغێکی کاتیی، وەك ئەوەی عێراقی پاش سەدام، دەبێت بەوە تایبەتمەندبێت کە گروپە ئیتنیی و دانپێدانراوە سەرەکییەکان بگرێتەخۆ لەهەوڵێکی وادا کە سیستمە سیاسییەکە جۆرێك لەو دڕندایەتییە رزگاربکات کە عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە پێوەی گیرۆدەیە. هەرچەندە، ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە تا چ رادەیەك سەرکەوتنی ئەزموونە کوردییەکە دروست دێتەوە.

## مێتۆدی بوار

بایەخی ئەم کۆڵینەوەیە، لەڕووی تیۆریی و پراکتیکەوە، بریتییە لە شیکاریی هەلومەرجێك کە لەسایەی فاکتەرگەلێکی کەموێنەی ئاوێتەی ئەنترۆپۆلۆژیی، مێژوویی، جوگرافیی و جیۆپۆلیتیکیی پەرەیسەندووە، هەروەها حاڵەتی دیفاکتۆییزم شتێکە بەئاسانیی لە ئەدەبیاتی سیاسییدا ئاماژەی پێنەدراوە، مەترسیی ئەوە هەیە کە بەکارهێنانی توندی تیۆریی دامەزراو ئەو لەبەرچاوگرتنە پێویستە لێڵ بکات کە پێویستن بۆ بەکارهێنانیان لەم لێکۆڵینەوەیەدا. لەبەر ئەم هۆیەشە کە من ئەوەم هەڵبژاردووە کە تێکەڵەیەك بیرۆکەم لە چەندین بواری جیادا پێشکەشکردووە، کە بەشێوازێکی شلڕۆ بەکاربراوە.

لەراستییدا، مەودایەکی بەردەوام هەیە بۆ باڵادەستیی تێڕوانینە تیۆرییەکان لە تایبەتکردنی کۆڵینەوەی کەیسەکاندا، ئەوەی کە بەردەوام تیۆری تێدا

بـەکاردەهێنرێت. وەك پێـشتر گـوترا، لاوازیـی زۆرینـەی ئەدەبیاتـە ئەکادیمییـەکان سەبارەت بە سیاسەتی کوردیی، بەوردیی ئەو راستییە کە زۆربەیان وەك کۆڵینـەوەی کەیسێکی سیاسیی-مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، وێڕای هەوڵێکی کەم لەبواری فراوانکردنی مەسەلەی تیۆرییدا. لەبەرئەوە من ئەوەم هەڵبژاردووە کە لە لێکۆڵینەوەی کوردانـدا هەڵوێـستێك بگرمەبـەر "لـەڕووی نـاوەوە" بەشـێوەیەك لـە ناوەڕاسـتی ئـەم بەردەوامییەدا جێبگرم، مەبەستیشم بوو کە کاری خۆم لەسەر هەلومەرجی کوردانی عێراق چڕبکەمەوە، وەك ئـەوەی "ئـەتول کـوهلی" وەسـفیکردووە، تێڕوانینی تیـۆری ڕێـژەیی لەرێگـەی زەڕەبـینی وێنـایی جیـاوازەوە، هـەروەها بەسـوودوەرگرتن لـە داتـای هەمەجۆر.[٤٧]

هاندەری یەکەم بۆ کۆڵینەوەی سیستمە سیاسییە کوردییەکەی عێراق بەدوای ئەو کۆڵینەوە رێنماییکارە سێ مانگیەمدا بوو کە لەناوچەکەدا، بەشێوەیەکی سەرەکیی لە شارەکانی هـەولێرو سلێمانی لـە هـاوینی ١٩٩٧دا بەسـەرمبرد. لـەماوەی ئـەم کاتـەدا، پـەرەم بـە پەیوەندییـە شەخسییەکانی خـۆم لەگـەڵ ئەنـدامانی حیزبـە سیاسـییەکان‌و دەزگـا کارگێڕییەکانـداو پـاش چـەندین مـشتومڕ لەگـەڵ ئـەو کوردانـەی پێـشینەی جۆراوجۆریان هەبوو، هەروەها وێڕای سەرنج‌و تێبینیی لەمـەڕ بوارەکە، دەرکـەوت کـە کـەلێنێکی مـەزن لـەو زانیارییانـەدا هەیـە کـە تایبـەتن بـە ح هـ ك، سـەبارەت بـەوەی کـە چـۆن کاردەکـات‌و چـۆن لەچوارچـێوەی سیـستمە سیاسـییەکەدا هەڵدەسـوڕێت. بەهەمانشێوە، کاتێك لـە کوردسـتانی عێـراق بـووم ئـەوەم بـۆ دەرکـەوت کـە سیـستمی پارتە سیاسییەکان ئاڵۆزن‌و ئەو سیاسەتە کوردییە لـە عێراقدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەکۆتایی ساڵانی ١٩٧٠ کاندا بەرەوسەر گۆڕاوە.

[46] A. Kohli, ‘Conclusion’, in ‘The Role of Theory in Comparative Politics: A Symposium’, *World Politics*, Vol. 48, No.1, 1995, p. 49.

## میتۆدناسیی بوار- حیزبە سیاسییەکان

بەکارهێنانی میتۆدناسیی بوار لە ژینگەی گۆڕاوی بەردەوامی کوردستانی عێراق ڕەنگدەداتەوە. ئەم کۆڵینەویە سوودی لە تێکەڵەیەک تێڕوانینی جیاواز بینیوە. ئەوەندەی پەیوەندیی بە کۆڵینەوەی حیزبە سیاسییەکانەوە هەیە، زۆربەی ساڵی ١٩٩٨ م لە پەرەپێدانی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ کادرە جۆربەجۆرەکانی حیزبە سیاسییەکان بەسەربرد، ئەوانەی تەواو میهرەبان بوون لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمو یارمەتی خۆیان بەچەندین شێوە پێشکەش کردم. ئەم پەیوەندییانەم لەماوەی مانەوەی سێ مانگەم لەساڵی ١٩٩٩داو پاشتر هەروەها لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٠دا زێدەتر پەرەپێدا، کاتێک کە بۆماوەی زۆربەی ئەو ساڵە لە کوردستانی عێراقدا بووم. وەختایەک گەڕامەوە لەندەن،،لە ساڵی ٢٠٠١و ٢٠٠٢ دا دەرفەتێکی زۆرم هەبوو بۆ بژارکردنو تەتەڵەکردنی تێڕوانینەکانمو سوودیشم لە تێگەیشتنو سەرنجی کۆڵەرو ئەکادیمستانی بەرچاوبینی، وێڕای نوێنەرایەتییەکانی پارتیو یەکێتی. بڕێکی بەمشێوەیە بەرفراوان لەکات لەو بوارەدا جۆرە دەرفەتوسوودێکی پێبەخشی، بەشێکی زۆر لەو پرسیارانەی مەبەستم بوو بیانوروژێنم، بەدەگمەن پێشتر لەلایەن ئەکادیمستانەوە پێشکەشکرابوو، هەروەها درککردنی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە بزاوتی سیاسیی نێوخۆییو دەستەو تاقمەکانی نێو دەسەڵات کێشەگەلێکی هەستیار بوو. هەربۆیە کەوتمە ڕێکخستنی دیدەنی لەگەڵ ئەندامانی هەردوو حیزبەکە لە ئاستو پۆستی جیاوازدا. ڕێگەشیاندام کە لە ڕێکخراوەکانی پارتی لە هەولێرو یەکێتی لە سلێمانی وەرگرم، وێڕای چاوپێکەوتنی ئەو کوردانەی کە بە فەرمیی بەهیچ حیزبێکی سیاسییەوە پەیوەست نەبوون.

شێوازیک کە بینیم فرە بەسوودە ئەوەبوو کە لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی پارتەکاندا مشتومڕ لەمەڕ پرسیارەکانمەوە بکەین، لەوانە: نەوشیروان مستەفا، کۆسرە ڕەسوڵ، د. کەمال فوئاد، د.لەتیف ڕەشید، هەروەها جەلال تاڵەبانی لە یەکێتی، هەروەها سامی عەبدولڕەحمان، هۆشیار زێباری، نێچیرەڤان بارزانیو لەگەڵ مەسعود بارزانی لە پارتی. هەروەها درککردنی ئاراستەو دەستپێشخەرییە سیاسییەکان لەو ئاستەدا.

پاشتر کەوتمە پەی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانە لەئاستەکانی خوارەوەی پلەبەندییە حیزبییەکان، واتە لق و مەڵبەندەکانی پارتی و یەکێتی یەك بەدوای یەك، لەو بوارەشدا مۆڵەتم بەدەستهێنا، ئەوەش ڕێگەی پێدام کە لەچەند دیدگایەکەوە کۆڵینەوە لەیەك پرس و بابەت بکەم.[47]

پێدەچێت کاتێك لە سیاسەتی نێوخۆیی کوردستانی عێراقمان کۆڵیبێتەوە، تەرەفگیریی گرفتێکی سەرەکیی میتۆدیی بێت کە بەرەوڕووومان بووبێتەوە، ئەوەش بۆ ئەو دۆخە سیاسییە نالەبارە ئاڵۆزە دەگەڕێتەوە، ئەوەی مەسەلەیەك بوو پێی ئاشنابووین کە گرفتی تەرەفگیریی و قەزاوەتکردن لەژێر کاریگەریی ئەو هەلومەرجەدا لەتەواوی ماوەی کارە مەیدانییەکەمدا شتێکی باو دەبێت. ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بە دڵنیاییشەوە لە دڵسۆزیی ئەوانەیان کەمنەکردۆتەوە کە هاوکارییان کردووم. هەرچەندە، چارەسەرێکی خێرای ئەو کێشەیە نەبوو جگەلەوەی بتوانم ماوەیەکی گونجاو و زێدەتر لەو مەیدانەدا بمێنمەوە، بۆئەوەی ئەزموونی زێدەترم دەستبکەوێت سەبارەت بە قەزاوەتکردن لەو بەڵگانەی پێشکەشدەکران.

## میتۆدناسیی بوار- حکومەتی هەرێمی کوردستان( ح ه ك )

واپێدەچێت بەو مێژووە شێواوەشەوە هێشتا کۆڵینەوە لەبواری کارگێڕی بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاسانتر خۆپێشاندات. هەروەها لەگەڵ ئەوەی ح ه ك لە هەولێرو سلێمانی کۆپی یەکترن، بەڵام ئەرکی لێکۆڵینەوە لە ستراکتۆریان، پرۆسەی بڕیارسازیی کارو هەڵسوڕانیان، سەلمێندرا کە کارێکی سەختە. بۆخۆم بەدواداچوونم بۆ بەشێك لەو کارو هەڵسوڕانە هاوشێوانە کردووە کاتێك لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و هەروەها مۆدێلی بنیاتیاندا ، لەڕێی چاوپێکەوتنەکانەوە لەزۆربەی ئاستەکاندا، سەبارەت بە پرۆسە بڕیارسازییەکانی حکومەت دەچوومەپێش. بەهەمانشێوە، ستراکتۆرە مۆرفۆلۆجییەکانم سەبارەت بۆ ئۆرگانەکانی حکومەت کۆکردەوە.

---

[47] بۆ تەواوی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەماوەی مەیدانی کاردا ئەنجامدراوە، بڕوانە:ایستی ژمارە ١.

بۆ پەرەپێدانی ئەوتۆ، تێگەیشتنی زێدەتر سەبارەت بە پرۆژەکان پێویستە، وەزارەتەکانی کاروباری دارایی و ئابووریی لەهەریەك لەو دوو ناوچەیەدا رێیانپێدام بچمەنێو ئەرشیفەکانیانەوە بۆئەوەی دۆکیومێنت سەبارەت بە بەرنامەکانیان لەبارەی وەزارەتە خزمەتگوزارییە حکومییەکان کۆبکەمەوە، ئەوەی پەیوەندی بە ژمارەیەك لە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پلاندانانەوە هەبوو، بەرنامەو سیاسەتگەلێکی جدییم کۆکردەوە. لێرەوەیە کە ئەو کاروهەڵسوڕانانەم ناساندووە لە داڕشتنە سەرەتاییەکانی ئەو بەرنامانەوە وەرگیراون، تاکو جێبەجێکردنی کۆتاییان. هەروەها چاوم بە چەندین کارمەند کەوتووە لەئاستی جۆربەجۆردا. لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی بۆ سوود وەرگرتن قۆزتومەتەوە. بەو هیوایەی کە بەم چەشنە میتۆدکارییەوە، ئەم کۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی دروستی خستبێتەبەرچاو، بەتایبەت، کە لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا سوودی لەو کۆڵینەوانە بینیوە کە سەبارەت بە حیزبەکان و حکومەت کراون.

دەگونجێت دیدی فرە گرنگتری میتۆدناسیی وەك شێوەی "کۆڵینەوەی هاوبەشگەرا" پێناسەبکرێت، لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٩ وەو بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٠، ئەو دەرفەتەم پێبڕا کە لە لە نزیکەوە وەك راوێژکار کار لەنێو ح هـ ك دا بکەم لەبواری هاوکارییکردن لە دامەزراندنی میکانیزمێکی پلاندانان کە پشت بە ئەو زانیارییانە ببەستێت کە لەنێو حکومەتەکانی هەرێمی  کوردستانی هەولێرو سلێمانیدایە.[TX] ئا لەم ماوەیەدا لەگەڵ پرۆسەی بڕیارسازیی کوردیی ، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ناوچە کارگێڕییەکە، هەروەها ئەو بزاوتە سەرەکییانەی بە سیستمەکەوە تایبەتە، رووبەڕوو بووم .

---

[48] ئەو رێکخراوەی کە من ئەندام بووم، بەرنامەی کۆڵینەوەی کوردستانی عێراق ئەرکی بەکارهێنانی ئاماری لە پرۆسەی بڕیارسازیی حکومەتەکانی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردرابوو، بەتایبەت سەبارەت بە بەشی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی یوئێن. دواتر، داوا لە رێخراوەکە کرا لەلایەن هەردوو سەرۆك وەزیرانەوە (نێچیرەڤان لە هەولێرو کۆسرەت رەسوڵ لە سلێمانی) کە ئامۆژگاریی سەبارەت بە دامەزراندنی مەکتەبی ئاماری هەرێمیی و رێکخراوی پلاندانان بکات.

## کارە شیکارییەکان

ئەوەندەی پەیوەندیی بە حیزبە سیاسییەکانو ئۆرگانەکانی حوکمڕانییەوە هەیە، بەشێوەیەکی بەرفراوان تەکنیکەکانم بەکارهێناون. نزیکەی بەهۆی بەکارهێنانی بیرۆکەی سیستمی سیاسییەوە، ئاماژە بەو بەشە هەڵبژێردراوەی جیهانی راستیینە کراوە. ئەو مۆدێلەی راژەی بەپێشکەشکردنی ئەم سیستمە کردووە لەگەڵ ئەو دیدەی ئاسانکاریی بۆ ئەو پرۆسانەی نێوخۆی سیستمەکە کردووە لەپێناو درککردنو ئاسانکاریی پێشبینییەکان.[٧٢]

ئەو تایپۆلۆژییەی لە مۆدێلی کاروهەڵسوڕانەکاندا لەم کتێبەدا هاتووە لەسەرئەوە بنیاتنراوە کە"ئیوان ئەندەرسۆن" لە کۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە پێکهاتەو بزاوتی سیاسەتسازیی لە ئەمەریکا دەربارەی کانزا ستراتیژییەکان فۆرمەڵەی کردووە.[٧٣] بەوەش، خۆشم هەمان مۆدێلی سێ قۆناغەکەی نەخشەسازیی مۆرفۆلۆژیی، داڕشتنی زانیارییەکان، پرۆسە وەڵامدەرەکان سەبارەت بە سیستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراق بە بنەما وەرگرتووە. ئەوەی کە ئەندەرسۆن پەرەیپێداون.

ئەو دیدەی لەبنەڕەتدا مۆدێلەکانی هایدرۆلۆژییە لە جوگرافیای سروشتیدا. پیادەکردنێکی ئەوتۆ کە لەسەرەتاوە وادەردەکەوێت لەشوێنی خۆیدا نەبێت، بەتایبەت لەکاتێکدا هەوڵی بەکارهێنانی میتۆدو تەکنیکەکانی زانستە سروشتییەکان دەدرێت لە بواری زانستە سیاسییە زێدە بابەتییەکاندا، بەهەرحاڵ، بە دەستپێکی ئەو تێڕوانینەی کە بنەمای زانستی رووت بکرێتە بناغە، ئەوسا دەگونجێت راستکردنەوە لەو پرسەدا بکرێت، زیاتر لەوەی کە میتۆدی جۆری بابەتگەرا بکرێتە دەستپێكو هەوڵی زیاتر بەزانستییکردنی بدرێت، ئەوەی لەڕاستییدا ئەرکێکی فرە سەختە. لەوەش زیاتر، ئەکادیمستانی دیکە سوودی بەکارهێنانی میتۆدو تێرمینۆلۆژیی زانستە سروشتییەکانیان دیارییکردووە. ئەوەی "کاسنەر" بیرۆکەی جیۆپۆلیتیکی

---

[49] E.W. Anderson, Strategic Minerals: The Geopolitical Problem for the United States, New York: Praeger, 1988, p. 5.
[50]See Krasner (1984) op. cit., pp. 223–46; Waldner, op. cit., p. 19.

هاوسـەنگیی یەکلاکـەرەوەی بـۆ کۆڵینـەوە لـە گۆڕانـە دامەزراوەییـەکان بـەکارهێناوە. هـەروەها "واڵدنـەر" تیـۆڕوانینی "پێکێـشانی مـەزن"ی لـە بنـەمای دامەزراوەکانـدا پێشکەشکردووە.[UQ]

هەرچەندە، گۆڕانکاریی لەوبارەیەوە روویانداوە، زیاتر لـەوەی کۆڵینـەوە لـە بەشێکی بـچووکی سیـستمێکی گـەورەبێت، مـن لەڕاسـتییدا تـەواوی سیـستمە بـچووکەکەم لەبەرچاوگرتووە. کە بەشێوەیەکی تایبەت بەقووڵیی لە کۆڵینەوەکەدا کراوەیە. هەربۆیـە، لەیەکـەم نموونـەدا ، هـەوڵی فەراهـەمکردنی مـۆدێلی مۆفۆلـۆژییم لەبەشـە سـەرەکییەکەی سیستمە سیاسییەکەدا داوە. ئەمەش، ڕێگەی بەجۆرێك شێوە لە شیکاریی دامەزراوەییدا کـە لەمـەڕ رووخـسارە بەراوردکارییـەکانی تیـۆری زانـستی سیاسـیی رووبـدات. دووەم، لێکۆڵینـەوەم کـردووە کـە چـۆن سیاسـەتکارە کوردەکـان و کارمەنـدانی سـیڤیل لەئاسـتە جیاوازەکانـدا درك بـە سیـستمی کـاری خۆیـان دەکـەن. دواجـار پرۆسـەی بڕیارسـازیی سیـــستمەکەم لـــە مـــەودای تێڕوانینـــدا گرتۆتەبەرچـــاو، هـــەموویان لـــە بەشـــە پەیوەندییدارەکاندا مشتومڕمیان لەبارەوە کراوە، بەڵام بە کورتیی، لە بواری چاودێریی بەشدارییدا، لەڕێگەی بەرنامەکانی شیکاریی و هەروەها چاوپەێکەوتنەکانەوە.

پێویـستە تێبینیـی ئـەوە بکرێـت کـە بەتـەواویی پابەنـدبوون بـە تێزەکـەوە سـەختە، چـونکە کوردسـتانی عێـراق بـەجۆرێك دەستپێڕاگەیـشتنی ئەسـتەمە، بـەڵام بـۆ مـن کـە ماوەیەکی باش لەوێ ژیام جۆرە ئاسانکارییەك بوو، کە دەرفەتی پەرەپێدانی وریایانـەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ کارمەندە حکومییەکان و کادرانی حیزبدا، هەروەها بینینی دەستی یەکەمی هەڵسوڕێنەرانی کاروهەڵسوڕانی ح هـ ك و حیزبە سیسییەکان بوو.

---

[51] جەلال تاڵەبانی بەجۆرە گاڵتەپێکردنێکەوە تێبینییکرد کە زۆربـەی ئەکادیمستان و راپۆرتنووسـان کـە هەنووکـە سـەبارەت بـە کوردسـتانی عێـراق دەنووسـن بەدەگمـەن هاتوونەتـە هەرێمەکـە. لـە بۆچـوونێکی هاوشێوەدا، شەوکەت شێخ یەزدینی کادری کاریگەری پارتی و جێگری سـەرۆك وەزیـران تێبینییکرد کـە لاوازیـی زۆر لـە شـیکارییەکان سـەبارەت بـە سیاسـەتی کـوردیی دەتوانرێـت بـۆ لاوازیـی دیـدی هاوسـەنگ بگەڕێتەوە کە زۆربەی رووخسارە جۆربەجۆرەکانی هەلومەرجی کوردییەکەی عێراق هەڵدەسەنگێنێت.
چاوپێکەوتن لەگـەڵ شەوکەتـشێخ یەزدین،هـەولێر،١١ ژووئێنی ٢٠٠٠،. جـەلال تاڵـەبانی، سلێمانی، ٢٩ ئووتی ٢٠٠٠.

# بەشی سێیەم: شیکاریی چوارچێوەیی

شـیکاریی سیـستمی سیاسـیی کوردسـتانی عێـراق بـە پێویـستی شـیکاریی چوارچێوەیەکی گشتیی ئەو فاکتەرانە هەیە کە کاریگەرییان بەسەر هەرێمکەوە دەبێت یان هەیانبووە. لە هەرێمێك کە کەوتۆتە سەرەڕێگای یەکتربڕینی کەلتووروو نەتەوەو دەوڵەتی جۆراوجۆرەوە، لیستی ئەو بابەتە شیاوانەی دەشێت ئاماژەیان بۆ بکرێت لە شیکاریی چوارچێوەیی کوردستانی عێراقدا بەرفرە دەبێت. هەربۆیە ئاماژە بەو چوارچێوەیە دەدەم کە کاریگەریی دەستبەجێی لەسەر سیستمە سیاسییو کارگێڕییە هاوچەرخەکە دەبێت، واتە تایبەتمەندییی جوگرافییە سروشتییو مرۆییەکانی هەرێمەکە، هەروەها ئەو رووخسارە ئابوورییەی لە ساڵانی نەوتەکانەوە پەرەیسەند.

لەناوچەیەکی داخراوی وەك کوردستانی عێراقدا، کاریگەریی جوگرافییە سروشتییەکەو لەبەرچاوگرتنە جیۆپۆلیتیکییەکان هەمیشە لە کارو هەڵسوڕانە سیاسییەکاندا ئامادەیی هەیە.رووخساری جوگرافیای سروشتیی لە زۆربەی بزاوتە مێژووییەکەی کورد بەرپرسە. وێڕای چەند دەوڵەتانێکی دیار کە چاویان بڕیوەتە هەرێمە کوردییەکە لەپێناو سەرچاوە سروشتییەکانیو هەروەها ئاسایشی تایبەت بە دەوڵەتەکانیان. جوگرافیای مرۆیی هەرێمەکە بە هەڵسەنگاندنێکی مەسەلەی دانیشتووانو جوگرافییە سیاسییەکەی ئاماژەی بۆکراوە. رووخسارە زیندووەکانی ناسنامەی کوردان بریتییە لە تایبەتمەندییە زمانییەکەی. کە زۆربەی جار وەك هۆکارێکی یەکێتیی نەتەوەیی قامکی بۆ ڕادەکێشرێت، بەڵام دەگونجێت زیاتر بەڵگەی پەرتەوازەبوونی بووبێت. پرسی زارەکانی کوردیی دواتر باسی لێوەکراوە. بەهەمانشێوە، فرە ڕەنگی بیرەباروەڕە ئاینییەکان کە لەناوچەکەدا دیارە، بەشێکی پێویستی سیستمەکەیە، بەتایبەت بەو کەمینە ئاینییو گروپە ئیتینییانەوە ئەمێستا حاڵەتێکی بەرچاوە بەخۆوە دەبینێ.

ئەم بەشە بە شیکاریی ئابوورییە کوردییەکەی عێراق کۆتاییدێت، وادەردەکەوێت کە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و خێڵەکییانەی ڕاگەیەندراوی شێوازە سوننەتییەکەی بەرهەمهێنانە، کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر پەرەسەندنی سیستمە سیاسییە هاوچەرخەکەوە هەبووە. کاریگەریی ئەم وەرچەرخانە ئابوورییە هۆکاری گۆڕانێکی بنەڕەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و خێڵەکییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردییە. ئەم گۆڕانانە زیاتر هاوکاتبوو لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە توندانەی کە ئاکامی هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەوڵەتی عێراق بوو لەسالآنی ۱۹۸۰ کاندا لەهەمبەر نەیارەکانی، هەروەها بۆ کوردانی عێراق خۆشیان، هەروەها کاریگەریی مەسەلەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە ڕاستییدا هەر لەساڵی ۱۹۹۷ەوە بەسەر بواری ئابوورییەوە هەڵسەنگێنراوە. بەوەش ئەم بەشە کۆتاییهاتووە.

## چوارچێوەی جوگرافییای کوردستانی عێراق

کوردستانی عێراق ناوچەیەکە کە بەردەوام بەدەست حاڵەتێکی نزیکەی بەردەوامی داچۆڕین و گۆڕانەوە ناڵاندوویەتی. چ لەڕووی جوگرافیای سروشتیی، هەروەها لەڕووی مرۆیی و ئابوورییشەوە، دەگونجێت شوێندانان لەسەر ژینگە هەرە کاریگەرترین شێواز بێت کە کاریگەریی بەسەر شێوە ژیانی ئایندەیی کوردانی عێراقەوە هەبێت، چ بەرێکەوت یاخود بە ویست. هەربۆیە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کێشە هەنوکەییەکانی کوردستانی عێراق، سەرنج لەو شانۆیە بدرێت کە ئەکتەرە هەرێمییەکان ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەگێڕن.[1]

[1] بۆنموونە، هەڵمەتی ئەنفال لەکۆتایی سالآنی هەشتاکاندا ڕێگە پیلانێك بوو بۆ کارکردنەسەر شێوەژیانی کوردستانی عێراق، بەوێرانکردنی ژینگە سروشتییەکەو لابردنی شێوازە جوگرافییە مرۆییەکانی ناوچەکە. دەگونجێت کاریگەریی بڕیاری ۹۸٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن بە بەرنامە نەبووبێت، بەڵام کاریگەرییەکی شێوازی ژیانی دانیشتووانەکەی کوردستانی عێراق کرد.

## دۆزینەوەی کوردستان

ئەم بەشە کوردستانی عێراق و بزاوت و هۆکارەکانی گۆڕانی تێدا دەناسێنێت، وەك هەڵمەتـەکانی ئـەنفال، جـەنگی ئێـران–عێـراق، هاوکارییـە مرۆییـەکانی سـاڵانی نەوەتـەکان، هـەروەها چۆن یـارییکردن بـە جوگرافیـا وەك ئامرازێـك بـۆ بەدواچوونی ئامانجە سیاسییەکان بەکارهاتووە. بەشەکە بۆ سێ باسی پەیوەندییدار دابەشبووە. یەکـەمجار ئامـاژەم بـە جوگرافیـای سروشـتی کوردسـتان داوە، کـە ئـەو شـانۆیە پێکـدێنێت کـە خـەباتی کـوردیی لەسـەر بەڕێوەچـووە، وەك دەسـتپێکیش، خـاکی کوردسـتان بـە گـشتیی و کوردسـتانی عێـراق بـە تایبـەتیی ناسـێنراوە. هەرچـەندە، ئەوەش ئەرکێکی ئاسان نیە، چونکە سنوورێکی فەرمیی نیە. وێڕای ئەوەش، چەندین وەسـف هەیـە بۆئـەوەی کـە چـی کوردسـتان پێکـدەهێنێت. هـەروەها مـن لـە پێشکەشکردنی ئەو سەرنجە گشتییە بەو شیکاریی و ئەم مشتومڕانەوە دەچمەپێش.

مەحاڵە بتوانرێت کوردستان پێناسە بکرێت وەك ئەوەی کە دەتوانرێت دەوڵـەتێکی دانانپێـدانراو بناسـێنرێت. ئـەو خاکـە سـنوورێکی نیـە کـە لـەڕووی نێونەتەوەییـەوە دانپێـدانراوبێت، تەنانـەت سـنوورە کارگێڕییـە نێوخۆییەکانیـشی لـە چوارچـێوەی دەوڵەتەکانـدا هێنـدێکجار جێگـەی مـشتومڕو بەگـشتیی تێپـەڕە. ئـەم گرفتـە هاوکاتـە لەگەڵ بوونی دیدگەلێکی پێوانەیی ڕەتکردنـەوەی دەوڵـەتانی دەوروبـەر بۆ دانپێـدانان بـە قەوارەیـەکی جـوگرافیی پێکـەوەیی کوردییـدا، یـاخود لـە حاڵەتەکـەی تورکیـادا، نکۆڵییکردنی بوونی کورد وەك گەلێکی جیا و خاوەن کەلتوورێکی جیاواز.[R] زۆربەی نووسەران ڕێچکەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییان گرتۆتەبەر، بەشێوەیەك وەسفی کوردستانیان کـردووە کـە ئـەو خاکەیـە یـان هەرێمەیـە کـە دانیـشتووانەکەی کـوردن.[S] ئـەم پێناسـە

---

[2] K. Kirisci and G. Winrow, *The Kurdish Question and Turkey: An Example of a Trans-State Ethnic Conflict*, London: Frank Cass & Co., 1997, p. 1.
[3] For example, see S. Gavan, *Kurdistan: Divided Nation of the Middle East*, London: Lawrence & Wishart, 1958, p. 9; A Ghassemlou, *Kurdistan and the Kurds*, Publishing House of the Cechoslovak Academy of Sciences,

دیمۆگرافییــە ڕێــدەدات خــاکی کوردســتان لەســەر نەخــشە بــە مەزەنــدە ئامــاژەی بــۆ بکرێت. بەڵام دەرکە لەبەردەم لێکدانـەوەی مـەزن دەکاتـەوە، بەتایبـەت کـە جوگرافیـای مرۆیی گەلی کورد لە داچۆڕپیندایە. وێڕای ئـەوەی کـە چـەندین کـۆچ لـە خاکەکەیانـەوە روویــداوەو ژنومێردایــەتیی لــەنێوان کــوردو دراوســێکانییدا رووخــسارێکی بــاوی هەبووە. ئەم سەرنجە وێڕای ئەوەی باوە، بەلام لە مەسـەلەی سـەرپێیی دیارییکردنی ئــەو چــڕییەی پێویــستە کــوردان لــەنێو دانیــشتووانەکەدا هــەیانبێت تــا ڕێگــە بەهــەر ناوچەیەك بدات بە بەشێك لە کوردستان دابنرێـت. وێنـەی ژمـارە ٣: ١ بـەگوێرەی ئـەم میتۆدە ناچە کوردییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنا دەکات.

پرســی ناســاندنی کوردســتانی عێــراق پــاش رووداوەکــانی ســاڵی ١٩٩١ بووبــە بابەتێکی ئەکادیمی، کاتێك کوردان پاش جەنگی دووەمـی کەنـداو دەسـتیان بەسـەر ناوچەیەکدا لە باکووری عێراقدا گرت.[4] بۆ مەبەسـتی ئـەم کتێبـە، خاکـە کوردییـەکی عێــراق لــەو ناوچــانە پێکــدێت کــە لەســاڵی ١٩٩١ەوە لەلایــەن حکومــەتی عێراقــەوە چۆڵکراو پاشتر لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵکرا، ئەوەش بریتییە لە تـەواوی پارێزگای دهۆك، زۆربەی پارێزگای هـەولێر، هـەموو پارێزگـای سلێمانیی و بەشێکیش لــە پارێزگــای کــەرکوك. ئــەم خاکــە زۆر ســنووردارەی کــوردانی عێــراق هاوســنووری تورکیــاو ئێرانــە. ناوچــە فــرە ســنووردارەکەی رۆژئــاوای، هاوســنووری ســوریایە، سنووری رۆژهەڵاتیشی بریتییە لە سنووری ئێران.[5]

---

Prague/Collet’s Publishers, London, 1965, p. 13; L. Dzeigiel, *Rural Community of Contemporary Iraqi Kurdistan Facing Modernization*, Krakow, 1981, p. 9; M. van Bruinessen, *Agha Shaikh and State: The Social and Political Organization of Kurdistan*, London: Zed Books, 1992a, p. 11.

[4] یەکــەمین جــەنگی کەنــداو بریتییبــوو لــە کێشمەکێــشی نێــوان عێــراق و ئێــران لەســاڵانی هەشــتاکاندا روویــدا(١٩٨٠–١٩٨٨)، هــەروەها بــە جــەنگی ئێــران–عێــراقیش ناودەبرێــت. جــەنگی دووەمــی کەنــداو لەنێوان عێراق و هێزە هاوپەیمانەکاندا پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە روویدا.

[5] لـەڕووی یاسـاییەوە، دەسـەڵاتی حکومـەتی عێـراق بـۆ تـەواوی دەوڵـەتی عێـراق درێـژبووەوە، هـەروەها ناوچە کوردییەکانی لە باکووریش دەگرتەوە. لەڕووی کردارییەوە، هەرچەندە، ح ھ ك لەلایـەن پـارتی کـە




وێنەی ٢: ١ ناساندنی کوردستان لەرێگەی دابەشکردنی دانیشتووان.

هەربۆیە پێناسەی ئەم ناوچەیە لەم کتێبەدا لێی کۆڵراوەتەوە کە تاڕادەیەکی ماقوول ئاشکرایە، ئەو ناوچانەیە کە دەکەوێتە باکووری ئەوهێڵەی حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا هێزە سەربازییەکانی خۆیو کارگێڕییەکەی لێ کێشایەوە، هەروەها هەموو ئەو خاکەی عێراق دەگرێتەوە تا سنوورە نێو نەتەوەییەکەی لەگەڵ سوریا، تورکیا و ئێراندا دانیپێدانراوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە تەواوی خاکی کوردستانی عێراق بێت، بەڵکە ئەمە ئەو ناوچانەی کوردستانی عێراقە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان(ح هـ ك) و حیزبە سیاسییە هەژمووندارەکانەوە بەڕێوەدەبرێت. وێنەی ٢:٣ مەودای ئەم هەرێمە روونەدەکاتەوە . لە باقی دیکەی ئەم بەشەدا بایەخ بەو هەرێمەی کوردستانی عێراق دەدەم کە ناسێنراوە.

---

دەسەڵاتی لە هەولێرو دهۆك هەبوو، لەگەڵ یەکێتیدا کە پارێزگای سلێمانیو بەشی رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکی بەدەستەوە بوو، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بوو.




وێنەی ۲: ۲ کوردستان/ کوردستانی کۆنترۆڵکراوی عێراق ۱۹۹۱–۲۰۰۱.

## جوگرافیای سروشتیی

کوردستان لەڕووی رووخساری جوگرافیای سروشتییەوە، دەکەوێتە پشتێنەیەکی وەرچەرخاوی ناوچەی هیلالی خەسیبەوە• لەگەڵ چیاکانی تۆرۆس و زاگرۆسدا کەوانەیەك بەدەوری میسۆپۆتامیادا پێکدەهێنێت.[7] ئەم چیایانە هەم زێدو هەم پەناگا بۆ گەلی کورد پێکدەهێنن. میهردادی ئیزادی تێبینییکردووە کە :

" لەتێکڕای کوردستان و زۆربەی نیشینگە دوردەستە کوردییەکاندا، چیاکان تاکە دیاردەیەکی سروشتی فرە بایەخدارە، مێژووی کورد، خەڵکەکەی، نەریت و کەلتوورەکەیانی پێکهێناوە. "[8]

زنجیرە چیاکانی کوردستانی عێراق لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات بەئاراستەی سنوورەکانی خاکی ئێران و تورکیا دەکشێت. ئەم زنجیرانە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە بەئاراستەی دەشتە بەرینەکانی هەریر، هەولێر، شارەزوورو گەرمیان. دەتوانرێت ئەم دەشتانە بەناوچە قەدپاڵەکان بناسێنرێت، کە هاوجووتە لەگەڵ پێوانەی بارانی ساڵانە بەبڕی ٣٠,٥سم(١٢ئینج) و کەوتۆتە نێوان دەشتە بیابانییەکانی وڵاتەکە لە باشووری رۆژئاواو هەروەها گردەکانی زاگرۆس لە باکووری رۆژهەلاتدا.[8]

گردەکانی زاگرۆس لە چەند کیلۆمەترێکی دەرەوەی ناوەندە سەرەکییە شارنشینەکانی دهۆك و هەولێر دەردەکەون، وێڕای شاری سلێمانی کە کەوتۆتە نێو ئەو گردانەوە. دۆڵی بەپیت دەکەوێتە نێوان قەدپاڵی چیاکانەوە. ناوچەی

• هیلالی خەسیب چەمکێکی جوگرافییە ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە وەك کەوانەیەکە لە فاوی بەسرەی عێراقەوە سەردەکەوێت و بەرەو دەشتی سوریا و شام و بادەداتەوە بەرەو میسر تا سەرنیل درێژ دەبێتەوە.(سەردەشتیی).

[6] Dziegiel, op. cit., p. 9.
[7] M. Izady, *The Kurds: A Concise Handbook*, Washington DC: Crane Russak, 1992, p. 13.
[8] R. Braidwood and B. Howe, *Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan*, Studies in Ancient Oriental Civilization, No. 31, The Oriental Institute of the University of Chicago, Illinois: University of Chicago Press, 1960, p. 13.

قەدپاڵەکانی نێو چیاکان لە سیستمێکی چالاکی ئاوەڕۆ بەهرەمەندە.[9] "برەیدوود و هاو" بەرزاییە کوردییە راستیینەکانیان ناساندووە کە دەکەوێتە پشتی ناوچەی دەرەکانەوەو بەرزاییەکەی دەگاتە زیاتر لە ٩٠٠م(٣٠٠٠ پێ).[10] تایبەتمەندیی چیابەرزەکانی کوردستانی عێراق ئەوەیە کە زستانێکی سەختو بەفربارینێکی قورسی هەیە، رێژەی بارانیشی تێدا لەنێوان ٤٠٠-٢٠٠٠ملم دایە. بەگوێرەی ریزبەندییەکانی کەش بە سیستمی کۆپن، دەکرێت ناوچە چیاییەکانی کوردستانی عێراق بەجۆری (دی ئێس ئەی/DSA)بناسرێت، ئەوەی کەشێکی ساردو تەڕی هەیەو لەگەڵ وەرزێکی گەرم لە هاویندا. بە پێچەوانەوە، دەشتو دۆڵەکانی هەرێمەکە لەجۆری (سی ئێس ئەی/ CSA)و کەشەکەشی دەریای سپی ناوەڕاست، ئەوەی بە زستانێکی باراناویی دەناسرێتەوە، لەگەڵ هاوینێکی وشكو گەرم، لەگەڵ بارانێکی ساڵانە بەڕێژەی ٢٠٠-٦٠٠ ملم.[11]

پلەی گەرما لە کوردستانی عێراقدا بەتوندیی جیاوازیی هەیە، هەر لەناوچە وشکەکانی گەرمیانەوە بۆ ناوچە شاخاوییە ساردو سەختەکان لە زستاندا، پلەی گەرما لە زۆربەی بەشەکانی وڵاتەکەدا لە ٣٥ پلەی سەدی تێناپەڕێت،[12] هەرچەندە، ناوچەی گەرمیان کە دەکەوێتە باشووری دەربەندیخانەوە لە مانگەکانی هاویندا وەك باوە کە ٥٠ پلەی سەدیش تێدەپەڕێت. سەبارەت بە هەولێریش، سەیر نیە کە پلەی گەرمای تێدا بگاتە ٤٥ پلە.

---

9 Ibid., p. 16.
10 Ibid.
11 N. Kliot, *Water Resources and Conflict in the Middle East*, London: Routledge, 1994, p. 104; M. Sajjadi, ‘State of Economy in Kurdistan’, 1992, p. 48.
12 Ibid.

## سەرچاوەکانی ئاو

کوردستان لەڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە، هەروەها کوردستانی عێراق بەتایبەت لە بڕێکی زۆر ئاوو نەوت بەهرەمەندە، هەرچەندە، ئەو سەرچاوانە، وەك بەنداوەکان، پالآوتگەکانی نەوت، دەرهێنانی کانزاکان بە دەگمەن ڕێکەوتووە بەدەست کورد خۆیەوە بێت. بەڵکو لەبری ئەوە لەبندەستی دەسەلآتی ناوەندییدا بووە.

کوردستان مێرگێگە لە ناوچەیەکی لەتینووداخنکاودا، ئەو بڕە زۆرە بارانەی کەبەسەر چیاکانی زاگرۆس‌و تۆرۆسدا دادەبارێت، وایکردووە کوردستان ببێتە یەك لەوناوچە ئاوڕێژە کەمانەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست‌و مەڵبەندی سەرچاوەی دوو لە سیستمە ڕووبارییە سەرەکییەکانی جیهان، ئەویش بریتییە لە دیجلەو فورات.

سیستمی ڕووبارە سەرەکییەکە لەسەر دیجلە سێ لقی تێ دەڕژێت، زێی گەورە، زێی بچووك‌و دیالە.[13] هەلومەرجێکی لەباری جیۆپۆلیتیکیی لە کوردستانی عێراقدا لەگەڵ ئاوە زۆرەکەی سەر زەویدا یەکیگرتووە بۆئەوەی چینێکی بەرفراوان لە ئاوی ژێر زەوی‌و کانیئاوەکان پێکبهێنێت.[14] ئەو کانیئاوانەی وەك لە سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئاودێریی دەستکرد ڕاژە بە کورد دەکەن‌و لەنێوخۆدا ئاوی پێویست بۆ کوردان دابیندەکەن، هەریەك لەو سێ لقەی ئەم سیستمی ڕووبارە، هێزو قەبارەیەکی بەرفراوانیان هەیە بۆ ئاودێریی، لە سەرو سالآنی ١٩١٩-١٩٥٣، زێی گەورە ١٣,٧ بلیۆن مەتر سێجا ئاوی دەدا، زێی بچووك ٧,٦٥بلیۆن، دیالەش ٦,١٦ بلیۆن مەتر سێجا.[15] وێڕای ئەوەی ئەم سیستمانە هەروەها گۆڕانی مەزنیان لەخۆیان پێشانداوە.

هەریەك لەم ڕووبارانە دەزگای بەرهەمهێنانی هایدرۆئەلەکتریکی لەسەر بنیاتنراوە. زێی بچووك لە دوکان لە پارێزگای سلێمانی بەنداوی بۆ کراوە کە دەزگایەکی

[13] Kliot, op. cit., p. 104 .
[14] Izady, op. cit., p. 224.
[15] Ibid., p. 107.

بەرهـەمهێنانی کارەبـایی هەیـە وزە بـۆ شـارەکانی سـلێمانیو هـەولێر دابینـدەکات. رووبـاری سیروان –دیالـە لەرێگـەی بەنـداوی دەربەندیخانـەوە لـەباکووری شارۆچکەی دەربەندیخان ئاوەکەی گلدەدرێتـەوە، کـە ئـەویش دەزگایـەکی بەرهـەمهێنانی کارەبـایی هەیەو وزە بۆ ناوچەی کەرکوکی بندەستی کوردانو سلێمانی دابیندەکات، وێڕای ئەو ناوچـانەی حکومـەتی عێـراق دەسـتی بەسـەرداگرتوون. ئـەم دەزگایانـە بـەهۆی گەمارۆکەی رژێمەوە لەساڵی ١٩٩١ەوە بەجۆرێك زیانیان پێکەوتووە. بەڵام هێشتا هەر لـەکاردان. نەخشەی ٣ :١ تایبەتمەنـدییو توانـای ئـەم بەنداوانـە دەسـتبەجێ لـەپاش تەواوکردنیان دەخاتەڕوو.

پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت کە دامەزراندنی ئەم پرۆژە ئاوییانە لەسەر حسابی موڵکدارانی کوردو ئـەو زەوییـە کشتوکاڵییانەی دۆڵـەکان دامـەزرا کـە کاریگـەریی ئـەم بەرنامانـەی بەسـەرەوە بـوو. بەهـەمان شـێوازی ئـەو پرۆژەیـەی باشـووری رۆژهـەڵاتی ئەنـەدۆڵ(گـاپ) کـە کاریگـەری لـە جووتیـارە کوردەکـانی تورکیـا کـرد. ئێـزادی روونیدەکاتەوە کە:

" بەهۆی دەوڵەمەندی نائاسایی شوێنەوارناسی ئەم خاکە، نزیکەی هـەر بەنـداوێك لە کوردستاندا بنیاتبنرێت بەشێك لە مێژووەکەی کورد نغرۆ دەکات...مرۆ دەتوانێت تـەنیا مەزەنـدەی ئـەوە بکـات کـە قـەبارەی ئـەو پاشمـاوە لەدەستچووە مێژووییانـەی لەهێندێك لەو جێگایانەی وەك بەنداوی دەربەندیخانی نزیك هەڵەبجەوە چەندە مەزنن، ئەوەی تەواو کەوتوونەتە ناوجەرگەی کوردستانەوە."[16]

خشتەی ٣: ١ پلانی هایدرۆئەلەکتریك/ئاودێریی لە کوردستانی عێراق

بەست

| | ساڵی دامەزراندن | رووپێو/ملیۆن م٢ | توانا | درێژیی /متر | بەرزی | توانا/م٣ لە چرکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | ١٩٦١ | ١٢٠ | ٣,٠ | ٥٣٥ | ١٢٨ | ١١،٤٠٠ |
| دوکان | ١٩٥٩ | ٢٧٠ | ٦,٨ | ٣٦٠ | ١١٦،٥ | ٤،٦٠٠ |

[16] Izady, op. cit., p. 226.

## سەرچاوە نەوتییەکان

نەوت بەڕێژەیەکی بەرفراوان لەژێر چینە بەردینەکانی بەشەکانی کوردستانی عێراقدا هەیە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوەدەبرێت کە بە ٤٥ بلیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت، ئەم ناوچەیە زۆرترین یەدەکی نەوتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەو رێژەیەکی مەزنی هەڵگیراو هەیە کە زیاترە لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیەتی.[QW] هەرچەندە، لەکاتێکدا خاکی کوردستانی عێراق بێگومان رێژەیەکی نەوتی زۆری هەیەو لەو ڕووەوە دەوڵەمەندە، بەلام گەلی کورد هیچ کات راستەوخۆ لەبەکارهێنانی ئەو سەرچاوەیە سوودی نەبردووەو تەنیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەرێگەی حکومەتی عێراقەوە قازانجی لێدەبەن.

هەروەها ناوچەکانی باکووری عێراق بە سەرچاوە سروشتییەکان دەوڵەمەندە، بەتایبەت نەوت و ئاو. هەرچەندە، ئەو ناوچانەی کوردستانی عێراق کە لەبندەستی کوردان دان راستەوخۆ سوودیان لەم سەرچاوە دەوڵەمەندەی نەوت وەرنەگرتووە، بەهۆی ئەوەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی حکومەتی عێراق دەستی بەسەردا گرتووە. لەوەش زیاتر، وێڕای ئەوەی سیستمی سەرەکی رووبار لە عێراقدا پشت بەو لقانە دەبەستێت کە لەوناوچانەوە رێچکە دەگرن کە کەوتۆتە بندەستی کوردانەوە، هەردوو بەنداوە سەرەکییەکە(دەرەبەندیخان و دوکان) لەو ناوچەیەدا هەن، سیستمی سیاسیی کوردستانی عێراق بەم دواییە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی جیۆپۆلیتیکیی ئاویی، لەگەڵ هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق بۆ داگیرکردنەوەی هەرێمە کوردییەکە بۆئەوەی لەماوەی وشکە ساڵییدا دەستبەسەر ئەو بەنداوانەدا بگرێت. لەکاتێکدا کوردان دەگونجێت لە دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی

---

17 Ibid., p. 221.

گلدانـــەوەو دابەشـــكردن بەهرەمەنـــدبن، بـــەلآم بـــە دەگمـــەن دەتـــوانن ســـەبارەت بەبەكارهێنانی ئاوی ئەو دوو بەنداوە ئازادانە دەسەلآتی خۆیان بەكاربهێنن. [QX]

## جوگرافیای سروشتیی

بایەخی تێگەیشتنی جوگرافیای سیاسیی كوردستانی عێراق كاتێك دەردەكەوێت كە هەلومەرجی جوگرافیی و جیۆپۆلیتیكیی ئەم هەرێمە بەتەواویی هەڵدەسەنگێنرێت. ئـەم هەرێمـە كەوتۆتـە ناسـەقامگیرترین بەشـی ناوچـەیەكی نـاجێگیرەوە، بەچـەند دەوڵەتێكی كۆنەپەرست دەورەدراوە، هەربۆیە هەڵسەنگاندنێكی جوگرافیـای سیاسـیی هەرێمەكـە بـە شـێوازێكی چوارچـێوەیی رووت دەشـێت وەك راهێنـانێكی بنـەڕەتیی لەئەستۆ بگیرێت پێش ئەوەی ئاڵۆزییـەكانی سیستەمە سیاسییە كوردییەكـەی عێـراق بەتەواویی ئامارژەی بۆ بكرێت.

## جوگرافیای دانیشتووان

ئامـــاری ژمـــارەی دانیـــشتووانی كوردســـتان بەشـــێوەیەكی نالـــەبار نـــاجێگیرە، دەوڵـــەتانی فـــەرمانڕەوای كوردســـتان هـــانی كەمكردنـــەوەی ژمـــارەی كوردانیـــان داوە بۆئـــەوەی بایـــەخی كەمینـــەی كـــوردی لـــە ولآتەكەیانـــدا كەمبكەنـــەوە ، لەكاتێكـــدا نەتـەوەخوازانی كـوردو حیزبـە سیاسـییەكان ئـارەزووی زیادەڕەوییـان لـەو ژمارەیـەدا كردووە، خشتەی ٣ :٢ كورتـەی ئـەو هەڵسەنگاندانە پێشكەش دەكات كە ئامارژەیـان بـــۆكراوە. پێویـــستە تێبینیـــی ئـــەوە بكرێـــت كـــە بەدرێـــژایی كـــات ئـــەو رێـــژە مەزەندەكراوانەش بەرزدەبێتـەوە، تەنانـەت ئـەو كارەساتانەش لەبەر چاو گیراون وەك هەڵمەتـــەكانی ئـــەنفال، هـــەروەها سیاســـەتەكانی تـــەعریب. شانبەشـــانی ئـــەو كۆچـــە

---

[18] حكومەتی عێراق خەریك بوو لە ٩ی ژوونی ٢٠٠٠دا سلێمانی داگیربكات. بەهۆی پرسی بەردانەوەی ئاو لە بەربەستی دوكانەوە لەو ماوەیەی عێراق گیرۆدەی وشكە ساڵیی ببوو، ئاكامەكەشی ئەوەبوو كە تاڵەبانی فەرمانی كردنەوەی ئاوی بەربەستەكەیدا بۆ ماوەیەكی درێژ لە هەموو رۆژەكانی وەرزی هاویندا.

بەکۆمەڵانەی هەرێمەکە بەخۆیەوە بینیوە، لە دەرەیشەوە خەڵکێکی تێرژاون، بەشێکی کوردان لە ئێرانەوە روویان لە عێراق کردۆتەوە، ئەوانەی کە دوای شکستی ساڵی ۱۹۷۵ەوە لەوێ بوون. بەدرێژایی ساڵانی نەوەتەکان، کوردانو تورکمانەکانەی کەرکوك بەدەست هەوڵەکانی حکومەتی عێراقەوە بۆ تەعریبکردنی شارەکە ناڵاندوویانە، ئەوانەی بۆ ناوچەکانی بندەستی کوردان دەردەکران.[٩٧]

لەکوردستانی عێراقدا، هەڵسەنگاندنەکانی ژمارەی دانیشتووان تێکەڵییەکی زۆری پێوەدیارە، لەئاکامی ئەو جووڵە زۆرەی دانیشتووان کە لەناوچەکەدا بەخۆیەوە بینیوە. هەروەها ئەوەی بۆ دوور لەو روویداوە.ئەم گرفتە پێویست بوو لە کوردستانی عێراقدا تاڕادەیەك بەهۆی تێرژانی ئاژانسی هاوکارییە مرۆییەکان کە دوای دووەمین جەنگی کەنداو هات، کەم ببێتەوە. ئەم ئاژانسانەی زانیارییەکی زۆریان لەوبارەیەوە کۆکردەوە، بەرنامەی جیهانیی خۆراکیی ( WFP) بووە بەرپرسی دابەشکردنی بڕەخۆراك بۆ هەر تاکێك لە ناوچەکەدا. هەرچەندە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، تاکو ئێستاش کۆدەنگییەك لەنێوان ئەو ئاژانسە گەورانە سەبارەت بە ژمارەی تەواوی دانیشتووانی کوردستانی عێراق لەئارادا نیە. خشتەی ۳:۳ ژمارە جیاوازەکان سەبارەت بە کوردستانی عێراق رووندەکاتەوەو ئاکامی ئەو داتایانە پێشاندەدات کە لە ناوچەکە هەڵگیراونەتەوە، وەك باوە لەلایەن بەشێکی ح هـ كو ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانو رێکخراوەکانی ئێن جی ئۆکان NGO .

---

[19] ئەم خەڵکانە لەلایەن (UNHCR) وە وەك پەنابەر لەقەڵەم نەدران، چونکە لە وڵاتەکە دەرنەپەڕێنرابوون، هەربۆیە ئەوانە بەقسەی یوئێن بە خەڵکانی راگوێزراو لە ناوخۆدا(IDPs) ناویان لێنرابوو.

## دابەشبوونی دانیشتووان

ژمارەکانی خشتەی ٣ :٤ لەو زانیارییانەوە پەرەیانسەندووە کە لەلایەن ح ھ ك و ئاژانسەکانی یوئێن و ئێن جی ئۆکانەوە کۆکراونەتەوە. وردیی ئەم ژمارانەی پێشکەشکراوە گرفتی تێدایە، ھەروەك ھەموو حاڵەتێکی دیکەی وەرگرتنی زانیاریی لەمەڕ دانیشتووان تاڕادەیەکی زۆر تەمومژاوییە. ھەرچەندە، تەنانەت ئەو لاوازییەی ژمارە رەھاکان پەسەند بکەین، ھێشتا ئەو لێکدانەوانە زانیارییەکی بەسوودی سەبارەت بە دابەشکردنی دانیشتووان پێشکەشکردووە. بەوەش ئەم رێژەیەی ئێستا لەنێوان ناوچە گوندنشین و شارنشینەکانی کوردستانی عێراقدا ھەیە ٣ بۆ ١ (بە دانانی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانیش وەك ناوچەی شارنشین) ئەم راستییەش ئەو جووڵە بە کۆمەڵە ڕووندەکاتەوە کە روویداوە، ئەوەی کە تاکو ئێستاش بەردەوامەو لەناوچە گوندنشینەکانەوە روو لە شار و شارۆچکە ھەڵتۆقیوەکان دەکات. وێڕای ئەوەش، ئەم ژمارانە بەتەواویی ئەو تێڕژانەی لەبەرچاونەگرتووە کە بەھۆی شوێنگۆڕکێی نێوخۆیی خەڵکانێکەوە ھاتۆتەئارا کە روویان لەناوەندە شارنشینەکانی کوردستانی عێراق کردووە. ئەوەی دەگونجێت ئەم رێژەیە والێبکات تەنانەت بەرزتربێتەوە.

## دابەشبوونی کارگێڕیی کوردستانی عێراق

رێکخستنی کارگێڕیی کوردستانی عێراق بەگوێرەی یاسای پارێزگاکانی ساڵی ١٩٦٩ی حکومەتی عێراقی دیارییکراوە، ئەوەی عێراق دەکاتە چەند پارێزگایەکی جیاواز.[20] ئەم پارێزگایانە بەشێوەیەك پەیوەستبوون بە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریی

[20]Government of Iraq, Governorate Law (*Al-waqaai'a al-'iraaqya qaanun al-muhafadhat*), 1969.

خشتەی٣: ٢ ئاماری دانیشتووانی کورد لای نووسەران بەگوێرەی وڵاتەکان

| | قاسملو ١٩٦٥ | م.شـــــــۆرت و دێرمۆنت ١٩٧٧ | بروینسن ١٩٧٨ | سی،مۆر ١٩٨٤ | مکدۆواڵ ١٩٩٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| تورکیا | ٤,٩٠٠٠٠٠ | ٥,٦٠٠٠٠٠ | ٧,٥٠٠٠٠٠ | ١٠,٠٠٠٠٠٠ | ١٠,٨٠٠٠٠٠ |
| عێراق | ٣,٣٠٠٠٠٠ | ٣,٤٠٠٠٠٠ | ٢,٥٠٠٠٠٠ | ٣,٠٠٠٠٠٠ | ٤,١٠٠٠٠٠ |
| ئێران | ١,٥٥٠٠٠٠ | ٢,٠٢٥٠٠٠ | ٣,٥٠٠٠٠٠ | ٦,٠٠٠٠٠٠ | ٥,٥٠٠٠٠٠ |
| سوریا | ٤٠٠٠٠٠ | ------ | ٥٠٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠٠ |
| وڵاتـــانی تر | ٢٥٩٠٠٠ | ١٦٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ----- | ١,٢٠٠٠٠٠ |
| تێکڕا | ١٠,٤٠٩٠٠٠ | ١١,٦٣٠٠٠٠ | ١٤,١٠٠٠٠٠ | ١٩,٨٠٠٠٠٠ | ٢٢,٦٠٠٠٠٠ |

عوسمانییـــەوە، هێندێکیـــشیان تـــازە پێکهێنرابـــوون، بەرجەســـتەی گـــۆڕانی دانیشتووانەکەیان دەکرد. پێش ساڵی ١٩٩١، لە باکووری وڵاتەکەدا، چوار پارێزگا هەبوون کە لانکی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کورد بوون. ئەویش پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی و کەرکوکە.

دواتر ئەم هەلومەرجە بە کێشانەوەی حکومەتی عێراق لە بەشێکی ئەم ناوچەیە لە ئۆکتۆبـەری ١٩٩١دا ئـاڵۆزیی بەسـەر هـات. کـشانەوەکە بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك و بـەگوێرەی ناوچـە کارگێڕییـەکانی پارێزگاکـان بەڕێوەنەچـوو، لـە دیـدی کوردانـەوە، پارێزگای هەولێر ناوچەکانی باشووری لە قوشتەپەو هـەروەها تەقتـەق لەدەستداوە، هـەروەها پارێزگـای کـەرکوك بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لـەژێر دەسـەڵاتی حکومـەتی عێراقدا بـەجێما، بەشارە پڕ نەوتەکەی کەرکوکیشەوە، هـەروەها شارە پڕ نەوتەکەی توزخورماتوشـەوە، ئـەو ناوچـەیەی کـە گـەرمیانی پێـدەگوترێت، کـە ناوەندەکـەی شارۆچـکەی دەربەندیخانـەو بـەرەو باشـووریش کـەلارو کفری لـەخۆ دەگرێـت، لـەبن دەستی هێزە کوردییەکاندا جێهێڵرا.

**خشتەی٣ :٣ ئاماری دانیشتووان بەپێی پارێزگاکان**

| بەش/ئاژانس | DRD(١٩٩٦)١ | WFP(١٩٩٦)٢ | CES(١٩٩٦)٣ | DRD/DWS (١٩٩٥)٤ |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ٧٤٧,٣٣٤ | ٧٨٣,٨٦٥ | ٦٩١,٩١٤ | ٧٥٥,٣٧٨ |
| هەولێر | ١,٠٥٤,٥٦٧ | ١,١٤١،٥٠٥ | ١,٠١١,٧٤٨ | ١,١٢٠,٧٦٥ |
| سلێمانی | ١,١٩٤,٠٩٩ | ١,٠٢٦,٣٢٢ | ١,٠٥٥,١٥٤ | ١,٥٢٩,٤٠٦ |
| دەربەندیخان | ٣٣٥,٣٠٧ | ٣٦٣,٥١٢ | ٣٣٢,٥٥٠ | ------ |
| گشتیی | ٣,٣٣١,٣٠١ | ٣,٣١٥,٢٠٤ | ٣,٠٩١,٣٦٧ | ٣,٤٠٥,٥٤٩ |

**خشتەی٣ :٤ ئاماری دانیشتووان گوندنشینە راگوێزراوەکان لە تێکڕای پارێزگاکان**

گوندنشین شارنشین

تێکڕا کۆکراوە شار/شارۆچکە

| | دانیشتووان | دانیشتووان | ٥ < ٪ | دانیشتووان | ٥> ٪ | دانیشتووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ٧٨٣٨٦٥ | ٢١٧٦٧٠ | ١٨ | ١٩٤١٥٣ | ١٨ | ٣٧٢٠٤٢ |
| هەولێر | ١١٤١٥٠٥ | ٢٣٧٦٧٥ | ١٧ | ١٧٧٨١٨ | ٢٣ | ٧٢٦٠١٢ |
| سلێمانی | ١٠٢٦٣٢٢ | ٢٦٥٩٢١ | ١٦ | ٣٠٨٤١٦ | ١٧ | ٧١٦٦٨٨ |
| دەربەندیخان | ٣٦٣٥١٢ | ٩٨٨٠٩ | ١٦ | | | |
| تێکڕا | ٣٣١٥٢٠٤ | ٨٢٠٠٧٥ | ١٧ | ٦٨٠٣٨٧ | ١٩ | ١٨١٤٧٤٣ |

**ساڵی ١٩٩٦ گرفتی زیاتر لەنێوان پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیدا دەرکەوتن پاش ئەو شەڕە خوێناوییەی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا روویدا، ئەوەی بەوە دەستیپێکرد کە هێزەکانی پارتی بە یارمەتیی هێزەکای حکومەتی عێراق لە ٣١ی ئووت/ئابی ١٩٩٦دا، شاری هەولێریان گرت. ئاکامی ئەو شەڕەش ئەوە بوو کە پارتی دەستی بەسەر شاری هەولێرو زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای هەولێردا گرت، لەکاتێکدا**

یەکێتی دەسەڵاتی لە پارێزگای سلێمانیدا پاراست، لەگەڵ بەشێکی بچووکی پارێزگای هەولێر کە لەشاری کۆیەدا چڕببووەوە. کارگێڕیی باڵادەستی یەکێتی کە ناوەندەکەی شاری سلێمانی بوو، ئەم ناوچەیەی ناونابوو بە پارێزگای هەولێرو چوارچێوەیەکی کارگێڕیشی بۆ دامەزراندبوو کە ناوەندەکەی کۆیە بوو. من لەم کتێبەدا ئاماژە بەو ناوچەیە دەکەم بەشێوەی هەولێر/کارگێڕیی یەکێتی، لەگەڵ ناوچە کارگێڕییەکانی دیکەی پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك، سلێمانی و دەربەندیخان. (بڕوانە وێنەی ٣:٣)

هەلومەرجە مرۆییەکە فرە دڵتەزێنە، بۆ نموونە، شارەکانی وەك هەولێر تادێت ژمارەی خەڵکەکەی زیاد دەکات، بەشێوەیەك دەگونجێت پاش ماوەیەکی کەم بگاتە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠٠ کەس . هەروەها سلێمانی و دهۆکیش لەسایەی ئەم فشارانەدا گیرۆدەبوون کە ناوچە شارنشینەکانی دیکە بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەوەش نەهامەتییەکی مرۆیی و ئابووریی و تەنانەت ئیستیغلالکردنی مرۆڤایەتییش بۆ خەڵکانێکی دیکەی هێناوەتەئارا، کە ئاکامەکەی کەوتنەوەی چەند گرفتێکی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆی هێناوە کە پێشتر لەی هەرێمەکەدا نەبیسترابوون. لەگەڵ دەستکەوتنی هێزی کاری هەرزان، ئیدی چ گرفتێك نیە لەبەردەم دابەزاندنی بێویژدانانەی کرێی کاردا. بەهەمانشێوە، چ گرفتێك نیە لەبەردەم بەرزکردنەوەی کرێی ئەو خانووانەی شیاوی تێداژیان نین. ئەوەی نەبیستراببوو، رادەی لەشفرۆشیی ئەمێستا لە بەرزبوونەوەدایە،• هەروەها شەقامەکانی شارە سەرەکییەکان و ناوچە شارنشینەکان بوونەتە مۆڵگەی مندالانی بێ سەرپەرشت کە ژمارەیان تادێت زیاد دەکات.

---

• ئەمە لەکاتێکدایە کە تاناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش رۆژهەلاتناسان وبایەخداران بە پاکیزەیی ژنی کورد و تەنانەت نەبوونی وشە و دەستەواژەیەکیش لە زمانی کوردییدا کە ئاماژەبێت بۆ سێکسفرۆشیی یاخود "لەشفرۆشیی" سەرسام بوون، ئەو دەستەواژەیەی دواییان کە زادەی هەلومەرجەکەی دوای راپەڕینە و نەك هەر ئەوە بەڵکو خەریکە ناوی گرد و دۆڵەکانی دەوروبەری شارەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت و سیفەتی سێکسیی وەردەگرن.(سەردەشتیی)

ژینگەیـەکی کۆمەڵایـەتیی بـەم چەشـنـە ناسـەقامگیرە، لـەڕووی سیاییـشەوە ئـەم ناسـەقامگیرییە خـۆی لـە زێـدەبوونی پارتـە رادیکاڵـە بچووکەکاندا بەرجەسـتەدەکرد. زێدەبوونی ژمارەی پێشمەرگەی حیزبە سەرەکییەکان بەوەی مانگانەی مسۆگەریان بۆ بڕیبوونـەوە، هـەروەها سـەردەرکردنی حیزبـە ئیسلامییەکان و سوودوەرگرتنیان لـەو شەپۆلە لاوە تادەهات بێهیواییان سەبارەت بە هەوڵی چاککردنی باری مادییان زێدەتر دەبوو، ئەوانەی روویان کردبووە شێوە ژیانێکی زێدە رۆحانیتر.

جوگرافیـای نـاجێگیری هەرێمەکە، کـە بەشێوەیەکی سـەرەکیی لـەو کاروچالاکییە سیاسـییانە سەرچـاوەی گرتبـوو، هـەروەها لـەڕووی سروشـتیی و مرۆییـشەوە خـۆی بەرجەسـتەدەکرد، یـەك لـە هـەرە گرنگرتـرین ئـەو فاکتـەرانـە بـوو بـۆ هـەر کارگێڕییـەك یاخود حیزبێکی سیاسیی کە لەبەڕێوەبردنی کوردستانی عێراق بەرپرسیار بێت تاکو لە ئایندەی نزیکدا رووبەڕوویان بێتەوە. سـەرنجێکی بـەو چەشـنە کـە دەبوو بایـەخ بـە دابەشبوونی دانیشتووان بدات، هەروەها بە ستراکتۆری ئابووریی و هاندانی ژێرخـانی دانیشتووانی گوندنشین تاکو بگەڕێنەوە سەر خـاکی باپیرانیـان، هـەروەها هەلومەرجە شێواوەکەی شـارە سـەرەکییەکان بـە ئامـانج وەربگرێت. بێ سـەرنجێکی بـەم چەشـنە، کاریگـەریی سیاسـەتەکانی هــەر قەوارەیــەکی کارگێڕییــەکی هــەرێمیی دەتوانێــت کورتخایەن یاخود کاتیی بێت.




وێنەی ٣:٢ پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٩٩.

## زمان

دەمێکە ڕادەی زمانی هاوبەش وەك بەڵگەیەکی سەرەکیی پەسەندی هۆشیاریی ئیتنیی و ئیتنۆ نەتەوایەتیی ناسێنراوە.[21] هەرچەندە، لەڕاستییدا تێکڕای بانگەشەکەرانی کوردایەتییش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زمانی کوردیی زمانێکی جیاوازەو وەك ئامرازێکی باوی پەیوەندیی هاوبەش لە کوردستاندا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە کوردستانی عێراقدا، بەڵام بایەخی زمانی کوردیی وەك هاندەرێکی هەستی نەتەوایەتیی بابەتێکە جێگەی مشتومڕە، بەوەی بەپێچەوانەی دراوسێ عەرەب و تورك و فارسەکانیشەوە، کوردان هێشتا تاکو ئێستا لەڕووی نووسین و گوتنەوە پەرەیان بە زمانێکی ستاندەری ڕێکخراو نەداوە. هەروەها ئەوەی ڕاستییەکی تاڵە ئەوەیە کە زمانی کوردیی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەڵگەی پەرتەوازەبوونە تاکو یەکێتی سیاسیی.

## زارە کوردییەکان

ئەو زمانەی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان قسەی پێدەکەن بریتییە لە زمانی کوردیی، زمانی کوردیش لە چەندین زاری جیاواز پێکدێت کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە فارسییەوە هەیە، بەڵام تورك و عەرەب لێی تێناگەن. کوردانی سەر بە زارە جیاوازەکان ناتوانن بە ئاسانی لەگەڵ یەکتردا بە زمانی دایکیان پەیوەندیی بکەن، ئەوەش بە چەشنێك تایبەتمەندیی زمانی هاوبەشی لاواز کردووە،[22] بۆنموونە:

---

[21] N. Entessar, *Kurdish Ethnonationalism*, Boulder, CO: Lynne Reinner, 1992, pp. 4–5.

[22] H. Cook, *The Safe Haven in Northern Iraq: International Responsibility for Iraqi Kurdistan,*
London: Human Rights Centre and University of Essex, 1995, p. 7.

کوردییە بادینانییەکەی زاخۆ تەواو لە کوردییە هەورامییەکەی تەوێڵە جیاوازە،[RS] زمانی گروپی کوردیی دەگەڕێتەوە سەر لقەکانی باکووری رۆژئاوا یاخود باشووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان،[RT] کە دەتوانرێت بکرێت بە چوار لقی سەرەکییەوە:[RU]

١- زاری باکوورو باکووری رۆژئاوا، کە بەگشتیی بە "کرمانجیی" ناودەبرێت. ئەم زارە لە تورکیاو بەشەکانی زۆر سەرووی عێراق و کوردستانی ئێران قسەی پێدەکرێت. لەکوردستانی عێراق بە "بادینیی" ئاماژەی بۆ دەکرێت.[RV]

٢- زاری باشوور، زۆرجار "سۆرانیی" پێدەگوترێت، کە لەڕاستییدا کۆمەڵە زارێکی ناوچەکەیە. سۆرانیی بەگشتیی وەك زمانی سوننەتیی کوردستانی عێراق لە قەڵەم دەدرێت. ئەم زارە لە باشووری کوردستان قسەی پێدەکرێت، بە زۆربەی کوردستانی عێراقیشەوە.

٣- زاری باشووری رۆژهەڵات وەك " سنەیی، کرماشانیی،لەکیی، ئەم زارانە زیاتر لە فارسیی هاوچەرخەوە نزیکن تاکو لەو دوو زارەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

---

[23] زاخۆ شارۆچکەیەکی سەرەکیی پارێزگای دهۆکە کە لەسەر سنووری تورکیایە، تەوێڵەش شارۆچکەیەکی بچووکی بازرگانییە سەربە قەزای هەڵەبجەیە لە پارێزگای سلێمانی، کەوتۆتە سنووری ئێرانەوە.

[24] ئەوەی پەسەندکراوەو باوە دەگوترێت کە زمانی کوردیی سەر بە گروپی باکووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە, هەرچەندە، ماکنزی لەبەرمبەر ئەم بۆچوونە رادەوستێت و پێشانیداوە کە دەگونجێت زمانی کوردیی زیاتر لەگەڵ گروپەکانی باشووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکاندا دێتەوە.
(D. MacKenzie, 'The Origins of Kurdish', *Transactions of the Philological Society*, 1961, pp. 68–86. Quoted in Bruinessen, op. cit., p. 47).

[25] ئەم دابەشبوونە لەسەر ئەوەی بروینسن بنەمای گرتووە:
Bruinessen, op. cit., pp. 21–2.
[26] Dzeigiel, op. cit., p. 17.

٤- زاری زازاو گۆرانیی، زازا لە باکووری رۆژئاوای کوردستان قسەی پێدەکرێت (لە باکوورو رۆژئاوای دیاربەکر لە تورکیا)، گۆرانیش لەچەند شوێنێکی جۆربەجۆری کوردستانی عێراق قسەی پێدەکرێت.[RW]

تەنیا هەر ئەم گروپە زارانە پێکەوە کۆنابنەوەو تێکەڵ بە یەکتریی نابن، ئەوەش بەتایبەتیی لە ساڵی ١٩٩١دا دەرکەوت کاتێك کۆچی گوندنشینان روویان لە ناوچە شارنشینەکان کرد، هانی کوردە ئاوارەکانی کەرکوك، دەرکردنی کوردانی شارە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە بەرەو ئەو ناوچانەی کە لەبندەستی ئەوی دیکەدایە، هەروەها گەڕانەوەی ئەو کوردە عێراقییانەی پێشتر ئاوارەی ئێران ببوون.

ئەم گروپە زارانە لەڕووی وشەو دەنگدەربڕینەوە جیاوازیی بەرچاو لەخۆیان پیشاندەدەن، هەروەها لەڕووی تایبەتمەندی ڕێزمانییشەوە بەشێوەیەکی گرنگ جیاوازییان هەیە، وەك مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی رابردووو چاوگە تێپەڕەکاندا. هەرچەندە، ئەو زارەی کە وەك ئامرازێکی باو و هاوبەش لە بواری نووسین و قسەکردندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئامرازێکی فێرکردنە لە خوێندنگاو زانکۆکانی کوردستانی عێراقدا،• هەروەها زمانێکی ئەدەبیی سوننەتییش پێکدەهێنێت بریتییە لە زاری سۆرانیی کە لەڕووەوە باڵادەستە.[RX]

---

[27] Bruinessen, ‘Kurdish Society, Ethnicity, Nationalism and Refugee Problems’, in P. Kreyenbroek and S. Sperls (eds) *The Kurds: A Contemporary Overview*, London: SOAS,
1992b, p. 3.

• یەکەم نامەی دکتۆرا لە بەشەکانی مێژووی زانکۆکانی کوردستان بە زمانی کوردیی و بە زاری سۆرانیی لەلایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوە لە ساڵی ٢٠٠٢دا پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە.

[28] . Nikitine, *Les Kurdes, Etude Sociologique et Historique*, Paris: Imprimerie Nationale, 1958,
quoted in Ghassemlou, op. cit., p. 27.

لەکوردستانی عێراقدا، کوردانی پارێزگای دهۆك‌و ناوچە شاخاوییەکانی باکووری هەولێر بە کوردیی بادینانیی قسانده‌کەن،[RY] لەکاتێکدا ئەوانەی پارێزگای هەولێرو سلێمانی‌و دەربەندیخان بەگشتیی بە سۆرانیی دەدوێن.[SP] هەروەها گروپێکی بچووك بەڵام گرنگی خەڵکی هەورامیی کوردزمان هەن، ئەوانە لەناوچە شاخاوییەکانی نێوان عێراق‌و ئێران نیشتەجێن‌و لەوناوچانەدا کۆبوونەتەوە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی باکووری هەڵبجەوە.[SQ] قاسملو پێیوایە کە باڵادەستیی زاری سۆرانیی لە کوردستانی عێراقدا دەگونجێت زادەی بەربڵاوی ئەو زارە بێت لە ئەدەبی کوردییدا کە لەماوەی بوونی کۆماری مەهاباد لەماوەی ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦ دا هاتبووەئارا. لەپاش شۆڕشی ١٤ی ژووئێنی ١٩٥٨ لەعێراق، ئەدەبی کوردیی بەخێراییەکی مەزن پەرەیسەند بەهۆی دانپێدانانی کوردان لە دەستووردا. هەربۆیە کوردیی سۆرانیی پێگەی زارێکی سەرەکیی لە ئەدەبی کوردییدا بۆخۆی گرت، هەروەها بووە زاری فێرکردن‌و پەروەردە لە خوێندنگا کوردییەکانی عێراقدا.[SR]•

[29] بادینیی لە ئەدەبیاتی ئەکادیمییدا زیاتر بە کرمانجیی ناسراوە، ئەم دیالێکتە لە باکووری موسڵەوە بۆ تورکیاو هەروەها لە ئەرمینیاو ئازەربایجانیش قسەی پێدەکرێت. لەکوردستانی عێراق زاری کرمانجیی لەناوچە سنوورییەکانی عێراق-تورکیا، پارێزگای دهۆك، زاخۆو هەروەها ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای پارێزگای هەولێر بەربڵاوە. بۆیە پێیدەگوترێت بادینیی چونکە ئەم ناوچەیە لەلایەن کوردانی عێراقەوەو لەرووی مێژووییەوە ناوی بادینانیی لێنراوە. بنەماڵەی بارزانی بە بادینیی قسانده‌کەن.

[30] زاری سۆرانیی لە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی عێراق قسەی پێدەکرێت، هەروەها لە عێراقدا زاری فەرمیی بوو، ئەوەش بەڵگەی باڵادەستی کەاتووری سلێمانییە بەسەر ناوەندە کوردییەکانی دیکەی عێراقدا. زاری سۆرانی بەشێوەیەکی باو لەلایەن یەکێتیەوەبەکاردەهێنرێت.

[31] بۆ زیاتر سەبارەت بە زارە کوردییەکان:

D. McDowall, *A Modern History of the Kurds*, London: Taurus, 1996.

هەورامی زیاتر لە ئەدەبیاتی ئەکادیمییدا زیاتر بە گۆرانیی ناودەبرێت. لە کوردستانی عێراقدا هەر بە هەورامی دەناسرێت.

[32] Ghassemlou, op. cit., p. 27.

• هەرچەندە لە باشووری کوردستاندا زاری سۆرانیی زۆرینەیەو نزیکەی تێکڕای کوردانی پارێزگاکانی کەرکوك، هەولێرو سلێمانی پێی دەدوێن‌و تەنیا لە پارێزگای دهۆکدا بۆ ئاخاوتن بادینانیی بەکاردێت،

## ئاین و کەمینەکان

زۆرینەی گشتیی کورد موسوڵمانن، نادر ئینتیسار دەڵێت کە لانیکەم دوو لەسێی کوردان پەیڕەویی لە ڕێبازی شافیعیی سوننیی دەکەن، بروینسن ڕێژەی سەدیی کوردانی سوننە بە ٨٠٪ مەزەندە دەکات، هەروەها مکدۆواڵ لیستی ژمارەیەکی زیاتری پێشکەشکردووە کە ٨٥٪ دایە.[SS] چڕبوونەوەی سەرەکیی کوردە موسوڵمانە شیعەکان لەناوچەی کرماشاندایە لە ئێران و هەروەها لەناوچەی خانەقین لە کوردستانی عێراق.[ST] هەروەها چەندین گروپی جیاوازی ڕێبازە سۆفیگەراکانی وەك نەقشبەندیی، قادریی و هێندێك عەلی ئیلاهییش(ئەهلی حەق) هەن.[SU] تەنانەت وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی کوردان موسوڵمانن، بەڵام ئاین بەڕاستیی نەبۆتە هۆکارێکی یەکبوون. کوردان ئیسلامیان بۆ خواپەرستی و دینداریی پەسەندکردووە، بەڵام لەڕووی ئاکارێکی بەرزی شەخسییانەوە، کەمتر وەك هەستێکی یەکبوونی کۆمەڵایەتیی یاخود ئاینیی بایەخیان پێداوە.[SV] لەوەش زیاتر، چەندین ئاینی دیکە هەن کە لەلایەن کەمینەکانی دیکەوە لە کوردستاندا پەیڕەویان لێدەکرێت، کە ئەوەی

---

کەچی لەگەڵ ئەو هەموو کۆبوونەوە بێ سەمەرەی بایەخدارانی زمانەوانیی، نەتوانراوە کە پرۆژەی بڕیاردان لە زمانی ستاندار بخرێتەپێش، ئەوەش بەهۆی دابەشبوونی هەرێمەکە وبڕیاری سیاسیی.جگە لەوەی کە لە حکومەتەکەی پارتیدا کە هەولێرو بەرەوسەری گرتۆتەوە تا سنوری تورکیا، نزیکەی هاوسەنگییەك هەیە لەو ڕووی قسەکەران بە سۆرانیی و بادینیی، هەروەها زاری ئاخاوتنی بنەماڵەی بارزانی بۆخۆیان بادینییە کە دەگونجێت ئەویش کاریگەریی خۆی هەبێت.

[33] See D. McDowall, ‘The Kurds: An Historical Perspective’, *Asian Affairs*, Vol. 22, No. 3,
1991, pp. 293–302, p. 6; Bruinessen (1992b) op. cit., p. 4; Entessar, op. cit., p. 5.

[34] Entessar, op. cit., p. 5.

[35] Ibid.

[36] مکدۆواڵ تائەوەندە دەڕوات کە دەڵێت بڕوای ئاینیی ڕۆڵێکی لە جیاکردنەوەی کورداندا نیە.
McDowall (1992) op. cit., p. 13.

سەرنجڕاکێشە بۆتەهۆی یەکبوونی غەیرە کورد لە کوردستاندا، ئەو حاڵەتانەی پێچەوانەی ئەوەی کوردان خۆیانە.

## کەمینە ئاینییەکانی کورد

لەکوردستانی عێراقدا، تایفە ئاینییە هەرەباوەکان کە دەشێت ریشەی ئیسلامییان هەبێت بریتییە لە ئەهلی حەق و ئێزیدییەکان. ئەهلی حەق تایفەیەکی بچووکن لە باشوورو باشووری رۆژهەلاتی کوردستاندا هەن کە دەشێت تێکەڵەیەکی شیعە لادەرەکان بن. باوەڕی سەرەکییان بریتییە لە حەوت دەرکەوتە یەك لەدوایەکەکانی خودایەتیی، وێڕای ئەوەی عەلی(زاوای پەیامبەر) یان لەلا شکۆمەندە. ئەم تایفەیە بایەخی خۆیان لەسەر داهێنەری (ئەهلی حەق) کە "سوڵتان ئیسحاقە" چڕدەکەنەوە.[SW]

تایفەیەکی تێکەڵەی دیکە، ئێزدییەکانە،کە زۆربەی جار بە هەڵە "شەیتانپەرست" یان پێدەگوترێت. پێدەچێت ریشەی ئەم تایفەیە بۆ ئیسلامی سوننی بگەڕێتەوە، کە بەدرێژایی وەخت رەگەزی ئاینەکانی دیکەی هەرێمەکەی گرتۆتەخۆ وەك: بتپەرستیی، زەردەشتیی، مانییزم، جولەکایەتیی، کریستیانیی نەستوریی، هەروەها رووخسارە ئیسلامییەکانی دیکە.[SX] چڕبوونەوەی سەرەکیی ئێزدییەکان لە کوردانی باکووری حەڵەبە لە سوریا، هەروەها لە ناوچە چیاییە کوردییەکانی سنجار لەسەر سنووری سوریا–عێراق، لەگەڵ باشووری رۆژئاوای قەفقاسدا. هەروەها لە کوردستانی عێراقیش لە عەین سیفنێ مۆڵیان خواردووە. وێڕای هەرە پیرۆزترین مەزاریان کە ئەوەکەی شێخ ئادی یە دەکەوێتە باشووری ئاکرێ وە، هەرچەندە، ژمارەیەکی دیکەی فرە ئێزیدیی هەن کە بەسەر باقی دیکەی خاکەکەدا پەرتەوازە بوون.[SY] ئێزیدییەکان خۆیان بەکورد دەزانن، بەڵام لە ئاکامی جیاوازیی کەلتووریی و

---

[37] Ibid.
[38] Ibid.
[39] Bruinessen (1992b) op. cit., p. 6.

ئاینییەوە، هەروەها بەهۆی شانازیی کردنیان بە ناسنامەکەیانەوە، بەشێوەیەکی زەق لە کوردانی غەیرە ئێزیدیی جیاوازن. ئێزیدییەکان لە رابردوودا رووبەڕووی چەوسانەوە بوونەتەوە بەدەستی دراوسێ موسوڵمانەکانیان. لە ساڵانی نەوەتەکاندا، هەلومەرجەکە چاکتر بووە. شتێکی سەیر نیە کە ئێزیدییەك ببینیتەوە کە پلەوپێگەی بەرپرسیارێتی لە کوردستانی عێراقدا هەبێت، تەنانەت لە پێگەی پۆستە بەرزەکانی حیزبە سیاسییەکانو ح ه ك یشدا .

## کەمینە غەیرە کوردییەکان

تورکمانەکانو کریستیانییەکان دوو کەمینەی غەیرە کوردی هەرە بەرچاون. تورکمانەکان هەمان بیروباوەڕی ئاینیی کوردانیان هەیە، بەڵام کریستیانییەکان ئاینێکی جیاواز لەخۆ پێشاندەدەن، وێڕای ئەوەی ریشەیەکی ئیتنیی جیاوازیان هەیە. کۆمەڵگای کریستیانیی لە کوردستانی عێراق بەسەر دوو تایفەی جیاوازدا لە کوردستانی عێراقدا دابەشدەبن. گەورەترین کۆمەڵگای کریستیانیی بریتییبوو لە ئەرمەنییەکان، بەڵام لە ئاکامی توانەوەیان لەنێو خەڵکانی دەوروبەریاندا بوونە موسوڵمان، پەرەسەندنی ناسنامەی کوردیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمداو هەروەها کۆچاندنو کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەناوچە کوردییەکاندا لە ساڵی ١٩١٥، ژمارەیەکی کەمیی ئەرمەنیی لە کوردستانی عێراقدا مانەوە.TP

لە ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا، گەورەترین کۆمەڵگای کریستیانیی، ئاسوورییەکانن(ئاشوورییی)، کۆمەڵگای ئاسووریی لە چەند ناوچەیەکی تایبەتی شارەکانی دهۆكو هەولێر، هەروەها لە دیانە لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەتەوە. کۆمەڵگایەکی دیکەی کریستیانیی بریتییە لە کلدانییەکان. ئەم دوو کۆمەڵگایە هەردووکیان بە زمانی ئارامیی قساندەکەنو ناسنامەیەکی کەلتووریی بەهێزیان هەیە. ئاسوورییەکان هەروەها حیزبی سیاسییو ملیشیای تایبەت بەخۆیان هەیە کە

[40] Ibid., pp. 6–7.

لەلایـەن بزووتنـەوەی دیمـوکراتی ئاشـوورییەوە ڕێبەرایـەتیی دەکـرێن، هـەروەها تەلـەفیزۆن و ئێسگەی رادیـۆیی خۆیـان هەیـە، لەگـەڵ پێـنج کورسـی لـە ئەنجومـەنی نیشتمانی کوردستاندا(ئە ن ك). لـەوەش زیـاتر، کارەکتـەری بەهێزی سیاسـیی لـەنێو پارتیـدا هەنـە کـە کریـستیانیین. لەکاتێکـدا ئەوانـە بـەهۆی سـیفەتی ئاینییانـەوە دانـەنراون، ئەوانـە ئـەو وێنەیـە پێشاندەدەن کـە حیزبەکـە بۆ هـەرێمی کوردسـتان بـە گشتیی تێدەکۆشێت نەك تەنیا بە تایبەتیی بۆ گەلی کورد .[41]

دواجار، لە کوردستانی عێراقدا چەندین گرووپی غـەیرە کوردی موسوڵمان هـەن، پـشتێنەیەك شـارو گونـدی تورکمـانییش هـەن کـە لـەباکوورەوە بـەرەو باشـوور درێـژ دەبنـەوە. لـە مـەزنترینی ئـەو شـارانە، شـاری کەرکوکـە، لـە شـاری هـەولێریش کۆمەڵگایـەکی تاڕادەیـەك گـەورە لـە خـەڵکی تورکمـان هـەن.[42] تورکمانـەکان بۆخۆیـان ئاگاییـەکی کـەلتووریی بـەهێزی تورکبوونیـان هەیـە. پەیوەندییـەکانی نێـوان کـوردو تورکمـان زۆربـەی جـار توندوتیـژ بـووە. بـەم دواییـەش هـەروا ماوەتـەوە، ئـەویش بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لەبەرئـەوەی کـە تورکمانـەکان نوێنەرایەتییـەکی بەرچـاوی ئامۆزا رەگەزییەکانی خۆیانن کە تورکەکانە، ئەوانەی کە دژی سەربەخۆیی کوردان لەعێراقدا بـەکاریان دەهێـنن. بـوونی تورکمـان لـە کـەرکوك و هـەولێردا وەك ئامرازێك بەدەسـت تورکیـاوە بـەکارهێنراوەبۆ ئیـدعاکانی سـەبارەت بـە مـافی لـە کوردسـتانی عێراقـدا. لەسـاڵی ١٩٥٩ەوە ململانێـی سیاسـیی لـە کەرکوکـدا بووەهـۆی پـەرەگرتنی خوێنرێژییەکی زۆر لەنێوان هەردوولادا، لەچەند، ماوەیـەکی دیارییکراوی تریـشدا لـە

---

41 ناسـراوترین سیاسـەتکاری کریـستیانیی لـە کوردسـتانی عێراقـدا فرانـسۆ هەریرییـە. ئـەو ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی بـوو(وێـڕای کاریگـەریی لـەنێو مەکتـەبی سیاسـییدا). تـاکو سـاڵی ٢٠٠٠ پارێزگـاری هـەولێر بـوو، ئەنـدامی پارلـەمان و وەزیـری هـەرێم و سـەرۆکی زۆربـەی لیژنـە نێوخۆییـەکانی پارێزگای هەولێر بوو تاکو لە مارتی ٢٠٠١دا غافڵکوژکرا.

42 هەروەها تورکمانەکان دەڵێن کە هەولێر لە بنەڕەتدا شارێکی تورکمانییە تاکو ئەوەی کوردیی بێت. بەهەمانـشێوە، ئاشـوورییەکانیش دەڵـێن گوایـە هـەولێر شـارێکی ئاشـوورییە. هـەمان نـاکۆکیی لەسـەر کەرکوکیش هەیە.

ئووتی ١٩٩٨دا، پارتی ئۆفیسەکانی بەرەی تورکمانی کردە ئامانج لە هەولێر، پاش ئەوەی کە چالاکیی سیاسیی ڕێکخراوەکەی زێدەکرد.[TS]

## پێکهاتەی ئابووریی کوردستانی عێراق

پێکهاتەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق کاریگەرییەکی مەزنی شێوازە سوننەتییەکەی بەرهەمهێنانی پێوەدیارە، دەزگا کشتوکاڵییەکانی کۆمەڵگا ژێرخانێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی رادەگەیەنێت، هەروەها پاشتر شێوازگەلێکی پەیوەندییە شەخسییەکانیش کە بڕیارسازیی کوردیی و چالاکییە سیاسییەکان بەڕێوەدەبات.[TT] "دزیجێیل" تێبینیی سیستمە خێڵەکییە کوردییەکەی عێراقی کردووە کە ریشەی خۆی لە چالاکییە کشتوکاڵییە نیشتەنییەکان و هەروەها جووتیارانی نیمچەکۆچەر داکووتاوە، هەروەها دواتر لەم خاڵی ئامارژەکردنەوە وەسفی پەرەسەندنی ستراکتۆرە خێڵەکییەکەی داوە.[TU] ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان میراتێکی لەکوردستانی عێراق بەجێهێشتووە، هەروەها ریشەی پەیوەندییە خێڵایەتییەکان و پلەبەندی خێڵایەتیی دەتوانرێت لە شێوازە سونەتییە کشتوکاڵییەکە بدۆزرێتەوە.

ئەم بیرۆکەیە، خۆی لەخۆیدا، بۆ کوردان ناوازە نیە، بەڵام یەکێکە لەو بیرۆکانەی کە زۆربەی جار لە شیکاریی سیاسەتە کوردییەکەدا پشتی پێدەبەسترێت. دەگونجێت کۆڵینەوەی هەلومەرجە ئابوورییەکەی کوردستانی عێراق هاوکارییەکی زیاتر بۆ تێگەیشتنی سیاسەتە کوردییەکە فەراهەم بکات. هەروەها "میتشێل لیزەنبێرگ" تێبینیکردووە کە :"بەئاگابوون لەبەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەتوانێت سەرنجێکی

---

[43] P. Marr, *The Modern History of Iraq*, Boulder CO: Westview Press, 1985, pp. 164–6.

[44] بۆ بەڵگەی ئەم پەیوندییانە بڕوانە:

: E. Leach, *Social and Economic Organisation of the Rowanduz Kurds*, Monographs on Social Anthropology No. 3, LSE, London: Percy Lund, Humphries & Co, 1940, pp. 13–27; Dzeigiel, op. cit., pp. 35–48.

[45] Dzeigiel, op. cit., pp. 36–48.

باشتر بداتە هاندەرەکانی ئاکاری سیاسیی، ئەوەکەی بە پێچەوانەوە فرە ئەستەمە بە شێوەیەکی ژیرانە روونبکرێتەوە."[46]

زێدە بایەخدار تر بریتییە لەو گۆڕانانەی کە ستراکتۆری ئابوورییە کوردییەکە سەپاندوویەتی، هەروەها ئەو کاریگەرییانەی گۆڕانگەلێکی خێرای بەو چەشنە هەیبووە. ئەو گۆڕانکارییانەی لەسایەی کاریگەریی سیاسەتە زیانبەخشەکانی حکومەتی عێراق و رووداوەکانەوە تووشی کوردستانی عێراق هاتووە، دەتوانرێت لەبواری ئابوورییدا بەڕوونیی ببینرێت. چ ستراکتۆرێکی ساغڵەم پێویستە سەبارەت بە بواری کشتوکاڵیی، لەگەڵ زۆربەی ئەو داهاتەی کە لەژێرخانەوە دەستدەکەوێت، هەروەها ئەو راژانەی بەهۆی داهاتێکی زۆری نەوتەوە فەراهەمدەکرێت، کە لەراستییدا لاواز ببوو.[47] لەماوەی سالانی هەشتاکاندا، حکومەتی عێراق پارەیەکی زۆری لە کوردستانی عێراقدا خەرجکرد و توانی لەڕێگەی داهاتی نەوتەوە ئەوە بکات. ئەم خەرجکردنە زۆر و زەوەندە عێراقی بەرەو شارنشینیی برد، لەوانەش ناوچە کوردییەکان، ئەوەش کەلتووری پشتبەستنی بە حکومەتی ناوەندیی لەنێو کۆمەڵگای کوردەوارییدا هێنایەکایەوە، ئەو هەڵوێستەی زاڵبوون بەسەریدا فرە سەخت بوو.[48]

ئابووریی عێراق بەگشتیی و کوردستان بە تایبەتیی لەئاکامی جەنگی ئێران–عێراق وێرانبوو. لەوماوەیەی دوای دەسەڵاتداریی حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراقدا، هێزە سەربازییەکانی حکومەتی بەعس لە هەڵمەتەکانی بەدناوی ئەنفالدا وێرانکارییەکی بێوێنەیان بەسەر ناوچە گوندنشینەکان کوردستانی عێراقدا هێنا. بەوەش دەزگا کشتوکاڵییەکان و ستراکتۆری ئابووریی گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هات. ماوەی پاش جەنگی دووەمی کەنداو، ئەوەی بەخۆوەبینی کە ئابووریی

---

[46] M. Leezenberg, *Refugee Camp or Free Trade Zone? The Economy of Iraqi Kurdistan Since 1991*, unpublished paper, University of Amsterdam, Netherlands, 1999a, p. 2.

[47] Ghassemlou, op. cit., pp. 85–8; Sajjadi, op. cit., p. 49.

[48] بۆ شیکاریی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیی–ئابوورییەکانی عێراق بڕوانە:
Marr, op. cit., p. 285; Leezenberg, op. cit., p. 2.

کوردستانی عێراق خرایە ژێر دوو ئابلۆقە. یەکەم، لەلایەن یوئێن و ئەوی دیکەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. ئەوەش لەواقیعدا گەمارۆیەکی گشتیی و گەمارۆیەکی تایبەتی لەنێو گەمارۆی یەکەمدا بەسەر ئەم ناوچەیەدا سەپاند.[٢٧] ئەم گەمارۆیانە نەهامەتییەکی مەزنی بۆ گەلی عێراق و گەلی کوردستانی عێراق پێکهێنا، بەڵام ئەم نەهامەتییە ئاراستەیەکی گرتەبەر کە جۆرە سارێژکردنەوەیەکی ئابوورییە لاوازە کوردییەکە چاوەڕێی بوو– ئەو پشتبەستنەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ سیستمەکە هاتبووەئارا – بەدوورخستنەوەی هەر سەرچاوەیەکی دەرەکیی پشتگیریی ئابووریی.

ئەم قۆناغە بۆ کوردان نەهامەتییەکی گەورە بوو، بەڵام کاتێك حیزبە سیاسییە کوردییەکان و ح هـ ك دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا نەرمکرد، هەروەها بە هاوکارییەکی سنووردار کە ئاژانسەکانی یوئێن و ئێن جی ئۆکان فەراهەمیان دەکرد، ئابووریی کوردیی واپێدەچوو کە رووی لە باشبوون کردبێت. بەتایبەتی لەبواری فرە گرنگی کشتوکاڵییەوە. هەرچەندە، بەرنامەو جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن، دواتریش نوێکردنەوەی ئەم بڕیارە، ئەو پەرەپێدانەی لاوازکرد کە لەساڵی نەوەتەکاندا هاتبووەئاراو دیسانەوە کەلتووری پشتبەستنی لەنێو خەڵکی کورددا بە وەرگرتنی ئەو بڕە خۆراکە خۆڕاییە هێنایەکایەوە. هاوکات ئەوباشبوونەی بواری کشتوکاڵیشی لاوازکرد بەوەی کە هیچ یەك لەو خۆراکانە لە هەرێمە کوردییەکەی عێراق نەدەکڕدران. لەوەش زیاتر، ئابوورییەکی چالاکی نافەرمیی کە لەسەر ئەو هاوکارییانەو هەروەها بازرگانی بنیاتنراو، ئەوەی وایکرد رێکخستنی ئابووریی کوردستانی عێراق فرە سەخت بێت.

---

[49] بڕیاری ٦٦١ی ئەنجومەنی ئاسایشی لە ٦ی ئووتی ١٩٩١دا دراو داوا لە هەموو دەوڵەتە ئەندامەکان کرا کە گەمارۆیەکی گشتگیری دارایی و ئابووریی بسەپێنن. گەمارۆی نێوخۆ پاش کێشانەوەی حکومەتی عێراق و هێزەکانی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ سەپێنرا.

## شێوازی سوننەتیی کشتوکاڵی بەرهەمهێنان

پەیوەندییەکانی نێوان سیاسەتو شێوازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن نەزیە ئەیوبییەوە روونکراوەتەوە، ئەو گوتوویەتی کە:" زۆربەی شێوەکانی دەسەڵات...لەزۆربەی حاڵەتەکاندا لەسەر بنەما ئابوورییەکان بنج دادەکوتێت. هەروەها بەشێوەیەکی فرە تایبەت، لەسەر شێوازی بەرهەمهێنان."[UP]ئەیوبیی زیاتر سەبارەت بە ئابووریی سوننەتیی قساندەکات بەوەی :" شێوازی بەرهەمهێنان" هێزەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەخۆدەگرێت، ئەوەکەی دواییان تایبەتمەندیی شێوەکانی رێکخستنی پرۆسەی کارکردن بەرجەستە دەکات. خاوەنداریی و دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها دابەشکردنی زێدەبایی ئابووریی. مشتومڕ لەمەڕ ئەوەش کراوە کە ئەم مەرجگەلە لە ستراکتۆرە سەرکەوتووەکانی سیاسەتو کەلتووریی بەگشتیی پێکدەهێنێتو رەنگی لێدەدات.

پێش ئەوەی شۆڕش لە رێگەی ململانێ سیاسییەکەی نێوان کوردو حکومەتی عێراقەوە خۆی بەرجەستەبکات، هەروەها قەیرانەکانی دواتری حکومەتی عێراقو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی، ئابووری خۆماڵیی لە کوردستانی عێراقدا لەسەر کشتوکاڵ بنەمای گرتبوو. هەروەها دەرهێنانی نەوت لەو ناوچانەی دەوروبەری کەرکوك کە کورد تێدا باڵادەستە دەگونجێت بەڵگەی ئەوە بێت کە ئابووریی نەوت دەشێت بەهەمانشێوە وەك شێوازێکی سروشتیی بەرهەمهێنانی ئابووریی بناسرێت. بەتایبەت کە بەشێکی گەورەی داهاتی نیشتمانیی لەم سەرچاوەیەوە بوو.[UQ] هەرچەندە، کاریگەریی پیشەسازیی نەوت بەهەمانشێوەی ئەوەکەی شێوازی سوننەتی بەرهەمهێنان بوو. بژاردەی سیاسیی لەکوردستانی عێراقدا خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نەبوون، دەستیان بەسەر هێزەکانی کاریشدا نەدەڕۆیشت، بەگوێرەی ئەیوبیی، ئەو دوانەش پێویستیی داواکراوی گرنگ بوون بۆ شیکاریی کاریگەریی

---

[50] N. Ayubi, Over-Stating the Arab State: Politics and Society in the Middle East, London: IB Taurus, 1995, p. 38.
[51] Sajjadi, op. cit., p. 49.

شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنان بۆسەر ستراکتۆرە سیاسییەکە.[52] ئەم مشتومڕە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان بەدەستەوەگرتنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ستراکتۆری سیاسیی پشتگیریی تێبینییەکانی قاسملودەکەن کە دەڵێت:

"تایبەتمەندییەکی سەیرە کە پرۆلیتاریای پیشەسازیی کوردستان سەریهەڵداوە بێئەوەی هاوکات پیشەسازیی بۆرژوای نیشتمانیی کورد سەرهەڵبدات، ئەم دیاردەیە دەشێت لەو راستییەدا روونبکرێتەوە کە ماف ئیستغلالکردنی نەوت لەدەستی کۆمپانیا ئیمپریالیستییەکانەوە یاخود لەبندەستی کەرتی دەوڵەتییدایە."[53]

کاریگەریی پیشەسازیی نەوت بەشێوەیەکی سەرەکیی لەڕێگەی ئەو خەرجییانەی حکومەتی عێراقەوە هەستی پێدەکرێت تائەوەی زیاتر راستەوخۆ لەسەر رێکخستنە ئابووریی و سیاسییەکان دەربکەوێت، بەوەی کە رێکخستنی گشتیی ئابووریی لە کوردستانی عێراقدا هەر بەشێوەی کشتوکاڵیی مایەوە.[54] بوارەکانی دیکەی پیشەسازیی بە چەقبەستوویی و پەرەنەسەندراویی مایەوە. بۆنموونە: کانزاکاریی، بەپلەیەکی کەم چووەپێش، هەروەها بنەمایەکی سووکی پیشەسازیی لێ مابووەوە.[55]

## هەلومەرجی ئابووریی پێش رێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥

کوردستانی عێراق بەدەگمەن ماوەیەکی درێژی لە ئاشتیی و سەقامگیرییدا تێپەڕاندووە، بەڵام ماوەی پێش ناوەڕاستی ١٩٧٠کان، بەتایبەت پێش دەستپێکردنی شۆڕشی چەکدارانەی ساڵی ١٩٦١، دەتوانرێت بەماوەیەکی لەوجۆرە لەقەڵەمبدرێت. ئەوەی رێی بە سەقامگیرییەکی رێژەیی دا، بەڵام گرفتەکانی ئەو ماوە بەراییە هەمان قەبارەی ئەو گرفتانەی نەبوو کە لەناوەڕاستی ١٩٧٠کاندا تەقینەوە.

---

[52] ئەیوبی لەڕووی ئاماژەدان بە سەرچاوەکانی دەسەڵات مشتومڕی لەبارەی ئەمەوە کردووە:
Ayubi, op. cit., p. 38, quoting Runciman, *A Treatise on Social Theory*, Cambridge: Cambridge University Press, 1989.
[53] Ghassemlou, op. cit., pp. 85–6.
[54] Sajjadi, op. cit., p. 49.
[55] Ghassemlou, op. cit., p. 85.

خشتەی ٣ : ٥ بەرهەمهێنانی گەنم‌و جۆ لە ساڵی ١٩٨٠

| | بەرهەمی دانەوێڵە(٠٠٠تەن) | ٪ | بەرهەمی جۆ(٠٠٠تەن) | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| کوردستانی عێراق | ٤٤٠ | ٤٥ | | ٣٣,٣ |
| باقی تری عێراق | ٥٣٦ | ٥٥ | | ٦٦,٧ |
| تورکیا | ٩٧٦ | ١٠٠ | | ١٠٠ |

سەرچاوە: M.Sajjadi, Stata of Economy in Kurdistan,1992.

## کەرتی کشتوکاڵیی

کشتوکاڵ بڕبڕەی پشتی ئابووریی کوردستانە، ئەم ئابوورییە لەرابردوودا هێندە بەهێزبوو کە ناوچەکەی بازاڕەکانی میسۆپۆتامیا، سوریا، تورکیا، دەوروبەری قەفقاس‌و ئێران بۆ چەندین سەدە بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی خۆی پڕدەکرد.[56] دەتوانرێت باڵادەستیی کشتوکاڵ لە ژمارەی ئەو خەڵکانەوە ببینرێت کە لەماوەی حەفتاکاندا پشتیان بەو کەرتە دەبەست. بەگوێرەی سەجادیی، زیاتر لەنیوەی خەڵک تا کۆتایی ساڵانی حەفتاکان پشتیان بەو کەرتە دەبەست، هەروەها "ڤانلی" ئەو ڕێژەیەمان پێشاندەدات کە ساڵی ١٩٧٥دا ٥٥٪ی خەڵکەکە بەو کەرتەپشتبەستووبوون.[57] زیاتر لەوەش، سەجادیی باسی لەوە کردووە کە کوردستانی عێراق ٤٥٪ی دانەوێڵەی عێراق‌و سێیەکی بەرهەمی جۆی ئەم وڵاتە ڕەنێو دێنێت.(بڕوانە خشتەی ٣ :٥)

هەرچەندە، کوردستانی عێراق وەك خاکێکی بەپیت ناسێنراوە، کەمتر لەنیوەی خاکەکەی بۆ کێڵان‌و کاری کشتوکاڵیی گونجاوە، لەوەش تەنیا ١,١ ملیۆن هێکتار زەوی تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ کێڵراوە.[58] ئەمە ئاشکرابوو لەسەرەتای دەرهێنانی

---

[56] Dzeigiel, op. cit., p. 36.
[57] Ibid.
[58] Ibid.

بەرفراوانی نەوتدا، بەتایبەتیی لەو کاتەدا کە دەوڵەت دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەسەر پیشەسازیی نەوتدا زامنکرد لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥، تا گورزلێدان لەکەرتی نێوخۆیی کشتوکاڵیی.[59] "جۆی ستۆرك" وای هەڵسەنگاندووە کە تێکڕای ئەو زەوییانەی کێڵراون یان بۆ کێڵان گونجاون لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨و ١٩٧٧دا نزیکەی زیاتر لە ٣٠٪ کەمیکردووە.[60]

کوردستانی عێراق لە ساڵانی حەفتاکاندا هەرێمێکی پلەباڵای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بوو، هەرچەندە، چەند گرفتێکی نێوخۆییش هەبوون کە زادەی کێشەی بەرنامەکانی ریفۆرمی زەوی بوون. بەرزترین پلە کە لە کوردستاندا بە بنەما وەرگیرابوو، بریتییبوو لە ٢٥٠ هێکتار لە زەوی بەراو، لەگەڵ ٥٠٠ هێکتار لە زەوی دێم. بەڵام ئەو ڕێژەیە تا ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان بەتەواویی جێبەجێ نەکرا.[61]

جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەیەك شێواز بەڕێوەنەچوو. ئاکامی هەراو شۆڕشە نێوخۆییەکان، چەندبارە گۆڕانی سیاسەتەکانی حکومەتو کارمەندە مەدەنییەکان، لەگەڵ داڕشتنەوەکانی یاسای کشتوکاڵیی، ژینگەیەکی ناجێگیریان لەناوچە گوندنشینەکاندا پێکهێنابوو. لەوەش زیاتر، یەکێك لە دەرهاویشتەکانی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بریتییبوو لە دەستبەسەرداگرتنی زەوییە هەرە بەرهەمهێنەرەکان لەلایەن ئاژانسەکانی دەوڵەتو بەقازانجی حکومەتی عێراق.[62] ئاکامەکەشی، دابەزینی توانای کایەی ئابووریی و هەروەها زێدەبوونی

[59] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو گۆڕانەی کە پیشەسازیی فراوانکردنی نەوت لە ستراکتۆری ئابووریی عێراقدا لەو کاتەدا هێنایەئارا، بڕوانە:

J. Stork, ‘State Power and Economic Structure: Class Determination and State Formation in Contemporary Iraq’, in T. Niblock (ed.), *Iraq: The Contemporary State*, London: Croom Helm, 1982, pp. 27–46.

[60] Dzeigiel, op. cit., p. 34.

[61] Sajjadi, op. cit., p. 50.

[62] Ibid.

کۆچی گوندنشینانی بەرەو شار لێکەوتەوە.[٦٣] ناوچەکانی گوندنشین لەهێزی کارو شارەزایی دابڕان و گرفتە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی نێو شارەکان پەرەیانسەند.

## کەرتی نەوت

نەوت فاکتەرێکی باڵادەستی ئابووریی عێراقە، هەروەها بەهەمانشێوە، قسەیەکی باوە کە نەوت بەشی هەرەگرنگی ئابووریی کوردستان پێکدەهێنێت.[٦٤] وەك مشتومڕمان لەبارەوە کرد، ئەمە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دروستە، هەرچەندە، زۆربەی کێڵگە نەوتە سەرەکییەکانی عێراق دەکەونە ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانەکەی کوردن، ئەو راستییەی کە ئەم کێڵگانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەرداگیراوە نەك کوردان خۆیان، ئەوەش مانای ئەوەیە تەنیا ئەو قازانجانەی کوردان لەم کێڵگانەی دەبەن سنووردار بێت لەو کرێکارییەدا کە لە پیشەسازیی نەوتدا بەڕێوەدەچێت، چ لە کەرکوك یاخود لە بان بۆرییەکان یان سیستمی دابەشکردن، هەروەها خەرجێکانی حکومەتی عێراق لە داهاتی بەرزی دەستکەوتووی نەوتەوە دابیندەکات.

تا کاتی سەپاندنی گەمارۆکە، بەرهەمی نەوت بە ٩٠٪ هەناردەی عێراق لەقەڵمدەدرا، هەروەها لە ترۆپکی بەرهەمهێناندا رۆژانە زیاتر لە ٣ملیۆن بەرمیل رەوانە دەکرا، وێڕای بوونی ١٠٠ بلیۆن بەرمیلی هەڵگیراو.[٦٥] زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق کەوتۆتە کەرکوکەوە، وێڕای ئەو بڕە هەڵگیراوەی کە بە ١٦٠٠٠ملیۆن بەرمیل مەزنەندە دەکرێت، هەروەها بەڕێژەی دەرهێنانی رۆژانەی ٢٠٨ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ١٩٨٨دا.[٦٦]

---

63 Ibid.
64 Ibid., p. 52; Dziegiel, op. cit., pp. 35–6.
65 J. Dreze and H. Gazdar, 'Hunger and Poverty in Iraq, 1991', *World Development*, Vol. 20, No. 7, 1992, pp. 921–45, pp. 922–3.
66 Europa, Middle East and North Africa, 1990, p. 168.

## کەرتی گشتیی

لەوانەیە مەزنترین کاریگەریی پیشەسازیی نەوت بەسەر کوردستانی عێراقەوە هەبێت بریتییبێت لەو بالادەستییەی کەرتی گشتیی لە ئابووریی هەرێمییدا. ئەم کەرتە پێکدێت لە هێزە چەکدارەکانو خزمەتگوزارییە حکومییە مەدەنییەکان کە کارگێڕییو خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان دەگرێتەوە. ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان لە عێراقدا لەنێو بەرزترین ئاستەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دانیپێدانرابوو، بەلام پێویستی بە هێزێکی کاریگەری گەورە هەبوو تا وەلامدەری داواکارییەکانی کەرتی گشتیی بێت.[VW]

هەلومەرجەکەی کوردستانی عێراق هاوشێوەی هەلومەرجی باقی دیکەی ولات بوو، بەتایبەت پاش ئەوەی کە وەزارەتی کاروباری باکوور بۆ حکومەتی عێراق دامەزرێنرا. ئەو وەزیرەی کە دامەزرێنرا تا ئەرکی بنیاتنانەوەی کاریگەری کوردستانی لەپاش شۆڕشە کوردییەکەی سالی ١٩٦١-١٩٧٠ جێبەجێبکات، سامی عەبدولڕەحمان بوو.[VX] لەهەر ناوەندی قەزایەکدا چەندین خوێندنگاو خەستەخانە بنیاتنران. سامی خۆی دەلێت کە وەزارەتەکەی لە بنیاتنانی ٦٠٠ خوێندنگە، ١٨٠٠٠ خانوو، ١٥ ئوتێلو قیرتاوکردنی ٢٥٠٠ کم رێگا بەرپرسیار بوو.[VY] لەڕووی بنیاتنانی پرۆژەکانەوە، سامی سالانی ١٩٧٠-١٩٧٤ی وەك: " قۆناغێکی زێڕین" بۆ کورد وەسفکرد، بەتایبەت کە پارێزگار خۆی ئەندامێکی پارتی بووو نفوزی دەولەتی عێراق زۆر لاواز بوو.[WP] ستراکتۆری کارگێڕیی پارێزگاکان لەبەشە کوردییەکەدا هاوشێوەی ئەوانە بوو لە پارێزگاکانی دیکە هەبوون، هەرچەندە، بەگوێرەی سامی،

---

[67] Dreze and Gazdar, op. cit., p. 923.

[68] هەروەها سامی مفاوزی سەرەکیی رێکەوتننامەی مارتی ١٩٧٠ بوو بۆ ئۆتۆنۆمیی، ئەو نها بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی پارتیە.

[69] چاوپێکەوتن لەگەل سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین،٣ ئەپرل ١٩٩٨.

[70] Ibid.

زۆر لە پۆستە سەرەکییەکان لە کارگێڕییەکەدا بە عەرەب درابوون زیاتر لەوەی کورد بن.[71]

هەربۆیە ئابووریی کوردستانی عێراق لەڕووی بەکارهێنانەوە بەگشتیی کشتوکاڵ بوون، بەڵام لەڕووی ماددییەوە پشتی بە داهاتی دابەشکردنی نەوت دەبەست. بەشبەشبوونی پیشەسازیی مەزنی نیشتمانیی، لەگەڵ ئەو کێڵگانەی کەوتبوونە ناوچە کوردنشینەکانەوە بەڵام لەبندەستی دەوڵەتدا بوون. وایکرد کە کاریگەریی لەسەر ستراکتۆری ئابووریی-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردیی هەبێت، هەروەها سەرکەوتنی لە هێنانەکایەی چینێکی مەزنی ناوەنجی هێنایە کایەوە کە پشتی بەحکومەتی ناوەندیی دەبەست. کشتوکاڵی کوردیی لەسایەی فشارەکانی ناسەقامگیریی سیاسییەوە کە زادەی شۆڕشە کوردییەکە بوو دەیناڵاند، هەروەها بەدەست دەستەگەرایی نێوخۆی کوردانەوە، هەروەها بەهۆی هەوڵەکانی ریفۆرمی زەوییەوە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. پیشەسازیی بەلاوازیی پەرەیسەندو چەند کوردێکی کەم لەو بوارەدا کەوتنەکار. سیستمی زامنکردنی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان بوو، لەلایەن ئەو داهاتەوە پشتگیریی دەکرا کە لەفرۆشتنی نەوتەوە کۆدەکرایەوە. هەربۆیە، پشتبەستن بەدابەشکردنی سامانی نەوت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گەشەیکرد، بەتایبەت لەنێو دانیشتووانە پەرەسەندووە شارنشینەکاندا.

## ئابووریی لە ساڵانی ١٩٧٠ کان و ١٩٨٠ کاندا

ئابوورییە بەهێزە پەرەسەندووەکە لەساڵی ١٩٧٥دا تووشی کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو هات. شۆڕشە کوردییەکەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٠ بە ئاگربەستێکی نێوان مەلامستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و هەروەها حکومەتی عێراق کۆتاییهات و بووەهۆی رێکەوتننامەی مارتی ١٩٧٠. هەرچەندە، هەلومەرجەکە لەئاکامی ناڕازیبوون سەبارەت بە دیارییکردنی سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە تێکچووەوە و

[71]Ibid.

دیسانەوە لەساڵی ١٩٧٤دا شەڕ هەڵگیرسایەوە بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق نرخێکی بۆ ئەو پابەندبوونانە دانەنا کە ساڵی ١٩٧٠ پەسەندی کردبوو.[72] کێشانەوەی یارمەتی ئێرانییەکان لە پارتی پاش ڕێکەوتنی جەزائیر لە مارتی ١٩٧٥دا لەنێوان عێراق و ئێراندا بووەهۆی شکستهێنانی جووڵانەوە کوردییەکەو شێواوی لەهێزەکانی پارتیدا، بەوەش نزیکەی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ لە کوردی عێراق، سیڤیل و پێشمەرگە، هەڵاتن بۆ ئێران.[73]

## ڕێکەوتننامەی جەزائیر

حکومەتی عێراق بۆئەوەی ڕێگا لەوە بگرێت پارتیزانە کوردەکان لە ناوچە سنوورییە شاخاوییەکاندا جێی خۆیان بکەنەوە، پشتێنەیەکی فراوانی زەمینی بەپانی ٥-٣٠ کم بەدرێژایی سنوورەکانی ئێران و تورکیا وەك ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیاند.[74] ناوچەکە چۆڵکرا ، گوندەکان وێرانکران، دارەکان سووتێنران و بیرو کانیاوەکان بە کۆنکرێت کوێرکرانەوە، ئاماری ئەو گوندو ناوچە وێرانکراوانەی لە ساڵی ١٩٧٥ فرە جیاوازە. چونکە جیاکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی ڕێکەوتننامەی جەزائرەوە وێرانکرابوون لەو ناوچانەی کە دواتر لە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی عێراقدا لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا کاولکران، کارێکی گرانە. سەجادیی ژمارەی ئەو گوندانەی بەدرێژایی سنووری ئێران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وێرانکرابوون بە ٨٠٠گوند داناوە، هەروەها مکدۆواڵ ئاماژەی بە ٥٠٠ گوند کردووە کە لە یەکەم

---

[72] Stichting Nederland-Koerdistan, *Iraqi Kurdistan 1991–1996: Political Crisis and*
*Humanitarian Aid*, Amsterdam: Netherlands Kurdisan Society, 1996, p. 7.

[73] عێراق سەری بۆ ئێران دانەواند لە ململانێکەیدا سەبارەت بە شەتولعەرەب، لەبەرامبەردا دەبوو ئێران دەستی لەپشتگیریی خۆی بۆ شۆڕشە کوردییەکەی عێراق هەڵگرێت .

[74] McDowall (1996) op. cit., p. 339; K. Karadaghi, ‘The Two Gulf Wars: The Kurds on the World Stage, 1979–1992’, in G. Chaliand (ed.) *A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan*, New York: Olive Brach Press, 1993, p. 216.

قۆناغی ئۆپەراسیۆنەکاندا وێرانکرابوون، لەگەڵ ئەگەری بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو گوندانە بۆ ١٤٠٠ گوند لە ساڵی ١٩٧٨دا.[75]

خەڵکە داگیراوەکانی ئەم ناوچە قەدەغەکراوانە خزێنرانە نێو ئۆردوگا زۆرەملێ بەدناوەکانەوە، دیسانەوە ژمارەی جۆربەجۆر،لانیکەم ٦٠٠٠٠٠ پیاوو ژنو منداڵ ناچارکران گوندەکان جێبهێڵن روو لەم ئۆردوگایانە بکەن کە بەتایبەت بۆ ئەم مەبەستە بنیاتنرابوون.[76] هەرکەسێك ریسکی گەڕانەوەی بکردایە رووبەڕووی سزای تیرەبارانکردن دەبووەوە کە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە کەلە ئۆردوگاکە بنکەیان دانابوو.[77] ئامارکردنی ئەم زیانانە بۆ کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی وردو دروست کارێکی مەحاڵە، چ لەڕووی زیانی رەهای مادییەوە، وێرانکردنی ژینگە، یان لەڕووی لەدەستدانی زانیارییەوە. ناوچە گوندنشینەکان بەتایبەتی وێرانبوون. کامەران قەرەداغی تێبینییکردووە کە :

" راگواستنەکان، دامەزراندنی گوندە نوێیەکان، قەرەبووپێدانی کۆچاندن، تێکڕای ئەمانە پاش ساڵی ١٩٧٥ سەدەها ملیۆن دیناری عێراقی لەسەر حکومەتی عێراق کەوتن. زیانی راستیینە بریتییبوو لە وێرانکردنی ژێرخانی ئەم ناوچە کشتوکاڵییانە، کە بلیۆنەها دینار بوو. بەدڵنیاییەوە، لەم کاتەدا پارە لەکوردستاندا خەرجدەکرا، بەڵام نەك بۆ مەبەستی پەرەپێدانەوە، بەڵکە بۆ گۆڕینی هاوسەنگی دیمۆگرافی لەرێگەی عەرەباندان(تەعریب) بەچەندین شێوازی جیاواز."[78]

ئەم سیاسەتە سیستماتیکە وێرانکارانەیەی ژێرخانی ناوچە گوندنشینەکانو راگواستنی لادێییەکان لەماوەی سالآنی ١٩٨٠کاندا بەتوندیی بەردەوام بوو، کاتێك پەیوەندییەکانی نێوان حیزبە کوردییەکان (بەتایبەت پارتیو یەکێتی)و پچڕانو بەتەواویی روویان لە خراپیی کرد، هەروەها کاتێك پەیوەندییەکانی نێوان

---

[75] Sajjadi, op. cit., p. 51; McDowall (1996) op. cit., p. 339.

[76] قەرەداغی مەزەندەی کردووە کە ٧٥٠,٠٠٠کەس لەم شارۆچانە راگوێزراون. بڕوانە:
Karadaghi, op. cit., pp. 216.

[77] McDowall (1996) op. cit., p. 339.

[78] Karadaghi, op. cit., pp. 216–17.

پێشمەرگەی کوردو هێزە سەبازییەکانی ئێران زێدەبوون. ئامانجی ئاشکرای حکومەتی عێراق ئەوەبوو توانای شەڕکردنی پێشمەرگەکان لە شاخەکاندا لاواز بکات، بەلام دەگونجێت هاوکات ئامانجی لاوازکردنی کۆمەڵگای کوردیش بووبێت بۆ سەرەتاییترین ئاست لەرێگەی وێرانکردنی بنەما کشتوکاڵییەکانی هەرێمەکەو ناچارکردنیان بۆ پشتبەستن بە داهاتی نەوتەکە بەدەستی حکومەتی عێراق خۆیەوە بوو. هەڕەشە هاوبەشەکانی سوپای ئێران‌و پێشمەرگە کورد بانگی بەدناوترین پەلاماری دژی دانیشتووانی کوردی عێراق دا کە پێش ئەوکاتە هێشتا رووی نەدابوو.

## جەنگی ئێران-عێراق‌و هەڵمەتەکانی ئەنفال

ئەو تاکتیکگەلەی لەماوەی ساڵی ١٩٧٥ دا بەکارهێنرا، بەشێوەی هێرشێکی بەربلاوتر دژی ژێرخانە کوردییەکە گیرایەبەر، کە لەهەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفالدا لەکۆتایی سالانی ١٩٨٠کاندا گەیشتە لوتکە، تایبەتمەندیی ئەم هەڵمەتانە وێرانکردنێکی سەرتاسەریی ژینگەی گوندنشینەکان‌و ژێرخانی ئابووریان بوو، هەروەها راگواستنی کوردو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی خەڵکی سیڤیل . لەوەش زیاتر، بەدرێژایی ئەم ماوەیە، هەروەها کاریگەریی ئابووریی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە بڕیارە سەربازییەکان، وێرانکردنی ژێرخانی ئابووریی، هەروەها راگواستنی دانیشتووان، هەروەها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش لەئاکامی دابەزینی داهاتی گشتیی نەوت، بریتییبوو لە جەنگی ئێرتن-عێراق کە لە ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا هەڵگیرسا. ئەم جەنگە کاریگەریی قووڵی لە کوردستانی عێراق کرد، چونکە هەرێمەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بوو بە مەیدانی جەنگ.

جەنگی ئێران-عێراق ئابووریی عێراقی هەڵوەشاند. لەسەرەتای پەلامارەکاندا، وا مەزەندە دەکرا کە عێراق ٣٥ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی لە بانکەکانی بیانییدا هەڵگرتبێت. ئەم بڕە پارە هەڵگیراوە بەخێرایی دیارنەما کاتێك بەرنامەی پەرەسەندنی ئابووریی حکومەتی عێراق تێکەڵ بە خەرجییە زۆرو زەوەندەکانی سوپا کرا کە

مانگانە ١-٢بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو.[WY] هەرچەندە، بە هاوکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بەتایبەت وڵاتی سعودیەو کویت، ئابووری عێراق لەرێگەی قەرزوەرگرتنەوە پشتگیریی لێکرا، ئەم دەوڵەتانە گرفتە کورتخایەنەکانی عێراقیان پەسەندکرد. بەڵام درکیان بە چالاکبوونەوەی درێژخایەنی ئەو دەوڵەتە بە نەوت دەوڵەمەندەیان کردو پێویستیان بە عێراقێکی بەهێز بوو بۆ هاوسەنگیی لەگەڵ ئێراندا.[XP]

هەڵمەتەکانی ئەنفال بریتیبوون لە زنجیرەیەك هێرش و پەلامار دژی پێگە کوردییە-ئێرانییەکان لە کوردستانی عێراقدا کە تەواوی دانیشتووانی لەناوچەیەکی دیارییکراوی گوندنشیندا کردبووە ئامانج بە بەکارهێنانی چەکی سوننەتیی و چەکی کیمیایی. لە شوباتی ١٩٨٨دا نزیکەی ١,٥ ملیۆن خەڵك راگواستران و زیاتر لە ٣٠٠٠گوند تەختکران.[XQ] لە هەمووی بەدناوتر، لە ١٧ی مارتی ١٩٨٨دا (١٦ی مارت راستە/سەردەشتیی) زیاتر لە ٥٠٠٠ هاوڵاتی سیڤیل لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و بۆمبای هێشوویی کوژران. لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکەدا وا هەڵسەنگێندراوە کە ١٥٠-٢٠٠٠٠٠ کەس کوژرابن. ٤٠٠٠ گوندو شارۆچکە وێرانبووبێت، لانیکەم ١,٥ ملیۆن خەڵك بێلانەو بانە بووبن و لەشوێنێکی تر نیشتەجێکرابنەوە، هەروەها لە ژوونی ١٩٨٨دا ٤٥٠٠٠ لە ٧٥٠٠٠کم دووجا لە کوردستان پاککرایەوە.[XR]

---

[79] F. Axelgard, 'War and Oil', in F. Axelguard (ed.) *Iraq in Transition: A Political, Economic, and Strategic Perspective*, Centre for Strategic and International Studies, Georgetown
University, Colorado: Westview Press, 1986b, p. 8.
[80] J. Crusoe, 'Economic Outlook: Guns and Butter, Phase Two?' in F. Axelguard (ed.), op. cit., p. 83.
[81] *Daily Telegraph*, 4 March 1988.
[82] بەگوێرەی یەکێتی، ٣٨٣٩ گوند، ٢٤٥٧ خوێندگا، ٢٧١ خەستەخانەو ناوەندی پزیشکی، وێرانکراوە. هەروەها لە کۆی نزیکەی ١,٥ملیۆن خێزان ٢١٩٨٢٨ی اەشوێنی خۆی راگوێزراوە. راپۆرتی (ECHO) ژمارەی گوندە وێرانەکانی بە ٣٨٨٦ لە کۆی ٤٤٥٩ داناوە.

ئامانجی وێرانکردنی بنکەکانی پێشمەرگە بەهێرشکردنە سەر ناوچە گوندنشینەکان بووەهۆی ئەوەی گوندەکان کەسی تێدا نەمێنێت، چ بەهۆی راگواستنەوە یاخود بەهۆی چۆڵکردنەوە. ئەوەش وایکرد رێژەیەکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییان بەکەڵکی کێڵان نەیەن بەهۆی بوونی مادەی ژەهراویی کیمیایی، یاخود بوونی بۆمبی نەتەقیوو ماین لەو زەوییانەدا. بۆ رێگرتن لە داگیرکردنەوە، حکومەتی عێراق بەتەواویی گوندەکانی تەختکرد. دارەکانی بڕینەوەو کانیاوو کارێزو بیرەکانی کوێرکردەوە.[XS] کاریگەریی ئەم حاڵەتە لەسەر کشتوکاڵ کاولکەر بوو، هەروەها میراتێکی شوومی بۆ سەدەی داهاتوو جێهێڵا.

## دەرئەنجام

ئەگەر تەنیا لە ژمارەکان بکۆڵینەوە، بێئەوەی لە نەهامەتییە مرۆییەکەی پشتی ئەو ژمارانەوە تێبگەین، ئەوا هەلومەرجەکە لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠ کانداو پێش جەنگی دووەمی کەنداو وا دەرناکەوێت کە مەترسییداربێت. پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کوردستانی عێراق بەشێك بوو لە داهاتێکی باڵای ناوەنجیی وڵات لەگەڵ تێکڕای بەرهەمهێنانی نێوخۆ بۆ هەر تاکێك کە نزیکەی ٣٠٠٠دۆلاری ئەمەریکییە، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە بەخۆڕایی فەراهەمدەکرا، خواردن بەرادەیەکی زۆر دابیندەکرا، کە ئەویش بۆ بەهێزی دیناری عێراقیی دەگەڕایەوە. شمەکە هاوردەکان نرخی گونجاویان دەخرایەسەر. دەزگا حکومییەکان موچەیان بەسەر زۆربەی هاوڵاتیاندا دابەشدەکرد، هەروەها بەهۆی بنیاتنانی ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە، زۆر لە دانیشتووان لە کاری بیناسازییدا دامەزرێنران.[XT] ئەم وێنە

McDowall (1996) op. cit., p. 366; D. Menichini, *Evaluation Report on Humanitarian Operations in Northern Iraq*, report prepared on the request of the European Community Humanitarian Office (ECHO), January 1996, pp. 8–9.

[83] Sajjadi, op. cit., p. 51.
[84] Menichini, op. cit., pp. 8–9.

ئایندەییــە گەشــەی عێــراق کــە بەشــێوەیەکی نموونــەیی وێنــاکراوە، لــەم وەســفەی خوارەوەدا دەیبینی:

" ...لەکۆتایی ١٩٨٠کاندا، ٩٢٪ ی دانیشتووان دەستی بە ئاوی پاکی خواردنەوە دەگات، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ٩٣٪ی ئەوانەی لەناوچەی حەوزە ئاوییەکاندا دەژین خزمەتگوزاریی نوێیان بۆ دابینکراوە، تۆڕی حکومیی ناوەندەکانی تەندروستیی و خەستەخانەکان بە باشی بڵاوو لەڕووی کارمەندو دابینکردنی کەلوپەلی پێویستەوە باشەو بەگوێرەی پسپۆڕیی خۆیان لەگەڵ دانیشتووانەکە هەڵدەسوڕێن. عێراق بە سەرکەوتوویەکی بەرچاوەوە سامانی نەوتی بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی ریکوپێك گۆڕیوە، فێرکردن فراوانتر بووە، مردنی منداڵان دابەزیوە.ناوەندی تەمەن بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیادی کردووە." [XU]

هەرچەندە، ئەم وەسفە ئەو راستییانەی شاردۆتەوە کە ٩٠٪ ی گوندەکان تەختکرابوو، دانیشتووانیان لەسەر خاکی باوباپیرانیان راگواسترابو، ناچاکرابوون لە حەفتاو هەشت ئۆردوگادا کۆببنەوە، تەنیا ئەو جووتیارانە مۆڵەتی چوونە سەرزەوییەکانیان هەبوو کە لەحیزبی بەعسەوە نزیك بوون، خەرجی گشتیی بەشێوەیەك بەرنامەی بۆ دانەڕێژرابوو کە لە هیچ بیرێکی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتیی- ئابوورییەکاندا بێت.[XV] ئەوەش بەتایبەت بۆ کەرتی ئابووریی بایەخداربوو، کە لە حاڵەتە لاوازەکەیدا، نەتوانێت هیوای رکابەریی ئەو خواردنە هاوردە هەرزانەی هەبێت کە حکومەتی عێراق لە دەرەوە دەیهاوردن — ئەو هەلومەرجەی کە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش خۆی دووبارە کردۆتەوە.[XW]

ژێرخانی گوندنشینان وێران بوو، ئۆردوگا پڕخەڵکە گەورەکان کە لەسایەی یاسای سەربازییدا بوون خاکی ناچەکەیان دەنەخشاند، دانیشتووانەکەش بۆ گوزەرانیان بەتەواوی پشتیان بە حکومەتی عێراق و سیستمی دابەشکردنی خۆراك

[85] J. Field, ‘From Food Security to Food Insecurity: The Case of Iraq, 1990–1991’, *Geojournal*, Vol. 30, No. 2, 1993 (June), pp. 185–94.
[86] Menichini, op. cit., p. 9 .
[87] Ibid.

دەبەســت.[XX] ناوچــە گوندنــشینەکان چــۆڵکران‌و حیزبــە سیاســییەکان لاوازبــوون. ئامانجی سیاسیی پەیمانی جەزائرو هەڵمەتەکانی ئەنفال بە باشیی تۆمارکراون، بەڵام هەروەها هەڵمەتەکان هێرشی ئابووریی بوون بۆسەر کۆمەڵگای کوردیی، کە ئامانجی لاوازکردنــی ســتراکتۆرەکە بــوو کــە بنــەمای بــۆ شــێوەژیان‌و سیاســەتە کوردییەکــە فەراهەمکرد، هەروەها ئەوەی بەشدارییە بێوێنەکەی کردووە.

وێرانکردنی ئابووریی سوننەتیی کوردان کارێکی گشتگیر بوو، تێکەڵ بوو بە ئاســتێکی بێوێنــە لــەو نەهامەتییــە مرۆییــەی بــەهۆی راگواســتن، بێزارکــردن، تیرەبارانکردنی سەرپێی‌و بەئامانجگرتنی خەڵکی سیڤیل بە چەکی ئاسایی‌و چەکی کیمیایی هاتبووەئارا، لەسەروبەندی داگیرکردنــی کوێــت‌و دەســتپێکردنی جــەنگی دووەمی کەنداودا، کوردستانی عێراق خاکێکی وێرانی بێکاریگەربوو، کۆمەڵگاکەی فرە رێشەکێشکرابوو، حیزبە سیاسییەکانی لاوازوبێ ورە بوون، کوردانیش ببوونە گەلێکی بریندارو ماندوو.

## ئابووریی لەساڵانی ١٩٩٠کاندا

ســەپاندنی گــەمارۆ بەســەر کوردســتانی عێراقــدا، یەکــەمجار لەلایــەن یــوئێن‌و دواتریش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کاریگەرییەکی قووڵی کردەسەر ئابووریی‌و هەلومــەرجی کۆمەڵایــەتیی-ئــابووریی هەرێمەکــەو دانیــشتووانەکەی، ژێرخــانی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی سیستماتیك وێرانکراو بەوەی بۆماوەی ١٥ ساڵ ناوچە گوندنشینەکان کرانە ئامانجی شێواندن‌و هەروەها هەشت ساڵی رەبەقیش کرایە مەیدانی جەنگێکی کاولکار. لەوەش زیاتر، ناوچەکە ناچارکرابوو لەڕووی ئابوورییەوە پشت بەو سیستمە خۆشگوزەرانییە ببەستێت کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دامەزرێنرابوو. هەرچەندە، لەکاتێکدا بە وەسفکردنی ئەم قۆناغە بە

[88] لیزنبێرگ پێشانیداوە کە کۆمەڵگای بەرهەمهێنەری گوندنشینی کوردستانی عێراق گۆڕاوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەکاربەری شارنشینیی:

Leezenberg, op. cit., p. 3.

خەمئەنگێز، هەلومەرجەکە ڕێژەیی بوو. زیاتر لەوەی دارمانی ڕەها بێت، ئەوەی لەعێراق هەمانە هەلومەرجێکە بە ئاراستەی دارمانی خێرا... لەلایەن کۆمەڵگاوە کەپێشتر زیاتر لە سێ دەیەی لەسەر پەرەسەندنی سەرکەوتووانە ئەزموون کردووە."[XY]

## ڕژێمی گەمارۆ

بڕیاری ٦٦١ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٦ی ئووتی ١٩٩ دا وەڵامێکی ئەنجومەنی ئاسایش بوو بۆ داگیرکاریی عێراق بۆ کوێت. ئەنجومەنی ئاسایش هەمان کات کۆمیتەیەکی لە ئەنجومەنەکە پێکهێنا تاکو ئەرکی سەپاندنی گەمارۆکە جێبەجێبکەن، کەگشتیی بە کۆمیتەی گەمارۆی عێراق ناسرابوو.[YP] بڕیاری ٦٦١ی ئەنجومەنی ئاسایش ڕژێمێکی گەمارۆی هەرە گشتگیرو کاریگەر بوو لە مێژوودا، بەتەواوی هەموو هەناردەو هاوردەیەکی عێراقی قەدەغەکرد.[YQ]

ئەم ئابلۆقە گشتگیرە دواتر تۆزقاڵێك شلکرا بەگوێرەی پەرەگرافی بەندی ٦، ڕێگەی بە هاوردەکردنی ئەو کەلوپەلانەدا کە بەتەواوی بۆ مەبەستە تەندروستییەکان پێویستن، هەروەها لە حاڵەتی مرۆییشەوە، بەخۆراك.[YR] دوای وەستاندنی پەلامارەکان و شەڕەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هێزە هاوپەیمانەکان کە ئەمەریکا

---

[89]Field, op. cit.

[90] See P. Conlon, 'Lessons From Iraq: The Functions of the Iraq Sanctions Committee as a Source of Sanctions Implementation Authority and Practice', *Virginia Journal of International Law*, No. 3, 1995, pp. 633–68.

[91] Center for Economic and Social Rig*U*h*N*ts-,*S anctioned Suffering: A Human Rights Assessment*
*of United Nations Sanctions on Iraq*, New York: CESR, 1996, p. 3; H. Gazdar, *The Economy Under Sanctions*, International Conference in Collaboration with the Iraqi Economic Forum on Frustrated Development: The Iraqi Economy in War and Peace, Centre for Arab Gulf Studies, University of Exeter, 9–11 July 1997, pp. 1–2.

[92] Ibid.

سەرکردایەتیی دەکرد، بڕیاری ٦٧٨ی ئەنجومەنی ئاسایش چاوی لە کەرەسە خۆراکییەکانی پۆشی، هەروەها بەئاگاداریی کۆمیتەی گەمارۆکە، ئەو کەرەسەو پێویستییانەی خەڵکی سیڤیلیش.[93] ئەو گەمارۆیەی لەلایەن یوئێنەوە سەپێنرا، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەلاوازکردنی ئابووریيدا هەبوو. ڕێگرتن لە هەناردەکردنی نەوت گورزێکی گەورەی لە ئابوورییدا. ئەوەی "هاریس گەزدار" مشتومڕی لەبارەوە کردووە کە:

" هەتا تەنانەت هاوردەکانیش قەدەغەکرا، کاریگەریی سەرەکیی گەمارۆکە لەڕێگەی داخستنی تەواویی هەناردەکردنی نەوتو سەرچاوەکانی دیکەی خەرجیی، ئەمەش بە توندیی توانای کڕینی دابەزاندو نرخی دراوی قورسی بەرزکردەوە. پێویستیی بۆ دەستبەسەرداگرتنی هاوردەکردن سنووردارکرا بوو. ئاکامەکەشی بە قفڵدانی "کاتیی" ئابوورییەك کۆتاییهات کە داهاتی رادەیەکی باڵا پشتی بە هاوردەکردنی کاڵای بیانیی دەبەستو پارەکەشی لە داهاتی نەوتەوە دابیندەکرا.[94]

بەهاتنی ساڵی ١٩٩٦، بڕی پارەی هەڵگیراوی عێراقیی یەکسان بوو بە کۆی داهاتی گشتیی ساڵانی چلەکان، واتە پێش پەرەپێدانی نەوت. "گازدار" ئەوەی هەڵسەنگاندووە کە بەرهەمی پیشەسازیی ٨٥٪ دابەزیوە. هەروەها هاوردەکردن بۆ عێراق لە ١٠,٣ بلیۆن دۆلارەوە لەساڵی ١٩٨٨دا بۆ تەنیا ٤ بلیۆن دۆلار لەساڵی ١٩٩١دا دابەزیوە،[95] لەوەش زیاتر، ئەو قەرەبووە پێکەوەییەی کە دەبوو بدرێتە کوێت، قەرەبووی ئێران، قەرزی دەرەکیی هەروەها پسوڵەی بەهای ژێرخانی وێرانبوو بەگشتیی خۆی لە زیاتر لە ٥٥٠بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی دەدا.[96] لەساڵی ١٩٩٥دا،

---

[93] SCR 687, 3 April 1991, paragraph 20.
ناساندنی شمەکە نابنەڕەتییەکان ناکۆکییەکی بەرچاوی لەگەڵ شمەکەکانی وەك قەڵەم، کتێبی خوێندنگاو ماشێنی یەدەك هێنایەئارا کە رەتبکرێتەوە، وەرگیراوە لە: CESR, op. cit., p. 4.

[94] Gazdar, op. cit., p. 3.
[95] Ibid., pp. 8–9.
[96] عەباس ئەلنەسراوی تێکڕای بەپارێزەوە بە ٥٨٦بلیۆن دۆلار مەوەندە کردووە :

بەشی مرۆیی یوئێن(UNDHA) ئەوەی مەزەندە کردووە کە چوار ملیۆن خەڵك لە هەژارییەکی سەختدا دەژین، کە ٢٠٪ی دانیشتووان پێکدەهێنن.[٩٧] ئاکامی گەمارۆیەکی گشتگیریی بەم چەشنە سەبارەت بە دانیشتووانی عێراق بەگشتیی، بەرفراوانو کارەساتباربوو. هەرچەندە، کاریگەریی ئەم گەمارۆیە بەسەر هەرێمە کوردییەکەوە جۆراوجۆر بوو. لەکاتێکدا هەلومەرجی ئابووریی سەختبوو، لەڕووی سیاسییەوە، گەمارۆکە سوودی بە کوردستانی عێراق گەیاند. سەبارەت بەو جیاوازییانە، "دەیڤید لۆرانس" تێبینییکردووە کە:

" بۆماوەی نزیکەی دەیەیەك، سێ پارێزگای باکووری عێراق بوونە دەوڵەتێکی دیفاکتۆی کوردستان، ئەوان دراوی خۆیان بەکاردەهێنا، پاسەوانی سنوورەکانی خۆیان بوون، بەپێچەوانەوە، گەمارۆکەی یوئێن کە یارمەتی وێرانبوونی ئابووری عێراقیدا، دەرفەتی مەزنترین پەرەپێدانی ئابووریی بۆ کوردستان هێنا کە لەماوەی بیست ساڵدا بەخۆیەوە نەدیبوو، لەگەڵ ئاستێکی بەرزی هەمیشەیی ئازادییەکانی تاك."[٩٨]

ئەم دژبەرییە لەخوارەوە لەبەرچاوگیراوە، لەگەڵ هەسەنگاندنی ستراکتۆرە ئابوورییەکە کە لەماوەی گەمارۆکەدا لە کوردستانی عێراق پێکهات.

---

A. Alnaswari, *Aftermath of the Gulf War: An Assessment of UN Action*. International Peace Academy, Occasional Paper Series; Boulder, Colorado: Lynne Reinner Publishers, 1994, pp. 152–1).

[97] Durham University Policy Planning Unit, *The Socio-Economic Situation and the Humanitarian Aid Programme in Iraqi Kurdistan*, unpublished report for Department for International Development, London, 1998.

[98] D. Lawrence, ‘Iraqi Kurds Enjoy a De Facto State’, *The Christian Science* Monitor, 3 May 2000, p. 1.

## جووت گەمارۆکە

ئابلۆقەی ئابووریی حکومەتی عێراق بۆ هەرێمە کوردییەکەی عێراق هەوڵێك بوو بۆ ناچارکردنی کورد تا مل بە داوا سیاسییەکان بدەن.[٧٧] رێگەگیرا لە کاڵاکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق کە بچنە نێو خاکی هەرێمەوە کە لەبندەستی کوردانـدا بـوو. ئـەم گەمارۆیـە هـەموو جۆرێـك خـۆراك، دەرمـان و بەرهەمـە نەوتییـەکانی گرتبووەخۆ، لەساڵی ١٩٩٥دا، گەمارۆکە تەواو کاریگەر بوو. شانبەشانی رێگرتن لە هاوردەکردنی کەلوپەل و کاڵا پێویستەکان، گەمارۆیەکی دارایی سەپێنرا، بەوەی کە دانـی موچـەی ئـەو بـڕ هەڵاوسـاوەی کارمەنـدانی حکومـەت وەسـتێنرا، ئەوانـەی کـە ژمارەیان بە ١٦٠٠٠٠کارمەند مەزەندە دەکرا.

چەند هۆکارێك سەبارەت بەو گەمارۆیەی حکومەتی عێراق بۆسەر کوردستان دەخرێتە پێش چاو، "دەیڤید کین" بڕوای بە سیانیانە: یەکەم، گەمارۆی ئابووری بەسەر کوردستانی عێراقدا دەفەتیدا بە سەدام تاکو سوکایەتیی بەکارەکانی یوئێن و زلهێزە رۆژئاواییەکان بکات، ئەوەی ئەو وای دەبینی کە دەستیان بەسەر یوئێندا گرتووە. دووەم، ئەوە رێگەیەکی کاریگەر بوو بۆئەوەی کاڵا دەگمەنەکان لەناوچەکانی بندەسەڵاتی حکومەتی عێراقییدا بهێڵێتەوە. سێیەم، گەمارۆکە کێشەی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەی نەهێشت لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراق سەرچاوەی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبوو بۆئەوەی لەلایەکەوە بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕیی ناوچەی باکوور بکات و لەلایەکی تریشەوە جەنگێکی پارتیزانیی لە شاخەکاندا بەڕێوەبەرێت.[QPP]

---

[99] رووداوەکانی ساڵانی ١٩٩٠–١٩٩١ لە بەشی چوارەمدا پەرەپێدراوە.

[100] D. Keen, *The Kurds in Iraq: How Safe is their Haven Now?*, London: Save the Children
Fund, 1993, p. 31.

## پەرەسەندنە دراوییەکان

فشارەکانی هەڵاوسان لە ئابووری عێراقدا، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە زیادەبوو بەو هۆیەی کە حکومەتی عێراق پارەی نوێی کاغەزی خۆماڵیی لێدا(دیناری نوێی عێراقیی)، پارە کاغەزە کۆنەکە کە کاری پێدەکرا(ئەوەی لە پاریس‌و لەندەن چاپکرابوو)[QPQ] {بە هەڵە چاپە سویسرییەکەیان پێدەگوت/سەردەشتیی} . لە کوردستانی عێراقدا، دانیشتووانەکە زۆر بڕوایان بەو دراوە نوێیە لاوازە نەبوو. بۆنموونە، لەبازاڕی هەولێر، سلێمانی‌و دهۆکدا پارە کۆنەکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا دە هێندەی نرخی پارە تازەکەی هەبوو." [QPR]

دەسەڵاتی کوردیی کە ئەو دەمە زیاتر ڕێکخراوببوو، سیاسەتێکی دارایی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گەمە ئابوورییە گرتەبەر. ئاکامەکەشی ئەوەبوو کە چاپە کۆنەکە وەك دراوی فەرمیی لە کوردستانی عێراقدا هەڵبژێردرا.[QPS] ئەم دۆخە تا ئێستاش بەردەوامەو لەڕووی سەرنجێکی ئابوورییانەوە، یەکجار نایابە. چاپە کۆنەکە لەکۆماری عێراقدا دراوێکی دانپێدانراو نیە. هەربۆیە شەرعیەتێکی نێوخۆیی نیە، ئەو جۆرە دراوە تەنیا لە باکووری وڵات بەکاردێت، زامنێکی کەم، یان هەرهیچی لە پشتەوە نیە. جێگەی سەرنجە، لەبەر کەمی بڕی چاپە کۆنەکە، بڕی هەڵاوسانی دراو لە کوردستانی عێراقدا زۆر لە عێراق بە گشتیی کەمتر بوو. بۆ نموونە: لەکاتێکدا کە نرخی خۆراك لەنێوان دیسەمبەری ١٩٩٣ بۆ دیسەمبەری ١٩٩٤ نزیکەی ٦٢٠ لەسەدا

---

[101] Stichting Nederland-Koerdistan, op. cit., p. 20.

[102] Ibid.

[103] لەڕاستیدا دەسەڵاتدارانی کورد لەبەرهاری ساڵی ١٩٩٣دا لیرەی تورکیان وەك دراوی بەکاربراو گرتەبەر، حکومەتی تورکیی لەمەڕ ئەم بیرۆکەیەوە بەرهەڵستی پێشان نەدا. بەڵام پێدەچوو تێکڕای حیزبەکان لەم بڕیارە پاشگەزبووبێتنەوە کە مانایەکی قووڵی هەبوو وەك کارێك بۆ هاوێشتنی هەرێمەکە بۆ ژێر سایەی کاریەگەریی تورکیی. هەرچەندە، تاڵەبانی تەواو ئاشکرایکرد کە ساڵی ١٩٩٣ ئەو پێی باشە کوردستان"خۆی لە دیناری عێراقیی رزگاربکات" :

Stichting Nederland-Koerdistan, op. cit., p. 20; *The Congress*, 1 July 1993, interview with Jalal Talabani.

بەرزببووەوە، لە کوردستانی عێراقدا بەرێژەی ١٣ لەسەدا بەرزببووەوە.[QPT] ئابووری کوردستانی عێراق بەبەراورد لەگەڵ باقی دیکەی عێراقدا بەدڵنیاییەوە تاڕادەیەك جۆرە سەقامگیرییەکی رێژەیی بەخۆوە بینییوە. ئەوەش توانی حاڵەتی ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق بپارێزێت. ئەوەش مانای ئەوەبوو کە ئەم ئابوورییە نەکەوتبووە بەر هەمان فشاری ئەو هەڵاوسانەی لە باقی دیکەی عێراقدا هەبوو.

لێرەدا پرسیارێکی سەرنجڕاکێش سەرهەڵدەدات سەبارەت بە بڕی ئەو دەسەڵاتدارییەی لەلایەن ح ه ك و حیزبە سیاسییە باڵادەستەکانە بەسەر ئابوورییە کوردییەکەدا هەبوو، دەربارەی بەهای چاپەکۆنەکە، "مینچینی" لەوباوەڕەدایە کە لە کوردستانی عێراقدا سیاسەتێکی رێکخراو کارناکات، ئەو دەڵێت کە:

بەبێ هەر کۆنترۆڵێکی حکومەت یاخود بانکی ناوەندیی، ئابووریی هەنووکەیی و هەلومەرجی دارایی بەشێوەیەکی توند بە یاسای خستنەڕووو داواکارییەوە دیارییدەکرێت. خستنەڕوو کە بە شێوەیەکی رێژەیی بەهۆی فاکتەرە دەرەکییەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت، {رێگریی} لە هەر پلانداناێکی کاریگەر دەکات. ەم چوارچێوەیەدا بەسوودە ئەوە بەبیربهێنینەوە کە حکومەتی عێراق دەستی بەسەر تێپڕژانی زۆربەی کاڵاو وزەدا بۆ باکووری عێراق گرتبوو بۆئەوەی هەلومەرجێکی ئاڵۆز لەوێ بخاتەوەو دواتر ناسەقامگیریی بێنێتەئارا.[QPU]

هەرچەندە، واپێدەچوو کە حیزبە سیاسییەکان بە قازانجی خۆیان یاری بە بازاڕ بکەن. بەتایبەت پارتیو یەکێتی، بڕە پارەیەکی زۆری چاپە کۆنەکەو دۆلاریان هەڵگرتبوو، هەروەها دەتوانرا کاریگەریی لەسەر نرخ لە بازاڕەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکدا بکەن. رێگای جۆربەجۆر هەبوو بۆ یارییکردن بە نرخی گۆڕینەوەی دراو، لەگەڵ دانەیەکی زیاتر رێکخراو لەڕێی سیستمی سنووورداری

---

[104]Stichting Nederland-Koerdistan, op. cit., quoting United Nations, *United Nations Consolidated Inter-Agency Humanitarian Cooperation Programme for Iraq: Mid-Term Review*,
1995, p. 1.
[105] Menchini, op. cit., p. 9.

بانکیی کە بەو دواییە خەریك بوو دەژیایەوە. یاخود وەك باوبوو لەڕێگەی ئەو کۆمەڵە سەراف‌و پارەگۆڕە بڵاوانەی لە هەر شارێکدا هەن.

هەروەها زۆربەی ئەو پارەگۆڕانەی پەیوەندییان بە حیزبە سیاسییەکانەوە هەبوو، بەتایبەت پارتی، دەستیان بەسەر ڕێگای بازرگانیی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا گرتبووو هەروەها کۆنترۆڵی خاڵە گومرگییەکانی هاوردەو هەناردەکاندا گرتبوو. خشتەی ٣ :٦ هەڵسەنگاندنی یەکێتی بۆ ئەو داهاتە پێشاندەدات کە تایبەت بوو بە خاڵی پەڕینەوەی گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە(خاڵێکی سەرەکیی پەڕینەوەی نێوان کوردستانی عێراق‌و تورکیا کە بەتەواویی لەلایەن پارتییەوە دەستی بەسەرداگیراوە). سەرچاوەی داهات‌و سامانی حیزبەکان نەزانراوە، ئەوەش پێویست نیە کە هەموو حیزبەکان‌و سەرکردایەتییەکەیان لەو سەرچاوەو سامانەدا یەکسانبن بەوەی کە یەکشتن. بۆنموونە: یەکێتی بنەماڵەی بارزانی بەوە تاونباردەکات کە بڕە پارەیەکی زۆریان لرفکردووە کە بە قازانجی بنەماڵەکەیان دەستیانبەسەردا گرتووە نەك بۆ پارتی یاخود (ح هـ ك/هەولێر) هەرچەندە، ئەوەشی کە جەلال تاڵەبانی لە کردەوەیەکی بەوچەشنە بێتاوان بێت، ئەگەرێکی دوورە.[QPV] حیزبە سەرەکییەکان توانای دەستبەسەرداگرتنی نرخی پارەی چاپە کۆنەکەیان هەیەو زیاتر لە تواناشیان لەماوەی چەندین ساڵدا ئەو دەسەڵاتەیان بەکارهێناوە.[QPW]

هەرە کاریگەرترین کۆنترۆڵی دارایی بۆ ئامادەگیی دۆلاری ئەمەریکی لە بازاڕە خۆماڵییەکاندا دەگەڕێتەوە. هەروەها نرخی گۆڕینەوەی دراوی چاپە کۆنەکە بە تێڕژانی دۆلارەوە، هەروەها بە هۆکارە سیاسیی‌و چالاکییە سیاسییەکان

---

[106] نەوشیروان مستەفا ئەمین، ڕابەری پێشووی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە یەکێتیدا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و ڕازگری جەلال تاڵەبانی، گوتی کە بنەماڵەی بارزانی لانیکەم ١بلیۆن دۆلاری ئەمەریکیان لە بانکەکانی دەرەوەدا هەڵگرتووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، لەندەنەن ، ٤ مارتی ١٩٩٩.

[107] Menichini, op. cit., p. 9. This paragraph is developed from a discussion with the UN
Field Delegate in Erbil, Gerhard Mortier, Erbil, 9 March 1998.

بەستراوەتەوە. لەراستییدا تیژبیریی زیاتر لە هەڵسوڕانە سیاسییە فیعلییەکان لەم رووەوە گرنگترە. بۆنموونە: کاتێك بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش مشتومڕی لەبارەوە دەکرا، ڕێژەی گۆڕینەوە سەرکەوت. بازاڕەکان باکاڵا پڕدەبوون، نرخ دادەبەزی و هاڕەی دەکرد.[QPX]

## هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی ١٩٩١-١٩٩٦

هەلومەرجی ئابووریی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی سوودبەخشانە دەبینرا لەگەڵ ئەو هەلومەرجە گشتییەی ژینگە سیاسییەکە هێنابوویەئارا، کە هەوڵی زاڵبوونی بەسەر کاریگەریی هەڵمەتەکانی ئەنفال و دواییەکانی جەنگی ئێران–عێراقدا دەدا. ئەمێستا کوردستانی عێراق لەسایەی گەمارۆ نێو دەوڵەتیی و نێوخۆییەکەدا لەباقی دیکەی وڵات دابڕابوو، بارودۆخە نێوخۆییە سیاسییەکە ناسەقامگیر بوو، وێڕای هەڵگیرساندنی چەندین شەڕی خوێناویی لەم ماوەیەدا. هەروەها وێڕای شەڕێکی وێرانکەر کە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا روویدا.[QPY]

بەرهەمە کشتوکاڵییەکان یەکەمین ئەو شمەکانە بوون کە حکومەتی عێراقیی لە گەمارۆکەیدا دژی کورد بەکاریدەهێنا، کە توانای دانیشتووانی ئۆردوگاکانی لاواز

خشتەی ٣: ٦ ریزبەندی گومرگ وداهات لە ئیبراهیم خەلیل

| سەرچاوەی داهات | بار | ئاراستە | ژمارە | باجی دراو |
|---|---|---|---|---|
| شاحینە(١) | مەوادی ئینشائی | تورکیا–ك ع | ١,٠٠٠ رۆژانە | ٣٥٠–٤٠٠ دینار |
| شاحینە | گازۆلین | ك ع–تورکیا | ١,٠٠٠ رۆژانە | ٤٠٠فلس بۆ لیترێك |
| شاحینە(٢) | کارەباریی/ جگەرە | تورکیا–ك ع | ٥٠ رۆژانە | ١٧٠٠٠–١٧٥٠٠ دۆلار |

108 Stichting Nederland-Koerdistan, op. cit., p. 20.

109 بۆ شیکاریی سیاسیی سەبارەت بەم ماوەیە بڕوانە بەشی چوارەم.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەنکەر(٣) | نەوتی خاو | عێراق–تورکیا | ٢٥٠ رۆژانە | ٥دۆلار، لەگەڵ ٨٠٠دینار |
| ترومبێل/گەشت (٤) | ---- | تورکیا–ك ع | ١٢٠ رۆژانە | ٥دۆلار،لەگەڵ ١٠٠دینار |
| ترومبێل/هاوردە (٥) | بارهەڵگر | تورکیا–ك ع | ١٠٠٠مانگی ژوون و ژوئیە ١٩٩٩ | ٤٠٠–٧٥٠ دۆلار |
| جانتاو کەلوپەل (٦) | ---- | هەردوو ئاراستە | ١٠ رۆژانە | ٦٠٠ دینار |
| چێشتخانە | ---- | ئیبراهیم خەلیل | ٤ لە ئیبراهیم خەلیل | ٣٥٠٠٠٠ دینار مانگانە |
| پارك(٧) | ---- | ئیبراهیم خەلیل | ١٠٠٠ لەخۆدەگرێ | هەر ترومبێلێك ٢٥دینار |

تێبینی :

(١) شاحینەکان مەوادی ئینشائی دەهێنن وتەنکەری نەوت بە ٦٠٠٠لیتر گازۆلینەوە باردەکەن بۆ تورکیا

(٢) لەنێوان مایۆ بۆ ژوونی ساڵی ١٩٩٩ ، ١٤٠ شاحنە بە باری جگەرەوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق کە هەریەکەیان ١٧,٥٠٠دۆلاری لێوەرگیراوە.

(٣) گرێبەست لەنێوان عێراق و کۆمپانیای تورکیدا هەیە. بۆنموونە لە نێوان کۆمپانیای تورکیی غازی عەنتاب بۆ گواستنەوەی ٥,٧٠٠,٠٠٠تەن لە نەوتی خاو. کۆمپانیای ئاسیا رۆژانە ٦,٠٠٠,٠٠٠ گازۆلین دەباتە تورکیا و لیتری بە ١٢ سەنت دەفرۆشێت.

(٤) هەرکەسێك سەردانی کوردستانی عێراق بکات دەبێت ٥٠دۆلار بدات.

(٥) گومرگەکە بەگوێرەی مۆدێلی ترومبێلەکە جیاوازە، بەڵام دواتر ٥٠دۆلاری زێدەی دەخرێتەسەر.

(٦) داهاتی ئەم سەرچاوەیە لەو کرێیەدایە کە بەڵێندەری چێشتخانەکە دەیدات، دەبێت بەڵێندەر لەسەر شتە زێدەکانی دیکەو زەوییە بەکارهێنراوەکە پارە بدات.

(٧) پارکەکە ساڵی ١٩٩٣ دروستکراوە.

**دەکرد تا بۆ گوندەکانیان بگەڕێنەوە.[QQP] بنەما پیشەسازییە سنووردارەکەی کوردستانی عێراق بەخێرایی داڕما، هەروەها تێچوونی ژیان بەشێوەیەکی بایەخدار بەرزبووەوە. ئەو کاڵا و کەلوپەلانەی جاران بەشێوەیەکی ئاسایی لە باقی دیکەی**

[110] Keen, op. cit., p. 32

عێراقەوە دەهات، ئەمێستا دەگمەن بوون. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا نرخی نەوتی سپی ٢٠٠ئەوەنـدەی سالّی ١٩٩٠ بەرزتربووەوە، نرخی برنجیش هەشتا جار زێدەتربوو.[QQQ]

## هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان

لەماوەی سەرەتای سالانی نەوەتەکان، ئابووری کوردستانی عێراق هاندەرێکی نوێی سەبارەت بە هاوکارییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیی بۆ پەیدا بوو، جۆری بەرنامەکە فرە سەخت لێی بکۆڵرێتەوە، هەروەها هێندێك سەرچاوەی پەشێویی لەنێوان ئاژانسەکان، ح ه ك و هەروەها تێکڕای جەماوەرەکەدا هەبوو. "سارا گراهام براون" تێبنییکردووە کە:" قەیرانە مرۆییەکەی باکووری عێراق لە ئەپڕڵو مایۆی ١٩٩١دا درامایەکی سۆزهەژێنو تکاکارییەکی میدیایی هەبوو. ئەو پەشێوییو درێژخایەنییە سەرنجێکی کەمی گشتییو هاوسۆزیی بۆخۆی راکێشا."[QQR]
قازانجبەرانی ئەم پاشاگەردانییە، حیزبە سیاسییەکانو بازاڕی رەش بوون. هەروەها حکومەتی عێراق کە قازانجی لە دزەکردنی دراوی قورسو ئەو کەلوپەلانە کە رەواجیان هەبوو، ئەویش لەسەر حسابی خەڵکانی کورد عێراق.[QQS]

لە ئەپڕلی ١٩٩١دا، بیرخەرەوەیەکی لەیەکتێگەیشتن لەنێوان یوئێنو حکومەتی عێراقدا سەبارەت بە کارە مرۆییەکان مۆرکرا. هەرچەندە، حکومەتی عێراق بەتوندی دەستی بەسەر چالاکی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا گرتبوو. تا ئاستێکی وا کە کەلوپەلی فریاگوزاریی دەبووایە بە دراوی گرانو بەو رێژەیەی حکومەتی فەرمیی لە

---

[111] Ibid.
[112] S. Graham-Brown, *Sanctioning Saddam: The Politics of Intervention in Iraq*, London: IB
Taurus, 1999, p. 261.
[113] بۆ شیکاریی گشتگیر سەبارەت بە بەرنامەی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان لە کوردستانی عێراق هەرلە سالّی ١٩٩١ەوە بڕوانە: Graham-Brown, op. cit., pp. 261–323.
Graham-Brown, op. cit., pp. 261–323.

بازاڕەکانی بەغدا بیکڕیبایە.[114] وێڕای ئەوەی کە یوئێن شارەکانی باکووری کردبووە ئامـــانج لەڕێگـــەی نێردراوەکـــانی خۆیـــەوە، کەلوپەلـــەکانی کـــەموکورت و بەشەخۆراکەکانیش لەسایەی رەحمەتی ناجێگیری وەرزییدا پەکی بوو، زۆربەی جار لـە وەرزەکـانی هاوینـدا دادەبـەزیی.[115] هـەروەها فەنـدی کاروچـالاکییەکانی یـوئێن لـــەنێوان ســـالانی ١٩٩١-١٩٩٦ کـــە زۆرجـــار لەلایـــەن دەوڵـــەتانی خۆبەخـــشەوە بەڕێوەدەچـوو. ئـەو بڕانـەی هـەڵگیرابوون هێـشتا بەرچـاوبوون. لەڕێگـەی بەرنامـە نێوخۆییـەکانی یوئێنـەوە لەوماوەیـەدا بەگـشتیی تێکـڕای ٦٧٠,٧ ملیـۆن دۆلار لـە عێراقدا خەرجکرا. خشتەی ٣:٧ سەرچاوەکانی دابەشکردن روونده‌کاتەوە.

وێـڕای ئـەم بـڕە پارەیـە، وا مەزەنـدە دەکرێـت کـە رێکخـراوی ئـێن جـی ئۆکـانیش لەهـەمان مـاوەدا نزیکـەی ٤٠٠ ملیـۆن دۆلاریـان خـەرجکردبێت.[116] لـەم بـڕە پارەیـە، ئەمـەریکا سـالانە نزیکـەی ٣٥-٤٠ ملیـۆن دۆلاری داوە، بـۆ هـەردوو ئاژانـسەکانی یوئێن و رێکخراوەکانی ئێن جی ئۆکان.[117] بەهەمانشێوە، وەلامـی یـەکێتی ئـەورووپاش مـەزن بـوو. ئـەویش لـە رێگـەی رێکخـراوی مرۆیـی کۆمەڵگـەی ئەورووپییـەوە(ECHO) تـەنیا بـە بـڕی ٢١,٥٠٠ ملیـۆن ئـیرۆ لەسـاڵی ١٩٩٣دا بەشـدارییکرد.[118] هەرچـەندە، کاریگەریی ئەم بەرنامانە بە گشتیی گۆمانی لێدەکرالەلایەن حیزبە سیاسییەکان و ح هـ ك پێکەوە، وێڕای قسەلۆك لەبارەی گەندەڵیی و بەدپلانیی و لرفکردنـی هاوکارییـەکان کە بەگشتیی ئاماژەی بۆ دەکرا. ئەم هەستە لای جەلال تالەبانی رەنگیداوەتەوە کە بەتوڕەییـەوە گـوتی:" پـارە بـەناوی گـەلی کـوردەوە کۆکراوەتـەوە و لەلایـەن بەدەنـە بیرۆکراتییەکەی یوئێنەوە خوراوە."[119]

---

114 Leezenberg, op. cit., p. 9.
115 Ibid., quoting Keen, op. cit
116 Durham University Policy Planning Unit, op. cit., p. 10.
117 Figures from Leezenberg, op. cit., p. 11.
118 Ibid.
119 *The Congress*, 1 July 1993, interview with Jalal Talabani

## کەرتی کشتوکاڵیی

کـەرتی کـشتوکاڵیی لـە یەکـەمینی ئەوانـەبوو سـوودیان لـە تێڕژانــی هاوکارییـە مرۆییەکان کرد دوای پاشەکشەی حکومەتی عێراق لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا گەیشتە

خشتەی ٣: ٧ سەرچاوەکان هـەڵهێنجراوە لـە ئاژانسەکانی یوئێنـەوە لـە عێـراق(بـە ملیـۆن دۆلاری ئەمەریکی) ( ١٩٩١–١٩٩٦ )

| ئاژانسەکان | ١٩٩١ | ١٩٩٢ | ١٩٩٣ | ١٩٩٤ | ١٩٩٥ | ١٩٩٦ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| UNDHA | ٣,٦٥ | ٥,٦٠ | ١,٩٩ | ٢,٩٠ | ٢,٣٢ | ١,٣٩ | ١٧,٨٥ |
| UNHCR | ١٠٣,٦٠ | ١٣,٢٠ | --- | ٠,٤ | ---- | ٠,٢٦ | ١١٧,٤٦ |
| IOM | ٨,٨٠ | ٢,٦٠ | --- | --- | --- | --- | ١١,٤٠ |
| UNICEF | ١٦,٩٣ | ٣٢,٥٣ | ٥٠,٢٨ | ٢٨,٧٢ | ٢٧,٢٨ | ٢٤,٣٥ | ١٨٠,١٠ |
| WFP | ١٦,٦٤ | ٤٢,٥٩ | ٣٠,٤٤ | ٣٨,٨٤ | ١٦,٩٣ | ٣٠,٧١ | ١٧٨,٨٥ |
| FAO | ١,٢٦ | ١,٢٧ | ١٦,١٠ | ٥,٤٥ | ٥,٥٧ | ٤,٤٢ | ٣٤,٠٧ |
| WHO | ٥,٠٢ | ٤,٤٢ | ٦,٢٧ | ٢,٥٠ | ٤,٥٤ | ١,٢٠ | ٢٣,٩٥ |
| UNESCO | --- | --- | ١,٤٤ | ٠,٦٠ | ٠,٢٠ | ---- | ٢,٢٤ |
| UNDP | --- | ---- | ١,٠٠ | --- | ٠,٦٠ | --- | ١,٦٠ |
| UNGCI | ٢١,١٨ | ٣٩,١٩ | ١٥,٦٢ | ١٤,١٦ | ٧,٣٧ | ٢,٥١ | ١٠٠,٠٣ |
| UNV | ١,٨٠ | ١,١٠ | ٠,٣٠ | ---- | ---- | --- | ٣,٢٠ |
| تێکڕا | ١٧٨,٨٨ | ١٤٢,٥٠ | ١٢٣,٤ | ٩٣,٥٧ | ٦٧,٥١ | ٦٤,٨٤ | ٦٧٠,٧٠ |

سەرچاوە: کورتە راپۆرتی UNOHCI سەبارەت بەر بەنامەی فەندی ١٩٩٧

کوردسـتانی عێـراق. ژێرخـانی ناوچـە گوندنـشینەکانی هەرێمەکـە یەکـەمینی ئـەو ناوچانە بوون کە لەلایەن رێکخراوەکانی ئێن جی ئۆکانەوە بایەخیان پێدەدرا، بەوەی توانی بەشـێکی گـەورە لـە هێـزی کـار بخاتەگـەڕو هـەروەها کـەمێك فشاری لابـرد کـە رووبەڕووی ناوچە گوندنشینەکان ببووەوە.[QRP] بەگوێرەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو

[120] Overseas Fund for Disaster Aid. Figures from Leezenberg, op. cit., p. 11.

پەرەپێدانی ح ھ ك، ٢٨٠٠ گوند تا ساڵی ١٩٩٥ ئاوەدانکراوەتەوە،[QRQ] بەرهەمی کشتوکاڵی هەرێمەکە لەسایەی رژێمی گەمارۆدا دەیناڵاند، هەرچەندە، ناوچە کێڵراوەکان لەم ماوەیەدا زێدەبوون.[QRR] توانای هاوکارییە مرۆییەکان بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیی پوچەڵکرایەوە بەهۆی میراتێکی پێشووی هەڵسوڕانی حکومەتی عێراق لەسالآنی حەفتاکاندا، هەروەها بەهۆی زۆرو زەوەندیی هاوردە هەرزانەکان لە تورکیاوە، ئەوەی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی زێدە دەیانکڕی تا داواکاریی بەشە خۆراکییەکانی پیٚ دابین بکەن.[QRS]

قەبارەی بەرنامەی هاوکارییە مرۆییەکان بەئاستێکی هێندە مەزن نەبوو، کەموکوڕیی ئەوەی هەبوو کە زۆر خۆماڵیی بوو ، هەروەها لەلایەن ئاژانسە گەورەترەکانی یوئێنەوە کە هەوڵی پەرەسەندیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئاستەنگی دەخرایە ریٚ. لەوەش زیاتر، ئەو ناوچە پڕ نەهامەتییانەی کە بەچەکی کیمیایی لێدرابوون لە زۆربەی رووەوە چۆڵەوانیی بوون. هەروەها دووبارە چاندنەوەی زەوییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەهۆی بوونی کێڵگە مینەکانەوە زیاتر ئاستەنگی دەهاتەڕیٚ.[QRT]

ئەو هەلومەرجەش کوردی لە کەرتی کشتوکاڵیی تەرەکردو زیاتر وای لێکرد روو لەو چالاکییانە بکات کە قازانجی کورتخایەنیان هەیە، وەك فرۆشتنی موڵکی سەرمایە، قاچاخچێتیی، داربڕینو کۆکردنەوەی پارچەکاندا،[QRU] لەوەش زیاتر، پاش راپەڕینو سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ناوچەکەدا، ناوچە شارنشینەکانی کوردستانی عێراق بە خێرایی تێکچوو، هاندەرێکی کەم هەبوو بۆ کوردانی دانیشتووانی ئۆردوگاکان تا بگەڕێنەوە سەر زەویو زارەکانیان.[QRV] بەگوێرەی سەرچاوەکانی یوئێن، لەناوەڕاستی

---

[121] Stichting Nederland-Koerdistan, op. cit., p. 20.
[122] Menichini, op. cit., p. 10.
[123] Leezenberg, op. cit., p. 12.
[124] Keen, op. cit., pp. 38–9.
پەنای بۆ (ئێم ئەی جی) بردووە بەوەی دەگونجێت لەکوردستانی عێراقدا ٥–٦ ملیۆن مین چێنرابێت کە زۆربەیان لە دەوروبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانەوەن.
[125] Ibid.
[126] ئەم تێکچوونە لە ساڵی ١٩٩٦دا گەیشتە دۆخی بەددروێنەیی، وایکرد رێژەی خۆراك کەمبێتەوە.

١٩٩٥دا، نزیکەی ٥٩٠٠٠٠ کەس هەبوون کە راستەوخۆ پشتیان بە هاوکاریی دەرەکیی خۆراك دەبەست کە لەلایەن یوئێنەوە دابیندەکرا.[QRW]

## بێکاریی شارەکان و بێکارمەندیی

رێژەی بێکاران لەم ماوەیەدا لەنێوان ٧٠ بۆ ٨٠ لەسەدا مەزەندەکراوە، بەڵام دەگونجێت ئەم رێژەیە بەرزتربێت، ئەوانەی دامەزراوی کەرتی گشتیی بەئاشکرا کەمێك لە بێکاران باشتر بوون. مانگانەی کارمەندانی سیڤیل نزیکەی ٢٠٠دیناری چاپە کۆنەکە بوو(بەرامبەر ٦–١٢ دۆلار). هەروەها لەساڵی ١٩٩٧دا شتێك بەرزتر بوو.[QRX] ئەوەی لەلایەن یونیسێفەوە(UNICEF) مەزەندەکراوە بۆئەوەی لانی کەمی بژێوی دابینکات لەڕووی بەدیهێنانی پێویستییە بنەڕەتییەکانەوە پێویستە لانیکەم بڕی ١٥٠٠–٢٠٠٠(بەرامبەر ٥–٦٥ دۆلار) هەبێت بۆ بژێوی خێزانێکی پێنج کەسیی.[QRY] هەلومەرجەکەی کوردستانی باکوور لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا گەیشتە ئاستێکی نالەبار، کێشە دراوییەکان هێزی کڕینی لای خەڵکە گشتییەکە کەمکردەوە، هەروەها بەگوێرەی پەرەسەندنی کارگێڕیی پشت دەریاوە(ODA) سەیری خەرجیی ١٩٩٤ خێزان کراوە، ١٣٪ی دانیشتووان کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، لەکاتێکدا خێزانە هەژارەکان ٣٪ی ناوەنجیی خەرجیی خێزانیی بەدەستدێنن.[QSP] هەروەها دارمانی ئابووریی کاریگەریی لەسەر چینە ناوەنجییە هەڵئاوساوەکەش کردبوو، هەروەها ئەوانەی پشتیان بە موچەی مانگانەی حکومەت دەبەست، ئەوەش دڵەڕاوکێ و پەشێوییەکی کۆمەڵایەتیی لە ئاستێکی بێوێنە هێنابووەئارا.

---

[127] Leezenberg, op. cit., p. 12.
[128] Ibid.; Durham University Policy Planning Unit, *Inception Report*, unpublished report for
Department for International Development, London 1997, p. 23.
[129] Ibid.
[130] P. Ward and M. Rimmer, *Targeting Basic Assistance in Northern Iraq: Findings from a Household Expenditure Survey*, unpublished paper for DFID, 1994.

## هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە -ئابوورییەکە لەساڵی ١٩٩٦بەرەوسەر

ساڵی ١٩٩٦ بۆ هەرێمە کوردییەکەی عێراق ساڵێکی پڕ رووداو بوو. هاوسەنگیی هێز لەنێوان دوو حیزبە هەژمووندارەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئووتدا گۆڕانی بەسەرداهات. بەداگیرکردنی هەولێر لەلایەن پارتی و بەیارمەتی حکومەتی عێراق. ئیدی کارگێڕی کوردستانی عێراق لەنێوان پارتی لە هەولێرو یەکێتی لە سلێمانی دابەشبوو، بەڵام یەکێتی لە حاڵەتێکی لاوازیی مادییدا بوو. هەروەها رووداوگەلێکی گرنگی دیکە هەبوو کە کاریگەرییان لەسەر رەوشی کۆمەڵایەتیی–ئابووریی باکوورو هەلومەرجی بناغەی کشتوکاڵیی هەبوو، ئەویش پەرەسەندن و دواتر جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش بوو، ئەوەی بە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك ناسرا.

کوردستانی عێراق سوودی لەو ماوەیە وەرگرت کە جۆرە سەقامگیرییەکی رێژەیی تێدا هاتەکایەوە لەکۆتایی ١٩٩٦دا بەرەوسەر، کە تەنیا خولێکی کورتی شەڕی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا لە ساڵی ١٩٩٧دا تێدا روودا. زێدەبوونی ئەزموونی هەردوو کارگێڕییەکەی هەولێرو سلێمانی بۆ باجکۆکردنەوە، هەروەها بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش، جۆرە فریا گوزارییەکی پێشکەشکرد. هەڵبەتە بە ریسکردنی گەڕانەوەی کورد بۆ کەلتووری پشتبەستوویی. بەهۆی زێدەبوونی فشاری گشتیی سەبارەت بە قەیرانە ئابوورییەکە لەعێراقدا، ئەنجوومەنی ئاسایش پێشنیازی رێکەوتننامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی کرد کە رێگە بە جۆرە فریاگوزارییەك دەدات بێئەوەی ریفۆرمێکی گشتگیر بۆ سروشتی بڕیارەکەی ٦٦١ی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت . ئەم پێشنیازە یەکەمجار لە بڕیاری ٦٨٧ی ئەنجومەنی ئاسایش پێشکەشکرا، هەروەها لە بڕیاری ٧٠٦ی ٧١٢ی ئووت و سێپتەمبەری ١٩٩١دا فراوانکرا،[QSQ] لەم قۆناغەدا ئەوە وێناکرا کە عێراق رێی پێبدرێت ساڵانە بایی ٣,٢

---

[131] Ibid.

خشتەی ٣ : ٨ داهاتی جدیی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش، قۆناغی ١/٨

| قۆناغ | بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش | بەروار | قەبارەی نەوت ملیۆن بەرمیل | قەبارەی هەناردە | نرخی بەرمیل |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٩٨٦ | ١٩٩٥/٤/١٤ | ١٢٠ | ٢,١٥٠ | ١٧,٩٢ |
| دووەم | ١١١١ | ١٩٩٧ /٦/٤ | ١٢٧ | ٢,١٢٥ | ١٦,٧٣ |
| سێیەم | ١١٤٣ | ١٩٩٧ /١٢/٤ | ١٨٢ | ١,٠٨٥ | ١١,٤٦ |
| چوارەم | ١١٥٣ | ١٩٩٨/٢/٢٠ | ٣٠٨ | ٣,٠٢٧ | ٠٩,٨٣ |
| پێنجەم | ١٢١٠ | ١٩٩٨/١١/٢٤ | ٣٦٠,٨ | ٣,٩٤٧ | ١٠,٩٤ |
| شەشەم | ١٢٤٢ | ١٩٩٩/٥/٢١ | ٣٨٩,٨ | ٧,٤٠٢ | ١٩,٠٠ |
| حەوتەم | ١٢٨١ | ١٩٩٩/١٢/١٠ | ٣٤٣,٤ | ٨,٢٨٥ | ٢٤,١٣ |
| هەشتەم | ١٣٠٢ | ٢٠٠٠/٦/٨ | ٢٦٣,١ | ٦,٧٣٠ | ٢٥,٥٧ |
| تێکڕا | | | ٢,٠٩٣,٩ | ٣٥,٧٥١ | Av=١٧٠٧ |

خشتەی ٣ : ٩ ئەو زەوییانەی گەنمی تێدا دەکرێت بە دۆنم لە ساڵانی ١٩٩٤–١٩٩٧

| ساڵ(تێکڕای هەموو پارێزگاکان) | رووپێو بە دۆنم |
|---|---|
| ٩٥/١٩٩٤ | ٢,٢٥٤,٩٥٤ |
| ٩٦/١٩٩٥ | ١,٨٢٣,١٠٢ |
| ٩٧/١٩٩٦ | ١,٥٣٤,٣٩٤ |

سەرچاوە: FOA (هەولێر، فێبرایەری)، ١٩٩٨.

**بلیۆن نەوت بفرۆشێت. ئەمە زۆر لەخوار ئەوەوە بوو کە یوئێن بۆ پێویستە مەدەنییەکان مەزەندەی کردبوو کە دەگەیشتە ٢٢ بلیۆن دۆلار. لەوەش زیاتر، پلانەکە مەرجی سەختی خستەسەر دابەشکردنی کاڵا هاوردەکانو ٤٠ لەسەدی ئەو بڕەپارەیەی بۆ ئاژانسەکان تەرخانکرد وەك فەندی قەرەبووکردنەوەیەك بۆ کوێت، کۆمیتەی سنوور، هەروەها دەسەڵاتی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیی(IAEA). عێراق**

ئەم پرۆژەیەی راتکردەوەو بە پێشێلکردنی سەرەوەریی خۆی لەقەڵەمدا.[132] لە ئەپرێلی ١٩٩٥، ئەنجومەنی ئاسایش بەرنامەیەکی دیکەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی لەگەڵ بڕیارەکەی ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش پێشنیازکرد. ئەوەی رێگەی بە عێراقدا کە لەماوەی ١٨٠ رۆژدا بایی دوو بلیۆن دۆلار نەوت بفرۆشێت.[133] ئەم بڕیارە پاش ساڵێك لە خۆدواخستن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پەسەندکرا. بیرخەرەوەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان یوئێنو حکومەتی عێراقدا لەمایۆی ١٩٩٦ مۆرکرا کە وردەکاریی فرۆشتنی نەوتەکەو دامەزراندنی حسابێکی بانکیی رێکدەخست.[134] ئەم بڕیارەی دوایی بڕی ئەو نەوتەی کە رێی فرۆشتنی دابوو بۆ ٥٠٢ بلیۆن دۆلار زێدەکرد. بەڵام بەهۆی ناکاراییی پیشەسازیی نەوتی عێراق لەدوای جەنگی کەنداوەوە، نەیدەتوانی ئەم بڕە نەوتە رەوانەکات. دوائاستی ئەم بڕە لە ساڵی ١٩٩٩دا هەڵگیرا، لەگەڵ ئەو داهاتەی کە لەقۆناغی هەشتەمی بەرنامەکە بەدەستهات. لەساڵی ٢٠٠٠دا، چاوەڕێی ئەوەکرا داهاتەکەی لە ١٠ بلیۆن دۆلار نزیك بێتەوە.[135]

خشتەی ٣ :٨ وردەکاریی بڕو بەهای ئەو نەوتە پێشان دەدات کە تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠ هەناردەکراوە. لە بڕە بەراییەکەیەوە کە هەر شەش مانگ بایی دوو ملیۆن دۆلار بوو، پارێزگاکانی باکوور ١٣٪ یان بۆ تەرخانکرا، واتە (٢٦٠ ملیۆن دۆلار) بۆ کڕینی پێویستە مرۆییەکان کە لەلایەن یوئێنەوە دابەشدەکرێت. ئەم بڕە پارەیە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان بەسەر پارێزگاکاندا دابەشدەکرا. لەوە پارێزگای سلێمانی ٤٣٪و هەولێر٣٤٪و دهۆکیش٢٣٪ یان پێبڕا. بەپێی ئەو بیرخەرەوەیەی کە لەساڵی ١٩٩٦ لەنێوان یوئێنو حکومەتی عێراقدا مۆرکرابوو،

---

132 Ibid.

133 UN Office of the Iraq Programme, *Oil-for-Food: The Basic Facts, 1996–2000*, 2000.

134 داهاتی فرۆشراوەکانی کە لەلایەن بەشی ژمێریاری یوئێنەوە کۆنترۆڵکرابوو، لە بانکی نیشتیمانی فەرەنسا دانرابوو.

135 UN Office of the Iraq Programme (2000) op. cit.

پارێزگای دەربەندیخان وەك قەوارەیەكی سەربەخۆ دانپێدانەنراو بوو، هەروەك بەشێك لە پارێزگای سلێمانی لەقەڵەمدرابوو.

لەوەش زیاتر، وەك ئەوەی كە حكومەتی عێراق دانیان بە كارگێڕییە كوردییە خۆجێكەی پارێزگاكانی باكووردا نەنابوو وەك دەزگایەكی شەرعیی حكومەت، هەربۆیە خۆیان لە جێبەجێكردنی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش لەو ناوچەیەدا نەگلاند، هەربۆیە یوئێن زیاتر لە دەسەڵاتە كوردییەكە بە كاری بەڕێوەبردن و دابەشكردنی ئەو كەلوپەلە پێویستانە لە كوردستانی عێراقدا بەرپرسیار بوون. ئەمەش پێچەوانەی ئەوە بوو كە لەە باشوورو ناوەڕاستی وڵاتەكەدا روویدەدا. لەوێ وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەكانی حكومەتی عێراق بە تەواویی ئەو كەلوپەلانەیان دابەشدەكردو ئاژانسەكانی یوئێنیش رۆڵی چاودێریان دەگێڕا. تا ناوەڕاستی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٠، بەگوێرەی ئۆفیسی یوئێن سەبارەت بە بەرنامەی عێراق، تێكڕای ٣٥,٧٥١ بلیۆن دۆلار لەلایەن نەوت بەرامبەر بە خۆراكەوە هەر لە بڕیارەكەی ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش بەدەستهاتبوو، كە ١٣٪ی بەر سێ پارێزگاكەی باكوور كەوتبوو كە دەكاتە ٤,٦٤٨ بلیۆن دۆلار. ئەم بڕە پارەیە نها لە كوردستانی ئێراقدا لەلایەن ئاژانسەكانی یوئێنەوە بڵاوكراوەتەوە بڕێكی بەرچاوە، هەروەها لەكاتێكدا كە بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش رێگەی لە كارەساتێكی مرۆیی گرت، فەراهەمكردنی ئەم داهاتە بەم قەبارەیە كێشەی ریشەیی قووڵی بۆ ئابووریی كوردستانی عێراق و هەروەها بۆ بەردەوامیی ح هـ ك هێنایەكایەوە. كاریگەریی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش لە بەشی حەوتەمدا زیاتر باسی لێوەدەكرێت. هەرچەندە، بەكورتیی، كارەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن پەرەیدا بە پشتبەستوویی بە سەرچاوە دەرەكییەكانی داهات لەنێو هەرێمە كوردییەكەی عێراقدا، چ لەنێو ح هـ ك و چ لەنێو خەڵكەكەدا بەگشتیی.

پێش گەمارۆكەی ساڵی ١٩٩١، بوونی بەشە خۆراك و دەرفەتی كارگوزاریی لە كایە جۆربەجۆرەكاندا هانی پرۆسەی شارنشینییداو رێگریی كاركردنی لە بەرهەمهێنانی كشتوكاڵیدا گرت. ئەم هەلومەرجە بە سەپاندنی گەمارۆكە كۆڕانی بەسەردا هات.

بەرهەمی کشتوکاڵیی ڕۆڵێکی زیندووی لە دابینکردنی ڕێژەیەکی ئاسایشی خۆراکیی لە پارێزگاکانی باکووردا بینی. شێواندنی سیستمە باوەکەی بەشەخۆراكو ناکاراییی هاوکـاریی خـۆراکیی نێودەوڵـەتیی بـۆ دابینکردنـی بـڕی پێویـست، گوندنـشینانو زۆربەی دانیشتووانی شارنشینی ناچارکرد پشت بە پلەیەکی بەرزی بەرهـەمهێنانی بەرهەمی خۆماڵیی ببەستن.

ئـــەم پێویـــستییو داوایـــە، دۆخێکـــی ئـــابووری گونجـــاوی بـــۆ بەرهـــەمهێنانی کشتوکاڵیی هێنایەئاراو هـانی فراوانبـوونی کشتوکاڵییدا، زۆرینـەی دانیـشتووانەکە، بەتایبەت ئەوانەی لە ئۆردوگاکاندا دەژیان، تێکەڵ بە کاری بەهـەمهێنانی کشتوکاڵیی بوون. زۆر لە خێزانە شارنشینییەکان کە موڵکیان هـەبوو گەڕانەوە سـەر کێڵگـەکانیانو بۆ ماوەی کاتیی لەوێ دەمانەوە، یاخود زەوییەکانیان بەکرێ دەدا بەخەڵکی تر .

لەسـاڵی ١٩٩٠دا، هـاوردەکردنی خـۆراك وەسـتێنراو عێـراق کەوتـە ئـەوەی پـشت بـــەخۆراکی خۆمـــاڵیی ببەســـتێت، کـــە بـــە ئاشـــکرا پێویـــستییە نێوخۆییـــەکانی دانیشتووانی پڕ نەدەکردەوە. حکومەتی عێراق بۆئەوەی هانی بەرهەمهێنانی خۆراکی خۆماڵیی بدات، نرخی کڕینی دانەوێڵەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزکردەوە. ئەمـەش لــەنێوان ســاڵانی ١٩٩٠-١٩٩٣. نرخــی تــەنی گــەنم بــۆ دووقــات بــەرزبووەوە، لــە ٥٠٠دیناری چاپە کۆنەکە بۆ ١٠٠٠ دینـار. بەهۆی ڕادەبەرزی داواکاریی خۆماڵییو وەسـتاندنی هـاوردەکردنی خـۆراك لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە.[QSV] ئەمـەش لەلایـەن خۆیەوە بووەهۆی زێدەبوونی بەرهەمهێنانی گەنموجۆ لەماوەی ئەم ساڵانەدا.

هەرچەندە، ئەم دیمەنە ئایندەبەخشە لەناوەڕاستی نەوەتەکانـدا لاوازبـوو، بەهۆی: مشتومڕکردن سەبارەت بەبڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومـەنی ئاسایش، زێدەبوونی کێشەی موڵکـداریی، هــەروەها شــەڕی خوێنــاویی. بــڕی زەوییــە کــشتوکاڵییەکان دابــەزیی، هــەروەها چـاندنو بەرهـەمهێنانی دانەوێڵـەش. بـەگوێرەی هەڵـسەنگاندنی ڕێکخـراوی خــۆراكو کــشتوکاڵ ( فــاو/FAO) ئاســتی بەرهــەمهێنانی گــەنم لەســاڵی ١٩٩٣دا

---

136 Source: FAO/Iraq Reports (1996); Leezenberg, op. cit., p. 11.

٥٠٠,١٥١ تەن بووە بۆ ٣١٢,١٨ تەن لەساڵی ١٩٩٦دا دابەزیوە. ئەو ژمارەیەی هەروەها لەلایەن یەکەی کارگوزارەکانی (ODA) کە لە هەرێمەکەدا کاریان دەکرد پشتڕاستکراوەتەوە.

لە ژوونی ١٩٩٠دا، دوو هۆکاری گرنگ کاری لە کەرتی کشتوکاڵیی لە هەرێمی کوردستاندا کرد، کەمبارانیی لەوەرزی نەش‌و نومای دانەوێڵە، لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦. هەواڵی پەرەسەندنی بڕیارەکە لەلایەن عێراقەوە لە فێبرایەری ١٩٩٦دا بووەهۆی چاوەڕوانی تێڕژانی کەلوپەلێکی مرۆیی زۆر بۆ ناوچەکانی باکووری عێراق. لەئاکامدا، بەهای دیناری چاپەکۆنەکە بەرزبووەوەو نرخی خۆراك بە خێرایی دابەزیی، ئەوەش بەهای گەنمی هێنایەخوارەوە. دابەزینی خێرای بەرهەمی دانەوێڵە بڕیارێکی هۆشیارانەی دایە جووتیاران کە گەنم نەچێنن. بەو هەڵایەی کە سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ لەگۆڕێدا بوو، دابەزینی نرخی ئەو گەنمەی لەنێوخۆدا بەرهەمدەهات شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. ڕێکخراوێکی هۆڵەندیی ئێن جی ئۆ لەوکاتەدا تێبینیی ئەوەی کردووە کە:" ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی نەوت بەرامبەر بەخۆراك لەنێوان یوئێن‌و عێراقدا لەمایۆی ١٩٩٦ گورزێکی توندیی لە ئابووریی هەرێم وەشاند."[QSW]

کەمی نرخی گەنم کاری لە نرخی تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکە کرد(گەنم بەشێکی هەرە سەرەکیی پێکهاتە خۆراکییەکان بوو) لەکاتێکدا تێچوونی ئامرازو پێویستییەکانی وەك (پەین، تۆو، دەرمانی مێروو، گاسن، ڤاکسین) بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیر بوو، سووکە قازانجەکەش کە جووتیار چاوەڕێی دەکرد لە کێڵانی هەر دۆنمێکی زەوییەکەی‌و ماندووبوونی خۆی دەستکەوێت، پوچبووەوە. هەربۆیە هاندەرێکیان بۆ بەرهەمهێنان نەبوو. ئەمەش لە خشتەی ٣:٩ ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەی ئەو ناوچەیەمان پێشاندەدات کە پێش‌و پاش جێبەجێکردنی بەرنامەی ٩٨٦ گەنمی تێدا دەکرا.

---

[137] Stichting Nederland-Koerdistan, op. cit., p. 19.

هەلومەرجی کشتوکاڵیی لەسەرەتای سەدەی بیستو یەکەمەوە شێوابوو. راپۆرتی ئەو ئاژانسانەی لە کوردستان بوون باس لەوە دەکەن کە بەرهەمی کشتوکاڵی سەرلەنوێ بەرزبۆتەوە، هەرچەندە هۆکارەکانی دارمان تائێستا چارەسەرنەکراون، هەربۆیە سەختە بێ گرنگیدان بەو پرسانە چاکبوونەوەیەکی بایەخداری کەرتی کشتوکاڵیی بێتەبەرچاو. هەلومەرجی کشتوکاڵیی جارێکی دیکە بەهۆی دوو ساڵ وشکەساڵییەوە(ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠) گورزێکی تری بەرکەوت، ئەوەش وایکرد گۆڕانکاریی گشتگیر بەسەر چالاکییە کشتوکاڵییەکاندا بێت.

لەم ماوەیەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لە کوردستان، کەرتی تایبەتی ئابووری گەشەیکرد. بەتایبەت کە تائێستاش کاڵا بەکاربەرییەکان لەبەردەستدا نین.[QSX] زۆر لە کوردان گەڕانەوە سەرکاری قاچاغچێتیی، یان ئەو کارەیان بە بەرفرەتر بەڕێوەبرد، لەگەڵ بوونی کەرتی مەزنی قاچاخچیی کە نەوتی عێراقی بۆ تورکیا دەگواستەوە. ئەم چالاکییە بووە سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهات بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستانو بۆ ح ه کو بژاردە سیاسییەکەی عێراق.[QSY] وامەزەندە دەکرێت کە داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل کە خاڵی گواستنەوەی سنوورە کوردییەکەی عێراقە بۆ تورکیا لانیکەم رۆژانە دەیان هەزار دۆلار بێت.[QTP]

ئەم سەرچاوانەی داهات بۆ حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق جێگەی مشتومڕبوو، هەروەها بووە کێشەیەکی جدیی لەبەردەم ئاشتەوایی نێوان پارتیو یەکێتیدا. وایکردبوو کە سەرچاوەکانی داهات بۆ لەنێوان هەرێمەکانی پارتیو یەکێتیدا ناهاوسەنگ بێت، بەڕادەیەک کە یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشەی نێوان هەردوو پارتەکە ناسێنراوە.

---

[138] لیزینبێرگ پرسیویەتی داخۆ دەتوانرێت چالاکییەکی بەوجۆرە وەك "ناشەرعیی" دابنرێت، چونکە لەبنەڕەتدا هیچ دەزگایەکی فەرمی دەوڵەت بەتەواویی ئابووریی شەرعیی پێناسە نەکردووە.

[139] Ibid.

[140] Ibid.

گەشەسەندنی زیاتری کەرتی نافەرمیی بریتییبوو لە بە قاچاخناردنی خەڵك بۆ دەرەوەی کوردستانی عێراق، لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە هەرێمەکە هەلاّتن، بەشێوەیەکی سەرەکیی بۆ ئەورووپای خۆرئاوا، هەروەها بۆ ئوستراليا و باکووری ئەمەریکا. سەرەتا ئەندامە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگا هەوڵی جێهێشتنی هەرێمەکەیان دەدا، بەلاّم ئێستا ئاساییە کە هەژارترین خێزانەکان لە هەوڵی ئەوەدان بڕی پارەی پێویست کۆبکەنەوە تا تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان بتوانن کۆچ بکەن. یەك لەو کاریگەرییە ئابوورییانەی ئەم کۆچە کە زۆر جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە لەدەستدانی خەڵکە فرە شارەزاو لێهاتووە خوێندەوارەکانە لە چینی ناوەنجیی، کە بۆشاییەکی عەقڵیی لە مەودای دووردا لێکەوتەوە.[QTQ]

## ئە نجامگیریی

کوردستانی عێراق ناوچەیەکە تایبەتمەندییەکی فرە گرنگی هەیە، چ لەڕووی دانیشتووان و چ لەڕووی تۆبۆگرافیا و ژینگەییشەوە. ئەم دابەشبوونە سروشتییە لە کۆمەڵگا کوردییەکەی عێراقدا، باشتر لەو ژمارە زۆرەی زارەکانی زمانی کوردییدا خۆیمان پێشاندەدات. کوردستانی عێراق لە بنەڕەتدا لانکی چەندین هێڵی جیاکەرەوەی زمانییە لەنێوان دوو زارە سەرەکییە کوردییەکەدا، کە وادەکات بەشداریی زمان وەك هاندەرێك بۆ هەستێکی یەکگرتوو سەبارەت بە ئیتنۆنەتەوایەتیی بەجۆرێك لاوازبێت، وێڕای بیری هۆشیاریی ئیتنیی. بەگشتیی کاتێك ئاماژە بە دابەشبوونی دوو زارەکە دەکرێت، قامك بۆ رووباری زێی گەورە درێژدەکرێت. ئەوەی ئێستا سنووری کارگێڕیی نێوان پارێزگای دهۆك و هەولێرە. بە ئاسانی ئەوە دەردەکەوێت کە سۆرانیی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی بالاّدەستەو

141 Leezenberg, op. cit., p. 17. G. Stansfield, ‘Distribution of Asylum Requests over
European Countries’, in D. Efionayi-M◌der *et al.*, *Asyldestination Europa*, Neuchatel:
Forum suisse pour l’études des migrations, 2001, pp. 327–48.

بەهەمانشێوەش بادینیی لە دهۆکدا، لەکاتێکدا ڕێژەی دروستی ئەوانەی بە بادینانیی یا سۆرانیی قساندەکەن کارێکی گرانە، بەتەواویی دەگونجێت کە سۆرانیی زاری قسەپێکردنی زۆرینەی کوردانی عێراق بێت.

لەوەش زیاتر، زمانی دیکە لەکوردستانی عێراقدا بەکاردێن، هەروەها لە چەند ناوچەیەکی خۆماڵیی دانیشتووانە کەمینەکان. ئەمانەش ئەو زمانانەن کە وەك باوە بەکاردێن: کۆمەڵگای کریستیانیی ئاشوورییەکان، کلدانییەکان‌و نەستوورییەکان بە ئارامیی قساندەکەن، دانیشتووانی تورکمانیش بە زمانی تورکیی دەدوێن. ئەم پەرتەوازییەی زمان هەروەها بۆ دابەشبوونە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە. وێڕای ئەم فرەڕەنگییە مرۆییە، ناوچەکە تووشی گۆڕانی سروشتیی بۆتەوە، ئەوەی کە دەگونجێت وا وەسفبکرێت کە ئاکامی کاروکردەوەی سیاسییەو جوگرافیای سروشتی‌و مرۆیی هەرێمەکەی گۆڕیوە، چ بەرێکەوت یاخود بە مەبەست. ژینگە سروشتییەکە هەر لە ساڵی ١٩٧٥ەوە تووشی ئاستێکی مەزنی داربڕین‌و لەناوبردنی دارستانەکان بۆتەوە، بەتایبەت لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا، بەهۆی ڕێکەوتننامەی جەزائرو دواتر هەڵمەتەکانی ئەنفال لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. ئەمڕۆ کە ناوچە شاخاوییەکان پێویستە بە چڕیی داری تێدا بنێژرێتەوە. ئەم ناوچانە بەدەست حاڵەتێکی توندیی داماڵین‌و داڕوتانی خاکەکەوە دەناڵێنن، کە کاریگەریی لە بەپیتیی دوور مەودای خاکەکە دەکات. ئاووهەواش بەدەست کاریگەریی تووشبوون بە فاکتەرەکانی کەش‌و بەهۆی نەبوونی ڕێکخستنی وردی کەشناسییەوە گیریخواردووە.

ئەم گۆڕانە سروشتییانە، زێدەباری کاریگەرییەکانی پرۆسە سیاسییە راستەوخۆکان، کاریان لە جوگرافیای مرۆیی کردووە، گوندنشینەکان ناچارکراون زێدی باوباپیرانیان جێبهێڵن‌و لە شارە هەڵاوساوەکاندا بژین، یەکەم بەهۆی فشاری سیاسیی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، دواتر بەهۆی وێرانکردنی ژینگە، دواجار کە دەگونجێت فرە خەمئەنگێزبێت، لاوازی بازاڕی ساغکردنەوە کە زادەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکە. لەوەش زیاتر، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی لە ناوچە

شاخاوییەکاندا پشت بە شارەزایی خۆماڵیی رەزداریی دەبەستێت، کە ئەگەر تەنیا یەك نەوەی لەدەستبدات، دەشێت بۆ هەتاهەتایە بفەوتێت.

کوردستانی عێراق لەڕووی پەرەپێدانی ئابوورییەوە بەتایبەتیی و هەروەها لەڕووی جوگرافیی و تایبەتمەندیی دانیشتووانییەوە تووشی گۆڕانی سەرەکیی بووە، کە زیاتر لەمەودای کورتدا رووی لە خراپبوونە. چالاکییەکانی سیاسەتە بەدوایەکەکانی حکومەتی عێراق و هەروەها دانی خۆراك و هاوکارییە مرۆییەکانی سالآنی نەوەتەکان، بنەما کشتوکاڵییەکانی لە کوردستانی عێراقدا لاوازکرد، وای لەو کۆمەڵگایە کرد کە توانا و سەرچاوەی ئەوەی هەبوو تاڕادەیەکی شیاو خۆی بژێنێت، پشت بەسەرچاوە دەرەکییەکان بۆ هەموو پێویستییەکانی خۆی ببەستێت، لەوانە خۆراك و کالآکانی رۆژانە بەکاریدەهێنێت .

لەم سیناریۆ غەمگینەدا، لاوازیی کەرتی کشتوکاڵیی و بێکاریی بەکۆمەڵ و پشتبەستن بە هاوردەکردن، کەرتی تایبەت دەرکەوتووە، وایکردووە خەڵکانێکی کەم فرە دەوڵەمەندبن هەروەها قازانج و بڕەپارەیەکی زۆریشی خستۆتە گیرفانی حیزبە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەمەش بۆتەهۆی زێدەچالاکبوونی کەرتی تایبەت، کەلێنێکی بێزارکەری لە کوردستانی عێراقدا لەنێوان زۆرینەی هەژاری بێدەرەتان و کەمینەیەکی بازرگانی گیرفانپڕو دەوڵەمەند پێکهێناوە

# بەشی چوارەم: پەرەسەندنی سیستمی حیزبە سیاسییەکان

هەر لە دامەزراندنی پارتیەوە لەساڵی ١٩٤٦ڕێکخستنی گروپە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراق گۆڕانێکی بەهێزە لە بزاوتی هەرێمەکە، حاڵەتێکی بەم چەشنە هەر لەساڵی ١٩٩١یشەوە بۆتە شتێکی تایبەت. پاشەکشەی حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق دەرفەتێکی بەخشیە بنەمای ڕێکخستنە سیاسییەکان بۆئەوەی خۆیان وەك ڕێکخراوێك پێشکەش بکەن کە توانای لەخۆگردکردنەوەی پشتگیریی جەماوەرێکی بەرفراوان و هێزی سەربازیی و سەرچاوەکانی داراییان هەیە. لەڕاستیدا، ئەوان ئەو دەرفەتەیان بۆ هاتە پێش کە وەك حیزبێکی سیاسیی هەڵسوڕێن زیاتر لەوەی وەك جووڵانەوەیەکی پارتیزانی. سیستمی سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا ئاڵۆزییەکی سەیر پێشاندەدات و حیزبی فرە ئاڵۆزی گرتۆتەخۆ. زۆر لەمەڕ مێژووی سیاسیی کوردەوە نووسراوە، بەڵام سیما نێوخۆییەکانی پێکهاتەی ڕێکخراوەییان و پرۆسەی بڕیارسازیی بەدەگمەن ئاماژەی بۆکراوە. بۆ تێگەیشتنێکی بەم چەشنە، هەڵسەنگاندنی بزاوتی سیستمە سیاسییە کوردییەکە مەحاڵە. دەتوانرێت ئامانجی ئەم بەشە بەمشێوەیەی لای خوارەوە کورتبکرێتەوە: یەکەم، بۆ دابینکردنی هەڵسەنگاندنی پەرەسەندنی سیستمی حیزبی سیاسیی، کە بایەخ بە گواستنەوەی ستراکتۆری ڕێکخراوەیی و بەدەنیی حیزبە سیاسییەکان دەدات لە جووڵانەوەیەکی پێشمەرگانەی پارتیزانییەوە ببن بە حیزبی سیاسیی و سیاسەتکار. دووەم، بۆ ناساندنی پەرەسەندنی دەستە دەسەڵاتدارەکانی نێو حیزبە سەرەکییە سیاسییەکان و هەروەها کاریگەرییان لەسەر تێکڕای پرۆسەی بڕیارسازیی. ستراکتۆری شیکارییەکە لەسەر بنەمایەکی کرۆنۆلۆژییانە بنیاتنراوە. ئەوەش بەکارهێنانێکی تایبەتە، چونکە دەزگاکانی زۆربەی حیزبە سیاسییەکان ریشەکەی لەپارتەکەی تردایە. سەنگی ئاراستەی ئەم شیکارییە بەو نێوخۆیە وەك ئەوەی بە ئاراستەی دەرەوە بێت. ڕوونکردنەوەی: أ- چۆن ئەکتەرو گروپە سیاسییەکان

پێکهاتوون. ب- توندیی و دژوارییە سەرەکییەکان، هاوپەیمانییەکان و میکانیزمی سیاسەتە کوردییەکە لە عێراقدا. ج- بایەخی رووداوە سەرەکییەکان، کاتێك پێویست بوو، بۆ دابینکردنی تێگەیشتنی زێدەتر. ئەم بەشە بە هەڵسەنگاندنێکی هەلومەرجی حیزبەکان لەسەروبەندی دووەمین جەنگی کەنداو کۆتایی دێت.

## ریشەکانی سیستمی حیزبی سیاسیی

ریشەکانی سیستمی سیاسیی لە کوردستانی عێراق لە بنیاتی ئەو دەوڵەتە تاوسەندووانەوەن کە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی پاش یەکەمین جەنگی جیهانیی پێ دەناسرێ. کوردان دوای شکستهێنان بۆ زامنکردنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان لە رێکەوتننامەی سیڤەردا، خۆیان بە دابەشکراویی لە نێوان دەوڵەتانی ئەمڕۆدا بینییەوە. راپەڕینە کوردییەکان، چ خێڵەکیی یاخود نەتەوەیی، لە وڵاتەکانی عێراق، ئێران و تورکیادا بوونە دیاردەیەکی بەربڵاو، ئەوانەی کە تێکڕایان سەرکەوتووانە سەرکوتکران. هێرشی سەربازیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە دژی کوردان هاوکات بوو لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی توانەوەدا، یاخود پەرتەوازەکردنیان بۆ لاوازکردنی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی.[٥]

## پارتی دیموکراتی کوردستان/پ د ك

رووداوی هەرە گرنگ لە سیستمی سیاسیی کوردییدا بریتییە لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا. دەتوانرێت زۆربەی رووخسارەکانی هەلومەرجی ئەمڕۆیی لە کوردستانی عێراقدا، چ لەڕووی ستراکتۆر و چ لەڕووی ئایدیۆلۆژییشەوە، بۆ دامەزراندنی ئەم حیزبە بگەڕێتەوە. هەر لەو (پ د ك) ەی زوو ئەم پارتیەی ئەمڕۆ و یەکێتی سەریان جوقاند. باسەکانی دادێ وەسف و شیکارییەکی پێکهاتنی پ د ك و ئەو کاریگەرییانەی رۆڵیان لە دامەزراندنییدا هەبووە

---

[1] M. van BruinessenA, *gha Shaikh and State*, 1992, pp. 25–26.

پێشکەش دەکات. هەروەها ئەو بزاوتانە دەناسێنێت کە بوونەهۆی دامەزراندنی یەکێتی(ی ن ک). ریشەی پارتی ئاڵۆزەو زادەی چەندین بزاوتی سیاسییە، کە لەسایەی ئەم گروپانەی خوارەوەدا باسی لێوەدەکرێت:

١- تێکۆشانە خێڵەکییەکانی عێراق، تورکیا و ئێران.
٢- پەرەسەندنی ئینتێلیجێنسیای شارەکیی کورد لە عێراق و کوردستانی عێراقدا، کە بانگەشەی نەتەوایەتیی کوردیان دەکرد. دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران/حدکا، هەروەها هەوڵی دەوڵەتسازیی لە کوردستانی ئێراندا.
٣- رۆڵی خێڵی بارزان ، بەتایبەت، مەلا مستەفا بارزانی.

چەقی مشتومڕ لەو ماوەیەی کە راستەوخۆ پێش ساڵانی ١٩٥٠ کانە، هەروەها ئەو رووداوانە دەگرێتەخۆ کە کاریگەریی سەرەکییان لە دامەزراندنی پارتیدا هەبوو. هەر باسێکیش هەڵسەنگاندنی رۆڵی بارزانی گرتۆتەخۆ، وەك هەوڵێك بۆ کۆڵینەوە لەو رۆڵەی وەك کارەکتەرێکی سەرەکیی گرێدراو.

## رۆڵی جەنگاوەرانی خێڵەکیی

تێکۆشانی خێڵەکیی کاریگەرییەکی مەزنی لە پەرەسەندنی سیستمە سیاسییە کوردییەکە هەیە. شۆڕشە کوردییەکان بەشێوەیەکی باش وەك هاوسەنگییەك لەنێوان بەرژەوەندییە خێڵەکیی و نەتەوایەتییەکاندا چاوی لێدەکرێت. هاندەری بنەڕەتی شۆڕشەکانی پێشوو پاراستنی بەرژەوندییەکانی خێڵێکی تایبەت بوو، ئەوانەی دواییان زیاتر تۆنێکی نەتەوەییان گرتەبەر. بە جەختکردنەوە لەم گۆڕانەیە کە وەك فراوانکردنی پرسی کورد لە عێراقدا دەبینرێت. هەروەها مەیلی کینەتۆزییەکی هاوبەشی نێوان خێلایەتیی و نەتەوایەتیی خۆیان لە پێکهاتەی لەئاشتیینەهاتووی سیاسیی و پرۆسەی بڕیارسازییدا بەرجەستە دەکەن. دەتوانرێت سەرەتای راپەڕینە خێڵەکییەکان بۆ چالاکییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی ١٨٧٨ەوە بەرەوسەر

**بگەڕێنرێتەوە.[R] لێرەبەدوا، چەندین ڕاپەڕینی خێڵەکیی جۆراوجۆر لە کوردستاندا قەوماون، کە لە خێڵایەتییدا چڕبوونەتەوە زیاتر وەك ئەوەی لە نەتەوایەتییدا، وێڕای ئەوەی چەندیین دەستەو تاقمی نەتەوەیی شارەکیی ئامادە نەبوون هاوکاریی ڕاپەڕینە خێڵەکییەکە بن.• زۆر لە سەرکردە خێڵەکییەکانیش پشتگیریی ئەو دەستەو تاقمانەیان نەخواستووە.[S] ڕاپەڕینە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە ، ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعید، خۆیبوون، سمکۆ، دەرسیم، بەرزنجیی(مەبەستی شێخ مەحموودە– سەردەشتیی)و هەروەها بارزانییەکان بوون. کە هەر هەموویان بە ئامانجی خێڵەکیی و پشتگیریی خێڵەکیی دەناسرێتەوە، لەگەڵ کەمێك، یان هەر هیچ باوەڕێکی نەتەوایەتیی کوردیی ، یاخود بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ نەتەوەییە شارەکییەکان لە ئێران و عێراقدا.[T] ئەگەر نەتەوایەتیی بووبێت بە بەشێك لەم ململانێیانە، ئەوا زۆربەی**

---

[2] بۆ زیاتر سبارەت بە شێخ عوبەیدوڵلا:

D. McDowall, The Kurds, London: Minority Rights Group, 1989, pp. 10–11; A Modern History of the Kurds, 1996, pp. 53–59; E. O’Ballance, The Kurdish Struggle, 1920–1994, London: Macmillan Press, 1996, pp. 7–9.

• شایەنی باسە، نەوەی یەکەمی خوێندەوارە شارەکییەکانی کورد(جگە لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان) لە ئێران و تورکیا و دواتر لە عێراق، زیاتر لەژێر کاریگەریی فەرهەنگیی و ئایدیۆلۆژیی باوی نەتەوەی سەردەستدا بوون و نەتەوایەتیی کوردیی لەلایان کە بۆخۆی نەخەملیبوو بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و دەستپێکردنی پرۆسەی بەزۆر تواندنەوەی کورد لەلایەن کەمالیست و ڕەزاشای پان ئێرانیستەوە، خێڵەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بەتوندیی کەوتنە بەر پەلاماری دڕاندانەو بەناچاری ڕاکێشرانە نێو کۆڕی پێکدادان و ململانێوە بێ ئەوەی بەرنامەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەریی هەبێت جووڵەو ئامانج و ئایندەیان دیارییبکات. هەرچەندە جووڵانەوەکانی سمکۆو شێخ مەحموودو شێخ سەعید تاڕادەیەك لە پشتگیریی خوێندەوارە شارەکییەکانی کورد بەهرەمەند بوون، بەڵام لەوئاستەدا نەبوو کە ڕیشەی کاروهەڵسوڕانی خێڵەکییانە بە ئاراستەیەکی ڕێکخراوی نوێ بگۆڕێت، ئەوەش بەبڕوای من زیاتر بۆ ستراکتۆری خێڵەکییانەی کۆمەڵگای کوردیی و لاوازیی توێژی خوێندەوارانی شارەکیی لەڕووی چەندایەتیی و چۆنایەتیی دەگەڕێتەوە، جگە لە نەخەملینی بیرو هۆشیاری نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردییدا لەو قۆناغەدا.(سەردەشتیی)

[3] H. Arfa, The Kurds: An Historical and Political Study, London: OUP, 1966, p. 129; O’Ballance, op. cit., p. 15.

[4] بۆ شیکاریی وردیی ئەم شۆڕشانە بڕوانە:

جـار وەك ئامرازێــك بــۆ بەدەســتهێنانی پــشتگیریی بــووە لــەپێناو یاخیبوونــە خێڵەکییەکـەدا. ئیدمۆنـد غـەریب جـەخت لـەم هاوسـەنگییە دەکاتـەوە کـە دەڵێـت:" یاخیبوونــە کوردییــەکان...بەهانــدانی خولیــا شەخــسییەکان بــووە، شانبەشــانی نەتەوایـەتیی بـۆ ڕێگـرتن لـە کـۆنترۆڵی دەسـەڵاتی ناوەنـدیی بەسـەر ناوچـەکەدا."[٥] دەتوانرێـت ئـەم هاوسـەنگییە لـەنێوان بەرژەوەندییــە خێڵەکییــەکان و شەخــسییەکان لەلایەك و بەکارهێنانی نەتەوایەتیی وەك هێزێکی هاندەر لەلایەکی ترەوە ببینرێت لە کۆڵینــەوەی دوو لــە مــەزنترین ڕاپــەڕین و ســەردەکانی کــورد –ئــەویش یەکــەمیان ڕاپەڕینەکـەی شـێخ مـەحموودی بەرزنجییــە لـە سـاڵی ١٩١٩ و دووەمیـان ڕاپـەڕینی بارزانییەکانە لە ساڵی ١٩٤٣دا.

## ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی بەرزنجیی

شێخ مەحموود، بەدرێژایی ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانیی لە جۆرە ڕەفتارێکی سەرکێشانەی سیاسیی بەرخوداربوو. ئەو کارانـەی بە لایـەنگریی بـەریتانیا کردنـی وایکـرد بتوانێـت حکومـەتێکی هـەرێمیی لـە کوردسـتان دابمـەزرێت کـە ناوەندەکـەی شاری سلێمانی بوو.[٦] هەرچەندە، کاتێك دەنگی لێهەڵبڕی و داوای دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی کرد، پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیادا کزبوو. شێخ مەحموود لە مایۆی ١٩١٩دا ســـەربەخۆیی ڕاگەیانـــد، بـــەڵام پـــاش شـــەڕێکی تونـــد، ڕاپەڕینەکـــەی

W. Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its Origins and Development, unpublished PhD, Syracuse University, 1960.

شایەنی باسە ئەم کتێبە تێزی دکتۆرایەو لە ئەمەریکا پێشکەشکراوە، لەلایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی کـوردیی و لەسـاڵی ٢٠٠٨دا لەسـەر ئـەرکی وەرگێـڕ لـە سـلێمانی چـاپ و بڵاوکراوەتەوە (سەردەشتیی).

[5] E. Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, New York: Syracuse University Press, 1981, p. 11.

[6] Jwaideh, op. cit., pp. 480–2; Arfa, op. cit., pp. 111–12; M. Gunter, *The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope*, New York: St Martin’s Press, 1993, p. 3; McDowall (1996) op. cit., p. 156.

شکستیخواردو خۆشی خرایە زیندان. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی نەهاتەدی، هەروەها هەرێمەکە لەلایەن بەریتانیاوە بە کۆماری عێراقەوە گرێدرا.[7] لەکاتێکدا واپێدەچێت کە مەیلی شێخ مەحموود نەتەوەییانە بووبێت، ئەو کەمتر هاوبەشیی لەگەڵ جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتییدا هەبوو، سەبارەت بە مشتومڕی نێوان خێڵایەتیی و نەتەوایەتیی، مکدۆواڵ ئاماژەی بەوەداوە کە:

" هەوڵێکی پاشڤەڕۆیانە هەیە بۆئەوەی بەرگێکی نەتەوەییەکی هاوچەرخ بەبەر شێخ مەحموودا بکەن ...جێگەی بایەخە ئەو کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدا لە بانگەشەکردن بۆ هەستی نەتەوایەتیی، لەوەش زیاتر، شێوازەکەی بریتییبوو لە بەکارهێنانی خزمو هاوپەیمانە خێڵەکییەکانو ئامانجیشی پاوانێکی دەرەبەگایەتیی شەخسیی بوو، شێخ مەحموود داوای دەکرد کە کورد لەدەستی ئینگلیز رزگاری بێت، بەڵام نەك لەدەستی خۆی."[8]

## یاخییبوونەکەی بارزانی لەساڵی ١٩٤٣

پاش ئەو راپەڕینانەی پێشوو، بارزانی لە ناسڕییەی باشووری عێراق و دواتریش لە شاری سلێمانی دەستبەسەر بوو. ئەو لەساڵی ١٩٤٣دا بە یارمەتی حیزبی "هیوا"[9] بەرەو بارزان هەڵاتو لایەنگرانی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو ئامادەی یاخییبوون

---

[7] بۆ درێژەی شۆڕشی شێخ مەحموودی بەرزنجیی بڕوانە: Jwaideh, op. cit.,pp. 516–35.

[8] هارڤی مۆریش هەمان بۆچوونی مکدۆواڵ ی دەربڕیوە، سەرۆك خێڵەکان ئەو کاتە وا وەسفدەکات :"بایەخیان بە پاراستنی بەرژەوەندییە نیمچە دەرەبەگایەتییەکانی خۆیان دەدا زیاتر لەوەی کە پشتگیریی کۆبکەنەوە بۆ هەر شتێك پەیوەندیی بە کێشەی نەتەوەیی کوردەوە هەبێت.".
McDowall (1996) op. cit., p. 158; H. Morris, ‘Inter-Kurdish Conflict in Iraq – Reasons and Effects’, Irakisch-Kurdistan: Status und Perspektiven, Berlin: Awadani, 1999, p. 45.

[9] Gunter, op. cit., p. 9; Nawshirwan Mustafa Amin, Khowlanawa la Nawbaznada: Diwa Nawaway Rowdawakany Kurdistani Iraq, 1984–1998, Berlin: Awadani, 1999.

بوون.[10] داوای سەرەکی بارزانیی بریتیبوو لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆم کە لە کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك و خانەقین پێکبهێنرێت و بخرێتە سایەی وەزارەتی کاروباری کوردییەوە. پاش رەتکردنەوەی ئەم داوایانە، شەڕ هەڵگیرسا.[11] یاخیبوونەکە لەلایەن سوپای عێراقەوە بە هاوکاریی چەند خێڵێکی جۆربەجۆر تێکشکێنرا، بارزانی ناچارکرا ئاوارەبێت و روو لەئێران بکات و هەڵبێتە مەهاباد بەخۆی ٣٠٠٠ جەنگاوەرەوە.[12] ئەوەی بتوانرێت یاخیبوونەکەی بارزانی ساڵی ١٩٤٣ بە نەتەوەیی دابنرێت جێگەی مشتومڕە. ئیمانۆیل سیڤان، ئاماژە بەوە دەکات کە راپەڕینەکە قۆناغێکی نوی لە خەباتی کورد لەعێراقدا دیاریی دەکات، هەروەها :

بەپێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشوو کە لە بنەڕەتدا خێڵەکیی بوون، ئەم شۆڕشە لە نێوەرۆکدا نەتەوەیی بوو، نەك تەنیا بارزانی خۆی ئامانجە نەتەوەییەکانی راگەیاند، بەڵکو بۆ یەکەمجار ناوکی شارەکیی جووڵانەوە نەتەوەییەکە بەو خەباتەوە پەیوەست بوون، کە دووراییەکی نوێیان پێ بەخشی."[13]

" بەپێچەوانەوە، مکدۆواڵ ئاماژەی بەوە داوە، هەرچەندە هێندێکجار بە شۆڕشێکی نەتەوەیی وەسفکراوە، بەڵام بەڵگەکان پێچەوانەی ئەمەن:[14]

"هەرچەندە، هێندێکجار وەك شۆڕشێکی نەتەوەیی وەسفدەکرێت، بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە وا نەبووە...کەم بەڵگەی پتەو هەن بیسەلمێنن بارزانی لەکاتی شۆڕشەکەیدا بڕوای بە پرسی کورد بووبێت...گەر مرۆ سەیری کارەکان

[10] Arfa, op. cit., p. 119; Ghareeb (1981) op. cit., p. 33.

[11] Gunter (1993) op. cit., p. 9.

[12] بۆ زیاتر سەبارەت بەڕاپەڕینی بارزانی ساڵی ١٩٤٣ بڕوانە:

Jwaideh, op. cit., pp. 671–707; M. Farouk-Sluglett and P. Sluglett, *Iraq Since 1958: From Revolution to Dictatorship*, London: I.B. Taurus, 1987, pp. 28–9.

[13] E. Sivan, ‘The Kurds: Another Perspective’, *Case Studies on Human Rights and Fundamental Freedoms: A World Survey*, Vol. 2, The Hague: Martinus Nijhoff, 1975, p. 147.

[14] McDowall (1996) op. cit., p. 290.

بکات...دروست وا دێتەبەرچاو...ئەو وەك هەر سەرۆك خێڵێکی باش بەردەوام هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی داوە."[15]

لەکاتێکدا ئەستەمە هاندەری ئەم شۆڕشە بناسرێت، ئەو پرسە دەردەکەوێت کە، گەر بارزانی نەتەوایەتیی هەڵنەبژاردبێ ئەوا نەتەوەییەکان ئەویان هەڵبژاردووە.[16] لەوانەیە باشترین ڕێگە بۆ بینینی بایەخی مێژوویی شۆڕشەکەی بارزانی لەساڵی ١٩٤٣دا، ئەوەبێت کە سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە سیاسەتی کوردییدا. ساڵی ١٩٤٣ دواجارە کە ڕەگەزە خێڵەکییەکان بێ هیچ بەرهەڵستکارییەك ئیستیغلالی نەتەوایەتیی بکەن. لەساڵی ١٩٤٣ بەدواوە، بەشێوەیەکی زێدەتر دەردەکەوێت کە نەتەوەییەکان کەمتر ئارەزووی ئەویان کردووە وەك داشێك لە سیاسەتی خێڵەکاندا بەکاربهێنرێن و هەوڵیانداوە ئەوان خێڵایەتیی بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکانی خۆیان بەکاربێنن. هەر لەو کاتەوە ئەم ململانێیەی نێوان ئەم دوو تاقمە بوو بە تایبەتمەندیی سیاسەتی کوردیی.

## سەرهەڵدانی گروپە نەتەوەییەکان

پنتی سەرەتای نەتەوایەتیی کوردیی بریتییە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/حدکا. لەماوەی دووەمین جەنگی جیهانییدا، پنتی خولیای نەتەوایەتیی کوردیی لەشاری مەهابادی کوردستانی ئێران چەقی گرتبوو. لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی و هەڵوێستی خێرخوازانەی یەکێتی شورەویی زەمینەی خۆشکرد کوردانی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا کۆمارێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنن.[17] کوردانی عێراق، لەنێویاندا بارزانی و میلیشیاکانی پشتگیرییان لەو قەوارە ساوایە کرد. کۆمارەکەی مەهاباد تا ئەو کاتە بەردەوام بوو کە هێزەکانی شورەویی لە ئێران مابوونەوە. کاتێك

[15] Ibid., pp. 290–3.
[16] Ibid., p. 293.
[17] ئاڵای کور لە مەهاباد لە ٧ی دیسەمبەری ١٩٤٥دا هەڵکراو کۆمارەکەش لە ٢٢ی یەنایەری ١٩٤٦ ڕاگەیەندرا لەسایەی سەرۆکایەتیی قازی محەمەد.
S. Ghafour, *The Longest Revolution*, London: Avon, 1997, p. 7.

ئەو هێزانە پاشەكشەيان كرد، كۆمارەكەی مەهاباد لەلايەن سوپای ئێرانەوە رووخێنرا.[QX] بارزانی هەڵاتە عێراق، لەكاتێكدا سەركردە كوردە ئێرانييەكانی كۆمارەكە، لە نێوياندا قازی محەمەد دەستبەسەركران و لەسێدارە دران.[QY] حدكا هەڵوەشايەوە، تاقمێكی بچووكی لێ بەجێما كە كاريگەرييەكی كەميان هەبوو، بارزانی لە كوردستانی عێراقدا رووبەڕووی كێشە بووەوە، ناچاركرا ناوچەكە چۆڵ بكات و روو لە لە يەكێتی شورەويی بكات. كە لەوێ بۆماوەی يازدەساڵی داهاتوو مايەوە.[RP] لە دەيەی داهاتوودا، واپێدەچوو لە نەتەوايەتيی كورديی بەقازانجی سياسەتی چينايەتيی لاواز بووبێت. وێڕای ئەوەی، نائارامیی بەشێوەيەكی زێدە لە كوردستانی عێراق و ئێراندا لەنێوان جووتيارانی كورد و موڵكدارەكاندا دەردەكەوێت، هەروەها ساڵانی ١٩٦٠ كان سەرلەنوێ دەركەوتنی دەسەڵاتی نەتەوايەتيی كوردی بەخۆوە بينی.[RQ]

---

[18] "ستيڤن پێلەتير" پێشانيداوە كە پاشەكشەی سوپای شورەوی لە مەهاباد، كە بووەهۆی رووخاندنی كۆمارە كوردييەكە، بەهۆی ئەو فشارەوە بوو كە لەلايەن ولاتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكاوە كرا، كە هەڕەشەی ئيديعاكراوی سەرۆك ترۆمان لەخۆ دەگرێتكە بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمييە ئەگەر سوپای شورەويی پاشەكشەنەكات. ئەو رووداوەی كە لەلايەن هێندێك كۆڵەرەوە بەسەرەتای جەنگی سارد لەقەڵەمدراوە.

Pelletiere, *The Kurds and their Aghas*, Philadelphia: US Army War College, 1991, pp. 4–5, 29

[19] قازی محەمەد لە ١٧ی ديسەمبەردا دەستبەسەركراو لە ٣١ی مارت ١٩٤٧دا لەسێدارە درا.

Ghafour, op. cit., p. 9.

[20] Bruinessen, op. cit., p. 26. For sources on the Mahabad Republic, see: Jwaideh, op. cit., p. 709; W. Eagleton, *The Kurdish Republic of Mahabad*, London: OUP, 1963; C. Kutschera, *Le Mouvement National Kurde*, Paris: Flammarion, 1979.

[21] Bruinssen, op. cit., p. 26.

## سەرهەڵدانی نەتەوایەتیی کوردیی لە کوردستانی عێراق

لەعێراقـدا، لاوازیـی هۆشـیاریی نەتـەوەیی لـەنێو یەکـەمین نـەوەی خوێنـدەوارە سێکیولارەکان‌و کوردانی شارەکییدا هەبوو.[RR] تاقمی نافەرمیی وەك "کۆمەڵـەی لاوان" لەلایەن کوردانی شارنشینەوە لە بەغدا پێکهێنـران، لـە ئامادەنەبوونی هـیچ حیزبێکـی نەتەوایەتیی کوردییدا، زۆر لـە کوردان روویـان لـە حیزبـی شـیوعی عێراقیـی(ح ش ع) کـرد کاتێـك لـە سـاڵی ١٩٣٤دا دامـەزرێنرا.[RS] لـەپاش کودەتاکـەی بـەکر سـدقی، دوای ئەوەی هەستێکی دژی کوردانە لەنێو عەرەبی عێراقدا سەریهەڵدا .گروپی نەتەوایەتیی کـوردیی نهێنیـی‌و رادیکـاڵتر دامـەزرێنران، وەك "کۆمەڵـەی برایـەتی"و "دارکـەر" لـە سلێمانی. دارکـەر پەیوەندییـەکی بـەهێزی بـە باڵـە کوردییەکـەی ح ش ع هـەبوو، بـەلام هەر زوو ناکۆکییان لەنێودا پەیدابوو، بەهۆی ئەوەی کە لایەنی کوردییبوونی زیاتر لە نەتەوایەتیی عێراقیی(عێراقچیێتیی-سەردەشتیی) تێدا دەرکەوت.[RT] جێگای سـەرنجە، کـە ئـەم گروپـە چـەپانە زیـاتر بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لـە سـلێمانی دەردەکـەوێت تـا لەهەولێر، ئەو مەسەلەیەی سەلمێنراوە کە لەکوردستانی عێراقدا شتێکی چەسپاوە.

حیزبێکی نوێی گەلێرتر بەناوی "هیوا" لەسەر داروپەردوی دارکەر دامەزرێنرا، کە ئامـانجی بـەهێزکردنی هەسـتی نەتەوایـەتیی کـوردیی بـوو. ئـەم حیزبـە لەلایـەن رەفیـق حیلمـی یـەوە رێبەرایـەتیی کـرا، سـەرەتا لـە کـەرکوك رێکخـراو پاشـتر لـە بـاکوورو ناوەڕاسـتی عێـراق بلاوبـووەوە.[RU] لەسـەرەتادا نهێنیـی بـوو، رۆشـنبیرانی کـوردو کارمەنـدانی سیڤیلی حکومـەتی عێراقی گرتبووەخۆ. ئامـانجی هێـوا خـۆی لەپێـدانی ئۆتۆنۆمیی بە هەرێمە کوردییەکەی عێراق دەبینییەوە، کە بە ئاشکرا نەتـەوەیی بـوو، هەرچەندە رێکخراوەکە چەپگەرابوو، ئەندامی واشی تێدابوو کە کاریگـەریی پـەیڕەوی

---

[22] McDowall (1996) op. cit., p. 288.
[23] Gunter op. cit.
[24] McDowall (1996) op. cit., p. 288.
[25] O. Sheikhmous, 'Intra Kurdish Relations of Kurds of Iraq with Kurds of Other Parts of Kurdistan', 1999, p. 53.

شیوعییەکانی بەسەرەوە بوو.[RV] بەم ئایدۆلۆژیاو بیروڕایەوە بنکەیەکی پشتگیریی شارەکیی بەرچاو بە ڕێکخستنێکی سەرەتاییەوە هاتەئارا کە لە شارەکانی هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، کفری، کەلار، خانەقین و هەروەها بەغدا شوێنیان گرتبوو، ئەو شوێنانەی تێکڕایان دوور لە هەژموون و بالادەستیی خێڵەکان بوون.[RW] لەکاتێکدا هیوا پارتێکی چەپگەرابوو، بەلام لەڕووی سیاسییەوە هێندە وریا بوو کە دان بەهێزی خێڵەکاندا بنێت. لەو سۆنگەیەشەوە، هیوا بارزانی وەك رابەری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد ناساند، لەوانەیە، پێش ئەوەی بۆخۆی درك بەشتێکی وابکات، بەڵام هیوا بەرامبەر بە هەڵوێستە خێڵەکییەکانی بارزانی لەگوماندا مایەوە. پێدەچێت هیوا، بارزانی وەك گالیسکەیەك بۆ تێپەڕکردنی پرسی نەتەوایەتیی بینیبێت و وایان خواستبێت هەرکاتێك ئۆتۆنۆمیی بەدیهات وەلاینێن.[RX]

پێویستە پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان سەرۆك خێڵەکان و ڕۆشنبیرە شارەکییە پەرەسەندووەکان وەك بەشێکی سەرەکیی بەرەوپێشچوونی بیرکردنەوەی نەتەوەیی لای بارزانیی ببینرێت. ئەو دابەشبوونەی نێوان ئەوانەی کە ئەمەیان وەك پەرەسەندنێکی بیری نەتەوەیی بەقازانجی کوردان دەبینی و هەروەها لەنێوان ئەوانەی کە ئەمەیان وەك ئامرازێك بە بەهێزبوونی بنەماڵەی بارزانی دەبینی، ئەوەی دووبەرەکیی و ناتەباییەکی پێکهێناوە کە تا ئەمرۆکەش ئاشکرایە.

## پەیوەندیی نێوان کوردی عێراق و مەهاباد

هیوارو دارکەر، هەردووکیان پەیوەندییان بە کوردە نەتەوەییەکانی ئێرانەوە لە مەهاباد پەرەپێدا، ئەوانەی لە دیدەنییەکەی ساڵی ١٩٤٢ لە مەهاباد ئامادەبوون زۆربەیان خوێندەواری شارەکیی بوون.[RY] ئەو دیدە نیە بە هاندانی یەکێتی شورەویی

[26] Arfa, op. cit., p. 123.
[27] Ibid., p. 120; McDowall, op. cit., p. 288.
[28] Arfa, op. cit., p. 123.
[29] McDowall, op. cit., p. 237.

بوو، ئەوەی بڕیاری دابوو کە پشتگیریی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کوردیی لە ئێراندا بکات.[SP] ئەوانەی ریکوپێك لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبوون خۆیان کردە لیژنەیەك لەژێر ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" کە دواتر بە کۆمەڵە ناسرا.[SQ] کۆمەڵە بەسەر چەند شانەیەکدا دابەشبوو، کە ئەندامەکانی تەنیا شانەکەی خۆیان دەناسی، ئەو سیستمەی کە بەشێوەیەکی جێگیر لە کوردستانی عێراقدا چەسپا.[SR] شانەکانی کۆمەڵە بڵاوبووەوەو لقیشی لە شارە کوردییەکانی عێراق دامەزراند وەك: کەرکوك، هەولێر، سلێمانی، ڕەواندزو شەقڵاوە.[SS] سەرکردایەتیی کۆمەڵە پەیوەندییان تەنانەت لەگەڵ شێخی عەشیرەتەکاندا پەرەپێدا، بەوەش دابەشبوونە شارەکییە-خێڵەکییەکانیان تێپەڕاند.[ST] هەرچەندە، پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گروپە وەك پێویست ڕاست نەبووەوە. مکدۆواڵ تێبینییکردوە کە:

"...وێڕای بانگەشە چینایەتییەکانی کۆمەڵە، زۆربەی ئاغاکانی دەوروبەری مەهاباد ڕوویان لە کۆمەڵە کرد، بەو گریمانەیەی کە کۆمەڵە سیمبوڵی سەربەخۆیی بوو لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی...ئەوەش مانای پشتگیرییەکی پتەونەبوو...سەرەکخێڵەکان بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی جیوەییەوە بەدنابوون."[SU]

---

[30] O’Ballance, op. cit., p. 22.
[31] 31H. Zaid, ‘The Role of the KDP in the Kurdish Revolution’, *Kurdistan*, Vol. 14, 1970, p. 7; E. O’Ballance, *The Kurdish Revolt: 1961–1970*, London: Faber & Faber, 1973, p. 41; Ghareeb, op. cit., pp. 11–12; Ghafour, op. cit., p. 3.
غەریب دەڵێت کە هیوا زیاتر لەگەڵ کۆمەڵە یەکیگرت تاوەکو لەلایەن کۆمەڵەوە قووتدرابێت. پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت کە ناوی "کۆمەڵە" چەمکێکی سیاسیی باوە لە کوردستان، هەروەها ئەم گروپە ناکرێت تێکەڵ بەو "کۆمەڵە" کوردییە عێراقییە بکرێت کە دواتر بوو بە بەشێك لە یەکێتی.
[32] N. Entessar, *Kurdish Ethnonationalism*, Boulder, CO: Lynne Rienner, p. 17; McDowall, (1996) op. cit., p. 237.
[33] A. Roosevelt, ‘The Kurdish Republic of Mahabad’, 1978, p. 123.
[34] O’Ballance, op. cit., p. 25.
[35] McDowall (1996) op. cit., p. 239.

لە ماوەی شەش مانگدا، کۆمەڵە بووە خاوەنی ١٠٠ ئەندام ، هەروەها لە بەهاری ١٩٤٥دا، قازیی محەمەد کە کەسایەتییەکی دەسەڵاتداری مەهاباد بوو، پەیوەندیی بە حیزبەکەوە کردو وەك سەرۆك دەستنیشانکرا.[36] قازیی محەمەد سەرکردەیەکی ئاینیی بوو• کە توانی هاوکاری نێوان نەتەوەییە چەپگەراکان لەگەڵ خێڵەکاندا پتەو بکات.[37] کۆمەڵە وەك پارتێکی سیاسیی پەرەیسەندو لە نۆڤەمبەری ١٩٤٥دا قازیی محەمەد کۆبوونەوەیەکی بەست تێیدا"حیزبی دیموکراتی کوردستان/ حدکا"ی

---

[36] Entessar, op. cit., p. 18; McDowall (1996) op. cit., p. 239.

• شایەنی باسە پێشەوا قازیی محەمەد بەمانا سوننەتییەکەی کەسێکی ئاینیی نەبوو، ئەو بەرجەستەی کەسایەتییەکی خوێندەواری شارەکیی دەکرد کە نە وەك میرزادەکانی کورد خاوەنی رەعییەوتو نەوەك شێخە سوننەتییەکان خاوەنی دەروێشی تەریقەتو نەوەك سەرەکخێڵەکانیش خاوەنی لەشکری خێڵەکی دەست بە خەنجەر بوو. هەڵگرتنی ئاڵای نەتەوایەتیی لەلایەن قازیی وەرچەخانێکی قووڵیی لەو دابە کۆمەڵایەتییدا هێنایەئارا کە شارەکییەکان سەر بۆ خێڵەکییو شێخە پیرۆزە گوندنشینەکان دانەوێنو جوڵانەوەی کوردایەتیی لە دیوەخانی ئاغایەتییو ژێر بەرماڵی شێخایەتییدا هێنایەدەر، ئەوەی بە گەروی ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگای کوردەوارییدا نەدەچووە خوار، هەرئەمەشە وایکرد ناحەزییەکی توندیی بەرجستەکەرانی ئەو دوو توێژە دژی پێشەوایەتیی قازیی محەمەد بێتە کایەوە، چونکە خانو ئاغاو شێخەکان زۆر خۆیان لەوە بەگەورەتر دەزانی مل بۆ خوێندەوارێکی شارەکیی خاوەن بڕوا کەچ بکەن. شایەنی باسە، وەدیع جوەیدە لە نامەی دکتۆراکەیدا لەبارەی قازیی دەڵێت:" لەنێو ئەوانەی چاویان بە قازیی محەمەد کەوتووە ، هیچ کامیان وەك ئارچی رۆزفێڵت جی.ئاڕ وەسفێکی دۆستانەی ئەو پێشەوا کوردەیان نەکردووە . ئەو وێنەیەی قازیی کە لە نووسینەکەی رۆزفێڵت دا دەردەکەوێت بریتییە لە نیشتمانپەروەرێکی رەسەن ، پیاوێکی رووناکبیر و هۆشمەند کە بەهرەیەکی فرە لە لێبوردەیی و چاوپۆشیندا دەبینێتەوە . تەنانەت پاش ئەوەش گەیشتە دەسەڵات ، هیچی وای لێنەدیتراوە کە وەك دەمارگیرێکی زێدەڕۆ و ئارەزووباز ، یان کەسێکی خاوەن پایەی سەرەڕۆ و خۆبەزلزان ، یان کەسێکی توندوتیژ کە بەزۆر سواری ملی دەوروبەری بێت ، خۆی بنوێنێت . بە پێی رۆزفێڵت " وەك پیاوێکی متمانەبەخۆ ، پشت ئەستور بە ئازایەتییەکی کەم وێنە و لەخۆبورد دەردەکەوت ، بەڵام بیرفراوان و لێبوردە و نەرمونیان".بڕوانە:

پرۆفیسۆر.دکتۆر وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد . بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥٣٠.

[37] Entessar, op. cit., p. 18.

دامەزرند، کاریگەرانە کۆمەڵەی گرتەخۆ.[38] حدکا ئامانجی نەتەوەییانەی هەبوو لەوانە: بەکارهێنانی زمانی کوردیی، خودموختاریی لە کاروباری نێوخۆ، دامەزراندنی ئەنجومەنی کاتیی کوردستان.

## یەکگرتنی نەتەوایەتیی و خێڵایەتیی

لەکوردستانی عێراقدا، نەتەوایەتیی کوردیی لە سایەی کاریگەریی بارزانیدا پارێزرا، ئەو لە یەنایەری ١٩٤٥دا نوێنەرێکی ئاراستەی حکومەتی عێراق، هیواو باڵیۆزخانەی بەریتانی کرد، تێیدا داوای جێبەجێکردنی دەستبەجێی ئۆتۆنۆمیی کرد.[39] وێڕای هەوڵی دەستپێشخەریی دپلۆماسییانە، دووبەرەکیی لەنێوان لایەنە نەتەوەییەکاندا روویدا، کە دەرفەتی دا بە بارزانی سوود لە نەتەوایەتیی وەربگرێت و زیاتر لغاوی دەسەڵاتی هەستە نەتەوەییەکە بکات. هیوا کە هەوڵی تێوەگلانی لە شۆڕەشەکەی بارزانیدا دابوو. پاش دوورکەوتنەوەی بارزانی هەڵوەشایەوە. لەو بۆشاییەدا ژمارەیەك دەستەوتاقمی بچووکی سیاسیی پێکهێنران.[40] لەمانە "شۆڕش" فرە گرنگ بوو، لەویشەوە لەساڵی ١٩٤٥حیزبێکی جەماوەریی وەك "رزگاری کورد" پەرەیسەند.[41]

هەمان کات، بارزانی بڕیاریدا حیزبێکی سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا پێکبهێنێت. ئەو ئەندامێکی شۆڕشی لە مەهابادەوە بۆ عێراق ناردەوە کە ناوی"هەمزە عەبدوڵڵا" بوو، نامەیەکی دابوویە بۆ سەرۆك خێڵەکان تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی (پ د ك) عێراقی بۆ کردبوون. قازیی محەمەد دژی رێکخراوێکی بەم چەشنەبوو لە عێراق، ئەو گوتبووی :" دەبێت تەنیا حیزبێك هەبێت، تۆش نابێت سەربەخۆ لەو حیزبە هەڵسوڕێیت."[42] هەرچەندە، بارزانی لەسەر پلانەکەی خۆی بەردەوام بوو.

---

[38] Roosevelt, op. cit., p. 128.
[39] Arfa, op. cit., p. 123.
[40] Jwaideh, op. cit., p. 794.
[41] 41McDowall (1996) op. cit., p. 294.
[42] Kutschera, op. cit., p. 190.

ئەمێستا دەردەکەوێت کە ئەو لەوە تێگەیشتووە، بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوەی کوردیی، خێڵەکان پێویستیان بەوە هەیە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی خوێندەوارە شارەکییەکاندا کاربکەن. شانبەشانی هێڵەکانی حدکا، شۆڕش‌و رزگاری کورد هەردووکیان خۆیان هەڵوەشاندەوە، هێندێك لە ئەندامەکانیان چوونە ئەو (پ د ك) ەی بارزانی پێشنیازی کردبوو، هێندێکیش بە ح ش ع پەیوەست بوون. هەروەها توندیی‌و دژوارییی لەنێوان ئەو قەوارە کوردییە عێراقییە نوێیەی بەرنامەڕێژیی بۆ کرابوو، لەگەڵ ئەوەکەی حدکا دا هەبوو، ئەوەی لەسایەی ئیبراهیم ئەحمەد دا لقی خۆی لە عێراقدا هەبوون کە ئەندامەکانی بێ مۆڵەتی قازیی محەمەد پەیوەستبوونی خۆیان بەو تاقمە نوێیە رەتکردەوە.[TS]

## دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان/پ د ك ( پارتی )

پارتیە نوێیەکە یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە بەغدا لە ١٦ی ئووتی ١٩٤٦دا بەست. سی‌ودوو نوێنەر بۆ کۆمیتەی ناوەندی لە دوورخراوەیی هەڵبژێردراو هەمزە عەبدوڵلاش وەك سکرتێری گشتیی دیارییکرا، بارزانی بە سەرۆك‌و شێخ لەتیف‌و کاکە زیادیش وەك جێگری سەرۆك.[TT] هاوسەنگیی لەو سەرکردایەتییەی بارزانی پشتگیریی کرد وایدەبینی کە سکرتێری گشتیی بۆ چەپەکانە، دوو پیرە خێڵەکییش لە پۆستی جێگری سەرۆك. ئەم جۆرە دامەزراندنە لەنێو سەرکردایەتیی "شۆڕش"دا کێشەی نایەوە، ئیبراهیم ئەحمەدیش ئەوەی هەڵبژارد کە لەگەڵ پارتی کارنەکات‌و لەبری ئەوە هەستا پەیوەندیی بە ح ش ع کرد.[TU] لەئاکامدا دەستەی ح ش ع/ئازادی

[43] Ghareeb, op. cit., p. 35.
[44] M. Gunter, ‘The KDP–PUK Conflict in Northern Iraq’, *Middle East Journal*, Vol. 50, No. 2 (Spring 1996), pp. 225–41, p. 226.
[45] Jawad, *Iraq and the Kurdish Question 1958–1970*, London: Ithaca Press, 1981.

بەخێرایی پەرەیسەند، هەروەها لەوەڵامدا، بارزانی هێڵێکی ئاشکرای نەتەوەیی گرت‌و بانگی لە کوردان کرد پشتگیریی پارتی بکەن.[46]

بە رووخاندنی کۆماری مەهاباد لەسەرەتای ١٩٤٧دا، هەروەها داخستنی لقەکەی حدکا لە کوردستانی عێراق‌و دوورخراوەیی بارزانی، بەشێك لە ئێنتلێجێنسیای چەپی شارەکیی لە دەوری ئالای پارتی کۆبوونەوە، لەوانە ئیبراهیم ئەحمەد، هەرچەندە، ئەم لاوە شۆڕشگێڕانە دژی شلپۆیی‌و خۆبەرەپێشیی حیزبەکە بوون لە گرتنەبەری سیاسەتی رازیکردنی رەگەزە خێڵەکییەکانی کوردستانی عێراق. پاش چەند ساڵێك لە چوونە پێش، چەپە نوێیەکان دووەمین کۆنگرەیان لە ساڵی ١٩٥١دا بەست، کە ئیبراهیم ئەحمەدیان وەك سکرتێری گشتیی هەڵبژارد، بارزانیش لە دوورخراوەیی وەك سەرۆك مایەوە.[47]

رووخاندنی کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٧دا، رێی بە ئێتێلیجێنسییای شارەکیی نێو پارتی دا کە لە ئاراستەکردنی حیزبەکەدا بالادەست بێت. دوای کەوتنی مەهاباد، چەکدارانی بارزانی لەلایەن سوپای ئێرانەوە هێرشیان کرایەسەر.[48] بارزانی لە ئەپڕڵدا گەڕایەوە عێراق‌و تەنیا رووبەڕووی سەرکوتی حکومەتی عێراق بووەوە، وێڕای بێبەشکردنی لە ماڵ‌و زەوییەکانی، دواجار لەسێدارەدانی چوار سەرۆکی خێڵەکیی لە مایۆداو سزانی بارزانی خۆی بە مردن بەڕێوەچوو.[49] هەربۆیە بارزانی چ بژارەیەکی لەبەردەمدا نەمایەوە ئەوە نەبێت بە شەڕکردن لە عێراق دەرکەوێت‌و پەنا بۆ یەکێتیی شورەویی بەرێت. ئەو لەگەڵ ٤٩٦ کەس لە شوێنکەوتەکانی لە ٢٧ی

---

46 F. Andrews, The Lost Peoples of the Middle East: Documents of the Struggle for Survival and Independence of the Kurds, Assyrians, and Other Minority Races in the Middle East, Salisbury NC: Documentary Publications, 1982, p. 131.

47 Kurdistan Democratic Party, *Kurdistan Democratic Party (KDP) Congresses 1946–1993*, Erbil: Kurdistan News Press, 1993; Amin, op. cit.

48 Farouk-Sluglett and Sluglett, op. cit., pp. 28–9.

49 O’Ballance (1996) op. cit., p. 34.

مـایۆی ١٩٤٧دا کوردسـتانی عێراقـی بـەرەو ئێـران جێهێـشت.[UP] پـاش سـێ هەفتـە شـەڕکردن لەگـەڵ سـوپای ئێرانـدا، بـارزانی لـە ١٥ی ژوونـدا لـە مـەرزی شـورەویی پەڕییـەوە کـە ٣٠٠کـم لـە عێراقـەوە دوور بـوو. بـارزانی یـازدە سـاڵ لـە دوورخراوەیـی مایەوە تا ساڵی ١٩٥٨دا گەڕایەوە بۆ عێراق، پارتی لە غیابی ئەودا لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەڕێوەدەبرا.[UQ]

کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ١٩٥٣ ناوی حیزبەکەی گۆڕیی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئاماژەیەك بە نەتەوایەتیی، هەروەها بەرنامەیەکی چەپی سەبارەت بە ریفۆرمی کشتوکاڵی گرتەخۆ کە دانی بە مافی جووتیاران و کرێکاراندا نا.[UR] لە سایەی رێبەرایەتیی ئیبراهیم ئەحمەددا، پارتی لەنێو خوێندکاران و رۆشنبیراندا هەڵدەسوڕا، بـەڵام پـشتگیرییەکی کـەمی ناوچـە گوندنـشینەکانی بەدەسـتهێنا، کـە لەسـایەی هـەژموونی سـەرۆك خێڵەکانـدا مانـەوە.[US] لەکاتێکـدا جۆرێـك لـە ململانێـی خێڵـەکیی هێشتا لـەنێوان بارزانییـەکان و خێڵەکانی دیکـەدا مابوونـەوە. سەرچاوەی سـەرەکیی نائارامیی لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵانی ١٩٥٠ کانـدا سروشـتێکی کۆمەڵایـەتیی-ئابووریی هـەبوو زیـاتر لـەوەی خێڵەکیی بێت، ئەوەی رێـی بـە پـارتی دەدا لەسایەی رێبەرایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد دا هێزی خۆی برەوپێبدات.[UT]

کاریگەریی باشبوونی هەلومەرجی ئابووریی لەعێراق کە لـەئاکامی زێدەبوونی سـامانی نەوتـدا هاتـەئارا، بـۆ نێـو چـینەکانی خـوارەوەی کۆمـەڵگا شـۆڕ نـەبووەوە، بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکاندا، لەئاکامدا کوردانێکی زۆر بۆ ناوچە شارنشینەکان کۆچیان کردبۆئەوەی کارێکیـان لـە دەزگـا پیـشەسازییە نەوتییەکانـدا دەسـتکەوێت.[UU] بەدرێـژایی سـاڵانی پـەنجاکان، پێویـستییەکی فـرە بـە پەرەپێـدانی کـشتوکاڵ هـەبوو،

---

[50] Ghafour, op. cit., p.10.
[51] Ghareeb, op. cit., p. 34; O'Balla9n9c6e) (o1p. cit., pp. 33–5.
[52] Kurdistan Democratic Party, op. cit.
[53] Farouk-Sluglett and Sluglett, op. cit., p. 30.
[54] O'Ballance (1973) op. cit., p. 58.
[55] Ibid.

دوای ئەوەی میکانیزەکردنی کەرتی کشتوکاڵیی جووتیارانی بێکار کردو سامانێکی زێدەتری بەخشییە موڵکداران. ئەوەی دابەشبوونی چینایەتیی فراوانترکرد. لەبەرئەوە پارتیو شیوعی توانای ئەوەیان هەبوو بنکەیەکی پشتگیریی زێدە لە ناوچە گوندنشینەکانی هەرێمەکە بۆخۆیان دابن بکەن.[56]

لەساڵی ١٩٥٦دا، هەمزە عەبدوڵڵا وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دانرایەوەو چەندین ئەندامی شیوعی لە ساڵی ١٩٥٧دا پەیوەندییان بە پارتیەوە کرد. بۆ ماوەیەك، وەك ئاماژەیەك بەم یەکگرتنە، پارتی بە "پارتی دیموکراتی کوردستان–یەکگرتوو" ناوی دەبرا. مەکتەبە سیاسیە پێنج کەسییەکە، ناوی ئەوتۆی گرتەخۆ کە لە ئایندەی ململانێیە کوردییەکە دا بوونە کەسایەتیی بایەخدار وەك : ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا.[57] ئاراستەی پارتەکە هێشتا بە ئاشکرا سۆشیالیستانە بوو، وێڕای ئەوەش، بارزانی لە دوورخراوەیی وەك سەرۆك دانرایەوە.[58] گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی لە عێراقو کوردستانی عێراقدا، هەروەها دەربڕینی چەپگەرایانەی عەرەبو کورد بۆ نەتەوایەتیی، هانی خێڵەکانی کوردیدا کە خۆیان لە رژێمی پاشایەتیی عێراقیی دووربخەنەوە. هەروەها بەهەمانشێوە، پارتیش وەڵامدەری رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لەساڵی ١٩٥٨دا، پارتی لەگەڵ ئەفسەرە ئازادییخوازەکانی عێراق پەیوەندیی گرت، ئەوانەی کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە سەرکردایەتیی دەکران.ئەوەی خوازیاری رووخاندنی پاشایەتییو دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی لە عێراقدا هەبوو.[59]

---

56 Ibid.
57 O’Ballance (1973) op. cit., p. 61.
58 McDowall (1996) op. cit., p. 300.
59 O’Ballance (1973) op. cit., pp. 61–2; McDowall (1996) op. cit., p. 300.

## کودەتای ئەفسەرانی ئازادییخواز

ئەفسەرانی ئازادییخواز لە لە ١٤ی ژووئێنی ١٩٥٨دا ڕژێمی پاشایەتییان لە عێراقدا رووخاندو دەسەڵاتیان گرتەدەست. قاسم بۆ یەکخستنی وڵاتو فراوانکردنی بنکەی پشتگیرییکردنی، پێویستی بە پاڵپشتی کوردان بوو.[VP] لە ٧ی ژووئێنی ١٩٥٨، دەستووری کاتی راگەیەندرا، لەبەندی ٢٣ی دا هاتبوو کە:" کوردو عەرەب لەم نیشتیمانەدا(واتە عێراق) هاوبەشن." دەستوور زامنی مافی کوردانی لە چوارچێوەی عێراقدا کردبوو.[VQ] هەروەها قاسم ژمارەیەکی زۆری کوردانی ئازاد کرد، تەنانەت چاوپۆشی لە خودی بارزانیو کارە چەکدارانەکانی پێشووی کراو دوای چەند خولێك دانیشتن لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەدو حکومەتی عێراقیدا، بەشێوەیەکی فەرمیی بۆ عێراق بانگێشتکرایەوە. بارزانی لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨دا، لە دوورخراوەییەوە بۆ بەغدا گەڕایەوە.[VR]

کاتی گەڕانەوەی بارزانی، پارتی جیاوازییەکی زۆری لەو رێکخستنە هەبوو کە لە پاش خۆی جێیهێشتبوو، گەڕانەوەی لەپشتی خێڵەکەی خۆیەوە وایکرد بە پەرۆشەوە پێشوازیی لێنەکرێت. دوژمنە خێڵەکییەکانی بارزانی لەوە نیگەران بوون ئەو زەوییانەی خێڵی بارزانیان لەدەستبچێت کە حکومەتی عێراق پێیدابوون. هەروەها لەنێو پارتیدا دژایەتییەکی ئاشکرا لەنێوان ئەبراهیم ئەحمەدو بارزانیدا هەبوو.[VS] بارزانی بەتایبەت لەو ئاراستە سۆشیالیستە ئاشکرایەی پارتی بێزاربوو کە لەماوەی سالآنی دوورخراوەیی ئەودا پەرەیسەندبوو.[VT] هەرچەندە، هەریەکەیان ئەوەیان درك دەکرد کە پێویستیان بە یەکترە، غەریب پێشانیداوە کە:

---

[60] Zaid, op. cit., p. 7; O’Ballance (1973) op. cit., pp. 62–3; L. Taubinger, ‘Suffering and Struggle of the Kurds’, *Case Studies on Human Rights and Fundamental Freedoms: A World Survey*, Vol. 1, The Hague: Martinus Nijhoff, 1975, p. 250; Ghareeb, op. cit., p. 38.

[61] 61Ghareeb, op. cit., p. 38.

[62] Gunter, op. cit., p. 11; Amin, op. cit.

[63] چاوێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

[64] Ghareeb, op. cit., p. 39 .

" هاوسەرگیرییەکی بەرژەوەندییخوازانە بوو، هەڵبەتە وێڕای بوونی گومان لەهەردوو لاوە کە پێدەچوو لەنێوان رۆشنبیرانی پارتیو بارزانیدا چەکەرەی کردبێت. ئەوان کەسایەتییەکی بەهێزیان پێویست بوو کە جەماوەرو هێزی چەکداریی هەبێت، ئەویش پێویستی بە پێکهاتەیەك بوو کە لەرێیەوە هەڵسوڕێتو راوێژی لێوەربگرێت."[٦٥]

گەڕانەوەی بارزانی هاوکات بوو لەگەڵ چەندین راپەڕینی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی کە دواتر ئەو سوودی لێیان وەرگرت. لەساڵی ١٩٥٨دا، قاسم بڕیاری ریفۆرمی کشتوکاڵیی دەرکرد. ئەوەی دژی بەرژەوەندیی زۆربەی موڵکدارە خێڵەکییەکان بوو.[٦٦] خێڵەکان بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانیان، دانیان بە دەسەڵاتی بارزانیدا نا تاکو گۆڕانکاریی لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقدا بکات، هەروەها رێکەوتنێکی نهێنییان بەست، بارزانی بەڵێنی ئەوەی پێدان کە لەبەرامبەر پشتگیرییان ئەو ریفۆرمە بوەستێنێت یاخود ئاستەنگی بۆ دروستبکات. بەپێچەوانەوە، یەکێتی جووتیارانی کوردستان بە پارتیەوە پەیوەستبوون بۆئەوەی سیستمی دەرەبەگایەتیی لە کوردستاندا لاوازبکەن. لەم خاڵەوە، هێڵی بەرژەوەندیی دەرەبەگە قازانجپەرستەکانو جووتیاران تا دەهات دووردەکەوتنەوە، د.کەمال خۆشناو سەبارەت بەم دابەشبوونە تێبینیی ئەوەی کردووە کە:" دابەشبوونەکە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان بووە...تەنانەت مەکتەبی سیاسی پارتیش ئەو دەسەڵاتەی نەبوو کە خەڵکی لەڕووی سیاسییەوە هانبدات، شتەکە تەواو پاڵنەری بەرژەوەندیی بوو."[٦٧]

---

[65] Ibid.

[66] R. Gabbay, *Communism and Agrarian Reform in Iraq*, London: Croom Helm, 1978; S. Jawad 'The Kurdish Problem in Iraq', in A. Kelidar (ed.), *The Integration of Modern Iraq*, London: Croom Helm, 1979, p. 175.

[67] چاوپێکەوتن لەگەل د.کەمال خۆشناو ، سلێمانی، ٢٠ ژوون ١٩٩٨. د.کەمال خۆشناو بەشێك بووە لەو وەفدەی کە بەرپرس بووە لە هاوکاریی ئاشتەوایی نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسی لەناوەڕاستی شەستەکاندا.

لەعێراق بەگشتیی، قاسم لەڕووی سیاسییەوە بەو شێوەیە بوژایەوە کە پشتگیریی گروپە جیاوازە سیاسییەکانی بەدەستهێناو هەمیشە دژیان بای دەدایەوە کاتێك بیزانیبایە کە لەسایەیدا هێزیان فرە گەشەیکردووە. قاسم سەبارەت بە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لەعێراق بە گشتیی فرە نیگەران بوو. لەبەرئەوە بارزانی بەپێچەوانەی ئارەزووی ئیبراهیم ئەحمەدەوە پارتی لە شیوعی دوورخستەوە. ئەو ئەندامە کۆمۆنیستانەی نێو پارتیشی پاکتاوکرد کە لەماوەی هاوکاریی دوو رێکخراوەکەدا پەیوەندییان بە پارتیەوە کردبوو. ناوەکەی پارتیش لە پ د ك-یەکگرتوو بۆ پ د ك گێڕرایەوە. هەرچەندە، پارتیش هەمان ئەو چارەنووسەی شیوعی بەسەرهات. کاتێك قاسم وەك چاوەڕواندەکرا، بڕیاریدا کە پارتی و بارزانی فرە بەهێزبوون لە دەستبەسەرداگرتنی باکووری وڵاتدا.[٦٨] کاتێك کە پارتی کۆنگرەی خۆی لە مایۆی ١٩٦٠دا بەست، قاسم لەگەڵ خێڵەکانی سورچی و هەرکی، کە دوژمنی بارزانیەکان بوون، چاوپێکەوتنی کرد. ئەوەش وەك سیاسەتێك بۆ برەوپێدانی نائارامیی لە کوردستاندا. شەڕی نێوخێڵەکان بوو بە تایبەتمەندیی هاوینی ساڵی ١٩٥٩و سیاسەتی قاسم سەبارەت بە لاوازکردنی کورد چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. هەرچەندە، سەرکەوتنی بارزانی لە شکاندنی دوژمنەکانیدا، قاسمی ناچار کرد دان بەدەسەڵاتیدا بنێت، هەروەها بەپێچەوانەوەشەوە، ناجەماوەریێتی لەنێو خێڵەکانی دیکەدا. [٦٩]

پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کوردان لە ساڵی ١٩٦٠ەوە بەخێرایی تێکچوو، شەڕ لەکوردستانی عێراقدا نزیکەی تێکڕای لەسەر بنەمای خێڵەکیی بوو. بێ تێوەگلانی پارتی. هەرچەندە، پارتی سەبارەت بە بەدوایەکدا هاتنی رووداوەکان لەگەڵ بارزانیدا تێوەگلا. دەسەڵاتی پارتی بەدەست مەکتەبی سیاسیی و ئیبراهیم ئەحمەدەوە بوو کە بنکەکەی لە بەغدا بوو. هەرچەندە، هەردوولا پشتیان بەیەکتر دەبەست، لەکاتێکدا مەکتەبی سیاسیی رەخنەی لە بارزانی دەگرت، بەڵام لە

---

68 O’Ballance (1973) op. cit., pp. 68–9; Ghareeb, op. cit., p. 39.
69 O’Ballance (1973) op. cit., p. 71; Taubinger, op. cit., p. 250.

پشتگیرییکردنی وەك سەرۆکێك بەردەوام بوو. لەمارتی ١٩٦١ بارزانی لە بەغدا گەڕایەوە بارزان، هەروەها پاش ئەوەی حکومەتی عێراق پێشنیازێکی هاوبەشی بارزانیو پارتی سەبارەت بە مافەکانی کورد رەتکردەوە، دۆخەکە شێواو بە ئاراستەی راپەڕینێکدا رۆیشت کە نزیکەی بێ مەبەستو بەرنامەیەك بوو. یەکەمین ئەوانەی راپەڕین ئەو موڵکدارانە بوو کە بەرپەرچدانەوەی ریفۆرمە کشتوکاڵییەکەی ساڵانی پەنجاکان بوون، هەمان کات، کاتێك دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە پارێزگاکانی باکوور لاواز دەبوو، بارزانی ئەو هەلەی قۆزتەوەو پەلاماری ئەو خێڵانەی دا کە شەڕیان کردبوو، هەروەها لە ناوەڕاستی ئووتی ١٩٦١دا، بارزانی بەتوندی دەستی بەسەر باکووردا گرت. دوابەشی راپەڕینەکە بریتییبوو لە کۆکردنەوەی هێزەکانی بارزانی بۆ پاڵپشتیی خێڵە راپەڕیوەکانی دیکەی کورد، پاش ئەوەی حکومەتی عێراق وەڵامی هێرشێکی پارتیزانیی بە بۆمبابارانکردنێکی کوێرانە دایەوە. مکدۆواڵ تێبینیی ئەوەی کردووە کە:

" لەراستییدا، قاسم دوو تاقمی خێڵەکیی جیاوازی کوردی پێکەوە بەستەوە، پیرە سەرۆك خێڵە کۆنەپەرستەکان کە لەبنەڕەتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی زەوییەکانیان سەریان بڵند کردبوو، هەروەها بارزانی کە لە بەرنامەیدا بوو خێڵایەتییو نەتەوایەتیی پێکەوە گرێبدا.[WP]

ئەم یەکگرتنەی نێوان خێڵەکانو بارزانی ئەوە روونەکاتەوە کە چۆن بارزانی توانی لەماوەیەکی کەمی رێژەییدا پێگەیەکی وابەهێزی چنگ کەوێت.[WQ] بارزانی بەوە وەڵامی هێرشەکەی حکومەتی عێراقی دایەوە کە لە ١١ی سێپتەمبەردا بەیاننامەیەکی

[70] McDowall (1996) op. cit., p. 310.

[71] گوینتەر ئەو پرسیارەی کردووە کە چۆن بارزانی ئەو جەماوەرێتییەی بە دەستهێناوەو دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە بەهۆی پرۆپاگەندەی کۆمۆنیستەکانەوە بووە، بارزانی لەساڵی ١٩٤٣(١٩٤٦ راستە/سەردەشتیی)دا تێکەڵ بە بە کۆماری مەهاباد بوو. هەرچەندە، هەستی شۆڕشگێرانەی کوردیی پێشانداوە کە بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی بایەخی ئابوورییەوە تێیدا باڵادەستبووەو ئەم شۆڕشەش جیاوازییەکی نەبوو. بارزانی سوودی لە کاریگەریی ریفۆرمی کشتوکاڵیی لەسەر چینی موڵکداران وەرگرت. Gunter, op. cit., p. 13

بڵاوکردەوە تێیدا داوای لە تەواوی کوردان کردبوو کە چەك دژی هێزەکانی عێراق هەڵگرن. لەوکاتەوە، ململانێی نێوان کوردی عێراق و حکومەت تا ئەمڕۆ بەردەوامە. هەروەها ئەمە ئەو کاتەیە کە دەتوانرێت مەسەلەکانی دەستبەسەرداگرتنی بەشێك لە خاکە کوردییەکەی عێراقی لەلایەن کوردان خۆیانەوە بۆ بگەڕێنرێتەوە.[72]

ئەو توندییەی کە بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کە سیاسەتە کوردییەکەی پێ جیادەکرێتەوە لە پارتیە نەوپاکەدا خۆی دەبینێتەوە. پارتی وەك هاوپەیمانییەکی سەخت لە نێوان رەگەزە خێڵەکیی و چەپگەرا شارەکییەکاندا پێکهات. کە هەریەکەیان خوازیاربوون ئەوی دیکە بۆ قازانجی خۆی بەکاربهێنێت. بەڵام چەپگەرا شارەکییەکان لە رێگەی کارێزما و دەستکەوتەکانی بارزانیەوە کەوتنە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ خێڵەکاندا. بەگەیشتنی چەپگەرای چالاك و فرە رادیکاڵی وەك ئیبراهیم ئەحمەد، سەرلەنوێ باڵی چەپ بەهێزبووەوە و شانۆکە بۆ شەڕێکی توندیی سیاسیی لە ئایندەدا ئامادەبوو، ئەوەی کە لەو کاتەوە سیاسەتە کوردییەکەی پێ دەناسرێتەوە.

## پەرەپێدانی سیستمەکە: شۆڕشە کوردییەکە ١٩٦١ - ١٩٧٥

رووداوە سیاسییە کوردییەکانی ساڵانی شەستەکان دژی ئەو پێشینەی راپەڕینە یەك لەدوایەکانە روویاندا کە دژی حکومەتی عێراق و هەروەها ئەو کودەتا یەك لەدوایەکانە بوون کە لەنێوخۆی حکومەتدا ببوون. رژێمی قاسم لە ٨ی فێبرایەری ١٩٦٣دا لەلایەن حیزبی بەعسەوە پێچرایەوە، ئەوەی بۆخۆشی لە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣دا لەلایەن سوپاوە بەسەرکردەیی عەبدولسەلام عارف رووخێنرا. پاش ئەوەی سەرۆك عارف لە ١٤ی ئەپڕێلی ١٩٦٦بە رووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی کوژرا، عەبدولڕەحمان عارفی برای دەسەڵاتی گرتەدەست. حیزبی بەعس دووبارە لە ١٧ی ژووئێنی ١٩٦٨دا لەسایەی سەرکردایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حسێنی

---

[72] Taubinger, op. cit., p. 250; interviews with Sami Abdul Rahman, Salahadin, 3 April 1998; Franso Hariri, Erbil, 23 April 1998.

جێگری دەسەڵاتیان گرتەوەدەست،[WS] شانبەشانی ئەم هەلومەرجە ناسەقامگیرە، شانۆ سیاسییەکەی کورد بە پێکدادان لەگەڵ باڵی چەپی پارتی دەناسرایەوە کە لەگەڵ بارزانیدا فرە بێزاربوو، ئەوەی بابەتی ئەم بەشەیە کە بریتییە لە هەلومەرجێکی ناسەقامگیریی سیاسیی کە تێیدا دابەشبوونی چەپگەرا–خێڵەکییەکان لەنێو کورداندا جەمسەرگیریی لەنێو سیاسەتە کوردییەکە بەرەو ریزبەندیی دەبات کە سیستمە سیاسییەکەی تاکو سالانی نەوەتەکان پێ‌ دەناسرێتەوە. لەم بەشەدا، پەرەسەندنی شۆڕشە کوردییەکە تێبینییکراوەو ئاماژەی بۆ کراوە، لەگەڵ بایەخدانی سەرەکیی بەو جەمسەرگیرییەی لە سیاسەتە کوردییەکەدا هاتۆتەئارا، هەروەها ئەو ئاکارەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوەتەبەر، یاخود لەلایەن کارەکتەرە سیاسییەکانی کورد بەکارهاتووە.

## شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١

شۆڕشە کوردییەکە بەشێوەیەکی جدی لە مارتی ١٩٦١دا دەستیپێکرد. یەکەمین قۆناغی ستراتیژیی بارزانی بریتییبوو بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی عێراق لەڕێگەی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنە لەمێژینەکانی کە خێڵەکانی لۆلانییو زێبارییەکان بوون.[WT] شۆڕشەکە بەوە پەرەیسەند کاتێك هاوپەیمانانی بارزانی، ئارکۆییەکان، پەلاماری هێزێکی سەبازییاندا، وەڵامی قاسم بۆ ئەمە بۆمببارانکردنی ئاسمانیی کوێرانەی ناوچە گوندنشینەکان بوو، لەوانە گوندی بارزان کە بووەهۆی راپەڕینی بارزانییەکانو خێڵەکانی دیکە. لەکۆتایی سێپتەمبەردا، بارزانی دەستی بەسەر پشتێنەیەك زەویدا گرت کە لە زاخۆوە بۆ سلێمانی درێژ دەبووەوە.[WU] واپێدەچێت، کە پاڵنەرەکانی بارزانی لەسەرەتای کاردا خێڵەکیی بووبێت تا نەتەوایەتیی. جگە لەهێندێك حاڵەتی

---

[73] Taubinger, op. cit., pp. 251–4.
[74] McDowall (1996) op. cit., pp. 309–10; O’Ballance (1996) op. cit., p. 47.
[75] Ibid.

کەمی جیا کە بارزانی کۆنترۆڵێکی کەمی هەبوو، یان هەر نەیبوو، نە بارزانی‌و نە هاوپەیمانەکانی هێرشی هەماهەنگیان دژی سوپای عێراق ئەنجام نەدا.[76] هێزەکانی قاسم گرفتێکی کەمیان لە گێڕانەوەی ناوچە شارنشینەکان‌و پێکەوەبەستنەوەی ڕێگاکان ڕووبەڕوو بوو، هەرچەندە، بارزانی دەستی بەسەر ناوچە شاخاوییەکاندا گرتەوە. هەربۆیە قاسم بۆمببارانکردنی گوندە شاخاوییەکان‌و ژێرخانی گوندنشینەکانی کردبووە ئامانج کە لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بووە هۆی وێرانبوونی نزیکەی ٣٠٠ گوند.[77]

پێش دەستپێکردنی شۆڕشەکە، پارتی ئەوەی هەڵبژاردبوو کە لەشەڕ بەدووربێت.[78] پێی وابوو کە هەر پێکدادانێك لەگەڵ سوپای عێراقییدا شتێکی نەشیاوە. هەرچەندە، لە ٢٤ی سێپتەمبەردا، قاسم نایاساییبوونی پارتی ڕاگەیاند، لەبەرئەوە پارتی ناچار کرد کە بەشۆڕشەکەوە پەیوەست بێت.[79] لەنێو پارتیدا مشتومڕێکی توند سەبارەت بە ڕۆڵی پارتی لە ڕاپەڕینەکەدا هەبوو.• تاڵەبانی لەوبڕوایەدا بوو کە

---

[76] O’Ballance (1973) op. cit., p. 75.

[77] Ibid., p. 48.

[78] نەوشیروان مستەفا تێبینیی مەسەلەی کوردی ئەوکاتەی کردووە کە:" بارزانی و مەکتەبی سیاسی لە دوو دۆڵی دوور لەیەك بوون"(بەمانایەکی دی هەر یەکەیان سەربەخۆ هەڵسوڕاون‌و کەسیان ئاگایان لەوی تر نەبووە چی دەکات). لەکۆتاییدا مەکتەبی سیاسی تاڵەبانیان لە بەغداوە ڕەوانەی باکوور کرد بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکە، هەروەها ئەو بڕیارییدا کە وەختەکە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش گونجاوە.

[79] McDowall (1996) op. cit., p. 310.

مەکتەبی سیاسی پارتی لە هەلومەرجێکی شێواو پەرتەوازەدا بوو پاش یەکەمین هێرشی سوپای عێراق. ئیبراهیم ئەحمەدو نوری شاوەیس لە بەغدا مانەوە، تاڵەبانی لە چەمی ڕێزان بوو، هەروەها عەلی عەسکەری‌و ئەحمەد عەبدوڵڵا لە هەرێمی بادینان بوون. Amin, op. cit.

• تاڵەبانی دەڵێت:" لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١دا لە کۆبوونەوەکەی عەوالأن سەرکردایەتی پارتی بە دەنگی بەشە زۆرەکە بڕیاری دروستکردنی هێزی"پێشمەرگە"و شەڕی بەرگریی ، نەك شۆڕشیدا، کاك عەلی عەبدولا دژی ئەوە دەنگیدا و گوتی پێویستە خەبات بکەین قاسم بێتەوە سەر ڕیێ دیموکراسی‌و ئێمەش خەباتی سیاسی بکەین، کاك نوری ئەحمەد تەها دژبوو، چونکە وتی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی هەرگیز سەرناکەوێت،ئەوەش بووە هۆی زویری بارزانی." لەڕاستییدا، ڕیشەی ئەم بەدبینییەی کەسانی وەك نوری ئەحمەدی تەهاو خوێندەوارە چەپە شارەکییەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی

پێویسته پارتی هەوڵی بەدەستەوەگرتنی شۆڕشەکە بدات بۆ ئامانجی نەتەوایەتیی سوودی لێوەربگرێت. لەکاتێکدا ئیبراهیم ئەحمەد لەوبڕوایەدا بوو کە شۆڕشەکە بەتەواویی پێچەوانەی بڕواو ئامانجەکانی پارتیە. ئیبراهیم ئەحمەد هێشتا ئەزموونەکەی کۆماری مەهابادی لەپێش چاوبوو، هەروەها بڕوای وابوو کە لەوانەیە پارتی لەژێر فشاری شەڕدا هەڵوەشێت، بەتایبەتیی نە خێڵە شاخاوییەکانو نە یارمەتیی دەرەوەش هیچیان مسۆگەر نەکرابوون. هەرچەندە، تاڵەبانی ویستی سوود لەو راستییە وەربگیرێت کە سێیەکی سوپای عێراقیی کوردنو لەو بڕوایەشدا بوو کە پشتگیریی پارتی دەکەن. تاڵەبانی بۆ دیدەنی سەردانی بارزانی کرد. بارزانیش داوای لە پارتی کرد کە چاوەڕێ بکەن تاکو قاسم پەلامار دەدات. کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە دیسەمبەری ١٩٦١دا لە "چەمی رێزان " کۆبوونەوەیەکی بەست و بڕیاریدا کە دەستبکات بە رێکخستنەوەی شۆڕشەکە، هەروەها پارتی دەستیکرد بە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا.XP

---

سەردەمی حیزبی هیواو هەروەها کۆمارەکەی کوردستان لە مەهاباد. ئەو خوێندەوارانەی هەستیان بە بۆشاییەکی فەرهەنگیی دەکردو پێیان وابوو لە سایەی سەرکردایەتیی بارزانیدا پێگەی شیاویان نادرێتیو گوێیان لێناگیرێت. لەو رووەوە، زراری سلێمان دەرگەڵەیی کە خۆی باوکی لە کۆماری مەهابادا بەشداربوونو دواتریش لەگەڵ بارزانیدا چوونە شورەویی، لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم جۆرە هەستە لای خوێندەوارە شارەکییەکان وێنا دەکاتو دەنووسێت:"وەهاب ئاغا گوتی: (ئەگەر بەگوێم دەکەیت خۆت بەدوور دەخەیتەوە، وەك ئێمە بەدوای کلاوی بابردو مەکەوە باوکت نەزانە، هێشتا هەر لەسەر بیروڕای هۆزایەتیە، ئەو حەز لەپیاوی وادەکات بەچاوبەستی بەدوای بکەوێتو لەژێر فەرمانی خۆیدا بێت هەرچی بڵێت دەبێ بڵێ بەڵێ ئەزبەنی). پێمگوت: (ئێوە رۆشنبیران هانتان داین ئەو بناسینو گوێڕایەڵی فەرمانی بین ئێستاش شتێکی تر دەڵێن). وەهاب ئاغا گوتی: ( تازە پێم وتی ئێمە دوای کلاوی بابردوو کەوتبون تا هەڵدێراین). بڕوانە: گۆڤاری خاك، ژمارە ٥٨، سلێمانی، ١٠ نیسان ٢٠٠٢، زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧، هەولێر، چاپخانەی رەهەند،ب سل، ٥١.

[80] نەوشیروان تێبینییکرد کە ئەو کادرەی لەم ئەرکە بەرپرس بوو، عەلی عەبدوڵڵا بوو، کە دواتر بوو بە سکرتێری گشتیی پارتی لە ساڵانی نەوەتەکانداو لەسایەی سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانیدا.

## پێكهاتنی پێشمەرگە

وێڕای ئەوەی پارتی خۆی كردە هاوپەیمانی بارزانی، كەچی ئەو ڕێگەی لەوەگرت لە ناوچەكانی بندەستی ئەودا ئۆپەراسیۆن بكەن، لەبری ئەوە پارتی لەنێوان ڕانیەو سلێمانیدا كەوتەكار. ئەم دابەشبوونەی هەرێمەكە ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی قەڵەمڕەوەكە بوو لەنێوان بنكە پاڵپشتییەكەی بارزانی لە لایەك‌و ئەوەكەی مەكتەبی سیاسی پارتی لەلایەكی ترەوە.[XQ] كۆمیتەی ناوەندی پارتی كە هەمیشە دوودڵ بوو لە پشتبەستن بە میلیشیا خێڵەكییەكانی بارزانی، بانگەشەی بۆ دامەزراندنی جۆرە هێزێكی چەكداری ڕێكخراو كرد، ئەوەی پتەوكردنی ستراكتۆری لقەكانی حیزبەكەی گرتەخۆو بەنهێنیی ڕێكخراوەكانی پارتی لە شارەكاندا بوژێنرایەوە، كە یەك لەو ڕێكخراوە نهێنییانە لەنێو هێزی پۆلیسدا بوو لە شارەكانی هەولێرو سلێمانی.[XR] بارزانی دژی پێكهێنانی یەكەیەكی بەمجۆرە بوو، لەبەر ئەوە پارتی هێزێكی هەمیشەیی لەناوچەكەی خۆیدا دامەزراندو ناوی لێنا"پێشمەرگە•". ژمارەیەكی زۆر

---

[81] O’Ballance (1973) op. cit., p. 79.

[82] Amin, op. cit.

• "ئەنوەر دڵسۆز" لە ژمارە ٦٥ی ڕۆژنامەی "كوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دیموكراتی كوردستان لە ٣ی ژوئیەی ١٩٤٦داو لە ژێر ناونیشانی"لەشكری كوردستان" دا باس لە دوو شێوازی دامەزراندنی لەشكر دەكات، یەكەمیان بۆ پەلامارو داگیركردنی وڵاتانی دیكە وەك لەشكری وڵاتانی ئیستیعماریی، دووەمیشیان بۆ پارێزگاریی وڵات‌و وەك سوپەرێكی میللیی. ناوبراو دەڵێت:"لەشكری میللیی لەو وڵاتە دەبێ كە هەمیشە پارێزگاریی ئازادیی نێو وڵاتی خۆی بكات یان ئازادیی وڵاتی خۆی‌و حەقی خۆی داوا بكات. ئێمە كە ئەمەمان زانی بۆمان ئاسان دەبێ بزانین لەشكری كوردستان لە چ پایەیەكیدا دابنێین وە بەتایبەتی چۆنێتی حكومەتمان بزانین، حكومەتمان حكومەتێكی میللییەو لە میلەتەوە دەرچووە...بەرامبەر بە قانون حكومەتمان هەموو كەسێك یەك پایەیەو هیچ كەس تەفاوتی لەگەڵ هیچ كەسدا نیە لەبەرئەوە لەشكرمان لە ژێر سێبەرو ڕەهبەری ئەم حكومەتە دەبێ ببێتە لەشكرێكی میللی، هەروەها هەروەكو دەبینین لەشكرمان لە خودی میللەت دەرچووە، كارگەرو ڕەنجبەرو ئاغاو تجار هەموو بۆ ئامانجێك لە ژێر بەیداغی مقدس كورددا بە هەمو ئیتاعەتێك كار دەكەن‌و داوایكی عادلانەو حقوق‌و ئازادی‌و سەربەستی میللەتی كورد دەكەن...لەشكری كوردستانی ئازاد كە عبارەتە لە ٥٠٠٠٠ پێشمەرگە بناغەی لەشكری كوردستانی گەورە بە هەڵگری بەیداغی ئازادیی، ئەم لەشكرە وەك زۆر

لە ئەفسەران ریزەکانی سوپای عێراقیان بەجێهێشت، ژمارەی هێزی پێشمەرگە بەخێرایی پەرەیسەند، کە لەسێپتەمبەری ١٩٦١دا نزیکەی خۆی لە ١٥٠٠٠ کەس دەدا.[XS] هەروەك لەوانە چاوەڕێ دەکرا کە لەسوپای عێراق هاتبوونە نێو پێشمەرگە،ستراکتۆری ڕێکخراوەیی پێشمەرگە بە "دەستە"ی بچووك دەستیپێکرد کە ژمارەیان نزیکەی دە پێشمەرگە دەبوو، ئنجا "پەل" کە لە سی پێشمەرگە پێکدەهات، دواتر"بەتالیۆن" کە ١٢٠ پێشمەرگە بوون.[XT] پارتی لە ناوچەکەی خۆیدا چوار بنکەی هەرێمیی پێکهێنابوو: ئیبراهیم ئەحمەد ناوچەی مالومەی بەڕێوەدەبرد کە نزیکی سنووری ئێران بوو، تاڵەبانی فەرماندەی هێزی رزگاری بوو کە بنکەکەی لە چەمی ڕێزان بوو بەرەو باکووری سلێمانی. عومەر مستەفا فەرماندەی هێزی کاوە لە بێتواتە. عەلی عەسکەریش فەرماندەی هێزی خەبات لە چوارتا. هێزەکانی سێیەمو چوارەمی قەرەداغ لەلایەن کەمال موفتیەوە فەرماندەیی دەکران کە ئەفسەرێکی هەڵگەڕاوەی سوپای عێراق بوو.[XU]

جێگای بایەخە تێبینیی ئەو کاریگەرییانە بکرێت کە پێکهێنانی پێشمەرگە لەسەر ستراکتۆری پارتیو دواتر یەکێتی دامەزراون. بەهۆی ئەو جێگرتنەی پارتی لە شاخەکانی رانیەدا، یەکەمینی ئەوانەی هێزە نوێیەکەیان پێکدەهێنا لایەنی خێڵەکیی بەسەریاندا زاڵ بوو، لەگەڵ هەڵاتنی کوردانێك لەسوپای عێراقییەوە بۆ ناو ئەو هێزە،

---

لەشکرانی دنیا زەحمەتو سەرباری میللەتی خۆیان نین." بەم شێوەیە نووسەرەکەی "کوردستان" پێشمەرگە بە هێزێکی میللی ئازادییخواز لە سایەی ڕێبەرایەتیی حکومەتێکی میللی ئازاد لە قەڵەمدەدات، کە گیانفیدایی لە پێناو ئازادیی گەلو مافەکانی میللەتدا دەکاتو داردەستی هیچ هێزو لایەنێکی لۆکاڵیی تایبەت نیە. ئەمەش زیاتر وەك هێزێکی خۆبەخشی پرۆفیشناڵ دەردەکەوێت کە لەسایەی حکومەتێکی وەك کۆمارەکەی مەهاباددا دامەزراوەو بۆچونێکی ریالیستانەیەو ئازادیی گەلو حکومەتێکی دادپەروەر دەکاتە مەرجی کاری پێشمەرگە، هەربۆیە لە تەواوی ساڵێکی تەمەنی کۆماری کوردستاندا پێشمەرگە نەك هەر سوپەری راستیینەی میللەت بوو، بەڵکو ئازاری بە تاکە مرۆڤێکی کورد نەگەیاند .

[83] O’Ballance (1973) op. cit., p. 85.
[84] Figures from Amin, op. cit.
[85] Figures from Amin, op. cit. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال موفتی، سلێمانی،٩ ژوونی ١٩٩٨.

هێندێك شێوەی ڕێكخراوەیی بەخۆوە گرت. وردە وردە تێكەڵەیەك لە كوردانی شارەكیی تێكەڵ بەم هێزە خێڵەكییانە كران كە گەرای نەتەوایەتیی كوردیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، ئەوەی كە لەلایەن پارتیە شارەكییەكانیانەوە بەهێز دەكرا. لە سەرەتادا پێشمەرگە كۆمەڵێك گرفتی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەتایبەت كە هێزە خێڵەكییەكان ئامادە نەبوون مل بۆ نەزمی سەربازیی بدەن. هەرچەندە، كادرانی سوپا توانیان ئەم هێزە بۆ هێزێكی شەڕكەری شاخەكیی سەرسەخت پەرەپێبدەن. لەگەڵ ئەو ئاكامەی كە پێشمەرگەكانی پارتی هاندەرێكی زێدەتری سیاسیی و ئایدیۆلۆژییان هەبوو تا جەنگاوەرە خێڵەكییەكانی بارزانی.[XV] هەروەها ئەم دابەشبوونە ڕێكخراوەییە لە سەركردایەتیشدا ڕەنگیدابووەوە كە دوو سەركردایەتیی جیا لەیەك لەسەر شانۆكە پەرەیاندەسەند كە نوێنەری دوو باڵی جیاوازی جووڵانەوەكەیان دەكرد. بارزانی كۆنترۆڵی بادینان،چۆمان، ڕەواندز، شەقڵاوەدا گرتبوو، مەكتەبی سیاسیش ناوچەكانی سلێمانی، كەركوك و هەولێریان كۆنترۆڵكردبوو.[XW]

لەساڵی ١٩٦٢دا، جەنگ بەقازانجی شۆڕشگێڕەكان دەچووەپێش، قاسم لەڕووی سیاسییەوە دابڕابوو، پارتی بەشێوەیەك جووڵانەوەی ئەفسەرە ئازادییخوازەكان و حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی دەناساند كە لەڕێگەی كودەتاكردنیان دژی قاسم باشترین جێگرەوەبن، هەروەها حیزبی بەعسیان لەوە دڵنیا كردەوە كە لەكاتی بەڕێوەچوونی كودەتادا هەوڵی قۆزتنەوەی پێگەی لاوازی سوپا لە باكوور نادەن. لەبەرامبەردا، پارتی بە پێدانی ئۆتۆنۆمیی دڵنیاكرایەوە.[XX] لە ٨ی فێبرایەری ١٩٦٣دا، لەلایەن دەستەیەك لە ئەفسەرانی ئازادییخوازەوە كودەتا دژی قاسم ئەنجامدرا كە حیزبی بەعسی تێوەگلابوو. ئەفسەرانی كودەتاچی ناوی خۆیان نا "ئەنجومەنی نیشتمانیی سەركردایەتیی شۆڕش" و عەقید عەبدولسەلام عارف وەك سەرۆك و ئەحمەد حەسەن بەكر وەك جێگری سەرۆك وەزیران دانران.

---

86 O’Ballance (1973) op. cit., pp. 85–6.
87 Amin, op. cit.
88 McDowall (1996) op. cit., pp. 312–13; O’Ballance (1973) op. cit., pp. 95–6.

**دووبەرەکیی کوردیی**

کوردان بەڵێنەکەیان بردەسەرو دوای کودەتاکە پەلامارەکانی خۆیان وەستاند. هەرچەندە، بارزانی حەزی نەدەکرد پشتگیریی تەواوی خۆی بە کودەتاچییەکان بدات تاوەکو داواکارییەکانی کورد پەسەند نەکەن کە بریتیبوو لە : ئەنجامدانی ئاگربەست، ئازادکردنی زیندانییەکانی جەنگەکە، قەرەبووکردنەوەی برینداران، لەکارلابردنی ئەوانەی لە ئەشکەنجەی کوردان بەرپرسبوون، لەگەڵ راگەیاندنێکی فەرمیی ئۆتۆنۆمیی و بەشدارییکردنی کورد لە حکومەتی نوێیەکەی عێراق لەناوەند. هەروەها بارزانی داوای ئەوەی کرد کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت و دەسەڵاتی بەسەر کاروباری نێوخۆیی هەرێمەکەدا بڕوات.[89] هەڵوێستی دوژمنانەی رژێمی بەعس تادەهات دژی کوردان زێدەتر دەبوو. دانوساندنەکان لەپاش ئەو یەکێتیە چاوەڕواننەکراوەی عێراق و سوریا، تادەهات ئاڵۆزتر دەبوو. ئەوەی وایدەکرد کوردان ببنە کەمینەیەکی ٢ملیۆنیی لەنێو زۆرینەیەکی ١٣ ملیۆنییدا. بەهەمانشێوە، لەنێو دەوڵەتی یەکگرتوودا کە عەرەب تێیدا باڵادەستە. رۆیشتن بە ئاراستەی نەتەوایەتیی عەرەبیی لەلایەن ناسری سەرۆکی میسرەوە دەرفەتێکی زۆری لەبەردەم نەتەوایەتیی کوردیی لەسەر خاکێکدا نەهێشتبووەوە کە لەلایەن نەتەوەییە عەرەبەکانەوە بەخاکی عەرەب لەقەڵەم دەدرا.[90]

لەکۆبوونەکانی داهاتوودا لەنێوان بارزانی و حکومەتی عێراقدا، بارزانی داواکارییەکانی خۆی زێدەکرد و داوایکرد هەرێمە ئۆتۆنۆمەکە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و چەند بەشێك لە موسڵ و دیالە بگرێتەخۆ، هەروەها سێیەکی داهاتی نەوت بۆ کوردان تەرخانبکرێت، جێگری سەرۆك کۆماری عێراق کوردبێت، هەروەها جێگری سەرۆکی ئەرکان کورد بێت.[91] ئەو هەڕەشەی ئەوەی کرد گەر

[89] Taubinger, op. cit., p. 251; McDowall (1996) op. cit., p. 313.
[90] Taubinger, op. cit., p. 251; O’Ballance (1973) op. cit., pp. 100–1.
[91] O’Ballance (1973) op. cit., p. 101.

حکومەتی عێراق لەماوەی سێ ڕۆژدا داواکانی پەسەندنەکات ئەوا کورد هێرشەکانی دەستپێدەکاتەوە.

سەرۆک عارف گەیشتە ئەو دەرئەنجامە کە جگە لە شەڕ چ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نیە. ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش رایگەیاند کە لە ١٠ی ژوونی ١٩٦٣ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی خۆی دژی کورد دەستپێدەکات. نوێنەرە کوردەکانی وەفدی دانوسان لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانیی، قۆڵبەستکران. هەروەها کوردانێك لە بەغدا. لەهەمان کاتدا هێزەکانی عێراق پەلامارێکی گشتییان کردەسەر هێزی پێشمەرگە.[92] لەکاتێکدا سوپای عێراق لە کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هێزە کوردییەکان بەرگرییەکی سەرسەختانەیان لە سەنگەرەکانیان دەکرد لە ناوچە شاخاوییەکاندا ، بەلێخستنی ئەو حکومەتەی بەعسی تێدا باڵادەستبوو لەلایەن عەبدولسەلام عارفەوە لە نۆڤەمبەری ١٩٦٣دا، ئەو هێرشەی سوپا دژی کوردان تێکشکا.[93] واپێدەچوو پەیوەندییەکانی نێوان بارزانیو عەبدولسەلام عارف بەهێزبێت، بەو پێیەی کە پێش کودەتاکە هێندێك کەینوبەین لەنێوان هەردوولادا هەبووە. ئەوەی لەوەدا رەنگی دایەوە کە بارزانی لە ١٠ی فێبرایەری ١٩٦٤دا ئاگربەستی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا راگەیاند بێئەوەی پێشتر هیچ راوێژێکی لەگەڵ پارتی کردبێت، بەوەش ئاڵۆزییەکی توندیی لەنێوان خۆیو مەکتەبی سیاسیدا هێنایەرئارا. هەلومەرجەکە بەرەو خراپتر ڕۆیشت کاتێك دەستوورە نوێیەکە کاتییەکە کەمتری بۆ کوردان لەوەکانی پێشوو لەهەگبەدابوو. بارزانی ناوی خۆی خستە سەر رێکەوتننامەیەك کە هەر ئاماژەیەکی بۆ خۆبەڕێوەبردنی کوردان تێدا نەبوو، چ جا ئۆتۆنۆمیی کوردیی، ئەوەی مەکتەبی سیاسی توڕەکرد.[94]

[92] Taubinger, op. cit., p. 251.
[93] Ghareeb, op. cit., p. 67.
[94] Ibid., p. 40; McDowall (1996) op. cit., p. 315.

کارەکانی بارزانی دژوارییەکی توندیی لەنێو ئەندامانی باڵای پارتیدا هێنایەئارا، داخۆ بارزانی ئەمەی بۆئەوە کردبێت کە دووبەرەکیی بنێتەوەو پاشان بیکاتە هۆکارێك بۆ هێرشکردنە سەربالّی چەپی پارتی شتێکە نازانرێت. هەرچەندە، پەسەندکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ رژێمە نوێیەکە، بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەك تێدا هەر بەرگرییەکی دژی هێزەکاتی حکومەت بەڕاگەیاندنی شەڕ دژی بارزانی لەقەڵەم دەدات، هەروەها ئاماژەدانی بە حکومەتی عێراق کە ئەو هیچ نارەزایەتییەکی دژی پوچەڵکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان نیە، بەدڵنیاییەوە ئەوە دەردەخات کە ئەمە پیلانێك بووە بۆ جیاکردنەوەی باڵی چەپی پارتی.[95] کوردستان بەتەواویی دابەشبوو. مەکتەبی سیاسی پارتی کە ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفای گرتبووەخۆ، بەتوندیی دژی کارەکانی بارزانی وەستانەوە، ئەوەی ئەوان بە تاکڕەوییان ناساندیان.•[96] مەکتەبی سیاسی چوونە رانیە تا چاویان بە بارزانی بکەوێت و سەبارەت بەو رێکەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، ئەوان پێیان وابوو کە رێکەوتننامەکە زۆر کەمتر لەوەی بەکورد داوە کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، لەکاتێکدا بارزانی پێیوابوو کە خەڵکی کورد ماندوونەو لەداهاتوودا دەتوانن ئۆتۆنۆمیی بسێنن. مەکتەبی سیاسی هەوڵیدا بەدەنەیەکی

---

[95] McDowall (1996) op. cit., pp. 315–16.

[96] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال موفتی، سلێمانی،٩ ژوونی ١٩٩٨،. لەگەڵ د.کەمال خۆشناو ، سلێمانی، ٢٠ ژوون ١٩٩٨.

• بێگومان ئەم ناکۆکییانە ریشەیەکی سیاسیی، فەرهەنگیی، ئاکاریی و شەخسیی هەبوو، پەیوەندیشی بە سیاسەتی هەرێمیی و جیهانییەوە هەبوو لە ناوچەکەو بەرامبەر جووڵانەوەکە. ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:" بەڕاستیی، ئێمە، هەر لەسەرەتاوە ئەو رێبازەی ئەومان بەدڵ نەبوو. ئێمە دژی ئەوە بووین "پێشمەرگە" بچێتە گوندێکەوە، بە شەق "مریشك" بەخەڵکی گوندەکە سەرببڕێ...ئێمە پارەمان پەیدا دەکردو بۆ ئەوانمان دەنارد.. ئەو بەشێوەیەکی خێڵەکیی دەجووڵایەوە، ئێمە پارتایەتییماندەکرد. ئێمە پێمان دەووت، تۆ ماف ئەوەت نیە، بەتەنیا بڕیار بدەی، ئەو دەیگوت: نەخێر من مافم هەیە بڕیار بدەم...ئەو دەیویست لای "ئەمێریکا" بگرێ". بڕوانە:
حوسێن محەمەد عەزیز ، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد) دا ، چاپ سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.ل ٥٢- ٥٥ .

دانوسـان لـەنێوان بـارزانیو پارتیـدا پێکبهێـنن بۆئـەوەی داواکارییـەکانی کـورد پێشکەشی حکومەتی عێراق بکەن، بەڵام لەلایەن بارزانیەوە ڕێگەی لێگیرا. ئەو لەبری ئەوە داوایکرد کە ئیبراهیم ئەحمەد وەك سکرتێری گشتیی دەست لەکار بکێشێتەوە.

وەڵامی مەکتەبی سیاسی بریتییبوو لە بەستنی کۆنفرانسێك لە ماوەت لە ٤ی ئەپڕێلی ١٩٦٤دا، کە نزیکەی حەفتا ئەندامی تێدا بەشداربوو، کۆنفرانس گەیشتە ئەو بڕیارەی کە مەکتەبی سیاسی ئەو دەسەڵاتەیان لە بارزانی سەندەوە کە بۆخۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دانوسان بکات. لەبەرامبەردا، بارزانی فەرماندە سەرەکییەکانی پێشمەرگەی دەرکرد، لەنێویاندا :عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، کەمال موفتیو هەروەها تاڵەبانی. هەروەها بەلای تاڵەبانیەوە لانیکەم پاش ئەو ڕووداوە شتێك لە پارتی نەمایەوە.[٩٧] هەرچەندە، بارزانی سەلماندی کە دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە، بەتایبەت ئەو بەوە ناسرابوو کە هێزەکانی خۆی لە مەیدانەکەدا ڕێکدەخستەوەو بەسەردەکردنەوە، بەپێچەوانەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە کە بەدەگەمەن پێداچوونەوەیەکی بەوجۆرەی دەگرتەئەستۆ. ئاکامەکەشی ئەوە بینرا کە ئەندامەکانی خوارەوەی پارتی بڕیارەکانی بارزانیان جێبەجێدەکرد مەکتەبی سیاسی کەنارکەوت.[٩٨] بارزانی بۆئەوەی لەنێو پارتیدا شەرعییەت بە بڕیارەکانی بدات، کۆنگرەی شەشەمی خۆی لە بەغدا بەست کە تێیدا چواردە ئەندامی پێشووی ڕێبەرایەتیی بە تاوانی خیانەت دەرکران، ئەو کۆنگرەیەی ڕێی ئەوەی پێدان کە سەرکردایەتییەکی نوێ پێکبهێنن.[٩٩] دەگونجێت ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٤ بە مژدەی بنەڕەتیی ی ن ك بناسرێت، وەك نەوشیروان مستەفا جەختی لەسەر کردۆتەوە، کە:

---

97 چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

98 Amin, op. cit.

99 دەرکراوەکان بریتییبوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی، حیلیمی عەلی شەریف، هەروەها سەید عەزیزی شەمزینی. سەرکردایەتیی نوێ لە : حەبیب کەریم، د.مەحموود عوسمان، ساڵح یوسفی، ئیسماعیل عارف، عەبدولی سۆران، سەدیق ئەمین، عومەر شەریف، شێخ محەمەدی هەرسین، عەزیز عەقراوی، د. فوئاد جەلال، عەلی سنجاری، هەروەها یەدوڵڵای فەیلی.

" لەمێـژووی جووڵانـەوەی سیاسـیی کوردسـتانی عێراقدا، سـاڵی ١٩٦٤ خـاڵێکی وەرچـەخانی شـووم پێکـدەهێنێت، هـەروەها ئاکامـەکانی بـەقووڵیی ریـشەی لـە جووڵانەوەی کوردییەکەدا داکوتاوە. ململانێی نێوان سەرۆکی پارتیو دواتر بۆ نێو تێکڕای خەڵکەکەو جووڵانـەوەی کوردیی، ئەوەش بووە سـەرەتاو خاڵی دەسـتپێکی شەڕێکی ناوخۆ.[QPP]

هەرچەندە، پێویستە ئەم دابەشبوونە وانەبینرێت کە یەکەم ریزبەندییە بۆ ئەوەی کـە دواتـر ی ن ك پێکهێنـا. ئەنـدامانێکی گرنگـی ئـەمڕۆی ی ن ك وەك: د.فوئـاد مەعـسومو عـادل مـوراد لەسـاڵی ١٩٦٤دا وەك هاوپـەیمانی بـارزانی مانـەوە. بەهەمانشێوە، کەسانێك کە دواتر بوونە ماویستیی وەفادارو ئەندامی بنەڕەتیی لە یەکێتیـدا، یـەکبوونێکی بەرچاویان لەگـەڵ بـارزانی دژی خـەتی تاڵـەبانی-ئەحمـەد پێـشاندا. لـە مەکتـەبی سیاسـیدا، سـێ گروپـی جیـا پەرەیانـسەند کـە لـە هـەوڵی ئەوەدابوون باشترین ستراتیژیی دیاریی بکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دابەشبوونەکە. یەکـەمین گـروپ، کـە نەوشـیروان مـستەفای گرتـەخۆ، هـانی مەکتـەبی سیاسـیاندا پـشتگیریی کارەکـانی بـارزانی بکـەن، گروپـی دووەم کـە شـەهابی شـێخ نـوری گرتبووەخۆ، خوازیاربوون مەکتەبی سیاسی بەتەواویی پشتگیریی ئەحمەد-تاڵەبانی بکەنو لـە بـارزانی دابـڕێن. هـەروەها سـێیەمین گـروپ کـە عەبدولـستارو مـەلاماتۆڕی گرتبووەخۆ، بڕوایان بە ستراتیژییەکی دیکەبوو کە پاڵپشتییکردنی حکومـەتی عێـراق بوو. یەك لە نێوەندەکانی نێوان بارزانیو مەکتەب سیاسی کە د.کەمال خۆشناو بوو، تێبینیـی بێهـودەیی بەرهەڵـستکاریی بـارزانیو حکومـەتی عێراقـی کـردووە. ئـەوان هەسـتیان بـەوە کردبـوو کـە بۆئـەوەی هیـوای مانـەوەیان وەك یەکەیـەکی سیاسـیی هەبێت، پێویستە لە شاخەکانو لەگەڵ بارزانیدا بمێننەوەو هەوڵی بەهێزکردنی باڵە چەپەکەیان لەنێو حیزبەکەدا بکەن، وەك لەوەی وەك تاقمێکی بچووك تەنیا پشتگیریی لەناوچە شارنشینەکانەوە بەدەستبێنن کە لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکراوە.[QPQ]

---

100 Ibid.
101 Ibid.

هەرچەندە، تاقمی ئەحمەد-تاڵەبانی وەك بەرهەڵستکارێکی بارزانی مانەوە، پاش ئەوەی هەوڵیاندا پشتگیریی دژی بارزانی کۆبکەنەوە، بارزانی لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دەریکردن و لەگەڵ ٤٠٠٠ لە شوێنکەوتەکانیان لە ژووئێنی ١٩٦٤دا راوینان. ئنجا بارزانی داوای ئۆتۆنۆمیی لە عارف کرد، هەمان ئەو بەڵگانەی ئەحمەد-تاڵەبانی بەکارهێنا. هەروەها لە ئۆکتۆبەردا داواکانی خۆی زێدەکرد، لەوانە: کێڵگەکانی کەرکوك. ئەوەی حکومەتی عێراقی ناچارکرد لە مارتی ١٩٦٥دا دەست بە پەلامارەکانی دژی کوردستان بکاتەوە. مردنی عەبدولسەلام عارف لە کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەیدا لەساڵی ١٩٦٥ بووەهۆی ئاگربەست، بەڵام لەگەڵ چوونەسەر تەختی عەبدولڕەحمان عارف لە ساڵی ١٩٦٦دا شەڕ دەستپێکردەوە. هەوڵەکانی بەزازی سەرۆك وەزیر بۆ هێنانەدی ئاشتیی لەسەرەتادا بەو پازدە خاڵەیەوە کە پێشکەشی کردبوو ، واپێدەچوو سەرکەوتووبێت. راگەیاندنەکەی بەزاز، زۆر لە داواکارییەکانی کوردی بەدیهێنابوو. هەرچەندە، ئەفسەرانی سوپا، عارفیان ناچارکرد فشار بخاتەسەر بەزاز، کە بووەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی.[QPR] ناکۆکیی نێوان بارزانی و تاقمەکەی ئەحمەد-تاڵەبانی لەبیرنەکرا، بەڵکو ئەمێستا بۆ دوژمنایەتییەکی توندو دژوار پەرەیسەند. ئەو تاقمە دووبارە لەیەنایەری ١٩٦٦دا لە بارزانی جیابووەوەو دەستیانکرد بە دژایەتییکردنی. ئەمجارەیان بە یارمەتی مادیی حکومەتی عێراقی و بە هاوکاریی "جاش"/ئەو کوردە خێڵەکییانەی لە پاڵ حکومەتدا دەجەنگان.

لە فێبرایەری ١٩٦٦ەوە، ئاگربەستێکی ناجێگیر لەنێوان بارزانی و حکومەتی عێراقدا بەرپابوو. بارزانی دووبارە ئەمەی بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لە کوردستاندا قۆزتەوە، داواکانی خۆی لە حکومەتی عێراق زێدەتر کرد. هەرلەم کاتەدا بوو کە پەیوەندییە بەدناوەکەی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها لەگەڵ ئێراندا پەرەپێدا، پەیوەندییگرتنی بەم دوژمنە ئایدیۆلۆژییانەی رژێمی عێراق سەلماندی کە بۆ

102 McDowall (1996) op. cit., pp. 317–20.

حکومەتی عێراق وێرانکەر بوو. هەروەها ئەو توانایەی لەلایەن ئێرانەوە درا بە پێشمەرگە وایکرد بتوانن لەکاتی پەلاماردانی هێزەکانی عێراق بچنە ناوچە پارێزراوەکان، ئەمەش وایکرد کە سوپای عێراق نەتوانێت چاری کوردان بکات. لاوازیی رژێم زەمینەی بۆ دووەمین کودەتای بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا لەسایەی سەرکردایەتیی ئەمەد حەسەن ئەلبەکر خۆشکرد.

## کورد لە سایەی بەعسدا

حزبی بەعس لە ١٧ی ژووئێنی ١٩٦٨دا کودەتایەکی دژی رژێمی عەبدولڕەحمان عارف ئەنجامداو ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆك. هەروەها ئەو حیزبە رایگەیاند، کە رێز لە خولیاکانی گەلی کوردو هەروەها ناوەرۆکی راگەیاندنەکەی بەزاز دەگرێت. هەرچەندە، ئەمە لەوانەیە زیاتر دەربڕینی ناڕەزایەتییەك بێت دژی رژێمی پێشوو زیاترلەوەی گەیشتنە چارەسەرێکی ئاشتییانە بێت بۆ کێشەی کورد.[103] بارزانی پاڵپشتی ئەم پێگە نوێیەی بەعس نەبوو. هەرلایەك لەوی دیکە فرە بەگومان بوو. بەتایبەت کە بارزانی لە ساڵی ١٩٦٣دا هاوکاری عارفی کردبوو تا بەعسییەکان لە تەخت بێنێتەخوار، هەروەها پەلاماری ساڵی ١٩٦٣ی بەعسییەکان یەك لە دڕندانەترینی ئەو پەلامارانە بوون کە دژی کوردان ئەنجامدران.[104] هەرچەندە، پێگەی تاقمەکەی ئەحمەد- تاڵەبانی کە نها بەهەڵستکاری بارزانی بوون، لەگەڵ بەعسییەکاندا لە ئاشتەواوییدا بوون. هەروەها بەعسییەکان وایان پێ باشتر بوو لەگەڵ ئەواندا مامەڵە بکەن چونکە وادەردەکەوتن کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوشێوەبن.

بەڵام بارزانی باڵادەستی سەربازیی لە کوردستاندا گێڕایەوە، ئەو لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا هێرشی بردەسەر دەزگا نەوتییەکانی کەرکوك. هەروەها لە

---

[103] Ghareeb, op. cit., p. 73.
[104] Ibid., pp. 74–5.

دەستوپێبەستنی هێزەکانی ئەحمەد–تاڵەبانیدا گرفتێکی ئەوتۆی نەبوو.[105] بەدرێژایی هاوین شەڕ بەردەوام بوو، حکومەتی عێراق پاڵپشتی ئەحمەد–تاڵەبانی دەکردو ئێرانیش پاڵپشتی بارزانی بوو. جێگای سەرنجە، حیزبی شیوعی لە سۆنگەی هەڵوێستی دوژمنانەی لەگەڵ بەعسدا پشتگیریی لەبارزانی دەکرد. هەروەها، هەرچەندە، بەعسییەکان کاریان بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان کردو سۆزی بەشێك لە کوردانیان لەڕێگەی پێدانی کەمە داوایەك بۆ لای خۆیان راکێشا، وەك بڕیاردان لەوەی سەری ساڵی تازەی نوێی کوردی"نەورۆز" بکرێتە پشوویەکی نیشتیمانی، فێربوونی زمانی کوردیی لە هەموو خوێندنگاکانی عێراقدا، دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی‌و هەروەها پێکهێنانی پارێزگای دهۆك.

سەرکەوتنی بارزانی بەسەر تاقمەکەی ئەحمەد–تاڵەبانیدا، حکومەتی عێراقی ناچارکرد لە دیسەمبەری ١٩٦٩دا لەگەڵ بارزانی دانوسان بکات. هەرچەندە، گفتوگۆی نێوان هەردوولایەن لەسەر حاڵەتی کەرکوك گیری خواردبوو، ئەوەی بارزانی دەیویست کە بکرێتە بەشێك لە هەرێمە ئۆتۆنۆمە کوردییەکە. بەعس جەختی لەوەکردەوە کە شێوەی دیارییکردنی ئەو ناوچەیە پشت بەوە دەبەستێت کە لەچ شوێنێك زۆرینە دەسەلمێنرێت. ئنجا پێویستە ئەوکاتە بڕیار لە بابەتەکە بدرێت چ لە رێگای راپرسییەوە یان ئامارەوە.[106] بەعسییەکان هەمیشە سەبارەت بە سەقامگیریی رژێمەکە کاریگەریی وێرانکەری کوردان لە دوا ماوەی دەسەڵاتیاندا نیگەران بوون‌و پەرۆشی ئەوەبوون جۆرە رێکەوتنێك لەگەڵ بارزانیدا بکەن. ئەوەی کە کاغەزی سپییان خستەبەردەستی‌و داوایان لێکرد داواکارییەکانی خۆی بنووسێت. سەدام گەڕایەوە بەغداو وردەکارییەکەی زەمینەی بۆ رێکەوتنی مارت خۆشکرد.

[105] Ibid., pp. 77.
[106] McDowall (1996) op. cit., pp. 326–7.

## ڕێکەوتنی مارت

ڕێکەوتنی مارت باشترین ڕێکەوتنێك بوو کە پێشتر بۆ کوردانی عێراق هەڵکەوتبێت. لەکاتی مۆرکردنیدا، ڕێکەوتنەکە وەك بزاوتێکی ڕەسەن‌و ڕاستیینە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەلایەن تێکڕای حیزبەکانەوە بەرز ڕاگیرا، هەرچەندە، بارزانی هێشتا متمانەی بە بەعس نەبوو. بڕوای کوردان هێندە بەهێز بوو کە وایکرد بارزانی ئەو ڕێکەوتنە واژۆ بکات. حکومەتی عێراق بەڵێنیدا کە ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکات‌و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمسیۆنێك دامەزرا کە لە چوار کوردو چوار عەرەب پێکدەهات.

سەرۆك ئەلبەکر، کابینەکەی ڕێکخستەوەو پێنج کوردی تێکەڵ بە پرۆسەکە کرد، ئەندامانی پارتییەکەی بارزانی کرانە پارێزگار لە سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك. لەکۆتایی ئەپڕڵدا، زمانی کوردیی بووە زمانی بەکارهێنراو لە کوردستاندا، گۆڤاری کوردیی بڵاوکرانەوەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دامەزرێنران.[QPW]

یەك لە کوردە دانوسانەرەکانی ڕێکەوتننامەی مارت، سامی عەبدولڕەحمان بوو، کە بە "سەرەتای قۆناغێکی زێڕین"ی وەسفکردووە. ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ ئۆتۆنۆمییەکی دیفاکتۆ لە تەواویی هەرێمەکەی بەخۆوە بینی‌و پارتیش کاریگەرانە لەڕێگەی دامەزراندنی پارێزگاکانەوە دەستی بەسەر هەلومەرجەکەدا گرتبوو. لەم ماوەیە کوردان فێری تەکنیکی کارگێڕیی‌و حوکمڕانیی بوون، سامی وەك وەزیری کاروباری باکوور دامەزرێنرا، ئەو سەبارەت بەو ماوەیە تێبینیی ئەوەی کردووە کە:

" لەماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ کوردان چوار ساڵ ئەزموونی حوکمی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبردنی پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك‌و سلێمانیان چنگ کەوت...لەم ماوەیەدا پارتی هێزێکی سەربازیی بەهێزی بوو، کوردستانیش ئارام بوو." [QPX]

---

[107] Ibid., p. 329.

[108] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپڕڵ ١٩٩٨ .

هەرچەندە متمانەی نێوان پارتی و حیزبی بەعس درێژەی کێشا، لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا هەوڵێك بۆ کوشتنی ئیدریسی کوڕە گەورەکەی بارزانی لە بەغدا بەڕێوەچوو. هەروەها بەدرێژایی ساڵی ١٩٧١ مشتومڕێکی توند سەبارەت بە گۆڕانە دیمۆگرافییەکانی ناوچە کوردییەکان بەهۆی سیاسەتی تەعریبی حکومەتەوە لەگۆڕێدا بوو.[109] بەپێچەوانەوە، بەعس گومانی لە کوردان هەبوو کە کوردی ئێران و تورکیا لە کەرکوك نیشتەجێ دەکەن. پەیوەندییەکانی نێوان بەعس و بارزانی تا ئەو رادەیە تێکچوو کە بارزانی لایەنگری دەستدانەوە چەکی لەپێناو کەرکوکدا کرد. هەروەها حکومەتی عێراق لە سێپتەمبەری ١٩٧١دا هەوڵی کوشتنی بارزانی خۆی بدات.

بارزانی پێی دا بە زەویداو داوای زێدەکردنی چەند بڕگەیەکی لە رێکەوتننامەکەی مارتدا کرد. لەوانە پاشەکشەی سوپای عێراق لە کوردستان، هەروەها دانانی کوردان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە دەسەڵاتی لەدەستدابوو. ساڵی داهاتوو کە ساڵی ١٩٧٢ بوو، ئاکامی زیاتر دوژمنانەی بارزانی دژی حکومەت بەخۆوەبینی. بەتایبەت دانەخستنی سنوور لەگەڵ ئێراندا هەروەك لە رێکەوتننامەکەدا هاتبوو. هەروەها تکای هاوکاریی ولاتە یەکگرتووەکانی کرد، هەرچەندە، پارتی لە هەلومەرجەکە بەدحاڵیبوو. سیاسەتی ئەمەریکا لەراست کوردان ئەوەبوو لەو حاڵەتەدا رایانبگرێت بۆئەوەی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خۆی بێنێتەدی. سیاسەتێك کە بەپێی رۆژ هەڵدەسوڕا. لەماوەی جەنگی عەرەب –ئیسرائیلدا لەساڵی ١٩٦٧، ئەمەریکا هاوکاریی ئیسرائیلی کرد بەوەی هێزەکانی ناچارکرد لە کوردستان بلاوببنەوە، لەبەرامبەردا بارزانی پشتگیریی تەکنیکی ئیسرائیلی بەدەستهێنا. هەربۆیە حکومەتی عێراق سەبارەت بە تێوەگلانی کوردان لەو سێ هەڕەشەیە بۆسەر رژێمەکەیان نیگەران بوون، کە ئەمەریکا، ئێران و ئیسرائیل بوون. هەردوولا بەقسە یەکتریان دەکوتا گوایە پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکە، توندبوونی

[109] McDowall (1996) op. cit., p. 329.

پــەلامارەکانیش هەرەســهێنانی ڕێکەوتننامەکــەی بــەدواوە بــوو. هــەردوولا بــە بەپاندنەبوونیان تاوانبارببوون کە بووە هۆی زیانێکی قەرەبوونەکراوە لە نێوەرۆکی پەیوەنــدیی هەڵــسوڕانی خێراتێپــەڕیویان. لەســاڵی ١٩٧٤دا ڕژێمــی بــەعس بــە پەرەپێدانی یاسایەکی ئۆتۆنۆمیی ملی نا و لەگەڵ ٦٠٠ کەس لە کوردی سەربەخۆو هەروەها دژ بە بارزانی کەوتە دانوساندن. لەنێویاندا تاقمەکەی ئەحمەد–تاڵەبانی.[110] هەروەها حکومەتی عێراق کەوتەکار بۆ کەلێنکردنە نێو کۆمەڵگای کوردیی، بەوەی کەوتە بانگەشەی ئەوەی کە چیدی پارتی شەڕ بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد ناکات. پشتبەستنی بارزانی بە هاوکاریی و یارمەتییە مادییەکانی ئێران زێدەتر بوو. ئەویش بەهەمانشێوە، خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە ئامادەکرد.

دانوسانەکان بەبەردەوامیی لەمەڕ مەسەلەی کەرکوک تەگەرەیان تێکەوت. لەگەڵ ئـەوەی بـارزانی جـەختی دەکـردەوە کـە ببێتـە بەشـێك لـە ئۆتۆنۆمییـە کوردییەکـەو پایتەختی هەرێمەکە. هەروەها حکومەتی عێراقیش سیاسەتی ڕاگواستنی کوردان و هاوردنی عەرەبی بۆ شارەکە گرتبووەبەر.[111] هەرچەندە، حکومەتی عێراق خوازیاربوو کە کوردان چەمچەماڵ و کەلاریان پێ ببڕێت، هەروەها ڕێی بە جۆرە نوێنەرایەتییەکی کوردیی لە کەرکوکدا دەدا. هیچ لەو لایەنانە ئامادە نەبوون سەبارەت بە کەرکوك زیاتر بڕۆن. وێڕای ئەوەی کە هەولێرو سلێمانی دوو شاری فرە گرنگن لەڕووی کەلتوریی کوردییەوەو وەك پایتەختێکیش زێدە گونجاوتر بوون.

حکومـەتی عێـراق لـە ١١ی مـارتی ١٩٧٤دا یاسـای ئۆتۆنـۆمیی بڵاوکـردەوە. دوو هەفتـەش بـە بـارزانی درابـوو کـە پێـشنیازەکانی پەســەند بکـات و بـەو بەرەیــەوە پەیوەستبێت کـە بـەناوی "بـەرەی نیشتمانیی" دەناسـرا. یاساکەی ئۆتۆنـۆمیی زۆر لـەوە زیـاتری بـە کـوردان دابـوو کـە پێـشتر بەدەسـتیان هێنـابوو، بـەڵام هێـشتا لەگـەڵ ڕێکەوتننامەکـەی مـارتی ١٩٧٠و داواکـانی بـارزانی سـەبارەت بـە کـەرکوك کـورتی دەهێنا. یاساکە ئەو دەسەڵاتەی لە پارێزگاکان وەرگرتەوە کە هەیانبوو، لەبری ئەوە،

---

[110] Ibid., p. 333.
[111] Ibid., p. 335.

دای بە وەزارەتەکانی ناوەندیی لە بەغدا. سەرۆك كۆمار دەسەڵاتێکی رەهای بەسەر ئەنجومەنی جێبەجێکردن و هەرێمەکەدا هەبوو، هەموو بڕیارەکانیش درابووە دەست دادگای باڵا لە بەغدا. سەبارەت بە مشتومڕکردنی ئەم یاسایە، مکدۆواڵ تێبینییکردووە کە:"ئەوە روونبوو کە ئەم بەندانە رێی بە بەغدا دەدا دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە، کە بەهەڵسوڕانێکی دانایانە دەیتوانی بەشێوەیەکی کاریگەر هەر فەرمانڕەوایەتییەکی خۆیی راستیینە لە هەرێمە ئۆتۆنۆمەکەدا بماڵێت."[112] دیدێکی بەوچەشنە لەلایەن کوردانێکەوە پشتگیریی لێکراوە کە کاتی خۆی لە سیستمەکەدا کارگێڕییەکەدا بوون. سامی عەبدولڕەحمان گوتی کە :" ساڵی ١٩٧٤، بەعس ئۆتۆنۆمییەکی کورتوکوێری پێشکەشکرد، لە پراکتیکدا پێی دەگوترا "وەرەقەی حوکمی زاتی" ئەو سکرتارییەتێکی هەبوو کە راستەوخۆ لە وەڵامدەری بەغدا بوو."[113] بارزانی و پارتی بە فەرمیی یاسای ئۆتۆنۆمییەکەیان رەتکردەوە، ئەمەش هانی دابەشبوونێکی دیکەی لەنێو کۆمیتەی ناوەندی پارتیدا دا ، لەو ئەندامە بەرچاوانە عوبەیدوڵڵای کوڕە گەورەکەی بارزانی، کە هەستی بە مەترسیی ئەو هاوپەیمانییەی باوکی کرد لەگەڵ سێ دوژمنەکەی عێراق.

لە ئەپڕڵدا، لایەنەکان بەرەو شەڕ دەخزان، هەرچەندە، بارزانی بەهۆی پەیوەندیی بەهێزە دەرەکییەکانەوە، بەتایبەتی ئێران، زێدە باوەڕی بەخۆی هەبووو خۆشی بۆ شەڕێکی تەقلیدیی ئامادەکردبوو. کە بەڵگەی هاتنی کارەساتێك بوو. سوپای عێراق توانی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٤دا ئاکرێ، رانیە، رەواندزو قەڵادزێ بگرێت. ئێرانییەکان ناچاربوون هاوکارییەکی زێدەی بارزانی بکەن، لەوانە پێشکەشکردنی سوپای نیزامیی و تۆپخانە، هەرچەندە، هێزەکانی کورد لەئاست سوپای عێراقدا فرە لەخوارتربوون.

لەم ماوەیەدا، دەتوانرێت ببینرێت کە پارتی لە هەرکاتێکی دیکەی پێشوو زیاتر دابەشببوو لەنێوان پارتی و کاروباری پێشمەرگەدا. هێشتا پێشمەرگە رەگەزی

---

[112] Ibid., p. 336.

[113] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپڕڵ ١٩٩٨ .

بالآدەستی ناو پارتی بوو، کە زەید ژمارەیانی بە ۱۸۰۰۰-۲۰۰۰۰ کەسی ڕێکخراو داناوە. وێڕای ٤۰۰۰۰ کەس لە بەرگری میللی.[114] ئەوانەبۆ سێ هێز دابەشبوون (زیاتر بەگوێرەی پارێزگاکان) هەروەها حەڤدە لیوای قەبارە جیاواز.[115] سەرکردایەتیی شۆڕش لەڕێگەی ستراکتۆرێکەوە کە ناوی "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی" لێنرابوو کارەکانی خۆی جێبەجێدەکرد. ئەوەی لەلایەن بارزانیەوە سەرۆکایەتیی دەکراو چل‌وشەش ئەندامی گرتەخۆ کە مەکتەبێکی تەنفیزیی نۆکەسیان هەڵدەبژارد. پارتی لە هەریەك لەمانەدا لەڕێگەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندییەوە نوێنەرایەتیی خۆی دەکرد. وێنەی ٤:۱ ئەم ستراکتۆرە ڕێکخراوەییە ڕووندەکاتەوە.

هەربۆیە واپێدەچێت کە هێشتا دابەشبوون لەنێوان خێڵەکان و ڕۆشنبیراندا دەتوانرێت جیابکرێتەوە. وەرگرتنی پۆست لە مەکتەبی تەنفیزیی و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بۆ ئەو فەرماندە خێڵەکییانەی پێشمەرگە کراوەبوو کە بەفیعلی لەنێو پارتیدا نەبوون، ڕۆڵی مەکتەبی سیاسی بریتیبوو لە ڕاهێنانی سیاسیی کادرانی حیزب، بەڕێوەبردنی خوێندنی سەرەتایی لە ناوچە ئازادکراوەکان، کۆکردنەوەی باج و بەڕێوەبردنی دادوەریی.[116] جێگای سەرنجە تێبینی ئەوە بکرێت کە سەرکردایەتیی کوردیی چەند ئۆرگانێکی کارگێڕیی پێکهێنابوو لەبری دەزگا بەڕێوەبەرییەکانی حکومەتی عێراق، دەزگاگەلێکی بەو چەشنە وەك : دارایی، کشتووکاڵ، ناوخۆ، دامەزراندن، تەندروستی، دادوەریی و فێرکردن.

پاراستن وەك دەزگایەکی هەواڵگریی بەڕووکەش سەر بە پارتی و لەواقیعدا سەر بە بارزانی، دەزگایەکی بەدناو بوو.* ئەکەکانی بریتیبوو لە : کۆکردنەوەی هەواڵ و

---

[114] Zaid, op. cit., p. 10
[115] Ibid,
[116] Ibid.

* لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی، بەدناویی پاراستن بابەتێك نیە، هەروەك چۆن ئەو دەزگایە سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی پیلانێکی دەرەکیی و ئەنجامدانی چالاکییەك دژی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وتێکدانی کاری جاسوسانەیان لە ناوچەکە بابەتێکی بۆ باسکردن نیە. دەگونجێت ئەو

زانیاریی جۆربەجۆر، ئاسانکاریی بۆ غافڵکوژیی و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی نهێنی سەربازیی، هەروەها وێرانکاریی. مەحاڵە ژمارەی پیاوانی پاراستن بەوردیی دەستنیشان بکرێت. هەروەها وردەکاریی کاروبارە نێوخۆییەکانیشی. هەرچەندە، زۆربەی پێکهاتە سیاسییە کوردییەکان لەسەر بناغەی شانەیی ڕێکخراون، دەگونجێت پاراستنیش هەر هەمان ڕێکخستنی هەبێت. لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا، مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بوو. لە نەوەتەکانیشدا نێچیرەڤان بارزانی کوڕی ئیدریس، دواتر پاش کۆنگرەی دوازدەی پارتی لەساڵی ١٩٩٩دا مەسروری کوڕی مەسعود وەك کەسێکی بەرچاو دەرکەوتووە. هەرچەندە پێگەی مەسعود لەناو پاراستندا (کە دوایی ناوەکەی گۆڕرا بۆ ڕێکخستنی تایبەت) بێ هاوتا دەمێنێتەوەو وەك هەمیشە پێگەیەکی زێدەو دیاری لە ڕێکخراوەکەدا هەیە.

---

بەدناوییە زیاتر ناوخۆیی بێت بەو هۆیەی کە پارتی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لایەنێکی سەرەکیی شەڕی خوێناویی و کوشت و کوشتاری ناوخۆیی بووە لە باشووری کوردستان و لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە شەستەکان و هەشتاکان و نەوەتەکاندا بەتوندیی لە شەڕو کوشتار تێوەگلاوەو لەگەڵ دەزگا بەدناوەکانی ساواك، ئیتلاعات، میت و سیا و مۆساددا پەیوەندیی هەبووە. ڕێکخستنی ئەم دەزگایە تەزبیحییە، واتە کەسێك پەیوەندیی بە دووکەسەوە هەیە، یەکێك لەسەرو خۆی و ئەوتریان لەخوارخۆی، لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هەرەمی ڕێکخستنی حیزبەکە لەسەرەوە تائاستی لقەکان و تەعمیماتی بۆ ناوچەو شانە سەرەکییەکانیش دەڕوات. ئەرکی سەرەکیی ئەم دەزگایە پاراستنی بەرژەوەندیی و هەژموونی سیاسیی ومادیی بنەماڵەی بارزانی و لێدانی نەیارەکانێتی، هەروەها ڕێگرتنە لە لەخەتدەرچوونی ئەندامانی حیزبیی و لەقاڵبدانیانە. نەوشیروان مستەفا لەمەڕ ئەم دەزگایە لە شۆڕشی ئەیلولدا نووسیویەتی:" پارستن دەزگایەکی جاسوسی بو. کادرەکانی لەلایەن ساواك و مۆسادو سیاوە مەشق دادرابون. ئەرکەکانی ئەمیش وەك هەر دەزگایەکی موخابەرات بوو، بەشی جیاجیا هەیە بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباس و هەواڵی جۆراوجۆر، کوشتن و تێکدان...چاودێری ڕوداوەکانی دەوروپشتی خۆیان و جموجۆڵی خەڵك و پێشمەرگەو لێپرسراوەکان بکەن و ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسن." بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکانی یەکتری دەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣، بەرلین، ١٩٩٧، ل ١١٣.

## ڕێکەوتننامەی جەزائرو ئاشبەتاڵ

تەنیا بەرگرییەکی گونجاوی هێزە کوردییەکان دژی حکومەتی عێراق بریتییبوو لە هاتنەناوەوەی سەرتاسەریی ئێرانییەکان لەبری ئەوان. هەرچەندە، ئەوە بژارەیەکی بایەخدار نەبوو بۆشای ئێران، بەتایبەتیی کە حکومەتی عێراق بۆ ماوەی چەند مانگێك لەگەڵ ئێرانییەکاندا کەوتبووە دانوسان، کە بووەهۆی ئەوەی عێراق پێشنیازی وازهێنان لە ڕێژگەی شەتولعەرەب لەبەرامبەر وازهێنانی ئێران لە یارمەتی چەکدارانی کورد پێشانبدات. لە ٦ی مارتی ١٩٧٥و لە کۆنفرانسێکی "ئۆپیك" دا لە جەزائر، سەدام حسێن و شای ئێران هەموو ناکۆکییە سنوورییەکانی خۆیان بەلاداخست و هەردوولاش ڕێکەوتن کە جەخت لە ئاسایشی سنوورەکان بکەنەوەو ڕێگە لە چالاکییە وێرانکارییەکان بگرن. ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر هێڵی پاشەکشەی پێشمەرگەی وێرانکرد.[117] بارزانی و موحسین دزەیی و مەحموود عوسمان لە ١٢ی مارتدا دیدەنی شایان کردو پێیان گوترا کە هەموو پشتگیرییەك کۆتایی هاتووە.[118] دەگونجێت بڕیاری بارزانی بۆ وەستاندنی شۆڕشەکە یەك لە هەرە کارە پڕ مشتومڕەکان بێت. جەلال تاڵەبانی تا ئێستاش ئیدعای ئەوە دەکات کە بڕیارەکە بەهۆی بەرژەوەندییە خێڵەکییەکانی بارزانییەوە درا:

"سەرکردایەتیی دەرەبەگیی (بارزانی) بەهۆی کەمی پشتگیریی ڕۆژئاواوە تەسلیم بوو. ئەوان(بارزانییەکان) هێشتا هەزارەها خەڵکی چەکداریان هەبوو، لانیکەم ١٥٠٠٠٠٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکییان هەبوو، چەك و جبەخانەی شاراوەشیان هەبوو.

---

[117] جەلال تاڵەبانی ئیدعای ئەوە دەکات کە لەمیسر لەلایەن یەڤگینی بریماکۆف ی ئەفسەری "کەی جی بی" شورەوییەوە (دواتر سەرۆك وەزیرانی رووسیا) سەبارەت بەرێکەوتننامەی جەزائر لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا ئاگادار کراوەتەوە. بەڵام سەرکردایەتیی بارزانی ئامادەنەبووە بڕوای پێبکەن.
Patriotic Union of Kurdistan, *Revolution in Kurdistan: The Essential Documents of the Patriotic Union of Kurdistan*, New York: PUK Publications, 1977, p. 1; McDowall (1996) op. cit., p. 338; چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

[118] چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.




وێنەی ٤: ١ ستراکتۆری ڕێکخراوی پارتی لەماوەی شۆڕشی ١٩٧٥.

ئەو بەهۆی پێگەیەوە وەك سەرۆك خێڵێك کۆتایی بە شۆڕشەکە هێنا ...ئەو پارەی ویست."[119]•

بڕیاری وەستاندنی شەڕ لە ٢٣ی مارتی ١٩٧٥ درا، هەزاران خێزانی کورد وەك پەنابەر روویان لە ئێران کرد یاخود خۆیان تەسلیم بە حکومەتی عێراق کردەوە.[120]• بە هەرەسهێنانی شۆڕشە کوردییەکە، حیزبی بەعس لە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمییدا دەستی کراوە بوو.[121] چیدی پارتی لە کوردستاندا هێزێکی سیاسیی نەبوو. چالاکیی سیاسیی ئاشکرا پوچکرایەوە، ئەوانەی لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی جیابوونەوە لە ئەنجومەنی راپەڕاندن دامەزرێنران، کە هاشم عەقراوی سەرۆکایەتیی دەکرد. حکومەتی عێراق بۆ توندکردنی چنگی خۆی بەسەر کوردستاندا بەخێرایی جولا. پشتێنەیەکی ئەمنیی بەدرێژایی سنوورەکانی تورکیا و ئێران بە پانایی ٣٠ کم پێکهێنا. گوندەکانی نێو ئەو پشتێنەیە بە شێوەیەکی سیستماتیك وێرانکرا. وێڕای

---

[119] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

• مەسعود بارزانی لە راپۆرتی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩ دەستەواژەی "نەکسە"ی بەکارهێناوەو هۆکارەکەی جگە لە پیلانی ئیمپریالیستی ئەمەریکا، بۆ بەرەڵایی و بێ تەزنیمی شۆڕشەکە گەڕاندۆتەوە.(سەردەشتیی)

[120] یەکێتی ئەم رووداوەی بە "ئاشبەتاڵ" ناوبردووە ، کەمانای جێهێشتنی خوانە کاتێك خۆارکەکەی سەری بۆ خواردن ئامادەیە، پارتی ئەم چەمکە بەکارناهێنن، چونکە رەخنەیەکە لە کارەکانی بارزانی. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

• دیارە ئەم چەمکە پێچەوانەی مانای ئەو ئاشبەتاڵەیە کە ئاشەوان هاواری بۆ دەکات و مەبەستی چۆڵبوونی ناو ئاشە لە باراش و داوای تێکردنی باراشی نوێ دەکات، ئەوەش وەك بانگێك بۆ هاتن و دەستبەکاربوونی نوێ دەبێت نەك بۆ رۆیشتن و دەستبەردان و بلاوەپێکردن.وەك حەمدی دەڵێت:

دانی نەماوە ئاشی جیهان ئاش بەتاڵ دەکا     یا فاشی ئەم سەرائیرە بۆ ئینفیعال دەکا.

یان بەقەولی شێخ رەزا :ئاشی... تۆ بە ئاوی ... ئێمە ناگەڕێ     ئاشبەتاڵی لێبکە گەر تاقەتی دانت هەیە.

[121] H. Catudal, ‘The War in Kurdistan: End of a Nationalist Struggle?’ *International Relations*, Vol. 5, 1976; O. Feili and A. Fromchuck, ‘The Kurdish Struggle for Independence’, *Middle East Review*, Vol. 9, No. 1 (Fall 1976), pp. 47–59.

٦٠٠٠٠٠ کـەس کـە راگـوێزران بـۆ نێـو ئۆردوگاکـان یـاخود بـۆ باشـووری عێـراق. سیاسەتی تەعریب برەویسەند، بەتایبەت لە کەرکوك، هەروەها هانی پرۆسەی توانەوە درا.

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دەتوانرێـت ئـە ماوەیـەی وەك هەرەسـی شۆڕشـە کوردییەکـە وەك خـاڵێکی وەرچەرخان لێی بروانرێت. بە نەمانی هەر نفوزێکی بارزانی لەناوچەکەو رۆیشتنی سـەرکردایەتیی پـارتی بـۆ ئێـران، شـانۆکە بەتـەواویی بـۆ گروپـەکانی بـاڵی چـەپ ئاوەڵابوو.هێندێك لە پاشماوەکانی پارتی چالاکبوون، بەڵام تەنیا لەسایەی نفوزێکی پرۆگرامێکـی چـەپی نـوێ‌و لەلایـەن بڕیارسـازانی پارتیـەوە پـەرەیان سـەند. کـوڕانی بـارزانی، ئیـدریس‌و مەسـعود، پەیوەنـدیی بارزانییـان بـە پارتیـەوە هێـشتەوە. بـەڵام ئێـستا هێڵێکـی نـوێی لەفەرمانـدەی پێـوە پەیوەسـتبوون. هەرچـەندە، ئـەم شـێوازە نوێیەی پارتی لەنێو رەشەخەڵکانی کورددا جێگەی گومان بوو، پشتگیرییشی تـەنیا لە ناوچەی بادیناندا سنووردار بوو.[122] لە هەمان کاتدا، تاڵەبانی ئەمێستا لە دیمەشق بوو، لەگەڵ چەند گروپێکی چەپگەرادا هەماهەنگیی کردو (ی ن ك) یان پێکهێنا کە بوو بە یەك لە رێکخراوە سەرەکییەکان لە سیاسەتی کوردییدا. ئەم رێکخراوە لە ٣ گـروپ پێکهـات کـە هەریەکـەیان پلەیـەکی جیـاوازی لـە ئایـدیۆلۆژیی سۆشـیالیزم پێشاندا. شانبەشانی ئەم پەرەسەندنەی سیاسەتی نێوخۆ، حکومەتی عێراق بە پەلـە کەوتەجێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی ١٩٧٤و لاوازکردنـی توانـای هێزەکـانی پێـشمەرگە کـە بنکـە لـە شـاخەکان دابمـەزرێنن. وێرانکارییـەکی بـەرفراوانی ناوچـە گوندنشینەکانی دەستپێکرد، وێرای راگواستنی بەکۆمەڵ بۆ ئۆردوگا بەدناوەکان‌و کاولکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

[122] Sheikhmous, op. cit., p. 56.

## دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە فەرمیی لە ۱ی ژوونی ۱۹۷۵ دامەزرا بە ئامانجی:" رێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕیی و نیشتمانیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد لە بەرەیەکی بەرفراوانی دیموکراتیی و نیشتمانییدا کە رێگە بە تێکۆشانی یەکگرتووو پێکەوە ژیانی رەوتە پێشکەوتووخوازە جیاوازەکان لەسایەی رێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕیی کوردییدا."[123] بەیاننامەکە لەلایەن کۆمیتەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان واژۆ کرابوو کە لەدیمەشق دامەزرابوو. بەڵگەی دەستپێکردنەوەی بەرهەڵستکاریی بوو دژی حکومەتی عێراق، بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەلایەن کۆمەڵەو بزووتنەوە لە کوردستانی عێراق، وێڕای خەتی گشتیی کە تەنسیقی کاروبارەکانی دەرەوەی تێکۆشانەکەی دەکرد.[124] یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بە وێنەی پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبێکی یەکگرتوو نەبووەو زیاتر نیمچە بەرەیەکی فراوان بوو.(بڕوانە وێنەی ٤ :۲).[125]

زۆر لەبارەی پێکهێنانی یەکێتییەوە نووسراوە، زۆربەی شیکارییەکان دەڵێن کە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئاکامی ئەو بۆشاییە سیاسییەی ساڵی ۱۹۷۵دا هاتەئارا، میراتگری ئەو مەکتەب سیاسیەی پارتی بوو کە لەساڵی ۱۹٦٤دا لەبارزانی

---

[123] Patriotic Union of Kurdistan, op. cit., p. 6.

[124] "باوکانی دامەزرێنەر"ی یەکێتی، جەلال تاڵەبانی(دیمەشق)، هەروەها د.فوئاد مەعسوم(دیمەشق). ئەوانی تر، عادل موراد(تاران)، عەبدولعەزیز فەیلی(تاران/دیمەشق)، ئەم چوارە لە دیمەشق کۆبوونەوە بەشێوەیەکی کاتیی یەکێتیان دامەزراند، ئنجا تاڵەبانی سەفەری بەرلینی کرد، هەروەها پەیوەندیی بە نەوشیروان مستەفا (ڤیەننا)، عومەر شێخ موس(ستۆکهۆڵم) هەروەها د. کەمال فوئاد(بەرلین) کرد. ئەم حەوت نەفەرە بەیاننامەی راگەیاندنی دامەزراندنی یەکێتیان نووسی. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ۱۰ ئووتی ۱۹۹۹ ،. جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ۲۰۰۰.

[125] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ۷ ئووتی ۱۹۹۹ ،. جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان،١٤ سێپتەمبەر ۱۹۹۹، ٥ سێپتەمبەری ۲۰۰۰.

جیابووەوە،[QRV] هەروەها ئەم ڕێکخراوە لەلایەن تاڵەبانیەوە لە دیمەشق بەڕێوەدەبرا. ڕەگەزگەلێکی ڕاستیی لەنێو ئەم هەموو سەرنجانەدا هەیە، بەڵام وێناکردنی حیزبێکی وا کە دەشێت ئاڵۆزترین جووڵانەوەی پارتیزانیی و ڕێکخراوەیی سیاسیی بێت لە




وێنەی ٤: ٢ گروپە بەردەوامەکان لە یەکێتیدا.

کوردستانی عێراقدا فرە سادە دەردەکەوێت. ئەوەی زۆر بایەخدارە، یەکێتی بەخێرایی پێکنەهێنراوە، بەڵکو ماوەیەکی درێژ لە پلاندانان و ئامادەکاریی لە پشتییەوە هەیە، هەروەك لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی دامەزراندنەکەیدا رادیارە:

" دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارێکی بە پەلەو سەرپێی نەبووە، هەروەك لەلایەن هێندێك ناوەندەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە، بەپێچەوانەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەنی پێکەوەگرێدانی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕیی و واقیعبینەکانە سەبارەت بە سروشتی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کە چەندین تەیاری دیموکراتی و پێشکەوتووخوازانەو چەپی گرتۆتەخۆ کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی تاکە پارتێکدا کۆبکرێتەوە. دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاکامی بەئاگاهاتنەوەیەکی

[126] M. Gunter, *The Kurdish Predicament in Iraq: A Political Analysis*, New York: St Martin’s Press, 1999b, p. 72.

هۆشیارانەیە بە پێویستی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە بۆ گەلێکی سەرکوتکراو."[127]

لەوەش زیاتر، دەتوانرێت ریشەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ ئەو کاریگەرییە پێکهاتەییە بەربڵاوانەی دیکەوە بگەڕێنرێتەوە، کە ئەمانەن:

١- کاریگەریی تاقمەکەی ئەحمەد-تاڵەبانی، بەتایبەت کەسایەتیی تاڵەبانی.
٢- چالاکییەکانی ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی پارتی، هەروەها
٣- کاریگەریی چەپگەراکانو دامەزراندنی گروپی سیاسیی خاوەن ئایدیۆلۆژیای مارکسیی و هەروەها زیاتر ماویی.

ئەو سێ گروپە لەیەکتر جیانەبوون، هەروەها پەیوەندیی نێوانیان بە یەکداچووبوو، بۆ تێگەیشتنی ئەم پەیوەندییانە پێویستە ئاوڕ لەجیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٦٤و گەشەسەندنی ئایدیۆلۆژیی رەوتی چەپ لە کوردستانی عێراقدا بدرێتەوە. هەروەها لە پێکهێنانی کۆمەڵە، ئەوەی کە دەبێتە رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.[128] لەبەرئەوەی کە مێژووی دامەزراندنو پەرەسەندنی یەکێتی بە پارتیەوە پەیوەستە، ئەم باسەی دادێ شیکاریی پارتی لەم ماوەیەدا پێکەش دەکات.

## دابەشبوونەکەی ساڵی ١٩٦٤

هێندێك لە بایەخداران گوتوویانە کە دابەشبوونەکەی ساڵی ١٩٦٤ ریشەی یەکێتی پێکدەهێنێت. وێڕای پەرەسەندنی بەرهەڵستکاری مەکتەبی سیاسی لەهەمبەر بارزانیدا، هەرچەندە، دەشێت ئەمە بە یەکەمین پەرەسەندنی جۆرە جیابوونەوەیەك ببینرێت، بەڵام بەڵگەی کەم هەن ئەوە دەربخەن کە بتوانرێت ئەم رووداوە بە تەواویی وەك سەرهەڵدانی دواتری یەکێتی لێکبدرێتەوە. لەم ماوەیەدا، کەسایەتییە ئایندەییە

---

[127] Patriotic Union of Kurdistan, op. cit., p. 15.

[128] بەفەرمیی بە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی دەناسرێت.

سەرەکییەکانی یەکێتی لەپاڵ بارزانیدا مابوونەوە، هێندێك لە پیاوە هەرە دژەکانی بارزانیش لەم قۆناغەدا، دواتر بوونە هاوپەیمانی نزیکی . لە ساڵی ١٩٧٠دا، گرفتەکانی نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسی چارەسەرکران. لەکاتێکدا، جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی بۆ تێگەیشتن لە پێگەی تاڵەبانی گرنگە. لێکدانەوەیەك لەوبارەیەوە نیە کە چۆن ئەو توانی بەو خێراییە لە ساڵی ١٩٧٥دا بنکەیەکی بەرفراوانو پشتگیرییەکی بەربڵاو بەدەستبێنێتو یەکێتی دابمەزرێنێت. هەربۆیە پێویستە جیا لە جیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٦٤ هۆکارگەلێکی دیکە لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەت کاتێك درك بەوە دەکرێت کە تاکە ئەندامێکی جیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٦٤ کە تاڵەبانی خۆیەتی ئەمڕۆ بڕیارسازی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

## پەرەسەندنی هەستی چەپگەراییو ماویزم

لەکۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ کاندا، لاوانی عێراق بەگشتییو کوردان بەتایبەتیی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی سیاسەتی سۆشیالیستییەوە. لەئاکامدا چالاکییە سیاسییەکان زۆربەی جار بە بیروبڕوای چەپگەرایانە بارگاویی بوون. هەرچەندە، لەکۆتایی ساڵانی شەستەکاندا، ئایدیۆلۆژیی کۆمۆنیستی شورەویی لەلایەن کۆمۆنیستی چینییەوە رکابەریی دەکرا، بە چەشنێك کە کۆمۆنیستی چینیی بە "ریڤیژینیست/پێداچووەوە" دەناسران، کە بە کردار کۆمۆنیستی نێونەتەوەییان بە هەستی نەتەوایەتییەوە گرێداو بە ئاکارێکی چەپگەرایانەوە شۆڕشی نەتەوەییان رێبەرایەتیی دەکرد. ئەم گۆڕانکارییانە لە رێگەی پارتە چەپەکانی ئێرانەوە گەیشتە کوردستانی عێراق•، وەك "تۆفان" و "تودە" ، کە دژی شێوازی پارتە کۆمۆنیستە

• لەراستییدا دوو گروپ لە لاوانی ماویزمی ئێرانیی کاریگەریی خۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە لە باشووری کوردستاندا هەبوو، یەکەمیان ئەو لاوە کوردانە بوون کە لە زانکۆی تارانەوە هاتنە باشووری کوردستان وەك ئیسماعیلی شەریف زادەو محەمەدی سیراجی کە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پەیوەست بوونو دواتر لەگەڵ سلێمانی موعینی دا سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتیان دامەزراندو چوونەوە بۆ ناو ئێران بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، ئەوی دیکەشیان ئەو فارسە ماویزمانە بوون کە لەلایەن

کلاسیکییەکان بوون، هەروەها لەرێگەی پارتەکانی فەلەستین و ئەدەبیاتەکانیانەوە.[QRY]

بــۆ کــوردانێکی لاوی خــاوەن بــیری سیاســیی، ئــەم تێکەڵکردنــەی سۆشــیالیزم و نەتەوایەتیی کوردیی فرە سەرنجڕاکێش بوو، بەتایبەت پاش زێدەبوونی تاکڕەویی بارزانی و کێشمەکێشی توندی نێو مەکتەبی سیاسیی پارتی. فەرەیدون عەبدولقادر لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی تێبینییکردووە کە:" ئەم ئایدیۆلۆژییە نوێیە بنەمایەکی بۆ رەخنەگرتن لە هەردوو باڵەکەی پارتی پێکهێنا، بەوەی کە هیچیان توانای ئەوەیان نیە شۆڕشەکە سەربخەن." [QSP]

کاریگەریی ماویزم لە سەر خوێندکارانی کوردستانی عێراق گەشەیسەند، زۆربەی کادرانی باڵای ئەمڕۆی یەکێتی لەم ماوەیەدا پشکتوون. هەرە کادری بەرچاو لەوانە، نەوشیروان مستەفایە، ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٩دا گۆڤارە چەپگەراکەی خۆی بەناوی "رزگاری" یەوە بڵاوکردەوە.[QSQ] ئەم ئایدیۆلۆژیستە نوێیانە رەخنەیان لە بارزانی و

---

جەلال تاڵەبانیەوە ئاسانکاریان بۆ کرا بەمەبەستی یارمەتی ئەو جووڵانەوەکەی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکرات، بێنە باشووری کوردستان. ئەوانە بریتیبوون لە: کورش لاشائی، علی صادقی، سیاوش پارسانژاد، عەتا کەشکوڵی، ئیسماعیل موئەیدزادە، خوسرەو سەفایی، موحسن خاتەمی و ئیرەج کەشکوڵی. بەشێك لەوانە بە هاوکاری تاڵەبانی لە "بەکرەجۆ" کۆرسی راهێنیان کردەوە تا لاوانی کورد فێری بنەماکانی ماویزم و خەباتی شۆرشگێرانە بکەن. بۆ زیاتر:

حمید شوکت، نیگاهی از درون بە جنبش چپ ایران، گفتوگو با ایرەج کشکولی، تهران ،چاپ اول، ١٣٨٠، ص ١١٧-١٣٠.

[129] بۆنموونە "الهدف" لەلایەن بەرەی رزگاریی فەلەستینەوە بڵاودەکرایەوە.

Nuri, My Memories in the Komala Organization, 1971–1983, Suleimaniyah, 1998, p. 5

چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[130] چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[131] نەوشیروان مستەفا خاوەنی "رزگاری" بوو، هەروەها لەلایەن شەفیق سایغەوە سەرپەرشتی سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەکەی دەکرد. رۆژنامەیەکی زێدە کاریگەرتر کە هەمان سەرنجی سیاسیی گرتبووەخۆ بریتییبوو لە (هاوکاری) کە شاسوار جەلال(شەهید ئارام) و(فوئاد قەراغی) تێیدا دەیان نووسی.

تاقمەکەی تاڵەبانیش دەگرت. بەڵام هەر خۆیان لەگەڵ ئەوانەی دواتردا دەناساند، دواتر تاڵەبانی لەگەڵ ئەم گروپەدا تێکەڵ بوو. ئامانجی خوێندکارەکان لەم قۆناغەدا دەرکەوت کە زیاتر نیە لە هەوڵدان بۆ کارتێکردنی پارتی تا هێڵێکی سۆشیالیستانە بگرێتەبەر زیاتر لەوەی هێڵێکی جیاخوازانەی قووڵی چەکدارانە. هەرچەندە، ئەوان کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر ئاراستەی خەباتی نەتەوایەتیی کوردستان لە عێراقدا هەبوو، هەروەها لەنێو یەکێتیش لە ئایندەدا.

## دامەزراندنی کۆمەڵە

لەبەرئەوە گروپێکی خوێندکاریی کوردستانی عێراق لە کۆتایی شەستەکاندا لەژێر سێ کاریگەریی جیا بەڵام پێکەوەگریدراو بوون کە :

١- جەمسەرگیریی سیاسەتە کوردییەکەی عێراق لەنێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسیدا.

٢- پشکووتنی بیروڕا رادیکاڵە نوێیەکان، بەتایبەت ماویزم، هەروەها

٣- گلانی تاڵەبانی بەم تەرزە نوێیە بیرکردنەوەیەو تێکەڵبوون بە بارهێنان ئەو کادرانەی حیزبو بەو بڕوا نوێیانەوە بوون.

مۆرکردنی رێکەوتننامەی جەزائر لەساڵی ١٩٧٠دا سەلماندی کە هاندەرێك بوو لە بیرکردنەوەی ئەم لاوە رادیکاڵانە. ئەوان وایان بڕیاردابوو کە حیزبی بەعس ناتوانێت ئەم رێکەوتننامەیە جێبەجێ بکات، بەدڵنیاییەوە بارزانیش لە پێگەیەکی وادا نەبوو بەعس ناچار بکات. لەو ئەنجامەشەوە "رێگای سێیەم" مشتومڕی زێدەی نایەوە.[QSR] لە مایۆی ١٩٧٠دا، نوێنەرانی ئەو خوێندکارانە لەگەڵ تاڵەبانیدا گفتوگۆیان کرد. لەم گفتوگۆیەدا دامەزراندنی حیزبێکی نوێی ماوییانە پەسەند کرا. ئاکامی ئەو

---

Nuri, op. cit., p. 4).

[132] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

مـشتومڕانه کـه : نەوشـیروان مـستەفا، فەرەیـدون عەبـدولقادر، فوئـاد قـەراغیی، گرتبووەخۆ، ڕێگەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە خۆشکرد. یەکەمین دانیشتنی کۆمەڵە لە بەغدا بوو لەماڵی فەرەیدون عەبدولقادر لە١٠ی ژوونی ساڵی ١٩٧٠دا.[QSS] کارەکانی کۆمەڵە فرە نهێنیی بوو بەجۆرێك نەك تەنیا دژی حکومەتی عێراق بوون، بەڵکو نەدەبووایە ڕێگە بە بارزانیو پارتی بدەن کە ئاستی تێوەگلانی تاڵەبانی لە گروپێکی چەپگەرای خوێندکارانەی لەم چەشنە درك بکەن.[QST]

ئاکامی یەکەمین دانیشتن بریتیبوو لە بڕیاری فراوانکردنی ئاستی ئەندامێتیی کۆمەڵە وەك هەوڵێك بۆ بەهێزکردنی ئەو ڕێکخراوە ساوایە. بەمەبەستی کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕانی نوێ، شانە نهێنییەکانیان کەوتنە کاروهەڵسوڕان.[QSU] لەم یەکەمین مانگەی هەڵسوڕاندا، شانەکان ٢٠٠ئەندام لە بەغدا، زیاتر لە ٢٠٠ لە سلێمانیو لەنێو ٣٠–٤٠ ئەندامیش لە هەولێر ڕێکخست. ئەم شانە نوێیانە بەشێوەی ٣ کەسیی یان ٥ کەسیی ڕێکخران. لێرەوە، ئامانجی ئەم گروپانە بەتەواویی بارهێنانی ئەم ئەندامانە بوو بە هزری ماوسیتۆنگو نەتەوایەتیی چەپگەرا. ئەم پێکهاتە بەراییەی کۆمەڵە لەلایەن سەرکردایەتییەکەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا کە لە حەوت کادر بنەرەتییەکانی دانیشتنەکەی ١٠ی ژوون پێکدەهاتن. بەنهێنییش لە پارتی، تاڵەبانیان بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەکەیان هەڵبژارد. کۆمەڵە ئاشتیی نێوان تاقمەکەی ئەحمەد–تاڵەبانیان پەسەند بوو، بەڵام بۆ سەرکردایەتیی وا دەرکەوت کە کەلێنێك پەرەیسەندووە کە پێویستە کۆمەڵە خۆی پڕی بکاتەوە.[QSV]

---

[133] ئەوانەی ئامادەبوون : تاڵەبانی ، شەهاب شێخ نوری، فوئاد قەراغی،فازیڵ مەلا محموود، دلێر سادق، ڕەفعەتی مەلاو هەروەها فەرەیدون عەبدولقادر.

[134] چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[135] سەبارەت بەم شانە نوێیانە، گرنگترنیان ئەوەبوو کە لەلایەن شەهید ئارام، ئیبراهیم ئاسۆ، جەعفەر عەبدواواحیدو ئەنوەر زۆرابەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا. چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[136] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

## کۆمەڵە و دامەزراندنی ی ن ك

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا، تاڵەبانی نامەیەکی بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە ناردو هانیدان کار بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکی نێوان لایەنە چەپەکان بکەن.[137] پێش ئەوەی ئەو پلانە بچێتە مەیدانی کارەوە، رێکەوتننامەی جەزائر بە فەرمیی راگەیەندراو لایەنە چەپە کوردییەکان دەستبەجێ بڕیاریاندا رۆڵی ئایندەییان دەستنیشان بکەن. لە ١٩ی مارتدا، بارزانی داوایکرد هەرچی پێشمەرگەیە چەکەکانی خۆیان تەسلیم بکەن. کۆمەڵە ئەم داوایەی رەتکردەوەو لە ١٨ی مارتدا، رێبەرایەتیی کۆمەڵە لە گوندی"قەڵا"ی نزیکی پێنجوێن دانیشتنێکیان کرد کە چل‌ونۆ کادری تێدا ئامادەبوو، لەوێ بڕیارياندا کە شۆڕش درێژە پێبدەن.[138] لەترسی ئەوەی نەوەکا لەژێر هەرای هەرەسەکەدا تێکبشکێن، رێبەرایەتیی بڕیاریدا کە دواخستنێك لەو مەسەلەیەدا روویداوە.[139]

کاتێك لە ٢٣ی مارتدا، خەڵکی دەستیکرد بە گەڕانەوە بۆ شارەکان، پێشمەرگە رەوانەی کەرکوك،[140] کۆیسنجەق[141]، قەرەداغ و سلێمانی[142]، شارەزوور–هەڵبجە،[143] هەولێر[144] و هەروەها بادینان کرا. [145] ئەم ئامادەباشییە لە پشت ئەو ئیدعایەوەیە کە ی ن ك یەکەمین لایەن بووە لە کوردستانی عێراقدا شۆڕشی دەستپێکردۆتەوە، ئەو

---

[137] چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[138] Nuri, op. cit., pp. 7–8.

[139] باس لەوەدەکرێت کە لەم کاتەدا زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ پێشمەرگەی پاشەکشەیانکرد.

[140] لەلایەن عەلی عەسکەری، ئازاد هەورامی،عەلی سەلاح ، حامی و بێستونەوە سەرکردەیەی دەکرا.

[141] لەلایەن عەبدولڕەزاق و محەمەد کەریمەوە رێبەریی دەکران.

[142] لەلایەن سیروان تاڵەبانی و مەلا ئەحمەدەوە سەرکردەیی دەکران.

[143] لەلایەن وەستا ئەنوەرەوە رێبەرایەتیی دەکرا

[144] لەلایەن جەعفەر عەبدولواحید و قادر خەباتەوە رێبەرایەتیی دەکرا.

[145] لەلایەن ئیبراهیم عەزۆ رێبەریی دەکرا.(هەمووی وەرگیراوە لە: چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

ئیدعایەی کە بەتوندی لەلایەن فەرماندە مەیدانییەکانی پارتیەوە لەم کاتەدا نکۆڵیی لێدەکرێت. سامی عەبدولڕەحمان دەڵێت گوایە پارتی لە مایۆی ١٩٧٦ەوە گەڕاوەتەوە، هەروەها یەکێتی تا ساڵی ١٩٧٦یش فیشەکێکی نەتەقاندبوو.[QTV] لەم خاڵەوە، کۆمەڵە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە گروپە میلیشیاکانی دیکە هەڵدەسوڕا، بەڵام بڕیارییدا کە پێشنیازەکەی تاڵەبانی پەسەند بکات بچێتە ژێر چەتری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. فەرەیدون عەبدولقادر سەردانی دیمەشقی کرد تا تاڵەبانی لەو دیدە ئاگاداربکات. ئەوە پەسەندکرا کە پێویستە لە کوردستان سەرکردایەتییەك پێکبهێنرێت، کە : عەلی عەسکەری (لەو کاتەدا لە ناسڕیە دوورخرابووەوە)، د. خالید سەعید، شەهابی شێخ نوری، شازاد صائیب، عومەر مستەفا، ڕەسوڵ مامەند، هەروەها فەرەیدون عەبدولقادر بگرێتەخۆ. لەو کاتەدا ئەم ناوانە تێکەڵەیەك بوون لە ئەندامانی کۆمەڵەو کەسایەتیی دیکەی ناسراو لەنێو جووڵانەوەی نەتەوایەتییدا.[QTW]

نامە ئاراستەی عەلی عەسکەری لە ناسڕیە، جەعفەر عەبدولواحید لە کۆیسنجەق، هەروەها د.خالید سەعید کرا کە دامەزراندنی کۆمەڵەیان بۆ ڕووندەکاتەوە. هەرچەندە، حکومەتی عێراق ئەندامانی کۆمەڵەو ی ن ك دەستگیرکرد کە بووەهۆی زیندانییکردنی چەندین کەس لە سەرکردەکان کۆمەڵە، لەوانە: شەهابی شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلیو جەعفەر عەبدولواحد.[QTX] پلانی دەستگیرکردنەکان بۆ نێو سەرکردایەتیی کۆمەڵە دزەی کردبوو. کە بەخێرایی

---

[146] سامی عەبدولڕەحمان بەتوندیی ڕەخنەی لە ڕۆڵی کۆمەڵە گرت، گوتی کە ئامانجی کادرەکانی ئەوان پێشکەشکردنی ماویزم بوو بۆ کورد، ئەوەی وایکرد لادێییەکان گاڵتەیان پێ بکەن. بۆ تێبینیی سەبارەت بەگەڕانەوەی پێشمەرگە بڕوانە:
Bulloch and H. Morris, *No Friends but the Mountains: The Tragic History of the Kurds*, London: Penguin Books, 1992, p. 148.
چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٢٧ ژوون ١٩٩٩.

[147] چاوێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[148] لەم ئەندامانە عومەری سەید عەلی کە دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی.

جێگرەوەی پۆستی سەرکردایەتیی دەستنیشانکرد. ئەوانەش پێکدەهاتن لە:ئازاد هەورامی، عوسمان بەکر، ئەرسەلان بایز، ئەبو شەهاب.[QTY] ئەوانەی کرابوونە ئامانج بۆ خۆشاردنەوە روویان کردە ئێران، بەڵام لەوێ گیرانو رادەستی عێراق کرانەوە، کە سیانیان(خاڵە شەهاب، ئەنوەر زۆرابو جەعفەر عەبدولواحید) لەسێدارە دران.[QUP] شەهید ئارام درێژەی بە کارەکانی کۆمەڵە دا، لەچەند ناوچەیەکی جیاجیا کۆمیتەی کۆمەڵەی بەنهێنیی دامەزراند.[QUQ]

## دامەزراندنی بزووتنەوە

لەنێو کادرە ناسراوەکانی پارتیدا، رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٤ هاندەرێکی بۆ پێکهێنانی پارتێکی جیا پێکهێنا. شاڵاوی عەلی عەسکەری کە کوڕی عەلی عەسکەری سەرکردەی ئەم دەستانەیە، گوتی:

" ماوەیەکی درێژ لە بەدحاڵیبوون لەنێوان بارزانیو مەکتەب سیاسی پارتیدا هەبوو. لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بارزانی هەمیشە ویستوویەتی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا رێکبکەوێت،بەڵام مەکتەبی سیاسی دژی ئەمەبوون، مەکتەبی سیاسی لەساڵی

---

149 لەم ئەندامانە ئەرسەلان بایز کە دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتییو وەزیری پەروەردە لە سێیەمین کابینەدا/سلێمانی.

150 ئیبراهیم عەزۆ ئەندامێکی یەدەکی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوو، ویستی لە بادینانەوە هەڵبێت، ئەو یەکەمین کەس بوو لەگەڵ پێشمەرگەداو لەژێر ناوی یەکێتی لە ١ی ژووندا گەڕایەوە. Nuri (1998) op. cit., p. 13

چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

151 لەم کاتەدا بوو مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، سالار عەزیز، هەروەها عەبدولڕوزاق لەنێو ریزەکانی کۆمەڵەدا سەریانهەڵدا، لەم ئەندامانە، سالار عەزیز دواتر گەیشتە مەکتەبی سیاسی، دامەزرێنەری تاقمی بەرهەڵستکاری "ئاڵای شۆڕش" بوو دژ بە یەکێتی، گەڕایەوە ناو یەکێتی، بووە پارێزگاری سلێمانی، هەروەها وەزیری کشتوکاڵ. مەلا بەختیار لەنێو کۆمەڵەدا بەناوبانگ بوو، پێشتر ئەویش بەهەمانشێوە لە دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش بوو، گەڕایەوە ناو یەکێتیو بووە بەرپرسی رێکخراوە دیموکراتییەکانی. Nuri, op. cit., p. 14

١٩٦٤دا بەرەو ئێران دەرکران، لەنێویاندا عەلی عەسکەری بۆ ماوەی ١٧مانگ. کاتێك گەڕانەوە، بارزانی هەوڵیدا ئیبراهیم ئەحمەد، تاڵەبانی، عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری بکوژێت، ئەوان هەڵاتن، خۆیان کۆکردەوەو بیریان لەوە کردەوە کە پارتێکی نوێ دابمەزرێنن.[QUR]

دوای هەرەسی شۆڕشەکە، عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، هەروەها سەعد عەزیز لەلایەن تاڵەبانیەوە لە سوریاوەو لەرێگەی کۆمەڵەوە سەبارەت بەدامەزراندنی ی ن ك پەیوەندییان پێوەکرا.[QUS] هەرچەندە، عەسکەری دەیخواست کە تەنیا بە رەزامەندیی بارزانی شۆڕش دەستپێبکاتەوە، چونکە ئەو وا دەبینرا کە تەنیا سەرۆکە بتوانێت جووڵانەوەیەکی یەکگرتوو رێبەرایەتیی بکات. وەڵامی بارزانی لەبارەیەوە رەپوڕاست بوو، ئەو رای لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش نەبوو، لەوکاتەش زیاتری تێپەڕاندو گوتی کە ئەگەر عەسکەری رێگەی شۆڕشکردن دژی حکومەتی عێراق بگرێتەبەر، ئەو بۆ خۆی دژی عەسکەری دەجەنگێت.[QUT]

عەسکەری بە ورەیەکی بەرزەوە لەساڵی ١٩٧٥دا کاری بۆ دامەزراندنی گروپێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی و سەربەخۆ لە پارتی کرد.[QUU] بنکەی پاڵپشتی بزووتنەوە کە بە( بزوتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان/ب س د ك) دەناسرا، ئەو کادرە چەپگەرایەنەبوون کە لەمەڕ هەڵسوڕانی بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤دا نیگەران بوون و ئەوانەی لە کوردستانی عێراقدا لەگەڵ تاقمەکەی ئەحمەد-تاڵەبانی دا مابوونەوە. عەسکەری داوای لە هەموو ئەو کەسایەتییە سیاسییانە کردبوو کە چووبوون بۆ ئێران تا بگەڕێنەوەو پەیوەندیی بە ب س د ك بکەن. هەربۆیە دەتوانرێت ئەم بزوتنەوەیە وەك تەواوکەرییەك بۆ لاوە زیاتر رادیکاڵەکانی ئەندامی کۆمەڵە

---

152 چاوێکەوتن لەگەڵ شالاوی عەلی عەسکەری، سلێمانی، ١٠ ژوون ١٩٩٨ .

153 چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ٥ سێپتەمبەری ٢٠٠٠. McDowall (1996) op. cit., p. 364.

154 چاوێکەوتن لەگەڵ شالاوی عەلی عەسکەری، سلێمانی، ١٠ ژوون ١٩٩٨ .

155 چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

دابنرێت. لەراستییدا، پەیوەندیی نێوان هەردوولا بە رێزی بەرامبەرو هەروەها هاوکاریی جیادەکرایەوە. کۆمەڵە رێکخستنێکی باشتری لە بزووتنەوە هەبوو، بەڵام ئەوەکەی دواتریان بنکەیەکی پشتگیریی فراوانتری هەبوو، حیزبێکی جەماوەرییتریش بوو.[QUV]

## ستراکتۆری کاروهەڵسوڕانی یەکێتی

هەڵسوڕانە بەراییەکانی ی ن ك بەگوێرەی دابەشبوونی کۆمەڵەو بزووتنەوە دابەشبوو. گروپەکانی هەریەك لەو رێکخراوە سەربەخۆ لەوی دیکە هەڵدەسوڕان. هەرلایەك رێکخستنی نهێنیی و جیای خۆی هەبوو. لە سۆنگەی بناغەی ئایدیۆلۆژیی و مێژووی پێنج ساڵەی کۆمەڵە، پێکهاتەی رێکخستنەکەی لەلایەن بزووتنەوەوە کۆپی کرا.[QUW] لەکاتێکدا "مەفرەزە" وەك بەشێکی تایبەتی رێکخستنی حیزبەکە مایەوە. تاڕادەیەك هەماهەنگیی بەهۆی ی ن ك هاتبووەئارا. لەسەرەتای سەرکردایەتیی ی ن ك هەر رێکخستنی باڵێك: کۆمەڵە، بزووتنەوەو خەتی گشتیی، نوێنەرانی خۆیان پێشکەش دەکرد کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لێ پێکدەهات. تاڵەبانی بۆ بەهێزکردنی ورەی ی ن ك ی تازەدامەزراو گەڕایەوە کوردستانو خۆی لەسەر سنووری ئێران لە نۆکانو هەروەها لە قەندیل لە کوردستانی عێراقدا دامەزراند. کە لەوێوە کادرەکانی کۆمەڵە لە سلێمانیو بزووتنەوە باشتر راپەڕێنێت.لەوەش زیاتر، ئەو دەزگایەکی بۆ پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە دامەزراند، بەوە دەستیپێکرد کە عەلی عەسکەری کردە سەرکردەی پێشمەرگە.[QUX]

تاڵەبانی پێشمەرگەی بەسەر "هەرێم"دا دابەشکرد، هەروەها هەر قەزایەکی کوردستانی عێراق هەرێمێکی بۆ تەرخانکرا. رێکخستنی هەرێم لاستیکی بوو، ئەگەر

---

156 چاوپێکەوتن لەگەڵ شاڵاوی عەلی عەسکەری، سلێمانی، ١٠ ژوون ١٩٩٨ .

157 چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق، سلێمانی، ١٤ مایۆ ١٩٩٩٨.

158 چاوپێکەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨ .

قــەزا لەلایــەن هەرێمــەوە کــۆنترۆڵکرا، ئەوســا پێــشمەرگەکان بنکــەی هەمیــشەیی پێکدەهێنن، بەپێچەوانەوە، ئەوان بەشێوەی هەرێمێکی بزۆز هەڵدەسوڕێن و بەشەو هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی حکومەتی عێراق. سەرکردەکانی هەر هەرێمێك پێکەوە مەکتەبی سەرکردایەتیی ی ن ك یان پێکدەهێنا. بەهۆی دابەشبوونی باڵی جیاواز لەنێو ی ن ك دا، هەر تاقمێك نزیکەی ٦ ئەندامیان لەو مەکتەبەدا هەیە. مەکتەبی سیاسی بەشێوەیەکی کەمتر دامەزرێنرا، کە بە ئاسانیی هەر حیزبێك دوو ئەندامی خۆی دادەمەزراندن.[QUY]

پێکهاتــەی ی ن ك رێــی پێــدا هــەر لەســەرەتای دامەزراندنییــەوە پــشتگیرییەکی جەماوەری زۆری بۆ پەیدابێت. ئەو سێ پارتە لەژێر چەتری ی ن ك دا کۆبوونەوە کە نوێنەرایەتیی سێ گروپی سەرەکیی لە کوردستاندا دەکرد. خەتی گشتی، پنتێکی سەرەکیی رۆشنبیرە فرە بەرچاوەکان بوو، کۆمەڵە جێگەی سەرنجڕاکێشانی تەرزێکی نوێ لەو نەتەوەییانە بوو کە بەهۆی فێربوونی رێنماییەکانی ماوسیتۆنگەوە خولیای خۆیان هەبوو. هەروەها بزووتنەوە کە بەشێوەیەکی زێدە پێویستبوو بە حیزبەکانی ناوەنــدەوە لەســاڵی ١٩٧٠دا، ی ن ك رێکخــراوە دیموکراتییــەکانی چــین وتوێژە جۆربەجۆرەکانی جەماوەری پەرەپێدا (بۆ نموونە: جووتیاران و خوێندکاران) کە دواتر لە ساڵانی نەوەتەکاندا بۆ پێکهاتەیەکی نوێنەرایەتیی ی ن ك پەرەی پێدرا.[QVP]، لەم کاتەدا پ د ك کەمتری لە هەگبەدا بوو، بەڵام بڕوابوون بە شەخسی بارزانی و بەهێزی هێندێك خێڵی دیارییکراو.[QVQ] هەرچەندە، لە کوردستانی عێراقدا، وەفاداریی و وەلائێکی بەم چەشنە بۆ سەرکردەی کاریزمایی و بنەماڵە بەهێزە،

---

[159] چاوپێکەوتن لەگەل د.کەمال خۆشناو ، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨، چاوێکەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨ .

[160] چاوێکەوتن لەگەڵ حاکم قادر حەمەجان، سلێمانی، ٦ سێپتەمبەر ٢٠٠٠ .

[161] چاوێکەوتن لەگەڵ داود باغستانی ، هەولێر ،٣٠ مایۆ ١٩٩٨ .

هـەروەها بـەهێزی پ د ك وەك هێزێكـی سیاسـیو سـەربازیی كـە پـشتگیرییەكی جەماوەریی بەهێزی هەیە-ئەگەر ناوچەییش بێت- پێویستە بە كەم وەرنەگیرێت.

## ئەنجامگیری

دەتوانرێت ریشەی ی ن ك بۆ چەند فاكتەرێكی پێكەوە گرێدراو بگەڕێنرێتەوە. دابەشبوونی بنەڕەتیی لەنێو پارتیدا لەنێوان باڵی بارزانیو دەستەكەی ئەحمەد- تاڵەبانیدا بەئاشكرا هاوكارێكی بەهێزە. بەڵام ئەم دابەشبوونە زیاتر رەنگدانەوەی ئەو دابەشـبوونەی نێـو كۆمـەڵگای كوردییـە وەك لـەوەی جیابوونەوەیـەكی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوبێ . لەكاتێكدا فرە گرنگە كە مرۆ لە هەر لایەكی دیكەوە بەدوای رەگەزە پێكهێنەرەكانیدا بگەڕێت، بەتایبەت تەنانەت لەخودی جیابوونەوەكەی ساڵی ١٩٦٤و ١٩٦٦دا، كـە زۆربـەی ئـەو كادرانـەی كـە دواتـر ی ن ك یـان پێكهێنـا، هێـشتا دەرنەكـەوتبوون. گەشـەكانی بیری سیاسـیی چـەپو شـكۆفەكردنی لـە دامەزرانـدنی كۆمەڵـەدا كـە فاكتـەرێكی فـرە بایەخـدار بـوو. لـەم رێكخراوەوەبـوو كـە زۆرینـەی سەركردەكانی ئەمڕۆی ی ن ك چرۆیانكرد. كە ستراكتۆری یەكێتی دیارییكرا، بیری چـەپ بنـەمای پـەروەردەو برەودانـی هزریـی ئـەم رێكخـراوە بـوو. ی ن ك پـشتی بـە رێكخستنەكانی كۆمەڵـە دەبەسـت، چـونكە تـەنیا گروپێكـی سیاسـیی بـوو كـە لـە كوردسـتانی عێراقـدا لەسـەر بنەمایـەكی هزریـی بـەرفراوان هەڵدەسـوڕا. كۆمەڵـە نوێنەرایەتیی لاوانی رادیكاڵی كوردی دەكرد كە زۆربەیان لەوكاتەدا خوێندكاربوون.

بەهەمانشێوە، یەكێتی پشتی بە بزووتنەوە دەبەست بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی نـەوە كۆنـە ساكارەكە كـە كـەمتر دەربەسـتی سۆشیالیزم بوون، بـەوەش سـەرنجی ئـەو كوردانـەی بـۆ خـۆی رادەكێـشا كـە زیـاتر سروشـتێكی كۆنەخوازانـەیان هـەبوو. ئـەم فاكتەرە لە هەرێمی هەڵسوڕانی ئەو دەستانەدا رەنگی دەدایەوە. بزووتنەوە ئازادانەتر لـە بادینـانو لـە دەرەوەی هـەرێمی برادۆسـت (ناوچەرگـەی ترادسـیۆنی خێڵـەكیی)

هەڵدەسوڕاو کۆمەڵەش لە دەرەوەی سلێمانی[162]، هەرچەندە، پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەو کۆمەڵە بەهێز مایەوە.[163]

کاریگەری کۆمەڵە لەسەر پەرەسەندنی سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا بایەخدارە، زۆرینەی بڕیارسازانی یەکێتیی لە بنەڕەتدا ئەندامانی کۆمەڵە بوون. هەرچەندە، هەستی توندی چەپگەرایی کە هەر لەسەرەتاوە هەڵسورانی ئەوانی جیادەکردەوە، تێکەڵ بە رەتکردنەوەیان بوو سەبارەت بەوەی رێبەرایەتیی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا مافێکی تایبەت بە بنەماڵەی بارزانی بێت، ئەوەی ئەو دابەشبوونەی گەورەکرد کە لەنێوان ناوچەی شارو گوندەکاندا هەبوون، بەتایبەتیش لەنێوان دەڤەری سۆرانیی و بادینییدا. ئەوەش دابەشبوونی کوردستانی عێراقی تۆکمەتر کرد کە لە ئەمڕۆدا دیارە، ئەوەی لەمپەری سەرەکیی یەکگرتنەوەی هەرێمەکەو ئیدارەکەیە.

## پارتیو یەکێتی پاش ساڵی ١٩٧٥

پاش هەڵاتنە ئێران لە ساڵی ١٩٧٥، پارتی لە ٢٦ی مایۆی ١٩٧٦دا گەڕایەوە کوردستانی عێراق بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان/سەرکردایەتی کاتی(پ د ک – س ک {قیادە مؤقەتە}) .[164]دەتوانرێت بنیاتنانەوەی پارتی بەو خێراییەو هەرزوو پاش هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥ بۆ دامەزراندنی ی ن ک ساڵێك پێشتر بگەڕێتەوە. کە هەڵسوڕاوانی پارتی سەبارەت بە خێراییەی کە تاڵەبانی یەکێتی پێکهێنا تووشی شۆك بوونو هەربۆیە بە پەرۆشەوە گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق. تاڵەبانی دەڵێت

[162] McDowall (1996) op. cit., p. 343.

[163] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.کەمال خۆشناو ، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨.

[164] لەهەمان کاتدا، رێکخراوی زێدەتر لەنێو کوردستانی عێراقدا دامەزران. (پارتی دیموکراتی کوردستان/لیژنەی ئامادەکاری) لەلایەن د.مەحموود عوسمانی سکرتێری پێشووی پارتییەوە دامەزرا.

گوایــه گەڕانــەوەی پــارتی بــە پاڵپــشتیی "ســاواك"ی ئێرانــی و دەزگــای هــەواڵگری "میت"ی تورکیی بووە، کە هەردووکیان سەبارەت بە ئاراستەی چەپگەرایی ی ن ك و پەیوەندیی بە سوریاوە نیگەران بوون[165]. هەرچەندە، پارتی بەهۆی راگواستنەکانەوە زۆر لاواز ببوو، هەروەها نەیدەتوانی لە تەواوی هەرێمەکە دەسەڵاتی هەبێت.

پاشەکشەی بارزانی لەسەر شانۆی سیاسیی ئەم دەمەدا، گرفتێکی سەرەکیی لەسەر رێی بڕیارسازیی (پارتی/س ك) پێکهێنابوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرکردەی نوێ لە کەشێکی سیاسیی ناجێگیردا. هەروەها لەم ماوەیەدابوو کە کەسایەتیی سامی عەبدولڕەحمان بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەوت. سامی لە رابردوودا لە بارزانییەوە نزیك بووو لە ساڵی ١٩٧٠دا ببوو بە وەزیری کاروباری باکوور لە حکومەتی عێراقداو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو. بە هەرەسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، سامی بۆ پۆستی سەرکردەی رێکخراوەیی پارتی لە کوردستانی عێراق بەرزبووەوە. ئیدریس دەستەی خۆی لە ئێران پێکهێنابووەوە، مەسعودیش تا مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٧٩ بەتەواویی گەڕایەوە بۆ کوردستانی عێراق.[166]

## ململانێی دەسەڵات لەنێو پارتی- قیادە مۆقەتە

ناکۆکیی لەنێو پارتی–قیادە مۆقەتە، هاوشێوەی ئەو گرفتانە بوو کە لەنێوان دەستەی ئەحمەد –تاڵەبانی و باڵی بارزانیدا لەنێو پ د ك دەرکەوتبوون. ئەمجارەیان باڵی تەقلیدی لەلایەن ئیدریسی کوڕی بارزانییەوە رێبەرایەتیی دەکراو باڵی چەپ دەتوانرێت بەوەکەی سامی عەبدولڕەحمان بناسرێت. پێگەی سامی ئەمجارەیان فرە سەرنجڕاکێشتر بوو. بەتایبەت کە پێگەی پێشووی وەك ئەندام مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرەك وەزیران لەبەرچاوگیرا. لەو کاتەدا سامی تێبینیی ئەوەی کرد کە

---

165 McDowall (1996), op. cit. p. 344; see N. Besifki, ‘The Kurdish National Liberation Movement Since 1975: Success orFailure?’, Unpublished PhD thesis, University of Southampton, 1996, p. 149.

چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٢٧ ژوون ١٩٩٨.

166 McDowall (1996) op. cit., p. 344.

پێویسته ئەو حیزبەی کە خەڵکی کوردی لێ تەکیبووەوە دەبووایە ئەلتەرناتیڤێکی بخرێتە شوێن. "نەوزەت بێسیفکی" تێبینیی ئەوەی کردووە کە:" بۆ سامی عەبدولڕەحمان و پێشکەوتووخوازەکان و ئەوانەی ورەیان دابەزیبوو، ئەلتەرناتیڤ تەنیا سەرکردایەتیی و پارتێکی پرۆلیتار بوو."[QVW]

هەرچەندە، ئەمە واپێدەچێت کە تێگەیشتنی سەرەتا سەخت بووبێت کاتێک رووبەڕووی هەلومەرجە هەنووکەییەکە بوونەوە، لە کتێبی "البدیل الثوري/ ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانە" دا، سامی عەبدولڕەحمان سیناریۆیەکی پێشکەشکردووە سەبارەت بە پەسەندکردنی مەسعود بارزانی لەلایەن هەموو دەستەکانی نێو (پ د ک – س ک) ەوە.[QVX] هەرچەندە، سامی باسی لەوە کردووە کە ئیدریس لەگەڵ هێزە "کۆنەپەرستەکان"دا خەریکی پیلانگێڕانە بۆ بەدەستەوەگرتنی سەرکردایەتیی بۆ خۆی. ئیدریس بە یارمەتی رژێمی نوێی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، کەوتە کۆکردنەوەو چەکدارکردنی پێشمەرگە لە بارزانیە پەنابەرەکان لەسەر سنوور، بەرەو کۆتایی مایۆی ١٩٧٩، دەستیکرد بە لایەنگریی لە گرنگیی رێبەرایەتیی پارتی لەلایەن بنەماڵەی بارزانیەوەو هەڵمەتێکی بۆ ریسواکردنی چەپ و رۆشنبیران دەستپێکرد.[QVY] ململانێی دەسەڵات لەنێوان ئیدریس و سامی، بە بوونی مەسعودیش لە ناوەڕاستدا، لەو دانیشتنەی پارتی–قیادە مۆقەتە لە گوندی "شاناوە" دەرکەوت. بە گوێرەی سامی، سێ دەستە سەریان هەڵدا: باڵی راستی کۆنەپەرست(لەلایەن ئیدریسەوە رێبەرایەتیی دەکرا)، دەستەی پێشکەوتووحواز (لەلایەن سامیەوە)، میانڕەوەکان (لەلایەن مەسعودەوە رێبەرایەتیی دەکرا). دانیشتنەکە کە مەسعودیان وەك بژارەیەکی ناچاریی لەنێوان ئەو دوو رەوتەدا بینی، مەسعودیان بە سەرکردەی

---

[167] Besifki, op. cit., p. 150, quoting Abdul Rahman, *Al-Badiel Al-Thawry fi Al-Harakah Al-Taharuryah Al-Kurdiyah* (The Revolutionary Alternative in the Kurdish Liberation Movement), 1981, p. 19.

[168] Ibid.

[169] Ibid.

كـاتی هەڵبـژارد، مەكتـەبی سیاسـیان پێكهێنـا،و سـامی عەبدولڕەحمانیـشیان وەك سكرتێری گشتی دەستنیشانكرد .[QWP]

## كارەساتی هەكاریی

ئەو رووداوەی كە پاشهاتێكی قووڵی لە ئاینـدەی سیاسـەتی كوردسـتانی عێراقـدا هـەبوو، بەتایبـەت كـەم متمانـەیی لـەنێو سیـستمەكەدا، لـە سـاڵی ١٩٧٨دا قـەما. كـە چـەندین مـەفرەزەی جیـاواز لـە كوردسـتانی عێراقـدا هەڵدەسـوڕان، دەرفەتگـەلێكی زۆریـش بـۆ بەرەوپێـشەوەچوونی سیاسـیی بـۆ سـەركردەكان لـە بۆشـاییەكە سیاسییەكەدا دەركەوت. شتێكی زۆر سەرسوڕێنەر نەبوو كە كێمەكێش لەنێوان ئەو گروپە جیاوازانەدا بقەومێت. ئەو دوژمنایەتییە كارەساتخوڵقێنەی لەنێوان تاڵەبانیو بارزانیـدا هـاتبووەپێش وایكـرد تاڵـەبانی فـەرمان بداتـە مـەفرەزەكانی كـە لـە هـەر دەرفەتێكـدا بۆیـان هەڵكـەوێت پـەلاماری پـارتی-قیـادە مۆقەتـە بـدەن. سـامی عەبـدولڕەحمانی فەرمانـدەی پـارتی بەهەمانـشێوە لـە " لـە مـەزاجێكی وا نـەبوو كـە بەشـێوەیەكی نـەرم مامەڵـە لەگـەڵ دوژمنایەتییـەكی بـەو چەشـنەدا بكـاتو لەلایـەن ئیدریسەوە پاڵپشتیی دەكرا كە رقێكی قووڵی دژی تاڵەبانی لە دڵدا بوو."[QWQ]

لـە ئـەپرڵی ١٩٧٨دا، تاڵـەبانی، عـەلی عەسـكەریو نوێنەرەكـەی لـە بزووتنـەوە"د.خالید سـەعید" نارد تا وەك نێردەیـەك بـچنە گونـدە كوردییـەكانی نێـو سـنووری توركیـا بـۆ چـەك هێنـان. تاڵـەبانی چـەندین فـەرمانی نووسـراوی بـە عـەلی عەسـكەری دابـوو كـە بنكـە سـەرپێییەكانی پـارتی-قیـادە مۆقەتـە وێـران بكـەن. ئـەو فەرمانـەی كـە عەسـكەری پـشتگوێی خـستبوو كـە نزیكـەی پەیوەنـدیو هەڵسوڕانی نزیكی لەگەڵ پارتی -س ك لە ناوچەی برادۆست هـەبوو.[QWR] هەرچەندە، فەرمانـەكان كەوتبوونـە بەردەسـتی سـامی، ئـەویش بڕیارییـدابوو كـە شـێلگیرانە هەڵسوڕێت.

---

170 Ibid.
171 McDowall (1996) op. cit., p. 344.
172 Ibid., p. 345.

هێزەكانی بزووتنەوە پاش ئەوەی لەلایەن هێزە ئاسمانیو زەمینییەكانی عێراقو ئێران لاوازكرابوون، لە برادۆست دابەشبوون. عەسكەری، هەروەك لە پێشدا روویدەدا، پەیوەندی بە پارتی -ك كرد لە برادۆست، بێئەوەی چاوەڕێی هیچ دوژمنایەتییەك بكات، هەرچەندە، كاتێك بەرەو هەكاری لە توركیا كشا، هێزەكانی كەوتنە نێو كەمینی چەند هێزێكی گەورەی پێشمەرگەی پاتیو دوای زیانێكی قورس خۆیان بە دەستەوەدا بوو. چارەنووسێكی هاوبەش چاوەڕێی هێزەكەی د.خالیدی كرد. هەریەك لە عەلی عەسكەریو د.خالید سەعید تیرە باران كران. هێندێك دەڵێن بە فەرمانی سامیو هێندێكیش دەڵێن بە فەرمانی بارزانی.[QWS]

شیكاریی كۆمەڵكوژیی هەكاریی چەند دیدێكی بایەخدار سەبارەت بەمێژووی سیاسیی كوردستانی عێراق بەرهەمدێنێت، پەرەسەندنی كارەكتەرە سەرەكییە سیاسییەكانو هەروەها هاوكاریی تێگەیشتنی پرۆسەی بڕیارسازیی نێو پارتیو یەكێتی لە سالأنی نەوەتەكاندا دەكات. عەلی عەسكەری سیاسەتكارێك بوو كە مێژوویەكی درێژی لەنێو پارتیدا هەبوو. بەپێچەوانەی زۆربەی سەركردە سیاسییەكانی دیكە، ئەو توانایەی هەبوو كە پشتگیریی بۆخۆی بەدەستبێنێت. بەهەمانشێوەش، عەلی عەسكەری وەك پێشمەرگەیەك فرە ڕێزلێگیراو بوو.[QWT] ئەم هۆكارانە مانای ئەوەبوون كە عەسكەری بۆ زۆر لە سەركردەكان، بەتایبەت چەپەكان، جێگای هەڕەشە بووە.[QWU] لەسەر بنچینەی ئەم راستییانە دەشێت ئەو گریمانەیە ئاماژەی بۆ بكرێت كە، عەلی عەسكەری بە پیلانی سیاسەتكارانێكی چەپگەرا كوژرابێت، ئەوانەی كە عەسكەرییان وەك هەڕەشەیەك دەبینی لەنێو ئەو رێكخراوەی

---

[173] مكدۆواڵ دەڵێت كە عەلی عەسكەریو د.خالید بەفەرمانی سامی عەبدوڕەحمان ئیعدام كراون، سامی دەڵێت فەرمانەكە لە بارزانییەوە هاتووە. ئەمە تەواو بۆ پەیوەندییە نێوخۆییەكانی كورد خراپ بوو. بەڵام كوشتنی عەلی عەسكەری بە چەكی RPG7 هێشتا مەسەلەكەی جدییتر كرد.

چاوپێكەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپرڵ ١٩٩٨ .

[174] چاوێكەوتن لەگەڵ شالأوی عەلی عەسكەری، سلێمانی، ١٠ ژوون ١٩٩٨ .

[175] هەمان سەرچاوە.

کە نزیکەی ببووە ی ن ک، یاخود لە ترسی ئەوەی کە پێگەیەکی سیاسیی ئەوتۆ بەدەستبێنێت کە دەگونجێت لەلایەن رکابەرێکەوە بە سەرنجڕاکێش دانرابێت.

مکدۆواڵ ئاماژە بە گریمانەی یەکەم دەکات و تێبینیی ئەوەی کردووە کە لەو کاتەدا چەندین کادر لەنێو ی ن ک دا لەو بڕوایەدا بوون کە تاڵەبانی بەهاوکاریی لەگەڵ پارتی– س ک عەلی عەسکەری ڕەوانەی مەرگ کردووە. ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەو حاڵەتە بوو کە پارتی– س ک بە بەردەوامیی هەنگاوێك لە پێش بزووتنەوەی شوومەوە بوو.[176] گریمانەی دووەم لەسەر سامی رادەوەستێت، پاش ئەم بگرەوبەردەیە، سامی لە پارتی جیابووەوەو کتێبەکەی بەڵگەی ئەوەیە کە رووی لە چەپ کردووە.[177] بۆئەوەی ئەم کارەی بە شێوەیەکی کاریگەر بچێتەپێش پێویستی بەوەبوو کە عەلی عەسکەری لەسەرە رێی خۆی لابەرێت بۆئەوەی دەست بەسەر ئەو پشتگیرییە جەماوەرییەی بزووتنەوەدا بگرێت.[178] شالاوی عەلی عەسکەری بە بەرفرەکردنی دیدگاکە ئەم گریمانەیەی پەرەپێداوە، بەگوێرەی شالاو، یەکێتی شورەوی داوایکردووە عەلی عەسکەری لە باڵیۆزخانەی شورەویی لە لوبنان ببینێت. ئەوان عەسکەرییان بۆ کەناڵێك ناساند کە لەرێگەیەوە زیاتر شورەوی بگلێتە نێو کوردستانی عێراقەوە. ئەمەریکا لەم کاتەدا سەبارەت بە بە زێدەبوونی تێوەگلانی شورەویی لە کوردستانی عێراقدا نیگەران بوون، ئەوان بارزانییەکانیان دژی عەسکەری نارد. شالاو بڕوای وایە کە ئەمە ئاکاری پارتیە، لەڕووی هەواڵگریی و هەماهەنگیی لەگەڵ یەکە تورکیی و ئێرانییەکان و کۆکردنەوەی هێزە خێڵەکییەکان

---

176 McDowall (1996) op. cit., p. 364.

177 چاوپێکەوتن لەگەڵ شالاوی عەلی عەسکەری، سلێمانی، ۱۰ ژوون ۱۹۹۸ .

178 شالاوی عەلی عەسکەری ئەم لێکدانەوەیەی پێ لەپێشترەو هیچ ئەگەرێکی بوونی دەستی تاڵەبانی لە کوشتنی باوکیدا پەسەند ناکات. پەیوەندیی نێوان شالاو و تاڵەبانی فرە دۆستانەیە. لەراستییدا، شالاو لەنێو یەکێتیدا کاریگەربوو، ئەو چەندین پۆستی هەبووە لە بریکاری وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیەوە بۆ راوێژکاری تایبەتی تاڵەبانی لە پرسە سیاسییەکاندا. شالاو پشتگیریی لە بۆچوونەکەی خۆی دەکات بە ئاماژەدان بە بەڵگە ناجێگیرو لاوازە بەدەستهاتووەکان. لەکاتێکدا کارە نهێنییەکانی یەکێتی دژی پارتی بەرێوەدەبات، لەوانە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ئیدریس و سامی لەم ماوەیەدا.

**ڕووندەکاتەوە. هەمان تیۆری پیلانگێڕیی لەلایەن جێگری فەرمانـدەی پێشمەرگەی ی ن ك ەوە وەپێشخراوە، کە ئەو کات جەبار فەرمان پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە:**

**" تـەواوی ڕووداوەکـە لەلایـەن پـارتی و تورکیـا و ئێرانـەوە وەك هـەوڵێك بـۆ لەناوبردنی ی ن ك بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو، ئایدیۆلۆژیی بیری چەپی ی ن ك زۆربەی دەوڵەتانی دەوروبەری ترساند، ئەوانەی دیدگاکانی مارکسیست ماویستیان بۆ قووت نەدەچوو. "[179]**

**کاریگـەریی کۆمـەڵکوژیی هـەکاریی ئاکـامێکی دوور مـەودای لـە سیـستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراقدا جێهێڵا. لەگەڵ لەدەستچوونی سێ لـە فەرمانـدە لێهاتووەکـانی وەك: عـەلی عەسـکەری، د.خالیـد سـەعیدو شـێخی یەزیـدی/مەبەسـتی حوسـێن بابـە شـێخە-سەردەشـتیی) ڕووبـەڕوو کـردەوە، وێـڕای نزیکـەی ٧٠٠ پێشمەرگە•، یەکێتی ناچاربوو کە بە قۆناغێکی قووڵی خۆڕێکخستنەوەدا تێپـەڕێت. بەهەمانشێوە، ئاکامـە سیاسییەکانیـشی قـووڵ بـوون. ی ن ك بەجیابوونـەوەی بەشـە سۆشیالیستییەکەی بە توندیی لاوازبوو. ڕەسوڵ مامەند کە زێدە بێهیوابوو، بەشێکی لە پێشمەرگەکانی بزووتنەوە کەمابوونەوە لـە ی ن ك هێنایەدەرەوەو لەگـەڵ (پ د ك-**

---

[179] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ٣٠ ئووتی ١٩٩٨.

• لەڕاسـتییدا کۆمـەڵکوژیی هـەکاریی کارەسـاتێکی نەتـەوەیی مـەزن‌و بێوێنەیـە لەمێـژووی جوڵانـەوە نەتەوایەتیی کورددا کە تائێستا هیچ کۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی لـەبارەوە نەکراوە، لەوڕۆژە سەختانەی دەستپێکردنەوەی خەباتدا کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە بە سـەرکردەکانییەوەو ئاسەواری ئـەو کۆمەڵکوژییە، ڕادەی ئەو کارەساتە پێشاندەدات، لـەوەش زیاتر ڕەوانـەکردنی ئـەو هـەموو پێشمەرگەیە بەرەو ناوچەیەکی سەختی پڕ چیای بەرزوو دۆڵی قووڵیی هەزاربەهـەزار، بێ نان‌و بـەرگ‌و شارەزایی‌و بنکـەی حەوانـەوە لـەو سـەرەتای بـەهارەدا بۆخـۆی نـەك هـەر بێبەرنامـەیی‌و خەمـسارییەکی قـووڵ‌و سەرلێشێواوی سـەرکردایەتیی یـەکێتی پێـشان دەدا ، بـەڵکو خۆکوژییـەکی ئاشـکرا بـوو کـە جگـە لـە ئەنجامدەرانی، ئەو سەرکردایەتییە لێی بەرپرسیاربوو. ئەو سەرکردایەتیەی وا بەرنامـەی داڕشتبوو کە بەشێکی گـەورە لـە هێزەکـانی خـۆی دوای ڕێکـەوتنی جـەزائیرو بەبەرچـاوی سـاواکەوە بـە ئۆتۆمبێـل بـە جادەی سەردەشت-پیرانشەهەر-شنۆدا بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی سوور ڕەوانەی سێسنوور بکات.!! بۆ زیاتر:

نەوشیروان مستەفا، کارەساتی هەکاری، چاپی دووەم، ئابی ١٩٨٢، چاپانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ.

ل ئـا)ەكـەی د. مـەحموود عوسمانـدا یەكیخـستن‌و "حیزبـی سۆشیالیـستی كوردستان/حسك"یان دامەزراند. QXP یـەكێتی بـە رۆیـشتن‌و نـەمانی بزووتنـەوە، بـێ پنتی گردبوونەوەی چەپە میانڕەوەكانی خەڵكی كورد مایەوە، لەبەرئەوە زۆری نەبرد ئاراستە رادیكاڵەكەی كۆمەڵە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی لەژێر چەتری یەكێتییەكەدا هەڵكشا.

تاڵـەبانی كەوتـە بـەڕێوەبردنی سـتراتیژییەك بـۆ رێكخـستنەوەی یەكێتییەكـە چ لـەڕووی پێكهاتـەو چ لـەڕووی وەپێشخستی كەسایەتیی نـوێ وە، ئـەوەش بووەهـۆی ئەوەی كە سالآنی ۱۹۸۰كان دەركەوتنی كەسانێك بەخۆوە ببینێت كە ئەمڕۆ لەنێو یەكێتیـدا بڕیارسـازن. هـەروەها زێـدەبوونی بالآدەسـتی كۆمەڵـەش. بـەدەر لـەوەی كـە تاڵەبانی لە كۆمـەڵكوژیی هەكارییـەوە تێوەگلابێت یان نـە، بەدڵنیاییـەوە ئـەو سوودی لەو بۆشاییە وەرگرت كـە لـەنێو ستراكتۆری بڕیارسـازیی لـە ی ن ك پەیـدابوو، ویـڕای ئەو راستییەی رای گشتیی بە توندی دژی پارتی وەرچەرخا. ئاكامی ئاینـدەیی ئـەم رووداوانـە لـەم دەمـە كورتـەدا هێـشتا لـە سیـستمە سیاسـییەكەی ئـەمڕۆدا هەسـتی پێـدەكرێت. كۆمـەڵكوژیی هـەكاریی بەشـێكە لـە فۆلكلـۆری هەرێمەكـە، هـەروەها هێنـدێكیش لـەو بڕوایەدایـە كـە ی ن ك هـەرگیز لـەم كـارەی سـاڵی ۱۹۷۸ی پـارتی نابورێت.

پـاش كۆمـەڵكوژیی هـەكاریی، دابەشـبوونە مێژینەكـەی نێـو پـارتی رووی لـە جەمسەرگیریی كرد، باڵـە راستـەی ئیـدریس بەشێوەیەكی سـەربەخۆ لـە پارتی–قیادە مۆقەتـە هەڵدەسـوڕاو لەگـەڵ هێزەكـانی ئێرانـدا دژی حـدكا هاوكـاریی دەكـرد. QXQ

---

[180] شالآوی عەلی عسكەری تێبینییكرد كە، لەكاتێكدا ئەو تاقمەی لەگەڵ رەسوڵ مامەند بوون وازیان لە یەكێتی هێنا كاریگەریی خراپی لە هەڵسوڕانی یەكێتی كرد، بەڵام بەپێچەوانەوە رێكخراوەكەی بەهێزكرد كە ئێستا دەنگی ناڕازیی كەمتری تێدایە. چاوێكەوتن لەگەڵ شالآوی عەلی عەسكەری، سلێمانی، ۱۰ ژوون ۱۹۹۸.

McDowall (1996) op. cit., p. 345). .

[181]. Besifki, op. cit., p. 150, quoting Abdul Rahman (1981) op. cit., pp. 36–9; McDowall (1996) op. cit., p. 346.

بەگوێرەی گێڕانەوەی سامی، پێگەی مەسعودیش بە هەمانشێوە بە ئاراستەی براکەی هەنگاوینا، لە کۆنگرەی نوێی پارتی کە لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩دا بەسترا، پارتی دابەشبوو، دەستەی سامی تادەهات لەو هەڵسوڕانە تەقلیدییەی لەنێو ڕێبەرایەتیی بارزانیدا بنجی داکوتابوو، هەروەها لە لایەنگرانی بێزارتر دەبوون. ئەو پارتی جێهێڵاو بەوەش سەرکردایەتیی پارتی بەتەواویی کەوتە دەست برایانی بارزانی و لەپاش مردنی ئیدریس، بۆ مەسعود.[QXR] ئەوە یەکەمین کۆنگرە بوو لە پاش مردنی بارزانییەوە لەلایەن مەسعودەوە بەوە وەسفکراوە کە:" سەختترین و پڕکێشەترین کۆنگرە بوو."[QXS] دەستەی پێشکەوتووخواز کەلەلایەن سامییەوە ڕێبەریی دەکرا، بەرەو دامەزراندنی"پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان/پ گ د ك" هەنگاوینا، سامی بووە بەرهەڵستکارێکی توندی هەیمەنەی بنەماڵەی بارزانی بەسەر سیستمە سیاسییەکە لە کوردستانی عێراقدا.[QXT]•

[182] McDowall (1996) op. cit., p. 346.
[183] Kurdistan Democratic Party (1993) op. cit., p. 17.
[184] Besifki, op. cit., pp. 150–1, quoting Abdul Rahman, op. cit., pp. 23–45.
پەیوەندییەکانی نێوان سامی و بنەماڵەی بارزانی لەکۆتایی هەفتاکاندا فرە سختە قەزاوەتی لەسەر بکرێت.هەرچەندە سامی بەخراپ قسەکردن لەسەر بارزانی ڕەتدەکاتەوەو ئیدیعای پەیوەندییەکی نزیك لە بارزانییەوە دەکات، سەبارەت بە "البديل الثوري"یەکەی ئەو دەڵێت کە نووسینی ئەو کتێبە لە پیناو ڕێنماییکردنی بەرنامەی پارتی بووە زیاتر لەوەی هێرشکردنە سەر خودی بنەماڵەی بارزانیی بێت.

• لەراستییدا خوێندنەوەیەکی سەرپێی ئەو کتێبەو نووسینەکانی دیکەی سامی ئەم قسەیەی سەرەوە ناڕاست پێشاندەدا، چونکە سامی لەو کتێبەو نووسینەکانی تریشی هێرشی توند دەکاتە سەر ئەو بنەماڵەیەو بە "کۆنەپەرستو دواکەوتووی خێڵەکیی و پیاوی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو ڕێگڕ لەبەردەم رزگاریی گەلی کورد" دەیانناسێنێتو خۆیو بەرنامەکەی وەك ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە!! پێشکەشدەکات.بەڵام دوای گەڕنەوەی بۆناو پارتی ناچارە بەو شێوەیە پاساو بهێنێتەوە. (سەردەشتیی).

## جەنگی ئێران-عێراق و هەڵمەتەکانی ئەنفال

ئامانجی ئەم باسە بریتییە لە پێشکەشکردنی دوا پەرەسەندنەکانی سیستمی سیاسیی لە کوردستانی عێراق پێش پەلاماری دوژمنکارانە بۆ سەرکوێت لە ساڵی ١٩٩٠و هەروەها بایەخدان بە پەرەسەندنی سیستمە خۆماڵییەکە لە کوردستانی عێراق، بۆ روونکردنەوە، لەسەرەتادا بایەخم بە ئۆرگانەکانی ی ن ك داوە. پ د ك بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان لە کوردستانی عێراقدا چالاك بوو، هەرچەندە، لەڕووی ستراکتۆرییەوە، ی ن ك زیاتر ملکەچی گۆڕانکاریی ئەوتۆبوو کە گرنگە ئاماژەیان بۆ بکرێت، لەکاتێکدا پ د ك تارادەیەکی ماقووڵ بەڕێبەرایەتیی مەسعود جێگیر دەمێنێتەوە.

لە ٢٢ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٠دا، سەدام حسێن پەلامارێکی سەرتاسەریی کردەسەر ئێران .[QXU] سەرەتای هێرشەکان لە بەشی باشووری وڵاتەوە چڕبووەوە. کێشمەکێشێکی هێنایە ئارا بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو.[QXV] ئەم جەنگە بەنێونەتەوەییبوونی کێشەی کوردی عێراقی بەخۆوە بینی، وێڕای ئەو پێشهاتانەی کە توانای جیاوازیی بۆ نەخشەی ستراتیژیی و هاوسەنگیی هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکبهێنن.[QXW]

هەر لە سەرەتای دوژمنکاریی و هێرشەکانەوە، حیزبە کوردییەکان فڕێدرانە سەنگەری پێشەوە، ئەوان خۆیان لە پێگەیەکی وادا بینییەوە کە بەهەڵسوڕانیان وەك بریکارێکی دەوڵەتی شەڕکەر بە قازانجی خۆیان سوود لەو جەنگە وەربگرن. هەلومەرجێکی بەو چەشنە کە لەوکاتەوە خۆیان تێدا بینییەوە. سەرکەوتنی دواتری

---

[185] بۆ هەڵسەنگاندنێکی گشتیی لەمەڕ جەنگی ئێران–عێراق، بڕوانە:
S. Chubin and C. Tripp, *Iran and Iraq at War*, Boulder, Colorado: Westview Press, 1991.

[186] Bulloch and Morris, op. cit., p. 151.

[187] هێندێك نووسەر گوتوویانە کە ناکۆکیی سەرەکیی لەبارەی کێشەی کوردی عێراقەوە لەماوەی نەوەتەکاندا کە بەنێودەوڵەتییبوونی کێشەکەیە، لەگەڵ تێبینییکردنی بەشداری تورکیا بەتایبەتیی، هەرچەندە، کێشەی کورد لەعێراق مێژوویەکی لە بەنێودەوڵەتییبووندا هەیە.

هاوکاریی ئێرانیی-کوردیی وای لە عێراق کرد زیاتر پێ لەسەر دژکردەوەیەکی کوشندانە بکات، کە لەساڵی ١٩٨٧دا و بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی و هەروەها هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ گەیشتە ترۆپك. مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە لەوانەیە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کوردی بێدیفاع لە ساڵی ١٩٨٨دا کوژرابێت. دەگونجێت خراپترین شێوازی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بووبێت- هەرچەندە بەوردیی ئەم کارە بەشێك نەبوو لە پرۆسەی ئەنفال-لەوێ نزیکەی ٥٠٠٠کەس لە مارتی ١٩٨٨دا کوژران. QXX

هەلومەرجەکە بەو ناکۆکیی و دابەشبوونانەی نێوان حیزبە جیاوازەکان و هەروەها ئامانجە جۆربەجۆرەکانیان زیاتر ئاڵۆز بوو. رەگەزە ئێرانخوازەکانی ناو یەکێتی بەدرێژایی ماوەی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ هانی حیزبەکەیاندا پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ ئێراندا ببەستێت. (پارتی لەوکاتەدا لەگەڵ ئێراندا بوو)، هەرچەندە، هاوپەیمانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی و حیزبێك کە لەژێر کاریگەریی هزری چەپدا بێت چەسپا کە کارێکی سەختە. گرفتەکان ئەو کاتە زەقبوونەوە کە هێزە ئێرانییەکان لە ساڵی ١٩٨٢دا پەلاماری حدکا یان دا، ئەو کارەش بووەهۆی پشتگیریی ی ن ك لە

---

[188] ڕووداوەکانی هەڵمەتی ئەنفال لە دەرەوەی ئامانجەکانی ئەم تێزەیە، هەرچەندە ئەوانەی ئارەزووی ئاشنابوون بە مێژووی سیاسیی کوردستانی عێراق دەکەن پێویستە لە کاریگەریی هەڵمەتی ئەنفال لە ژیانی ڕۆژانەی چالاکیی ئابووریی، حیزبە سیاسییەکان تێبگەن. ئەو کێشە دیمۆگرافیانەی زادەی هەڵمەتی ئەنفالن چەندین ساڵیان گەرەگە ساڕێژ ببنەوە و چارەسەر بکرێن. بەهۆی بەکارهێنانی چەکی سوننەتیی و کیمیاییەکان کێشەگەلێکی ژینگەیی و تەندروستی درێژ خایەن هەن. ئەو سەرچاوانەی بەوردیی ئاماژە بۆ هەڵمەتی ئەنفال دەکەن:

Human Rights Watch, Human Rights in Iraq, New Haven, CT: Yale University Press, 1990; Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds, New York: Human Rights Watch, 1993; The Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Koreme, New York: Human Rights Watch, 1993; S. Meiselas and A. Whitley, ‘The Remains of Anfal’, MERIP Middle East Report Vol. 189, no. 24 (July–August 1994), pp. 8–11; Bruinessen, ‘Genocide in Kurdistan? The Suppression of the Dersim Rebellion in Turkey (1937–38) and the Chemical War Against the Iraqi Kurds (1988)’, in Andreopoulos (ed.), Conceptual and Historical Dimensions of Genocide, University of Pennsylvania Press, 1994.

حدکا دژی ئێرانییەکان، هەروەها لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣دا، حکومەتی ئێران لەگەڵ پارتیدا بۆ لێدانی هێزەکانی یەکێتی هاوپەیمانیی کرد.[QXY]ئەم جۆرە مانۆڕو ئەمبەرو ئەوبەرە لەنێوان تاقمە کوردییەکانی عێراق، ئێران و هەروەها عێراقدا بە درێژایی جەنگی ئێران–عێراق شتێکی باوبوو.

هەرلەسەرەتای جەنگەوە ، یەکێتی تووشی گرفتگەلێکی مەزن هات. وێڕای پشتگیریی لە حدکا، هاتنەناوەوەی ئێران بۆ نێو کوردستانی عێراق مەترسیی خستە سەر یەکێتی و پاڵی بە بارەگای ئەو حیزبەوە نا لە سنوورەکانی عێراق–ئێران دووربکەوێتەوەو لە هێزەکانی عێراقەوە نزیکبێت. وەڵامی تاڵەبانیش ئەوەبوو ویستی ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ سەدام پێکبێت. بۆئەوەی دەرەفەتێك بە یەکێتی بدات خۆی رێکبخاتەوە. هەروەها دەرفەتی بۆ یەکێتی رەخساند کە چەك لەعێراق وەربگرێت و زیاتر مشتومڕ لەسەر یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی ١٩٨٤ بکات.[QYP] لەماوەی ئەم قۆناغە بەراییەی هاوکارییەدا، پێکهاتەی چەکداریی حیزبەکە بەرفراوانبوو، بەجۆرێك مژدەی دەرکەوتنی هێڵێکی نوێی لە کادرانێکی بەهێزو خاوەن بیری سیاسیی دەبەخشی. لەوانە: مستەفا چاوڕەش، مامە ریشە، مام رۆستەم، شێخ جەعفەر، مولازم عومەرو هەروەها مەلا بەختیار، دواتر سەرکردەیەکی نوێی سەربازیی وەك کۆسرەت رەسوڵ سەریهەڵدا. [QYQ]

لەوکاتەوەی بزووتنەوە نەما، جۆرە ناهاوسەنگییەك لەناو یەکێتیدا پەیدابووو بەو رەوتە رادیکاڵە تاوسەندووەی کۆمەڵە خۆی رووبەڕووی ریسکی دوورکەوتنەوە لە چینە میانڕەوەکانی کوردستانی عێراق کردەوە. د.کەمال خۆشناو ئەوەی

---

[189] چاوێکەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨ .

[190] سەبارەت بەم دانوسانە، بڕوانە:
McDowall (1996) op. cit., pp. 348–9; Sheikhmous, op. cit., p. 60

[191] چاوێکەوتن لەگەڵ مەسعود عەبدولخالق، هەولێر، ١٨ ژووئیە ١٩٩٨.

تێبینییکـردووە کـە ئەگـەر ئـەو دوو باڵـەی مابوونـەوە وەك رێكخراوێکـی سـەربەخۆ بـەردەوام بوونایـە. ئەوسـا گـرفتی زۆر پەیـدا دەبـوو. بەهەمانـشێوە، هەڵـسوڕانی رێكخراوەكان بەشێوەیەكی تـەواو سـەربەخۆ لـەژێر چەتری ی ن ك زۆر زەحمـەت بـوو. هەربۆیـە بڕیـاردرا یەكـە پێكهاتەییـەكانی ی ن ك پێكـەوە گـرێ بـدرێن.[QYR] هەرچـەندە دابەشـبوونە نێوخۆییـەكان، بەتایبـەت لـەنێو كۆمەڵـەدا، لـەنێو نەچـوو، هـەروەها توندوتیژبوونی شانۆ سیاسییەكە لەسەرەتای هەشتاكاندا ئەو دابەشبوونانەی هێنایە پێش. تەواوكردنی ئەم پلانانە كە بە پێكهێنانی یەكێتیەكەی ئەمڕۆ گەیشتە دواخاڵ، تاكو سالآنی نەوەتـەكان نەهاتـەدی. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨٣دا، یەكـەمین هـەنگاوی گـرنگ نـرا، ئـەویش یـەكگرتنی پاشماوەكـانی بزووتنـەوە بـوو لەگـەڵ خـەتی گشتی، قـەوارە نوێیەكـە نـاوی لێنـرا "شۆڕشـگێڕان" كەلەلایـەن د. فوئـاد مەعـسومەوە رێبەرایەتیی دەكرا كە یەك لە هاوشارەكانی تاڵەبانی بوو لـە خـەتی گشتی. لەبەرئـەوە پـاش سـاڵی ١٩٨٢، یـەكێتی لـە دوو بـاڵی جیـاواز پێكـدەهات.[QYS] سـەلمێندرا كـە پەیوەنـدیی نێـوان ئـەو دوو تاقمـە گـەرمو برایانـە بـوو، هەرچـەندە، بەدڵنیاییـەوە شۆڕشگێڕان لەپێناو بەدەستهێنانی رۆشنبیرانی شارەكییدا پێكهێنرا، هێشتا كۆمەڵە وەك بـاڵێكی زیـاتر گەنجانـەی شۆڕشـگێڕ مایـەوە. هـەروەها جارێكی دیكـە كۆمەڵـە تاڕادەیـەكی مـەزنترین رێكخـراوی یەكێتییـە نوێكراوەكـەی پێكـدەهێنا، بـەلآم سەركردایەتیی یەكێتی بە یەكسانیی لەنێوان هەردوو باڵەكەدا دابەشبوو.[QYT]

لەكاتێكدا یەكێتی ریزەكانی نێوخۆی پتـەودەكرد، دانوسانەكانی نێوان یـەكێتیو حكومـەتی عێـراق تونـدییو دژوارییـەكی جـدیی لـەنێو كـادرە پلـە جۆربـەجۆرەكانی حیزبەكـە پێكهێنـا. گومانـە بەراییـەكان لەمـەڕ ئـەو سیاسـەتانەی لەلایـەن سەركردایەتییەوە دەگیرایەبەر دەتوانرێت بۆ ئـەو دابەشـبوونە بگێڕدرێتـەوە كـە هـەر

---

[192] چاوپێكەوتن لەگەل د.كەمال خۆشناو ، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨.

[193] چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

[194] چـاوپێكەوتن لەگـەڵ ئەرسـەلان بـایز، سـلێمانی ، ٢٤ مـایۆ ١٩٩٨،. چـاوپێكەوتن لەگـەڵ محەمـەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

لەسـەرەتای دەسـتبەکاربوونییەوە کۆمەڵـەی پـێ جیادەکرایـەوە کـە بریتییبـوو لـە کۆمۆنیـستە عێراقـچییەکان دژی ریڤیژنیـستە کوردچـییەکان. ئـەم ناکۆکییـە بـە تەرەفگیریی رووخساریی تاڵەبانی بۆ کوردچییەکان لەناونەچوو، بەتایبەت کاتێك مەلا بەختیاری کەسایەتیی هەرە بەرچاوی نێو کۆمەڵە لە کۆتایی ١٩٧٠کاندا چارەسەری عێراقییانـەی پـێ باشـتر بـوو. لـەم کێشمەکێـشەدا، تاڵـەبانی هێڵـی کوردچـییەکانی لاپەسـەند بـوو، ئـەوەی نەوشـیروان مستەفا نوێنەرایەتیی دەکـرد.[QYU]شانبەشـانی ئـەم ململانێ ئایدیۆلۆژییانە، پێکدادانی کەسایەتییەکانیش بەرێوەچوو. لـەنێو کۆمەڵـەدا، تورەبوونێك لـە تاڵـەبانیو چوونەپێشەوەی مەحسوبەکەی کـە نەوشـیروان مـستەفایە لەگۆڕێـدا بـوو. لـە سـێیەمین کۆنفرانـسی کۆمەڵـەدا لـە سـاڵی ١٩٨٤، کاتێـك چـەند ئەنـدامێك بـۆ پۆسـتی رێبەرایـەتیی دەستنیـشان نـەکران، گرفتەکـە سـەریهەڵدا.[QYV] بەرهەڵـستکارییەکی سـەرەکیی بـۆ رێبەرایـەتیی تاڵـەبانیو نەوشـیروان مـستەفا ئـەو گروپە بوون کە لەلایەن سالار عەزیزەو عیماد ئەحمەدەوە رێبەرایـەتیی دەکرا.[QYW] ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی سەرکردایەتیی کران بریتییبوون لە :

١- دەسەڵات دراوەتە شۆڕشگێڕان.
٢- بڕوایان وابوو کە تاڵەبانی زێدە پشت بە ئاغاو کوێخای گوندەکان دەبەستێت.
٣- دەنگـۆی ئـەوە هـەبوو کـە نەوشـیروان مەسـتەفا کۆمۆنیـست نیـەو کۆمەڵـەی ناچارکردووە کە بەچەشنێك هەڵسوڕێت کە دواجار بە قازانجی شۆڕشگێڕانە.

---

195 چاوێکەوتن لەگەڵ مەسعود عەبدولخالق، هەولێر، ١٨ ژووئیە ١٩٩٨.

196 Amin, op. cit.

197 سـالار عـەزیز دواتـر بـووە پارێزگـاری سـلێمانیو ماوەیـەکیش وەزیـری کـشتوکاڵ بـوو لـە سـێیەمین کابینەدا/سلێمانی. عیماد ئەحمەد دواتر چووەوە ناو یەکێتیو بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هەروەها بـووە وەزیـری تەندروسـتیو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی، دواتـریش وەزیـری وزەو پیـشەسازیی لـە سـێیەم کابینە(سلێمانی)

٤- کۆمەڵە لەو هێڵەی خۆی لایداوە کە شەهید ئارام بۆ کێشاوەو لەسەر حسابی بیروڕای ئازادو هزری سیاسیی نێو ی ن ك بووە بە قەڵایەکی نەتەوایەتیی.[QYX]

لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو حیزبی بەعس، هەروەها زێدەبوونی هێرشەکان لەسەر یەکێتیو کۆمەڵە، دەستەی عێراقچیی دەرفەتی بۆ تێکدانی هاوسەنگیی یەکێتی قۆزستەوەو حیزبێکیان بەناوی "ئالای شۆڕش/ئاش" دامەزراند.[QYY]• پرۆپاگەندەیەکی بەرفراوان دژی سەرکردایەتیی یەکێتیو کۆمەڵە گیرایەبەر، هەروەها ئالای شۆڕش کەوتە دزەپێکردنی بەرنامەو بڕیارەکانی یەکێتی.[RPP] دواتر یەکێتی مەلا بەختیارو هاوڕێکانی قۆڵبەستکرد. بەلام عیماد ئەحمەد رایکردو لە ئێرانەوە کەوتە رێبەرایەتییکردنی ئالای شۆڕش. لەوێ لەگەڵ

---

[198] Amin, op. cit.

[199] ئالای شۆڕش وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی (Revolution flag)ە.

• پشکۆ نەجمەدین کە کادرێکی سیاسیی کۆمەڵەو یەکێك بووە لە هەڵسوڕاوانی ئالای شۆڕش، لە بیرەوەرییەکانیدا بەشێکی ئەو جیاوازیی و رەخنانەی دەربڕیوەو نووسیویەتی:" سەرکردایێتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ...مام جەلال بەتایبەتی، لایەنگری بیرۆکەی (کۆکردنەوەی هەرچەند دەکرێ)ی هێزی پێشمەرگە بوون ... ئەم کۆکردنەوەی هێزو بردنەسەرەوەی چەندایەتییە، هەمیشە لەسەر حیسابی چۆنایێتی هێزو رێکخستن دەکەوتنەوە...دیسانیش ئەم هێزە لە عەقڵو رۆشنبیریی سیاسیی بێبەری بووو رۆبۆت ئاسا رەفتاری دەکرد... ئێمە سوور بووین لەسەرئەوەی کۆمەڵە دەبێت بە ئاقارێکدا بڕێت کە لە ئاییندەدا ببێتە هێزی جیاکەرەوەی نێوان دوو قوتابخانە تەقلیدییەکەی نێو بزووتنەوەی رزگارییخوازی کوردستانو ئاکامیش"جەلالیزم" پێش "مەلایزم" رەتبکاتەوە! ...زۆرجاران ئەو کێشەیەی کە کادرێکی سیاسی چارەسەری دەکرد، ئەوان هەڵیاندەوەشاندەوەو بەلایەکی تردا لابەلایان دەکردەوە کە مۆرکی بەرژەوەندی خزمایێتیو عەشیرەتگەری پێوەبوو...مام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دزیو راورووت،بەرەڵاییو پەتی پرنسیپ پساندن، دیاردەیەکی ئاساییو لە شۆڕشدا سەرهەڵدەدەن و دەبێت بە عەقڵو حیکمەت مامەڵەیان لە تەکدا بکرێتو بنەبڕبکرێن...ئێمە پێمان وابوو گەندەڵیکە سەری هەڵدا ئیدی تەشەنە دەکاتو دەبێتە مۆریانەی جەستەی شۆڕش." بڕوانە:

پشکۆ نەجمەدین، ئەزموونو یاد، ئالای شۆڕشو حیکایەتەکانی زیندان، بەرگی یەکەم، ١٩٧٨-١٩٨٣، سوید، نۆڤەمبەری ٢٠٠٧، ل ٨٣-١٢٤.

[200] Amin, op. cit.

"حیزبی زەحمەتکێشان"دا تێکەڵ بوون. لەساڵی ١٩٩٢دا، هەریەك لە مەلا بەختیارو عیماد ئەحمەد سەرلەنوێ چوونەوە نێو سەرکردایەتیی یەکێتی، وەك جەمسەرگیرییەکی سیاسیی کە دوای هەڵبژاردنەکان روویدا، هەرچەندە، مەزنترین زیان کە بەر یەکێتی کەوت لەلایەن ئەو گروپەوە بوو، هەروەها ئەو کەلێنانەی کە ساڵانی هەشتاکان دروستبوون لە پاش بیست ساڵ دواتر هێشتا هەر دیارن.[RPQ]

دانوسانەکانی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراق لە یەنایەری ١٩٨٥دا تێکچوو. هەڵمەتەکانی دواتری ئەنفالو هەروەها ئەو شکستە جدییە سەربازییانەی کە پارتیو یەکێتی لەسەردەستی هێزەکانی عێراق تووشی بوون وایکرد هەردوو پارتەکە بکشێنەوە ناوچە شاخاوییە سنوورییەکانی ئێران–عێراق. ئەم شکستانە بوون لەگەڵ قەبارەی مەزنی هەڵمەتەکانی ئەنفال کە هەردوو حیزبەکەیان ناچارکرد لە هاوینی ١٩٨٧دا گفتوگۆی هاوبەش دەستپێبکەن.[RPR] ئەم گفتوگۆیانە وایکرد بەرەی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا پێکبهێنرێت.

## دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق/ ب ك ع

دوا وردەکاریی ستراکتۆریی کە سەبارەت بە پەرەسەندنی سیستمە سیاسییەکە تێبینیی بکرێت بریتییە لە دامەزراندنی"بەرەی کوردستانی" لە مایۆی ١٩٨٨دا. بەرەی کوردستانی بۆ هەماهەنگیی چالاکییەکانی بەرهەڵستکاریی دژی حکومەتی عێراق پێکهێنرا.[RPS] بەرەکە چەترێك بوو: پارتی، یەکێتی، پارتی گەل، حسك، پاسۆك، حشع(ئازادی)، زەحمەتکێشان پارتی دیموکراتی ئاشووری کۆکردبووەوە. داگیرکردنی عێراق بۆ کوێت لە ٢ی ئووتی ١٩٩٠دا هاندەرێك بوو بۆ بووژانەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق. بەگوێرەی ئەندامێکی بەرە، دوای داگیرکردنی

---

[201] سەرچاوەیەك کە پێویستە شاراوە بمێنێتەوە. هەروەها بڕوانە:

Amnesty International, Iraq: Human Rights Abuses in Iraqi Kurdistan Since 1991, London, 1995, pp. 10–11.

[202] Sheikhmous, op. cit., p. 60.

[203] Amnesty International, op. cit., p. 9.

کوێــت، دانیــشتنێك لــە قاسمــە رەش(ئێــران) كــراوە، هــەموو نوێنــەرانی حیزبــە سیاسییەكانی تێدا ئامادەبوون و مشتومڕ لەسەر سێ سیناریۆ كراوە.[RPT]

یەكەم، بەرە ئەگەری كاریگەریی مانەوەی سەدامی لە كوێت وا لەقەڵەمدا كە دەبێتە هێزێكی باڵادەستی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. لەم حاڵەتەدا، هێزەكانی حكومەتی عێراق ناتوانرێت لێبدرێن و هەربۆیە پلانی زێدەكردنی قەوارەو مەودای هێزە نهێنییەكانیان دانا، وێڕای بەڕێوەبردنی هەڵمەتێكی پرۆپاگەندەیی.

دووەم، بــەرە لــە ئەگــەری هێرشــی هێــزە هاوپەیمانــەكانی دژی عێــراق و لابردنــی رژێمــی ســەدام لــە بەغــدا كۆڵیــەوە، ئەگــەر ئەمــە رووبــدات، بــەرە بڕیارییــدابوو هەڵبــدات كوردســتانی عێــراق یــەكبخات و پێــشمەرگە، بــەو كوردانــەی لــە ســوپا گەڕابوونــەوە، هەروەها بە فەوجەكانی جاش، بەهێز بكــەن. لــە پێگەیــەكی بەهێزدا داوای ئۆتۆنــۆمیی بكــەن بــەهیوای ئــەوەی كــە ئــەو حكومەتــەی دوای ســەدام حــسێن دێــت عەقڵیــەتێكی دیموكراتی زێدەتری هەبێت.

دواجار، بەرە مشتومڕی لە ئەگەری تێكشكاندنی هێزەكانی سەدام حسێن لەلایــەن هاوپــەیمانان و هانــدانی راپــەڕینێكی جــەماوەریی لــە عێراقدا كــرد. بــەرە ئــەم ئەگــەرەی وەك گونجاوترین بژارە لەقەڵەمداو پلان دانرا بۆ بەهێزكردنی مەفرەزەكانی پێشمەرگە تــاكو پەیوەنــدیی نێــوان گروپــەكان زێــدەتر بێــت و چــالاكی نێــوان هێزەكــانی بــەرە رێكخراوتربێت.عومەر شێخ مــوس جــەخت لــەوە دەكاتــەوە كــە ئــەم گروپانــە هــەوڵێكی بەرچاویاندا بــۆ راكێشانی هێزەكــانی جاشــی كــورد و رازییكردنــی هێــزە بــێ ورەكــانی عێراق كە بێ شەڕ خۆیان بەدەستەوە بدەن.[RPU]

لەســەروبەندی دووەمــین جــەنگی كەنــداودا، بــەرەی كوردســتانی ســتراكتۆرێكی بــۆ هەماهــەنگیی چــالاكیی هێــزە پێكهێنــەرەكانی دامەزرانــد و ســوودی لــەو گــۆڕانــە جیۆپۆلیتیكییــە وەرگــرت كــە خــەریك بــوو دەهاتــەپێش. هەرچــەندە، تەنانــەت پــاش

---

[204] چاوپێكەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨. Sheikhmous, op. cit.,p. 61.
[205] Ibid.

تێکشکاندنی هێزەکانی حکومەتی عێراق ئەوە راپەڕینی جەماوەربوو نەك هێرشەکانی پێشمەرگە کە توانی مژدەی لەدایکبوونی دەوڵەتە دیفاکتۆکە بدات.

## ئەنجامگیریی

تایبەتمەندییەکانی سیستمە سیاسییە هەنوکەییەکە دەتوانرێت لەپەرەسەندنی راستەوخۆی ئەو رووداوانەوە ببینرێت کە پاش ساڵی ١٩٦١ قەوماون. لەوکاتەدا، ناتوانرێت بەشێوەیەك وەسفی پارتی بکرێت کە وەك حیزبێکی یەکگرتوو نوێنەرایەتیی دەستەو تاقمێکمی تایبەتی کردووە. لەبری ئەوە، ئەم حیزبە هاوپەیمانییەتیەکی ناجێگیری نێوان بارزانی خاوەن عەقڵییەتی دەرەبەگایەتیی و هەروەها رۆشنبیرانی رادیکاڵ بوون کە لە دەستەی ئەحمەد-تاڵەبانیدا خۆی دەبینییەوە. چەندین رووداوی تایبەت لە پێکهێنانی سیستمە سیاسییە هاوچەرخەکەدا کاریگەر بوون. یەکەمیان، بریتییە لە دابەشبوونی نێو پارتی لەساڵی ١٩٦٤دا، کە بووەهۆی دەرکردنی دەستەکەی ئەحمەد- تاڵەبانی، ئەوەی توانی بەتایبەت ئاراستەی باڵادەستی هەمیشەیی بنەماڵەی بارزانی بەسەر ئەو پارتەدا زامنکرد. شەڕە توندوتیژەکانی ساڵی ١٩٦٦ ئەم دابەشبوونانەی قووڵکردەوە، بەڵام هەروەها بایەخی ئایندەیی تاڵەبانی بۆ وڵاتانی دراوسێ ناساند. رووداوەکانی ساڵی ١٩٧٥، کە ئەوەی بەخۆوەبینی پارتیەکی بارزانی کوردستانی عێراق جێبهێڵێت، سەرهەڵدانەوەی تاڵەبانی لە پێکهاتتنی ی ن ك بەخۆوەبینی. هەرچەندە تێوەگلانی هێزە بێگانەکان لە کۆمەڵکوژیی هەکاریدا ئەوەی زامنکرد کە هاوپەیمانێتیی نێوان کوردانی دەرەبەگ و سیاسەتکارانی چەپ،ئەوەی یەکێتی نوێنەرایەتیی دەکرد، هەرگیز پێکنایەت. لەراستییدا، کاریگەرییەکانی کۆمەڵکوژیی هەکاریی لەسەر ستراکتۆرو پێکهاتەی ئایندەی یەکێتی و هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی تائەمرۆش هەستپێکراوە.

پەرەسەندنی سیستمی حیزبە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراقدا بەباشی وەسفکراوە وەك ئەوەی هاوسەنگییەکی ورد جیایدەکاتەوە. وێڕای ئەوەی

پەرەسەندنە جێگیرەکەش بە قووڵی بەهۆی ڕووداوە نائاسییەکانەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لەوەش زیاتر، دەتوانرێت سیستمەکە ببینرێت کە لەڕووی سیاسییەوە زێدە جەمسەرگیر بووە، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی کۆمەڵەو گەڕانەوەی پارتی- قیادە مۆقەتە. ئەو جەمسەرگیرییەی لەئاکامی ئاکارەکانی قیادە مۆقەتەو یەکێتی دژی یەکتر توندتربوونەتەوە. هەریەك لەو حیزبانەش پشتگیریی خۆماڵیی خۆیان هەبوو. دابەشبوونی سیستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراق لەڕووی کەلتورییەوە خۆی لە دابەشبوونی ناوچە گوندنشینو شارنشینەکانداو هەروەها لەنێوان دەڤەری بادینانو سۆراندا دەنواند

# پرۆسەی بڕیارسازیی پارتیو یەکێتی

زۆربـەی جـار شـیکاریی حیزبـە سیاسـییە کوردییـە عێراقییـەکان گـیرۆدەی دیـدە کورتکراوەکانــە بــەوەی کــە پــارتی بەگــشتیی وەك خێڵــەکییو یــەکێتیش وەك سۆشیالیـست وەسـفدەکات. هـارڤی مـۆریس، سـەبارەت بـەم دیـدە کورتکراوەیـە ئـەو گرفتانـەی ناساندووە کە شیکارییەکی بەم چەشنە لەبەردەم تێگەیـشتنی سیاسـەتە کوردییەکەی عێراق پێکدەهێنێت:

"بەدرێژایی سالآن سەرنجێك دەرکەوتووە کە پ د كو ی ن ك... نوێنەرایەتیی دوو جەمـسەری دژبەیـەکی جووڵانـەوەی کـوردیی دەکـەن- ئـەوەی یەکـەمیان لادێـیو خێڵەکیی، ئەوەی دواتریشیان شارییو رۆشنبیر، ئەمەش سادەکارییەکی بێسنوورە. لەلایەکـەوە دەتوانرێـت هەریـەك لـە دوو جووڵانەوەکـە بـە جووڵانــەوەی هاوچــەرخ لەقەڵەمبـدرێت، گـەر هێنـدێك جـار ناتـەواویش بێـت. لەلایـەکی تریـشەوە، دەتوانرێـت هەردوو سەرکردایەتییەکە ببینرێت کە بەشێوەیەکی نیمچە خێڵەکییانە هەڵدەسوڕێنو ئاکاری نیمچە خێڵەکیی بۆ پشتگیرییکردنی پرسە سیاسییەکانیان بەکاردەهێنن."[1]

ئامانجی ئەم بەشە ئاوڕدانەوەیە لەو دیدگایانەو دابینکردنی وردەکاریی شیکاریی میکــانیزمی هەڵــسوڕانی پــارتیو یەکێتیــە، ئــەوەی کــە لــەڕووی ســتراکتۆری رێکخراوەیــیو پرۆســەی بڕیارســازییەوە وەســفو شــیکاریی کــراوە. دەتوانرێــت مەبەستەکان وەك لای خوارەوە کورتبکرێتەوە:

١- شـیکارییو هەڵـسەنگاندنی سـتراکتۆری رێکخراوەیـی پـارتیو یـەکێتی بۆئەوەی بنەمایەك بۆ شیکاریی پرۆسەی بڕیارسازیی فەراهەم بکرێت.

٢- هەڵسەنگاندنی پرۆسەی بڕیارسازیی لە پارتیو یەکێتیدا.

---

1 1H. Morris, ‘Inter Kurdish Conflict in 9I9r9a,q ’, p. 1 47.

٣- بۆ ناساندنی گروپە دەسەڵاتدارەکان و کاریگەرییان بەسەر سەرجەم بڕیارسازییەوە.

من بە شیکارییەکی کرۆنۆلۆژیی پەرەسەندنی سیستمە سیاسییەکە بە درێژایی ساڵانی نەوەتەکان دەستمپێکردووە، ئنجا وەسف و شیکاریی پێکهاتەیی چەند حیزبێکی سیاسیی دەستنیشانکراو پێشکەشکراوە کە پەرەی بە ئەنجامگیریی بەشەکانی پێشوو داوە. لەکاتێکدا ستراکتۆرە پێکهاتەییەکە لەڕێگەی تێبینیی، چاوپێکەوتن و دۆکیومێنتی حیزبییەوە پەرەپێدراوە، ئنجار پرۆسەی بڕیارسازیی و کاروهەڵسوڕانی حیزبەکان شیکراوەتەوەو هەڵسەنگێنراون.

## شیکارییەکی کرۆنۆلۆژیی ساڵانی ١٩٩٠ کان.

ساڵانی نەوەتەکان بۆ کورد وەك لەدەستچوونی دەرفەتەکان بۆ کورد دەناسرێتەوە، زۆربەی جاریش، پارتی و یەکێتی بە بەفیڕۆدانی ئەو دەرفەتە سەرزەنش دەکرێن کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بۆیان هاتبووەپێش.[R] هەرچەندە دەتوانرێت نەوەتەکان وەك دەیەی پەرەسەندنی سیاسیی لێبڕوانرێت. لەگەڵ سیستمێکی سیاسیی کە رێژەیەك هاوسەنگیی هەیە لەنێوان هێزگەلێکی جیۆپۆلیتیکیی کە کاری تێدەکەن. تاڵەبانی سەبارەت بە پەرەسەندنی یەکێتی تێبینییکردوە کە :" هەر حیزبێك وەك مرۆڤێك وایە، سەردەمی منداڵیی و پێگەیشتوویی هەیە، یەکێتی ئێستا لە ئاستی یەکەمی پێگەیشتنیدایە."[S] دەتوانرێت هەستی تاڵەبانی بەگشتیی بۆ سیستمە سیاسییە کوردییەکەی عێراق لە ساڵانی نەوەتەکاندا پێشکەشبکرێت. سیستمەکەو کەموکورتییەکانی باشتر فامدەکرێن بە تێپەڕین لە دواقۆناغی گواستنەوە لە بالادەستیی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی و چالاکییە پارتیزانەکانی حیزبە سیاسییەکان بۆ دەوڵەتدارییەکی دیفاکتۆ. بەدامەزراندنی جکومەتێکی

---

[2] M. Gunter, ‘Developments in Iraqi Kurdistan’, 1999a, p. 134.

[3] چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان،١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

کوردییشەوە، ئاستی هەنوکەیی ئەم پەرەسەندنە لە سیستمێکی سیاسیی دابەشکراو بەرجەستە دەبێت. پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی کاریگەر بەهۆی ناکارایییان لە هاوکاریی و پێکهاتنی لەسەر ئەم پرسانەی پەیوەستن بە دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لەنێوان بژاردە سیاسییەکان و دەزگا حکومییەکان جیابوونەتەوە. لەبەرئەوە، ئامانجی ئەم شیکارییە کرۆنۆلۆژییە بریتییە لە دابینکردنی چوارچێوەیەکی مێژوویی-سیاسیی بۆ ساڵانی نەوەتەکان بۆئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ شیکاریی ستراکتۆری رێکخراوەیی و پرۆسەی بڕیارسازیی حیزبە سیاسییە سەرەکییەکان، کە ئاستی هەنوکەیی ئەو وەرچەرخانە ڕووندەکاتەوە کە بە سەقامگیربوونی سیستمە سیاسییە دابەشبووەکە دەناسرێتەوە.

## دووەمین جەنگی کەنداو و ڕاپەڕین

داگیرکردنی کوەیت لەلایەن هێزەکانی سەدام حسێنەوە لە ئووتی ١٩٩٠ و کاردانەوەی نێونەتەوەیی و بڕیاری دواتری سەپاندنی گەمارۆ بەسەر تەواوی عێراقدا، هەروەها دواجار بەکارهێنانی هێز بۆ ناچارکردنی پاشەکشەیەکی بێمەرج، بووەهۆی سەربەرزکردنەوەی حیزبە جەنگاوەرەکانی بەرەی کوردستانی. پاش تێکشکاندنی عێراق، ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لە ٤ی مارتدا قەوما کە لەڕانیەوە دەستیپێکرد.[4] لە ١٠ی مارتدا، دهۆك، هەولێر و سلێمانی کەوتنە دەست ڕاپەڕیوان. لە ١٣ی مارتدا

---

[4] سەرچاوەکان لە کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەگونجێت ڕاپەڕین سەرەتا لە هەولێرەوە دەستیپێکردبێت. دوای هەڵمەتەکانی ئەنفال، یەکێتی و پارتی شانەی نهێنی پێشمەرگەیان ڕەوانەی ناوچە شارنشینەکانی کوردستانی عێراق کردەوە، ئەم شانانە لە برەوپێدانی بیروڕای حیزبەکانیان چالاك بوون، هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیان دەدا. ئامادەیی ئەم شانانە دەشێت هاندەرەێك بووبێت بۆ ڕاپەڕین. هەرچەندە، سەرچاوەیەکی سەربەخۆ لە هەرێمەکەوە کە نایەوێت ناوی ئاشکرابێت دەڵێت ڕاپەڕینی هەولێر دوای ئەو خۆپێشاندانە جەماوەرییە دەستیپێکرد کە لە ١٠ی مارتدا ڕوویدا لەلایەن ئەندامانی حیزبی شیوعی کوردستانەوە ڕێبەرایەتیی کرا. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨،. چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان قلیاسانی، سلێمانی،٤ ئووتی ١٩٩٩.

زاخۆش گیرا. لەگەڵ گرتنی ئەم شارانەدا، پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی بە ژمارەیەکی زۆرەوە لەئێرانەوە گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق و پەیوەندییان بە ڕاپەڕیوانەوە کرد، هەروەك چۆن هێندێك لە هێزە جاشە کوردییەکان کردیان، ئەوانەی پێشتر شانبەشانی حکومەتی عێراق دەجەنگان.[U] •هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە چوونەپێش بەردەوام بوون و کەلار،کفری، توزخورماتوو چەمچەماڵیشیان گرت، لە ١٩ی مارتدا کەرکوك خۆشی کەوت.[V]

سەرکەوتنەکە کورتخایەن بوو، ڕاپەڕینەکەی باشووری وڵات کۆنترۆڵکرا، سەدام هێزەکانی گاردی کۆماریی بە چەکی قورس و تانك و تۆپەوە ڕەوانەی باکوور کرد، ئەو پشتگیرییەی لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە کە ئەمەریکا سەرکردایەتیی کرد چاوەڕێی دەکرا، بۆ کوردان دیار نەبوو. لە ٢٨ی مارتدا، هێزە کوردییەکان ناچارکران لەکەرکوك دەربچن. دواتر لە هەولێرو ئنجا لە دهۆك و زاخۆ. ئاکامی گەڕانەوەی گاردی

---

[5] بەرەی کوردستانی لێبوردنێکی گشتیی بۆ فەوجەکانی جاش دەرکرد، پارتی دەڵێت کە ئەم لێبوردنە دەستپێشخەریی مەسعود بارزانی بووە، هەروەها هاوکاریی هێورکردنەوەی ئەو توندوییی و دژوارییەی کرد کە لەوکاتەدا لەنێو سیستمە سیاسییەکە دەرکەوت. هەرچەندە، بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان پەسەندکردنی ئەم لێبوردنە ڕەتدەکەنەوەو هێشتا هاوکارییکردنیان لەگەڵ کەسایەتییە کۆنەجاشەکاندا لا قبوڵ نیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم تاهیر، ١٩ی ژوون ١٩٩٨،. هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠.

• ئەو لێبوردنە گەر لەلایەکەوە ڕۆڵی لە کەمبوونەوەی گرژییەکاندا بینیبێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە دەرگایەکی گەورەی لەبەردەم دەیان تاوانباری پیاوکوژ کردەوە تا بچنە نێو ڕیزی حیزبە کوردییەکانەوە، بەتایبەتی زلحیزبەکان، بە بەرگی "پێشمەرگە"وە هەمان کاری پێشوویان درێژە پێبدەن و ئەو ئاکارە شەڕەخۆریی و پیاوکوژییەی لەسەری ڕاهاتبوون بۆنێو ئەو حیزبانە بگوێزنەوەو ئەو کەمە خۆشەویستییەی ناوی پێشمەرگەش کە مابوو لەنێو خەڵکدا کاڵ بکەنەوە، جگە لەوانەی ئەوانە سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو هێزی دزی و ڕاووڕووت و ڕەواجپێدەری بەعسیزم بوون لە کوردستان و ئەدەبیاتی بەعسیان گواستەوە بۆ ناو حیزبە دەسەڵاتدارەکان.(سەردەشتیی)

[6] Voice of the People of Kurdistan, Suleimaniyah, 7 March 1991 (SWB ME/1016), March 1991 (SWB ME/1017); Interview with Jabar Farman, Suleimaniyah, 18 June 1998.

کۆماریی بریتییبوو لە کۆڕەوێکی نزیکەی ٢,٥ ملیۆن کەسیی بۆ ناوچە شاخاوییە سنوورییەکانی ئێران‌و تورکیا. [W•]

لە ٥ی ئەپڕڵدا، ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، کە بڕیارێکی مێژوویی بوو کە بۆ یەکەمجار بەناو ئامارەی بە کوردان دابوو. هەروەها یەکەمین بڕیاری سیاسیی بوو کە جەختی لە مافی دەستێوەردانی نێوخۆی کاروباری دەوڵەتانی ئەندام لە داواکردنی کۆتاییهێنان بە سەرکوتکردنی هاوڵاتیانی عێراق دەکردەوە. بەتایبەتی لە ناوچە کوردییەکان. بەڵام لەسەر زەوی، مەترسییەکان کەم نەبوون. لەکۆتایی ئەپڕڵدا، زیاتر لە ١ ملیۆن کەس گەیشتۆتە سەر سنوورەکانی تورکیا و خەڵکی زیاتریش بەڕێوەبوو، زۆربەیان لەو زستانە لەو ناوچە شاخاوییە

[7] گەڕانەوەی خێرای هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ ناوچە رزگارکراوەکان بەڵگەی کەمیی ئامادەگیی تەواوی پێشمەرگە بوو لە هەرێمەکەدا. لەڕاستییدا، چەند سەرچاوەیەکی چەند سەرچاوەیەکی نادیار بەهێندێك گاڵتەجاڕییەوە، ئامارەی بەوەدا کە لە سەرەتادا لەو ناوچانەی کە رزگارکرابوون پێشوازیی لە پێشمەرگە کرا، ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرا ئەوە بوو کە ئەو دەستکەوتەی بەدیهاتبوو پتەوبکەن. هەرچەندە، ئەو ئیدعای ئەوەی کرد کە پێشمەرگە ئەرکی زامنکردنی سووتەمەنی ئۆتۆمبێلەکانی بەرەی کوردستانیان پێ سپێردرابوو، ئەوەی وای لە هێندێك کەس کرد بڵێن ئەوانە زیاتر بایەخ بە پارێزگاریی لە سووتەمەنی دەکەن لەبری پارێزگاریی لە کوردستان.

• شەوکەت حاجی مشیر نووسیویەتی:" لەبنەڕەتدا بەرنامەی راپەڕین، وەکو (بەرەی کوردستانی) بەرنامەڕێژیی وردبینانەی بۆ نەکرابوو...لەبەر فرەلایەنی‌و هەرکەس بۆ خۆی لایەنەکان‌و کێ بەر کێی ناشەریفانە...لەبەر بێ بەرنامەیی‌و کۆنترۆڵی سنورەکان(حکومەتی ئێران)سنوری لە هەمولاوە کردەوە لەوماوە کەمەی راپەڕین دا سەدان (ئۆتۆمبیل‌و مکاین‌و چەکی قورس‌و کەرەسەی دائیرە) گرنگەکان فرۆشراو ئاودیوی ئێران کرا کە کاریگەری زۆر خراپی هەبوو بۆ تێکدان‌و کەمکردنەوە لە سەنگ‌و قورسایی کادیرو پێشمەرگە لەناو جەماوەر کە هەڵپەکردن بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوت‌و خۆدەوڵەمەندکردن لەو هەل‌ومەرجەی ئاڵۆزەی شەڕدا...کە بووە هۆی کەم بوونەوەی ئیلتیزام‌و سەرهەڵدانی بەرەڵایی‌و شیرازە تێك چوون."بۆ زیاتر:

شەوکەت حاجی مشیر، چێوەڕۆ، دەروازەیەك بەرو کەرکوك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧٦-١٧٧.

بێدەرەتان بوون.[8] لەناوەڕاستی ئەپڕڵدا، هێزە هاوپەیمانەکان پێکهێنانی "پەناگای ئارام" یان لەناو عێراقدا ڕاگەیاند، کە فڕینی فڕۆکە جەنگەکییەکانی عێراقی لە باکووری هێڵی ٣٦ی پانییەوە قەدەغەکرد، بەوەش یەکەمین جووڵەی ئاوارەکان بەرەو ئەم ناوچەیە لە ٢٨ی ئەپڕڵ دەستیپێکرد. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتگەلێکی فریاکەوتن کە لەلایەن ڕێکخراوەکان ئێن جی ئۆکانەوە/NGO بەڕێوەدەچوو. کە بەشێوەیەکی تاك لایەنە دەستیپێکردو دواتر لەسایەی چەمکی بیرخەرەوەیەکی لێکتێگەیشتنی مۆرکراوی نێوان یوئێن و حکومەتی عێراقەوەلە ١٨ی ئەپڕڵی ١٩٩٨دا بەدەوام بوو. هەرچەندە، پێشوازییکردنی ئەم دەستپێشخەرییە بریتییبوو لە هێورکردنەوەی هەلومەرجە سەختە مرۆییەکە، کە کەمتربوو لە لە ڕێگریی لەو کەلێنەو بەدڵنیاییەوە هەوڵێك نەبوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی. سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی جگە لە دانوساندن لەگەڵ سەدام حسێن، ئەڵتەرناتیڤێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبوو. هەرچەندە، لەناوەڕاستی ژووندا، ئاشکرابوو کە دانوسان بەرەو بنبەست دەچێت، گفتوگۆکان بێبایەخبوون و دواتر لە هاوینی ١٩٩١دا شکستیهێنا.[9]

لەنێو بەرەی کوردستانیدا، ناڕازییبوون لەنێو سەرکردایەتیی ئاشکرابوو، تاڵەبانی توندتر بوو، لەکاتێکدا بارزانی لەهەمبەر حکومەتی عێراق ڕازییکارتر بوو. بێهیوایی باڵی بەسەر هەردوولا کێشابوو، هەرچەندە، لەسایەی ئەو دەسەڵاتە رووکەشەدا هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆیان دەرکەوت کە مەحاڵە ڕێگە لە بوونی پێشمەرگە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی بگیرێت. لە ئۆکتۆبەردا، حکومەتی سەدام لە باکوور کشایەوەو گەمارۆیەکی ئابووریی کارگێڕیی بەسەر کوردستانی عێراقدا سەپاند، بۆشاییەکی جێهێشت کە کارگێڕیی مەدەنیی و خزمەتگوزارییەکانی پەکخستن. هێزەکانی عێراق کشانەوە بۆ پشت هێڵی بەرگریی. موچەیان لە کارمەندانی کورد

---

[8] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.لەتیف ڕەشید، لەندەن، ١٤ ژوون ٢٠٠٢.

[9] Agence France Presse, Paris, 9 September 1991 (SWB ME/1173); S. Graham-Brown, *Sanctioning Saddam*, 1999, p. 219.

بڕیو دووەم گەمارۆیان خستەسەر هەرێمە کوردییەکە. بە ئەنجامدانی ئەم کارە، هەڵسوڕانی مەدەنی لە کوردستاندا پەکی کەوت.

بەرەی کوردستانی بەفەرمیی لە دانوسانەکانی ئۆتۆنۆمیی کشایەوەو مەبەستی خۆی راگەیاند سەبارەت بە جێگرتنەوەی ئەنجومەنی تەشریعی عێراق بە ئەنجومەنێکی نیشتمانی کوردستان کە ئازادانە هەڵبژێردرێت.[10] لە ١٩ی مایۆی ١٩٩٢دا، هەڵبژاردنێکی فرەحیزبیی بەڕێوەچوو، کە بووەهۆی نزیکەی دابەشبوونێکی یەکسانی نێوان پارتیو یەکێتی، بەشدارییکردنی دەسەلآت بە چەشنێك رێکخرا کە ئۆرگانە جێبەجێکارەکانی حکومەت لەسایەی هەژموونی پارتیو یەکێتیدا بوون لە ستراکتۆرێکدا کە سەقامگیریی نمایش بکات تەنیا بۆئەوەی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە شەڕنەکەن. بارزانیو تاڵەبانی لە دەرەوەی ئۆرگانەکانی حکومەتو کارگێڕییدا مانەوە، وەك داوەرێکی سیاسیی لە مەکتەب سیاسییەکانی خۆیانەوە کۆنترۆڵی چالاکییەکانی دەوڵەتە دیفاکتۆکەیان کردبوو. ئەو گرفتە سیاسییانەی تووشی حکومەت ببوون، وێڕای هەلومەرجە شێواوە کومەلآیەتییە -ئابوورییەکانو جەمسەرگیریی سیستمە سیاسییەکە لەرێگەی گرتنەخۆی حیزبە سیاسییە بچووکەکان، مانای ئەوەبوو کە کەشوهەوای سیاسیی کوردستانی عێراق چیدی ئارام نیە، دەوڵەتە دیفاکتۆکەش بە هاتنی ساڵی ١٩٩٣ لەسەرلێواری هەڵوەشاندن بوو.

## ململانێی ساڵی ١٩٩٤

لە سێپتەمبەری ١٩٩٣دا، پاش چەند خولێکی یەکگرتنو تێکەڵبوونی حیزبە سیاسیەکان، پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو یەکێتی بەشێوەیەکی مەترسییدار توند بوو. دەستەی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان/حسك کە لەلایەن حەمەی حاجی مەحموودەوە کۆنترۆڵکرابوو، ئەوەی بە رووخسار لەگەڵ پارتیدا تێکەڵ ببوو، لەبری

[10] M. Gunter, *The Kurds of Iraq*, 1993, pp. 88–93 .

ئەوە لە سلێمانی پەلاماری پارتییاندا.• ئەم کارە لە رووی سەربازییەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام گرژیی شانۆ سیاسییە ناسەقامگیرەکەی توندتر کرد.[QQ] هەوڵێکی ئاشتەوایی لەلایەن بارزانیو تاڵەبانییەوە وایکرد مشتومڕێکی ورد سەبارەت بە تێکڕای کاروبارە سیاسییەکان لەماوەی دوو مانگدا بەڕێوەچوو کە بە بەستنی رێکەوتننامەیەکی ستراتیژیی لەنێوان بارزانیو تاڵەبانیدا کۆتاییهات، ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتیی لە ٢٠ی دیسەمبەری ١٩٩٣دا پێکهێنرا. هەرچەندە، لەم رۆژەدا شەڕ لەنێوان یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگیرساو بزوتنەوە دەستی بەسەر رانیەو بێتواتەدا گرت.[QR] لەم کاتەدا، تاڵەبانی لەدەرەوە بوو، راگەیشتنی هەلومەرجەکەی بە

---

• لەراستییدا، محەمەد حاجی مەحمود لە بیرەوەرییەکانیدا پارتی بە دەستپێخەری شەڕی ناوخۆ دادەنێتو هەڵوێستی ئەو دەمی حکومەتی هەرێمیش کە بەدەست پارتیو یەکێتییەوە بوو بە نەرێنیی باس دەکات، ئەو دەڵێت:" ئەمجا زەردو شینی ئاسمانی کاکە حەمەو بارزانی بۆ کوێ دەچێتو بۆ چ لایەك دەڕوات دزو جەردەو جاسوسو دەیان شتی کەی لەو بابەتە لە رۆژنامەکانی جیهانیو ناوخۆییو ناوچەکە لەسەر حیزبی سۆشیالیست لە سەرۆکی پارتیەوە تا دەگاتە سەرکردەی پارتی...ئەوەبوو شەڕی ناوخۆی لیّ کەوتەوە (٥) ساڵ هەزاران کەسی تێدا بوە قوربانی کە لە لێدانی سۆشیالیستەوە لەلایەن پارتیەوە دەستییپێکرد، تا ئێستاش شوێنەوارەکەی ماوە کە ئەوان خۆیان دەست پێشخەر بوون...سەید تاهیر جەباری ئەو کات کوڕەکەی ئامیر بەتالیۆن بوو لای پارتی کوڕەکەی نارد وتی ...بروسکەی کاك مەسعود هاتووە دەڵێت دەبێت هێرشیان بۆ بکەنو لەناویان بەرن و کەسیان نەمێنێو هەموویان بە دیل بهێنن بۆم...ئێمە خۆمان ئامادە نەکردبوو بۆ شەڕ هەر باوەڕیشمان نەبوو شەڕ دەبێت یان دێنە سەرمانو شەڕمان ئەکەن...ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو خوێنمان حەڵاڵ کرابوو...لەدوای ئازاری ساڵی ١٩٩١ەوە شەڕی ناوخۆ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو حکومەتی کوردستانەوە لە پایتەختی هەرێم بە یەکەم ئاڕبی جی پارتی شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساند." بۆ زیاتر:

محەمەد حاجی مەحمود، رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی چوارەم ١٩٩٢-١٩٩٦، سلێمانی، ٢٠٠٩/ل ٢٦٥-٣١٠.

[11] Gunter (1999) op. cit., p. 75; Graham-Brown, op. cit., p. 226.

[12] لەم کاتەدا راپەڕین سەنگەری بزوتنەوەی ئیسلامی بوو، جەبار فەرمان فەرماندەی هێزەکانی یەکێتی ئۆباڵی شەڕهەڵگیرساندنی خستەئەستۆی بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، کە سەبارەت بە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی نیگەران بوو، هەروەها خوازیاری تێکدانی کوردستانی عێراق بوو. بەگوێرەی جەبار فەرمان، پارتی رێکەوتنی سەربازیی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەبووەو هاندانیان کە

مەکتەبی سیاسی و "جەبار فەرمان"ی فەرماندەی پێشمەرگەکانی سپاردبوو. لەهەڵمەتێکدا، کە رووخساری دڕی جەباری زێدەتر پێشاندا، هێزەکانی یەکێتی لەنێوان ٢٤و ٢٧ی دیسەمبەردا کەوتە شەڕەوەو بزوتنەوەی ئیسلامی بەزاندو شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی سەرکردەکەشی گرت، ئەوەی دواتر رادەستی پارتی کرایەوە.[QS] پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی پاش ئەم رووداوانە تێکچووو لەمایۆی ١٩٩٤دا رووی لە کێشمەکێشێکی چەکدارانە کرد.

## کێشمەکێشی پارتی و یەکێتی

ئەو گرژیی و توندییانەی لەساڵی ١٩٩٤دا لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەبوو، مانای هەرەسی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی گەیاندو کۆنترۆڵی سیاسیی لەدەست مەکتەب سیاسیەکاندا مایەوە. پارتی دەڵێت گوایە ئەو پریشکەی هەلومەرجە توندوتیژەکەی لێکەوتەوە بریتییە لەو کێشەیەی کە لە قەڵادزێ سەبارەت بە موڵك لەنێوان ئەندامانی دوو حیزبەکەدا پەرەیسەند. بێئەوەی سەرکردایەتیی دەستێکی تێدا هەبێت.[QT] هەرچەندە، ئەمە تاڕادەیەك سەختە باوەڕی پێبکرێت. چونکە کێشەی موڵك و زەویی لەکوردستانی عێراقدا بەدەگمەن بووە بە بەهۆی بەرپابوونی جەنگێکی کراوە، زیاتر لەوەدەچێت کە دەستپێکردنی ئەم دوژمنایەتییە کارێکی بەرنامەبۆداڕێژراو

---

یەکێتی بوروژێنن. د. ئیبراهیم تاهیر فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەمەی پشتڕاست نەکردەوە، بەڵام ئاماژەیەکی بۆ کرد بەوەی کە گوتی، لە ساڵی ١٩٩٣دا" حیزبە کوردییەکان بزوتنەوەی ئیسلامیان ناچارکردووە شەڕ بکات". ئەم مەسەلەیە سەلماندنی یان رەتکردنەوەی گرانە، بەڵام ئەوە روونەکاتەوە کە لەپێش هەر رووداوێکی سیاسیی کوردستانی عێراقەوە هەمیشە تۆڕێك لە پیلانی پشتی پەردە سەبارەت بە پاڵنەرو کاروکردەوەکان لەگۆڕیدایە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم تاهیر، هەڵەبجە، ١٩ی ژوون ١٩٩٨،. کامیل حاجی عەلی،هەڵەبجە، ١٩ی ژوون ١٩٩٨،. جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨.

[13] چاوپێگەوتن لەگەڵ جەبار فەرمان، سلێمانی، ١٨ ژوون ١٩٩٨.

[14] Kurdistan Democratic Party, *What Happened in Iraqi Kurdistan, May–1994*? Salahadin, Erbil: KDP Research Department, 1994, p. 9; Graham-Brown, op. cit., p. 226; Gunter (1999a) op. cit., p. 76.

بووبێت. پاش دەستپێکردنی شەڕ، یەکێتی هێزەکانی خۆی کۆکردەوەو ئەنجومەنی نیشتمانیو دەزگاکانی ح هـ ك لە هەولێر داگیرکردو لەسەر خاکیش بۆ دەستکەوتی سیاسیی فشاریکرد، بەتایبەت لەپارێزگای سلێمانیدا. پارتی بەهەمانشێوە خۆی کۆکردەوەو کۆتایی ئووت چەند شەڕێکی پچڕپچڕو نارێکخراو لە ڕەواندز، شەقڵاوەو قەڵادزێ ڕوویدا، لەکاتی بەڕێوەچوونی ئەم شەڕانەدا، بزوتنەوەی ئیسلامی شارۆکەی هەڵەبجە،پێنجوێنو خورماڵی لە دەست یەکێتی دەرهێنا، لەم کارەشیدا، پشتگیرییەکی بەرچاوی لە پارتییەوە وەرگرت.

بەدرێژایی ژوون کۆبوونەوەکان لەنێوان سەرکردایەتیی پارتیو یەکێتی دەبەستران کەبووەهۆی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی باریس لە ژووئێندا، کە لەلایەن ڕێکەوتنێکی هاوپەیمانی هەردوو مەکتەب سیاسییەکەوە تەسدیقکرا.[15] بەڵام، لەوەدا دەگونجێت یەکەمین نموونەی خیانەتی پارتی بێت لە پرۆسەی ئاشتەواییە کوردییە نێوخۆییەکە لەسالانی نەوەتەکاندا. وردەکاریی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەلایەن پارتیەوە بۆ حکومەتی تورکیا دزەی پێکرا. ناڕەزایەتیی دواتری تورکیا دژی ئەمەریکاو حیزبە کوردییەکان وایکرد ئەم ڕێکەوتننامەیە مردار ببێتەوە.[16] لە سێپتەمبەردا دووبارە شەڕەکان دەستیپێکردەوە، هەزارەها ئاوارەی سیڤلی لێکەوتەوە، شاری هەولێر کەوتە بندەستی یەکێتی، کارگێڕییەکەش دابەشبوو.[17] ساڵی ١٩٩٥ بە کێشمەکێشی چارەسەرنەکراوی دوو پارتەکە دەستیپێکردو کوردستانی عێراق بە دوو ناوچەی سەرەکیی دابەشبوو. لەگەڵ ناوچەیەکی بچووکی بزوتنەوەی ئیسلامی. لەگەڵ پێویستی هەڵبژاردن لەساڵی ١٩٩٥دا توندییەکان دووبارە زێدەبوونەوە. پارێزگای

---

15 Graham-Brown, op. cit., p. 226.

16 چاوپێکەوتن لەگەڵ د.لەتیف ڕەشید، لەندەن، ١٤ ژوون ٢٠٠٢.

17 مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی لە ٥ی ژووندا لە هەولێرو لە ١٣ی ژوون لە "سلوپی" تورکیا کۆبوونەوە. ..پارتی ڕاشکاوانە دەیگوت کە پێش وەخت لەلایەن تاڵەبانیەوە بەرنامە دانراوە کە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە تاڵەبانی بەدرێژایی ماوەی شەڕەکان لەوێ نەبێت، تاکو ڕێگە بە پێشمەرگەی یەکێتی بدرێت دەستکەوتی سەربازیی بنەڕەتیی بەدەستبێنێت پێش ئەوەی دەرکەوێتو لە پێگەیەکی وادا بێنت داوای ئاگربەست بکات.

سلێمانی و دەربەندیخان لەگەڵ بەشێکی مەزنی پارێزگای هەولێر بە شارەکەشەوە لە بندەستی یەکێتیدا مانەوە. پارتیش دەستی بەسەر پارێزگای دهۆك و ناوچەکانی پارێزگای هەولێر لە باکووری سەلاحەدین دا گرتبوو.

## داگیرکردنی هەولێر لە ئووت/ئابی ١٩٩٦

هەلومەرجەکەی نێوان پارتی و یەکێتی بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٥ بەتوندیی مایەوە، هەروەها دژایەتیی پارتی بۆ ئەو دەستپێشخەرییە سەربازییەی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی(ئای ئێن سی)و یەکێتی دژی حکومەتی عێراق گرفتی زێدەتری بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیدا پێکهێنا.[18] لە ژوونی ١٩٩٦دا هەواڵی دەستپێکردنەوەی پێکدادانەکان هەبوو، لەوانە کوشتنی ئاغای سورچییەکان کە سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان بوو لەلایەن پارتیەوە، بەهۆی ناڕازیبوونیان لەو وەفادارییە بەهێزەی خێڵی سورچیی.[19] یەکێتی، بارزانی بە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا تاوانبار دەکرد. پارتیش دەیگوت گوایە یەکێتی هاوکاریی هێزەکانی ئێرانی کردووە لە هێرشەکەیاندا بۆسەر بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/حدکا لە کۆیە• لەکۆتایی ژووئێندا، کە لەوێ

---

[18] هەریەك لە پارتی و یەکێتی، ئەندامی تەواوی ئای ئێن سین. ئای ئێن سی بەرنامەی ئەوەی هەبوو، پێدەچێت بە پشتگیریی ئەمەریکا، کە هێرش بکەنە سەر هێزە سەربازییەکانی عێراق لەو دیو ناوچە کوردییە رزگارکراوەکانەوە، لەگەڵ ئای ئێن سی دا. پارتی و یەکێتیش بەشدارییان هەبوو، هەرچەندە پاش ئەوەی ئەمەریکا لە پشتگیریی ئای ئێن سی پاشەکشەی کرد، ئای ئێن سی بڕیاریدا لە پەلامارەکەیدا بەردەوام بێت، پارتی دژی پەلامارەکە وەستا، بەوەی کە هێزی رەوانە نەکرد، دواتریش رێگرییکردن چالاکانە لە جووڵانەوەکانی یەکێتی و ئای ئێن سی. یەکێتی خۆی سەبارەت بە ناردنی پێشمەرگەکانی خۆی فرە نیگەران بوو، بەوەی کە بەرژەوەندییەکانی لەبەردەم ئەگەری پەلاماردانی پارتیدا بەجێ مابوو.

[19] M. Gunter, *The Kurdish Predicament in Iraq*, 1999b, p. 75.

• د.حوسێنی خەلیقی لەم بارەیەوە دەڵێت:" باسی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە، بە دەسکیسی گۆیا بەناچاری، یەکیەتی

هەروەها بەشێکی بەرچاو چەکیان بۆ یەکێتی جێهێشتووە.[RP] لەکۆتایی ئووتدا، نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لە لەندەن لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا "رۆبەرت دویج" کۆبوونەوە. ئەوانەی لە کۆبوونەوکەدا ئامادەبوون بریتییبوون لە هۆشیار زێباری لە پارتی، د.لەتیف رەشید لە یەکێتی، د.ئەحمەد چەلەبی لە ئای ئێن سی، هەروەها نوێنەرایەتیی پنتاگۆن، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی دیکە. لە ٣٠ی ئووتدا رێکەوتنێك سەبارەت بە ئاگربەست خەریکبوو ببەسترێت، پارتی دەیویست ئەمەریکا ئەو پەلامارەی ئێران و یەکێتی ریسوا بکات پێش ئەوەی رازیبن، یەکێتیش خوازیاربوو کە چاودێرانی ئاگربەستەکەو ئای ئێن سی تێکەڵ بە مەسەلەکە نەبن.هەرچەندە، پارتی بەشێوەیەکی نادیار بۆ هەر کەسێك و دوور لە هۆشیار زێباری، لەگەڵ حکومەتی عێراقدا پێکهاتبوو کە یەکێتی و ئای ئێن سی لە هەولێر دەرپەڕێنن، بەڵکو گەر بکرێت، لە تەواوی کوردستانیشدا. دانیشتنەکە لە ساتی ٧ی سەرلەئێوارە ئەنجامدرا لەگەڵ رێکەوتنێك کە سبەی دانیشتنی کۆتایی

---

نیشتیمانی کوردستان ، لای من هێندە سەخت و دژوارە، کە سەروەدەرناکەم، چلۆن، بیخەمە بەرچاو؟ کام سۆزی نیشتیمانپەروەری، رێگا دەدا، دۆستێکی ستراتیژیکی، هاوخوێن و هاودەرد و هاومێژوو و هاوخاك و هاوچارەنووس و هاوڕەگەز، وەپێشی سوپای سەرسەختی رۆڵەکانی نەتەوەکەی بکەوێ و ١٦٠ کیلۆمیتر بەسەر خاکی ئازادکراوی کوردستاندا، کوێرکێشی بکا و بیهێنێ، کەوکوژ، وەك هێلکەی پاککراو، دۆستە هاوچارەنووس و تاڕادەیەك میوانەکەی، بخاتە ژێر چنگی خوێناوی و رێگای پێبدا بە تۆپ و کاتیۆشا و چەکی دیکە، هێلانەی کاتی و پەناگای سازکراو بۆ ئاوارەکانی ئازادی، لە خاکی ژێر دەستی خۆیدا ، بداتە بەر هێرش؟!" بڕوانە: ژان و ژیان، لێکدانەوەی لێکدابڕان، بەرگی پێنجەم، ١٩٩١-٢٠٠٩، چاپی یەکەم، ئۆپسالا، ل ١٨١.

[20] Middle East News Agency, Cairo, 15 July 1995 (SWB ME/2357); Iraqi News Agency, Baghdad, 15 July 1995 (SWB ME/2357); Voice of the People of Kurdistan, Suleimaniyah, 31 December 1995 (SWB ME/2499), 29 January 1996 (SWB ME/ 2523); *Al-Hayat*, London, 7 March 1996 (SWB ME/2556); Arm the Spirit Information Service, 30 July 1996 (SWB ME/2681); Voice of Iraqi Kurdistan, 17 August 1996 (SWB ME/2694), 22 August 1996 (SWB ME/2699); Voice of the People of Kurdistan, Suleimaniyah, 22 August 1996 (SWB ME/2699).

بە ئامادەکاریی ئاگاربەستەکە بهێنن، هەرچەندە، لە سات ٢ی سەرلەبەیانی ٣١ی ٣١ی ئووت(پێنجی بەیانی لە کوردستان) داگیرکاریی هەولێر لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی حکومەتی عێراق و پارتیەوە دەستیپێکرد. ئەم پەلامارە بووەهۆی تاروماربوونی ئای ئێن سی لە هەولێر(لە قوشتەپە)، ئەوەی لانکی نزیکەی ٣٠٠جەنگاوەری عەرەب بوون کە لەناوەندو باشووری عێراقەوە هەڵاتبوون. ئەوانەی ساڵێك پێش ئەو وەختە ئازایانە جەنگابوون کاتێك ئای ئێن سی ویەکێتی کاریگەرانە فیرقەی پێنجی سوپای عێراقیان بەزاندبوو. هەروەها هێزەکانی یەکێتی لە هەولێر تێکوپێکدران. ئەگەر لێهاتوویی دەستەجێی کۆسرەت رەسوڵ نەبووایە، ئەوەی کە چۆڵکردنەکەی رێکخستبوو، زیانەکان زێدەتر دەبوو. بارزانی، وەك هەمیشە بەوریاییەوە و بە زمانێکی سادە بەرگریی لەکارەکەی کرد بەوەی بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق بووە "پاش ئەوەی کە ئەمەریکاو رۆژئاوا ئەوەیان رەتکردەوە کە گوێمان لێبگرن، لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی پێکهاتین کە ئەم هەڕشەی بێگانە بوەستێنین".[RQ] دواتر لە دیدێکی هاوشێوەدا،سامی عەبدولڕەحمان، کە ئەمێستا ئەندام مەکتەبی سیاسی پارتیە، گوتی:" سەبارەت بە داگیرکردنی هەولێر، ئەوەیە(پارتی) هەر هەنگاوێك دەبینێت کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان پێویست بێت." [RR]•

---

[21] Voice of Kurdistan, 23 September 1996, quoted in Gunter (1999a) op. cit., p. 86.

[22] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٢٧ ژوون ١٩٩٨.

• هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەمێژووی دوژمنایەتییاندا لەگەڵ یەکتر چەندین جار پەنایان بۆ بێگانەو داگیرکەرانی کوردستان بردووە، ئەو پەنابردنە لە شەڕی ناوخۆی ناوەڕاستی نەوەتەکاندا گەیشتە لوتکە، بەڵام رووداوی کارەساتی ئەمجارەیان نەك لەمێژووی کورددا بێوێنە بوو، بەڵکو لە مێژووی سەرجەم جوڵانەوەی رزگاریخوازیی جیهانییدا بێ سابیقە بوو. هیچ کات نەبووە هێزێك بەو شێوە بەرفراوانەی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ پەلکێشی رژێمی بەعس و جینۆسایدکەرانی کورد بکات و دوای ئەو هەموو تاوانانەی کە ئەو رژێمە دەرهەق بەکوردی عێراق کردبوونی، بیانکات بە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش تەنیا یەك راستیی دەگەیەنێت کە ئەوەیە لە پێناو دەسەڵات و ملشکاندنی بەرامبەردا هیچ ستاندەرێکی خەتاو خەتێکی سوور نیە. ئەو قسەیەی سامیش ئەو گوتە بەناوبانگەمان

یەکێتی لە شارەکە دەرکراو پارتیش هەلومەرجەکەی بۆ قازانجی خۆی قۆزتەوەو سلێمانیشی گرت. هەرچەندە، یەکێتی پشتگیریی ئێرانییەکانی بەدەستهێناو لەدژە هێرشێکی دواتردا پارتی لە سلێمانی دەکردو گەڕاندییەوە پارێزگای هەولێر، بارزانی بێبایەخانە تێبینیی ئەوەی کرد "سلێمانی بە یارمەتیی پاسدارانی ئێرانیو چەکی ئێرانو بۆمبی ئێران گیرایەوە." یەکێتیش ئەو تێبینییەی دا کە ناتوانرێت پشتگیریی ئێرانییەکان بۆ یەکێتی لەگەڵ خیانەتی داگیرکاریی هەولێر بەراورد بکرێت.[RS] دوا هێڵی ئاگربەست لە وەستاندنی پێکدادانەکانی ئەو دواییەی نێوان دوو حیزبەکە شوێنی گرت.[RT]

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لە ساڵی ١٩٩٦ مابووەوەو هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا، هەریەك لە ئەمەریکا و هێزە رۆژئاواییەکان چالاکانە هەوڵی جێگیرکردنی ئاگربەستیان لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا دا، پرۆسەی ئاشتەوایی ئەنکەرە، کەلەلایەن ئەمەریکا، بەریتانیاو تورکیاوە سەرپەرشتیی دەکرا، لە هەوڵی پتەوکردنی ئەو ئاگربەستە فشەڵەو یەکخستنەوەی کارگێڕییدا بوون لەڕێگەی چوار دەستپێشخەرییەوە:[RU]

١- پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی لە هەولێر.

٢- ئاسایی‌کردنەوەی شاری هەولێر.

---

دێنێتەوە یاد کە دەڵێت:" ئای ئازادیی، چەندە تاوان بەناوی تۆوە دەکرێت."کورتەی باس ئەوەیە، یەکێتی بە یامەتی لۆجیستی ئێران، زۆری نەمابوو پارتیو دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی لە باشووری کوردستان ریشەکێش بکات، ئەویش کە توانایەکی بۆ بەرگریی نەمابوو، بۆ هێشتنەوەی خۆیو شکاندنی بەرامبەرەکەی داوای لە رژێمی بەعس کرد کە راستەوخۆ فریای کەوێت، ئەو بەعسەی لەبەر زۆر هۆ کە گرنگترینیان پووچەڵکردنەوەی رەوایەتیی کێشەی کوردە لەعێراق، بەدەنگ پارتیەوە چونو هەم رزگاریان کردو هەم مێملەکەشیان بۆ تارومارکرد بەجۆرێك تا ئێستا خۆی نەگرتۆتەوە.

[23] Quoted in Gunter (1999b) op. cit., p. 76. Interview with Dr Latif Rashid, London,14 June 2002.

[24] بۆ لێکدانەوەی روونی رووداوەکانی کۆتایی ئووت/ئابی ١٩٩٦ ، بڕوانە:

R. Baer, *See No Evil*, Crown Publications, 2002.

[25] Gunter (1999a) op. cit., p. 87.

٣- گواستنەوەی داهاتی گومرگە سنوورییەکانی کوردستان بۆ بانکی ناوەندیی.
٤- دانانی بەروارێك بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی هەرێمیی.

هەرچەندە، دەستپێشخەریی ئەنکەرە لەسەر ئەو پرسە کۆنەی داهاتی ئیبراهیم خەلیل پەکیکەوت. جارێکی کە توندوتیژیی بە گەرمیی لەئاکامی هاوپەیمانی نێوان پارتیو سوپای تورکیا دەسپێکردەوە کە ئامانجی هەڵکەندنی پ ك ك بوو لە کوردستانی عێراق، وێڕای هێرشی ئاسمانیی تورکیی بۆسەر سەنگەرەکانی یەکێتی لەپاڵ ئەو هێرشانەی دەکرانەسەر پ ك ك. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا، یەکێتیو پارتی لە لەندەن شەش خولی دانیشتنیان پێکهێنا. هەرچەندە، کاتێك پارتی، بەشداریی دەستبەجێی لە داهاتو هەروەها دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی رەتکردبووەوە، یەکێتی پەلامارێکی بەرفراوانی لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا دەستپێکرد،[RV] یەکێتی دەستکەوتی بەرچاوی بەدەستهێنا، لەژێر ناوی" گەردەلولی تۆڵە " هەرچەندە، سوپای تورکیا لەڕێگەی هێرشی ئاسمانی دژی پێشڕەویی یەکێتی، یارمەتی پارتیداو لەناوەڕاستی نۆڤەمبەری ١٩٩٧دا، پارتی ئەو خاکەی گێڕایەوە کە لێی سەندرابووەوە، بەوەش هێڵی دابەشبوونی نێوان هەردوولا وەك پێشوو گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی دێگەڵە-کۆیە.[RW]

ئاکامی جوگرافیی خولی ساڵی ١٩٩٦ی شەڕەکان بەشێوەیەك بوو کە پارتی کەوتبووە پارێزگای هەولێرو دهۆکەوە، یەکێتیش کەوتبووە پارێزگای سلێمانیو بەشێك لە پارێزگای هەولێرو کەرکوکەوە. هێڵی ئاگربەست لەنێوان دێگەڵە-کۆیەدا پێکهێنرایەوەو هەتا ساڵی ٢٠٠٣ مایەوە. واپێدەچوو کە پێگەی پارتی بەتەواویی

[26] Radio Monte Carlo, Paris, 13 October 1997 (SWB ME/3050); Voice of the People of Kurdistan, Suleimaniyah, 13 October 1997 (SWB ME/3050); Gunter (1999a) op. cit., pp. 88–9.

[27] چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان قلیاسانی، سلێمانی، ٤ ئووت ١٩٩٩،.
Gunter (1999a) op. cit., pp. 89–90.

چەسپابێت‌و دەستی بەسەر ئیبراهیم خەلیل‌و دهۆك‌و هەولێردا گرتبێت. پێگەی تاڵەبانی ناسەقامگیرتربوو. ئەمێستا یەکێتی کە لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر دووربوو لە بەدەستهێنانی داهات بۆ حیزبەکەی، کێشەی کارگێڕیشی هاتبووەسەر، ئەو کە لەپێگە سروشتییەکەی خۆی لە حکومەتی هەولێر دەرکرابوو، ئەمێستا هەموو سیاسەتکارە فرەبەهێزەکانی لە شارێکی بچووکی وەك سلێمانیدا جێیان گرتبوو. پێدەچێت لە تێکڕای گرنگتر، تاڵەبانی نها زیاتر لەهەرکاتێکی دی پشتی بە پشتگیریی دەوڵەتانی دەوروبەر بەستبوو، بەلاّم پارتی لەڕووی پشتگیریی جەماوەرییەوە دەینالاّند. زۆربەی کوردان ناتوانن بڕوا بەوە بکەن کە بارزانی بەهاوکاریی حکومەتی عێراق هەڵسوڕێت. سەرباری ئەوەش، شاری هەولێر بەتەواوی پێشوازییان لەم هاتنەی پارتی نەکرد، بەتایبەت لەگەڵ ئیدعای ئەو هاوکارییەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە کەمێك لە باشوورەوە لەدەوری هەولێر بوون. لەبەرئەوە، هەرچەندە، تاڵەبانی‌و یەکێتی لەڕووی دارایی‌و جوگرافییەوە وەزعیان باش نەبوو، بەلاّم سەرلەنوێ بوژانەوەیەکیان لە جۆرە پشتگیرییەکی جەماوەریی بەدەستهێنا.

ئەندامانی حیزبە نەیارەکان لە هەولێرو سلێمانی دەرکران کە بووەهۆی زێدەبوونی ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ. خاڵی پشکنینی توند دامەزرێنران‌و هەردوولا کەوتنە قایمکردنی پێگەو دەسەلاّتی خۆیان. لەڕووی کردارییەوە، ئەمێستا سیستەمە سیاسییەکە بە دابەشبوونی هەرێمەکە لەنێوان دوو زلحیزبدا جیادەکرایەوە. کە هەریەکەیان بەو ئاراستەیە دەڕۆیی کە کارگێڕیی هەرێمیی خۆی دابمەزرێنێت. دەگونجێت جێی سەرسوڕمان بێت، ئەم سیستەمە سەلماندوویەتی کە بەشێوەیەکی بەرچاو سەقامگیرەو لە بواری حیزبی سیاسییدا ڕێگەش بە پارتی و یەکێتی دەدا کە لەبەرامبەر یەکتردا تەواو نیگەرانی زامنکردنی بنەماکانی دەسەلاّتیان نەبن. ژینگەیەکی سەقامگیری ماقووڵ زەمینەی هەلومەرجێکی بۆ سازانی بژاردە سیاسییەکە ڕەخساند کە تێیدا فشارەنێوخۆییەکانی حیزبەکانی تێدا ئاراستە دەکرا، هەروەها ڕێگەی بەکارگێڕیی هەرێمەکە دا بە شێوازێکی ئاشتییانە‌و زیاتر تەکنۆکراتانە پێشبکەوێت، زیاتر لەوەی بەلەبەرچاوگیریی پێشمەرگانە ڕەنگبکرێت.

## ڕێکەوتننامەی واشنگتۆنی ١٩٩٨

پـارتی و یـەکێتی بـۆ ئیعتیبـاری خۆیـان لەزسـتانی ١٩٩٧دا کەوتنـە پێکهێنـانی پرۆسەیەکی ئاشتەوایی نێوخۆیی. پاش گۆڕینەوەی چەندین نامە لـەنێوان تاڵەبانی و بـارزانی لـە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا، نوێنـەرانی ئـەو دوو پارتـە پێکـەوە کۆبوونـەوە. سـەرەتا لـە سـایەی ریعایـەتی پرۆسـەی ئاشـتەوایی ئەنکـەرەدا. بـەڵام بـەوە جیادەکرایـەوە کـە تـەواو کوردانـەبوو، هـەروەها لەلایـەن عـەزیز محەمـەدی ڕێبـەری ڕێزدارو کۆنە شیوعییەوە سەرۆکایەتیی دەکرا. یەکەمین دانیشتن لە ١٢ی فێبرایـەری ١٩٩٨دا لە شەقڵاوە (ناوچەیەکە لە بندەستی پارتیدا بوو) بەڕێوەچوو. وەفدی پارتی بەسەرۆکایەتیی سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق (سـەرۆکی ئـە ن ك) و هـەروەها بروسـك ڕۆژ نـوری شـاوەیس (لـە کۆمیتـەی ناوەنـدی) بـوون. وەفـدی یـەکێتی بەسـەرۆکایەتیی د. کـەمال فوئـاد، لەگـەڵ عومـەری سـەید عـەلی و ئەرسـەلان بـایز بوو(هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون). ئەم کۆبوونەوەیەی چەند کارێکی بنیاتنانـەوەی متمانـەی فۆرمەڵـەکرد، لەوانـە: برەوپێـدانی حاڵـەتی ئاگربەسـت، کۆتاییهێنان بە هێرشی ڕاگەیاندن، ئازادکردنی زیندانییان، کۆتاییهێنان بە دەرکردنی لایەنگران و ئاوارەکردن، دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومـەنی ئاسـایش، هـەروەها پتـەوکردنی هەماهـەنگیی زێـدەتر لـەنێوان وەزارەتـە خزمەتگوزارییـە گـشتییەکاندا. دانیـشتنەکان نزیکـەی دوو هەفتـە جارێـك بـەردەوامبوون، جارێـك لـە شـەقڵاوەو جارێـك لـە کۆیـە. هێنـدێکجاریش لـە دێگەڵـە. پێویستە ئەم کۆبوونەوانە وا ببینرێن کە بایـەخی خۆیـان هـەبوو، چونکە سـەلماندیان کـە پـارتی و یـەکێتی دەتـوانن پێکـەوە لەسـەر مێزێـك کۆببنـەوەو بـەدەر لـە مەسـەلە سیاسـییەکان مـشتومڕ لەمـەڕ بابەتـە تەکنیکییـەکان بکـەن. دامەزرانـدنی لیژنـە فەرعییەکان بۆ هەماهەنگییکردن لەبواری خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا سـەلماندی کـە سـەرکەوتنێکی بەرچـاو بـەدیهاتووە، ئـەوەی بووەهـۆی کەمکردنـەوەی خاڵـەکانی

پشکنینی نێوان شارەکان و ئاسانکاریی ئاستەنگەکانی هاتوچۆی نێوان هەولێرو سلێمانی.

بەدوای نوێبوونەوەی دەستپێشخەرییە سیاسییەکەی ئەمەریکا لە کوردستانی عێراقدا، دیڤید ویلش ی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری رۆژهەلاتی نزیك لە ١٧ی ژوونی ١٩٨٨ سەردانی کوردستانی عێراقی کردو لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانیدا کۆبووەوەو بانگێشتی کردن کە بۆ گفتوگۆ لە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٨دا سەردانی واشنگتۆن بکەن.RX

رێکەوتنی واشنگتۆن لەسەر بنەمای کۆبوونەوەکانی شەقلاوە-کۆیە بنیاتنرابوو، لەراستییدا رەنگدانەوەی پێشەوەچوونی ئەو دانیشتنانەبوو، بەلام بەسەرپەرشتی ئەمەریکا، کە دڵنیایە کاری زیاتری بە کوردان بەخشی دژی سیاسەتە تێکدەرەکانی حکومەتەکانی تورکیا و عێراق. چاوەڕواندەکرا کە رێکەوتنێك دوو حیزبە سیاسییەکە لە هاوکاریی نزیك بکاتەوەو هیوایەك بۆ بەدیهێنانی پێکهێنانەوەی کارگێڕییەکی نێوخۆیی لە هەولێر بگێڕدرێتەوە کە هەڵبژاردنێکی فرە حیزبیی بەدوادابێت بۆ یەکخستنی ئە ن ك و ح هـ ك.

هەرچەندە، جێبەجێکردنەکەی بە هاوکارییەکی سنووردار سەبارەت بەو پرسانەی کە پێشتر لە کۆبوونەوەکانی شەقلاوە پێکهاتبوون، جیادەکرایەوە. پرسەکانی وەك : ئاساییکردنەوەی هاتوچۆی نێوان سلێمانی و هەولێر، پشتگیرییکردنی پێگەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە داهاتەکانی پارتیەوە، بەردەوامبوون بۆ رێگرتن لەبەکارهێنانی راگەیاندن بەمەبەستی پرۆپاگەندە دژی لایەکەی دیکە، ئەمانە بە ئاراستەیەکی تاڕادەیەك سەرکەوتووانە چووەپێش. جێبەجێکردنی بەشێك لەو دەستپێشخەرییە مەزنانەی وەك یەکخستنەوەی ح هـ ك و ئە ن ك سەلمێندرا کە گرفتی زۆری لەرێیەو ناکۆکییەکانی دواتر بووەهۆی زێدەبوونی گرنگی دژواریی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەوەی بە پەرەپێدانی هێرشی راگەیاندنەکان و

[28] بۆ تەواوی دەقی رێکەوتننامەی واشنگتۆن بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢.

مـانۆڕی سیاسـیی دوژمنکارانــه جیادەکرایــەوە. گـرفتی سـەرەکیی جێبـەجێکردنی ڕێکەوتننامـەی واشـنگتۆن بریتییبوو لـه لێکدانـەوەی بەنـده سـەرەکییەکان، بەتایبـەت سەبارەت بە :

١- ئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەولێرو سلێمانیو دهۆك. وێڕای ئەوەی هەردوو حیزب بتوانن لە هەموو شارەکاندا هەڵسوڕێن.

٢- بەشداریی لە داهات، بەتایبەت سەبارەت بە خاڵی گورگیی ئیبراهیم خەلیل .

٣- دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی یەکگرتوو.

٤- یەکخستنەوەی ئە ن ك.

٥- گێڕانەوەی ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ.

٦- مەسەلە ئەمنییەکان، بەتایبەت سەبارەت بە پ ك ك.

٧- دانانی بەروارێك بۆ هەڵبژاردنێکی فرەحیزبیی.

یەکێتی دەیگوت کە سەرەتا سەقامگیریی ئاشتیی لە کوردستان عێراقدا پێویستی بەو هەنگاوانە هەیە کە پێویستە لەسایەی سەرپەرشتی ئەمەریکاداو ڕێکەوتننامەی واشنگتۆندا بگیرێتەبەر :[29]

١- ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە لە پایتەخت، ئنجا لە سلێمانیو دهۆك.

٢- دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات.

٣- دامەزراندنی حکومەتێکی کاتییو گواستنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان بۆی.

٤- دوای پێکهێنـــانی حکومـــەت، ئاسایـــشی ســـنوورەکانی ئێـــرانو تورکیـــا زامنبکرێـتو سیاسـەتێکیش سـەبارەت بـە پێگـەی پ ك ك لـە کوردسـتانی عێراقدا پێشبخرێت.

---

[29] یەکێتی چالاکانە برەو بەم خاڵانە دەدات لە هەردوو میدیاکەیدا، "کوردستانی نوێ"و لە "الاتحاد" کە بە عەرەبی بڵاودەکرێتەوە. ئەمە لە الاتحاد ەوە وەرگیراوەو لەگەڵ تاڵەبانیشدا مشتومڕی لەبارەوە کراوە. چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

٥- گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ شوێنی بنەڕەتیی خۆیان، پارتیو یەكێتیش تێكڕای گیراوەكان ئازاد بكەن.

٦- دانانی بەروارێك بۆ هەڵبژاردنێكی دیموكراتیی دیكە، كە دواتر ئەنجامبدرێت لە ماوەیەكدا كە سێ مانگ زێدەتر بەسەر ئاساییكردنەوەی بارودۆخەكەی هەولێر تێپەڕنەكات.

لێكدانەوەی پارتی بۆ ڕێكەوتننامەی واشنگتۆن سەلماندی كە تاڕادەیەك لە یەكێتی جیاوازە، ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەو بابەتە سەرەكییانەن كە جێگەی بایەخیان بوو:

١- ئاساییكردنەوەی بارودۆخەكە لە هەولێر، سلێمانیو دهۆكو هەروەها تەواوی شارو شارۆكەكان لە یەك كاتدا.

٢- بەشداریی داهات لەنێوان ناوچەكانی بندەستی پارتیو ناوچەكانی بندەستی یەكێتی دەبێت پشت بەو جیاوازییە هەنوكەییەكانی داهات ببەستێتو ئەو هاوكارییەش دەدرێت دەبێت تەنیا لە وەزارەتە خزمەتگوزارییە گشتییەكان خەرج بكرێت. SP

٣- پێویستی پێكهێنانی حكومەتو پارلەمان بەگوێرەی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢(بەفەرمیی ئەنجامەكە دەریخست كە دابەشبوونی پارلەمانی پێویستە ٥١ بە ٤٩ بێت بەقازانجی پارتی، ئەوەی هەروەها خاڵی ناكۆكیی نێوان هەردوو لابوو).

٤- هیچ جیاوگێك بە پ ك ك نەدرێت، نابێت ڕێگەیان پێبدرێت لە كوردستانی عیراقدا بنكەیان هەبێت.

٥- قەرەبووكردنەوەی دارایو ماددیی ئاوارەكان.

---

[30] چاوپێكەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٩ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

٦- پێویستە هەڵبژاردن پاش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە تەواوی شارەکاندا ئەنجامبدرێت.

٧- پرسەکانی سەبارەت بە یەکخستنەوەی هێزە ئەمنییەکان مەسەلەیەکی بژارەییەو پێویست ناکات بڕیاری لەبارەوە بدرێت.

ئەم ناکۆکییانە گرفتی بەرچاوی بۆ سەرکردایەتیی هەردوو حیزب پێکهێنا. یەکێتی بە شێوەیەکی سەرەکیی پێی لەسەر ئاکامە پشتپێبەستراوەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢و قەبارەو ئاراستەی کۆتایی داهاتی ئیبراهیم خەلیل دادەگرت. پێویستی سیستمێکی حکومەتیی کە ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنەکە (٥١ بە ٤٩) بە بنەما وەربگرێت، زیاتر لەو سیستمە فیفتی فیفتییەی کە یەکەمین و دووەمین کابینەی سالآنی ١٩٩٢-١٩٩٤ی لەسەر رۆیشتوون.[31] لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پێدەچێت پرسی پ ك ك لەلایەن هەردوولاوە بێکاریگەر بووبێت، چونکە هەردوولا ئاوازێکی دوژمنکارانەی هاوشێوەیان دژی بوونی پ ك ك لە کوردستانی عێراقدا دەژەنی.

هەرچەندە، رێکەوتننامەی واشنگتۆن کۆمەڵێك بژارەی پێشکەشکرد. هەروەها ولاتە یەکگرتووەکان دەگونجێت ئەو راستییەی پەسەند کردبێت کە یەکخستنەوەی کوردستانی عێراق فرە سەختە.[32] لێکدانەوەی رێکەوتننامەکە ئەو ناوچانەی هەماهەنگیی کاری وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەخۆ، کە ئەنجومەنی نیشتمانی هاوبەشی بەدوادادێت، کە دەگونجێت ببێتەهۆی یەکخستنی کاری جێبەجێکاریی هەرێمەکە.[33] حیکمەتی گێڕانەوەی ئەم دوو گروپە بۆ نێو شارێکی بچووك بەخێراییەکی فرە کەوتە ژێرپرسیار. بەتایبەت، کاتێك ئەم مەیلە سروشتییە ئاشکرایەی دابەشبوون بەهۆی هەڵسوڕانی دوو حیزبەکەوە تادەهات پتەوتر دەبوو،

---

[31] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی ئەحمەد پیرە، سلێمانی ، ١٣ سێپتەمبەر ١٩٩٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

[32] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠.

[33] هەمان سەرچاوە.

هـەروەها پرۆسـەی ئاشـتییە نێوخۆییەکـەش بەسـەرکەوتوویی بەڕێوەدەچوو بـەهۆی پاراستنی ناوچە جوگرافییەکە لەڕووی دەسەڵات و ئاسایشەوە.

## پارتی و یەکێتی

وەك لـە باسـەکانی پێشوودا تێبینییکرا کـە سیـستمە سیاسـییەکەی کوردسـتانی عێـراق بـە پەرەسـەندن و ڕووداوگـەلێکی تونـد و ئـاڵۆز جیادەکرێتـەوە، کاریگـەریی سـەرکردەگەلێکی تایبـەتی جووڵانـەوەی نەتەوایـەتیی کـوردیی ئاشـکرایە. بەتایبـەت، ڕۆڵـی بـارزانی، ئیـبراهیم ئەحمـەد و جـەلال تاڵـەبانی لـەنێوان ئەوانـەدا. هەرچـەندە، لەکاتێکـدا بەشـەکانی رابـردوو بایـەخی بـە وردەکارییـەکانی سیـستمە سیاسـییەکە و تایبەتمەندیی جووڵانەوەکە داوە، ئەمێستا پێویستە تێگەیشتن سـەبارەت بـە پێکهاتـە نێوخۆییـەکان و بزاوتـی بڕیارسـازیی پـارتی و یـەکێتی ئـەمڕۆ پەرەپێبـدەین. بۆئـەوەی شیکاریی پارتی و یەکێتی بکەین لەڕووی تایبەتمەندییە نێوخۆییەکانەوە /بەستینەو پەیوەنـــدیی نێـــوان حیزبـــەکان و ژینگـــە نێوخۆییەکـــەیان، شـــیکارییەکە بـــە هەڵسەنگاندنێکی ستراکتۆری مۆرفۆلۆژییان دەستپێدەکات. ئەمەش هەڵسەنگاندنێکی کەناڵە سەرەکییەکانی نوێنەرایەتیی بەدوادا دێت، وەك بەهۆی دابەشکردنی دەسـەڵات لـە سیستمی بڕیارسازیی حیزبەکـەدا ناسـێنراوە. ئـەم هاوجووتکردنـەش لـە قۆنـاغی یەکـەم و دووەمـی پرۆسـەی نموونـەیی لـە بەشـی تیـۆرو میتۆدناسـییدا مـشتومڕی لەبارەوە کراوە.

ئنجا هەڵسەنگاندنێك پێشکەشکراوە کە تێیدا کۆڵینەوەی مەیدانیی تێدا تێکەڵ بە شیکاریی پێکهاتەی دەسەڵاتی نێوخۆیی حیزبەکان کراوە، کاریگـەریی گروپـە خـاوەن دەسەڵاتە جیاوازەکان لە هەر حیزبێکدا، هەروەها پرۆسەی بڕیارسـازیی نێوحیزبـەکان لــە چــەندین ئاســتدا. شــیکاریی پێکهاتەیــەکی گروپــە خــاوەن دەســەڵاتەکان لــەنێو

سـەرکردایەتییدا دەریــدەخات کــە حیزبــەکان بــە ســەرکردایەتییەکی ناوەندگــەرا جیادەکرێنــەوە کــە بەشــێوەیەکی گــشتگیر حــوکمی خــۆی دەکــات، ئــەوەی زامــنی داواکارییە فرە رەنگییەکان لەنێو پێکهاتەیەکی هەژموونگەرادا کۆنترۆڵ دەکات.[34]

## پارتی

پێکهاتنی پارتی لەچەند روویەکەوە کاریتێکراوە: ا- حیزبە سیاسییەکانی ئەو دەمە ب- چەند خێڵێکی دیارییکراوی بەرچاو ج- خوێندەوارە چەپگەراکانی وەك ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی. زۆربەی کەسایەتییە سیاسییە سەرەکییەکانی سیستمە سیاسییەکەی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق پارتی بوون، هەربۆیە کاریگەریی پارتی لەسەر سروشتی پێکهاتەی حیزبە سیاسییەکانی دیکە بەرچاوە. شیکاریی ستراکتۆری مۆرفۆلۆژیی پارتی لە سێ ئاستدا بەڕێوەچووە : یەکەم ستراکتۆری سەرکردایەتیی پێشکەشکراو، دووەم ئۆفیسە جەماوەرییە سەرەکییەکانی ناسێنراوە، سێیەم ئەندامگیریی و ئەو ئۆفیسە بنەماییانەی وەسفکراوە. بۆ زیاتر روونکردنەوە، ئەو ستراکتۆرەی وەسفکراوە بریتییە لەوەی لە کۆنگرەی یازدەی پارتی لەساڵی ١٩٩٣دا فۆرمەڵە کراوە. گۆڕانەکانی دواتر بەتایبەتیی کەسەکان، لە باسێکی دواتردا ناسێنراوە. هەرچەندە، ستراکتۆری پارتی بەشێوەیەکی بایەخدار لەنێوان کۆنگرەی یازدەو ئەوەی دوازدەیدا نەگۆڕاوە.

---

[34] H. Frisch, *Countdown to Statehood: Palestinian State Formation in the West Bank and Gaza*,
New York: State University of New York Press, 1998.

وێنــەی ٥ :١ مۆرفۆلـۆژیی سـتراکتۆری سـەرکردایەتیی لـە پارتیـدا پێـشاندەدات. سەرکردایەتیی لە سێ چینی جیا پێکدێت، کە هەرسێکیان تا ئاستێکی تێکەڵ دەبن. مەزنترین بەدەنە کە دەگونجێت لە هەموویان کاریگەرتر "کۆمیتەی ناوەندی" بێت. پێکهاتەی بڕیاردەری کۆمیتەی ناوەندیی لە سی‌وحەوت ئەندامو نۆ ئەندامی یەدەك پێکدێت، کـە لـە دەنگـدانێکی نهێنیـی لـە کـۆنگرەی پارتیـدا هەڵدەبـژێردرێن.[SU] ئـەم کۆمیتەیە لە بەرنامەیدایە مانگی جارێك کۆبێتەوە.[SV]

چـالاکییەکانی کۆمیتــەی ناوەنـدیی بەرفراوانـە، نوێنەرایەتییـەکان رێکـدەخات، چـاودێریی چـالاکییەکانی حیــزب دەکــات، هەڵبژاردنــە نێوخۆییــەکانی حیــزب رێکدەخات. رۆڵی سەرەکیی کۆمیتەی ناوەندیی فەراهەمکردنی کارمەندانی حیزبیی‌و رێکخستنی پێکهاتەی لقە هەرێمییەکانی پارتی‌و هەروەها مەکتەبی ناوەندییە،لەگەڵ هەڵبــژاردنی مەکتــەبی سیاســی.[SW] مەکتــەبی ناوەنــدیی پــارتی ئۆرگانــەکانی جێبـەجێکردنی سیاسـیی‌و کـارگێڕیی حیزبەکـە پێـشکەشدەکات. هـەروەها رۆڵــی کۆمیتەی ناوەندییە کە ئەم مەکتەبانە رێکبخات‌و ستافیان بۆ دابینبکات.[SX] مەکتـەبی سیاســی دەزگایــەکی هــەرە بالادەســتی بڕیارســازە لــە زۆربــەی حیزبــە سیاســییە کوردییەکانی عێراقداو پارتیش لەوڕووەوە بەدەرنیـە. دەگونجێت وەك کۆمیتەیـەکی جێبەجێکاری حیزبەکە ئاماژەی بۆ بکرێت.[SY]

---

[35] پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان، بەرنامــەی نــاوخۆی کــۆنگرەی یــازدەی پــارتی دیمــوکراتی کوردستان،هەولێر،١٩٩٣، بەندی ٦، پەرەگرافی ٢و ٣ .

[36] بڕوانە پاشکۆی ٣ بۆ ناوی ئەو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی یازدەو دوازدەدا.

[37] هەمان سەرچاوە، بەندی ٧، پەرەگرافی ١,١٣،. بەندی ٨ پەرەگرافی ٢.

[38] هەمان سەرچاوە، بەندی ٨ پەرەگرافی ٧.

[39] چــاوپێکەوتن لەگــەڵ ســامی عەبــدولڕەحمان، ســەلاحەدین، ٣ ئــەپڕیڵ ١٩٩٨،. موحــسن دزەیــی، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠.




وێنەی ٥: ١ ستراکتۆری سەرکردایەتیی لە پارتی دا.




وێنەی ٥: ٢ مۆرفۆلۆژیی پارتی، ڕێکخستنی هەرێمیی.

وەك لــە بەشــەكانی پێــشوودا بینــرا، مەكتــەبی سیاســی پــارتی بــە قورســی لــە پەرەسەندن و مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەیی كورددا گلابوو، لەوانەیە ئەندامەكانی زیاترین دەسەڵاتیان لەنێو هەر دەزگایەكی سیاسیی لە كوردستانی عێراقدا هەبێت. وەك تاكیش ئەندامەكانی بۆخۆیان دەسەڵات و كاریگەریی بەرچاویان هەبووە.

لە خوێندنەوەی وێنەی ٥ :١ ئاشكرایە كە مەكتەب سیاسی بەشێكە لە كۆمیتەی ناوەندی، لەگەل ئەوەش وەك دەزگایەكی باڵا لەقەڵەمدەدرێت، ئەندامانی ئەم دەزگایە لــە دەنگــدانێكی نهێنیــی لــە كۆمیتــەی ناوەنــدیی دەستنیــشاندەكرێت.[TP] ژمــارەی ئەنـدامانی مەكتـەب سیاسـی نـۆ كەسـن. لـەم مەكتەبـەدا لیژنەیـەك هەیـە كـە ئـەركی چاودێریكردنی بەڕێوەبردنی مەكتەبەكەیە.[TQ] پێگەی سەرۆكی ئەم لیژنەیە گرنگەو دەشێت وەك باڵاترین پێگەی فەرمانی نێو حیزبەكە لێبڕوانرێت، جگە لەوانەی كە راستەوخۆ لە دەوری سەرۆك جەم دەبن. لەساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٩ سەرۆكی لیژنەی كارگێڕیی مەكتەب سیاسی سامی عەبدولڕەحمان بوو، لەگەڵ ئەندامەكانی دیكەی وەك ئازاد بەرواری و عارف تەیفور . لەكۆنگرەی دوازدەوە كە لە ئۆكتۆبەری ١٩٩٩دا بەسترا، سەرۆكی پێشووی ئە ن ك (جەوهەر نامیق سالم) سەرۆكایەتیی ئەو لیژنەیەی گرتەئەستۆ.[TR] ستراكتۆری سەركردایەتیی لە پارتیدا لەلایەن مەسعود بارزانیەوە (وەك سەرۆك) سەرۆكایەتیی دەكرێت. ئەو هەروەها ئەندامی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندییە. وێڕای ئەوەش سەرۆك ژمارەیەك مەكتەبی تایبەت بەخۆی هەیە، كە دەست بەسەر چەندین ئەركدا دەگرن. دەگونجێت ئەوەی بۆ سەرۆك زۆر بایەخدارە ئەوەبێت

---

[40] پــارتی دیمــوكراتی كوردســـتان، بەرنامـــەی نــاوخۆی كــۆنگرەی یــازدەی پــارتی دیمــوكراتی كوردستان،١٩٩٣، هەولێر، بەندی ٧، پەرەگرافی ١،. بەندی ٨، پەرەگرافی ٢.

[41] چاوپێكەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپڕیل ١٩٩٨ ،. لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨،. پارتی دیموكراتی كوردستان، بەرنامەی ناوخۆی كۆنگرەی یازدەی پارتی دیموكراتی كوردستان،١٩٩٣، هەولێر، بەندی ٨، پەرەگرافی١.

[42] چاوپێكەوتن لەگەڵ موحسن دزەیی، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠.

کـە دەسـتی بەسـەر هەریـەك لـە دەزگـای هـەواڵگریی (ڕێکخـستنی تایبـەت کـە بـە "پاراستن" ناسراوە)و هەروەها مەکتەبی عەسکەرییدا گرتووە.[43]

هەروەك لە وێنەی ٥ :١ دا دەبینرێت، ستراکتۆری جوگرافیی پارتی لەلایەن دوازدە لقی هەرێمییـەوە سـەرۆکایەتیی دەکرێـت. لـەنێو هەریـەك لـەم لقانـەدا سـتراکتۆرەکە زێـدەتر بـۆ چـەند "ناوچـە"یـەك دابەشـدەبێت، ئینجـا مەکتـەبی ڕێکخـراوی ناوچـە "ڕێکخـراو" ، دواتـر "شـانەی" و دواجـاریش شـانە سـەرەتاییەکان. وێنـەی ٥ :٢ مۆرفۆلـۆژیی و پەیوەنـدیی نێـوان ئـەو ئۆرگانانـە ڕووندەکاتـەوە، پێدەچێت لـق وەك دەرکەوتــەترین ڕووی پارتەکــە ببینرێــت ســەبارەت بــە کــارلێکی لەگــەڵ خــەڵکی هەرێمەکەو هەروەها نوێنەرایەتیی زۆرینەی دانیشتووانەکە دەکات، بالاترین دەزگای حیزبەکەیـە کـە مامەڵـە لەگـەڵ بایـەخ و چالاکییە دەسـتبەجێکان دەکـات. هـەر لقێـك وێنەیەکی بچووکی حیزبەکە خۆیـەتی و نوێنەرایـەتیی هـەر یـەك لـە مەکتـەبی ناوەنـدی دەکات و هەروەها لیژنـەی کارگێڕیی لق لەناوچەکەی خۆیـدا چالاکییەکانی حیزبەکە بەڕێوەدەبات. پارتی لەم ئاستەدا دەشێت وەك شێوەیەکی ئەندازەیی وەسفبکرێت کە دەزگا بچووکەکانی نزیکەی هاوشێوەی دەزگا بالاکانن.[44]سەرۆکی لیژنـەی کارگێڕیی لـق دەبێتـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی، هـەروەهـ ئـەرکی لیژنـەی کـارگێڕیی لقـە کـە سـەبارەت بـە چـالاکییەکانی پـارتی ڕاسـتەوخۆ ڕاپـۆرت بـۆ مەکتـەبی سیاسـی بـەرز بکاتەوە.

لەماوەی هاوینی ساڵی ١٩٩٨دا، کاتێکی بەرچاوم لـەنێو ئۆفیسـەکانی لقی دووی هـەولێردا بەسـەربردو لەگـەڵ بەرپرسـی لقەکـەدا، سـەعد عەبـدوڵلا، مشتومڕمان لەمـەڕ کاروهەڵـسوڕانی ئۆفیـسەکان کـرد. ئـەو ڕوونیکـردەوە کـە پێگـەی بەرپرسـی لـق

---

[43] پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت کە مەسعود بەرپرسی پاراستن بوو کە دواتر بووە ڕێکخستنی تایبەت. هەربۆیە زانیاریی ئەو سەبارەت بە ئەندامەکان و هەڵسوڕانیان بێهاوتایە. ئەوەی لەنێو پارتەکەیدا پێگەی کەسایەتییەکی ئەمنی گەورەی پێ بەخشیوە.

[44] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٩ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

هەمیشەیی نیەو بەردەوام گۆڕانی تێدا دەبێت.[TU] بەهەمانشێوە، پێکهاتەی نێوخۆیی لقەکانیش هەمان شت نیەو پشت بە قەبارەی دانیشتووانی ناوچەکەو چالاکییە سیاسیەکان دەبەستێت. تەنانەت لق بۆ ئەو شوێنانەش دانراوە کە ڕێگە بە بوونی پارتی تێدا نادرێت وەك سلێمانی(تاسالّی ٢٠٠٣)و بەغدا، بەلاّم بەهەمان هەیکەلییەتی بەڕێوەبەرایەتیی و ستافەوە لە هەولێر ئامادەیی هەیە. لقی دوو، دوازدە ناوچەی هەیە، دەستەی کارگێڕیی لق لە حەڤدە کەس پێکدێت .[TV]

ناوچە، دەگونجێت ڕێکخراوێکی جوگرافیی یان پیشەیی بێت. بۆ نموونە، لەشاری هەولێرو لەسایەی دەسەلاّتی لقی دوودا، دوو ناوچەی جوگرافیی و دە ناوچەی جیاوازی پیشەیشی هەیە وەك: لیژنەی ناوچەی مامۆستایان، ئەندازیاران، کارمەندان و جووتیاران. هەمان سیستمی کاروهەلّسوڕان بۆ ڕێکخراوەکان لەگۆڕێدایە، ژمارەی ڕێکخراوەکانی ناوچەکان جیاوازەو لەنێوان ٧ بۆ ٢٠ دانەیە، هەروەها ٧بۆ ١٢ شانەی سەرەکیی لە ڕێکخراوەکاندا هەیە، هەریەك لەو شانە سەرەکییانە لە ١٠- ١٥ کەس پێکدێت.[TW] ئەندامگیریی لەسەر بنەمای شانە پێکدەهێنرێت. شانەی سەرەکیی پێکهاتەیی کە لەو دەمەدا پەرەیسەند کە پارتی بەنهێنیی هەلّدەسوڕا. هەروەها لە خوار شانەی سەرەکییشەوە، یەکەی بچووکی نیمچە نافەرمیی هەیە، ئەو یەکانە دەگەڕێتەوە بۆ (شانە نهێنییەکان)ی پێشوو کە ریشەکەی بۆ سەردەمی دەسەلاّتی ڕژێمی ناوەندیی لە هەرێمەکە دەگەڕێتەوە.[TX]

[45] ئەو حالّەتەی کە سالّی دواتر، سەعد عەبدوللاّی ئەندامی پێشووی حسكو یەکگرتن، بۆ وەزارەتی کشتوکالّ گواسترایەوەو بەرپرسیارێتی لقی دووی بە پیاوە دڵسۆزەکەی پارتی دا واتە فرانسوا هەریری.

[46] چاوپێکەوتن لەگەلّ سەعد عەبدوللاّ، هەولێر، ٩ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[47] هەمان سەرچاوە.

[48] چاوپێکەوتن لەگەلّ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپرِلّ ١٩٩٨.

## پرۆسەی بڕیارسازیی لە پارتیدا

ڕەخنـەکان لـەبارەی پارتییـەوە دەڵـێن گوایـە پرۆسـەی بڕیارسـازیی نێـو پـارتی ڕاستەوخۆ لەلایەن بنەماڵەی مەسعود بارزانیو نێچیرەڤان بارزانیەوە دەستی بەسەردا گیراوە. کە باقی دیکەی حیزبەکە جگە لە ئامرازو ئاژانسێکی جێبەجێکردنی ویستی بنەماڵە زێدەتر نیە. لەم باسەی دادێت، پرۆسەی بڕیارسازییە فەرمییەکەم پشکنیوە، هەروەك چۆن بەڵگەنامەکانی پارتیو ئەندامەکانی باسیان لێوەکردووە، پێش ئەوەی ئاماژە بە سەرنجی نەیارانی پارتی لەم بارەیەوە بکەین. لە دوا باسدا، شیکارییەکم سـەبارەت بـە بـە سیاسـەتی نێوخـۆی پـارتی پێـشکەشکردووە وەك هـەوڵێك بـۆ هەڵسەنگاندنێکی تەواوو هەروەها شیکاریی بزاوتی پرۆسەی بڕیارسازیی سیاسیی.

لـەنێو پارتیـدا کـۆنگرە بـالاترین دەسـەلاتی شـەرعیی دانپێـدانراوە.[49] بـەگوێرەی ئەندامە بالاکانی پارتی، پرۆسەی بڕیارسازیی لـەم حیزبـەدا دیموکراتییـە. کۆنگرەش چوار ساڵ جارێك بڕیار لـە ئاراستەکردنی حیزبەکە دەدات، بەشدارانی کۆنگرەش لـە ڕێکخراوە ناوچەییەکانەوە لەئاستی ناوچە هەڵدەبژێرێن بۆ ناساندنی پێگـەی کۆنگرە لە پارتیدا، هۆشیار زێباری تێبینییکردووە کە:" پارتی لە هەر پارتێکی کوردی دیکـە زێـدەتر سـەبارەت بـە دەستنیـشانکردنی سـەرکردایەتییەکەی دیموکراتییـە، هەمیـشە سەرکردەکانی ئەم حیزبە هەڵدەبژێرێنو هەرگیز ناسەپێنرێن."[50] تەنیا ماوەیەك پێش کۆنگرەی دوازدە لە ساڵی ١٩٩٩دا، چاوم بە مەسعود بـارزانی کـەوت کە سـەبارەت کـە پرۆسەی بڕیارسازیی لە پارتیدا گوتی :

"شـایەنی تێبینییـە کـە پـارتی تـەنیا حیزبـە لـە کوردسـتانی عێـراق کـە هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە لـە سـاڵی ١٩٤٦دا بەرنامەیـەکی بـەردەوامی لـە کـۆنگرەو

---

[49] چـاوپێکەوتن لەگـەڵ سـامی عەبـدولڕەحمان، سـەلاحەدین، ٩ سـێپتەمبەری ١٩٩٩،. لەگـەڵ هۆشـیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

[50] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠.

کۆنفرانسەکانی حیزب هەبووە•، ئێستا پارتی لە کۆنگرەی دوازدەهەمی نزیک دەبێتەوە. ئەمەش گەوهەری پارتی پێشاندەدات کاتێك لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکەدا بەراورد دەکرێت. کۆنگرەش باڵاترین دەسەڵاتی پارتیە." [51]

هەروەها وێڕای هەڵبژاردنی کارگێڕانی دەزگا ڕێبەرییەکان، کۆنگرە بڕیار لەسەر ئەو سیاسەتە دیارییکراوانەی هەڵسوڕانی سیاسیی دەدات، هەروەها پلانی کار سەبارەت بە پەرەسەندنی هەرێمەکە دادەڕێژێت. ئنجا کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە بەرپرسیارە. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، کۆمیتەی ناوەندی لە ئەندامەکانی خۆی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت. لەنێوان دوو دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێدەکات، لەوەش زیاتر، هەروەها ڕێکخراوەکانی لق لە پارتیدا هەڵدەبژێردرێن، ئەوەی هەموو ئۆرگانەکانی دیکەی لەژێر دەستدایە. ئەو بڕیارانەی بۆ جێبەجێکردن لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە ئاراستە دەکرێن، لەلایەن مەکتەب سیاسیەوە ڕەوانەی لقەکان دەکرێت. سەبارەت بە مەسەلە خۆجێیەکان، دەگونجێت لق چارەسەری خۆی پێش بخات. هەروەها هەرچەند مانگێك، کۆمیتەی ناوەندی چالاکییەکان

---

• شایەنی باسە حەبیب محەمەد کەریم کە نزیکەی ١١ساڵ لەماوەی ١٩٦٤-١٩٧٥ سکرتێری پارتی بووە لەم ڕووەوە سەبارەت بەو ماوەیەی ژیانی حیزبیی نوسیوویەتی:" پارتی بەدرێژایی ژیانی خۆی تەنیا چوار کۆنفرانسی بەستووە یەکەم لە ساڵی ١٩٥٠و لە شاری بەغداو لەماوەی کۆنگرەی یەکەمو دووەمدا کە چ ئەنجامێکی بایەخداری ئەوتۆی نەبوو، دووەم لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی١٩٥٩دا ڕوویدا لەو ماڵەی کە بارزانی تێدا بوو ئەویش هەر لە بەغداو تێیدا بڕیاری تەجیدکردنی مەکتەبی سیاسیی و خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی چوارەم درا ئەوەکەی سێیەمیان لە نیسانی ساڵی١٩٦٤دا بوو کە کاتی خۆی بە کۆنفرانسی ماوەت ناوی نرا کە نیشانەی شوومیی و نەگبەتیی بوو حاڵەتی دووبەرەکی لە حیزبدا قووڵکردەوە چوارەم کۆنفرانسیش لە ئابی ١٩٧٦ لە ئەوروپا بەسترا کە گرنگ بوو هەروەها بڕیاری مێژوویشی تێدا درا." بڕوانە:

حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق (في محطاط رئيسية) ١٩٤٦-١٩٩٣، كوردستان، ١٩٩٨، ص ٢٢٥.

[51] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەری ڕەش، ٢٢ ئووت ، ١٩٩٩.

هەڵدەسەنگێنێت.[UR] سیستمێکی بەم چەشنە دەگونجێت نموونەیی بێت، هەرچەندە، مەسعود بارزانی لەوە دڵنیایە کە پرۆسەیەکی بەم شێوەیە بەڕێوەدەچێت، هەروەها ئەم ڕێبازە دیموکراتییە لەنێو پارتیدا بە دەزگاییکراوە. ئەو شەخسی خۆی شانازیی بەم تایبەتمەندییەی پارتییەوە دەکات. بەتایبەت ئەو پێیوایە کە مەسەلەیەکی وا لەنێو حیزبەکانی دیکەدا باو نیە. سەبارەت بەم ڕاستییە، ئەو تێبینییکرد کە:" ئەو ڕێژەی ئەندامانی پارتی بۆ یەکتریان هەیەو ئەو ڕێبازەی پارتی لەنێو هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەدا نیە." [US]

هەرچەندە، لەکاتێکدا ئەم هەڵسەنگاندنە ستراکتۆرێك وێنادەکات کە دیموکراتییبوون لە بەرنامەدا نکۆڵیی لێناکرێت. ڕەخنەکان لە پارتی فرەن، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە چۆن دەسەڵات لەنێو پارتیدا بڕیار لە مەسەلەکان دەدات، پێگەی بەرچاوی بارزانی هەمیشە بوارێکی ئامادەیی ڕەخنەگیریی بووە کە لەلایەن نەیارانی پارتیەوە ورووژێنراوە، کاتێك پێکهاتەی سەرکردایەتیی بە وردیی شیکاریی کرا، دەرکەوت کە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی پۆستی سەرەکییان لەنێو پارتیو حکومەتدا هەیە. نێچیرەڤان لە تێکڕای ئەندامانی بنەماڵە بایەخدارترە، کە کوڕی ئیدریسو کوڕەزای مەلامستەفایەو لە لیژنەی کارگێڕیی مەکتەب سیاسیشە، ئێستاش سەرۆك وەزیرانی (ح هـ ك) ە. هەروەها مەسعود پۆستە ستراتیژییەکانی پارتی لە جیهاندا بۆ پارتی تەرخان کردووە، فەرهادیان لە واشتنگتۆنو دڵشاد لە بەرلین. لەنزیك خۆشی، وەجیە فەرماندەی هێزە تایبەتەکانی پارتیە، هۆشیار زێباری خاڵیشی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە. لەوەش زیاتر، لە کۆنگرەی دوازدەوە، مەسروری کوڕی مەسعود ئەمێستا لە مەکتەب سیاسیدایە، سودادی برای مەسعودیش پۆستێکی هەیە کە لای حیزبە سیاسییەکانی بەریتانیا بە (Whip /قامچی) ناسراوە.

---

[52] هەمان سەرچاوە.

[53] هەمان سەرچاوە.

لەبەرئەوە دیارە بۆچی زۆربەی شیکاران رەخنەی ئەوە لە پارتی دەگرن کە کە پارتی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە هەژموونکراوە. ئەندامانی یەکێتی، پرۆسەی بڕیارسازیی نێو پارتی لەسەر سێ ئاست وەسفدەکەن، لە پێکهاتەیەکدا کە وا دەناسرێت لە سایەی دەسەڵاتی راستەوخۆی بنەماڵەیەکدا بەڕێوەدەچێت.[54]

١- مەسعود، نێچیرەڤان و هەموو ئەندامە باڵاکانی بنەماڵە.
٢- سامی عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی، فەلەکەدین کاکەیی و راوێژکران لە بەدەنەی رۆشنبیران، کە ئەو بڕیارانە پێشکەشدەکەن لەلایەن بنەماڵەوە فۆرمەڵەکراوە. ئەم گروپە راوێژکارە دەسەڵاتی راستەقینەی بڕیارسازییان نیە.
٣- مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کار بۆ تەسدیقکردن و مۆرلێدانی سیاسەتەکە دەکەن.

پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە کاریگەرێتیی و دەسەڵاتی راستەوخۆی بنەماڵەی بارزانی بەنێو ئەم پارتیەی ئەمڕۆدا رۆچووە. هەرچەندە، هەژموونێکی بەم چەشنە لەراستییدا دەبێت ببێتە هۆکارێکی نیگەرانیی، بەتایبەتیی لەڕووی هوشیێکی دیموکراتییانە؟ ئایا ئەو پرسەی کە بارزانی و دەستەو پاشخانەکەی پرۆسەیەی دیموکراتییان لەنێو پارتیدا خنکاندووە، زەرووڕەتێکی هەیە؟ زۆربەی ئەوانەی رژێمی شەرعییان پێدەگوترێت لەسایەی باڵادەستیی بنەماڵەکاندان، بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەی وادەکات جۆرە نادادپەروەرییەك بێت تەنیا رەخنە لەمە بگیرێت چونکە وایە. وەك ئەوەی چاوەڕوانکراوە، یەکێتی بەدڵنیاییەوە باوەڕی وایە کە هەژموونی بنەماڵەی بارزانی لەنێو پارتیدا هۆکاری سەرەکیی گەندەڵیی نێو پارتیە.[55] هەرچەندە، مەسعود سەلماندوویەتی کە سەرۆکێکە ئارەزووی گوێگرتنی لە کەسانی

[54] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨.
[55] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠.

دەوروبەری هەیەو بەدڵنیاییەوە ڕێز لە شارەزایی دەگرێت کە لە نێو مەکتەبی سیاسییدا هەیەتی. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەسەرئەوە کۆکن کە زۆربەی بڕیارەکان شێوازی کاری دیموکراتیانەیە، هێندێکجاریش دژ بە خواستی مەسعود دەوەستێتەوە.[56]

بەهەمانشێوە، مەکتەبی سیاسی لەسایەی ڕێبەرایەتیی سامی عەبدولڕەحمان و ئەمێستاش جەوهەر نامیق سالم، تەنیا بۆ جوانیی نیە. مەکتەب سیاسی پارتی لەهەر حیزبێکی دیکە زیاتر کەسانی رۆشنبیرو دەرچووانی زانکۆو خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای لەخۆگرتووە، هەروەها ئەمە تەواو پێویست نیە کە ئەمانە زامنی پێگەیشتووی سیاسی بن، بەڵام دەگونجێت بەڵگەیەك بێت بۆ ئەو توانایەی کە دەزگاکە هەیەتی.[57] لەکاتێکدا باڵادەستیی پێگەی بارزانی ئاشکرایە، کاروهەڵسورانە دیموکراتییەکەی پارتیش بەئاسانی دەردەکەوێت.

لەکاتێکدا خۆم لە هەولێر لە نزیکەوە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی ناوچەم کردووە لە لقی دووی هەولێر. هەڵبژاردنەکە بەو پەڕی پەرۆشیی و بایەخەوە بەڕێوەچوو، ئاکامی هەڵبژاردنەکەش (بۆ لیژنەی ناوچەکان و هەروەها بۆ کۆنگرەی دوازدە) ژمارەیەکی زێدە لاوانی بەخۆوەبینی لەسەر حسابی کۆنە جەنگاوەرەکان، هەروەها، لەڕاستییدا، هێندێك لەبارزانییەکانیش.[58]

---

[56] ناساندنی مەسعود وەك کەسێکی هێمن، وردو وریا لەم ئەدەبیاتی ئەکادیمییدا باوەو لە تەواوی ئەم تێزەشدا هاتووە، هەروەها زۆربەی کات لەلایەن کەسانی دیکەوە کە چاویان پێی کەوتووە بە خاوەن هەستێکی پرۆفیشناڵ باسی لێوەکراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ فێبە مار، دورهام، ۹ ژوون ، ۱۹۹۹،. مەسعود بارزانی، سەری رەش، ۲۲ ئووت ، ۱۹۹۹،. عارف تەیفور، سەلاحەدین، ۱ سێپتەمبەر ۱۹۹۹،. سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ۸ سێپتەمبەری ۱۹۹۹.هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ۲۹ مایۆ ۲۰۰۰.

[57] چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، سەلاحەدین، ۱ سێپتەمبەر ۱۹۹۹،. سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ۸ سێپتەمبەری ۱۹۹۹.هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ۲۹ مایۆ ۲۰۰۰.

[58] ئەم ڕووداوە بە چەشنێك سەرسوڕمانەوە لەلایەن سامی عەبدولڕەحمانەوە تێبینییکراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین،

هەرچەندە، وادەردەکەوێت کە دابەشبوونی ئاسۆیی دەسەلاّت لە پرۆسەی بڕیارسازیی ناو پارتیدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیی بارزانیی بەتەواویی لە ریشەی چالاکییەکانی پارتەکەوە ناگلێت، بەوەش رێگە بە برەوپێدانی کاروهەڵسوڕانە دیموکراتییەکان لە هەڵبژاردنی ناوچەکاندا دەدات. لەئاست مەکتەبی سیاسیدا، بنەماڵەی بارزانی بەتەواویی دەسەلاّتی خۆیان مومارەسە دەکەن.•

مەسعود هەمیشە بەوە ناسراوە کە هێمنە، وردو وریایە، هەروەها پەرۆشی وەرگرتنی راوێژی ئەوانەی دەوروبەرێتی. ئەمەش، لەکاتێکدا مانای ئەوەیە کە زیاتر سەرکز دەردەکەوێت تاکو تاڵەبانی زووجۆش و خرۆشاو. بەلاّم بارزانی بە دەستی هێندێك تۆمەتی وەك زمانلوسیی و دەمدەمیبوونەوە لە مشتومڕو ململانییەکانیدا ناناڵێنێت و لەسەرکردایەتییەوە نزیکە. هەرچەندە، پارتی لەوانەیە زیاتر لە هەر حیزبێکی دیکەی کوردستانی عێراق ئەو مەیلە بنوێنێت کە باشترین سیفەتی (سەنترالیستی دیموکراتە). بەدڵنیاییەوە ئەو هەلومەرجە لە پارتیدا هەیە، ئەوەیە کاتێك بڕیار لە سەرکردایەتییەوە دادەبەزێت، جێبەجێکردن لەلایەن دەزگاکانی خوارەوەی پارتەکە پرسیارلێنەکراوە. [۵۹]

## شیکاریی و هەڵسەنگاندنیستراکتۆری سەرکردایەتیی پارتی

بەهێزیی نکۆڵیی لێنەکراوی پارتی لەڕووی سەربازیی و سیاسی و ئابوورییەوە بەئاسانی دەردەکەوێت. هەرچەندە، ئەوەش هەروەها پرسێکە کە ئەم هێزە فشەڵەو

---

• محەمەد حاجی مەحمود کە ئەندامی کۆنگرەی یازدەی پارتی بوو لەبارەی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی پارتیەوە نووسیویەتی:" بڕیارم دابوو نەڕۆم بۆ کۆبونەوە چونکە حەوسەڵەم نەبوو لەگەڵ ئەو کۆبونەوانەدا دەیانوت نابێت موناقەشە بکەن کاك فاضل و دکتۆر رۆژ دەیانوت لێرە موناقەشە نیەو لێرە دەبێت کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی شتی گشتی و دوایی دەڵێن بۆ مەکتەبی سیاسی بەجێ بهێڵن لە کۆبونەوەی مەکتەب سیاسیش دەڵێن بەجێی بهێڵن بۆ کاك مەسعود هەندێك رێنمایی و نەسیحەتیان کردم." بڕوانە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، ۱۹۹۲-۱۹۹۶ ، ل ۲٤۹-۲۵۰.

[59] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ۲۹ مایۆ ۲۰۰۰.

مەسعود بەچاوێکی بەردەوام چاوی لە راپرسییەکانە، درك بەوە دەکات کە پارتەکەی دواجــار پــشت بــە دەنگــدەران دەبەســتێت و هــەروەها لەلایــەن کۆمــەڵگای نێودەوڵەتییشەوە وەك حیزبێکی تەواو یەکگرتوو دەبینرێت. لەوەش زیاتر، هەروەها دەشێت زێدە جێگەی بایەخی مەسعود بێت ئەوەیە کە پارتی لەژێر کاریگەریی زێدەی دوو دەستەدایە کە لە دەوری دوو بال کۆبوونەتەوە، ئەویش مەسعود خۆیو نێچیرەڤانی برازایەتی. هەروەك کە پارتی لە سالانی نەوەتەکاندا گەشەیکردووە، کاریگەریی گروپە جیاوازەکانیش لەنێو ستراکتۆری دەسەلاتدا دەرکەوتووە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە پارتیو یەکێتیان ناچارکردووە بەهۆی گۆڕانکاریی ژینگەی دەرەکییەوە. (بۆنموونە: ئەوانە بوونە حیزبەگەلێك کە کارگێڕیی بکەن زیاتر لەوەی بجەنگن) سەرکردەگەلێکی هێنایەپێش بەو ئەرکەوە کە پێ لەسەر پێکهاتە دیموکراتییەکان دابگرن، وێڕای ئەوەی رێگە بە نەیاران نادەن دەسەلاتێکی فرە بەدەستبێنن- ئەو گرفتە کلاسیکییەی کە رووبەڕووی حیزبە میراتگرەکانی جیهانی هاوچەرخ دەبێتەوە.

بەدرێژایی سالانی نەوەتەکان سەرکردایەتیی پارتی لەبن هەژموونی دوو دەستەدا بووە نەك یەکێك. هەرچەندە، ئەم ستراکتۆرە تایبەتمەندییەکی پارێزراوی پارتیە. سەرۆك هەمیشە لەلایەن ئەندامانی مەکتەب سیاسیەوە پشتگیرییکراوە، لەگەڵ نزیکەی دەسەلاتی یەکسان بۆ سەرکردەکە خۆی. بۆنموونە لەساڵی لەناوەڕاستی حەفتاکاندا، پێدەچێت سامی عەبدولڕەحمان وەك پالپشتیی مەسعود ببینرێت، لەماوەی هەشتاکاندا، ئیدریس پالپشتیی مەسعودی وەك سەرۆك کرد. لەدوای کۆنگرەی دەیەمی ساڵی ١٩٨٩وە، نێچیرەڤان ئەمێستا کەسایەتیی پشتگیرییکراوە،[VP] نێچیرەڤان چالاکانە بنکەیەکی پشتگیریی بۆخۆی پێکهێناوە، هەروەها لەرێگەی مامەڵەی بازرگانییو بیزنسی جۆراوجۆرەوە، سامانێکی بێشوماری پێکەوەناوە. رادەی دەسەلاتی نێچیرەڤان لە هەرێمی پارتیدا چ لەرووی سیاسییو چ لەڕووی

[60] هەمان سەرچاوە.

دارایی و سامانەوە بێهاوتایە. بەڕێوەچوونی ئەم بزاوتەش بۆتە پرسێك كە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە بەتایبەت مەسعود گرنگیی پێدەدات.

لەنێو پارتیدا یەكەمین و بەهێزترین دەستە ئەوەكەی مەسعودە، ئەو وەك سەرۆكی پارتی پێگەیەكی پارێزراوو پتەوی هەیە(بەتایبەتی لە كۆنگرەی دوازدەیەمەوە) ئەو ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی لەدەوری خۆی جەم كردوون، بەتایبەتی بەم دواییە مەسروری كوڕی. سەبارەت بە مەسعود، گرنگ ئەوەیە وەبیربهێنرێتەوە كە ئەو نیوەبارزانییەو نیوە زێبارییەو لاوترینی ئەو جووتەبرا بارزانییەیە كە دوای مردنی مەلا مستەفا پارتیان لە ساڵانی حەفتاكاندا ڕێبەرایەتییكرد.[٦١] مردنی ئیدریسی برای وایكرد مەسعود ببێتە رابەرێكی بێڕكابەر. هەرچەندە، سۆزو وەفاداریی بۆ ئیدریس لەنێو هێندێك توێژی زێدە كلاسیكیی كۆمەڵگای كوردیی و لەنێو پارتیدا بەهێز ماوەتەوە، ئەوانەی ئەمێستا سەرنجیان بڕیوەتە نێچیرەڤان.

هەربۆیە دووەمین دەستە لەلایەن نێچیرەڤانی كوڕی ئیدریس و كوڕەزای مەلامستەفاوە ڕێبەرایەتیی دەكرێت. ئەو زۆر بەخێرایی پلەبەندی خۆی لەنێو پارتیدا بڕی و ئەمێستاش لە لێژنەی كارگێڕی مەكتەبی سیاسیدایەو سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانە. هەروەها نێچیرەڤان هەژموونی كاری هاوردەو هەناردەی بازرگانییە قازانجبەخشەكانی لە هەولێرو دهۆكدا كردووەو هەروەها وەبەرهێنانی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل لەسنووری توركیا بەڕێوەدەبات. لەوەش زیاتر، نێچیرەڤان بەشە كوردییەكەی نەوتی دەستپێشخەرەییە كوردییە-عێراقییەكە هەڵدەسوڕێنێت كە لە موسڵەوە بۆ توركیا دەچێت. ئاكامی ئەم

[61] پێویستەروابیرنەكەینەوە كە مەسعود بارزانی جێگرەوەی خوازراوی مەلامستەفا نەبووبێت . بارزانی لەتێكڕای سێ ژنەكەی، دووەمیانی لا خوازراوتربوو كە دایكی مەسعودە، زۆربەی جار لە كوردستانی عێراقدا دەگوترێت كە مەسعودو ئیدریس لە دەرەوە واخۆیان پیشان دەدا كە دایكیان جیاوازە، بۆئەوەی وا خەڵك هانبدەن بڕوا بەوە بكەن كە ئەوان ناكۆكییان لەنێواندایە، لەكاتێكدا، لەواقیعدا، هیچ شتێك لەگۆڕێدا نەبوو.

کاروهەڵسوڕانانە وایکردووە نێچیرەڤان ببێتە کەسێکی فرە دەوڵەمەندو لەنێو پارتیشدا بنکەیەکی پشتگیریی بەرچاوی هەبێت.

گرووپی سێیەم، زیاتر هاوپەیمانییەکە کەسایەتییە سیاسییە کاریگەرەکان لە سایەی رێبەرایەتیی سامی عەبدولڕەحماندا دەگرێتەخۆ. وەك لەبەشەکانی پێشوودا بینرا،سامی هەمیشە لە پارتیدا نەبووە، لەسالانی هەشتاکانیشدا گروپێکی بەرهەڵستکاری توندی پێکهێنا کە ئاراستەی خێڵەکیی پارتیان رەخنەدەکرد، بەتایبەتی ئیدریس بارزانی. هەرچەندە لەکۆتایی نەوەتەکاندا، سامی وا خۆی دەنواند کە پێشینەی هەرچییەك بێت ئەو بێگومان پیاوێکی راستیینەی پارتیە، لەکاتێکدا پێگەی خۆی لەنێو شوێنکەوتووانی پێشوویدا بەدەستهێنایەوە. ئەندامانی پارتەکەی پێشووی سامی (پارتی گەل)و دواتر(یەکگرتن) دەتوانرێت ئێستا وەك رۆشنبیرانی پارتی ببینرێن. تێکەڵبوونی یەکگرتن لەگەڵ پارتی دەتوانرێت وابینرێت کە جووڵەیەك بوو تێیدا پارتی قازانجێکی زۆری لەو سیاسەتکارانە برد کە سیاسەتکارانی شارەزاو لێهاتوو بوون. لەکاتێکدا پێشینەی سامیو مێژووەکەی زۆربەی جار بەرهەڵستکارێکی بنەماڵەی بارزانی بووە، بەڵام مەسعود زۆر پەرۆشە لەپرۆسەی بڕیارسازییدا نزیك بیهێڵێتەوە.

دەتوانرێت کارلێکی نێوان ئەم سێ دەستەیە لە کۆنگرەی دوازدەی پارتیدا ببینرێتو لێی بکۆڵرێتەوە. کۆنگرەکە کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٩دا بووەهۆی چەند گۆڕانێکی سەرەکیی لەنێو پارتیدا، دەشێت لەتێکڕایان گرنگتر، مەسعود بە هێنانی مەسرور بۆ مەکتەبی سیاسی پێگەی خۆی قایمکرد. هەروەها دانانی سامی وەك جێگری سەرۆك وەزیران وەك جووڵەیەکی سیاسیی بەقازانجی مەسعود دەبینرێت. بەهەمان شێوە ئەو کەسایەتییانەی نێچیرەڤان دەیویست لایبانبەرێت لە پۆستی سەرەکیدا مانەوە.[VR] هەرچەندە، دانانی شەوکەت شێخ یەزدین، کە پاڵپشتیی

---

[62] دوژمنایەتیی لەنێوان نێچیرەڤانو سامی عەبدولڕەحمان لەکوردستانی عێراقدا شتێك بوو ئاشکرا دەزانرا. هەرچەندە، وەك چاوەڕواندەکرا، کاتێك چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرا، هەریەکەو بەڕێزەوە قسەیان لەسەر ئەوی دیکە دەکرد.

سەرەکیی نێچیرەڤان بوو وەك وەزیری کابینە(کە دەتوانرێت وەك چاودێر لەقەڵەم بدرێت)دەگونجێت بەڵگەی ئەوەبێت کە سەرۆك وەزیرانی لاو هێشتا هێزێکی بەرچاوی هەیە.

دابەشبوون لەنێو پارتیدا هێشتا لەقۆناغی بەراییدایە، دەشگونجێت ئەم گروپانە هیچیان لێ شین نەبێت. مەسعود بەشێوەیەکی نکۆڵیی لێنەکراو کۆنترۆڵی حیزبی لەدەستدایەو بە چەندین شێوەی بەرچاو خەریکە پارتی بکاتە حیزبێکی کوردستانیی زیاتر لەوەی هی بنەماڵەی بارزانییەکان بێت. دەگوترێت کە پارتی خێڵێکە وەك حیزب ئاکار دەنوێنێت و هەڵدەسوڕێت، ئەمە بێگومان هەڵسەنگاندنێکی تاك لایەنەیە.[VS•] پارتی یەکانگیرییەکی بەهێزی لەنێو ئۆرگانەکانیدا لەخۆی پیشانداوە، لانیکەم لەسەر ئاستە بنچینەییەکان تارادەیەکی بەرچاو کاروهەڵسوڕانی دیموکراتیی

[63] ناساندنی پارتی وەك حیزبێکی خێڵەکیی بەجۆرێك هەڵەیە، چونکە زۆربەی خێڵە بەهێزەکانی ناوچەکە، لەوانە سورچیی و برادۆست تائێستاش ۆقیان لە پارتیە، مەسعود ئەو تێبینییەی پێدام کە پارتی نوێنەرایەتیی خەڵکانێکی خێڵەکیی، رۆشنبیران و تەکنۆکراتەکان وەك یەك دەکات، هەروەها هێزەکانی خێڵەکیی و ئەوانەی نەتەوایەتیی کوردی پێکەوە کۆکردۆتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەری رەش، ٢٢ ئووت ، ١٩٩٩.

• لەڕاستییدا پێم وانیە نووسەر لەم بۆچوونەیدا سەرکەوتووبێت، رقی سورچی و برادۆستیی و بەشێك لە زێبارییەکان و چەند خێڵێکی دی لە پارتی، بۆخۆی بەڵگەیەکی مەزنە بۆ خێڵەکیی بوونی پارتی، چونکە ئەو رقەی ئەوان ئاکامی ململانێی کۆنی خێڵەکیی عەشیرەتەکانی ناوچەکەیە لە گەڵ بارزانییەکان، ئەوان پارتی بە ئامرازێکی سیاسیی بنەماڵەی بارزانی دەبینن نەك کورد، دواتر نەك هەر بارزانی و پارتی دوو ڕووی دراوێکن، بەڵکو پارتی بێ بوونی بنەماڵەی بارزانی هیچ نیە. جگە لەوەی کە قەڵای پارتی لە بادینان و ئەو ناوچانەیە کە هێشتا پەیوەندییە خێڵەکییەکانی تێدا بەهێزە، شێوەی کارو هەڵسوڕان و ئەندامگیریی پارتایەتییش خێڵەکییانەیەو زۆر لەسەر بنەمای ئسوڵی حیزبیی هاوچەرخ وفکرو بەرنامە نیە، وەك کادرێکی مەیدانیی ناسراویان کە خەڵکی چەمچەماڵە لە یەکێك لە رۆژنامەکاندا لە چاوپێکەوتنێکدا گوتبووی" لە پارتیدا باڵ و ماڵ نیە، هەمووومان دەروێشی بارزانین"، دەگونجێت ئەم حاڵەتە لای پارتی بەهەندێك هۆ زەقتر بێت، بەڵام خێڵەکییبوونی سیاسیی پەتایەکە کەم و زۆر هەموو حیزب و هێزە سیاسییەکانی هەرێمەکەو ناوچەکەی گرتۆتەوەو یەکێکە لە هەرە دەردە مەترسییدارەکانی ژیانی سیاسیی کوردو پێچەوانەی ئاراستەی رەوتی هاوچەرخی گەشەکردنی مێژووە. (سەردەشتیی)

بەڕێوەبردووە. هەروەها بەتایبەتی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی دەزگا بڕیارسازەکان. شایەنی تێبینییە کە زۆربەی ئەندامانی پارتی وای لەقەڵەم نادەن کە حیزبێك بێت. هۆشیار زێباری جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژمارەی ئەندامانی پارتی لەڕاستییدا تەواو سنووردارە، بەڵام پارتی پشتگیرییەکی بەرفراوانی هەیە، هەربۆیە ئەو پارتی وەك "جووڵانەوەیەك" لەقەڵەمدەدات کە سوودی لە گرتنەبەری هێڵێکی میانەڕەوی وریاو بەئاگا سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراقدا کردووە.[64]

لەوەش زیاتر، پارتی بەشێوەیەکی توندتر پابەندە بە پرنسیپەکانی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی لە کۆمیتەی ناوەندیو مەکتەبی سیاسی بەبەراورد ئەوەی لەنێو یەکێتییدا دەگوزەرێت. بۆنموونە: ئەو مەکتەب سیاسیەی کە لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٣دا پێکهات بەدرێژایی شەش ساڵی داهاتوو بێ گۆڕان مایەوە، جگە لەو گۆڕانە ناچارییەی بەهۆی مردنی ئەندامە ئەسڵییەکانەوە روویداوە. دواتر کۆنگرەی دوازدە پێکهاتەی ئەو مەکتەبەی گۆڕی. ئەمەش تەواو جیاوازە لەوەی کە لەنێو یەکێتیدا دەگوزەرێت، کە تێیدا دانان لە مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتییدا شلڕۆترەو بەهۆی رێکەوتنی نێوان دەستە جیاوازەکان دەبێت کە لەنێو خودی سەرکردایەتییدان.

## یەکێتی

لەڕووی ستراکتۆرەوە، یەکێتیش پێکهاتیەکی هاوشێوەی پارتی هەیە، لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت کاتێك درك بەڕیشەکانیانو پەرەسەندنی ئەو پەیوەستە لەپچڕاننەهاتووەیان بکرێت. هەرچەندە، دەرکەوتنی دەستە سیاسییە چەپگەرا توندڕەوەکان کاریگەری ستراکتۆری لەسەر یەکێتی هەبووە، هەروەها زێدە دەگونجێت، زۆربەی تایبەتمەندی دامەزراوەیی لەنێو کۆمەڵەدا ببینرێتەوە، یان لەنێو

[64] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

ئەو دەستانەدا کە ریشەی یەکێتیان پێکهێناوە، هەروەها بۆئەو پەرەسەندنەی دواتر لە بیرکردنەوەی سۆیالیستیدا هاتۆتەکایەوە.[٦٥] جیاوازییە بەرچاوەکان وەك بواری دەستەگەرایی و بەشێوەیەکی وردتر ناوچەکان، نوێنەرایەتیی لەنێو پرۆسەی بڕیارسازییدا. لەوانەیە مەزنترین جیاوازیی ستراکتۆری کە بتوانرێت ببینرێت ئەوەبێت کە لەدەزگای سەرکردایەتییدا هەیە، بەتایبەتیی لەپێگەی تاڵەبانیدا.

وێنەی ٥ :٣ پێکهاتەی ستراکتۆری سەرکردایەتیی لەنێو یەکێتیدا پێشاندەدات. لێکچوونی لەگەڵ ئەوەکەی پارتیدا ئاشکرایە، هەردووکیان هەمان جۆری پێکهاتەی یەکانگیرو بەیەکداچوویان هەیە. هەرچەندە، هێندێك جیاوازیی ئاشکراش دەبینرێت. ئەوەی لەنێو یەکێتیدا هاوشێوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتیە بریتییە لە "کۆمیتەی سەرکردایەتی"کە دەبێت لە حەڤدە ئەندام پێکبێت" هەرچەندە ژمارەکەی لەڕووی کردارییەوە نزیکەی سی و پێنج ئەندامە. هەرچەندە، ئەم جیاوازییەش بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بەوە دەبەستێت کە کێ لە هەرێمەکەدایە لەهەر کاتێکی تایبەتدا.[٦٦] چالاکییەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی وەك لە پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتیدا بۆی دانراوە بەتەواویی لەگەڵ ئەوەکەی پارتیدا هاوجووتە، هەروەك رۆڵی مەکتەبەکانی دیکەی ستراکتۆرەکە، هەرچەندە جیاوازییەکان لە ستراکتۆری ئاستەباڵاکانی سەرکردایەتییدا دێنەبەرچاو. لەگەڵ ئەوەی تاڵەبانی کاریگەرانە بەرپرسی فەرمیی هەموو مەکتەبە ناوەندییەکانی یەکێتیە، هەروەها جێگر دانراوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی ئەو مەکتەبانە. بۆنموونە: بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە تاڵەبانیەو سەعدی پیرەش جێگرێتی، لە دەزگای پێشمەرگەدا حاڵەتێکی هاوشێوە لەگۆڕێدایە، لەکاتێکدا تاڵەبانی فەرماندەی گشتییە، بەڵام جەبار فەرمان

[65] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.لەتیف رەشید ،لەندەن، ٢٨ مایۆ ٢٠٠٢. د. لەتیف تێبینییکرد کە یەکێتی ئێستا بە ئاراستەی ستراکتۆری سۆسیال-دیموکراتیی هەنگاو دەنێت و زیاتر هاوشێوەی نزیکی لەگەڵ حیزبە چەپەکانی فەرەنسادایە.

[66] یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ی ن ك ، هەولێر، ١٩٩٣، بەندی ٧، پەرەگراف ٧, سەبارەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣ .




وێنەی ٥: ٢ ستراکتۆری سەرکردایەتیی لە یەکێتی دا.

فەرماندەیەکی پلەدووی هەڵسوڕاندنی ئەو دەزگایەیە.[67] لەبەرئەوە هەموو ئەو دەزگاو مەکتەبانە لە مەکتەبی سیاسیدا لەبەردەم تاڵەبانی لێپرسراون. هەروەها هەریەك لە مەکتەبە ناوەندییەکان لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی مەکتەب سیاسیەوە هەماهەنگیی دەکرێن، ئەم مەکتەبانەش نوێنەرایەتیی خۆیان لە مەڵبەندە جوگرافییەکاندا هەیە.[68]

پێکهاتەی جوگرافیی یەکێتی لەلایەن نۆ "مەڵبەند"ەوە سەرۆکاریی دەکرێت. لەسلێمانی ئەو دەرفەتەم هەبوو کە لە مەڵبەندی یەکی سلێمانیدا ماوەیەك بەسەربەرم کە لەژێر بەرپرسیارییەتیی عومەری سەید عەلی ئەندام مەکتەب سیاسیدایە. وەك ناوەندێکی یەکێتی لەنێو سلێمانیدا، بەراوردکارییەکی سوودبەخشی لەگەڵ لقی دوو لە هەولێر فەراهەمکرد. ستراکتۆری هەرێمیی و ناوچەیی ئێرەش هاوشێوەی ئەوەکەی پارتییە. ئەم شیکارییەی دادێت تیشك دەخاتە سەر ئەو بوارانەی تێیدا دەردەکەون. لەمەڵبەندی سلێمانیدا چل‌ویەك ئەندام هەیە کە هەژدەیان ژنن. عومەری سەید عەلی بەرپرسی مەڵبەندەو دوو جێگریشی هەیە. هەروەها دەستەیەکی کارگێڕیی هەیە کە لە شەش ئەندام پێکدێت، لەخوار مەڵبەندیشەوە نوێنەرایەتیی کۆمیتەکان هەیە کە ژمارەیان بیست‌وسێ دانەیە.[69]

لەناو یەکێتیدا، مەڵبەند مەکتەبێکی ڕێکخراوەیی ناوەندییە، لە دەڤەری پارتیدا، لق ستراکتۆرەکە بەڕێوەدەبات کە بەشێوەیەکی سەرەکیی جوگرافییە، لەگەڵ هێندێك ڕێکخراوی پیشەیی. لە دەڤەری یەکێتیدا پێدەچێت پێچەوانەکەی مەسەلە بێت. لەگەڵ چاوتێبڕینێکی مەزن لەسەر ڕێکخراوە پیشەییەکان‌و ئنجا جوگرافییەکان. بۆ هەماهەنگیی چالاکییەکانی یەکێتی و فەراهەمکردنی کەناڵی پەیوەندیی، هەر مەڵبەندێك وەك مەڵبەندی سلێمانی ڕێکخراوی بچووکتری گرتۆتەخۆ کە پێی

---

[67] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨.

[68] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەرسەلان بایز، سلێمانی ، ٢٤ مایۆ ١٩٩٨،. لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨.

[69] چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی ، ٢٠ ژوون ١٩٩٨.

دەگوترێت "کۆمیتە". لە مەڵبەندی یەك بیست‌وسێ کۆمیتەی بەوجۆرە هەیە، کە بەپێی پیشە جیادەکرێنەوە. لەگەڵ هێندێك شوێنی جوگرافیی لە ناوچە زێدە گوندنشینەکانی دەوروبەری سلێمانی.[WP]

هەروەها کۆمیتە بۆ "کەرت" دابەشدەبێت. کەرت لەسەر بنەمای پیشەو ئاستی جوگرافیی پێکدەهێنرێت، بۆ نموونە وەك کاسبکاران. هەرئەندام کۆمیتەیەك لە کەرتێك بەرپرسە کە ١٥٠–٢٥٠ ئەندام دەگرێتەخۆ، بەرپرسی هەر کەرتێك لیژنەیەکی هەیە کە نزیکەی دە ئەندام لەخۆدەگرێت. هەرپۆلێك نزیکەی چوار شانە لەخۆ دەگرێت و هەر شانەیەکیش لە دە بۆ پازدە کەس پێکدێت.[WQ]

دەتوانرێت کاریگەریی هەریەك لە فەرهەنگی پارتی و کاریگەریی ستراکتۆری دەستەیەکی چەپگەرای توندی وەك کۆمەڵە، بەئاسانی لە ستراکتۆری پێکهاتەیی یەکێتیدا ببینرێت. بوونی رەگەزگەلێك هەیە لە جوگرافییەکەی پارتی و هەروەها تێڕوانینی شێوە پیشەییەکەی بۆ دەستە سیاسییە چەپگەراکان کە پێکەوە کۆبوونەتەوە. لەوەش زیاتر، زۆربەی ئەو چەمکانەی کە لە یەکێتیدا بەکاردەهێنرێن یەکەمجار لەنێو کۆمەڵەدا بەکارهێنراون. هەرچەندە، بەدڵنیاییەوە لێکچوونی زیاتر لەنێوان پێکهاتەی دوو پارتەکەدا هەیە تا جیاوازیی. نێچیرەڤان بارزانی لە سەرنجێکدا سەبارەت بەم خاڵە ئەوەی دیارییکردووە، دەگونجێت شایەنی مشتومڕبێت، کە ئایدیۆلۆژیا سەرچاوەی کێشمەکێشی نێوان پارتی و یەکێتی نەبووە:

" بەرنامەکانی هەردوو حیزب بەفیعلیی هاوشێوەن، ئامانجەکانیش هەمان شتن، کێشەکە ئەوەیە کێ دەسەڵاتدار بێت، ئەوەش دەگونجێت یان بە هەڵبژاردن چارەسەربکرێت یاخود بە توندوتیژیی...بڕوام پێ بکە هیچ جیاوازییەکی دەرەکیی بەرچاو لەنێوان پارتی و یەکێتیدا نیە، مەسەلەکە شتێکی شەخسییە."[WR]

---

70 چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەرسەلان بایز، سلێمانی ، ٢٤ مایۆ ١٩٩٨.

71 چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی ، ٢٠ ژوون ١٩٩٨.

72 لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨.

## پرۆسەی بڕیارسازیی لە یەکێتی دا

**ئەگەر بژارەکان سەبارەت بە پرۆسەی بریارسازیی لە پارتیدا بەهێزبن، حاڵەتەکەی لای یەکێتی پێچەوانەیە. لە کوردستانی عێراقدا، کە زیاتر بەوە ناسراوە هەموو دەسەڵاتەکان تێدا لەدەستی کەسایەتیەکدایە، ئەوەی کە زۆربەی جار پارتی پێ تۆمەتبار دەکرێت، ستراکتۆری پرۆسەی بڕیارسازیی لە یەکێتیدا پێدەچێت زیاتر ناڕوون و تەمومژاویی بێت. رەخنەگران لە یەکێتی، شێوازی کاری تاڵەبانی بە دیکتاتۆرانە• دەناسێنن، هەروەها دانیشتنەکانی مەکتەبی سیاسی زۆر ئاڵۆزو شێواو**

---

• وێڕای ئەوەی تاڵەبانی بە یەکێك لە کراوەترین سەرکردەکانی کورد دادەنرێت، بەڵام لەمێژووی یەکێتی و جووڵانەوەی سیاسیی باشووری کوردستاندا، هەرجیابوونەوەو دابەشبوونێك لە یەکێتیدا روویدا بێت یەکەمین بیانوویان دیکتاتۆر بوونی ناوبراو بووە، کاتی خۆی یەك لە بیانووەکانی جیابوونەوەی بزتنەوە لە ساڵی ١٩٧٩ بریتیبوو لە" مامجەلال تاکڕەوە، گوێ ناداتە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ ، بیروڕاکانی خۆی ئەسەپێنێ، توڕە ئەبێ و رێزی شعوری هاوڕێکانی ناگرێ." هەروەها کاتێك لەناوەڕاستی هەشتاکانادا ئاڵای شۆڕش راگەیەندار، یەك هۆکاری ناڕەزایەتییەکانیان ئەوەبوو کە" مامجەلال دیکتاتۆرە پشت بە ئاغاو کوێخا دەبەستێت." لەو یاداشتەی لە لایەن بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە ئاراستەی مام جەلال کراوە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە:" سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دارای یەکێتی یە...بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دەرەوەیە... بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری رێکخستنە...بەرپرسی کاروباری هێزی پێشمەرگەیە، فەرماندەیی، ئەندام مەکتەبەکان، مەڵبەندەکان ، کۆمیتەکان، خۆی دایان دەنێ و خۆی لایان دەبات... بەتەنیا خۆی گفتوگۆ لەگەڵ حزب و رێکخراوەکان دەکا... بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری راگەیاندنە، بەرپرسی رۆژنامە، رادیۆو تەلەفیزۆنە، نوسەرو بێژەرەکانی تەنانەت تەکنیککارەکانی بەئارەزووی خۆی دەهێنێ و دەگۆڕێ... بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری حکومەتە، وەزیرو وەکیل وەزیرو سەفیرو مودیر عام دادەنێت... لەناو یەکێتی دا، ژیانی دیموکراتی حیزبایەتی، سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، رێزگرتنی ئیرادەی روژایەتی، رێزگرتنی بیروبۆچوون نەماوە."هەرحاڵ، بە بڕوای ئێمە مەسەلەکە پەیوەندی بە کەلتوورو سیستمەوە هەیە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ریشەیەکی قووڵی لە باوکسالاری و شێخایەتیی و ئاغایەتیی و تەقدیسکردنی رابەرو دیسپۆتیزمی سیاسییدا هەیە، ڤایرۆسی دیکتاتۆری لە شادەماری هەر سەرۆك و رابەرێکدایە کە بەسەر پەیژەی ململانێیەکی خوێناوییدا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات سەرکەوتبێت، بەڵام هیچ یەك لەوانە ناتوانن بێ بوونی سیستم و زەمینەیەکی لەبار بۆ دیکتاتۆریی ببنە دیکتاتۆر، بۆ نموونە لەگەڵ ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی تاڵەبانی کراون لە حیزبەکەی خۆیدا، کەچی

بەڕێوەچن. وادەردەکەوێت کە سەرنجە پێشوەختەکانی باو سەبارەت بە یەکێتی لە کوردستانی عێراقەوە بێت کە حیزبەکە مشتومڕو گەنگەشەی توند بەسەریدا زاڵە. لەم بەشەدا، شیکارییەکم سەبارەت بە پرۆسەی بڕیارسازیی لە یەکێتیدا فەراهەمکردووە، بەو شێوەیەی کە پێویستە ببێت‌و بەوجۆرەش کە لە واقیعدا هەیە. لەدواباسی ئەم بەشەدا، خوێندنەوەیەکم سەبارەت بە چالاکییە سیاسییەکانی یەکێتیی ئەمڕۆکە پێشکەشکردووە وەك هەوڵێك بۆ تێگەیشتن‌و تیشك خستنەسەر پرۆسەی بڕیارسازیی.

بەگوێرەی بەرنامەی فەرمیی یەکێتی،جێگەی سەرسوڕمان نیە کە بالاترین دەسەڵاتی بڕیارسازیی نێو حیزبەکە،دووبارە، کۆنگرە بێت.[WS] ئەو هەڵسوڕانەی کە پێی ڕێکدەخرێت، سیستمێکی دەنگدانی دیموکراتیك دەگرێتەخۆو دووساڵ جارێك نوێدەکرێتەوە. هەروەك پارتی، یەکێتیش هەڵبژاردنی هەیە بۆ پۆستەکانی حیزبەکەی تا دەگاتە مەڵبەندو مەکتەبە ناوەندییەکان. بەرپرسی مەڵبەندو مەکتەبە ناوەندییەکان، ئنجا پلنیۆم پێکدەهێنن‌و دواتر کۆنگرە هەڵدەبژێرێت. لە کۆنگرە، کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەڵدەبژێرێت، چاو بە بەرنامەی حیزبدا دەخشێنرێتەوە، هەروەك سیاسەتی یەکێتی بەگشتیش، ئەوەش ئاکارێکی هاوشێوەی ئەوەکەی پارتیە. ئنجا کۆمیتەی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت. مەکتەبی

---

ئەوە چوار ساڵە لە سەر کورسی سەرۆك کۆمارییە لە بەغدا تا ئێستا کەسێك نەبووە تۆمەتێکی وای ئاراستە بکات، لەکاتێکدا کە ئەو پۆستەی بەغدا زۆر لەوەی حیزبەکەی بەرچاوترە. بڕوانە:
نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق۱۹۷۹-۱۹۸۳، بەرلین، ۱۹۹۷، ل ۳۳،. خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ۱۹۸٤-۱۹۸۸، بەرلین، ۱۹۹۹، ل ۹٦ .

[73] یەکێنی نیشتیمانی کوردستان، بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ی ن ك ، هەولێر، ۱۹۹۳، بەندی۱۱,

سیاسی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بەرپرسە. کە پێویستدەکات ساڵانە چوارجار کۆببێتەوە.[74]

هەرچەندە، لەکاتێکدا سیستمی یەکێتی دەگونجێت لەسەر کاغەز لەگەڵ ئەوەکەی پارتیدا هاوشێوەبێت، بەڵام لەڕووی کردارییەوە فرە جیاوازە. ئەوەی کە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢دا بەستراو تا ساڵی ٢٠٠١ هیچ کۆنگرەیەکی دیکەی بەدوادا نەهاتەوە. پێش ئەوەی لەسەرەتای نەوەتەکاندا یەکخستنی یەکێتی رووبدات، دەستە جیاکانی وەك کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان کۆنگرەی خۆیان دەبەست•. هەربۆیە مێژوویەك بۆ کۆنگرەکانی یەکێتی لەگۆڕێدانیە. ئەم راستییەش زۆربەی جار لەلایەن پارتیەوە دەقۆزرێتەوە کە بکرێتە نموونەیەك بۆئەوەی یەکێتی زیاتر لە پارتی لەلایەن سەرکردەکانییەوە دەهاژوێت.[75] لەوانەیە بەهۆی ئەو ماوە زۆرەو بۆشاییەی نێوان دوو کۆنگرەکە، کاتێك مرۆ لە پرۆسەی بڕیارسازیی یەکێتی دەکۆڵێتەوە کەمتر مشتومڕ سەبارەت بە چالاکییەکانی کۆنگرە هەیە. هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر

---

[74] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

• پشکۆ نەجمەدین نووسیویەتی:" لەوجۆرە کۆنفرانسانەدا، هێندەی پەیوەندییە تایبەتەکانو مەحسوبییەت رۆڵ لە پرۆسەی هەڵبژاردنو یەکلاکردنەوەیدا دەگێڕن، نیو هێندە زانایییو لێوەشاوەییو تواناکان گرنگیان نیە."، هەروەها کۆسرەت رەسوڵ عەلی لە وەڵامی نەوشیروان مستەفادا کە لە بارەی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیەوە گوتوویەتی:"پێوەرێك نەبوو بۆ کۆنگرە، مام جلال، کۆسرەت، جەبار فەرمان، ئەرسەلان، باجیان بۆ حیمایەکانی خۆیان دابینکرد بەشداری دەنگدان بن"، دەڵێت:"بە عورف کام وڵاتو کۆنگرەی کام حیزب ئەو عورفەی داهێنا پێش ئەوەی پەیڕەوو پرۆگرام قسەی لەسەر بکرێت پێش هەموو شتو لەیەکەم رۆژی کۆنگرەدا دوای راپۆرتی سیاسی سکرتێری گشتی بڕیاری هەڵبژاردن درا، سەرکردایەتیمان هەڵبژارد بۆ حیزبێك کە هێشتا پەیڕەوو پرۆگرامی بۆ دانەنرابوو! ئەمە لەهیچ وڵاتێکی دنیادا نەبووە."بڕوانە: پشکۆ نەجمەدین، ئەزموونو یاد، ل ١٤٤،. کۆسرەت رەسوڵ عەلی، پەنجەکانی نەوشیروان خەباتی هاوڕێکانی دەشێوێنن، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٤٠-٤١ .

[75] سامی عەبدولڕەحمان گوتی کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٣ەوە چەند جارێك گۆڕینی تێدا کراوەو هیچ جارێکیش رەزامەندی کۆنگرەی بۆ وەرنەگیراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٩ سێپتەمبەری ،١٩٩٩. لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

سەبارەت بە چالاکییەکانی بنکەکان و دەستێوەردانی بەرپرس و پلەداران دەکرێت، کە دەگونجێت رەنگدانەوەی ریشەوبنجە سۆشیالیستییەکەی بێت.[76]

لەنێو یەکێتیدا، کۆمیتە وەك سەرچاوەی سیاسەتەکانی حیزب ناسێنراوە، بەگوێرەی ئەندامانی یەکێتی، پێشنیازەکان لە کۆمیتەوە دەستپێدەکەن و پێش ئەوەی رەوانەی مەکتەب سیاسی بکرێن، پێشکەشی مەڵبەند دەکرێن. لە مەکتەبی سیاسیدا بابەتەکان لە دوو دانیشتنی جیای کۆمیتەی سەرکردایەتیدا مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت. دواتر پێشنیازەکان بۆ بڕیارلێدان دەنێردرێتە مەکتەبی سیاسی. مەکتەبی سیاسی ئەم بڕیارانە دەپشکنێت و پەسەندی دەکات، بەڵام دەگونجێت بە پشتبەستن بەدەسەلاتی خۆی هێندێك بڕیاربدات.[77] ئەم میکانیزمە کەمتر لەوەکەی پارتی ناوەندگەرایە، بەڵام دەگونجێت وەك فۆرمێکی (ناوەندگەرایی دیموکراتیی)•بناسرێتەوە کە دەبێت دوا رێنماییەکانی مەکتەب سیاسی لە تەواوی رێکخراوەکەدا جێبەجێبکرێت.

لە مەکتەبی سیاسیدا، دەستەی کارگێڕیی وادەردەکەوێت کە باڵادەستییەکی مەزنتری بەسەر چالاکییەکاندا هەبێت وەك لە هاوشێوەکەی لەنێو پارتیدا کە لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا ئەنجامی دەدات. دەستەی کارگێڕیی دەستەیەکی شلڕۆیەو

---

[76] دووەمین کۆنگرەی یەکێتی لە یەنایەر- فێبرایەری ٢٠٠١ بەسترا.

[77] چاوپێکەوتن لەگەل د.کەمال خۆشناو ، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨،. محەمەد تۆفیق رەحیم، سلێمانی، ١٤ مایۆ ١٩٩٨،. ئەرسەلان بایز، سلێمانی ، ٢٤ مایۆ ١٩٩٨،. سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨ .

• بنەمای "ناوەندگەرایی دیموکراتی" میراتی مۆدێلی حیزبە ستالینییەکانە لەڕێگەی حیزبە شیوعییەکانی ناوچەکەوە بۆ رێکخراوە کوردییەکان ماوەتەوەو ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە ئەو بنەمایە هەر دیکتاتۆرییە حیزبییەکەیەو تێدا ناوەندگەراییەکی نزیك لە رەهاو دیموکراتییەکی شکڵیی بێناوەرۆك و مردارەوەبووی رەخنەکوژی تێدا مومارەسە دەکرێت و هەر حیزبێك لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسوڕابێت لە رووی دیموکراسیی حیزبیی و ئازادییەوە بستێك نەچۆتەپێش و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی ئەو حیزبانە رووخساریی و ئیستیعرازیی دەبێت ،ئەو حیزبانە زیاتر کەسانی ملکەچ، دۆگما، دەمارگیر، چەپڵەباز، پاساوهێن،خۆسەپێن، دوو ڕوو، هەلپەرست وپاشقولگر بەرهەمدێنن و شوێنی مرۆڤی دروستکار، راشکاو، حەقبێژ، قسە لەڕوو و ئازادییخوازانی راستەقینەی تیانابێتەوەو ئەبێزرێنرێن.

شیکاریی ئەندامەکانی سوودێکی سنووورداری هەیە. هەرچەندە، بەرێز د. کەمال فوئاد پێدەچێت ئەندامێکی هەمیشەیی بێت. لەگەڵ ژمارە بەرزەکانی دیکەی وەك کۆسرەت رەسوڵ، جەبار فەرمان، محەمەد تۆفیق (هەتا ئەو کاتەی لە کۆنگرەی دووەمدا بەشێوەیەکی کاریگەر دەستی لەکار کێشایەوە)، قادری حاجی عەلیو عومەر فەتاح لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەندام بوون.[78] لەیەکێتیدا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دانیان بەوەداناوە کە تاڵەبانی بڕیاسازی سەرەکییە. پێدەچێت ئەو لەم پێگەیەیدا زیدەتر لە مەسعود بارزانی بەهێزو چالاکتربێت، هەروەك بەشێك لە ئەندامانی یەکێتی تاڵەبانی بە رابەرێکی تەڵیسماویی لەقەڵەمدەدەن بەهۆی یادگە دەزگاییەکەیو ئەو پەرۆشییە زۆرەی لەبارەی خوێندنەوەو فێربوونەوە قسەی لێدەکرێت[79]

بەهەمانشێوە، یەکێتی بە سیستمێکی کەمتر تۆکمە لە پارتی سەبارەت بە پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی هەڵدەسوڕێت. لەکاتێکدا پارتی شانازیی بەو راستییەوە دەکات کە مەکتەب سیاسییەکەی تەنیا دوای کۆنگرە دەگۆڕێت.لە هەمانکاتدا، یەکێتی شانازیی بە راستی شلڕۆیی بوونی ئەندامانی مەکتەب سیاسییەکەیەوە دەکات. گۆڕانی نێو مەکتەبی سیاسیو دەستە کارگێڕییەکەی زیاتر پشت بەوە دەبەستێت کە لەو کاتەدا چ کەسێك لە وڵاتدا بووە.[80] پێگەی تاڵەبانی لەنێو ئەم ستراکتۆرە بڕیارسازییە گشتییەدا سەرنجراکێشە. لەکاتێکدا تاڵەبانی بەرپرسی تێکڕای مەکتەبە ناوەندییەکانی یەکێتیو پێشمەرگەیە، واپێدەچێت کە ئەو کەمتر

[78] هەروەها بڕیاردرا کە هیچ وەزیرێك زیاتر لە ٣ ساڵ راژە نەکات، هەروەها سیاسەتێك پێشکەشکرا کە تەکنۆکراتەکان بۆ پۆستی وەزارەتەکان دابنێت نەك ئەندامانی مەکتەب سیاسی یەکێتیو ئەنجومەنی سەرکردایەتی. پاش ئەم بڕیارە، کارگێڕییەکە دەستی پێدا هێنرایەوە، کە هێندێك کەسایەتیی نایەکێتی لە پۆستە وەزارییەکان دانران. بۆنموونە: د.یادگار حیشمەت بۆ وەزیری تەندروستیو د.جەمال فوئاد بۆ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتیو هاوکاری.

[79] چاوێکەوتن لەگەڵ شالاوی عەلی عەسکەری، سلێمانی، ١٠ ژوون ١٩٩٨، . جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[80] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەرسەلان بایز، سلێمانی ، ٢٤ مایۆ ١٩٩٨.

مەکتەبـەکانی شەخـسی خـۆی هـەن وەك مەسـعود بـارزانی دەیکـات. هـەروەها خـاڵی تایبەتی سەردانی چەندین مەکتەبەکانی خوارەوەی یـەکێتی لـە زۆربـەی کاتەکانـدا کـە گونجاو بێت. لـەوەش زیـاتر، زۆربـەی جـار کرانـەوەی سیاسـیی تاڵـەبانی لەگـەڵ کـارو هەڵسوڕانە فرە خۆپارێزانەکەی مەسعود بەراورد دەکرێت.[XQ]

تەنانـــەت وێـــڕای کـــەمیی کـــۆنگرە نوێیـــەکان، بەڵگـــەکان لـــە چـــاوپێکەوتنەکانی ئەنـدامانی یەکێتیـەوە ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە ڕێکخراوەکـە یەکێکـە لەوانـەی پرۆسـەی دیموکراسـییانەی قنیاتکـەر لـە خـوارەوەی خۆیانـەوە تـاوەکو مەکتـەب سیاسـی بـە باشیی بـەڕێوەدەبات. هەرچـەندە، هـەژموونی تاڵـەبانی بەسـەر تێکـڕای کاروبارەکـانی یەکێتیـدا زۆربـەی جـار بەتایبـەت لەلایـەن پارتیـەوە وەك لاوازییـەکی سـەرەکیی بـە نموونـە ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت. وەك گریمانەیـەك کـە هەیـە، هـەروەها زۆربـەی جـار نەیارانـە، دەسـتەگەریی دەسـەڵات لـەنێو مەکتـەبی سیاسـیدا مانـای ئەوەیـە کـە دانیـشتنەکانی بڕیارسـازانی یـەکێتی، هێنـدێکجار، لـەئاکامی ناکۆکییـەکی تونـدی نێوخـۆیی لاواز بـووە.[XR] لـەوەش زیـاتر، بـەگوێرەی هۆشـیار زێبـاری لـە پارتیـدا، ئەنـدامانی سـەرکردایەتیی یـەکێتی لایـان درکانـدووە کـە پرۆسـەی بڕیارسـازیی لـە یەکێتـدا زۆر لەوەکـەی یـەکێتی ئاشـکراو یـەکانگیرترە، وێـڕای ئـەوەی تاڵـەبانی سەلماندوویەتی کە تاڕادەیەك گیرە، تەنانـەت سـەبارەت بـەو بڕیارانـەش کـە بـەتێکڕای دەنگ تێپەڕێنراوە.[XS]

هەرچـەندە، ئـەوە سـەختە کـە شـیکارییەك پێـشکەشبکرێت لـەبارەی بناغـەی قسەکانی هەرلایـەك کـە سـەبارەت بـەوەی دیکـە دەکرێـت. گـرنگ نیـە بـە چ شـێوەیەك سـەرنجڕاکێش دەبێـت. بـەڵام لـە بوارەکـەدا ئـەوە ئاشـکرایە کـە یـەکێتی بەتـەواویی

[81] هەمان سەرچاوە.

[82] عارف تەیفوری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی /کۆنگرەی یازدە تێبینیی پێدام کە کاتێك تاڵەبانی تـوڕە دەبێـت، کـەس ناوێرێـت لەگـەڵ بۆچـوونەکانی هـاوڕا نـەبێت. چاوپێکەوتن لەگـەڵ عـارف تـەیفور، سەلاحەدین، ١ سێپتەمبەر ١٩٩٩.

[83] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠.

هێزێکـی "یـەکگرتوو" نیـە کـە تاکـە ئاراسـتەکەرێکی هـەبێت. وەك بینیمـان، زامـنی بەهێزیی یەکێتی لە رابردوودا بۆ خرۆشاندنی سۆزی چین و توێژگەلێکی بەرفراوانی چەپگەرا دەگەڕێتـەوە، وەك چەترێك بۆ چەندین دەستەو تاقمی جیاواز هەڵدەسوڕا. تەنانـەت ئەمێـستاش یـەکێتی هێـشتا بـە دابەشـبوونێکی سـتوونی بەرچـاو جیادەکرێتەوە. هەرچەندە، پێویستە ئایا ئەو راستییەی کە پرۆسەی بڕیارسازیی لە یەکێتیـدا پـەرت وبڵاوە مانـای ئەوەدەگەیـەنێت کـە کاریگـەریی کـەمترە؟ ئەنـدامانی مەکتەبی سیاسی نکۆڵیی لەمە ناکەن کە هێنێکجار کۆبوونـەوەکانیان تاڕادەیەکی زۆر گـرژە، مەحەمـەد تۆفیـق، ئەنـدامێکی بـاڵا لـە مەکتـەبی سیاسـی تێبینییکـردووە کـە مشتومڕێکی ئازادانە لە دانیشتنەکاندا هەیە، گەلاڵـە هەڵسوڕاوەکان لەژێر هـەژموونی کەسایەتیە بەهێزەکاندایـە.[XT] سـەبارەت بەمـە تاڵـەبانی خـۆی گـوتی، وەك هێمایـەك بۆ پارتی:" من هەمیشە لەگەڵ زۆرینـەدا نیم، هـەر ئەندامـەو ئاشکرا کەسـایەتیی خـۆی هەیـە، لەگەڵ پرستیژی خۆشی. ئێمـە هـەموو پیـاوی "بـەڵێ" نـین.[XU] لـەوەش زیـاتر، تاڵـەبانی جـەخت لـەوە دەکاتـەوە :" ئـەوە خەونـە کـە یـەکێتی لـەئاکامی مـشتومڕی ئێمـەوە دابەشـبێت ، ئـەو هێـزو زینـدوویی حیزبەکـە پێـشاندەدات"[XV] بـەگوێرەی تاڵەبانی، ئەنجامی نـەبوونی فـەرمان لـە تاکـە کەسێکەوە لـەنێو دەزگـای بڕیارسازییدا ئـەوە دەگـەنێت کـە یـەکێتی کـۆت و بەنـد نـەکراوە، هـەروەها لەبەرئەوەشـە کـە جاروبـار وەك شێواو جاروبار وەك شێواو دێتەبەرچاو. هەرچـەندە، ئـەو هـەروەها گـوتی کـە ئـەو تەواو ئامادەیە کە هانی ئەم ئاکارە بدات وەك برەوپێدانی پرۆسـەی دیمـوکراتی لـەنێو حیزبدا.[XW]

سەبارەت بە بوونی دەستەگەریی بەهێزی دەسەڵات لەنێو یەکێتیدا، نـە تاڵـەبانی و نـە تاقمەکـەی نکـۆڵیی لـە شـتێکی وا ناکـەن. ئـەو لـەبری ئـەوە مەسـەلەیەکی وای وەك

[84] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

[85] چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[86] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، سلێمانی، ١١سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

[87] چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

بەڵگەیـەك ناســاند بــۆ بــوونی ئــەو سیاســەتکارانەی کــە پــشتگیرییەکی مــەزنی جــەماوەرییان بەدەســتهێناوە لــەنێو مەکتــەبی سیاســیدا، لەکاتێکــدا ئەوانــەی ئــەو پـشتگیرییەیان لەدەسـتداوە چـیدی لـەو پلەوپێگەیـەدا نـەماون. ئـەو تێبینییکـرد کـە دامەزرێنە رەسەنەکانی یەکێتی چیدی تەمەنی خەباتیان لە یەکێتیدا درێژە پێنـەداوە، یـاخود لـە پلەیـەکی خـوارەوەی سـەرکردایەتییدان. وەك عـادل مـوراد کـە ئەنـدامی دامەزرێنەری یەکێتیەو ئەمێستا بەرپرسی مەکتەبەکەیەتی لە دیمەشق. کەسانێکیش کـە لەسـەرەتاوە لـە یەکێتیـدا نـەبوون و لـەقۆناغێکی درەنگـتردا پەیوەنـدییان بـەو حیزبەوە کردووە بـەڵام کەسێکی ناسراو جەماوەریی بوون، وەك کۆسرەت رەسوڵ، ئەمێستا لە مەکتەبی سیاسیدان‌و بەهۆی پشتگیریی جەماوەرییەکەیانـەوە پێگەیـەکی کاریگـەرییان پەرەپێـداوە.[XX] هەرچـەندە، وێـڕای ئـەم تێبینییانـەی تاڵـەبانی، بزاوتـی سیاسـیی لـە یەکێتیـدا ئـەوە پێشاندەدات کـە حیزبەکـە بـە دابەشـبوونێکی سـتوونی جیادەکرێتــەوە. ئــەم دابەشــبوونە بەشــێوەیەکی بەرچــاو دوای ٣١ی ئــابی ١٩٩٦ دەرکـەوت، کاتێـك یـەکێتی لـە هـەولێر دەرپـەڕێنرا. هەربۆیـە لـەم بەروارەوەیـە کـە شیکاریی ستراکتۆری دەسەڵاتی هاوچەرخی یەکێتی دەستپێدەکات.

دەتوانرێت تـەکنیکی رێبەرایـەتیی تاڵـەبانی بـەوە بناسرێت کـە بـەڕێوەبردنی ئـەو دابەشــبوونە سروشــتییە بەرجەســتەیەی نێــو یەکێتیــەو دەتوانرێــت تــەکتیکی رێبەرایەتییەکــەی سیاســەتی تاڵــەبانی بــۆ هاوســەنگیی باڵــە جۆربــەجۆرەکان جیابکرێتـەوە. بۆنموونـە: لـەنێو بـاڵی زێـدە رادیکـاڵی کۆمەڵـەو هـەروەها بـاڵی زێـدە سوننەتیی شۆڕشگێراندا. بەتایبەتی لە ئووتی ١٩٩٦ەوە،لەنێوان رێکخستنی یەکێتی هــەولێرو ئەوەکــەی ســلێمانی-کەرکوکــدا. وێنــەی ٥ :٤ هێڵکــاری پەرەســەندنی دابەشبوونەکانی نێو یەکێتی دەنوێنێت.

یەکێتی بە درێژایی مێژووەکەی بەجۆرە دابەشبوونێکی نێوخۆیی جیاکراوەتەوە، بەڵام بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەم دابەشبوونە یەك لەو هۆکارە بنەڕەتییانەیە کە

---

[88] هەمان سەرچاوە.

وایکرد یەکێتی بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان وەك هێزێکی جەماوەریی بمێنێتەوە. ئەوەی ڕێی بە حیزبەکەداوە ڕووی بانگەوازی ئاراستەی بنکەیەکی جەماوەریی چەپگەرا بکات. هەروەها دەردەکەوێت کە شارەزایی و وریایی تاڵەبانی لە بەڕێوەبردنی ئەم گرژیو بارە بەردەوامەدا سوودی بە پێگەی تاڵەبانی وەك رابەر گەیاندووە، بەوەی زۆربەی جار جەماوەرییترین سەرکردەکانی یەکێتی لەگەڵ کەسایەتیی کارێزمایی خۆی بەڕێوەبردووە.




وێنەی ٥: ٤ دابەشبوون لەناو یەکێتی دا ١٩٧٥-١٩٩٩.

تاڵەبانی لەساڵانی هەشتاکاندا ئەم ئەرکەی جێبەجێکردووە، کاتێك دابەشبوون لەنێوان دوو باڵەکەی یەکێتیدا، کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان دەرکەوت. هەرچەندە لەکۆتایی نەوەتەکاندا دابەشبوون لەنێو یەکێتیدا زیاتر جوگرافییە تا ئایدیۆلۆژیی. بەتایبەت پاش داگیرکردنی هەولێر لەلایەن هێزەکانی عێراقیی-پارتییەوە لە ئووتی/ئابی

١٩٩٦داو گەڕانەوەی پاشتری یەکێتی بۆ سلێمانی. دەتوانرێت یەکێتی بە دابەشبوون لەنێوان ئەندامانی سلێمانەیی و کەرکوکیی و ئەوانەی هەولێرییەکان جیابکرێتەوە.

بەهۆی رووداوەکانی ئووتی ١٩٩٦ەوە، رێکخستنی یەکێتی لە هەولێر لەلایەن کۆسرەت رەسوڵەوە رێبەرایەتیی دەکراو رایکردە سلێمانی و خۆی لەنێو ریکخستنی یەکێتی و ح هـ ك دا دامەزراندەوە، هەرچەندە، گرێدانی ئەندامە هەولێرییەکان لەگەڵ رێکخستنی سلێمانیدا بێ گیروگرفتی خۆی نەبوو. هەروەها بە پێچەوانەی دابەشبوونەکانی پێشوو، ئەم هەلومەرجە نوێیە وایکرد کە تاڵەبانی بە زەحمەت ململانێیەکە بەڕێوەبەرێت، لەکاتێکدا کۆسرەت لە بنکەیەکی جەماوەری بێهاوتا بەرخوداربوو.

کۆسرەت بەشێوەیەکی ئاسایی پێگەی سەرۆك وەزیرانی لە ح هـ ك/سلێمانی بەدەستهێنا، ئەو پێشتر لە هەولێریش پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەبوو. هەروەها زۆر لە ستاڤ هەولێرییەکانی لە پۆستە سەرەکییەکانی وەزارەتەکاندا دانا.[XY] ئەو لەڕووی کارگێڕییەوە هەنگاوێکی حەکیمانەبوو، چونکە زۆر لەو ستافە هەولێرییە شارەزایی و ئەزموونیان لە کاروباری حکومەتدا هەبوو، هەروەها کارگێڕییە نوێیەکە لە پێگەیەکی وادابوو کە بەخێرایی دەستبەکار بوو. هەرچەندە، توندیی و دژوارییەکی جدیی لەنێو یەکێتیدا هەیە، بەتایبەت لە نێوان کۆسرەت رەسوڵ و جەبار فەرمانی فەرماندەی پێشمەرگەدا، هەروەها گرفتەکان لەنێوان کادرە دامەزراوەکانی سلێمانی و هەولێرییە تازە گەیشتووەکاندا ببووە شتێکی بەربلاو. محەمەد تۆفیق تێبینییکرد کە:

" گرفتی بنەڕەتیی لەگەڵ تێکرای ئەو هەولێرییانەدا هەیە کە هاتوونەتە سلێمانی، بەلام گرفتەکان لۆجستین و سلێمانی شوێنێکە لەهەولێر بچووکترە." [YP]

---

[89] هەرچەندە، لەڕووی ژمارەوە جەلال تاڵەبانی تێبینییکرد کە لە ئووتی ١٩٩٦دا تێکڕای ئەندامانی یەکێتی لە هەولێر نزیکەی ٤٥٠٠٠کەس بوو ، لەوانە تەنیا ٥٠٠٠یان ئاوارەی سلێمانی بوون. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، سلێمانی، ١١سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

[90] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

ئەوناوچانەی کە لەبندەستی یەکێتیدا بوون بەشێوەیەکی بەرچاو کەرت بوو. هەروەها شارە بچووکەکەی سلێمانیش ئەمێستا کابینەیەکی تەواوی جێبەجێکردنی تێدایە، شانبەشانی ئۆفیسەکانی پارێزگای سلێمانی، کە لە بنەڕەتدا وایکردووە ئەوەی دوواییان تووشی جۆرە هەڵپەساردنێك ببێت. کۆسرەت لە لابردنی پارێزگارەکانی وەك فەریدون عەبدولقادرو دواتر سالار عەزیزو دانانی حاکم قادر حەمەجان کۆنە بەرپرسی ئاسایشی هەولێری لە پۆستی پارێزگار سەرکەوتنی بەدەستهێنا. پارتی هەروەك لێیان چاوەڕواندەکرێت، گورجانە ئەو گوشارە دەناسێنن کە بۆتە پەتایەکی یەکێتی بەدرێژایی سالأنی نەوەتەکان، سەبارەت بە گەنگەشە لەمەڕ ئەمە، سامی عەبدولڕەحمان تێبینییکرد کە :" کۆسرەت هەمیشە بۆ یەکێتی گرنگ دەبێت، ئەوان وا حیساب دەکەن کە ئەو دەتوانێت هەولێریان بۆ بسێنێتەوە. ئەو ئەو کارەی پیێ ناکرێ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە ئێستا ئەو سلێمانی بۆخۆی بردووە." [91]

هەرچەندە، دەگونجێت ئەمە بیرکردنەوەیەکی خوازیارانە بێت لەلایەن پارتیەوە تا ئەوەی دەرهاویشتەی هێڵێکی سەرکردایەتیی یەکێتی بێت، دەشێت کۆسرەت تەنیا کەسایەتییەك بێت کە ئەوان پێیان وابێت گرفتێکی جدییان لە هەولێردا بۆ پێکبێنێت، کۆسرەت دەگونجێت زێدەتر لەهەر سیاسییەکی تر لە کوردستانی عێراقدا وەك پیاوی جەماوەر بێتەبەرچاو. بنکەی پشتگیرییەکی بەهێزە، بەتایبەت لەنێو چینی کرێکاری شاری هەولێر، هەڵسوڕانی ئازایانەشی وەك فەرماندەی پێشمەرگە خۆشەویستییەکی کوێرانەی خەڵکی بۆ هێناوەتەئارا. بەهەمانشێوە، مێژووی جەنگاوەرانەی مانای ئەوەیە کە ئەو هەست بە ئازادیی دەکات لە گوتنی ئەوەی بە سیاسەتکارانێك چ پارتی بن یا یەکێتی. لەنێو یەکێتیدا، ئەو کەسایەتییەکە کە خاوەنی بایەخ و نفوزێکی بەرچاوەو پتەوە. هەرچەندە، کۆسرەت هەروەها لەلایەن زۆربەی کادرانی پارتیشەوە ڕێزلێگراوە، بەتایبەت لەلایەن مەسعود بارزانیەوە.

---

[91] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٩ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

لەنێو ئەم گەمە ئاڵۆزەدا، بزاوتێکی زیاتر لەسەر دووەمین ڕێبەری نافەرمیی یەکێتی، نەوشیروان مستەفا ئەمین چڕ دەبێتەوە. کە پێشتر سەرکردەیەکی کاریگەری کۆمەڵە بووەو ڕێبەرێکی ئایدیۆلۆژییکی ناسراوە. نەوشیروان بەرجەستەی کەسایەتییەکی تێکەڵەی دەزگایی-مێژوویی سەیر دەکات. بەشێوەیەکی دژوار لەنێو یەکێتیدا ناوابەستەیە، وێڕای کەسایەتییە سیاسییەکەی کە لانیکەم هاوتوانای کۆسرەتە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە پاش جەلال تاڵەبانی ڕێبەرایەتیی بۆ کێ دەبێت؟ کام لەم دوو سەرکردە دەبنە رابەری یەکەم، لەگەڵ ئەوەی هەردوو کەسایەتییەکە لەپێشەوەن. هەرچەندە، هەروەك لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دژوارییەکە بەشێوەیەك هێور بووەوە. کاتێك کۆسرەت بۆ چارەسەری برینداریيەکەی لە جەنگدا ماوەیەکی لە بەریتانیا بەسەر برد ، نەوشیروانیش جیوەئاسا لەدەریای سیاسەتی کوردییدا مەلەی دەکرد. بۆ نموونە، لەساڵی ٢٠٠٠دا بۆ پۆستو مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵبژێردرا، کەچی ئەو، ئەو پۆستەی پەسەند نەکردو لەو شوێنە هەڵنەسوڕا.[٩٢] هەروەها ئەوەی هەڵبژارد کە ببێتە راوێژکاری سیاسیی یەکێتی، وێڕای تێکڕای هەموو ئەو کاریگەرییانەی لەسەر ئاراستەکانی هەن.

یەکێتی لەکاتێکدا دەژی کە دەگونجێت بەهێز یان لاواز بێت. دابەشبوونی ناو حیزبەکە بەڕادەیەکی زۆر ناسەقامگیرە، هەرچەندە، لەوانەیە کۆسرەت تاکە سیاسەتکاری کوردبێت ئەو توانایەی هەبێت دەستە سیاسییە پەرتەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. ناوبانگی ئەو وەك پێشمەرگەیەك، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی سەبارەت بە چۆڵکردنی هەولێری لە ساڵی ١٩٩٦دا، بۆ پێگەیەکی باڵادەستی دەسەڵاتدار لەنێو یەکێتیدا سەریخستووە، ئەوەی کە تەنیا دەتوانرێت لەلایەن کەسێکی هەمیشە سەرنجڕاکێشی وەك نەوشیروان مستەفاوە رکابەری بکرێت. هاوسەنگیی دەسەڵات لەنێو یەکێتیدا و لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییە لە ئایندەدا بزاوتێکی سەرەکیی پەرەسەندنی ئایندەیی سیاسەتە کوردییەکەی عێراق دەبێت.

---

92 چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، سلێمانی، ١١سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

بەڕێوەبردنی دەستبەجێی ئەم هاوسەنگییە هەمیشە کەوتۆتەسەر تاڵەبانی. سەبارەت بە یەکێتی کە دانوساندنێکی سەرکەوتووانەی ساڵانی داهاتووی بە سەلامەتی بچێتەپێش دەوەستێتە سەر توانای تاڵەبانی، لە ئاستێکی کەمتریشدا نەوشیروان و کۆسرەت. بە ڕێنماییکردنی ئەم پارتە سەرسەختە لەم ماوە سەختەدا. لەساڵی ٢٠٠٠دا، یەکێتی بە ئاراستەیەکی بەرچاوی چاکبوونەوەی لەو ناسەقامگیرییە هەنگاوی داناوە. یەکێتی، وەك پارتێکی سیاسیی، لەنێو سلێمانی و هەروەها هەولێریشدا جەماوەریی ماوەتەوە، وا دەردەکەوێت کە جەماوەر بەشتێکی ئاسانی ببینێت کە پشتگیریی خۆی ببەخشێتە کەسێکی ئاڵۆزو تەماویی وەك تاڵەبانی و دارودەستەکەی. هەروەها شتنی بەرگی چڵکنی یەکێتی بە ئاشکرا شتێکە دانیشتوانی کوردی عێراقی بۆ ماوەیەکی بەرچاو تێدا بەکارهێنراوە. بەگەڕانەوەی نەوشیروان و بەڵگەی هاوکاریی نێوان کۆسرەت و نەوشیروان، دژوارییەکانی نێو یەکێتی کەمدەبێتەوە. دووبارە، ئەمەش دەتوانێت ڕەنگدانەوەی دانپێدانانی تاڵەبانی بێت بە پێگەی جەماوەری کۆسرەتدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئامۆژگارییە توندەکانی نەوشیروانەوە ئاسانکراوە.

## ئەنجامگیریی

حیزبەکە پێویستە بمێنێتەوە. لەنێو یەکێتیدا، سەرکردایەتیی ناوەندیی کەسایەتیی بەهێزی لەخۆگرتووە کە پشت بە بە بنکە پشتگیرییەکەی خۆیان دەبەستن. لەکاتێکدا ئەوانە هەموویان بە تاڵەبانی وەفادارن، پرۆسەی بڕیارسازیی لەنێو یەکێتیدا بەم دابەشبوونانەوە زیندوو چالاکە. لەوانەیە فرە گرنگتر، هەرچەندە، هەردوو حیزبەکە مەیلێکی میراتگریی توندیان لە ستراکتۆری سەرکردایەتییدا هەیە، لەگەڵ مانۆڕی مەسعودو جەلال تاڵەبانی کە خۆیان بۆ پێگەیەك داناوە کە وەك سەرکردەی ڕێکخراوەکەیان بمێننەوە، لەکاتێکدا هەوڵی هاندانی پرۆسەی دیموکراتیی زێدەتر لە حیزبەکەی خۆیاندا دەدەن. ئەمێستا، پێدەچێت کە ئەم بزاوتە نێوخۆییە لەنێو هەردوو حیزبەکەدا بەشێوەیەکی کاریگەر دەستی بەسەردا گیرابێت. هەروەها چەشنە

هاوسەنگییەکی نێوخۆیی بەدەستهاتبێت، بەتایبەتیی لەنێو پارتیدا، هەرچەندە، هێشتا چەندین کێشەوگرفت لەبەردەم هەردوو حیزبەکەدا ماوە، هەروەها هەردووکیان دەگەنە قۆناغێك لە دەرکەوتنی تاقمێکی نوێو زۆربەی جار دژبەر لە لاوانی چالاك لەنێو ریزی حیزبەکانیاندا. ئەوانەی هەمیشە رکابەری شێوازەکانی هەڵسوڕانی باو دەکەن. ئەمە بۆخۆی گرفتێك نیە، بەڵام هەریەك لە مەسعودو تاڵەبانی پێویستیان بە کاتە تا سەقامگیریی حیزبەکەیان زیاتر بکەن، وەك دەزگای پێگەیشتوو کە بتوانێت پیلانە نێوخۆییەکان هەڵچنێت پێش ئەوەی جارێکی دی خۆی لەگەڵ هەمان سیستمی سیاسیی یەکبخاتەوە.

لەئێستادا، ئەگەر رێکەوتننامەی واشنگتۆن سەرکەوتووانە جێبەجێبکرێتو پارتیو یەکێتی لەراستییدا لە یەك سیستمدا یەك بگرنەوە، زۆر گونجاوە ئەو ناسەقامگیرییەی لە سیستمە دابەشبووەکەدا دەرکەوتووە مەزنتربێت. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦دا، نە پارتیو نە یەکێتی تا ئێستا بەتەواویی لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیشتوون لە بوارەکانی هەڵسوڕانی سەقامگیرانەی پرۆسەی بڕیارسازیی نێوخۆییان تاکو بگلێنە نێو سیستمێکی سیاسیی کە تێیدا بۆخۆیان یاریزانێکی سەرەکیی بێڕکابەرو ململانێی نەبن. تاکو ئەم سەقامگیرییە بەدیبێت، سیستمێکی سیاسیی دابەش رێی ئەوەیان پێدەدات ناجێگیریی و توندییەکانیان بە ئامانج بگەن بێئەوەی لە چالاکییەکانی "لایەنی دیکە" نیگەرانبن و بسڵەمێنەوە. هەر سیستمێکی یەکگرتوو بێ نۆرمێکی تەوافوقیی گونجاوو خۆپارێز ، بۆنموونە وەك بوونی هەردوو حیزبەکە لە حکومەتێکدا، بەئاسانی دەبێتە هۆی گواستنەوەی ناسەقامگیرییە نێوخۆییەکانی حیزبەکە بۆسەر شانۆ سیاسییە مەزنەکە.

# بەشی شەشەم : ستراکتۆری حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان

خۆبەڕێوەبردنو خودموختاریی کە ئامانجێکی خەونئامێزو یۆتۆپیایی حیزبە سیاسییەکانی کورد بوو، ئیدی بووە راستییەکی بەدیهاتوو لەنێوەرۆکی سیستمە سیاسییەکەدا. رووداوەکانی سەرەتای سالانی نەوەتەکان، کە بە داگیرکاریی بۆ کوێت دەستپێکردو بە تێکشاندنی عێراق گەیشتە ترۆپك، هەروەها راپەڕینو کێشانەوەی دەزگا کارگێڕییو هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە باکووری ولات، دەرفەتێکی بێهاوتای بۆ کورد هێنایەئارا تا هەرێمەکەی خۆیان بەڕێوەبەرن. زێدەڕۆیی نیە کە دامەزراندنی ح ھ ك بە تاکە رووداوی هەرە گرنگ لە مێژووی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا لە قەلەمبدرێت.[1] هەرچەندە رەخنەکردنی خۆبەڕێوەبردنی کوردان لەنێو هەریەك لێکدانەوە ئەکادیمیستیو رۆژنامەوانییەکاندا فرە بەربلاوبوو. ئەکادیمستان سەبارەت بەسەرکەوتنی قەوارەکە بەتایبەت لەڕووی ئاسایشی نێوخۆییو ئارامییەوە، دەیانپرسی. بۆنموونە، "مایکل گوینتەر" پاش تێبینییکردنی ح ھ ك لەسالی ١٩٩٢دا، شیکارییەکەی خۆی سەبارەت بە "کێشەی کورد لەعێراق" بە پرسیاری "بۆ هەموو شتەکان بەو هەموو هەلەیەوە تێپەڕین؟" دەستپێکرد.[2]

رەخنەکردنی ئەزموونی حکومەتی هەرێم تا سالی ١٩٩٦ بەشێوەیەکی رێژەیی کارێکی ئاسانە، حیزبە سیاسییە کوردییەکان بەنیازپاکییەوە دەستیان بە هەلبژاردنێکی فرە حیزبیی لە مایۆی ١٩٩٢دا کرد. سیستمی ٥٠ بە ٥٠ کە لەڕووی کردارییەوە شیاو بوو بەلام شێوازێکی بەشداریی فرە فشەلی دەزگا حکومییەکانی پێکدەهێنا کە پشتی بە پاراستنی ئەو هەماهەنگییەی نێوان پارتیو یەکێتی دەبەست. کاتێك ئەم هاوسەنگییە گۆڕا، سیستمەکە لەڕووی کردارییەوە بووبە

---

[1] ئەم بەیاننامەیە بەتوندیی لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە لە نێو یەکێتیدا پشتگسرری کرا":
چاوپێکەوتن لەگەل نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی ژووئیە ١٩٩٩.

[2] M. Gunter, *The Kurdish Predicament in Iraq*, 1999, pp. viii–ix.

شتێکی نەشیاوو هەروەها هاندەرێکی دیکەی تێکچوون بوو بە ئاراستەی ململانێ‌و ڕووبەڕووبوونەوە.

بەردەوامبوونی ئەم ڕەخنەگرتنانە پاش دامەزراندنی سێیەمین کابینەی دابەشبووی ح هـ ك لە هاوینی ١٩٩٦ەوەو دواتر کابینەی چوارەم بەشێوەیەکی ڕێژەیی شتێکی دروستە. ئەوە ڕاستە کە ڕووداوەکانی ئەو ساڵە بە هەرە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ساڵانی نەوەتەکان بۆ کورد لەقەڵەمدەدرێت‌و زیانی لە یەکێتی قەوارە سیاسییەکە دا. هەرچەندە، هەلومەرجەکەی دواتر هاتەئارا، بە ستراکتۆرێکی سەقامگیر دەناسرێتەوە بەوەی کە حکومەتە دابەشبووەکەی هەرێمی کوردستان چالاکانە حوکمی هەرێمەکە دەکات، هەڵبەتە بە نەزم‌و ڕێکخستنێکی تەپۆو ناکاراوە.

ح هـ ك لە دوو باسی سەربەخۆدا شیکراوەتەوە. یەکەم پێویستە قامك بخرێتە سەر کەموکووڕییەکانی یەکەمین‌و دووەمین کابینە کە بوونە هۆی شەڕی ناوخۆ، پاشتر بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی کابینە دابەشبووەکانی سێیەم‌و چوارەم بدرێت. لەلای من کوردان بەڕێکەوت بەسەر سیستمێکدا کەوتن کە دابینکەری وڵامی ئەو پرسیارە بوو کە چۆن دەستبەجێ هەریەك لە پارتی‌و یەکێتی ڕازیبکات، لەهەمانکاتیشدا نیگەرانی دەوڵەتانی دەورووبەرو هێزە ڕۆژئاواییەکان کەمبکاتەوە. ڕووخساری ستراکتۆری ح هـ ك و هەڵسوڕانی بڕیارلێدراوی میکانیزمەکەی لەم باسەدا کۆکراوەتەوە، کە پاشان پرۆسەی بڕیارسازیی‌و بەهێزی‌و لاوازیی سەرەتایی سیستمەکەی بەدوادادێت.

بوونی ح هـ ك هۆکاری نیگەرانییەکی قووڵی وڵاتانی دەورووبەر بوو. ئەوانەی خوازیارنەبوون بەهێزبوونی سیستمە سیاسییە کوردییەکەی عێراق لەڕێگەی دامەزراندن‌و پاشتر بەدەزگاییکردنی کارگێڕییە خۆماڵییەکە ببینن. هەربۆیە شیکاریی ئەم سیستمە هێندەی شیکاریی حیزبە سیاسییەکان خۆیان سەخت‌و ئەستەمە. لەوەش زیاتر، کوردستانی عێراق کە هێشتا لەژێر دوو گەمارۆدایە، زۆربەی هەڵسوڕێنەران چاوەڕێی کارگێڕییەکی فرە شێواویان دەکرد. هەربۆیە سەختە شیبکرێتەوە. لەبەرئەوە ئامانجی ئەم باسە:

١- دابینکردنی مێژوویەکی سیاسیی پێکهاتنی ح ه ك.
٢- شیکاریی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٣(١٩٩٢ راستە-سەردەشتیی)و هەروەها
٣- پێشاندانی نموونەی ستراکتۆری رێکخراوەیی و پێکهاتەیی مۆرفۆلۆژیی ح ه ك.

پێش دەستپێکردن بە شیکاریی ئۆرگانەکانی حکومەتیی و کارگێڕیی سیستمە سیاسییە کوردییەکەی عێراق، پێویستە پەرە بە تێگەیشتنێکی دروست سەبارەت بە نموونەو شێوازی رێکخستنی بەشە بنەڕەتییەکانی ح ه ك (نموونە مۆرفۆلۆژییەکەی) بدەین. ئینجا پێویست بە شیکاریی ئەو ئاکارە بڕیارلێدراوە دەکات کە تێیدا مەزندەی هەڵسوڕانی سیستمەکە دەکات(نموونەی دەرکەوتنی زانیاریی).

راهێنانێکی بەم چەشنە راژەی چەندین مەبەست دەکات. یەکەم: مشتومڕە مۆرفۆلۆژییەکان سەبارەت بە ح ه ك روونەدەکاتەوە. دووەم: خاڵی دەستپێکی شیکاریی داهاتوو سەبارەت بە پرۆسەی بڕیارسازیی فەراهەم دەکات. ح ه ك هەر لەسەرەتای پشکووتنییەوە چەندین گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، هەروەها تێگەیشتنی ئەوەی کە ح ه ك لە بنەڕەتدا چی بووەو بۆچی پەرەیسەندووە، بابەتێکی سوودمەندە. سێیەم: فەراهەمکردنی شیکاریی مۆفۆلۆژیی ح ه ك یەکەمین هەنگاوی تێگەیشتنی پرۆسەی بڕیارسازیی دابیندەکات. بۆ مەبەستەکانی ئەم باسە، هەستاوم بە دابەشکردنی ح ه ك بەسەر : ئەنجومەنی نیشتیمانی، جێبەجێکردن، دادوەریی دا. لە باسەکانی دیکەدا بەشێوەیەکی بەردەوام ئاماژە بە رۆڵی سەرکردایەتیی دراوە، بەتایبەت کاتێك کە پرۆسەی بڕیارسازیی شیکرابێتەوە.[3]

[3] ئەم دابەشبوونە هاوجووتە لەگەڵ پێوانەی ئەو دابەشبوونانەی لە تێکستەکانی حوکمەتە بەراوردکارییەکاندا دەبینرێتەوە، من وامداناوە کە ئاماژە بەلایەنی سەربازیی نەدەم چونکە توانای سەربازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستی حیزبە سیاسییە هەژموونداره‌کاندایەو لەبندەسەڵاتی ح ه ك دا نیە.

## پاش راپەڕین

پێدەچێت ئەو ماوە کەمەی پاش کێشانەوەی حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراقدا وەك رۆڵێکی کاریگەر لەپەرەسەندنی دەوڵەتە دیفاکتۆکە کوردستانی عێراقدا بێتەبەرچاو. بەرەی کوردستانی ناچاربوو بڕیارگەلێکی خێرا سەبارەت بە کارگێڕییەکی ئاوارتە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بدات کە نەبێتەهۆی تووڕەکردنی وڵاتانی دەوروبەر. شانبەشانی ئەم ئەرکە قورسانە، بەرەی کوردستانی رووبەڕووی هەلومەرجێکی فرە دژواری سەربازیی ببووەوە، دواتر دانوساندن لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەروەها پاشتر گەمارۆی ئابووریی نێوخۆیی و کێشانەوەی هەموو دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی ناوەندیی.[T]

پاش کێشانەوی حکومەتی عێراق، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ تەکنۆکراتەکانی کوردستانی عێراق ئەنجامدا. لە وەسفکردنی ئەم کۆبوونەوانەدا، مەسعود بارزانی پێیگوتن کە ئەزموونی ئەوو هەروەها ئەزموونی پێشمەرگە لە وێرانکردنی پردو بڕینی کارەبا و وێرانکردنی جادەوباندایە.[U] لەبەرئەوە بارزانی بانگەشەی ئەوەیکرد کە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی داوای یارمەتیی لە ئەندازیارانی بیناسازیی و تەکنۆکراتان دەکات بۆئەوەی هاوکاربن لە بنیاتنانەوەی ژێرخان و لایەنی کارگێڕیی هەرێمەکە. کاتێك لەم کارو هەڵسوڕانانەدا جەخت لەڕۆڵی پارتی کرایەوە، بارزانی گوتی :" پارتی یارمەتی چەندین خەڵکی شارەزای بەدەستهێنا، ئەوانەی هاوکارییان لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا کرد تا سەقامگیریی بێتەئارا. هەماهەنگییەکی باش لەنێوان پێشمەرگەو تەکنۆکراتەکاندا هەبوو."[V]

---

[4] .چاوپێکەوتن لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم، هەولێر، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەری رەش، ٢٢ ئووت ، ١٩٩٩.

[6] هەمان سەرچاوە.

## حکومەتی ئاوارتە

حوکمڕانی بەرایی هەرێمە لە ڕێگەی ستراکتۆری پارێزگاکانەوەو پێشمەرگەکانی حیزبە سیاسییەکانەوە بەڕێوەچوو.[W] گرنگە درك بەوە بکرێت کە لەو کاتەدا لەئاکامی ئەو وێرانکارییەی ژێرخانی ناوچە گوندنشینەکان بەدرێژایی دە ساڵی پێشوودا، زۆرینەی دانیشتووان لە ناوچە شارنشینەکاندابوون، ئەمەش پێویستی سیستمێکی ئاوارتەی بۆ شارو شارۆکەکان کردە مەسەلەیەکی پێویست.[X] نەوشیروان مستەفا، تێبینییکرد کە:"...لەم کاتەدا شتێکی ئەوتۆی وا نەمابوو بۆ بەڕێوەبردن. جەنگی ئێران–عێراق گوندەکانی رامالیبوو، هەروەها ئەنفالیش باقییەکەی دیکەی وێرانکردبوو، هەموو ئەوەی مابووەوە تەنیا شارو ئۆردوگاکان بوون، نە گوندو نە شارۆکە"[Y]

بەرەی کوردستانی ناوچە شارنشینەکانی بەسەر چەند هەرێمێکی فەرمانڕەوایەتییدا دابەشکرد کە لە چەند لیژنەیەك پێکدەهات. ئەندامانی سەر بە پارتە جیاوازەکانی نێو بەرە بوون. بۆ نموونە، سلێمانی لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوەدەبرا کە لە یەکێتی، پارتی ، پاسۆك‌و حسك پێکهاتبوو.[QP] لەم ماوە ئاوارتەیەدا، لیژنەکانی فەرمانڕەوایەتیی رەنگدانەوەی فرە رەنگیی سیاسیی هەرێمەکە بوو، بەمانایەکی کرداریی واتە هەر ناوچەیەك لەلایەن حیزبێکی سیاسییەوە کۆنترۆڵکرابوو.[QQ]

---

7 هەمان سەرچاوە.

8 چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ۱۰ ئووت ۱۹۹۹،. مەسعود بارزانی، سەری رەش، ۲۲ ئووت ، ۱۹۹۹.

9 چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ۱۰ ئووت ۱۹۹۹.

10 چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەلاچوالان،۸ ئووت ۱۹۹۹ ،. نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ۱۰ ئووت ۱۹۹۹،. مەسعود بارزانی، سەری رەش، ۲۲ ئووت ، ۱۹۹۹،. عارف تەیفور، سەلاحەدین، ۱ سێپتەمبەر ۱۹۹۹.

11 N. Talabany, The Kurdish View on the Constitutional Future of Iraq, London, 1999, p. 144

هەلومەرجەکــە مــانگێکی خایانــد پێــشئەوەی حکومــەتی عێــراق دژەهێرشــی ســەرکەوتووانەی خــۆی دژی پێــشمەرگەکانی بــەرەی کوردســتانی دەســتپێبکاتو زۆربـەی ئـەو ناوچـانە بگرێتـەوە کـە پێـشتر لەدەسـتیدابوو.[12] دواتـر حکومـەتی عێـراق کشایەوە، گەمارۆی ئابووریی لەباشوورەوە خستە سەر کوردستانی عێراق، وێڕای گەمارۆکـەی کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتیی. دیـسانەوە بـەرەی کوردسـتانی گەڕایـەوە بـۆ سیـستمی فەرمانڕەوایـەتیی لیژنـەکانو بەتێکـەڵی لەگـەڵ سـتراکتۆری پارێزگاکانـدا. تـاکو هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٩٢.[13] لـەم ماوەیـە ئاوارتەیـەدا پـشتبەستنێکی فـرە بـە ئۆرگانەکانی ستراکتۆری پارێزگاکان هەبوو. تەنانەت لەبوونی حکومەتی ناوەندیشدا، ستراکتۆری پارێزگاکان وەك خۆی بەساغیی مانەوە. هەڵبەتە وەك ئۆفیسێکی ساکارو رووخـساری بـێ سـتاف کاروبـەڕێوەبردن، چـونکە کارمەنـدانی سـەر بەحکومـەت هــەڵاتبوون. کارمەنــدە کوردەکــانیش هــەمان ئــەزموونی کاروهەڵــسوڕانیان لــە سیستمەکەدا لەسایەی کارگێڕی حکومەتی عێراقدا هەبوو.[14]

ئــەم سیــستمە ئاوارتــە بەراییــەی فەرمانڕەوایــەتیی، تــەواو رێکــەوتو سـەرپێیی و چـەندین گـرفتی جـدیی هـەبوو، بـەرەی کوردسـتانییش نـە دەسـەڵاتێکی بڕیارسازی بەردەوامو نە توانای کۆنترۆڵی تەواوی هێزەکانی ناوخۆی هەبوو.[15] جەلال تاڵـەبانی کرۆکـی کێـشە بەراییـەکانی دەستنیـشانکرد کاتێـك گـوتی کـە :" ئێمـە لەشـاخەوە هـاتین، وەك پێـشمەرگە خۆمـان راهێنـابوو، ئێـستا پێویـستە شـارەکان بەڕێوەبەرین."[16] گوینتەر کێشەی زێدەتری ناساندووە، ئەو راپۆرتێکی لەسەرەتای

---

[12] بۆ زیارتر لە دژە هێرشەکانی حکومەتی عێراق بڕوانە چاوپێکەوتنەکەی نەوشیروان مستەفا لە:
J. Randal, After Such Knowledge, What Forgiveness: My Encounters with Kurdistan, New York: Farrar, Straus & Giroux, 1998, pp. 46–50.

[13] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

[14] چـاوپێکەوتن لەگــەڵ ســامی عەبــدولڕەحمان، ســەلاحەدین، ٢٧ ژوون ١٩٩٨،. هۆشــیار زێبــاری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

[15] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

[16] چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

ساڵی ١٩٩٢ەوە وەرگرتووەو ئەوەی پێشکەشکردووە کە" ...باقی دەسەڵاتە مەدەنییەکەی عێراق لەم هەرێمەدا لەلایەن بەغداوە لە بەڕێوەبەرایەتیی و پارە بێبەشکرابوو، بەلام نەبوونی ئاراستەکردنی لەلایەن هەر دەسەڵاتێکی ناوەندیی کوردیی، نزیکەی ئیفلیجی کردبوو.[QW]

لەوەش زیاتر، پرۆسەی بڕیارسازیی لەو ستراکتۆرە ساوایەی دەسەڵاتە کوردییەکەدا سەلماندنی پڕگرفتە. لە سیناریۆیەکدا کە پاش هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ دەرکەوت، خولیای کوردیی بۆ دادپەروەریی و دیموکراسیی لەنێو ئەو ئامرازانەی بڕیارسازییە سەرەتاییەدا ئیفلیج بوو بەهۆی بوونی بەندو باوێکەوە کە تەنانەت لە دیموکراتییە لیبراڵەکانیشدا نەبووە. بۆنموونە، هەر ئەندامێکی بەرەی کوردستانی توانای بەکارهێنانی ڤیتۆی دەسەڵاتی هەبوو، کە وایکرد ژمارەیەکی کەم بڕیاری گرنگ بێتەئارا.[QX]

## دامەزراندنی بنەما یاساییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت

بەرەی کوردستانی زۆر پێویستی بە فۆرمەڵەکردنی هێندێك شێوەی هەڵسوڕانی دەستووریی هەبوو پێشئەوەی پرسی خود موختاریی چارەسەربکات. هەرچەندە، پێگە سیاسییەکەی غەددار بوو، کێشانەوەی کارگێڕی حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراق لەلایەن زۆر لە سەرکردایەتیی کوردەوە وەك داوێك دەبینرا. خولیای راگەیاندنی دەوڵەتێکی خودموختارو مەزن هەبوو. هەرچەندە، کارێکی بەو چەشنە لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، وێڕای دەوڵەتی عێراق، رووبەڕووی بەرهەڵستکارییەکی مەزن دەبووەوە. محەمەد تۆفیق تێبینییکرد کە:" ئێمە

---

[17] M. Gunter, *The Kurds of Iraq*, 1993, p.88, quoting ‘Barzani Cited on Disputes within Kurdistan Front’, *Al-Hayat*, London, 22 December 1991, p.5, cited in *FBIS-NES*, 3 January, 1992, p. 25.

[18] Gunter (1993) op. cit., p. 89.

**دەستووریێکمان نەبوو، وەك ئەوەی کە بەرەی کوردستانی دەبوو فرە وریا بووایە لە برەوپێدانی ئەو شێوازە گۆڕانکارییە جیایانەی لە ساڵی ١٩٩١ دا هاتبووەئارا.** [QY]

**ئەو ئاراستەیەی لەلایەن بەرەوە بڕیاری لێدرا ئەوەبوو کە دەسەڵاتەکەی خۆی لەڕێگەی پێکهێنانی ئەنجومەنێکەوە بە ئامانجی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی شەرعیی بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانە.** [RP] **هەمیشە لەوە بەئاگابوو کە وڵاتانی هەرێمیی ئەو بزاوتە وەك هەوڵێك بەرەو سەربەخۆیی دەبینین زیاتر لەوەی وەك هەنگاوێك بە ئاراستەی کارگێڕییەکی ئاوارتە لە ماوەیەکی کورتخایەندا. سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تەنسیقی هەڵبژاردنیان لە دادوەرو پارێزەران پێکهێنا،زیاتر لە سیاسەتکارەکان. ئەرکی ئەوان لێکۆڵینەوە بوو لە باشترین میتۆد بۆ بنیاتنانو پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتیمانی کوردستانی پێشنیازکراو.** [RQ] **خشتەی ٦:١ لیستی ناوی ئەندامانی لیژنەکەیە.**

**لیژنەکەی لەنێوان ٢٣ی دیسەمبەری ١٩٩١و ٢٨ی یەنایەری ١٩٩٢دا کۆبوونەوە، ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەوە پەسەندو تەسدیق کراو هەروەها ناوکی یاسای ژمارە ١و ٢ی ساڵی ١٩٩٢ پێکهێنرا. یاسای ئەنجومەنی**

---

[19] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان،٨ ئووت ١٩٩٩.

[20] ناکۆکییەك لەنێوان پارتیو یەکێتیدا سەبارەت بەوە هەیە کە کام لەو دوو حیزبە بیرۆکەی رادەستکردنی دەسەڵاتی بە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی دیموکراتی پێشکەشکردووەو پشتگیریی لێکردووە. مەسعود بارزانیو هێشیار زێباریو سامی عەبدولڕەحمان دەڵێن کە پارتی دەستپێشخەر بووە، جەلال تاڵەبانیو ئەندامێکی دیکەی یەکێتی دەڵێن کە یەکێتی ستراکتۆری لیژنەیەکی بەرایی بۆ حکومەتێکی ئاوارتە برەوپێداوەو ئنجا پەرەیسەندووەو وەك ئەنجومەنێکی نیشتیمانی پێشکەشکراوە. هەمان ناکۆکییش سەبارەت بە پرسی پێویستیی دەستوور دەردەکەوێت. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨،. فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩،. مەسعود بارزانی، سەری رەش، ٢٢ ئووت ، ١٩٩٩ ،. عارف تەیفور، سەلاحەدین، ١ سێپتەمبەر ١٩٩٩،. جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١٤ سێپتەمبەری ١٩٩٩،. هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠.

[21] محەمەد تۆفیق تێبینییکرد کە حکەمەتی ئێرانیی گوتوویەتی کە، لەم کاتەدا پێی باشترە کە بۆشاییەك ببینێت زیاتر لەو کارگێڕییە پەرەسەندووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال فوئاد، سلێمانی ، ٥ مایۆ ١٩٩٨،. د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨،. محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان،٧ ئووت ١٩٩٩.

نیشتمانی کوردستان و جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان . ئەم یاسایانە وەك ئاماژەی بۆکرا، مەبەست لێی ئەوە نەبوو ببێتە بەندی دەستووریی، بەڵکو زیاتر وەك یاسایەك بوو بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتە سیاسیی و کارگێڕییەکان.[RR] هەرچەندە، ئەم دۆکیومێنتانە بەناوی دەستوور نەبوون، بەڵام لەشێوازو کرداردا، تایبەتمەندییە سیاسییەکان و هەروەها بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی بەرجەستەکرد.

## یاسای ژمارە ۱: یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ( ئە ن ك )

یاسای ژمارە ۱: لە ۸ی ئەپڕێلی ۱۹۹۲دا مۆرکرا،[RS] بنەماو کاروهەڵسوڕانی ئە ن ك، یاساکانی هەڵبژاردن، مەرجەکانی کاندیدەکان، کاروباری دەنگدان و ئەورۆڵانەی وەسفکردووە کە بە گشتیی دەبووایە ببینرایە هەریەك لە پارتی و یەکێتی بە بەردەوامیی ئاماژە بە بە یاسای ژمارە ۱ دەکەن کە مانایەکی مەزنی سیاسیی، مێژوویی و فەرهەنگیی بۆ کورد هەیە، هەروەها هاندەرێکی بەهێزیان بۆ ئەو کارە هەیە. فەلەکەدین کاکەیی کە ئەندامێکی پارتیەو دواتر وەك ئەندام پارلەمان بۆ ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردرا، یاسای ژمارە ۱ی وەسفکردووە وەك :

" یەکەمین یاسایە لەمێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراق کە لەلایەن دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی کوردییەوە دەرکرابێت کە مومارەسەی دەسەڵات دەکات و مافی بڕیارسازیی لەنێو هەرێمە کوردییەکەی عێراقدا دەبێت، بەدەر لە دەسەڵاتی ناوەندیی

[22] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان،۷ ئووت ۱۹۹۹ .

[23] یاسای ژمارە ۱ لەلایەن "سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کورستانی عێراق" ەوە مۆرکرا، کە لەم ئەندامانەی خوارەوە پێکدەهاتن: جەلال تاڵەبانی(یەکێتی) ، مەسعود یارزتنی (پارتی)، عەبدوڵڵا ئاگرین(پاسۆك)، رەسوڵ مامەند(حسك)، سامی عەبدەلڕەحمان(پارتی گەل)، قادر عەزیز(زەحمەتکێشان) هەروەها یەعقەب یوسف(بزوتنەوەی ئاشووری).

لە بەغدا. بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی لە کوردستانی عێراق لە مایۆی ١٩٩٢دا ڕەگەزێکی بایەخداری جەختکردنەوەی دەسەڵاتە.[RT]

خشتەی ٦: ١ لیژنەی ئامادەکاریی هەڵبژاردنی ١٩٩١-١٩٩٢

| ناو | پۆست |
|---|---|
| ١ رشيد عبدالقادر | دادوەر، سەرۆکی دادگای باڵای کوردستان |
| ٢ معروف رەئوف | دادوەر ،وەزارتی داد لە کاتی بەرە |
| ٣ نازم حەوێزی | دادوەر، سەرۆکی داگای هەولێر |
| ٤ ئەمیر حەوێزی | دادوەر، ئەندامی دادگای هەولێر |
| ٥ شەمسەدین موفتی | پارێزەر |
| ٦ محمد بابان | پارێزەر |
| ٧ د. سەعدی بەرزنجی | راگری کۆلێجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی سەلاحەدین |
| ٨ د.خورشيد شوکت رەواندزی | مامۆستا لە کۆلێجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی سەلاحەدین |
| ٩ مستەفا عەسکەری | پارێزەر |
| ١٠ فرسەت احمد | پارێزەر، سکرتێری ئە نە ك |
| ١١ د. قەیس دێوالی | پارێزەر، راوێژکارلە کوردستانی عێراق |
| ١٢ حەسەن عبدالكريم بررزنجی | پارێزەر، راوێژکار لە کوردستانی عێراق |
| ١٣ بەختیار حيدر | پارێزەر، راوێژکار لە کوردستانی عێراق |
| ١٤ قادر جەباری | نوێنەری حسك لە بەرەی کوردستانی |
| ١٥ فرانسۆ هەریری | نوێنەری پارتی لە بەرەی کوردستانی |

سەرچاوە: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دیموکراسی پارلەمان و حکومەتی باشووری کوردستان،باشووری کورستان، ١٩٩٥ .چاوێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ١٠ ئووتی ١٩٩٩.

[24] F. Kakai, ‘The Kurdish Parliament’, in F. Hazleton (ed.), *Iraq Since the Gulf War: Prospects for Democracy*, CARDRI, London: Zed Books, 1992, p. 118.

ئەو بنەماو ڕێبازانەی لە یاسای ژمارە ١ دا سەبارەت بە پێکهێنانی ئە ن ک وەسفکراون لە کۆڵینەوەی پارلەمانە دیموکراسییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا پەرەیانسەندووە.[RU] ئەو بنەماو ڕێبازانە وەك لای خوارەوە کورتکراوەتەوە:[RV]

١- پێویستە ئەندامانی ئە ن ک لە ١٠٠کەس کەمتر نەبێت کە هەریەکەیان نوێنەرایەتیی ٣٠٠٠٠٠کەس کەس دەکات(بەشی یەکەم، بەندی ١).

٢- ئە ن ک بەگوێرەی دەنگدانی نهێنی کاردەکات(بەشی ١، بەندی ٢).

٣- یەکسانی لەنێوان کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی ژن‌و پیاودا هەیە.( بەشی ٥،بەندی١)

٤- هەڵبژاردنی کاندیدەکان بەگوێرەی هەڵبژاردنی ڕێژەیی و بەپێی لیستی حیزبەکان بەڕێوەدەچێت.(بەشی ٨، بەندی ٣٦,١)

٥- پێویستە حیزبەکان ٧ لەسەدی دەنگەکان بەدەستبێنن بۆئەوەی لە ئە ن ک کورسییان هەبێت. کورسی بۆ کریستانییەکان تەرخانکراوە(بەشی ٨،بەندی ٣٦,٣)[RW]

٦- نابێت پێگەی ئەنجومەن‌و کاری ستاف گشتیی تێکەڵ بکرێت .

٧- لیژنەیەکی هەڵبژاردن پێکبهێنرێت تاکو سەرپەرشتیی کاروباری هەڵبژاردن بکات. ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتییبوو لە دانانی سەندوقی هەڵبژاردنەکان، دانانی لیژنە لاوەکییەکان، دابینکردنی ڕێنماییەکان بۆ دەنگدەران.(بەندی ٦، ١-٦,٣)

---

[25] لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨.

[26] سەرچاوەی سەرەکی ئەم بەشە لە تێکستی یاسای ژمارە ١ خۆیەتی، بڵاوکراوەیەکی دواتر کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە بەناونیشانی: دیموکراسی پارلەمانیو حکومەتی باشوور لە کوردستان"، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەل ئەوانەی کە لەهێنانەئارای ئەم یاسایەدا بەشداربوون.

[27] ئەم بەندە پاشتر لابرا.

مەرجەكانی خۆكاندیدكردن بەگوێرەی یاسای ژمارە ١ دیارییكرابوو كە هاوشێوەی دیموكراتییەتە لیبراڵە دامەزراوەكان بوو. دەبووایە كارمەند بۆ هەڵبژاردنی ئە ن ك ئەم مەرجانەی تێدا بووایە:

١- هاوڵاتی كوردستانی عێراق بێتو لەكوردستانی عێراق نیشتەجێبێت.

٢- دەبێت كەسێكی تەواو لەباربێتو تەمەنی لە ٣٠ ساڵ كەمتر نەبێت.

٣- دەبێت كەسێكی خوێندەواربێت.

٤- پێویستە هیچ تاوانێكی ئەخلاقیی ئەنجام نەدابێت.

٥- پێویستە هیچ تاوانێكی كوشتنو دزیی ئەنجام نەدابێت.

٦- نەگلابێتە ئەو تاوانانەوە كە لەلایەن حكومەتی عێراق دژی گەلی كوردستانی عێراق بەرنامەڕێژكرابوو.

خشتەی ٦: ٢ حیزبە پێشبكڕێكارەكان لە هەڵبژاردنەكانی مایۆی ١٩٩٢

| ناو | كورتكراوە |
|---|---|
| ١ پارتی دیموكراتی كوردستان | پارتی |
| ٢ پارتی سۆشیالیستی كورد | پاسۆك |
| ٣ پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان | پ گ د ك |
| ٤ حیزبی شیوعی كوردستان | حشع |
| ٥ بزوتنەوەی ئیسلامی كوردستان | ب ا ك |
| ٦ سەربەخۆكان | ---- |
| لیستە كریستیانییەكان:<br>٧ یەكێتی نیشتیمانی كوردستان | ی ن ك |
| ٨ بزوتنەوەی دیموكراتی ئاشووری | ب د ا |
| ٩ یەكێتی كریستیانی كوردستانی( لایەنگری پارتی) | ی م ك |
| ١٠ كریستیانە دیموكراتەكان(لایەنگری یەكێتی) | د م |
| ١١ پارتی دیموكراتی كلدۆ-ئاشوور | د ك ا |

هەڵبـژاردن پـشتی بـە نوێنـەرایـەتیی ڕێـژەیی دەبەسـتو هەریـەك لـە پارتـە ڕكابـەرەكان لیستی كاندیدەكانی خۆیان پێشكەشدەكرد، ناوچە ئازادكراوەكان بۆ چوار ناوچەی هەڵبـژاردن دابەشــكرابوو،[RX] هــەر ناوچــەیەكیش بەســەر ناوەنــدێكی هەڵبژاردنــدا دابەشكرابوو.[RY] كە پشتی بە بڕیارەكانی لیژنەكانی هەڵبژاردن دەبەست.[SP] حیزبـەكان ئازادبوون لەگەڵ یەكتردا یەكبگرن، كە زۆریـان ئـەو كارەیـان ئەنجامـدا، لەوانـە یـەكێتی لەگــەڵ حیزبــی زەحمەتكێــشان. لەكاتێكــدا پارتــە ئیــسلامییەكانیش تێكــەڵ بــە یـەكتربوون(هەرچـەندە بزووتنـەوەی ئیـسلامی باڵادەسـتبوو). ئـەو حیزبانـەی نوێنـەری كریستانییەكانیان دەكرد لەسەر لیستی داخراو ڕكابەرییان بوو. بەو شێوەیەی لە (ئە ن ك) دا پێنج كورسییان بۆ زامنكرابوو (بڕوانە خشتەی ٢:٦)

## یاسای ژمارە ٢: ڕابەری جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی كورد

وا چاوەڕواندەكرا كە دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە هەرێمی كوردستاندا لەلایـەن ڕابـەری جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی كوردەوە سەركردایەتیی بكرێت كە بە پێـی یاسـای ژمـارە ٢ هەڵبژێردرێت. سەركردایەتیی جێبەجێكردن لە ڕابەرو ئەنجومەنی وەزیران پێكدێت بــەگوێرەی یاســای ژمــارە ٣. هەربۆیــە لەلایــەن بــەرەوە پــلان بــۆ سیــستمێكی سـەرۆكایەتیی داڕێـژرابوو كـە هەریـەك لـە سـەرۆكو ئەنجومـەن تێیـدا هەڵبـژێردرێتو ئەنجومەن حكومەتێك بۆ جێبەجێكردن دەستنیشانبكات، بەڵام لەگـەڵ سـەرۆكێك مـاف ڤیتۆی هەبێت.

بنـەماو ڕێبازەكـانی هەڵبـژاردن بـۆ دیـارییكردنی ڕابـەری جووڵانـەوەی ڕزگـارییخوازی كورد لەگـەڵ یاسـای ژمـارە ١ دا هـاوجووت بوو لەگـەڵ پەرەگرافێكـدا تایبـەت بـوو بـە هەڵبـژاردنی نهێنیو هـەروەها لەهـەمان كاتـدا بـۆ دوو خـولی هەڵبـژاردن بەڕێوەچێت.

---

[28] یاسای ژمارە ١، بەشی ٢، بەندی ٩.

[29] یاسای ژمارە ١، بەشی ٢، بەندی١٠.

[30] یاسای ژمارە ١، بەشی١ بەندی ٦-٧.

بەندە سەرەکییەکانی پێگەو پێویستییەکانی کاندیدەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

١- ماوەی رابەری جوولانەوەی رزگارییخوازیی بۆ ماوەی چوارساڵ دەبێت.(بەندی ٢).

٢- تەمەنی کاندید دەبێت لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت (بەندی ٢:٥ ).

٣- دەبێت هاولاتی کوردستانی عێراق بێتو لەو سەرزەمینەدا بژی.(بەندی ٥:٢).

٤- رابەری جوولانەوەی رزگارییخوازیی نوێنەرایەتیی و قسە لە هەریەك لە کاروبارەکانی نێوخۆیی و دەرەکیی دەکات.(بەندی ١).

٥- رابەر فەرماندەی تێکڕای هێزە چەکدارە کوردییەکان (یەکەکانی پێشمەرگە) لە کوردستانی عێراقدا دەکات.(بەندی ١٢).

٦- رابەر بانگی ئە ن ك دەکات بۆ بەستنی کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی(بەندی ١,١٠).

٧- رابەر ئەو رێکەوتننانە ئەرێ دەکات کە لەلایەن ئە ن ك پەسەندو تەسدیق دەکرێت. (بەندی ٢,١٠).

٨- بڕیار لە یاسایانە دەدات کە ئە ن ك تەسدیقی کردوون (بەندی ٢:١٠).

٩- ئەو بڕیار لەو یاساو فەرمانانە دەدات لەماوەی پاشەکەی لە ئە ن ك یاخود لە حاڵەتی پێویستدا. ئەم بریارانە لە خێراترین دەرفەتدا پێشکەش بە ئە ن ك دەکرێت. (بەندی ٤,١٠).

١٠- رابەر یاسا بۆ ئە ن ك پێشنیاز دەکات.

١١- ئەو ئەنجامدانی ئە ن ك رادەگەیەنێت لەماوەی ١٥ رۆژدا پێش کۆتاییهاتنی دوا کۆبوونەوە.

١٢- ئەو لەرێگەی ئەنجومەنەوە فەرمان بە دامەزراندنی دەسەلاتی جێبەجێکردن دەدات .(بەندی ١,١١).

١٣- ئەو لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا پەرە بە سیاسەتە گشتییەکان لەمەڕ هەرێمەکەوە دەدات. (بەندی ١١,٥).
١٤- رابەر دەگونجێت سزای مردن ئەرێ بکات، یاخود وابکات بۆ سزایەکی نزمتر کەمبکرێتەوە. (بەندی ١١,٦)

دەگونجێت ئەوەی بۆ بزاوتە سیاسییەکە لە ئایندەدا فرە بایەخداربوو بریتییبوو لە بەندی ١٣ کە رێی بە سەرۆك وەزیران دەدا کە شوێنی رابەری جووڵانەوەی رزگارییخوازیی بگرێتەوە لەو کاتەی دیارنەبوونی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەی، هەروەها بەندی ١٤ رێگەی بە سەرۆکی ئە ن ك داوە کە بۆ ماوەیەکی کاتیی شوێنی رابەر بگرێتەوە ئەگەر ئەو پۆستە جێگەی نەگیرایەوە، تاوەکو دەتوانرێت رابەرێکی نوێ هەڵبژێردرێت لەماوەی دوو مانگدا.

## یاسای بەرەی کوردستانی وەك دەستوورێکی دیفاکتۆ

دەستوور بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بایەخ بە دەزگاکانی حکومەت دەدات و دابەشبوونی فەرمی دەسەڵات روونەدکاتەوە.[31] جیاوازییەکانی نێوان دەستوورەکان رەنگدانەوەی جیاواز لە شێوازی بەرجەستەکردنی بنەما سیاسییەکانی وەك دەسەڵات بۆ گەل، سەرەوەریی جەماوەریی، فیدرالیزم.[32] دەستوورەکان سێ بواری دەزگاکانی حکومەت دەگرنەوە: جێبەجێکردن، ئەنجومەنی یاسادان (پارلەمان)، هەروەها ستراکتۆری بڕیارسازیی. بەندەکانی تایبەتن بەوەی کە چۆن بەدەنەی بڕیارسازیی رێکدەخرێت، ستراکتۆرو دەسەڵاتەکانی بەدەنەی نوێنەرایەتیی، لەگەڵیشیدا پەیوەندیی لەگەڵ

---

[31] 31I. Duchacek, *Power Maps: The Comparative Politics of Constitutions*, Santa Barbara, Calif.:
ABC Clio, 1973.
[32] . Blondel, *Comparative Government*, 1995, p. 225.

جێبەجێکردنـدا (بـۆ نموونــە : ئــەو هەڵاواردنــەی کــە لــەنێوان جیاکردنــەوەی سیستمەکانی دەسەڵاتەکان و سیستمی پارلەمانتاریی جیادەکاتەوە، هەروەها ئەو ئاسـتەی کـە بڕیارەکـانی گـشتیی لـە لـە ئاسـتە جیاوازەکانـدا دەدرێـن، هـەروەها لەبەرئەوە لە ئاستی دەرکەوتەی ناناوەندگەرایی.

هـەروەك لـە پێـشتردا بینیمـان کـە سیاسـەتکارە ناسـراوەکانی کـورد لـە پـارتی و یـەکێتی پەرۆشـی ناسـاندنی یاسـاکانی بـەرەی کوردسـتانی وەك دەسـتوورێك نــەبوون، کــە پێــشانیبدەن ئــەوان ئامــانجی دامەزرانــدنی دەوڵــەتی کــوردیی ســـەربەخۆیان هەیـــە. هەرچـــەندە، دەگونجێـــت ئـــەم یاســـایانە وەك بنـــەمای دەسـتوورێکی دیفـاکتۆ لەقەڵـەم بدرایـە. دەسـتوورەکان ئامانجیـان ڕێکخـستنی حکومەتەکانـە. هەرچـەندە، هێنـدێك وڵاتـان دۆکیـومێنتێکی دیارییکراویـان وەك دەستوور نیە، بەڵکو لەبری ئەوە، ڕستێك دابونەریت و یاسا و حاڵـەتیان هەیـە کـە ڕێکخـستنی حکومـەت دیارییـدەکات. بـۆ نموونـە: لەبـەریتانیادا دەسـتوورێکی نووسـراوی دیـارییکراو نیـە، بـەڵام هێنـدێك نـەزم و حاڵـەت هەیـە کـە کارەکتـەری دەستووریی پێشاندەدات کاتێك دەزگاکـانی حکومـەت ڕێکدەخـەن.[33] تـا ئاسـتێك، دەگونجێـت دەسـتوور پەیوەنـدیی ڕێکخـستنی راسـتیینەی حکومەتـەوە هـەبێت، هــەروەها بــە ئاســایی نیــە ببێتــە وەســفێکی ســتراکتۆرو کاروهەڵــسورانی ئــەو دەزگایانەی هەن.

سـەبارەت بـە ئاماژەیـەکی وا، "کـۆلین تـورپین" وەسـفێکی دەسـتووری بـەریتانیی کـردووە کـە دەشـێت لـە پێـشاندانی یاسـاکانی بـەرەی کوردسـتانیدا سـوودبەخش بووبێـت:" دەسـتوور بەدەنـەی یاسـاکان وداب وکردارەکانە کـە ڕێکخـستن یـاخود هەڵــسوڕانی حکومــەتی لــە بــەریتانیادا وەســفکردووە و ڕێکیــدەخات یــاخود دیارییدەکات."[34]

33 C. Turpin, British Government and the Constitution: Texts, Cases and Materials, London: Weidenfeld and Nicolson, 1990, p. 3.
34 Ibid.

نوری تاڵەبانی کە پارێزەرێکی دەستوورییە، پشتگیریی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە دەگونجێت یاساکانی بەرەی کوردستانی وەك خاوەن ئەرکێکی دەستووریی بناسرێت :

"... هەر حکومەتێك بەهەڵبژاردن لەلایەن گەلەوە نەگاتە دەسەڵات حکومەتێکی شەرعیی نیە، مومارەسەکردنی دەسەڵات بەچەند بنەمایەك دیارییدەکرێت کە لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە دەستنیشانکراوە ئەوەش دەستوورەو وەك بالاَترین پێوانەی یاسایی لەقەڵەم دەدرێت، شوێنی هەموو یاساکان دەگرێتەوە...هەروەها گەلی کوردستانی عێراقیش مافی حوکمکردنی خۆیان لەڕێگەی قەوارەیەکی شەرعیی هەڵبژێردراوەوە هەیە، ئەوان کاتێك مومارەسەی ئەم مافەیان دەکەن کە لە ١٩ی مایۆی ١٩٩٢دا یەکەمین پارلەمانی هەرێمیی خۆیان لە کەشێکی ئازادانەدا هەڵدەبژێرن." [35]

لەبەرئەوە، لە ناساندنی دەستووردا، پێویست بەوە ناکات دۆکیومێنتێك بەناوی "دەستوور"ەوە هەبێت. لە کۆڵینەوەی دەوڵەتی دیفاکتۆدا، پێدەچێت بتوانرێت بڕواکانی ئەو یاسایانەی بەرەی کوردستانی وەك پێشاندانی چەشنە هێزو دەسەڵاتێکی بەرچاو ببینرێت، هەروەها یاساکانی دواتری بەرەی کوردستانی لەڕووی مەبەستەوە زیاتری تێپەڕاند کە ڕێکخستنی ستراکتۆری دەسەڵاتو بەرپرسیارێتییەکی بڕیارسازیی بوو لە دەوڵەتێکی دیفاکتۆدا. هەرچەندە، سیاسەتکارانی کورد بۆ پاراستنی هەلومەرجە هەستیارەکەیان ، ئەوەیان ڕەتکردەوە کە هەر یاسایەك وەك دەستوورێکی تەواو ناوبنێین. لەوانەیە چارەسەرێکی واقیعی ئەوەبێت کە یاساگەلێك وەك دەستوورێکی دیفاکتۆ بۆ دەوڵەتێکی دیفاکتۆ بناسرێت. [36]

---

[35] Talabany, op. cit., p. 1.

[36] جێگەی سەرنجە تێبینیی ئەوە بکرێت کە نوری تاڵەبانی ڕەشنووسێکی دەستووری ئامادەکرد کە لەلایەن لیژنەی هەڵبژێردراوی یاساناسانی کوردەوە لەساڵی ١٩٩٢دا گیرایەبەر ، دواتر لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا پێشکەش بە ئە ن ك کرا، لەێ سێیەکی ئەنجومەن پشتگیریی خۆیان بەشێوەیەکی

## هەڵبژاردن

هەڵبــژاردن بــە گــوێرەی یاســای ژمــارە ١ لــە ١٩ی مــایۆی ١٩٩٢دا، لەســایەی چـاودێریی رێکخراوەکـانی مـاڤی مـرۆڤ، ئەنـدام پارلەمانـەکانی دەوڵـەتانی دیکـەو رۆژنامەوانــە بیانییــەکان بەڕێوەچــوو.[37] ئــەو گرفتــەی دەســتبەجێ رووبــەڕووی لیژنــەی سەرپەرشــتیاری هەڵبــژاردن بــووەو ئــەوەبوو کــە لەســایەی نــەبوونی ئامــارێکی هەرێمییــدا چــۆن پــلان بــۆ هەڵبــژاردن دابڕێــژین. بــەرەی کوردســتانی لەبنەڕەتدا ژمارەی ئەوانەی کە ماڤی دەنگدانیان هەیە بە ١,١ ملیۆن کەس مەزەنـدە کردبــوو بــەڵام، لــەئاکامی ئــەو گۆڕانــە قووڵــە دیمۆگرافییــەی بــەهۆی رووداوە کارەساتبارەکانی ساڵانی هەشتاکاندا هاتبووەئارا، تۆمارەکانی حکومەتی عێراق بۆ هەڵبژاردن کەمتر بەکاردەهات.[38] هەرچەندە، ژمارەی ١,١ ملیۆنەکە وەك خۆی مایەوەو کوردستانی عێراق بۆ چوار ناوچەی هەڵبـژاردن دابەشکرا. کە بنـەمای رێکخستنی جوگرافیی هەڵبژاردنەکەی پێکدەهێنا. (بڕوانە خشتەی ٦ :٣).

## شیکاریی ئەنجامەکە

هەڵبژاردنەکــە یــەك لــە هــەرە دیمــوکراتترین هەڵبــژاردن بــوو کــە لەرۆژهــەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامدرابێت. بەو ژمارە بێهاوتایـەی خـەڵکانی دەنگدەرەوە. "هـوف ئێت ئەل" دەڵێت کە:" لەڕووی کردارییـەوە دەنگدەران تێکڕا بە پیاوو ژنەوە بۆ دەنگدان دەرپەڕین". گوتەبێژی بەرەی کوردستانی مەزەنـدەی کرد، لەڕاستییدا،

---

نووسراو دا بە سەرۆکایەتیی، رەشنووسی دەستوور چەندین سیمای لە یاساکانی بەرەی کوردستانی لەخۆ گرتبوو، هەروەها خستنیە چوارچێوەی فیدراڵیسم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

[37] Voice of Rebellious Iraq, Salahadin, 23 January 1992 (SWB ME/1288). R. Hoff, M Leezenberg and P. Miller, *Elections in Kurdistan: An Experiment in Democracy*, Brussels: Pax
Christi International, 1992.

[38] Ibid,p9.

٩٠ لەسەدی دەنگدەران دەنگیانداوە. چاودێرانی سەربەخۆ لەکاتی هەڵبژاردنەکە ئامادەبوونو نووسیویانە:" پێشوازییەکە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئاگایی جەماوەر سەبارەت بە گرنگی بنەما دیموکراتییەکانو وەك ناڕەزایەتییەك دژی ڕژێمی سەددام." [39]•

خشتەی ٦: ٣ هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی ساڵی ١٩٩٢

| ناوچەکانی هەڵبژاردن | بنکەکانی هەڵبژاردن |
|---|---|
| پارێزگای هەولێر | ٦٤ |
| پارێزگای دهۆك | ٥٦ |
| پارێزگای سلێمانی | ٤٢ |
| پارێزگای دەربەندیخان | ١٦ |
| تێکڕا | ١٧٨ |

## ئاکامی ئە ن ك

بۆ هەڵبژاردنی هەریەك لە ئە ن ك و ڕابەری جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی کوردستان، پرۆسەی دەنگدان لە سات ٨ی بەیانییەوە دەستیپێکردو کاتی کۆتاییش کە ٨ی ئێوارە بوو بۆ ١١ی شەو درێژکرایەوە. ئەویش بەهۆی ئەو بەرەوپێشوازییە گەورەیەی لە هەڵبژاردنەکە کرا. هەرچەندە، ئەنجامی

[39] Ibid., p. 11.

• محەمەد حاجی مەحمود پاش ئەوەی باس لەو تەزویراتە دەکات کە یەکێتی لەسەر سندوقەکان کردوویانە، دەچێتە سەر باسی پارتیو دەڵێت:" لە دهۆكو بادینانیش ئەوە پارتی خراپتری کردبوو لە یەکێ لە قەزاکانی سەربە دهۆك کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بە گەورەو بچوکەوە (٣٠) هەزارکەسی تێدابوو، بەڵام (٣٥) هەزرا دەنگی هێنابوو...عێراقیش تەوجیهاتی دابوو بە هەموو دۆستەکانی ئەوانەی کە لەکوردستان بوون دەنگ بدەن بە پارتی هەتا لە کەرکوکەوە خەڵکیان دەنارد لە سەیتەرەکان پێیان دەوتن بڕۆن ڕەئی بدەن بە زەرد بۆ پارتی جگە لەوەش هەرچی جاشو خەڵکی ناوچە هەبوون لە موسڵ یا کوردی ئەو ناوچەیەی عێراق بە ئیجباری ناردنی بۆ سەر سندوق و ڕەئی بۆ پارتی بدەن هەتا خەڵکی سەر بەرژێم لەناو لایەنەکانی کەشدا هەمووی دەنگیان بۆ پارتیو سەرۆکی پارتی دەدا."بڕوانە: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی چوارەم، ١٩٩٢-١٩٩٦، ل ٦٠- ٦١.

هەڵبژاردنەکە لە ٢٢ی مایۆی ١٩٢٢دا ڕاگەیەندرا، بەڵام سەلماندی کە سەرچاوەیەکی بەردەوامی پشێوی بوو. لەهەڵبژاردنی ئە ن ك دا، پارتی سەرکەوتنێکی لاوەکیی بەدەستهێنابوو، بەچەشنێك ئیدعای ئەوەیان دەکرد ٥١ کورسییان لە ١٠٥ کورسییەکە بەرکەوتبێت.[TP] بەڵام کەسانێك لە یەکێتی دەیانگوت گوایە ئەنجامی دروست، وێڕای ئەوەی کە پارتی سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەدەستهێناوە، بریتییە لە دابەشبونێکی یەکسانی کورسییەکان.[TQ] پاشکۆی ٤ ئاستی ژمارەکان پێشکەشدەکات کە لەلایەن پارتی یەکێتیو پارتییەوە دراوە. پەرەسەندنی ئەم مشتومڕە دووبارە پشێویی و ئاڵۆزیی ئەنگێزبوو. هەرچەندە، سەرچاوەگەلێك لە کوردستانی عێراقەوە ئاشکرایکرد کە یەکێتی پەیڕەوی هێڵێکی جەنگاوەرانەی دەکرد زیاتر لەوەی ببێتە پارتێکی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنە نوێیەکەدا.[TR] دوائەنجام خۆی لە بەشدارییەکی یەکسانی کورسییەکان لەنێوان پارتیو یەکێتیدا بینییەوە، پارتە کریستیانییەکانیش پێنج کورسییە زامنکراوەکەی خۆیان وەرگرت.

## ئە نجامی رابەرایەتییەکە

هەڵبژاردنی ڕابەری جوڵانەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستان لە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی پارلەمانەکەدا ئەنجامدرا، ئەوانەی بۆ ئەو پۆستە خۆیان کاندیدکردبوو بریتییبوون لە: مەسعود بارزانی لە پارتی، جەلال تاڵەبانی لە یەکێتی، عوسمان عەبدولعەزیز لە بزووتنەوەی ئیسلامی، د.مەحموود عوسمان لە حسك.

---

[40] چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسن دزەیی، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠.

[41] بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئاکامەکان لەلایەن زانکۆی سەلاحەدینەوە وەبەرهاتووە، واپێدەچێت لەکاتی هەڵبژاردنەکەدا.

[42] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەری ڕەش، ٢٢ ئووت ، ١٩٩٩.

دووبـاره ئەنجامـەكان بـوون بـە جێگـەی مـشتومڕێكی زۆر. بـارزانیو تاڵـەبانی هـــەژموونیان بەســـەر ســـندووقەكاندا كردبـــوو، هـــەروەك حیزبـــەكانیان لـــە هەڵبژاردنەكـەی ئـە ن ك ئەنجامیانـدابوو، بـەڵام كەسـیان نـەیانتوانیبوو زۆرینـەی رەها بەدەستبێنن. (بڕوانە خشتەی ٦ :٤)

## ئه نجامگیریی

ئاكامەكان بە یەكسانیی لـەنێوان دوو حیزبـە سـەرەكییەكەو هـەردوو كاندیـدە رابەرییەكـەدا دابەشـبوو، سیـستمە سیاسـییەكەی تووشـی گرفتێكـی گـران كـرد، یاسـای ژمـارە ٢ رێـی بـە ئـەنجامێكی بـەو شـێوەیە دابـوو كـە پـاش پـازدە رۆژ لـە خولی یەكەم ئەنجامبدرێتەوە. هەرچەندە تاڵەبانیو بارزانی بەوە رازیبوون كە لە دەرەوەی ئۆرگانـە فەرمییـەكانی حكومەتـدا بمێننـەوە پـاش یەكـەمین خـولو ئـەم بـارەش بـۆ دوو سـاڵی داهـاتوو مایـەوە.[43] ئـەم كەنارگیرییـە كاریگـەرەی ئـەو دوو سـەركردە سیاسـییە لـە سـتراكتۆری كارگێڕییـە سـاواكەدا لەگـەڵ دابەشـبوونی یەكسانی دەسەڵات لە ئە ن ك ئاوێتـەبوو، هـەروەها دواتـر لـە ح هـ ك دا بـووە هـۆی زێـدەبوونی سیاســیبوونی سیــستمە حكومییەكــەو گواســتنەوەی پرۆســەی بڕیارسازیی بۆ مەكتەب سیاسییەكانی پارتیو یەكێتی.

خشتەی٦: ٤ دەنگەكانو رێژەی سەدی هەڵبژاردنی رابەرایەتیی

| پاڵێوراوەكان | دەنگەكان | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مەسعود بارزانی(پارتی) | ٤٦٦,٨١٩ | ٤٧,٥١ |
| جەلال تاڵەبانی(یەكێتی) | ٤٤١,٥٠٧ | ٤٤,٩٣ |
| عوسمان عبدالعزیز(بزوتنەوە) | ٣٨,٩٦٥ | ٣,٩٧ |
| مەحمود عوسمان | ٢٣,٣٠٩ | ٢,٣٧ |
| | | ١٠٠ |

[43] D. Natali, International Aid, Regional Politics and the Kurdish Issue in Iraq after the Gulf War, 1999, pp. 9–11.

## مۆرفۆلۆژیی و چۆنێتی کاروهەڵسورانی کاروباری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ئە ن ك یەکەمین خولی دانیشتنی خۆی لە تەلاری پارلەمان لە هەولێر لە ٤ی ژوونی ١٩٩٢دا گرێدا، ماوەی ئەنجومەن دەبوو سێ ساڵ بێت (خولە ئاساییەکانی) ئەگەر حاڵەتی نائاسایی باڵ بەسەر هەرێمەکەدا نەکێشێ، ئەو کاتە کۆبوونەوەکان نائاسایی دەبەسترێن.[44] وادانراوە کە ئەنجومەن لە ساڵێکدا دوو خولی دانیشتنی هەبێت، یەکەمین خول لەمارتدا دەستپێدەکات و لە ژووندا کۆتاییدێت، دووەمین لە سێپتەمبەرەوە بۆ دیسەمبەر.

### مۆرفۆلۆژیی ئە ن ك

وێنەی ٦ :١ نەخشەی مۆرفۆلۆژیی ئە ن ك پێشاندەدات، ئە ن ك هێشتا لەکاردایە، هەرچەندە لەحاڵەتێکی راستەبەرییدا. ئەم وەسفەی خوارەوە زیاتر جەخت لە پێویستکارییە یاساییەکان دەکاتەوە تاکو ئەوەی کە ئەمێستا هەیە، کە لە خاڵێکی دواترەوە پەرەیسەندووە. ئەنجومەن بەتێکڕا ١٠٥ ئەندامی خۆی هەیە(هەرچەندە دوای داگیرکردنی هەولێر لەساڵی ١٩٩٦دا ئەمە بوو بەنیوە) کە ٩٩یان نێرەو ٦یان مێیە. دابەشیوونی ئەندام پارلەمانەکان بە پێی پارێزگا بەمشێوەیە بوو: دهۆك ٢٠,٣٪ ، هەولێر ٣٠٪ ، سلێمانی ٣٤,٣٪ ، کەرکوکی نوێ ١٥,٢٪ . وەك چاوەڕواندەکرا لەڕووی سیاسیی و هەروەها جوگرافیشەوە، دهۆك بنکەی بەهێزی پارتی بوولە هەڵبژاردنەکاندا، سلێمانیش هی یەکێتی و هەولێریش لەناوەڕاستدا.[45]

---

[44] دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی لە ٢٧ی مایۆی ١٩٩٥ لە گوندی "دەربەند" کرا، لەوێ ئەو بڕیارە پەسەندکرا کە ماوەی ئەنجومەن درێژ بکرێتەوە لە ٤ی ژوونی ١٩٩٥بۆ ٤ی ژوونی ١٩٩٦.

[45] Kakai, op. cit., p. 122.




وێنەی ٦ :١ مۆرفۆلۆژیی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (ئە ن ک).

ئـه ن ك لـەرووی سـتراكتۆرەوه تـاك بەدەنـه بـوو، كـه هاوشـێوەی ئەنجومەنـه تەشـریعییەكەی پێـشووی حكومـەتی عێـراق بـوو، هـەروەها رەنگدانـەوەی ئـەو پێویستیی و كەمدەستییە ساكارە بوو كە بەهۆی بێ كاتییـەوە كە بەسـەر بەرەی كوردسـتانیدا سـەپێنرابوو. سـەرۆك خێڵـەكان كاریگەرانـه پـشتگیریی بیرۆكـەی پێكهێنـانی لیژنەیـەكی راوێـژكارییان دەكـرد، كـه وەك دووەمـین بەدەنـەی بـاڵا كارییگەرانـــه هەڵـــسوڕێت. هەرچـــەندە، دەستپێـــشكەرییەكی بـــەم چەشـــنە رەتكرایەوە.[46] بۆ هەرئەندامێكی پارلـەمان راوێژكارێكی پارلـەمانیان هـەبوو. ئەو ئەركەی بۆ ئەم پۆستە دیارییكرابوو لە پێشكەشكردنی پێشنیاز بۆ دیوانی باڵای ئەنجومـەن تـا مـشتومڕی زیـاتری لـەبارەوە بكرێـت. بەهەمانـشێوە، پێویـستە بـۆ پێشنیازێك كە دەكرێت لانیكەم لەلایەن دە ئەندام پارلەمانەوە پشتگیریی بكرێت.

## بنەماو رێیازەکان

ئەركەكانی ئـه ن ك وەك لـه پرۆتۆكۆڵـەكانی ئـه ن ك ناسێنراوەو لەگـەڵ ئەندام پارلەمانەكاندا چاوپێكەوتن كراوە ، وەك لای خوارەوەیە:[47]

١- دەركردنی یاسا.
٢- بڕیاردانو مشتومڕ سەبارەت بەو مەسەلە هەستیارانەی رووبەڕووی گەلی كوردستانی عێراق دەبنەوە، هەروەها دیارییكردنی پەیوەندیی یاساییانە لەگەڵ حكومەتی عێراقدا.
٣- دەستنیشانكردنی سەرۆك وەزیران.
٤- پشتگیریی یاخود رەخنەكردنی مەكتەبە وزارییەكان.

---

[46] Natali, op. cit., p. 35.
[47] Kurdistan National Assembly (1994) op. cit., p. 33

چـاوپێكەوتن لەگـەڵ محەمـەد تۆفیـق، سـلێمانی، ١٤ مـایۆ ١٩٩٩٨ ،. جەوهـەر نـامیق سـالم، هـەولێر، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩،.

٥- بڕیاردان لە پەرەسەندنی ستراتیژیی دانیشتووان.
٦- چاودێرییکردنی چالاکییەکانی مەکتەبی جێبەجێکردن.
٧- پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوەو "چاودێریی" هەرکاتێک پێویستی کرد.
٨- دامەزراندنی سیستمێکی ناوخۆیی کارگێڕیی، بڕیار لە کەلوپەل‌و پێویستییەکانی‌و دانانی ستاڤ کارکردن لە ئۆفیسەکاندا.
٩- دانانی لیژنەی هەمیشەیی‌و کاتیی بۆ ڕێکخستنی سیستمی ناوخۆیی.
١٠- پاراستنی تۆماری تۆمەتبارەکان‌و روانین بۆ کەیسی ئەو کارمەندانەی کە سوێندی شەرەف پێشێلدەکەن.

## مەکتەبەکان‌و ئەندام پارلەمانەکان

ئە ن ك لەلایەن دەستەیەکی جێبەجێکردنی هەمیشەییەوە سەرۆکایەتیی دەکرێت لە "قسەکەر/سەرۆك"، جێگری سەرۆك، هەروەها سکرتێر پێکدێت. هەموو پۆستەکان لەلایەن ئە ن ك لە یەکەمین خولی کۆبوونەوەدا هەڵدەبژێررێن. یەکێتی‌و پارتی هەردووکیان سەبارەت بە دانانی سەرۆك‌و جێگرەکەی ڕێکەوتبوون. بەوەش جەوهەر نامق سالم بوو بە سەرۆك‌و محەمەد تۆفیقیش لە یەکێتی بووە جێگری سەرۆك (دواتر گۆڕا بە نەژادی عەزیز ئاغا لە هەمان حیزب)[TX] هەروەك چاوەڕواندەکرا، ئەم بڕیارانە لەلایەن مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبە سەرەکییەکەوە گەڵاڵە دەکران‌و بۆ تەسدیقکردن پێشکەش بە ئە ن ك دەکران. هەرچەندە، ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە دوو سیستمی سیاسیی پەرەیانسەند کە هەریەکەیان بژاردەی سیاسیی خۆی‌و بەدەنەی بڕیارسازیی خۆیان هەبوو، ناکۆکیی دواتر لەسەر پۆستی سکرتێری ئە ن ك ئەو

[48] جەوهەر نامیق لەم پۆستەدا مایەوە تاکو گۆڕانکاریی لە کارگێڕیی پارتی لە کۆنگرەی دوازدە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٩دا.

تێڕوانینـه دیموكراتییـه وێنادەكـات كـه لـو كاتـەدا لای حیزبـه سیاسـییه كوردییـەكان هەبوو. پارتی، فرسەت ئەحمەدیان بۆ پۆستی سكرتێری دژی ئەیاد نامیق لـه یـەكێتی دەستنیشانكرد. دوای دەنگدانێكی نهێنیی ئەنـدام پارلەمانـەكان، كاندیدەكـەی پارتی دەرچوو.[49]

ئەركـەكانی سـەرۆكایەتیی ئاسـانەو خـۆی لـه رێكخـستن‌و چـالاكیی رۆژانـەی ئـه ن ك دەبینێتەوە وەك لای خوارەوە:[50]

١- دانانی ئەجێندای هەر دانیشتنێك.

٢- چارەسەركردنی خاڵی ناكۆكیی نێوان و هەروەها لەنێو لیژنەكاندا.

٣- بـەكارهێنانی ئـەو بنەمایانـەی كـه لەلایـەن دانیـشتنەكانی ئەنجومەنـەوە فۆرمەڵەكراوە.

٤- تەسدیقكردنی وردی ئەوەی لە دانیشتنەكان دەگوزەرێت.

٥- پێشنیازكردنی دامەزراندنی لیژنەكانی لێكۆڵینەوە.

٦- پێكهێنانی لیژنەكانی لێكۆڵینەوە لەكاتی داواكان.

## لیژنەكانی ئەنجومەن

"كایشاب" تێبینییكردووە كە :"ئەو ئەنجومەنانەی بە لیژنـەكانیان دەناسـرێنەوە پایەدار دەبن". ئە ن ك لەمەبەدەر نیە.[51] ئـه ن ك دووجۆر لیژنـەی هەیـە، هەمیشەیی‌و كـاتیی، كـه هـەردووكیان بـه لیژنـەكانی لێكۆڵینـەوە دەناسـرێن. لیژنـه هەمیـشەییەكان لەیەكـەمین خـولی دانیـشتنی ئـه ن ك پێكـدەهێنرێن، كـه هاوجووتـه لەگـەڵ پۆسـته

---

[49] Kurdistan National Assembly (1994) op. cit

[50] Ibid., p. 33;

چاوپێكەوتن لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم، هەولێر، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩،. محەمەد تۆفیق، سلێمانی، ٧ ئووت ١٩٩٩ .

[51] S. Kayshap, ‘Committees in the Indian Lok Sabha’, in Lees and Shaw (eds) *Committees in Legislatures: A Comparative Perspective*, Durham, NC: Duke University Press, 1979, p. 321.

وزارییـەکانو دەبێتـە چـاودیرێکی کاریگـەر بەسـەر چـالاکییە وزارییەکانـەوە. لیژنـە کاتییـەکان لەگـەڵ گرفتـە نائاسـییەکاندا مامەڵـە دەکـات کـە ماوەیـەکی زیـاتر دیـارییکراوی هەیـە وەك مەسـەلەی وشکەسـاڵیی لـە سـاڵی ١٩٩٩دا. رێگـا بـە ئەنـدام پارلەمانەکان دەدرێت کە زیاتر لە دوو لیژنەی هەمیشەییدابن، ئەو سنوورەی بۆ لیژنە کاتییەکان سووکتر دەکرێت.



وێنەی ٦: ٢ پێکهێنانی لیژنە لە ئە ن ک .

لیژنـەکانیش خۆیـان لـەنێوان سـێ بـۆ نـۆ ئەنـدام پارلـەمان لـەخۆدەگرن. و بـە رەزامەنـدیی زۆرینـە پێکـدێت.[UR] کاتێـك ئەنجومـەن نـەیتوانی رای خـۆی گەڵاڵـە بکـات لەلایەن سەرۆکایەتیی خۆیەوە پێکدەهێنرێت. سەرۆکایەتیی مافی ئەوەی هەیە کە هـەر تەکنۆکراتو پسپۆڕێکی راوێژکار بانگێشت بکرێت تاکو بەڵگە پێشکەشی لیژنـەکان بکەن. (بڕوانە وێنەی ٦ :٢).

[52] Kurdistan National Assembly (1994) op. cit., pp. 29–31;
چاوپێکەوتن لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم، هەولێر، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

## پرۆسەی یاسادان

وێنـەی ٦ :٣ پرۆســەی یاســادانان ڕووندەکاتــەوە کـە هەڵـسوڕانی بڕیارلێـدراوی ئەنجومــەنی نیـشتمانی کوردســتانە. نـەزمو یاســاکان لەلایــەن دوو سەرچــاوەوە بـۆ ئەنجومــەن پێــشنیازدەکرێت، لەلایــەن راوێــژکارە پارلەمانتارییــەکانو ئەنجومــەنی وەزیرانەوە. راوێژکارە پەرلەمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە یاساو بڕیارەکان پێشکەش بـە سـەرۆکایەتیی بکـەن، ئـەوەی بەرجەسـتەی بۆچـوونی دە یـان زێـدەتر لـە ئەنـدام پارلەمانەکان دەکات. دەشێت ئەنجومەنی وەزیرانیش پێشنیاز پێشکەش بە ئە ن ك بکاتو بەوەش ئەو پێشنیازە دەخرێتە ئەجێندای پارلەمانەوە.

## تێپەڕاندنی یاسا

ڕەشنووســی پێــشنیازە پەســەندکراوەکان ڕەوانــەی لیژنــەی یاســایی پارلــەمانو لیژنەیـەکی تایبـەت دەکرێت کـە پەیوەنـدیی بـە پێشنیازەکەوە هەیـە. ئنجا لەرێگـەی ســەرۆکی بلـۆکی پارلەمانییەکانــەوە بەســەر ئەنجومەنـدا دابەشـدەکرێت. پێـشنیازو تانــەکانی ســەری لەلایــەن لیژنەیــەکی هەڵــسەنگاندنەوە ڕەوانــەی ســەرۆکایەتیی دەکرێتو جارێکی دیکە دابەشدەکرێتەوە. بـەم چەشنە، ڕەشنووسەکە دەچێتە نێـو ئەجێندای ئەنجومەنـەوە بۆئـەوەی لەلایـەن تێکـڕای ئەندامانـەوە گەنگەشـەی لـەبارەوە بکرێـت، رێگـەی دووەمـی تێپەڕانـدنی یاسـا بریتییـە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەوەی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە پێشنیاز پێشکەش بە ئە ن ك بکات. هەمان شێوازی تانەلێدان دەگیرێتەبەرو تەسدیقی ئەو پێشنیازە پێویستی بە زۆرینەی دەنگەکانی ئە ن ك هەیە، مگەر داوای زۆرینەی تایبەتی بۆ بکرێت.

## پرسینەوەی پارلەمانیی

پارلەمانتارێك كە لەخوارەوە دانیشتووە مافی ئەوەی هەیە یەك پرسیار ئاراستەی سەرۆك یاخود نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بكات سەبارەت بەو بابەتانەی كە لەلایان بایەخدارە یاخود سەبارەت بە ئەنجامی لیژنەكان. وێنەی (٦ :٤) پرۆسەی پرسیارو وەڵام لە ئە ن ك رووندەكاتەوە.




وێنەی ٦: ٣ وێناكردنی پلانی پێشنیازو ڕێنماییەكان.

## ئه نجامگیریی

تاكو ئووتی ١٩٩٦، ئه ن ك ١٩٣ كۆبوونەوەی ئاسایی و ١٥ كۆبوونەوەی نائاسایی كردووە. سەدوچل یاساو بڕیار راگەیەندراون و ئەنجومەن رۆڵێكی سەرەكیی بینی لە هێنانەكایەی ئاگربەستی نێوان پارتی و یەكێتی لەماوەی شەڕی نێوخۆیی مایۆی- ژوونی ١٩٩٤دا. لەكاتێكدا دواجار لە بەدیهێنانی ئاگربەستێكی نێوان پارتی و یەكێتیدا شكستیخوارد. ئە ن ك پێشانیداوە كە تەنانەت لە هەرە وەختە پڕگرفتەكاندا، دەزگایەكی كاریگەرو بەرچاوو خاوەن دەسەڵات بووە. ئەو چالاكییەی




كە لایەنی یاسادانان بەهۆی ئەندام پارلەمانە تازە هەڵبژێردراوەكانەوە بەخۆوەی بینی، بووەهۆی یاسادانانی زۆرتر و دامەزراندنی مەكتەبەكانی جێبەجێكردن و رێكخستنی دەسەڵاتی دادوەریی، هەوڵی هێنانەدی حاڵەتێكی سروشتیی بۆ

هەرێمەکـە. ئـە ن ك وەك یاسـادانەرێك، واپێدەچـوو لەسـەر سیـستمێکی سیاسـیی دابەشبوو گەشەبکات، کـە توانـای دانوسـانی بەشـداربووی حیزبـەکانی برەوپێـدەداو سوودی بەو بوارە ناشەڕخوازییە دەگەیاند کە دەبوو حیزبە سیاسییەکان لـەخۆیانی پێـشانبدەن. د. فوئـاد مەعـسوم تێبینییکـرد کـە :" تەنانـەت لەگـەڵ بـوونی ئـەو گرفتانەشـدا (سـەبارەت بـە شـەڕی نـاوخۆ) ئـە ن ك تەنانـەت رۆژێکـیش بەدەسـت سووکایەتیی و شەڕەجوێنی ئەندامەکانی لە گروپە جیاوازەکان نەینالاندووە، تەنانەت لـەکاتی دژوارییەکانیـشدا." [53] لەبەرئـەم هۆیانـە، وەك دەزگایـەك ئەسـتەمە مـشتومڕ لەوێوە لەمەڕ یەکخستنەوەی پارلـەمان بکرێت، کە خۆی لەخۆیدا، دەتوانرێت تـەنیا سیستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراق بەهێزبکرێت.

## مۆرفۆلۆژیی و کاروهەڵسوڕانی بڕیارلێدراوی مەکتەبەکانی ح هـ ك

یەکەمین کابینە لە ٤ی ژوونی ١٩٩٢دا بەگوێرەی یاسای ژمارە ٣ پێکهات، ژمارەی وەزیـرە بەشـداربووەکانی لـە کابینەکـەدا پـازدە کـەس بـوون، وێـڕای سـەرۆك وەزیـرو جێگری سەرۆك وەزیریش. تەنیا ئەو حیزبانەی کە لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢دا رکابـەرییانکرد لـەپێکهێنانی کابینەکـەدا بەشـدارییانکرد، زۆربـەی ئـەو حیزبانـەی کـە بەشـدارنەبوون پـاش هەڵبـژاردن دامـەزرێنران. وەزارەتـە سـەرەکییەکان لـەنێوان دوو بلۆکـە پارلەمانتارییـە سـەرەکییەکەی پـارتی و یـەکێتی دابەشـکران. حیزبـی شـیوعی کوردستان وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتییان پێدرا، زەحمەتکێشانیش کە لەگەڵ یەکێتی و لە پارلەماندا هاوپـەیمانی بوون، وەزارەتـی کشتوکاڵ و ئاودێریـان پێـدرا. جووڵانـەوەی دیمـوکراتی ئاشـووریش وەزراەتـی ئیـشغال و نیـشتەجێکردنیان پێدرا.

وێـڕای ستراکتۆری تـازە دامـەزراوی ح هـ ك، ستراکتۆری جێبـەجێکردنی خـۆجێیی پارێزگاکانیش هەبوو. مەکتەبی جێبەجێکاری پارێزگار وەك ئۆرگانێکی باڵای فەرمیی

---

[53] چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩ .

حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراقدا، خاوەن بڕێکی نائاسایی دەسەڵاتو نفوز بوو لە هەرێمەکەدا.[UT] هەرچەندە، لەبری وەفاداریی بۆ حکومەتی عێراق، پارێزگارەکانی دەوڵەتە دیفاکتۆ ساواکە، لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە دانرابوونو پشتیان بەو حیزبە دەبەست کە لەو پارێزگایەدا هەژمووندار بوو.

لەم بەشەدا ، ئاماژەم بەهەریەك لە ستراکتۆری وەزارەتە جێبەجێکارەکانی کوردستانی عێراق و ستراکتۆری جێبەجێکاری خۆجێ داوە، وەك هەوڵێك بۆ روونکردنەوەی ئەو تێکەڵبوونەی دەسەڵاتەکان و ئەو پەیوەستەی لەنێوان هەردوو سیستمەکەدا هەیە، هەروەها کاریگەریی کەسایەتییەکان کە دەتوانن لە هەڵسوڕانی سیستمە سیاسییەکەدا هە یانبێت.

## مۆرفۆلۆژییو پرۆسەی پلانی بڕیارلێدراوی جێبەجێکردنی هەرێمیی

لەکاتی تێپەڕاندنی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ح هـ ك دامەزراند، ئە ن ك پرۆگرامێکی بەرفراوانی گرتە ئەستۆ بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی وەزیرانو نوێنەرایەتیی(بروانە خشتەی ٦ :٥). وەزارەتەکانو نوێنەرایەتییەکانیان لەسەر بنەمای کارگێڕیی حکومەتی پێشووی عێراق لەپارێزگاکانی باکوور دامەزرابوو بەشێوەیەکی سادە چووبووەپێش، بەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی لە پارێزگاکانی باکووردا ئەمێستا بووە بە وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەرچەندە، دابەشبوونی نێوان کوردستانی عێراقو حکومەتی ناوەندییو ئەو گرفتە تایبەتانەی بۆ باکوور هاتبوونەئارا، ئەوەی سەپاند کە چوار وەزارەتی نوێ بە ناوەکانی: هاوکارییو کاروباری مرۆڤایەتی، (بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ئەو رێکخراوە پەرەسەندووانەی ئێن جی ئۆکان/NGO و ئامادەیی یوئێن/UN )، بنیاتنانەوەو گەشەپێدان

[54] تەنانەت کاتێك لەگەڵ باقی دیکەی کوردستانی عێراق بەراورد دەکرێت، پارێزگارەکانی کوردستانی عێراق هەمیشە بەوە جیاکراونەتەوە کە دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی بەهێزیان هەبوو، بەهۆی ئەو ناوەندگەراییەی دەسەڵات کە بەتوندیی پشتی بە پارێزگار بەستووە بۆ بەدیهێنانی ئاسایش لە ناوچە کوردییەکاندا. چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپرڵ ١٩٩٨ .

(بۆئاوڕدانـەوەی لـە گەشـەپێدانەوەی ناوچـە وێرانکـراوە گوندنـشینەکان کاروبـاری پێشمەرگە(بۆ هەماهەنگی هێزە هاوبەشەکانی پێشمەرگە))، هەروەها فەرهەنگ.[55]

**خشتەی ٦: ٥ یاساکانی ئە ن ك بۆ دامەزراندی وەزراەتەکان**

| وەزارەت | یاسا | ساڵ |
|---|---|---|
| کابینەکە | ٣ | ١٩٩٢ |
| پەروەردە | ٤ | ١٩٩٢ |
| کاروباری پێشمەرگە | ٥ | ١٩٩٢ |
| ناوخۆ | ٩ | ١٩٩٢ |
| رۆشنبیریی | ١١ | ١٩٩٢ |
| داد | ١٢ | ١٩٩٢ |
| کاروباری دارایو ئابووری | ١٣ | ١٩٩٢ |
| شارەوانیو گەشتوگوزار | ١٥ | ١٩٩٢ |
| تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی | ١ | ١٩٩٣ |
| گواستنەوەو گەیاندن | ٢ | ١٩٩٣ |
| وزەو پیشەسازیی | ٥ | ١٩٩٣ |
| ئەوقافو کاروباری ئیسلامی | ٧ | ١٩٩٣ |
| کشتوکاڵو ئاودێری | ١٠ | ١٩٩٣ |
| بنیاتنانو ئاوەدانکردنەوە | ١١ | ١٩٩٣ |
| ئیشغالو نیشتەجێکردن | ١٣ | ١٩٩٣ |
| یارمەتی مرۆڤایەتیو هاوکاری | ٢٠ | ١٩٩٣ |

**سەرچاوە: پرۆتۆکۆڵەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

---

[55] لەواقیعدا، وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتییو هاوکاریی وەزارەتێکی نەناسراوی تـەنکی کاروباری دەرەوەیـە . هەرچـەندە بـەهۆی حاڵـەتی کـارگێڕیی دەوڵەتـە دیفاکتۆکـەو لاوازی دانپێـدانانی نێونەتەوەیی بە شەرعییەتیدا، مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتیو مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی لەگەڵ ح هـ ك مامەڵە دەکەن. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ١٧ ئەپڕڵ ١٩٩٨،. د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨

کابینـــه لـــه ســـەرۆك وەزیـــران و جێگـــری ســـەرۆك وەزیـــران، هـــەموو وەزیـــری وەزارەتـەکان و پێـنج وەزیـری دەوڵـەت/بێـوەزارەت پێکـدەهات.(بڕوانـه وێنـەی ٦ :٥). کابینـه هـەموو چوارەشـەمەیەك کۆبوونـەوەی خۆی رێکـدەخات کـه وەك بـاوە لـه سـات ١١ی سەرلەبەیانی دەستپێدەکات. مەکتەبی ئەنجومەن(سەرۆك وەزیران و ئۆفیسەکەی بــه راوێـــژکاریی لەگـــەڵ مەکتەبـــەکانی وەزیرەکـــان) ئەجێندایـــەك ئامادەدەکـــەن بـــۆ سـتراکتۆری دانیـشتنەکان. بـەگوێرەی پرۆتۆکـۆڵی ئـه ن ك سـەبارەت بـه پرۆسـەی جێبـەجێکردنی دەستنیـشانکردنی سـەرەك وەزیـران و جێگرەکـەی لەلایـەن ئـه ن ك دەبێت، پاش راوێژکاریی لەگەڵ بلۆکه پارلەمانییەکاندا، ئه ن ك دەسەلاٚتی پشتگیریی یـاخود کێشانەوەی متمانـەی لـه ئەنجومـەنی وەزیـران هەیـه کـه لـەڕووی کردارییـەوە دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی.

ئەجێنداکه (ئـەوەی مـن پێشنیازی پـرۆژە سیاسییەکان لـەخۆدەگرێت) لـه کابینـه گفتوگـۆی لـەبارەوە دەکرێت. بڕیارەکـانیش بەرپرسـیارێتی دەسـتەجەمعین، بودجـەی پرۆگرامـه وزارییـەکان لـه کابینـه پەسـەند دەکرێـت، بەڕەزامەنـدیی وەزارەتـی دارایـی و کاروبـــاری ئـــابووریی. هـــەروەها پێـــشنیازی یاســـای نـــوێ لەلایـــەن کابینـــەوە ئامادەدەکرێت و بۆ تەسدیقکردن رەوانەی ئه ن ك دەکرێـت.[56] ئـەرکی هـەر وەزارەتێکـه کـه پلانێکـی سـالاٚنه پەرەپێبـدات لەرێگـەی هەڵـسوڕانی بیرۆکراتەکانییـەوە کـه پـاش تەواوبوون پێشکەش بـه ئەنجومـەنی وەزیـران دەکرێـت. ئنجـا لیژنەیـەکی تایبـەت لـەم پلانـه دەکۆڵێتـەوە(وەك بـاوە لەلایـەن تەکنیکییـەکانی بـواری پەیوەندییـدارەوە) ئنجـا پێشنیازەکه رەوانـەی کابینـه دەکرێـت لەگـەڵ مـشتومڕانەی لەبارەیـەوە کـراون، لـەوێ دیـسانەوە مـشتومڕی لـەبارەوە دەکرێتـەوە. دواجـار پێـشنیازەکه لەگـەڵ ئـەو داواو

[56] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی،١٧ ئەپڕڵ ١٩٩٨. ئەحمەد شەریف، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨، د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨، نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨، فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢ ژوون ١٩٩٩، رەفعەت عەبدوڵلا، سلێمانی ، ٩ ژوئیه ١٩٩٨، محەمەد تۆفیق، قەلاٚچوالان ، ٧ ئووت ١٩٩٩ ،. کۆسرەت رەسوڵ ، سلێمانی، ٨ ئووت ١٩٩٩ .

بۆچوونانەی لەبارەیەوە کراوە رەوانەی وەزارەتی پەیوەندییدار دەکرێت. لەگەڵ ئەو بودجەیەی بۆی ترخانکراوە.[UW]

## مەکتەبی جێبەجێکاریی لە پارێزگاکان

کوردستانی عێراق بەسەر چەند پارێزگایەکدا دابەشبووە، کە بەرجەستەی بالاًترین ئاستی دەسەلاًتی جێبەجێکردن لەناوچەیەکی تایبەتی جوگرافیاییدا دەکات، بەدەر لە سەرۆك و سەرۆك وەزیران.[UX] پارێزگارەکان کەسایەتیی دەسەلاًتدار بوونکەلەلایەن پارتیو یەکێتییەوە دادەنران، ئەوانەی پێگەیان وەك نوێنەری سەرۆك(یان رابەری جووڵانەوەکە) لەنێو پارێزگاکەیدا(چ پارێزگایەکی ژن نیە).[UY] ئەمە ستراکتۆری

[57] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد شەریف، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨،. نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨،. کۆسرەت رەسوڵ ، سلێمانی، ٨ ئووت ١٩٩٩، . کرێکار عەبدوڵلا، سلێمانی ، ١٠ ژووئیە ١٩٩٨،. رەفعەت عەبدوڵلا، سلێمانی ، ٩ ژوئیە ١٩٩٨،. شالاًوی عەلی عەسکەری، سلێمانی، ١٣ مایۆ ١٩٩٨ ،. شێخ مەئمون بریفکانی، هەولێر، ٢٠ مایۆ ١٩٩٨،, ئەبو حیکمەت ، هەولێر، ٩ مایۆ ١٩٩٨،. بەهمەن حسێن، سلێمانی، ١١ ژوون ١٩٩٨،. فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩،. بەدریە عوسمان، هەولێر، ١ ژووئیە ١٩٩٨،. سەعدی پیرە،سلێمانی، ١٧ ئەپرڵ ١٩٩٨،. د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ٢٨ فێبرایەر ١٩٩٨،. ئیدریس هادی سالح، هەولێر، ١٩ مایۆ ١٩٩٨،. شێخەڵلا ئیبرتهیم شێخەڵلا، هەولێر، ١ ژووئیە ، ١٩٩٨.

[58] سیستمی پارێزگاکان لە عێراق، لەوانە نەخشەڕێژیی دەسەلاًتەکان لە یاسای پارێزگاکانی ساڵی ١٩٦٩دا فرمەڵەکراوە. ئە ن ك دەسەلاًتی هەیە، بەگوێرەی رێبازی هەڵسوڕانی خۆی، کە بڕواکانی یاساکە بگۆڕێت، بەلاًم لە یەکەمین‌ودووەمین کابینەدا ئەمەی نەکرد. هەرچەندە، راپۆرتە پشتڕاستنەکراوەکان ئەوە پێشاندەدەن کە پارلەمانەکەی ژێر هەژموونی پارتی لە هەولێر برەو بە پێکهێنانی دوو پارێزگای نوێ دەدات لە داهاتووی نزیکدا. دەگونجێت لەناوچەکانی سۆران‌و ئاکرێ دا. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری، سلێمانی، ٥ مایۆ ١٩٩٨، . مەهدی خۆشناو، هەولێر، ١٤ ژوون ١٩٨٨.

[59] بەهۆی ئەو هەلومەرجە نادیارەی لەمەڕ هەڵبژاردنی رابەرەوە هەبوو، لە هەرێمی کوردستانی عێراق پارێزگارەکانی بەشێوەیەکی فەرمیی دامەزراند، ئەو دامەزرێنراوانە دەبێت لەبەردەم ئەودا سوێندی یاسایی بخۆن. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری، سلێمانی، ٥ مایۆ ١٩٩٨،




وێنەی ٦: ٥ ئەنجومەنی وەزیران

دەســـەڵاتە لـــە دابەشـــبوونی پارێزگاکانـــدا جـــەختی لێکراوەتـــەوە. لەگـــەڵ ئـــەوەی قایمقامیـەت کـە دەسـەڵاتی پارێزگـاری لـە قەزاکانـدا هەیـەو هـەروەها مـودیر ناحیـەش هەمان دەسەڵاتی لە ناحییەکاندا هەیە.[60]

لەکاتێکدا ئـەو سیستمە کـە وەك ستراکتۆرێکی ساکار دەردەکـەوێت، لەگـەڵ ئـەو واقیعـەی لـە عێـراق بـە تایبـەتو لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بەگـشتیی هـەن، پێدەچـێت هێندێکجار بڕێکی بەرچاو پشێوی هـەبێت بەهۆی ئەو شـەرعییەتە فەرمییـەی پێگـەی پارێزگار بە بەراورد لەگەڵ شەرعییەتی ئەوەی وەزیرەکانی ح ه ك دا. ئەم دابەشـبوونە تێکـەڵ بـەو راسـتییە کـە پارێزگارەکـان وەك جێبەجێکـەرێکی چـالاکییەکان لـەنێو پارێزگاکەیـدا، کـۆنترۆڵو سەرپەرشـتیی چـالاکی تێکـڕای بەڕێوەبـەرە گـشتییەکان دەکـات، لەکاتێکـدا ئـەو سیـستمە کوردییـەی کـە لەسـاڵی ١٩٩٢ەوە جێبـەجێکرا بەتـەواویی بەڕێوەبـەرە گـشتییەکان، لـەڕووی تەکنیکییـەوە، دەخاتـە ژێردەسـتی ستراکتۆری وەزارەتەکانەوە، ئەم باسـەی دادێ لە ستراکتۆری پارێزگاکـانو هـەروەها رۆڵیان لە کارگێڕیی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩٢دا دەکۆڵێتەوە.

## بنەماو پرۆسەی جێبەجێکردنی پارێزگاکان

بـەگوێرەی جێگـری پارێزگـای سلێمانی، ئاسـۆی شـێخ نـوری، روونتریـن شـێوە بـۆ ناسـاندنی سـتراکتۆری پارێزگـا ئەوەیـە کـە بەرپرسـیارە لـە کـارگێڕیی پارێزگـا، چـاودێریی جێبـەجێکردنی ئـەو بەرنامـەو سیاسـەتانە دەکـات کەلەلایـەن سـتراکتۆرە وزارییەکانـەوە راگەیەنـدراوە. بـواری بنـەڕەتیی بایـەخی پارێزگـار هـەموو دەزگـا خزمەتگوزارییـە گـشتییەکان دەگرێتـەوە، لەگـەڵ پاراسـتنی مـوڵکی گـشتییدا.[61] بـۆ

[60] بڕوانـە بەشـی چـوارەم بـۆ ناسـاندنی سـتراکتۆری حکومـەت لـە کوردسـتانی عێراقـدا. سـتراکتۆری پارێزگاکـان لـە عێـراق بـەگوێرەی بەنـدی دووی یاسـای پارێزگاکـانی عێـراق ی سـاڵی ١٩٦٩ دامـەزراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەهدی خۆشناو، هەولێر، ١٤ ژوون ١٩٩٨. ئاسۆ شێخ نوری، سلێمانی، ٥ مایۆ ١٩٩٨.

[61] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ نوری، سلێمانی، ٥ مایۆ ١٩٩٨.

بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، پارێزگار پشتی بە دوو پەیوەندیی بایەخدار دەبەستێت، یەکەمیان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەربۆ ئەو لایەنە دادەنەوێنێت، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ بەشەکانی وەزارەتەکاندا، ئەوەی کە بەڕێوەبەرەکانیان ئەرکی جێبەجێکردنی سیاسەتو بەرنامەکانیان لە پارێزگاکاندا لەئەستۆدەگرێت.[62] لەبەرئەوە، پارێزگار بڕێکی بەرچاو دەسەڵاتی هەیە بەسەر چالاکییەکانی بەڕێوەبەرەکاندا لە پارێزگاکەیدا، ئەگەر بەسەر تەواوی ئەو فەرمانانەدا نەبێت کە لەلایەن وەزارەتەکانەوە بۆی دادەبەزێت. ئەم ئاستی کۆنترۆڵە تێکڕای بەڕێوەبەرە گشتییەکانو ئەوانەی تێکڕای وەزارەتەکان دەگرێتەوە، جگە لە وەزارەتی دادو ئۆرگانەکانی سیستمی دادوەریی. بەهەمانشێوە، پارێزگار دەسەڵاتی بەسەر زانکۆکانو هێزی سەربازییدا نیە.

بەگشتیی، بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان فەرمانەکانی خۆیان لە وەزارەتە پەیوەندییدارەکانەوە وەردەگرنو پێویستە کۆپیەکی ئەم فەرمانە رەوانەی پارێزگاربکرێت. ئنجا رۆڵی ستراکتۆری پارێزگا بریتییە لە رێکخستنو چاودێرییکردنی وردەکاریی چالاکییەکانە لەبارەی فەرمانەکانو راپۆرتدانە لە چالاکیی ئۆرگانەکانی خوارەوە جێبەجێکردنی بۆ وەزارەتی پەیوەندییدار، هەروەها بۆ وەزارەتی ناوخۆ.[63]

هەروەها وەزارەتەکانیش ژێرخانی پارێزگاکان بەکاردەهێننو هێندێك ماف کارگێڕیی بە پارێزگار دەبەخشن. پارێزگار ئیدی ئازادە کە لیژنە دابمەزرێنێت کە بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکاندا کاربکاتو کار بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە

---

[62] چاوپێکەوتن لەگەڵ فازیل میرانی، هەولێر ، ٢٦ ئووت ١٩٩٩.

[63] مەهدی خۆشناو، جێگری پارێزگاری هەولێر، سیستمەکەی لێکدایەوە لەگەڵ ئاماژەدان بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پەروەردە لەهەولێر، وەزارەتی پەروەردە لە چەسپاندنی بەرواری تاقیکردنەوەو دانانی پرۆگرامی خوێندنی هەرێم بەرپرسیارە، لەکاتێکدا پارێزگای هەولێر لە جێبەجێکردنو سەرپەرشتییکردنی ئەم فەرمانانە بەرپرسیارە. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەهدی خۆشناو، هەولێر، ١٤ ژوون ١٩٩٨.

گشتییەکان لە پارێزگاکەدا بکات. لە راستییدا حکومەتێکی گچکە پێکدەهێنێت.[VT] بۆنموونە: لە سلێمانی، پارێزگار سەرۆکی چەندین لیژنەیە، وەك لیژنەی ئەمنی سلێمانی، لیژنەی کشتوکاڵیی و پەروەردە. لیژنەکان لە قەزاو ناحییەکاندا لقیان هەیەو بەڕێوەبەرانی ئەو ناوچەیەش سەرۆکایەتیی ئەو لقانە دەکەن. ئەم لیژنانە راپۆرتەکانی خۆی پێشکەش بە وەزارەتەکانی ناوخۆ دەکاتو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە رێنمایی و داواکاریی ئامۆژگاریی تاکەکانی وەزارەتە پەیوەندییدارەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی ناو پارێزگاکە بکات.

## ئەنجامگیریی

پارێزگاکان بەرجەستەی زیاتر لەو ناونیشانە دەکەن کە پێشانیدەدەن، هەروەها د.فوئاد مەعسوم سەرۆك وەزیرانی یەکەمین کابینە ، دانیبەوەدانا کە پارێزگاکان لە چەندین بۆنەدا کێشەیان بۆ ناوەتەوە.[VU] لە پێگەیەکدا کە لەبنەڕەتدا پێویستی بە تەکنۆکراتێك هەیەبەدوای چالاکییە فەرمییەکانی جێبەجێکردندا بکەوێت. ئەوانەی کە پارتی و یەکێتی لە پێگانەدا دایاننابوون بریتیبوون لە سیاسییەکانو ئەندامانی یان کۆمیتەی ناوەندی پارتی، یا مەکتەبی سەرکردایەتیی یەکێتی بوون.[VV] ئەمەش وایکرد کە پارێزگار لانیکەم ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی هەبێت کە وەزیرەکان هەیانە، ئەگەر زێدەتریش نەبێت. بەتایبەت کە سیستمی پارێزگاکان لەساڵی ١٩٦٩ەوە لەکاردابوو، بەڵام ئەوەکەی ح ە ك لەساڵی ١٩٩٢ەوە، شەرعییەتی پارێزگاری

---

[64] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨.

[65] چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

[66] پارێزگاری دهۆك تا ساڵی ١٩٩٩، عەبدولعەزیز تەیب بوو(ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەلایەن نێچیرەڤان ئەحمەدەوە شوێنی گیرایەوە)، فرانسوا هەریری لە هەولێر ( ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەلایەن ئەکرەم مەنتکەوە شوێنی گیرایەوە)، حاکم قادر حەمەجان لە سلێمانی( کۆمیتەی سەرکردایەتی)، جەلال جەوهەر لە کەرکوك (کۆمیتەی سەرکردایەتی).

پتەوترکرد.[67] سامی عەبدولڕەحمان تیشکی خستەسەر هێندێك لەو هەلومەرجەی کە ئەم حاڵەتە هێنابوویەپێش، لەگەڵ ئەوەی پارێزگارەکان دەسەڵاتێکی سیاسیی بەرچاویان مومارەسە کرد:

"لەهەولێرو دهۆك هەردوو پارێزگار لە کۆمیتەی ناوەندین، ئەمە بۆ عێراق جیاوازە. لەعێراقدا، ڕژێم لەم شوێنانەدا تەکنۆکرات دادەنێت کە ئارەزووی مشتومڕناکەن، سیاسیی و پێشمەرگە زیاتر مشتومڕ دەکەن.[68]

کۆنترۆڵێکیستراکتۆریی هەیە کە بالادەستییەکی دەستبەجێ بە پارێزگار دەدات، هەروەها وەزیری ناوخۆش ئەندامی مەکتەبی سیاسییە. هەرچەندە، وادەردەکەوێت کە هێزێکی ڕێژەیی پارێزگار بەهۆی ئاژانسەکانی یوئێنەوە پتەوبووبێت و پشتگیریی لێکرابێت. ئاژانسەکانی یوئێن کە لەچوارچێوەی مەرجە پێشینەییەکانی حکومەتی عێراق بەسترابوونەوە، دەبوو لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئۆرگانە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقدا هەڵسوڕێن، بەوانەشەوە کە لە کوردستانی عێراقدا بوون.[69] لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق دانی بە وەزارەتەکانی ح ه ك دانەدەنا، یوئێن ناچاربوو راستەوخۆ کار لەگەڵ پارێزگاردا بکات، کە هێندێکجار سەلماندی دەبێتە گرفت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەریەك لە ئەنجومەنی ئاسایشی یوئێن و هەروەها پەرەپێدانی ستراکتۆرێکی روونی کارگێڕیی لەنێو دەوڵەتە دیفاکتۆکەدا.[70]

---

[67] Interviews with Gerhard Mortier, Erbil, 9 March 1998; Dr Shafiq Qazzaz, Erbil 18 May 1998.

[68] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپڕڵ ١٩٩٨.

[69] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨.

[70] چاوپێکەوتن لەگەڵ گیرهارد مۆرتیر ، هەولێر، ٩ مارت ١٩٩٨،. د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨ گیرهار مۆرتیر نوێنەری بواری یوئێن لە هەولێر لەماوەی ساڵی ١٩٩٨ دا بڕوای وایە کە پۆستی پارێزگار، بەتایبەت لە دهۆك، بەشێوەیەکی بەرچاو لە ستراکتۆرە وزارییەکان کاریگەرترە. بەهەمانشێوە، پێگەی فرانسوا حەریری پارێزگاری هەولێر تا ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن خۆیەوە پشتگیریی دەکرا کە ئەندام پارلەمان بوو، وەزیری هەرێم بوو (بێ وەزارەت) ، هەروەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو.

## دادوەریی

لەگـەڵ کێـشانەوەی دەزگاکـانی حکومـەتی عێـراق لەسـاڵی ١٩٩١دا، مەسـەلەی دامەزراندنی سیستمێکی دادوەریی بۆ گێڕانەوەی یاساو ئارامیی لە هەرێمەکەدا بووە پێویـستییەك بەسەرشـانی بـەرەی کوردسـتانییەوە. هێزەکـانی پۆلیـسی مـەدەنیی رێکخرانـەوەو خرانـە ژێـر دەسـەڵاتی لیژنـە ناوچـەییەکانی بـەرەی کوردسـتانییەوە. بەهەمانشێوە، دادگا ناوچەییەکان‌و دەزگاکانی دادوەریی سەرلەنوێ کرانەوەو لەرێی ستراکتۆری رێکخراوەیـی پارێزگاکانـەوە هەڵدەسوڕان.[WQ] پـێش ئـەوەی لەلایـەن بـەرەی کوردسـتانییەوە سیـستمێکی یاسـایی فـەرمیی دابمـەزرێنرێت، پـۆلیس‌و دادگاکـانی هەرێم بەگوێرەی یاساکانی سزادان‌و رێبازەکانی تاوانباریی عێراق کاریان دەکرد، کە بـەپێی راپـۆرتی رێکخـراوی نێودەوڵـەتیی، هێنـدێك لـەخوار سـتاندەری نێودەوڵـەتیی کـورتی هێنـابوو.[WR] ئەمـە تێکـەڵ بـەو راسـتییەبوو کـە زۆربـەی رووخـسارەکانی ئـەم کاروهەڵـسوڕانە ئاوارتانـە وادەردەکـەوت کـە لەسـایەی ئاراسـتەی حیزبـدا بـوو تـاکو ئەوەی سەربەخۆ بێت، ئەوەی وایکرد چەندین راپۆرت لە پرسـەکانی نادادپـەروەریی‌و بەدبەکارهێنانی دادگاکانی لێبکەوێتەوە.[WS]

## بنەماو رێبازەکان

یاسـای ژمـارە ٤٤ لـە ٢٨ی دیـسەمبەری ١٩٩٢دا دەسـەڵاتی دادوەریـی لـە هەرێمـدا دامەزرانـد.[WT] بناغـەی دادوەریـی وەك دەزگایـەکی ئۆتۆنـۆم لـەنێو ح هـ ك دارێـژرا،

---

[71] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم ماوە بەراییە بڕوانە:
Amnesty International, Iraq: Human Rights Abuses in Iraqi Kurdistan Since 1991, London, 1995, p. 25.
[72] Penal Code, Law No. 111 of 1969; Code of Criminal Procedure, Law No. 23 of 1971. Amnesty International, op. cit., p. 25.
[73] Voice of the People of Kurdistan, Salahadin, 27 November 1992 (SWB ME/1551).
[74].Ibid.

لەتێکڕای دەزگاکانی دیکە سەربەخۆ بوو، لەوانە حیزبە سیاسییەکان. بە دڵنیاییەوە کوردان شارەزایی ئەوەیان هەبوو کە سیستمێکی بەو چەشنە دابڕێژن و جێبەجێکەن، لەگەڵ ستراکتۆرێکی یاسایی بەرفروان کە پێشتر لەعێراقدا هەڵدەسوڕا و پێویستیی بەڕاهێنان و دابینکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی یاسایی راهێنراو بوو. دادگاکانی دەسەڵاتی دادوەریی بەناوی گەلی کوردستانی عێراقەوە حوکمە یاساییەکانی خۆیان دەردەکرد و دەسەڵاتیان بەسەر هەمووان‌دا هەبوو، لەوانەش کە لەنێو ح ه ك خاوەن پلەوپایە بوون. نەخشەڕێژیی سیستمی دادوەریی(هەروەها رێکخستنی دادگاکان)، چ مەدەنیی و چ تاوانەکان، لەگەڵ سیستمە عێراقییەکەدا هاوجووتبوون. بەهەمانشێوە، دادگاکان یاساکانی عێراقییان لەتێکڕای کەیسەکاندا بەکاردەهێنا. هەرچەندە، ئەو مافە هێڵرایەوە، کە لە رێگەی ح ه ك هەر یاسایەکی عێراقیی رەتبکەنەوە کە پێش بەرواری کێشانەوەی دەزگاکانی عێراقیی دەرچووبێت. هەروەها سیستمی دادوەریی ئەو مافانەی هێشتەوە کە ئەو یاسایانە جێبەجێبکات پاش ئەو بەروارە لەلایەن ح ه ك ەوە دەرچوون. بە یاسای ژمارە ١١ی ٣١ی ئووتی ١٩٩٢،[75] گرنگترین ئەو یاسایانەی کە لەلایەن دادوەرییەوە پێکهات بریتییبوو لە یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە دیسەمبەری ١٩٩دا.[76] ئەم یاسایە جەختی لەسەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەریی کردەوەو رێی بە دامەزراندنی دادگای باڵا لە کوردستانی عێراقدا دا.

## رێکخستنی دەسەڵاتی دادوەریی

بڵندترین دادگا لە کوردستانی عێراقدا بریتییە لە دادگای باڵا(دادگای پوچەڵکردنەوە) کە لەبنەڕەتدا وا نەخشەرێژکراوە کە لە هەولێر جێگیربێت و هەروەها

---

[75] چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر جەباری ، هەلێر ، ٣٠ ژوون ١٩٩٨،. عەبدوارەحمان نوریسی، سلێمانی، ١٩ ژووئیە ١٩٩٨

[76] Law No. 14, December 1992. See Amnesty International, op. cit., p. 44.




وێنەی٦: ٦ دادوەریی

بەرپرسـیاربێت لـە پێداچوونەوەی تـەواوی هەرێمەکـە. لـەخوارەوەی ئـەو دادگایـەی باڵایە، دوو داواکاریی گشتیی هەیە کە هەریەکەیان لە هەولێرو سلێمانین.

دادگـای بـاڵا دەگونجێـت تـەنیا رووخـساری دادوەریـی بێـت کـە لـەدوای سـاڵی ١٩٩١ەوە بەتــەواویی لەلایــەن کوردانــەوە دامــەزرێنرا. بۆئــەوەی لەســایەی یاســا عێراقییەکانــدا هەڵــسوڕێن، دادگــای بــاڵا پێویــستی بــە دەســتپێداهێنانەوە بــوو، هەرچەندە، تەنیا دانەیەك کە لە عێراقدا هەبێت، ئەوەبوو کە لە بەغدا بوو.[77] ویڕای ئـەم پلەبەندییــەی دادگاکــان لــە هەرێمەکــەدا نزیکــەی ئــەوەبوو کــە لــە سیــستمە عێراقییەکـەی پێشوودا هـەبوو، وەك ئەمـەی لای خـوارەوە ١- دادگـای پێداچوونەوە. ٢- دادگای قۆناغی یەکەم ٣- باری کەسێتیی ٤- تاوانەکان ٥- دادگای کەتن ٦- رووداوەکان ٧- موڵکایەتیی ٨- لێکۆڵینەوە (بڕوانە شێوەی ٦:٦)

لەوانەیە سیستمی دادوەریی لەکوردستانی عێراقدا ئاڵۆزترین دەزگای حکومەت بێت بۆ شیکاریی. وەسفێکی مۆرفۆلۆژیی و شیکاریی پێکهاتەکەی فەراهەمکرا، بەڵام هەڵسەنگاندنی پرۆسەی بڕیارسازیی لەپشت ئـەوەی کـە پێویـستە ببێـت لـە ح هـ ك مەســەلەیەکی پڕکێــشەیە. لەناوچــەیەکی وەك کوردســتانی عێــراق، کــە لەســەرەتای نەوەتەکانەوە لەسایەی چەندین گرفتی ئاسایشی نێوخۆوە دەیناڵاندو تێکەڵبوونی بەرژەوەندیی حیزبە سیاسییەکان لە هەڵسوڕانی دادوەرییدا، ناتوانرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە چالاکییەکانی دادوەریی لەسەرزەنشت بەدەربن. ئەو شیکارییانەی لەلایـەن رێکخـراوی وەك لێبـوردنی نێودەوڵـەتیی کـراوە بەڵگـەن بۆئـەوەی بەتایبـەتیی لەماوەی بەرایی یەکەمین و دووەمین کابینەدا، بەرژەوەندی حیزبە سیاسییەکان بەسەر پرۆسـەی دادوەرییـدا باڵادەسـتە، بەتایبـەتیی لەبەرئـەوەی زۆربـەی قـەوارە سیاسـییە دژبەیەکە خۆسەپێنەکان تەنیا لە هەمان ناوچەیەکی جوگرافیی نین پێکەوە، بەڵکو لەهەمان ئۆرگانی حکومەتیشدان.

---

[77] Ibid.

هەرچەندە، لەساڵی ١٩٩٦ەوە جیابوونەوەی حیزبەکان، ململانێ سیاسییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دامرکانەوە. سیستمی دادوەریی لە کوردستانی عێراق هێشتا چەندین گرفتی خۆی هەیە، بەڵام هەروەك نەوشیروان مستەفا تێبینییکردووە، سەبارەت بە ئاستەکانی یاساو هەروەها ئارامیی لە شەقامەکان لە سلێمانی، کاتێك لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەراورد دەکرێ، ئاستی ئاسایشی مەدەنی لە کوردستانی عێراق بەدڵنیاییەوە لانیکەم دەتوانرێت هاوشێوەی خۆی پێشاندات. بەدڵنیاییەوە، ئەمە رێگە بەوەنادات کە مرۆ کەموکوڕییەکانی ئەم سیستەمەی ئێستا بشارێتەوە. هەرچەندە، بەڵگەی ئەوە هەن کە کەش‌وهەوای سیاسیی ئێستا، سیستمی دادوەریی لەسەر داروپەردووی سیستمە نیشتمانییەکەی پێشوو رێکخراوە، گۆڕانکاریی لەلایەن ئە ن ك سەپێنراوە، هەروەها گۆڕانی دیکە سەپێنرا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ١٩٩٦دا بەسەر سیستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراقدا هات. لەکاتێکدا کە پێویست دەکات بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەبکات، نیشانەی ئەوتۆ هەن کە حیزبە سیاسییەکان، ح هـ ك و دەسەڵاتی دادوەریی لە هەوڵی پتەوکردنی سەربەخۆیی دەزگای دادوەرییدان. شانبەشانی کۆمەڵگای مەدەنیی لە کوردستانی عێراقدا.

## ئە نجامگیریی

ستراکتۆری رێکخراوەیی و بنەمای پرۆسەی بریارسازیی دەزگاکانی ح هـ ك رەگەزگەلێکی ئاڵۆزی کارگێڕیی پێشاندەدات، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە کاتییەی کە تێیدا پەرەیانسەندووە، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی رێژەیی ئەرکێکی ئاسانە کەموکوڕییەکانی ئەو ئاکارە بناسرێت کە کوردان کوردستانی عێراقیان پێ بەڕێوەبردووە، ئەو بارودۆخەی کە ئەم دەزگایانەی تێدا ئامادەکراوەو پەرەیسەندووە، چ لەڕووی سیاسیی و چ لە رووی ئابوورییەوە، نابێ پشتگوێ بخرێت.

ئەم باسە بنەمایەکی سەبارەت بە شیکاریی پەرەسەندنی ح هـ ك پێشکەشکرد، بە بەکارهێنانی مۆفۆلۆژیی کە لەسەر بنەمای کۆڵینەوەی بەراوردکاریی سیستەمەکانی حوکمڕانیی داڕێژراوە. دەگونجێت کە دەزگاکانو پرۆسەی سیستمی حوکمڕانییە کوردییەکەی عێراق بخرێتە نێو چەشنە فۆرمێکی گریمانەیی لەگەڵ ئەو سیستمانەدا کە لەوانەیە فرە جێگیرتر بێت.

هەروەها ئەم باسە ئامارەی بە چوارچێوەی ستراکتۆری سیستمە کارگێڕییەکە، هۆکارەکانو زانیارییە بەراییەکانو پرۆسەی چوونەپێش لەسەرەتای نەوەتەکانەوە داوە. ئەم باسە رووخسارەکانی بەرگریی لە شەرعییەتی سیستمەکە پێشکەشکردووە، لانیکەم بەمانایەکی دیفاکتۆیی. ئەمێستا ئەمە پێویستی بە ئاوێتەبوونە بەو رێبازەی ئەو شێوازە دەناسێت کە ئەو سیستمەی لەو دە ساڵەی دواییدا تێدا هەڵسوڕاوە، بەشی داهاتوو شیکارییەکی بەم چەشنە فەراهەمدەکات لەڕێگەی ئامارەدان بەو جیاوازییە جۆربەجۆرانەی کە کاریان لە سیستمەکە کردووە لەو دە ساڵەی دواییدا، هەروەها بە بەکارهێنانی میتۆدێك کە راستەوخۆ رێگە بە کۆڵینەوەی سیستمەکە دەدات.

# بەشی حەوتەم: حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢-٢٠٠٢

لە فەزای سیاسیی کوردستانی عێراقدا،ناتوانرێت پەرەسەندنی ح هـ ك لە حاڵەتی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی جیابکرێنەوە، هەروەها کاریگەریی ئەو داهاتەی لەئاکامی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشەوە هاتەئارا. ح هـ ك ئەو دەیەیەی وەك کارگێڕییەکی یەکگرتوو دەستپێکرد کە دوو زلحیزبی لە هاوپەیمانییەتییەکی دەسەڵاتی تەشریعیی و جێبەجێکردندا گرتبووەخۆ. بەڵام لەسایەی پەیوەستبوونی ئەو بزاوتەی حیزبە سیاسییەکان کە رزگاربوونی نەبوو، هەروەها بەهۆی کەمیی پشتگیریی مادیی جدییەوە دەینالاند. دەیەکە بە دابەشبوونێکی جوگرافیی سیاسیی لەنێوان شارەکانی هەولێرو سلێمانی کۆتاییهات کە رەنگدانەوەی یەك بەدوایەکی جیابوونەوەی پارتی و یەکێتی بوو .

لەکاتێکدا ئەم دابەشبوونە بووەهۆی گرفتگەلێکی مەزن بۆ کارگێڕیی هەرێمەکە، بەڵام بووەهۆی هێنانەئارای سیستمێکی حوکمڕانیی کە توانی کاریگەرتر هەڵسوڕێت، ئەگەر لە حکومەتە پەنجا بەپەنجاکەی پێشوو فرە کاراتریش نەبێت. وادەردەکەوێت کە ئەو سیستمە بەرابییەی حکومەتە هاوپەیمانییەکەی دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ سیستمێکی حوکمڕانیی برەوپێدا کە لەسایەی هەژموونی دوو حیزبەکەدا بوو، کاریگەرانە پرۆسەی حوکمڕانییەکەی بەرەو بنبەست برد. جیابوونەوەی ئەم دوو حیزبە لەئاشتیینەهاتوو، پەرەسەندنی سیستمێکی دابەشبووی حوکمڕانیی راگەیاند، ئەوەی هەرچەندە خاووخلیچكو فرە پڕکارمەندبوو، بەڵام سەلماندی کە سیستمێکی سەرکەوتووتر بوو، لە ماوەیەکی کورتدا سەقامگیریی سیاسیی برەوپێدا.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئاکامی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢حیزبە بەشداربووەکانی رووبەڕووی بنبەست کرد. دەنگەکانی پارتی و یەکێتی هێندە لە یەکتر نزیك بوو کە هیچ کام لەو دوو حیزبە

زۆرینەیان لە ئە ن ك  دا بەدەستنەهێنا. پاش دانوساندن لەنێوان هەردوو حیزبە رکابەرەکەدا، سیستمێك هێنرایەئارا کە دەیویست چەشنە کارگێڕییەك بۆ هەرێمەکە فەراهەمبکات‌و پارتی‌و یەکێتیش بۆ ماوەیەکی کورتخایەن رازیبکات تاکو هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجامدەدرێت. ئەو نەخشەیە گیرایەبەر کە بە شێوەیەکی کاریگەر هەموو پێگە تەشریعی‌و جێبەجێکارەکەی بە یەکسانیی دابەشکردو دەسەڵاتی راستیینەشی بەشێوەیەکی نافەرمیی دایەدەست هەردوو مەکتەب سیاسییەکانی پارتی‌و یەکێتی، ئەوەی بە سیستمی پەنجا بەپەنجا ناسرا.

## سیستمی بەشداریی دەسەڵات لە یەکەمین‌و دووەمین کابینەدا

لەکاتێکدا پەرۆشیی دەبینرا بۆ هێورکردنەوەی ئەو توندیی‌و دژوارییە هەمیشە ئامادەیەی لە مەیدانە سیاسییەکەدا هەبوو، سیستمی ٥٠ بە ٥٠ پشتی بە نیازپاکیی‌و پاڵپشتیی سەرچاوەکانی دژوارییەکە دەبەست. هەرچەندە لەماوەی دوو ساڵدا، کوردستانی عێراق بە بوونی شەڕێکی توندیی نێوان حیزبەکان دەناسرایەوە، لەگەڵ ئەوەی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات لەوانەیە هاندەرێکی ئەو شەڕەبێت زیاتر لەوەی ئاستەنگێك بووبێت. لەکاتی شیکاریی پەرەسەندنی سیستمە سیاسییەکە لەم ساڵە سەختانەدا، ئامارژە بەو توندوتیژییە دەدەم‌و لەڕێگەی ئەم سیستمی دابەشکردنە تایبەتەی دەسەڵاتەوە گرفتگەلی پێکەوە بەستنەوەی پارتی‌و یەکێتی لەو حکومەتە هەماهەنگە چاوەڕوانکراوەدا دەناسێنم.

## دامەزراندنی سیستمی ٥٠ بە ٥٠

رووداوەکانی راستەخۆی پاش هەڵبژاردنەکان، بەچەشنێك ئاڵۆزە، کەسایەتییەکانی ناو پارتی جەخت لەوە دەکەنەوە کە یەکێتی خۆی بۆ شەڕ ئامادەکردووەو لە سنووری هەولێردا زیاتر لەوەی کە ببێتە ئۆپۆزسیۆنێك لە ئەنجومەنی نیشتمانییدا، هەروەها پارتیش بەهەمانشێوە دژی یەکێتی وروژاوە.

وێڕای ئەوەی چەندین کادری بایەخدار لە یەکێتیدا، کەلەلایەن نەوشیروان مستەفاوە ڕێبەرایەتیی دەکران، هانی یەکێتیاندا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەسەند بکاتو ببێتە پارتی ئۆپۆزسیۆن، دابەشبوونی بەشەکانی نێوان هەردوولا تەنانەت بووەهۆی دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان پارتیو یەکێتی لە ئەنجومەنی نیشتیمانییدا. هەرچەندە، لەکاتێکدا سیستمەکە پەنجا بە پەنجای پێدەگوترا، واپێدەچێت کە پارتی دەستی لە ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزارەتە سەرەکییەکانو هەروەها لە چەند کورسییەکی پارلەمان هێنابێت. سامی عبەدولڕەحمان تێبینییکرد کە " خۆی فیفتی-فیفتی نەبوو، سێ بە یەك بوو، بەڵام پارتی چاوپۆشییکرد"[1] نێچیرەڤان بارزانی پشتگیریی لەم بۆچوونەکرد بەوەی سیستمەکەی بە ٧٠ بە ٣٠ ناوهێنا گوتی کە پارتی ئەو مامەڵەیەی بۆیە پەسەندبوو چونکە بڕوای وابوو کە هەڵبژاردنێکی دیکە لەپێشە.[2]

ئامانجی سیستمەکە ئەوەبوو کە دابەشبوونێکی یەکسانی دەسەڵات لە تەواوی دەزگاکانی حکومەتدا لە هەرێمەکە لەنێوان پارتیو یەکێتیدا بەدیبێت، لانیکەم لەسەر ئاستی سەرەوە، ئەم هاوسەنگییەی کە بڕوا وابوو کە شیاوە، کە هەردوو سەرکردەی حیزبەکان لە دەرەوەی پۆستە فەرمییەکانی حکومەتدا مانەوە، لەگەڵ خاوەخاوکردن لەو پرسە فرە گرفتئامێزەدا کە داخۆ کێ سەرۆك بێت. هەرچەندە، دواجار خۆبەدوورگرتنی هەردوو سەرکردەکە وەك کەموکوڕییەکی جدیی ناسێنرا.

وەك هەمیشە تێبینییکراوە، سەرۆکایەتیی پارلەمان لەنێوان کەسایەتییەکانی پارتیو یەکێتیدا دابەشکرابوو، جەوهەر نامیق سالم سەرۆكو محەمەد تۆفیقیش جێگرەکەی بوو. لەکابینەش دابەشبوونێکی هاوشێوە هاتبووەئارا، کە وەزیرەکان سەر بە حیزبێك بوونو جێگرەکانیان سەر بە حیزبەکەی تر، هەرچەندە، هێشتا پرۆسەی بڕیارسازیی دواجار لەسایەی هەژموونی پارتیو یەکێتیدا بوو. بەوەش

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨.

کارگەریی بژاردەی پارتەکان پارێزراو بوو. محەمەد تۆفیق لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی تێبینییکرد کە:

"لە یەکەمین و دووەمین کابینەدا، تێگەیشتنێکی تۆمارنەکراو لەنێوان هەریەك لە مەکتەب سیاسییەکانی پارتی و یەکێتیدا هەبوو کە هەموو بڕیارەکانی ح هـ ك پێویستە بەجۆرێك وەربگیرێن کە پێشتر لەبارەیانەوە هەردوولا لەسەری ڕێکەوتبن، لەبەرئەوە وەرگرتنی بڕیارەکان بەڕێکەوتن بوو. هەردوو مەکتەب سیاسییەکە مشتومڕیان لەمەڕ بابەتە سەرەکییەکان دەکرد و دواتر بەنامەیەك حکومەتیان لێ ئاگاداردەکردەوە. هێندێکجار ئەوە حکومەت بوو کە پێشنیازی دەکرد، بەڵام هێشتا دەبووایە مەکتەبی سیاسیی بڕیاری لەبارەوە دەربکردایە. مەکتەبی سیاسیی هەفتانە کۆدەبووەوە، هێندێکجاریش هەفتەی دووجار بۆ مشتومڕکردن سەبارەت بەم پرسانە دادەنیشت." [3]

لەسەرئاستی وەزارەتەکان، جێگری وەزیرەکان هەمان دەسەڵات و نفوزی وەزیرەکانیان هەبوو، هەریەکەیان پێویستیان بەوەکەی تر بوو بۆ پلانداناني سیاسیی و جێبەجێکردنی بەرنامەکان، هەریەکەشیان توانای ڤیتۆکردنی هەبوو. ئەم چەشنە دابەشبوونە تایپۆلۆژییە لەتەواوی ستراکتۆری حکومەتدا ئامادەبوو، هەر لە کابینەوە بۆ ئەنجومەنی شارۆکەکان، تەنانەت لە خوێندنگاکان و دەزگاکانی تەندروستیی و پۆلیسیشدا.

## یەکەمین کابینەی ح هـ ك

یەکەمین کابینەی ح هـ ك (خشتەی ٧ :١) ئەرکێکی ئیرەییپێنەبروای بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی ساوا لەئەستۆدا بوو. لەم سەرزەمینە، گەمارۆی یوئێن و ئابڵۆقەی حکومەتی عێراق و گرفتگەلێکی کۆمەڵایەتیی -ئابووریی مەزنیان

---

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

خولقاندبوو، وێڕای ئەو دڵەڕاوکێیەی فەزا سیاسییە توندودژوارەکە هێنابوویە ئارا.

خشتەی ٧: ١ یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان(٤ی ژوون١٩٩٢)

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| فوئاد مەعسوم | سەرۆك وەزیر | یەکێتی |
| رۆژ نوری شاوەیس | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| ئەمین مەولود | پیشەسازیی و وزە | یەکێتی |
| ئەمین عەبدالرحمن | جێگر | پارتی |
| شێرکۆ بێکەس | رۆشنبیریی | یەکێتی |
| ئەحمەد سالار | جێگر | پارتی |
| محەمەد تۆفیق | هاوکاری مرۆڤایەتی | یەکێتی |
| کەمال کەرکوکی | جێگر | پارتی |
| ادریس هادی صالح | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| فەرەیدون رەفیق | جێگر | یەکێتی |
| یونادم یوسف | ئیشغال و نیشتەجێبوون | بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری |
| تەیب جەبار ئەمین | جێگر | یەکێتی |
| ناسیح غەفور | پەروەردە | پارتی |
| عوسمان حەسەن | جێگر | یەکێتی |
| قادر عەزیز | کشتوکاڵ | زەحمەتکێشان |
| ئەکرەم عزت | جێگر | پارتی |
| کەمال موفتی | کاروباری پێشمەرگە | یەکێتی |
| ئازاد فەتاح | جێگر | پارتی |
| مەعروف رەئوف | داد | سەربەخۆ |
| سەلاحەدین حەفید | دارایی و کاروباری ئابووری | یەکێتی |
| سەلاح دەلو | جێگر | پارتی |
| کەمال شاکر | تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | شیوعی |
| ئەبلەحەد ئەفرام | جێگر | پارتی |

| | | |
|---|---|---|
| محمد مەلا قادر | ئەوقاف | پارتی |
| محمد صالح | جێگر | یەکێتی |
| مەئمون بریفکانی | بنیتنان و ئاوەدانکردنەوە | پارتی |
| حسێن سنجاری | جێگر | یەکێتی |
| یونس رۆژبەیانی | ناوخۆ | پارتی |
| ئەحمەد شەریف | جێگر | یەکێتی |

لەوەش زیاتر، یەکەمین کابینە دەبوو چەندین گرفتی نێوخۆیی و ستراکتۆریی بەڕێوەببردایە، د.فوئاد مەعسوم سەروك وەزیرانی یەکەمین کابینە تێبینییکرد کە:

چەندین کێشەمان هەیە، یەکەمین کێشە ئەوەیە کە سیستمەکەی حکومەتی عێراق فرە پڕکارمەندە، دووەمین کێشە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کورد کادری تەواوی لێهاتووو شارەزای نیە، سێیەمین کێشە ئەوەیە کە عێراق هیچ کات خاوەنی داب و ترادسیۆنێکی دیموکراسیی نەبووە."[4]

یەکەمین کابینە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەی کاریگەرانە کردە ئامانج، دەستکەوتەکانی زۆربەی جار بەهۆی دواتر تێکچوونی پەیوەندییە نێوحیزبییەکان و هەروەها پێکهێنانی دووەمین کابینە بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت رەسوڵی یەکێتی، پشتگوێخراوە.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

ئەندریاس ویمەر ئەنجامگیرییەکی حەمید بوزەرلان ی وەرگرتووە، پێشانیداوە کە حیزبەکان دوزگای بیرۆکراتییان فراوانکردووە تا پشتگیریی شارەزایان و خەڵکی پرۆفیشناڵ کەمەندکێش کەن. لە حکومەتی سلێمانیدا کارمەندان لە ٨٠هەزارەوە بۆ ١٥٠ هەزار زیاد بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٦.بەگوێرەی ئەم سەرچاوەیە:

H. Borzalan, ‘Kurdistan: Kreigswirtschaft – Wirtschaft im Kreig’, in Borck, *et al*. (eds) *Kurdologie, Ethnizitat, Nationalismus, Religion und Politik in Kurdistan*, Lit. S, 1997, pp. 79–112; A. Wimmer, ‘From Subject to Objectof History: The Kurdish Movement in Northern Iraq Since 1991’, 1998, p. 5).

بەگوێرەی زۆربەی هەواڵەکانی یەکەمین کابینە، دەگونجێت مەزنترین کێشە کە هاتبێتەبەردەم پرۆسەی بڕیارسازیی بریتییبێت لە بوونی ئەو یەکسانییەی دەسەڵات کە لەنێوان وەزیرو بریکارەکانیاندا هەبوو. کە پەککەوتەیی کاریگەری کارگێڕیی پێکدەهێنا، هەرچەندە لەهەرێمەکە خۆیدا، یەکەمین کابینەو د.فوئاد بەتایبەتیی زۆربەیجار ڕێژێکی زۆری لێدەگیرێت بەهۆی ئەو دەستکەوتانەی بەدیهێناو هەروەها ئەو شێوازەی کە ئەو دەستکەوتانەی پێهێنایەدی.

بەگوێرەی د.فوئاد، چەندین گرفتی نکۆڵییلێنەکراو لەنێوان وەزیرو بریکارەکاندا هەبوون. هەرچەندە، لەڕاستییدا، زۆربەی بڕیارەکان لەلایەن مەکتەب سیاسییەکانەوە دەدران و لەلایەن بارزانی و تاڵەبانیەوە تەسدیقدەکران، هەر ناکۆکییەکی دواتر لەنێوان کارمەندانی جێبەجێکاردا بەئاسانیی چارەسەردەکراو ڕۆڵی ئەوان لەبنەڕەتدا جێبەجێکردنی ئەوەبوو کە نزیکەی بڕیاریان لێدرابوو.[U] هەربۆیە وادەردەکەوت کە سیستمی ٥٠بە ٥٠ تا ئەو کاتە زامنبێت کە پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی بەباشیی بمێنێتەوە، چ لەڕووی پشتگیریی جەماوەریی و چ لەڕووی دەسەڵاتی سیاسییشەوە. بۆ نموونە، محەمەد تۆفیق لە یەکێتی، بە ئاماژەدان بەم تەرزە دابەشکردنی دەسەڵاتە، جەختی لەوەکردەوە کە " سیستمی ٥٠ بە ٥٠ شێوازێکی فرە گونجاوو شیاو بوو بۆ حوکمڕانێتی هەرێمەکە"[V]

---

[5] د.فوئاد تێبینییکرد کە چۆن پەیوەندیی کاری خۆی لەگەڵ د. ڕۆژ نوری شاوەیس ئەندام مەکتەبی سیاسی پارتی بەڕێوەبردووە، هەروەها چۆن ئەو ماندووبونێکی مەزنی دیتووەو بۆئەوەی دڵنیای بکات کە بە شەخسیی راوێژی بە تاڵەبانی و بارزانی کردووە. ئەو زیاتر تێبینییکرد کاتێك دژوارییەکان لەنێوان پارتی و یەکێتی زێدەبوون و شەڕ قەوما، راوێژکاری سیاسیی فەرەنسا گرفتەکانیان کردە سیاسیی و "جێگری یەکسان" یان خستەڕوو. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩، محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

[6] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .

جگەلەوەی کە پرۆسەی بڕیارسازیی بە ئاشکرا لەژێر هەژمووونی بژاردەی پارتی و یەکێتیدا بوو، د.فوئاد جەختی لەوە کردەوە کە، وەك سەرۆك وەزیرێك، هیچ کاتێك داوای ئەوەی نەکردووە ئاکارێك بەقازانجی حیزبێك یان ئەویتر بکرێت، لەپشت ئەو کاریگەرییانەی لەلایەن مەکتەب سیاسییەکانی تایبەت بە حیزبەوە هەبوو، دەستێوەردانێکی کەمیی نەرێنی لە حیزبەکانەوە دەبینرێت. لەکاتێکدا هێشتا د.فوئاد هەوڵی روونکردنەوەی بڕوا سیاسییەکانی تایبەت بەخۆی دەدات، و گوتی:

رۆژێك نەبووە جەلال تاڵەبانی داوا لە کابینە بکات کە شتێك بە قازانجی هێڵی حیزبە سیاسییەکان ئەنجامبدات، جاروبار، بارزانی داوا لە کابینە دەکات هێندێك ئەرك ئەنجامبدات، بەڵام ئەوە زۆر رووی نەدەدا." [W]

لەبەرئەوە پێدەچێت کە پرۆسەی راستیینەی بڕیارسازیی کابینەکە بەهۆی هەماهەنگیی لەنێوان هەردوو مەکتەب سیاسییەکەدا بەڕێوەبرابێت. هەرچەندە، گرفتێك سەبارەت بە بەدەستهێنانی هاوسەنگیی لەنێوان ستراکتۆری حکومەتدا هەبوو سەبارەت بە لەخۆگرتنی ئەو کارمەندانەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە راهێنرابوون و لەگەڵ ئەو کوردانەی تەواوی ژیانیان لە شاخدا لەنێو هێزی پێشمەرگە بەسەربردبوو. [X] دەزگا خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی عێراق فرلاە پڕکارمەند بوو، کوردستانیش لەم حاڵەتە بەدەر نەبوو، هاتنەسەرو زێدەباربوونی بڕێکی دیکەی کارمەند، کێشەی مەزنی بۆ ح هـ ك ساواکە هێنایەئارا. د.فوئاد تێبینییکرد کە:

"بوونی ژمارەیەکی زۆر کارمەند لەنێو سیستمەکەدا کێشەی جدیی بوو، پاش قەیرانی کوێت، ٢١٠٠٠٠جەیشی شەعبی و سەرباز بۆ باکوور گەڕانەوە ، کە هێندێکیان کارمەند بوون. ئەوانە سەرباری ئەو کارمەندانەی کە نزیکەی ئێستا هەن، هەروەها ژنەکانیش(لەکارگێڕییدا) هیچ کات پۆستەکانیان جێنەهێڵاوە. [Y]

---

[7] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

[8] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

شانبەشانی ئەم کارمەندانە، حیزبە سیاسییەکان تێدەکۆشان کە پۆستو پایە بۆ کادرە ناسراوەکانیان بەدەستبێنن، پیاوانێك کە ژیانیان وەك پێشمەرگە بردبووەسەرو شەڕکردنیان لە پێناو پرسی حیزبەکانیاندا گرتبووە ئەستۆ. [QP] د.فوئاد هەر دوو بزاوتەکەی لە سیستمە حکومییەکەدا ناساندووە، ویستوویەتی هەردوو دەستەکە لە کارمەندان بەکاربهێنێت. بەڵام کێشەکان سەریانهەڵدا کە پێشمەرگە بە تەواویی جیاواز لە کارمەندە بیرۆکراتە بارهێنراوەکانی حکومەتی عێراق بیریان دەکردەوە. [QQ] هەوڵی هاوسەنگیی لەنێوان ئەو دوو دەستەیەدا یەکەمین نیشانەکانی توندیی ودژواریی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هێنایەئارا، هەریەکەیان ئەویتریان بەوە تۆمەتباردەکرد کە دەیەوێت خەڵکی پێشمەرگە لە جێگەی تەکنۆکراتەکان دابنێت.

## دووەمین کابینەی ح هـ ك

لەسەروبەندی کۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا، یەکەمین کابینەی ح هـ ك بەشێوەیەکی زێدە گەمارۆدرا، رووبەڕووی کێشەی پەرەگرتووی حیزبایەتیی بووەوە بەهۆی وەك پێدەچێت گرفتە سەختەکانی دەستبەسەرداگرتنی داهاتی ئیبراهیم خەلیلەوە، سەرۆکایەتیی کابینە هەوڵیدا سەبارەت بە سیاسییکردنی ستراکتۆرە حکومییەکە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە زیاتر تەکنۆکراتانە بێت. [QR] ئەمەش وای لە د.فوئادو

---

[10] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

[11] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

[12] مشتومڕەکان سەبارەت بە داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل ناڕوونە، لەکاتێکدا ناوچەکە هێشتا وەك قەڵای پارتی ماوەتەوە، حاڵەتەکە بەشێوەیەکە، کە کاتێك سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری و هەروەها بەرپرسی بانکی ناوەندی هەموویان ئەندامی یەکێتی بوون. دەستی بنەماڵەی بارزانی پێویستە کورتبکرێتەوە. کاتێك ئەم پرسە لەنێوان ئەندامانی پارتیدا سەریهەڵدا، لەراستییدا، ئەوان تێبینییان کرد کە یەکێتی پۆستە کارگێڕییەکانی کۆنترۆڵکردووە، هەرچەندە، یەکێتی وا وەڵامدەداتەوە کە پێشمەرگەکانی پارتی وەفاداری بنەماڵەی بارزانی و پارێزگارە پارتییەکەی دهۆك کە چنگی ئەوان بەسەر ئیبراهیم خەلیلدا هەرگیز لاواز نەبووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش، ٢١ مایۆ ١٩٩٨،. موحسن دزەیی، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠.

تاقمەکەی کرد بەجۆرێك لە بەدەنەی بڕیارسازیی پارتیو تەنانەت یەکێتیش دابڕێن. ئەو تێبینییکرد کە:"پارتی منی بە نهێنگریی تۆمەتبار دەکرد، تەنانەت یەکێتیش منی بەوە تۆمەتبار دەکرد، ئەوان ئاراستەی تەکنۆکراتی منیان بەدڵ نەبوو، وایان پێباشبوو کە لە پۆستەکەمدا زیاتر سیاسییانە هەڵسوڕێم." [13]

ئاکامی ئەم دابەشبوونە لەنێوان کارگێڕیو حیزبدا، هەروەها دابڕانی کاریگەری بڕاردەی حیزب کە لە کارگێڕییدا نەبوون، بەچەشنێك بوو کە هەریەك لە مەکتەب سیاسیی هەردوو حیزب راستەوخۆ پێشنیاز پێشکەش بە کابینە بکەن بۆ جێبەجێکردن، ئەو تاکتیکەی کە د. فوئاد وەك لاوازیی سەرەکییو ئەو هۆکارەی ناساندووە کە بۆچی خەڵکی دیکە لەشوێنی دانرا. هەرچەندە، ئەمە بەشێوەیەکی جیاواز لەلایەن ئەندامانی دیکەی یەکێتییەوە خرایە روو، کۆسرەت رەسوڵ، ئەو پیاوەی شوێنی فوئاد مەعسومی سەرۆك وەزیری گرتەوە، بەو شێوەیە لێکیدایەوە کە لابردنی د.فوئاد مەعسوم بەهۆی تەمەنەوە بووە زیاتر لەوەی بەهۆی هەوڵی ناوبراوەوە بووبێت بۆ بەدیهێنانی بێلایەنیی کابینە لە رووی جەمسەرگیرییە سیاسییەکەدا. [14]

## پێکهێنانی دووەمین کابینە

دووەمین کابینە لە ٢٥ی ئەپڕلی ساڵی ١٩٩٣ پێکهاتو بەوە تایبەتمەندبوو کە تێیدا کۆسرەت رەسوڵ عەلی شوێنی د.فوئاد مەعسومی وەك سەرۆك وەزیران گرتەوە(بڕوانە خشتەی ٧ :٢). د.رۆژ نوری شاوەیس وەك جێگری سەرۆك وەزیران مایەوە. کۆسرەت وەك دەبوو زۆرینەی دەنگی ئە ن ك پێدراو بەوەش بە شەرعیی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرا. هەست بەوە دەکرا کە فەرماندەیەکی پێشمەرگە بەو پێشینە

---

[13] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

[14] هەرچەندە، پێگەی هەنوکەیی د.فوئاد وەك بەرپرسی یەکێتی لە دەرەوەی کوردستانی عێراق ئەوە دەردەخات کە ئەو پەکی نەکوتووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پێدەچوو لە دۆخێکی تەندروستی باشتردا بێت.

بەرچاوەیەوە(هـەروەها هـیچ کـەس لـە کۆسـرەت بـەدناوتر نـەبوو) دەتوانێـت هـانی خزمەتگوزارییــە مەدەنییــەکان لــەم کاتــە ناهــەموارەدا بــدات.[QU] لــەو یەکێتییــە ناسـراوانەی تـر کـە لـەم ماوەیـەدا دانـران، سـەعدی ئەحمـەد پـیرە بـوو بـۆ وەزارەتـی کـشتوکاڵو ئـاودێریی، هـەروەها جـەبار فـەرمانی بـەدناو بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری پێشمەرگە. قادر جەباری لە یەکێتی کرایەوە بە وەزیری داد.[QV]

## شیکاریی دووەمین کابینە

ئەم کابینەیـە بەگشتیی رەخنـەی ئـەوەی لێـدەگیرێت کـە زیـاتر لەوەکـەی پێشووتر حیزب حیزبێنەی تێدا بووەو کەسایەتیی جەماوەرکێشی سەرۆك وەزیرانی نوێ کە کۆسـرەت رەسـوڵە هەیمەنـەی بەسـەردا کـردووە.[QW] ئـەم سـتراکتۆرە پێـشمەرگانەیەی حکومەت وەك وەك هۆکارێکی بنەڕەتیی دادەنرێتبۆ تێوەگلانی دواتری ئەو ململانێو کێشمەکێشەی کە لەساڵی ١٩٩٤ دا قەوما. هەرچەندە، دەگونجێت بزاوتـی دووەمین کابینە، بەتایبـەت، کەسایەتیی کۆسـرەت رەسـوڵ، زێـدە زۆرزانانـەتر دەرکـەوێت. وەك فەرماندەیـەکی ناسـراوی پێـشمەرگە خـاوەن سـومعەیەکی جـەنگاوەریی، ئـەرکێکی ئاسانی بۆ ئەندامانی پارتی هێشتبووەوە کە وەك کەسێکی نەخوێنـەوارو زووجۆش بیناسێنن.• هەرچەندە، ئەو سەلماندی کە توانای بەدیهێنانی پاڵپشتیی جەماوەریی بۆ کابینەکەی هەیەو سەرۆکایەتییەکەشی لەڕووی کردارییەوە زیاتر لە سەرۆکایەتییە

---

[15] چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ ، سلێمانی، ٨ ئووت ١٩٩٩،. شوان قلیاسانی، سلێمانی، ٨ ئووت ١٩٩٩.

[16] پارتی یەکگرتنی کوردستان زادەی پێکهاتەی چەند پارتێکی بچووکی چەپگەرابوو، لەوانە پارتی گەل، حسكو چەند ئەندامێکی پاسۆك، ئەم حیزبە لەژێر سەرکردایەتیی سامی عەبدولڕەحماندا بوو.

[17] See M. Gunter, *The Kurds of Iraq*, 1999, p. 75.

• محەمەد حاجی مەحمود ئاماژەی بەم بەدبینیـەی پارتی داوە و نووسـیویەتی:" پارتیو کاك سامی زۆریان پێ ناخۆش بوو دەیانوت کۆسرەت چی دەزانێ بیکەن بە سەرۆکی وزەرا...هەر کاك دکتۆر فوئادیان پێ باشتر بوو هیچ نەبێت شەهادەی هەیەو لەسەرخۆیەو..."بڕوانە:
بیرەوەری پێشمەرگەیەك، ل ١٩١.

تەکنیکگەراکـەی د.فوئـاد مەعـسوم کارگـەرتر بـوو. لـەوەش زیـاتر، ئـەو (ئێـستاشی لەگەڵدا بێت) پەرۆش بوو کە خۆی وەك پیاوێکی جەماوەریی وێنا بکات، بەتایبەت لە هەولێردا، ئەم ئامانجەی سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدیهێنا.

خشتەی ٧: ٢ دووەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| کۆسرەت رەسوڵ عەلی | سەرۆك وەزیران | یەکێتی |
| د. رۆژ نوری شاوەیس | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| یونس رۆژبەیانی | ناوخۆ | پارتی |
| قادر عزیز محەمەد جباری | داد | یەکێتی |
| د.ئیدریس هادی صالح | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| محمد ئەمین مەولود | پیشەسازیی و وزە | یەکێتی |
| شێرکۆ بێکەس | رۆشنبیریی | یەکێتی |
| دارۆی شێخ نوری | دارایی و کاروباری ئابووری | یەکێتی |
| سەعدی ئەحمەد پیرە | کشتوکاڵ و ئاودێریی | یەکێتی |
| کافیە سولەیمان | شارەوانی و گەشت وگوزار | یەکێتی |
| کەما شاکیر | تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | حسك |
| جەبار فەرمان | کاروباری پێشمەرگە | یەکێتی |
| مەئمون بریفکانی | بنیتنان و ئاوەدانکردنەوە | پارتی |
| محەمەد تۆفیق رەحیم | هاوکاری مرۆڤایەتی | یەکێتی |
| محەمەد مەلا قادر | ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | پارتی |
| د. ناصح غەفور | پەروەردە | پارتی |
| یونادم یوسف کنا | ئیشغال و نیشتەجێبوون | ئاشووری |

راستیی چالاکییەکانی دووەمین کابینە، وەك لەوانەیە کە چاوەڕوان بکرێت، خۆی لـەنێو چەشنە ناوەنـدێکی بانگەشـەکاریی حیزبیـی و ئـەو بەهێزبوونـە سیاسییەی کـە تێیدا پەیدا ببوو دەبینییەوە. ئەندامـە پارتییـەکان نیگـەرانییـەکی قوڵیـان سـەبارەت بـە

شەخسی کۆسرەت بەتایبەتیی هەبوو، هەروەها زۆربەی کاری کەموکوڕییەکانی سیستمی پەنجا بە پەنجایان بۆ نفوزی ئەو دەگێڕایەوە، لەوانە گوایە پارەی حکومەتی بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانە تایبەتییەکانی خۆی بەکارهێناوە.[QX] هەرچەندە، کۆسرەت وەك هەولێرییەك، پشتگیرییەکی مەزنی نکۆڵییلێنەکراوی لەنێو ئەو شارەدا هەبوو کە خۆی لێوەی هاتبووو تاڕادەیەکی بایەخداریش شایەنی ئەو پسشتگیرییە بوو بەهۆی ئەو بەڕێوەبەرییەی ح ه ك لەو کاتە سەختەدا.

## جەمسەرگیریی سیستمە سیاسییەکە

وەك ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ئاشکرایکرد کە گرفتێکی ستراکتۆریی بریتیبوو لە دانانی ڕێژەی ٧٪ی دەنگەکان بۆ بەدەستهێنانی کورسییەك لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا، کە لەراستییدا چەندین سیاسەتکاری کاریگەرو کەسایەتیی شیاوی تێکڕای حیزبە بچووکەکانی وەدەرنا. لەوانە سامی عەبدولڕەحمانی سەرکردەی پارتی گەل.

پارتیو یەکێتی وەك درککردنێکی ئەم لاوازییە بە کەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیە ڕازییبوون. بەڵام حیزبە بچووکەکان کە درکیان بەو گرفتانە کردبوو کە یەخەی پارلەمانە ساواکەیان گرتبوو، مەسەلەی بەشدارییان ڕەتکردەوەو بڕیاری کەنارگیرییاندا تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو. پاش هەڵبژاردن، سامی عەبدولڕەحمان ڕێبەریی یەکگرتنێکی لەگەڵ دوو پارتی دیکە کرد کە حسكو پاسۆك بوون، بۆ پێکهێنانی پارتی یەکگرتنی کوردستان/پ ی ك. پەیوەندیی نێوان ئەم پارتانە پێش هەڵبژاردن دەرکەوتبوو، کاتێك حسكو پاسۆك سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان پێکهێنا، ئەم ئەزموونە پاش هەڵبژاردن فراوانتر بوو بەچەشنێك پارتی گەلی گرتەخۆو

---

18 ئەو ناوانەی کە لەدووەمین کابینەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەهۆکاری کێشە یۆ پارتی دادەنران بریتییبوون لە کۆسرەت ڕەسوڵ، جەبار فەرمانو دارۆی شێخ نوری. لەنێوان ئەو سیانەدا، بڕێکی مەزن کاریگەرییان لەسەر چالاکییەکانی دووەمین کابینە هەبوو.

لە ئووتی ١٩٩٢دا بووە هۆی دامەزراندنی پارتی یەکگرتنی کوردستان، پاش یەککگرتن، حسك‌و پاسۆك خۆیان هەڵوەشاندەوەو چوونە ژێر سایەی سەرکردایەتیی سامی عەبدولڕەحمانەوە، حسکیش لەسایەی سەرکردایەتیی رەسوڵ مامەنددا لە هەڵسوڕانی خۆی بەردەوام بوو.[QY]

لە دیسەمبەری ١٩٩٢دا، حسك خۆی هەڵوەشاندەوەو رەسوڵ مامەند بە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیەوە پەیوەست بوو. ئەم رووداوە پاش کۆنگرەی یازدەی پارتی لە ئووتی ١٩٩٣دا روویدا. کاتێك پارتی یەککگرتن لەگەڵ پارتیدا یەکیانگرت،[RP] و سیان لە سەرکردەکانیان چوونە مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە، لەوانە: سامی عەبدولڕەحمان، محەمەدی حاجی مەحموود کە پێشتر حسك بوو.[RQ] بەدڵنیاییەوە،

---

[19] Amnesty International, *Iraq: Human Rights Abuses*, 1995, p. 9; S. Graham-Browne and Z. Sackur, 'The Middle East: The Kurds – A Regional Issue', December 1995, WRITENET Country Papers, UNHCR, Switzerland, 1995, para. 3.4;

چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[20] پارتی ئاماژەی بەم یەککگرتنە داوە کە " لە ئۆردووگای یەکێتیدا تۆقاندنێکی بەرپاکردووە" جێگەی بایەخە تێبینیی ئەوە بکرێت کە پارتی بۆ ماوەیەکی کورت بە "پارتی دیموکراتی کوردستان/یەککگرتوو" ناودەبرا، هەرچەندە ئەمە زۆری نەخایاند، هەرچەندە، جەلال تاڵەبانی هێشتا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەوە یەکێتی بوو کە زیاتر سوودی لە یەککگرتنەکانی ئەم ماوەیە کرد. چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، قەڵاچوالان، ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

Kurdistan Democratic Party, *What Happened in Iraqi Kurdistan, May 1994?*, 1994, p. 7; M. Gunter, 'The KDP–PUK Conflict in Northern Iraq', *Middle East Journal* 50, no. 2 (Spring 1996)
pp. 225–41, p. 232.

[21] محەمەدی حاجی مەحموود لە ئۆکتۆبەردا لە پارتی جیابووەوەو لە ژێر سەرکردایەتیی خۆیدا (حسك)ی دامەزراندەوە. لە دووەمین کۆنگرەی حسکدا لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا حیزبەکە ناوی "حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان/حسدك"، لێنرا. مەکتەبی سیاسی حسدك بۆ ناوچەیەکی نادیار لەنێوان سەید سادق‌و هەڵەبجە گواسترایەوە کە زۆر لە سنووری عێراق–ئێران نزیك بوو. چەندین پاگەندە باس لەوە دەکەن کە محەمەدی حاجی مەحموود پارەو هاوکاریی دارایی لە حکومەتی ئێرانەوە بۆ دێت. تێکەڵبوونی حسك بە پارتی هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو ، زۆریك چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە لەگەڵ یەکێتیدا یەکبگرن، جەلال تاڵەبانی ئەوەی تێبینییکرد کە محەمەدی حاجی مەحموود لەلایەن

پـارتی زێـدەتر لـە یـەکێتی لـەم جەمـسەرگیرییە قـازانجیکرد لـەڕووی زێـدەبوونی پـشتگیریی هەڵبژاردنـەوەو لەوانەیـە کـە بـۆ دەنگـدان لـە هەڵبـژاردنی داهـاتوودا ٣٪ زیاترکردبێـت. [RR] هـەروەها ئـەو هۆکارانـەی کـە لەپـشت ئـەم یەکگرتنانـەوە بـوون، بەتایبەتیی ڕۆیشتنی سامی عەبدولڕەحمان بەرەو پارتی، ئەستەمە بەتەواویی لێی تێبگەیت، بەتایبەت کاتێك مرۆ ئەو ڕەخنە ئاشکرایانە وەبیر خۆی دێنێتەوە کە سامی لـە سـاڵانی هەشـتاکاندا ئاراسـتەی پـارتی و بنەماڵـەی بـارزانی کردبـوو. هەرچـەندە، بەگشتیی گریمانـەی ئـەوە دەکرێـت کـە زەرورەتـی سیاسـیی و بڕێکـی دیـارییکراو لـە فشار لەوە بەرپرسیاربوو.• لەڕاستییدا، ئەم گۆڕانکارییانە شۆکێکی مەزنی بۆ پارتی

---

کارمەندانی بەریتانییەوە هاندرا کە لەگەڵ پارتیدا یەکبگرێت بۆئەوەی هاوسەنگیی سیستمە سیاسیەکە بپارێزێت. چاوێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ، سلێمانی، ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

[22] چاوپێکەوتن لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨.

سەرچاوەیەکی دیکە زێدەکردنی ئەو پشتگیرییەیان کە زادەی یەکێتییەکە بوو بە ٩ لەسەدا داناوە ، کە لەبڕی تێکڕای ئەو دەنگانە حیسابکراوە کە ئەم سێ حیزبە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا بەدەستیانهێنا.

• سامی لەو ڕاپۆرتەی پێشکەشی کۆنفرانسی یەکەمی پارتی گەلی کردبوو، ئەوەی دواتر کرا بە نامیلکەو بە عـەرەبی لـەژێر ناویـشانی "البدایـة والآفـاق" بـڵاوکراوەتـەوە، باسـی لـەو سیاسـتە تـەرهیب و تەرغیبـە کـردووەو لـە ل ٩٢و ٩٣ دا دەڵێـت" ئـەوەی لەسـەر ئـەم ڕێبـازە بـڕوات تووشـی فـشارو ئیغراکردنێکـی زۆر دەبێتەوەو پێویستە باجێکی فرە گران لەسەر ڕێبـازو بیروباوەڕەکـەی بـدات، ئێمـەش لـەم پێنـاوەدا زۆمـان چێـشتووەو زۆریـشمان تـەحمول کـردووە." شـایەنی باسـە، سـامی دوای ڕاپـەڕین و بەتایبـەت لـەپاش هەڵبـژاردن تـا دەهـات ترسـی لـە ئـاوابوونی ئەسـتێرەی پێگـەو کاریگـەریی خـۆی لەسـەر شـانۆی ئاینـدەی کوردسـتان زێـدەتر دەبـوو. ئـەو لەسـۆنگەی ئـەو بەدناوییـەی بـەهۆی کۆمـەڵکوژیی هەکارییـەوە پێـوەی نووسـابوو، لەناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی یەکێتیـدا ئایندەیـەکی نـەبوو، لـە دەڤـەری بادینانیـشدا، تادەهـات پێگەی پارتی چەسپاوتر دەبوو، هەروەك پێشوو ئەو ناوچەیە بەڕووی هـەر هێزێکـی سیاسـیی دەرەوەی نفوزی پارتی کلۆمدرابوو. سامی پێی وابوو کە ڕۆژئاوا پشتیوانی پارتین و ئایندەش بۆ ئەو حیزبەیە، ئـەو کـە ڕقێکـی قـووڵیی لـە یـەکێتی و شەخـسی سـکرتێرەکەی بـوو، بۆخۆشـی کەسـێکی پـارەدارو دەوڵەمەندبوو، چاوی لە کاری بیزنس و قازانجبردنی خێروبێری ئایندەی کوردستان بوو، لەبنەڕەتیشدا هیچ بڕوایەکی بە چەپ و ڕێبازی حیزبەکەی خۆی نەبوو کە وەك تاکتیك بۆ هێشتنەوەی پێگەی خۆی ئیدارەی دەکرد. هەربۆیە هاتە سەر ئەو باوەڕەی جڵەوی یەکگرتن بەرەو پارتی ڕاکێشێت و بەوەش پێگەو ئاینـدەی سیاسـیی خـۆی لـە پووچـەڵبوونەوە ڕزگاربکـات. لـەم ڕووە، محەمـەد حـاجی مـەحمود

**پێکهێنا و هاوسەنگیی نێوان دەستە بەشدارەکانی لەنێو سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات لە حکومەتدا گۆڕیی. پێش ئەم گۆڕانانە، هەردوو زلحیزبەکە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا دەکردو کاریگەرانە حیزبە بچووکەکانیان لە شانۆکە وەدەرنابوو. سیستمەکە بۆ ستراکتۆرێك پەرەیسەند کە سەقامگیریی خۆی لە رێگەی ناتوانایی بۆ خێرابڕیاردان پێشاندەدا. هەرچەندە، لەخۆگرتنی حیزبە بچووکەکان جەمسەرگیریی توندی لەنێوان یەکێتیو پارتی پێکهێنابوو، پارتی خۆی لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبینی بۆئەوەی ئەو ناهاوسەنگییە هەستپێکراوە لە حکومەتدا بگۆڕێتو کاریگەریی یەکێتی لە هەولێر کەمبکاتەوە،• هەروەها یەکێتیش ئامانجی زێدەکردنی کۆنترۆڵی خۆی بوو بەسەر داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل دا. لەهەمان کاتدا، محەمەد تۆفیق تێبینییکرد کە زێدەبوونی تێوەگلانی دەوڵەتانی دەوروبەر رێی بە دابەشبوونی کارگێڕیو جەمسەرگیریی حیزبە سیاسییەکاندا، کە بووە برەوپێدانی ناسەقامگیریی نێوخۆ. ئەم فاکتەرانە لە ساڵی ١٩٩٣دا بووەهۆی کەمبوونەوەی**

---

نووسیویەتی:"سامی زیاتر دژی یەکێتیو شەخسی مام جەلال بووبەمنیشی دەوت لەناو پارتیو تۆش بیت هەرچی داخیان بردۆتە دڵمانەوە پێیان دەڕێژین...کاك سامی وتی ئەوە رەئی ئەمریکاو بەریتانیایە...دەیویست وامن تێبگەیەنیٚ کە لەسەر مەسەلە سیاسییەکان دوارۆژ هەر پارتی دەمێنێتەوەو یەکێتی دەبێتە حیزبی دووەم...ووتی... قیادەی کاك مەسعود لە کادرەکانی زۆر بێزارەو کادریان نیە پارتی حیزبێکی رۆشنبیر نیە...ئێمە لای پارتی دەتوانین دەست بەسەر پارتیدا بگرین...پارتی هەر دڵی کاك مەسعود رازیی بێت ئیتر کەس هیچ نیە...کاك عومەر بۆتانی هات بۆ لای منو ووتی من ئەو یەکگرتنەم پیٚ خراپە بەڵام چارم نیەو لەژێر دەسەڵاتی پارتیدام نەیکەم دەمکوژن...کاك سامیش دەیوسیت بەو شێوەیە خۆی ئاشت بکاتەوە لەگەڵ پارتیدا لەدوای بەدیل سوریەکەی دەیوت یا وتبوی من بەتەنها رۆیشتووم ئێستا (٣) حیزبم هێناوەتەوە، پارتی چی دەوێت."بڕوانە:
رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی چوارەم ١٩٩٢-١٩٩٦،ل ٢٠٠-٢١٥.

• محەمەد حاجی مەحمود باس لەوە دەکات کە لەم ماوەیەدا مەسعود بارزانی بینیوەو:" ووتی کاکە حەمە پێویستە سنوورێك بۆ یەکێتی دابنێینو لەوە زیاتر قبوڵ ناکرێت و گەورەترین هەڵەی ئێمەی پارتی قبوڵکردنی زەختو ٥٠ بە ٥٠ کە نەدەبوو پارتی قبوڵی بکات ئێستاش (٥٠ بە ٥٠)یەو بەناوە(٧٥)ی حکومەت یەکێتی هەڵیدەسوڕێنیٚو (٢٥)ی پارتی یە لەزاخۆو ئاکرێش دەستیان خستۆتە ناوچەکەو لەڕێگای کۆنەجاشو کۆنە موستەشارەکانەوە." بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦.

کارایی دووەمین کابینەو توانای ح ھ ك بۆ بەڕێوەبەردنی دەوڵەتە دیفاکتۆکە بەشێوەیەکی لەناکاوو سەرنجڕاکێش لاواز بوو. بەتایبەتیی پاش زێدەبوونی ئەو ئابلۆقە نێوخۆییەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەپێنرابوو. هەروەها جەمسەرگیریی حیزبە سیاسییەکان بووەهۆی بەسیاسییکردنی جەماوەرەکە لەرێی گێڕانەوەی سیاسەت بۆ نێو کۆمەڵگا، لەکاتێکدا دوو حیزبە سەرەکییەکە زێدەتر رکابەری یەکتریان دەکرد. توانا و شیاوی ح ھ ك بۆ حوکمڕانییەتی هەرێمەکەو رێگە نەدان بە رەنگاندنی حیزبە سیاسییەکان بۆ پرۆسەی بڕیارسازیی تادەهات لاوازتر دەبوو، تا ئەو شوێنەی بۆ نموونە تەنانەت خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش بە وەفاداریی ئاشکرا بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەبەست.[RS]

لە یەنایەری ١٩٩٣دا، کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆبوونەوە، بڕوای وابوو کە بە یەکگرتن لەگەڵ حیزبە بچووکەکان بەهێزبووە، بڕیاریدا کە سیستمی پەنجا بە پەنجا چیدی لە قازانجی شێوازی بەشداریی دەسەڵاتی ئەواندا نیە. مەسعود دواتر داوای ئەوەی لە پارلەمان کرد کە پێویستە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵبژاردن بکرێت.[RT] ئاکامی ئەم بزاوتە بەرەو هەڵبژاردن بەهۆی جەمسەرگیریی حیزبەکانەوە بوو. ئەوەش بووە تلۆربوونەوە بەرەو مەیدانی جەنگ و دابەشبوونی ح ھ ك.

---

[23] بۆ گێڕانەوەی ژیان لەسایەی ئەم سیستمەدا بڕوانە:
A. Suleiman, ‘The Politics of Green and Yellow’, *Dialogue*, September 1994.

[24] عارف تەیفوری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی تێبینییکرد کە ، لەم کاتەدا، پارتی توانا سەربازییەکانی خۆی پەرەپێدەدا، ناوبانگێکی زۆری لە گێڕانەوەی تەرمی مەلا مستەفاو ئیدریس بارزانی بۆ کوردستانی عێراق بەدەستهێنا، هەڵبژاردنەکانی زانکۆی بردەوە، سوودی لە یەکگرتن لەگەڵ حیزبی یەکگرتندا کرد. هەرچەندە، تاڵەبانی تێبینییکرد کە ئەوە ئەو بوو کە دانوسانی بۆ گێڕانەوەی تەرمەکە کردووە و کاروانی تەرمەکەی گەیاندۆتە بارزان. پێگەی خۆی وەك میراتگرێکی مەلامستەفا پتەوکردووە: چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، سەلاحەدین، ١ سێپتەمبەر ١٩٩٩،. جەلال تاڵەبانی، سلێمانی، ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠٠.

## ئە نجامگیریی

دەگونجێت نادروستبێت کە بگوترێت سیستمی ٥٠ بە ٥٠ هەر لەسەرەتاوە مژدەی شکستی هێنابێت. لەڕاستییدا دابەشکردنی پۆستەکان لەنێو ستراکتۆرە حکومەتییەکەدا تاقەتپڕوکێن بوو، بەڵام نیازی سیاسیی بۆ دەستپێشخەریی بەرەو سەرکەوتن لەسەرەتای نەوەتەکاندا دڵسۆزانە بوو، هەروەها بووبە ئاکامی کاروبارەکانی یەکەمین کابینە کە بۆ ماوەیەکی کورت بەشێوەیەکی ماقووڵ هەڵسوڕا. لەکاتێکدا پرۆسەی بڕیارسازیی کابینە لە بنەڕەتدا بەرجەستە دەبوو بەهۆی ئەوەی کە نە جەلال تاڵەبانی و نە مەسعود بارزانی بەشێك نەبوون لە ستراکتۆری فەرمیی حکومەت، پێدەچوو سەقامگیریی لەبواری حکومەتدا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی رکابەری سیاسیی لەنێوان هەردوو لایاندا بمێنێت. بەدڵنیاییەوە، پەیوەندییە بەرایییەکانی نێوانیان واخۆی پێشاندەدا کە ئامادەنەبوونیان لە ستراکتۆری فەرمیی حکومەتدا نەبۆتە گرفت. هەرچەندە، ئەگەر هەر لەسەرەتای کارەوە بەشدارییان هەبووایە، هەروەها ئەگەر سیاسەتکارە بەرچاوەکانی وەك سامی عەبدولڕەحمان و نەوشیروان مستەفایان بگرتایەتەخۆ،[RU] دەگونجا زۆر لەو گرفتانەی دواتر چارەسەربکرایە بەچەشنێك کە بۆهەر یەك لە حیزبەکان جێی پەسەندیی بووایە.[RV]

---

[25] جێگەی بایەخە ئەوە تێبینیی بکرێت کە هەریەك لەم کەسایەتییانە دواتر دەبنە بەشێکی ستراکچەری کارگێڕییەکە. سامی عەبدولڕەحمان دەبێتە جێگری سەرۆکی وەزیران ح هـ ك/هەولێر، هەروەها نەوشیروان مستەفا پێگەی راوێژکاری ح هـ ك/سلێمانی دەبێت. نەوشیروان مستەفا بەوە ناسراوە کە پێگەی "هەڵۆ" ی لە یەکێتیدا هەیە، هەرچەندە، هزرو ئایدیاکانی سەبارەت بە پەرەسەندنی ح هـ ك و سیستمی سیاسیی لە کوردستانی عێراق زۆر هاوسەنگترن لەو رەخنانەی دەری دەبڕێت.

[26] د. فوئاد مەعسوم تێبینییکرد کە لە ساڵی ١٩٩٥دا، یەکێتی پێشنیازی کرد کە هەریەك لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەشداری لە ح هـ ك بکەن. ئە ن ك اەسەر هەرشتێك رازییبوو کە مەسعود بیەوێت(ئەمە بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەك یەکەم بژارەی یەکێتی پێشکەشدەکرا) مام جەلال ئەو پۆستەی دیکەیان هەڵدەبژێرێت . (پۆستەکان بریتییبوون لە سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پارلەمان)، هەرچەندە، ئەم مەسەلەیە نەچووە سەر ، بەوەی لایەنگرانی بارزانی وایان پێشاندەدا کە مەسعود لەوە مەزنترە پۆستێکی حکومیی وەربگرێت، هەروەها دواتریش یەکێتی هەمان قەوانی سەبارەت بە تاڵەبانی

هەردوو سەرکردەکە کاریگەرانە دەسەڵاتیان بەکاردەهێنا، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمیی بەکارگێڕییەوە نەبەسترابوونەوە، چ بە دەزگای تەشریعیی یاخود جێبەجێکاریی، کە بووەهۆی لاوازیی ستراکتۆری حکومیی .[RW] کێشەی تەواو بنەڕەتیتر هەن کە ئاماژەیان بۆ نەکراوە. پارتیو یەکێتی تەنیا بەناو داهاتەکانی بندەستیان بە ح هـ ك دەدا،[RX] ح هـ ك دەستێکی کەمی بەسەر سەرچاوەکانی داهاتی خاڵە سەرەکییەکانی گومرگدا دەڕۆیشت، بەتایبەت گومرگی ئیبراهیم خەلیل.[RY]

بەهەمانشێوە، کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە بەناو رادەستی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کرابوو، بەڵام لە واقیعدا، پارتیو یەکێتی هەردووکیان کۆنترۆڵی تەواوی میلیشیاکانی خۆیان بەدەست خۆیانەوە بوو، جەبار فەرمانی وەزیرە یەکێتیەکەی کاروباری پێشمەرگە، دەستی بەسەر سەرچاوە داراییە فەرمییەکاندا گرتبوو. ستراکتۆری ئاسایشیش دابەش مابووەوەو لەلایەن کەریم سنجاری پارتیو حاکم قادر حەمەجانی یەکێتیەوە کۆنترۆڵکرابوو.[SP]

هەربۆیە رووخساری ئەرێییو نەرێیی هەبوون. ئەرێییەکان بریتیبوو لە پاراستنی هاوسەنگیی نێوان حیزبە سیاسییەکان، رێگەدان بە بنیاتێکی میتۆدی خۆبەڕێوەبەریی، هەرچەندە، لایەنە نەرێییەکەی ئەوە بوو کە سیستمەکە لەبنەڕەتدا پایەدار نەدەبوو گەر هاوسەنگییە سیاسییەکە نەمایەتەوە، هەروەها ناهاوسەنگیی

---

لێدەدا کە بووەهۆی لەبەینبردنی دەستپێشخەرییەکە.  چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩.

[27] چاوپێکەوتن لەگەڵ شەفیق قەزاز، ١٨ مایۆ ١٩٩٨.

[28] D. Natali, Internatinal Aid, Regional Politics and the Kurdish Issue in Iraq after the Gulf War, 1999

[29] Graham-Brown and Zackur, op. cit., para. 3.4.2.

[30] Ibid.; Gulf Newsletter, 1994, No. 10, ‘Conflict in Iraqi Kurdistan’, p. 2;
چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە،سلێمانی، ١٧ ئەپڕڵ ١٩٩٨،. فازیل میرانی، هەولێر، ٢٦ ئووت ١٩٩٩،. کەرم سنجاری، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠،.  حام قادر حەمەجان، سلێمانی، ٦ سێپتەمبەر ٢٠٠٠,

دەربکەوتایە وەك ئەوەی کە کردیان، عەقڵییەتی ئەندامەکان لە پۆستەکانیاندا زێدەتر سیاسیی بوو، ناکارایی و نالەباریی سیستمەکە دووهێندە دەبوو.[SQ]

## حکومەتە دابەشبووەکە و دامەزراندنی سێیەمین کابینە

گەیشتنە ترۆپکی کێشە سیاسییەکان کە لەنێو دووەمین کابینەدا دەرکەوت لەگەڵ کێشەکانی دیکەدا تێکەڵ بوون کە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکەدا هەبوون، لەوانە بزووتنەوەی ئیسلامی و حسك. کە بووەهۆی دەستپێکردنی شەڕ لە دیسەمبەری ١٩٩٣دا.[SR] هەروەها هێزەکانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران و تورکیا و عێراق بە خەستی لەتێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتیدا تێوەگلابوون. ئاکامی ئەم شەڕانە خۆی لە دەرکردنی پارتی لە هەولێر و دامەزراندنی لیژنەیەکی وەزاریی لە سەلاحەدین بینییەوە کە بەشی باکووری پارێزگای هەولێر و تەواوی پارێزگای دهۆکی بەڕێوەبرد.[SS] یەکێتی دەستی بەسەر ژێرخانی وەزارەتەکان و پارلەماندا لە هەولێر گرتبوو، بەشی رۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر و تەواوی پارێزگای سلێمانی و ئەو بەشەی بندەستی کوردان لە پارێزگای کەرکوکی حوکم دەکرد.[ST]

چ پەیوەستێك لەنێوان هەردوو کابینەکەدا نەبوو، کارایی تەواوی هەردوو ستراکتۆرەکە بەشێوەیەکی بنەرەتیی بەهۆی ئەو توندیی ودژوارییەی لەنێوان پارتی و

---

[31] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ١٠ئووت ١٩٩٩.

[32] Gunter (1999) op. cit., p. 75.

[33] چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، سەلاحەدین، ١ سێپتەمبەر ١٩٩٩،.

[34] ئەندامانێك لە پارتییەوە راشکاوانە دەڵێن کە ئەوان پلانیان هەبووە بۆ سەندنەوەی هەولێر لە یەکێتی بە هێز بەڵام بەهۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە رێگەی ئەوەیان نەبووە، وتووویێژەکانی ئاشتیی درۆگیدا لەنێوان ٩-١١ی ئووتی ١٩٩٥ مەسەلەی بایەخی ئاگربەست بۆ هێزەکانی رۆژئاوا دەردەخات، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە هێمنی و جێگیریی هەولێرەوە هەیە.
Voice of the Islamic Republic of Iran, Tehran, 28 June 1994 (SWB ME/2035).

**یەکێتیدا دەچووەپێش، دیارییکرابوو. تاکو داگیرکردنی هەولێر لە ٣١ی ئووت/ئابی ١٩٩٦ لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی پارتی-عێراق.** [SU]

## دابەشبوونی کوردستانی عێراق

**لە ٣١ی ئوت/ئابی ١٩٩٦دا، هێزە هاوبەشەکانی پارتیو عێراق هەولێریان داگیرکرد. یەکێتیان لەشارەکەدا دەرکرد، وێڕای هێزەکانی ئای ئێن سی کە لە قوشتەپە بوون. سەرلێشێوانی دواتری هێزەکانی یەکێتی وایکرد پارتی بە تەواوی دەست بەسەر پارێزگای سلێمانیدا بگرێت.** [SV] **هەرچەندە، دژە هێرشی سەرکەوتووی یەکێتی کە ئێران پشتگیریی دەکرد بووەهۆی گێڕانەوەی سلێمانی لەلایەن یەکێتیەوە، لەگەڵ هەموو ئەو ناوچانەی کەرکوک کە پێشتر بەدەست کوردانەوە بوونو هەروەها بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێریش کە لە شارۆکەی کۆیەدا ناوەندی گرت.** [SW]

---

[35] **چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەڵاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩ .**

Voice of Iraqi Kurdistan, Salahadin, 28 May 1994, 1 January 1995, 8 March 1995 (SWB ME/ 2009; 2191; 2248); Voice of the People of Kurdistan, Suleimaniyah, 3 January 1995, 4 January 1995 (SWB ME/2193; 2194); *Al-Hayat*, London, 16 September 1996 (SWB ME/2720).

[36] **چاوێکەوتن لەگەڵ راستی نوری شاوەیس، هەولێر. ٢٥ ئەپڕڵ ١٩٩٨. راستی نوری شاوەیس ئەو ماوە کەمەی کە پارتی شاری سلێمانی بەدەستەوە بوو کرا بە پارێزگاری شارەکە. هەروەها بڕوانە:**

Radio Monte Carlo, Paris, 6 September 1996 (SWB ME/2712); Voice of Iraqi Kurdistan, Salahadin, 8 September 1996, 10 September 1996 (SWB ME/2713; 2715); Iraqi TV, Baghdad, 9 September 1996 (SWB ME/2714); Islamic Republic News Agency, Tehran, 9 September 1996 (SWB ME/2714).

[37] **بۆ زیاتر لەمەڕ دژە هێرشەکە:**

Islamic Republic News Agency, 16 September 1996 (SWB ME/2719 & 2720); Voice of the People of Kurdistan, Suleimaniyah, 23 September 1996, 13 October 1996 (SWB ME/2726; 2743); Radio Monte Carlo, Paris, 14 October 1996 (SWB ME/2742). Also see Gunter, 1999, pp. 86–7, quoting Voice of the Islamic Republic of Iran, Tehran, 13 October 1996 (FBIS-NES).

لەساڵی ١٩٩٧دا خولی زێدەتری شەڕی جدیی قەوما پێش ئەوەی بگەنە ئاگربەستێك‌و دابەشکردنی نێوان پارتی‌و یەکێتی بۆ ئەو شوێنەی پێشتر لێی بوون. بەتایبەت دوای ئەو شەڕو هەرا مەزنەی ساڵی ١٩٩٧، دوو ناوچەی سیاسیی لە کوردستانی عێراق بۆ دوو هەرێمی کارگێڕیی جیاواز پەرەیسەند، کە پارتی پارێزگای دهوك‌و هەولێری خستبووە بندەستی خۆی‌و یەکێتیش پارێزگای سلێمانی‌و کەرکوکی نوێ، هەردوولا بانگەشەی شەرعییەتیان بۆخۆیان دەکردو لاکەی تریان بە ناشەرعیی لەقەڵەم دەدا، سیستمی سیاسیی کوردستانی عێراق بوو بە دوو سیستمی جیای نزیکەی هاوشێوەی سیاسیی‌و کارگێڕیی.[SX]

لەکاتێکدا ئەم سیستمە فرە ناکارابوو، بەڵام سەلماندی کە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاوبوو بۆ شێوازە پێشووەکەی بەشداریی دەسەڵات. ئەم سیستمە بۆ پاراستنی نفوزی بژاردەی هەردوو حیزب هەڵدەسوڕاو رێی بە حکومەت‌و کارگێڕییدا کە کەمتر حساب بۆ سیاسەتی حیزبیی بکات، زیاتر لەوەی تێکڕای گروپە سیاسییەکان لە هەولێردا جێگیر ببوون، لەوەش زیاتر، دابەشبوون لە سیستمەکەدا ئەو مانایەی بەخشی کە ئەگەری زیاتر بەدەزگاییکردنی دەوڵەتە دیفاکتۆکەی کەمکردەوە، بەوەش ئەو پێویستییەی کەمکردەوە کە دەوڵەتانی دەوروبەر لەنێو ستراکتۆرە یەکگرتووەکەدا ناسەقامگیریی پەرەپێبدەن[SY] هەرچەندە، مشتومڕ لەوبارەیەوە کراوە کە کابینەکانی کارگێڕییە دابەشبووەکە هەرە کاریگەرترین دەزگا سیاسییە کوردییەکانە لە ساڵی ١٩٩١ەوە. توانای هەردوو دەستەکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی

---

[38] د. فوئاد مەعسوم بەشێوەیەکی دیپلۆماسیی هەردوو هەلومەرجەکەی وا ناساند کە خاوەنی سیمایەکی ناشەرعییانەن . چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فوئاد مەعسوم ، لەندەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩. بۆ زیاتر:
*Milliyet*, Istanbul, 22 September 1996 (SWB ME/2725); Voice of Iraqi Kurdistan, Salahadin, 27 January 1997 (SWB ME/2829).

[39] جێگای بایەخە تێبینیی ئەوە بکرێت کە ئەو دانیشتنە بەردەوامانەی کە لەنێوان سوریا، عێراق، ئێران‌و تورکیادا سەبارەت بە کاروباری کوردیی لە باکووری عێراق دەکرا، لەدوای دابەشبوونی کارگێڕییەکە وەستان. ئەو دانیشتنانەی کە لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠ کانەوە بەهۆی بەهێزبوونی بەرچاوی یەکێتی‌و پارتی دەستپێکرانەوە.

کـارگێڕیی لـه پێگـه جوگرافییەکـەی خۆیانـەوە هـەردوو قەوارەکـەی والێکـرد جـۆرە نەرمییەك و سیستمێکی زێدە کاریگەرتری حوکمڕانییان هەبێت.

ئــەم شــیکارییەی دادێ ئــەم هەڵــسەنگاندنانە پێــشکەشدەکات:١- ســتراکتۆری کەسـایەتییەکانی سـێیەمین کابینـەکانی ح هـ ك ٢- بـەهێزیی و لاوازیـی سیـستمەکە، بایەخدان بە شیکاریی بنەڕەتیی و بەراوردکارییەکانی سەبارەت بە هەڵسوڕانی ڕێبازی کارگێڕییەکانی یەکێتی و پارتی.

## دامەزراندنی سیستمی سیاسیی پاش ساڵی ١٩٩٦

ڕووداوەکـانی ئـووتی ١٩٩٦ بەدابەشـبوونی حکومـەت لـەنێوان دوو هـەرێمی جوگرافیی جیاواز گەیشتە لوتکە . پارتی دەسـەڵاتی خـۆی لـە هـەولێر پتـەو کـرد و سـێیەمین کابینـەی ح هـ ك لەسـایەی سـەرۆك وەزیـران د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس و بـە جێگری نێچیرەڤان بارزانی دامەزراند.[40] بەهەمانشێوە، یەکێتیش لە قەڵاکەی خۆیـەوە لە سلێمانی، سێیەمین کابینـەی خۆی لەسایەی سـەرۆك وەزیرانـی کۆسـرەت ڕەسـوڵ دامەزراند.

هــەر حیزبــەو کابینــەکانی خۆیــان بــە ئەندامــەکانی خۆیــان یــان حیزبــە هاوپەیمانـەکانیان پڕکـرد، هەرچـەندە، هەلومەرجەکـە لـە سـلێمانی تاڕادەیـەك جیـاواز بوو، ئەو سیستمە سیاسییەی کە سێیەمین کابینەی کۆسرەت ڕەسوڵی لێ شین بوو، لــە چوارچــێوەی هەڵــسوڕانی تەشــریعییدا کــاری نــەدەکرد، لەکاتێکـدا سـێیەمین کابینەکەی هەولێر بەشێکی لە ئە ن ك هێشتبووەوە . ئە ن ك بەشێکی لێدابڕا بەهۆی

---

[40] سێیەمین کابینە/هەولێر لە ٢٦ی سێپتەمبەری ١٩٩٦دا دامەزرا:
Voice of Iraqi Kurdistan, Salahadin, 16 September 1996, 26 September 1996 (SWB ME/2720, 2729).

هـەڵاتنی ئەنـدام پارلەمانـەکانی یـەکێتی لـە شـاری هـەولێر، بـەڵام بـە بـوونی پـەنجا ئەندامی پارتی و لەگـەڵ پێنج نوێنەرەکـەی کۆمـەڵگای کریـستیانی، تـوانرا لانیکـەمی پێویست بۆ هەڵسوڕانی ئەنجومەن بپارێزرێت.[41]

لەوانەیە مشتومڕ سەبارەت بە رەوایی هەریەك لەو کارگێڕییانە بێنەوبەرەی زۆری بـەدواوەبێت، هەرلایـەو پـەنا بـۆ بـەروارێکی زووتـرو زووتـر دەبـات تـا پاسـاو بـۆ سـەردانەواندنی خۆیـان بـۆ یاسـاکان بێننـەوە. پـارتی ئیـدعای ئەوەیـدەکرد کـە دامەزراندنی کابینەی نوێ لەلایەن ئەوانەوە کارێکی رەوایە، بەتایبەتی بڕوایان وابوو کە کارەکانی ئەندامانی یەکێتیی لە دووەمین کابینەدا ناشەرعیی بووە، هەروەك دواتر دەرکردنـی پـارتیش لـە هـەولێر لەسـاڵی ١٩٩٤دا، ئـە ن ك تەنانـەت لـەدوای دابڕانەکەشـیدا، هێـشتا بـەگوێرەی یاسـای ژمـارە ١ خـاوەنی لانیکـەمی ژمـارەی هەڵـسوڕانی بـوو. هەربۆیـە دەسـەڵاتی گـۆڕینی دەسـتووری کابینـەی هـەبوو، لـە ئەنجامدانی ئەوەشدا د.رۆژ نوری شاوەیسیان وەك سەرۆك وەزیری نوێ دانا.

بەهەمانـشێوە، یـەکێتی رایگەیانـد کـە کارگێڕییەکـەی لـە سـلێمانی حکومـەتێکی هـەرێمیی شـەرعییە، بەتایبـەت، کۆسـرەت رەسـوڵ لەلایـەن دوا دانیـشتنی ئـە ن ك بەشێوەیەکی شەرعیی و بەکۆی دەنگ وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێردراوە.[42] سەبارەت بـە ئـە ن ك ، یـەکێتی پـەنای بۆ یاسـای ژمـارە ١و٢ بـرد، ئیـدیعای ئـەوەی دەکـرد کـە

---

[41] بەشـەکەی ئە ن ك لە ٣ی سێپتەمبەری ١٩٩٦دا دانیـشتنێکی نائاسایی کـرد لـە تـەلاری ئەنجومـەن لـە هـەولێر، ئامـانجی دانیـشتنەکە بریتییبـوو لـە پێـدانی شـەرعییەت بـە ئەنـدام پارلەمانـەکانی پـارتی کـە مابوونـەوە وەك لانیکـەمی ژمـارەی پێویـست بـۆ کـاری پارلـەمان. هـەروەها بـۆ درێژکردنـەوەی تەمـەنی ئەنجومەنەکـە . دانیـشتنی ئەنجومەنەکـە بـە ژمارەیـەکی سـیمبولی دەسـتیپێکرد کـە ٥٦ کـەس بـوون و هـەروەها وەك لانـی کـەمی ژمـارەی پێویـست ناسـێنرا، مـاوەی پارلـەمان بـۆ ٤ی سـێپتەمبەری ١٩٩٨ درێژکرایەوە.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دانیشتنی نائاسایی، ژمارە ١، ٣ سێپتەمبەری ١٩٩٦.

[42] چـاوپێکەوتن لەگـەڵ سـەعدی پیرە،سـلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨، د.فوئـاد مەعـسوم ، لەنـدەن ، ٢١ ژوون ١٩٩٩، محەمەد تۆفیق،. کۆسرەت رەسوڵ، سلێمانی، ٨ ئووت ١٩٩٩.

هەولێر داگیرکراوەو هەموو دەسەڵاتی شەرعیی بۆ سەرۆك وەزیر گواستراوەتەوە.[TS]

ستراکتۆری وەزاریی کابینەکەی سلێمانی هاوشێوەی ئەوانە بوو کە لەهەولێر هەبوو. هەرچەندە، هەردوولا گرفتگەلێکی بەراییان بەرەڕوو بووەوە. سلێمانی ژێرخانە وزارییەکانی تێدا نەبوو، هەروەها زۆربەی ئۆفیسەکانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان و پارێزگاکە بە ئامادەبوونی ئۆرگانە نوێیەکانی کابینەکە کەوتنەژێر، هەولێر گرفتگەلێکی لەوجۆرەی نەبوو، پارتی دەستی بەسەر ستراکتۆری کارگێڕییداگرت کە بەباشیی دامەزرابوو. هەرچەندە، پارتی دەبوو مشتومڕی لەبارەی کەمبوونەی ئەندامانی ئە ن ك بکردایە، لەکاتێکدا یەکێتی وەك تێبینییکرا، ئاماژەی بە یاسای ژمارە ٢ دەکردو دەسەڵاتێکی شەرعیی بە سەرۆك وەزیران دەدا، رێیدەدا گواستنەوەی دەسەڵات بەنەرمیی تێپەڕێت.

## دابەشبوونی سیستمە سیاسییەکە

لەبەرئەوەی کوردستانی عێراق لەڕووی جوگرافیی و سیاسییەوە دابەشبوو لەنێوان پارتی کە دەستی بەسەر میحوەری هەولێرو دهۆکدا گرتبوو، هەروەها یەکێتی کە میحوەری سلێمانی-دەربەندیخان(کەرکوك) ی لەبندەستدابوو(بڕوانە وێنەی ٧ :١). لەهەر ناوچەیەکدا، حیزبێکی سیاسیی تایبەت دەستی بەسەر کارگێڕییدا گرتبوو، لەڕاستییدا ژیانی سیاسیی بەگشتیی بووەهۆی جەمسەرگیرییەکی زێدەتر. هاتنەکایەی ئەم سیستمە وایکرد حیزبە بچووکەکان دەسەڵاتێکی سیاسیی زیتریان هەبێت، چونکە هەریەك لە پارتی و یەکێتی درکی ئەو مەترسییەیان کردبوو کە وەك پارتێکی فرە خۆسەپێن ببینرێن لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتیی و لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییشەوە بە گشتیی.

---

[43] بۆ بەرهەڵستکاری دژی ئەم بزاوتە لەنێو پارتیدا بڕوانە:
Voice of Iraqi Kurdistan, Salahadin, 27 January 1997 (SWB ME/2829).

هێندێك لە حیزبە بچووكەكان چووبوونە نێو كابینەكانەوە، هەروەها لەڕاستییدا تێكڕای حیزبە سیاسییەكانی تر، بەوانەی كە لە كابینەكەشدابوون، لە ستراكتۆرێكدا هەڵدەسوڕان كە تەواوی هەرێمەكەی گرتبوو كە لەلایەن كوردانەوە كۆنترۆڵكرابوو. لەم بوارەدا، ئەوە پارتیو یەكێتی بوون كە ناوازەبوون، لەكاتێكدا هەریەك لەوانە دەستی بەسەر سیستمێكی سیاسیی نیوەی هەرێمەكەدا گرتبوو، هیچ ئامادەییەكی فەرمییان لە ناوچەكەی بەرامبەردا نەبوو.[44] هەرچەندە چ تاكە حیزبێك لە هەردوو كابینەكەدا دەرنەكەوتبوو، بەوەش زیاتر جەمسەرگیریی سیستمەكەیان كرد.

لەكاتێكدا كە كارگێڕییەكە بە دابەشكراویی لەنێوان هەولێرو سلێمانی مابووەوە، دەسەڵاتی دادوەریی بە یەكگرتوویی مایەوەو لەلایەن دادگای باڵای هەرێمی كوردستانی عێراقەوە لە هەولێر سەرۆكایەتیی دەكرا. بوونی ئەم دەزگا یەكگرتووە، هەروەها رازیبوونی نەنووسراو سەبارەت بەوەی كە حاڵەتی كاتیی پێگەی سەرۆك نەگۆڕێت، ئەوەی كە وادەبینرا لەنێوان بارزانیو تاڵەبانیدا هەبێت، رادەیەكی بچووكی لە یەكگرتوویی بۆ كوردستانی عێراق فەراهەمكردبوو.

دوو سیستمەكە لەبن هەژموونی دوو حیزبی سیاسییدا بوو لە دوو ناوچەی تایبەت بەخۆیان، ئەم دابەشبوونە هەریەك لەو دوو حیزبەی هاندا رەخنە لە سیستمەكەی تر بگرنو ئیدعای هاوشێوە سەبارەت بە سەپاندنی هەژموونیان بەسەر پرۆسەی كارگێڕییدا لەلایەن هەریەك لە حیزبە سیاسییەكەی دیكەوە بكەن. بۆ نموونە، كادرانی پارتی ئیدعای ئەوەیان دەكرد كە سێیەمین كابینە/سلێمانی بەتەواویی كەوتۆتە بن هەژموونی كۆسرەت رەسوڵو جەلال تاڵەبانییەوە(هەروەها بەشێوەیەكی زێدەش نەوشیروان مستەفا)، لەكاتێكدا یەكێتیش بەهەمانشێوە ئیدعای دەكرد كە كە سێیەمین كابینەكەی هەولێر بەتەواویی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە

[44] تاساڵی ٢٠٠٣ هەردوو حیزبەكە لە ناوچەی هەریەكەیانەوە هەڵدەسوڕان. بۆزیاتر بڕوانە بەشی شەشەم.




وێنەی ٧: ١ بەشە پێکهاتووەکانی حکومەتە دابەشبووەکە لە سیستمە سیاسییەکەی کوردستانی عێراقدا.

کـۆنترۆڵکراوە.[45] لەکاتێکـدا بوارەکـانی نفـوزی هــەردوو حکومەتەکــەی هــەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نکۆڵیلێنەکراو سیستمێکی دابەشبووی پێشکەشکرد، ئەمە حاڵـەتی سیستمی حیزبـە سیاسییەکە نـەبوو، کـە تـەنیا پـارتیو یـەکێتی لـە تـەواوی سـەرزەمینەکەدا کاروهەڵسوڕانیان نـەبوو. تێکـڕای حیزبـە سیاسـییەکانی دیکـە ئـەو ستراکتۆرە حیزبییـەیان پاراسـت کـە تـەواوی هەرێمەکـەی داگرتبـوو. لـەوەش زیـاتر، دەسـەڵاتی دادوەریـی، لانیکـەم لەسـەر کاغـەز، بـە یـەکگرتوویی مایـەوەو مەسـەلەی جێگای ناکۆکیی زێدەی سەرۆکایەتیی بە هەڵپەسێردراوی مایەوە.[46]

هەرچـەندە، وەك روونکرایــەوە، یــەکێتیو پــارتی وەك پێویــست قەوارەگــەلێکی هۆمۆجین نەبوونو هەرەها چەشنە ساکارییەکە گەر بگوترێت کە کارگێڕییەکە لەلایـەن بارزانی یـان تاڵەبانییـەوە کۆنترۆڵکراوەو دەکرێت. بەدڵنیاییـەوە سێیەمین کابینـەکان بەتوندیی لەژێر کاریگەریی حیزبەکاندا بوون، بـەڵام لەوانەیـە زیـاتر لـەژێر کاریگـەریی دابەشبوونی نێو خۆیان بێت. هەرچەندە، بە بۆچوونی من شێوازی هەڵسوڕانی ئـەم کابینانــە هەلومــەرجێك پێــشاندەدات کــە تێیــدا سیاســەتی حیــزب زیــاتر لــە دوو کابینەکەی پێشوو لە ستراکتۆری کارگێڕییدا لاچوو، بەوەش ڕێیاندەدا بە رەگەزەکانی ئاشتییو ئاسایش کە بۆ سیستمەکە بگەڕێتەوە.

---

[45] ئەوە بڕوایـەکی بـەهێزی ئەنـدامانی یەکێتیـە کـە د. رۆژ نـوری شـاوەیس سـەرۆك وەزیرانـی سـێیەمین کابینە/هەولێر، لەکاتێکدا کە لێهاتووییەکی بەرزی سیاسیی هەیە، بەڵام بەهۆی بوونی نێچیرەڤان بـارزانی لە کابینەکەدا تەنیا رووکەشەو هیچی تر. چاوپێکەوتن لەگەڵ نێچیرەڤان بـارزانی، سـەری ڕەش،٢١ مـایۆ ١٩٩٨،. سەعدی پیرە،سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨،. محەمەد تۆفیق، سلێمانی، ٧ ئووت ١٩٩٩.

[46] ئەوە گـۆڕینی یـەکێتی بـوو لـە پێگـەی دەسـەڵات دادوەریـیو سـەرۆکدا لەکۆتایی ١٩٩٩دا کـە تونـدییو ئاڵۆزیی نێوان هەردوو حیزبەکەی زێدەتر کرد.

## سێیەمین کابینەی ح هـ ک

ئەم شیکارییەی دادێ لە مۆرفۆلۆژیی، میکانیزمی پێویستو هەروەها پرۆسەی بڕیارسازیی ستراکتۆری حوکمڕانیی لەماوەی سێیەمین کابینەکاندا(١٩٩٦-١٩٩٩) هەروەها لە قۆناغی بەرایی چوارەمین کابینە/هەولێر و ڕێکخستنەوەی سێیەمین کابینە/سلێمانی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا دەکۆڵێتەوە.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان/هەولێر

هەموو وەزارەتەکان وەك خۆیان مانەوە، هەروەك ئەوەی دواتر لە سلێماندا کرا، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە شەرعییەتی لانیکەمی ئەندامانییەوە بەردەوام بوو، بەهۆی نوێنەرانی پارتییەوە تێیدا توانای هەڵسوڕانی هەبوو. دەسەڵاتی دادوەریی لەسەرانسەری سەرزەمینەکەدا بەردەوام بوو، وەزارەتی دادیش مامەڵەی لەگەڵ هەڵسوڕانی کارگێڕییەکەی خۆیدا لە دەڤەری نفوزی پارتیدا دەکرد. نەخشەو ستراکتۆری سیستەمە کارگێڕییەکە لەو یاساو ڕێسایانەی پێشووتر سەبارەت بە بەرەی کوردستانیو ئەنجومەنی نیشتمانی لای نەدا. پارتی راشکاوانە ئیدعای هەبوونی دەسەڵاتی راستیینەی لەنێو ستراکتۆری بڕیارسازییدا دەکرد، دەسەڵاتی دادوەریش بەدروستیی لە هەر رەنگلێدانێکی سیاسیی حیزبایەتیی سەربەخۆ مایەوە.[47]

پارتی کاتێکی کەمی بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لە هەولێر لەدەستدا، ئەنجومەنە نیشتمانییەکەی بن هەژموونی پارتی لە ١ی سێپتەمبەری ١٩٩٧دا لە هەولێر کۆبوونەوەو کابینەی پێشووی هەڵوەشاندەوەو داوای لە د. رۆژ نوری شاوەیس کرد کە پۆستی سەرۆك وەزیران پەسەند بکات، ئەو پۆستەی کە وەك پێویست دەکات پەسەندیکرد. نەخشەی سێیەمین کابینە هاوشێوەی کابینەکانی پێشوو بوو، بەڵام

---

[47] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.شەفیق قەزاز، ١٨ مایۆ ١٩٩٨.

بەتەواویی ئەندامانی پارتی گرتبووەخۆ(بڕوانە خشتەی ٧ :٣).[48] لە پێکهاتەی بەرابییدا، بزووتنەوەی ئیسلامی دوو وەزارەتی پێدرابوو. هەرچەندە، دواتر کاتێك بزووتنەوە بە سێیەمین کابینەکەی سلێمانی پەیوەستبوو، پارتی ئەم وەزارەتانەی لە هەولێر لێسەندنەوە.[49] ئەو حیزبانەی دیکە کە بەشداریانکرد بریتییبوو لە جولانەوەی دیموکراتی ئاشووری و پارتی کاری سەربەخۆ، هەریەك لەم پارتانە تاڕادەیەکی ناوەنجیی پەیوەستی بەهێزیان بە پارتییەوە بوو، چ لە ڕێگەی ئامادەبوونیان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی (هەروەك حاڵەتەکەی جولانەوەی دیموکراتی ئاشووری) یاخود بەشێوەیەکی ساکارانە بەهیوای قازانجبردن لە برەوپێدانی شەرعییەتی پێشکەشکراوبوو بۆ کورسییەك لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەرێمەکەدا(هەروەك حاڵەتەکەی پارتی کاری سەربەخۆ).

سێیەمین کابینە/هەولێر چەند خاڵێکی بایەخداری پێشکەشکرد، بەشێوەیەکی ماقووڵ ئاسانە ببینرێت کە پارتی هەژموونی بەسەر پێکهاتەکەیدا کردبوو لەو رووەوە کە ئەندامەکانی تێکڕای وەزارەتە سەرەکییەکانیان لەدەستدابوو. لەوەش زیاتر، پارتی لەکۆی پەنجاو شەش کوردسی ئە ن ك، پەنجاویەکی هەبوو، بە سەرۆك و سکرتێری پارلەمانیشەوە کە هەردووکیان پارتی بوون. هەرچەندە، زۆر هەن وایدادەنێن کە ئەم فاکتەرە بەڵگەی ئاشکران بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە لە سەری رەش کۆنترۆڵکراوە، پێدەچێت کە، کاتێك لە پێشینەی تاك تاکی وەزیرەکان دەکۆڵرێتەوە، ئەم کابینەیە سوودی لە گرتنەخۆی چەندین تاکی فرە خوێندەوارو تەکنۆکرات وەرگرتبوو. بۆ نموونە:

---

48 د. شەفیق قەزاز تێبینییکرد کە هەرچەندە دەوڵەتە دیفاکتۆکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بووە بە راستییەك، هێشتا گونجاو نیە کە وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتیی و هاوکاریی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بگۆڕێت. ئەو پێشانیدا کە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگونجێت زیاتر ئەو راستییە بێت کە بەهۆی ئەو کارگێڕییە کە لەڕووی نێونەتەوەییەوە دانی پێدانەنراوە، حکومەتەکانی دەرەوە راستەوخۆ پەیوەندییان بە بارزانی و تاڵەبانییەوەیەچاوپێکەوتن لەگەڵ د.شەفیق قەزاز، ١٨ مایۆ ١٩٩٨.

49 Voice of Iraq Kurdistan, Salahadin, 9 August 1997 (SWB ME/2994).

لەکابینەکەدا پێنج ئەندامی خاوەن بڕوانامەی دکتۆراو چەند ئەندازیارێکی شارەزا هەبوون، وێڕای بەشی تایبەتی کادرانی پێشمەرگە.[UP]

نەخشەی ٧ :٣ سێیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان /هەولێر

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| د. ڕۆژ نوری شاوەیس | سەرۆك وەزیران | پارتی |
| نێچیرەڤان بارزانی | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| شوکت شیخ یەزدین | دارایی و کاروباری ئابووری | پارتی |
| یونادم یوسف کنا | ئیشغال و نیشتەجێبوون | بزوتنەوەی ئاشووری |
| قادر جباری | داد | پارتی |
| ئەبوحیکمەت | کشتوکاڵ و ئاودێریی | کاری سەربەخۆ |
| د. جەرجیس حسن | پەروەردە | پارتی |
| د.شەفیق قەزاز | هاوکاری مرۆڤایەتی | پارتی |
| د.ئیدریس هادی صالح | پیشەسازیی و وزە | پارتی |
| شێخ مەئمون بریفکانی | بنیتنان و ئاوەدانکردنەوە | پارتی |
| فازیل میرانی (موتنی) | ناوخۆ | پارتی |
| فەلەکەدین کاکەیی | ڕۆشنبیری | پارتی |
| حسێن سنجاری | شارەوانی و گەشت وگوزار | پارتی |
| حەمید عەقراوی | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| کەمال شاکیر | تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | شیوعی کوردستان |
| کاوە مەحموود حەفید | ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | پارتی |
| زەعیم عەلی | کاروباری پێشمەرگە | پارتی |
| د.جاسم ئلیاس | وەزیری هەرێم | پارتی |
| فرانسوا هەریری | وەزیری هەرێم | پارتی |

[50] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠

دووبـاره، مەسـعود بـارزانی لـە سـتراکتۆری حـوکمڕانی پـاش سـاڵی ١٩٩٦دا پۆسـتێکی فـەرمیی وەرنـەگرت. هەرچـەندە، ئـەوەی نکۆڵییلێنـەکراوە، ئـەو کاریگەرییەکی بەرچاوی لە هەڵسوڕانی کارگێڕییدا هەبوو لەڕێگەی مەکتەب سیاسیی پارتییـەوە، ئـەو مەکتـەب سیاسـییەی کـە زۆربـەی وەزیرەکـان ئەنـدامی بـوون. پەیوەندییـەکانی نێـوان مەکتـەبی سیاسـیی و کابینـەو هـەروەها سـتراکتۆری فەرمانڕەوایەتیی، مەسەلەیەکی سەرەکییە. ئەوە شتێکی ناواقیعییە چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە پارتی تاڕادەیەك نفوزی لەنێو کارگێڕییەکەدا نەبووبێت، هـەروەها رەخنـەی حیزبیبـوونی کارگێڕییەکـە بەگـشتیی جۆرێـك نادادپەروەرانەیـە. ئـەوە راسـتییەکی سیستمی حیزبە سیاسییەکانە کە زۆربەی جار کارگێڕی رەنگی ئەو حیزبە دەگرێت کـە لەدەسـەڵاتدایە، هەرچـەندە، رادەی ئـەو کۆنترۆڵـەی لەلایـەن پارتییـەوە بەسـەر کارگێڕییەکەدا بەڕیوەدەچوو مەسـەلەیەکی بایەخدارە. هـەروەها بەتایبـەتی بڕی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە کارگێڕییەکە هەیەتی یان نیەتی.

ئەندامانی پارتی، وەك چاوەڕواندەکرا، وەسفی سیستمە سیاسییەکەی هـەولێرو دهۆکیـان کـردووە وەك پێـشاندانی دابەشـبوونێك لـەنێوان پارتـە بەشـداربووەکاندا. هەروەك لەوێنەی ٧ :٢ دا دیارییکراوە. پێگەی ئەنجومەنی نیشتمانی لـەم سیستمەدا پێدەچێت لاوازبێت، لەسۆنگەی هـەژموونی ئەندام پارلەمانـەکانی پارتیـدا. هـەروەك لەگـەڵ مەکتـەب سیاسـیی پـارتیو هـەروەها سـێیەمین کابینـە پێدەچـێت لـەڕووی ئەندامانییـەوە بەچەشـنێك شـایەنی گـۆڕان بێـت. نیـچیرەڤان بـارزانی جێگـری سـەرۆك وەزیرانی سێیەمین کابینەکەی هەولێرو دواتر سەرۆك وەزیرانی چوارەمین کابینە، ئەو رەخنەیـەی پەسـەندکرد کـە ئەنجومەنـە دابڕوەکـانی وەك کیـانێکی رووکـەش دەبینی، بەتایبەت، سەبارەت بە تێوەگلانی خۆی لە دەزگای جێبەجێکردنـدا. هەرچەندە، ئەو تێبینییکرد کە ئە ن ك زۆرجار پێشنیازگەلێکی لە کابینەوە سەبارەت بە سیاسـەتێکی گونجـاو رەتکردۆتـەوە، یـاخود نەیهێـشتووە کابینـە ئـەو کارانـە بگرێتەئەسـتۆ کـە

بەبڕوای ئەو بێ حسابکردن بۆ ئەو ئاکارانەی لە یاسا کارپێکراوەکاندا هەن پلانیان بۆ داڕێژراوە.[51]

د.شەفیق قەزاز وەزیری شارەزای وەزارەتی هاوکاریو کاروباری مرۆڤایەتی، کاتێك وەسفی ئەو هۆکارانەی کرد کە بۆچی سێیەمین کابینە وادەناسرێت کە سەربەخۆ لە پارتی هەڵسوڕاوە، گوتی:

"مەسعود بارزانی بۆ ماوەیەك دوور لە دەرەوەی ستراکتۆری فەرمیی حکومەت لە سێیەمین کابینەدا وەستابوو، ئەو وەك سەرکردەو وەك سەرۆکی پارتی ئازادییەکی مەزنی بەخشیوە بە هەڵسوڕانی کارگێڕیی و لەڕووی دارایی و دابینکردنی کەسایەتییەکانەوە پشتگیریی حکومەتی دەکرد. ئەو ڕێگەی بە وەزارەتەکاندا کاربکەن و دەستی نەخستۆتە قورگی وەزیرەکان، حکومەت ڕێگەی پێدرا وەك حکومەت هەڵسوڕێت."[52]

مەسعود بارزانی، سەبارەت بە مشتومڕ لەمەڕ پەیوەندییەکانی لەگەڵ کارگێڕییەکەو سێیەمین کابینە، تێبینیی باڵادەستی کادرانی مەکتەبی سیاسی کردووە، بەڵام هێشتا ئیدیعای ئەوە دەکات کە کارگێڕییەکەی سەربەخۆ بووە. کاتێك

---

[51] نموونەیەکی تایبەت لەلایەن نێچیرەڤان بارزانیەوە سەبارەت بەوە کە ئە ن ك دەسەڵاتی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەدەبات : ئە ن ك دامەزراندنی بریکاری وەزیر کە لەلایەن کابینەوە بووە لە ئەپڕێلی ١٩٩٨ دا ڕەتدەکاتەوە. ئە ن ك بەگوێرەی یاسای ژمارە ١و٢و٣ ڕەتکردەوە، چونکە کابینە ئەو توانای دامەزراندنی پۆستە مەزنەکانی نیە. دووەمین نموونە بریتیەلە دامەزراندنی لیژنەی ئەمنی هەولێر، لەمەڕ ئیعدامکردنی کەسانێك کە بە تاوانی جدیی تاوانبارکرتبوون بە ڕەزامەندیی وەزارەت. ئە ن ك دووبارە ڕێگەی لە ئەنجامدانی ئەمە گرت و مسەلەی ڕەوانەی دادگاکرد. جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی ئە ن ك، کاتێك بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی. بەهەمانشێوە، تا ئەوڕادەیە روونیکردەوە کە ، ئە ن ك لەژێر کاریگەریی پارتیدا نیە ، یاخود بەڕاستی، هەر حیزبێکی ترە، ئاماژەی بەو دانیشتنەی ساڵی ١٩٩٤ کرد کە لە دژی هەریەك لە پارتی و یەکێتی بەڕێوەدەبرا وەك هەوڵێك بۆ وەستاندنی شەڕ. چاوپێکەوتن لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨،. جەوهەر نامیق سالم، هەولێر، ٨ سێپتەمبەری ١٩٩٩.

[52] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شەفیق قەزاز ، هەولێر، ١٨ مایۆ ١٩٩٨.




مشتومڕ لەمەڕ ئەم خاڵانەوە کرا، ئەو سەرنجێکی واقیعییانەی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ح هـ ك و پارتی پێشاندا بەوەی گوتی:" پارتی ناتوانێت دەستوەرداتە وەزارەتە تەکنۆکراتەکانەوە، لەبری ئەوە هەمیشە پشتگیرییاندەکات، بەڵام وەك رێنمایی پارتی بۆ پەرەسەندنی گشتیی سیاسیی ح هـ ك لە هەولێر جیاییەك نیە." [53]

رێنماییەکی بەو چەشنە کۆنترۆڵی کارمەندە پایەبەرزەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بەتایبەتیی دەگرتەخۆ. بۆنموونە: بڕیاری دەستپێداهێنانەوەی کابینە لەلایەن مەکتەب سیاسییەوە دراو بەهەمانشێوەش گۆڕان لە پێکهاتەی بەشەکانی پلاندانان و لیژنە باڵاکانی وەزارەتەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە مەکتەبی

---

[53] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەری رەش، ٢٢ ئووت ، ١٩٩٩.

سیاسییەوە هات. سامی عەبدولڕەحمان تێبینییکرد کە :"چ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی ڕێی پێنادرێت ڕاستەوخۆ دەستوەرداتە بەڕێوەبردنی کارگێڕییەکەوە. هەرچەندە، هەموو وەزیرو بەڕێوبەرەکان لەلایەن ئەوانەوە دەستنیشانو تەزکیە دەکرێن." [54]

هەروەها یەك لە بەنفوزترین ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کە فازیل میرانیە، لە سێیەمین کابینەدا پۆستی وەزیری ناوخۆی وەرگرتو دواتر ئەو پۆستەی لەچوارەمین کابینە بۆخۆی هێشتەوە. ئەویش هەروەها سیستمە سیاسییەکەی بەوە وەسفکرد کە تایبەتمەندی جیاکردنەوەی ئەرکەکانی تێدا هەیەو بڕوای وابوو کە لەبەرژەوەندیی پارتیدا کە وابینرێت بەم شێوازە سیستمیە هەڵسوڕێت، ئەوەی دەبێتە هۆی پتەوکردنی شەرعییەتی هەردوو ڕێکخراوەکە. کاتێك پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتو پارتی ڕوونکردەوە، ئەو تێبینییکرد کە:"

"... هەروەها زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی لە سێیەمین کابینەدانو ئێمە هەفتانە لە مەکتەبی سیاسی کۆدەبینەوە، هەروەك لە کابینەشدا، پلاندانان بۆ حکومەت بەدڵنیاییەوە لە مەکتەب سیاسییەوە مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت، بەڵام فەرمانەکە لە سەرۆك وەزیرانەوە تێدەپەڕێت. ئینجا کابینە بڕیاری لەبارەوە دەدات. بۆ کابینە گونجاوە کە پێشنیازەکان ڕەتبکاتەوە. بەهەمانشێوە، سەبارەت بە دەسەڵاتی یاسادانان، سەرۆکی پارلەمان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسییەو داواکارییەکان لە مەکتەبی سیاسییەوە دەباتە ئەنجومەن، ئەو بڕیارانەی کە لەوێو لەلایەن لیژنە پسپۆڕەکانەوە پەسەند دەکرێن یاخود ڕەتدەکرێنەوە." [55]

بەتایبەتیی سەبارەت بەهەڵسوڕاندنی ڕۆژانەی ح هـ ك /پارتی، کارمەندانی فەرمیی ئەوە پەسەند دەکەن کە زۆربەی مەسەلەکان بەشێوەیەکی گشتگیر بیریان لێنەدەکرایەوە، بەتایبەت سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی حکومەتی

[54] ئەمەش هەروەها لەلایەن نێچیرەڤانەوە پشتگیرییکراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین، ٣ ئەپڕڵ ١٩٩٨ ،. نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨.

[55] چاوپێکەوتن لەگەڵ فازیل میرانی، هەولێر، ٢٦ ئووت ١٩٩٩.

**ناوچـــەیی و دەزگاکـــانی حیزبییـــدا، لـــە قـــەزاو ناحییەکانـــدا. هۆشـــیار زێبـــاری تێبینییکـردووە کـە ئـەم لاوازییـە بـۆ ئـەو راسـتییە دەگـەڕێتـەوە کـە پـارتی، هـەروەها حیزبـە سیاسییەکانی دیکـە، سـەبارەت بـە هەلومـەرجـەکان کـە بـە بـزۆزی دەهێڵرانـەوە کاردانـەوەی خۆیـان هـەبوو. زێبـاری تێبینییکـرد کـە لـەنێو هـەولێردا دەشـێت گرفـت لـەنێوان مەکتـەبی پارێزگـارو لقـی دووی پـارتی سـەبارەت بـە مەسـەلە ئەمنییـەکان پەیدابێت، بەتایبەت بەهۆی ئەو راستییەوە کە پارێزگاری ئێستا ئەکرەم مەنتکە، وەك ئەنـدامێکی کاروبـاری ئـەمنیی پـارتی هەڵدەسـوڕێت، هـەروەها فرانـسوا هـەریری تـا ئەوکاتـەی غـافڵکوژکرا، بەرپرسـی لقـی دوو بـوو، پۆسـتی پارێزگـاری هـەولێری وەرگرتبوو.[56] لەڕووی مەبدەئەوە، پارتی مەکتەبەکانی خۆی ئاگادار کردبووەوە کە دەسـتوەرنەدەنە کاروبـاری ح هـ ك و کارگێڕییـەوە، هەرچـەندە، لـەڕووی کردارییـەوە، سەلماندنی ئەمە تاڕادەیەك سەخت بوو.**

**هـەروەها دەتوانرێـت پەیوەنـدیی سەرنجڕاکێـشی زێـدەتر لـەنێوان پـارتی و ح هـ ك/هـەولێر پـێش و پـاش رێکەوتننامەکـەی واشـنگتۆن ببینرێـت. پـێش رێکەوتنەکـە پێگەی پارتی لەئاست کارگێڕییەکەدا بریتییبوو لـە دەستێوەردانێکی ناڕاستەوخۆ. هەرچـەندە، پـاش رێکەوتننامەکـە، کـە داوای هەڵبـژاردنی دەکـرد، پـارتی پەرۆشـانە خـۆی لەگـەڵ چـالاکییەکانی ح هـ ك دا رێکدەخـست، بەتایبـەتی لـە وەزارەتـە خزمەتگوزارییـە گـشتییەکاندا، هـەروەها هـانی بەرنامـەی دیـاری وەك بنیاتنـانی رێگـەوبان و پەرەسـەندنی ژێرخـانی لـەنێو شـارەکەدا دەدا. لـە ئـووتی ١٩٩٧ – ژوونـی ٢٠٠١، وەزارەتـی دارایـی و کاروبـاری ئـابووریی وای هەڵسەنگاندبوو کـە بـڕی ٢٣٧**

[56] **بەهەمانشێوە، زێبـاری بەگاڵتـەوە گـوتی کـە کاتێك سـامی عەبدولڕەحمان بەرپرسـی مەکتـەبی سیاسـی بـووە جـەختی لـەوە دەکـردەوە کـە مەکتـەبی سیاسـی ناوەنـدی پرۆسـەی بڕیاردانـە، ئێـستا کـە جێگـری سـەرۆك وەزیرانـە دیـدو بۆچـوونی هێنـدێگ گـۆڕاوە. چاوپێکەوتن لەگـەڵ هۆشـیار زێباری،هـەولێر، ٢٩، مایۆ، ٢٠٠٠.**

ملیۆن دینـاری چـاپەکۆنەکە(بەرامبـەر ١٣ملیـۆن دۆلار)ی لـە پـرۆژەی پەرەسـەندنی ژێرخان لە پارێزگەکەداو لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا خەرجکردبوو.[57]

## حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی

دوای چۆڵکردنی هـەولێر لەلایـەن یەکێتییـەوەو ئـەو دژەهێرشـەی دواتـری پـایزی ١٩٩٦، بەشـەکەی یـەکێتی لـە ح هـ ك لـە شـاری سلێمانی خـۆی بوژانـەوە، ح هـ ك لـە سلێمانی لەکاتێکـدا پێدەچوو لـەڕووی سـتراکتۆری جێبەجێکردنـەوە هاوشـێوەبێت، بەڵام هێندێك جیاوازیی بەرچاوی پێشاندا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سیستەمەی لەپشتی خۆی لە هەولێر جێیهێشتبوو. ئەو گرفتانەی دوای ئووتی ١٩٩٦ لە سلێمانی تووشی بـوو رەنگدانـەوەی ئـەو پێگـە جیۆپۆلیتیـك جەمسەرگیرە بـوو کـە یـەکێتی خـۆی تێدا بینییەوە. یەکێتی بەدەست کەمی داهاتەوە دەینالاند، هاوکات لەگەڵ ئەو راستییەی کـە ئێـستا سـتراکتۆری حکومـەتێکی تـەواوی هـەبوو، هەڵبەتـە لەواقیعـدا لـەڕووی قـەبارەوە بچووك ببـووەوە، بـەهۆی ئـەو بەدەنـە مەزنـەی کارمەنـدانی یـەکێتی کـە لـە هـەولێرەوە رایـانکردبوو. ئـەم گرفـتو ناهاوسـەنگییانە لـە سـتراکتۆری کارمەنـدانی پارتەکەدا ببووە زێدەباری ئەو راستییە ساکارەی کە سلێمانی، هەرچەندە ناوەنـدێکی کـەلتووریی و رۆشـنبیریی کوردسـتانی عێراقـە، بـەڵام ژێرخـانێکی پێویـستی بـۆ پاڵپشتیی کارگێڕییەك نەبوو.

یـەکێتی وەزارەتـەکانی دووەمـین کابینـەی دامەزراندنـەوە، هەرچـەندە کێـشەیەك سەبارەت بە پێکهێنانەوەی ئە ن ك لە سلێمانیدا هەبوو، چونکە ئەوانەی لەسایەی ئەو نـاوەدا کۆدەبوونـەوە لانیکـەمی پێویـستی کۆبوونەوەکـەیان پێکنـەدەهێنا، بـەهۆی

[57] کاریگەریی ئەم چالاکییانە لەسەر هاوڵاتیانی هـەولێر بەشێوەیەکی وا مەزەندەو فامدەکرا کە پارتی هەوڵی کڕینی وەفاداریی خەڵك بۆ ئاینده دەدات، بۆ نموونـە: کاتێك پرسیارم لـە هەولێرییـەك کرد رات سەبارەت بە فراوانکردنی شەقامە نوێیەکەی هەولێر–سەلاحەدین چیە، ئەو بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامی دایـەوەو گـوتی : ئـەو شـەقامە ئاسـانکارییەکی زیـاتر بۆ ئـەو گەلـە وەزیـرە دەکـات کـە بـەردەوام بـەڕێی سەلاحەدینەوەن تا رۆژانە فەرمانی خۆیانی لێوە وەربگرن.




وێنەی ٧: ٣ بەشە پێکهاتووەکانی سیستەمە سیاسییەکەی سلێمانی.

مانــەوەی ئەنــدام پارلەمانــەکانی پــارتی و کریــستیانییەکان لــە هــەولێر، جگــە لــە دەســتەیەك ئەنــدام پارلــەمانی یــەکێتیش. لەبەرئــەوە یــەکێتی لەڕێگــەی ســەرۆك وەزیرانەوە بەندێکی تایبەتی لە یاسای ژمارە ١و٢ی زەقکردەوە. لێکدانەوەیان بۆ ئەو یاسایانە بە فەرمیی رادەستکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بوو بە کۆسرەت رەسوڵ سەرۆك وەزیران، بەڵام لەواقیعدا بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی(بڕوانە وێنەی ٧ :٣).

دەسەڵاتی دادوەریی لەنێو سلێمانی و دەربەندیخان لە هەڵسوڕانی خۆی بەردەوام بوو بەشێوەیەکی یەکگرتوو لە سایەی دادگای باڵا لە هەولێر. هەرچەندە، کاروباری کــارگێڕیی دادوەریــی لــەو قەڵــەمڕەوەی ســێیەمین کابینــەی ســلێمانی بــە وەزیــرە نوێیەکەی داد درا.

پێگــەی یــەکێتی ســەبارەت بــە دامەزرانــدنی ســێیەمین کابینــە ئــەوەبوو کــە، لەبەرئەوەی کابینــەی پێشوو بەشێوەیەکی شەرعیی لەلایــەن ئە ن ك حەل نەکرابوو،

هەربۆیە کۆسرەت رەسوڵ هێشتا سەرۆك وەزیرانی ح هـ ك ە، هەروەها بەهۆی داگیرکردنی هەولێر، ئەو مافێکی رەوای دامەزراندنی هەر کارگێڕییەکی هەیە کە لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکەدا بە گونجاوی دەبینێت. لەبەرئەوە یەکێتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦دا کەوتە دامەزراندنی سێیەمین کابینە.

نەخشەی٧: ٤ سێیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سلێمانی

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| کۆسرەت رەسوڵ علی | سەرۆك وەزیران | یەکێتی |
| د.کەمال فوئاد | جێگری سەرۆك وەزیر | یەکێتی |
| دارا شێخ نوری | دارایی و کاروباری ئابووری | یەکێتی |
| عادل ناسر | ئیشغال و نیشتەجێبوون | یەکێتی |
| عبدالرحمن نەوڕسی | داد | |
| سالار عەزیز | کشتوکاڵ و ئاودێریی | یەکێتی |
| ئەرسەلان بایز | پەروەردە | یەکێتی |
| سەعدی پیرە | هاوکاری مرۆڤایەتی | یەکێتی |
| بەهمەن حسێن | بنیتنان و ئاوەدانکردنەوە | |
| ملازم عمر عبدالله | ناوخۆ | یەکێتی |
| جەمال عبدالله | رۆشنبیری | یەکێتی |
| کافیە سلێمان | شارەوانی و گەشتوگوزار | یەکێتی |
| نجم حسێن سورچی | گواستنەوە و گەیاندن | پارێزگاران |
| عیماد احمد | تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | یەکێتی |
| محمد عبدالعزیز | ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | بزوتنەوەی ئیسلامی |
| کمال موفتی | کاروباری پێشمەرگە | یەکێتی |

هەروەها ئەم کابینەیەش هاوپەیمانی حیزبەکان بوو، بەڵام ئەوانەی تێدانەبوون کە لە کابینەکەی هەولێردابوون(بڕوانە خشتەی ٧ :٤). ئەو حیزبانەی لە کابینەکەی سلێمانییدا بوون بریتییبوون لە یەکێتی، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی

پارێزگاران، هەروەها لە بەرواریکی درەنگتریشدا بزووتنەوەی ئیسلامی.[UX] یەکێتی تێکڕای وەزارەتە سەرەکییەکانی بەدەستەوە بوو، هەروەها چەند پۆستێکی بریکاریش کرایە پاداشتی حیزبە بەشدارەکان، لەوانە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ کە بە بزووتنەوەی ئیسلامی درا.

ئەو حیزبانەی کە لە کابینەکەدا بوون تێکەڵەیەک بوون لەوانەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێتیدا چووبوونە سەنگەرەوە، هەروەک حاڵەتی زەحمەتکێشان، ئەوانەی کەمتر لەگەڵ یەکێتیدا دەهاتنەوە، جگە لەوانەی کە بەرهەڵستکاری پارتی بوون، هەروەک حاڵەتی پارتی پارێزگاران، یاخود ئەوانەی ناچاربوون ببنە هاوپەیمان و دەبوو بەو کابینەیە پەیوەست بن بەهۆی بەهێزی یەکێتی لە ناوچە جوگرافییەکەدا، هەروەک حاڵەتەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی.[UY]

دامەزراندنی سێیەمن کابینە /سلێمانی بزاوتێکی بوێرانە بوو لەلایەن یەکێتیەوە. هەروەها بەرگریی زیرەکانەی یاساییانەی دواتریان بۆ پارتی گەمەیەک بوو، تەنانەت ئەگەر لێکدانەوەی یاسای ژمارە ١و٢ هێندێکجار رادەکێشرا. جارێکی دیکە بەدڵنیاییەوە کابینە نوێیەکە هێندێك ئەندامی بەرچاوی گرتبووەخۆ. زۆر لە وەزیرەکانی پێشووی دووەمین کابینە پۆستەکانی خۆیان دەستکەوتەوە، هەروەها چەند تەکنۆکراتی شارەزایش بەمانەوەو پەیوەست بوون، لەوانە بەهمەن حسێن لە

---

[58] پارێزگاران لەلایەن ئاغای سورچییەوە رێبەرایەتیی دەکرێت، ئەم پارتە ڕاستەوخۆ بەرهەڵستی بارزانی و پارتی دەکرد. کاتێك بزوتنەوەی ئیسلامی بە کابینەکەی سلێمانییەوە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە پەیوەست بوو، پارتی بزوتنەوەی لە سێیەمین کابینە/هەولێر دەرکرد.

[59] بنکەی سەرەکیی بزوتنەوە لە هەڵەبجەیە لە پارێزگای سلێمانی کە دەکەوێتە بن دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پارێزگاری یەکێتییەوە، لەوەش زیاتر، نزیکی هەڵەبجە لە سلێمانیەوە وایکرد کە بزوتنەوەی ئیسلامی پێویست بێت لەگەڵ دوژمنەکانیان ئاشتەوایی بکەن لە ساڵی ١٩٩٤دا، ئەگەر بیانەوێت بەردەوامیی بەو بڕە ئاسایشە بدەن لە نێو هەڵەبجەدا. پەیوەستبوونی بزوتنەوە بە سێیەمین کابینەی /سلێمانی بەشێوەیەکی ئاشکرا دژ بە پارتی نەبوو، کە بزوتنەوە پەیوەندی باشی بەردەوامی لەگەڵیدا هەبوو. بەڵام پارتی ئامادەنەبوو کە هاوبەشێکی حکومەتەکەی یەکێتی لە کابینەکەی خۆیدا راگرێت.

زەحمەتكێشانو هەروەها عادل ناسری یەزیدیی. لەوانەیە فرە بایەخترین ئەو پێپەیوەستبوونە بە كابینەوە بریتیبێت لە د.كەمال فوئادی هەمیشە هەڵسوڕ لە مەكتەبی سیاسی یەكێتیەوە، كە ئەندامی دامەزرێنەری یەكێتیە، هەروەها كەسایەتییەكی سیاسیی خاوەن ئەزموونە بۆ تەواوكردنی ئەوەكەی سەرۆك وەزیران هەروەها وەك نوێنەرێكی تاڵەبانی لەنێو كابینەكەدا هەڵدەسوڕا. [VP] @

هەرچەندە، ژیان بۆ كابینە نوێیەكە هەروا ئاسان نەبوو، كە یەكێتی لەپێگەیەكی گەمارۆدراودا بوو، هەروەها تەنانەت لە سەرچاوەكانی داهاتیشەوە فرە دوور بوو، وێڕای ئەوەی ناچاربوو لەو شارە بچووكەدا دەستوپەنجە لەگەڵ كێشەكانیدا نەرم بكات. چڕبوونەوەی كادرەكان بەهۆی تێڕژانی كارمەندانی یەكێتی لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی چەندین گرفتی جدیی پێكهێنابوو. كاتێك كۆسرەت رەسوڵ حكومەتە نوێیەكەی بەخێرایی دامەزراند، پشتی بە ستافە راهێنراوەكەی هەولێر بەست. هەرچەندە، دابەشبوونی جوگرافیی كە بەشێوەیەكی زێدە لەنێو یەكێتیدا دەركەوتبوو، ئەوەی كە كۆسرەتیشی گرتبووەخۆ، ئەمێستا لە ستراكتۆری كارگێڕییەكەدا چڕببووەوە. [VQ]

بە بوونی وەزیرانێكی زۆر، كادرانی حیزبییو پارێزگارو سەرۆك وەزیران كە تێكڕایان لە شوێنێكدا جەمببوون، فەزایەكی فرە گرژ لەشارەكەدا هاتبووە ئارا. [VR] یەكێك لە یەكەمین بەڵگەكانی ئەو گۆڕانەی روویدا لە بژاردەی سیاسیی یەكێتیدا بوو بریتیبوو لە دەركردنی چەند پارێزگارێك لە سلێمانی لەوانە سالار عەزیزو فەرەیدون عەبدولقادر كە هەردووكیان ئەندامێكی سلێمانەیی یەكێتی بوون.

---

[60] د. كەمال فوئاد بە راهێنان پارێزەرەو چەندین ساڵیش وانەی كوردۆلۆجی لە زانكۆی سلێمانی داوەتەوە.

[61] بڕوانە بەشی شەشەم بۆ درێژەی ئەم دابەشبوونە.

[62] نەوشیروان مستەفا بەجۆرە گاڵتەیەكەوە تێبینییكرد كە سلێمانی ماڵێكە بۆ دروستكردنی پارێزگار " لانی كەم دە پارێزگار" هەركەس هەڵدەسێتو دەیەوێت ببێت بە پارێزگار" چاوپێكەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

شوێنگرتنەوەیان لەلایەن بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایش لە هەولێر حاکم قادر حەمەجان، جەختی لە ئاراستەی ئاشکرای هەولێرچێتیی کردەوە، ئەوەی لە سلێمانی بووە شتێکی باو.[63]

هەروەك مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانیش پۆستێکی فەرمیی لە کابینە دامەزرێنراوەکەدا نەبوو. لەو فەزا داخراوە شێواوەی سلێمانی پاش ساڵی ١٩٩٦ دا، چاوەڕواندەکرا کە بەنفوزترین کەسایەتیی سیاسیی کە کۆسرەت رەسوڵ بوو رۆڵێکی بەرچاو لە کۆنترۆڵکردنی سیستمە کارگێڕییەکەدا بگێڕێت. کابینەکە لەهەرکاتێکیدا کەمتر لە پێنج وەزیری نەبوو کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەبن. هەروەها ژمارەیەکیش لەوانە لە مەکتەبی سەرکردایەتیدا بوون.[64]

جارێکی دیکە، ئەندامانی یەکێتی پەرۆشی ئەوەبوون بۆ پێشخستنی ئەو دیدەی کە حیزب و کارگێڕیی بە دابەشکراوی بهێڵێتەوە لە نێو سێیەمین کابینەدا، هەروەها بەڕادەیەکی زیاتر لە هەولێر، کە دەگونجێت بەهۆی کەسایەتیی کۆسرەتەوە بێت[65] هەرچەندە، جێگەی بایەخە تێبینیی ئەوە بکرێت کە ئەندامانی هاوشێوە لە یەکێتیدا دابەشبوونێکی بەو چەشنە وەك شتێکی روون ناناسێنن. محەمەد تۆفیق کە ئەندامێکی زێدە بەڕێزی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەو لە یەکەمین کابینەدا وەزیر بووە، بەمشێوەیەی خوارەوە دەڵێت:

"یەکێتی ناوچەکە بەڕێوەدەبات. کارگێڕی دەبێت لە حیزبە سیاسییەکان سەربەخۆ بێت، بەڵام مەکتەبی سیاسی هەیمەنەی کردووەو تەنانەت دەستنیشانی

---

[63] چاوپێکەوتن لەگەڵ حاکم قادر حەمەجان، سلێمانی، ٦ سێپتەمبەر ٢٠٠٠,

[64] زۆر ئەستەمە ژمارەیەکی دیارییکراو بۆ ئەو کەسانە دابنرێت کە هەروەها لە ئۆرگانەکانی بڕیارسازیی یەکێتیدان، ئەوەکەی مەکتەبی سیاسی و سێیەمین کابینەلە سلێمانی بە گۆڕانێکی بەرفرەی کەسایەتییەکان دەناسرا تا مەکتەب سیاسی پارتی و سێیەمین کابینەکەی هەولێر.

[65] بە پێچەوانەوە، نێچیرەڤان بارزانی ئەمێستا سەرۆك وەزیرانی ح هـ ك /هەولێرە، گوتی کە کارگێڕییەکەی سلێمانی بە تەواویی لەلایەن کۆسرەت رەسوڵ و جەلال تاڵەبانییەوە کۆنترۆڵکراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش،٢١ مایۆ ١٩٩٨.

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکیش دەکات. لەسیستمی پەنجا بە پەنجا هەموو شت لەلایەن کارگێڕییەوە کۆنترۆڵکرابوو، بەڵام پاش دابەشبوونەکە، کارگێڕیی بەتوندی پشت بە حیزبەکان دەبەستێت. لە مەسەلە تەکنیکییەکاندا، شارەزایان سەبارەت بە سیاسەتی گشتیی راوێژیان پێدەکرێت، تەنانەت ئەمەش دەبێت هەمیشە لە مەکتەبی سیاسییەوە پەسەندبکرێت.[٧٧]

ریشەی ئەم چەشنە پەیوەندییە لەنێوان یەکێتیو ح هـ ك لەڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە هەر لە ئووتی ١٩٩٦ەوە لە سلێمانی دەرکەوت. شتێکی نهێنیی نیە کە هەلومەرجی ئابووری یەکێتی لە سلێمانیدا بەتوندیی شێوابوو بەهۆی ناتوانایی لە بەدیهێنانی داهاتی گرنگ لە خاڵی گومرگە سنوورییەکانەوە. ئەوەش توانای ح هـ ك دابەزاند. یەك لە رووخسارە سەرەکییەکانی ئەم لاوازییە بریتییبوو لە پێکەوە گرێدانی حکومەتو یەکێتی. لەگەڵ پێگەی باڵادەستی مەکتەبی سیاسی لە پرۆسەی بڕیارسازییدا. وێڕای ئەم هۆکارانە، محەمەد تۆفیق کەمیی دانپێدانانی نێودەوڵەتییش بە کارگێڕییە ساواکە وەك هۆکارێك دەزانێت

" لە مەکتەبی سیاسییدا، هەموو بابەتەکان لەوانە حکومەتو کارگێڕیی مشتومڕیان لەبارەوە کراوە. دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان مامەڵە لەگەڵ ح هـ ك دا ناکەن، هەربۆیە مەکتەبی سیاسی وەك ناوەندێکی سەرەکیی پەیوەستی نێوان حیزبە سیاسییەکانو حکومەتەکانی دەوروبەر بوو. لەبەرئەوەو بەم هۆیەوە، مەکتەبی سیاسی فەرمانی دەدایە حکومەت."[٧٧]

کاتێك مشومڕ لەبارەی ئەم پەیوەندییانەوە دەکرێت، سەعدی پیرەی وەزیری هاوکاریو کاروباری مرۆڤایەتیی ئاسۆیەکەی دوورتری ئەو دابەشبوونی ناساند کە لەنێوان حیزبو کارگێڕیی لە سلێمانیدا هەیە. هەرچەندە، ئەو هەروەها ئەوەی ناساند کە، هێندێکجار، ئەوە فرە بۆ هەریەك لە حیزبو کارگێڕییەکە بەسوودە،

---

[66] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق، سلێمانی ،١٤ مایۆ ١٩٩٨.

[67] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد تۆفیق،قەلاچوالان، ٧ ئووتی ١٩٩٩

بۆئەوەی رووخساری ستراکتۆرەکانیان پێکەوە ببەستن، ئەو پێگەی خۆی وەك نموونەیەك هێنایەوە، ئەو لەساڵی ١٩٩٦-١٩٩٩ وەزیری هاوکاری و کاروباری مرۆڤایەتیی بوو، هەروەها بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو، هەردوو پۆستەکە یەکتریان تەواو دەکرد، لەڕێگەی وەزارەتەکەیەوە مامەڵەی لەگەڵ رێکخراوەکانی ئێن جی ئۆکانو ئاژانسەکانی یوئێن لە کوردستانی عێراقدا دەکرد . مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەش بەتایبەت نوێنەرایەتیی یەکێتی لە جیهانی دەرەوە دەکرد. وێڕای ئەوەی وەزارەتەکە لەگەڵ هەردوو مەکتەبەکەدا تێکەڵ بوو، چەندین کارمەندی مەدەنیو کادرانی حیزبی رۆڵێکی دووانەیی حیزبو حکومەتیان دەگێڕا. [68]

## ئەنجامگیریی

دابەشبوونی سیستمی حکومەت کە هەر لەساڵی ١٩٩٦ەوە کە کوردستانی عێراقی پێ جیادەکرایەوە تا ڕادەیەکی بایەخدار لە ئاشتییەکی لاواز بەرپرسیار بوو. وێڕای ئەو توندیی و دژوارییە کۆمەڵایەتییە- سیاسییانەی کە لەئاکامی توندپێکەوە گرێدانی پارتیو یەکێتی لە سیستمێکی دابەشکردنی دەسەڵاتدا هاتبووەئارا، هەردوولا توانیان بەئاکارێکی کارایانەترەوە ئاوڕ لە کاروبارە نێوخۆییەکەی دەوڵەتە دیفاکتۆکە بدەنەوە، بێئەوەی سەبارەت بە چالاکییەکانی حەریفەکەیان نیگەران بن. فازیل میرانی وەزیری ناوخۆ لە سێیەمین کابینە/هەولێر کە دواتر لە چوارەمین کابینەدا لەلایەن کەریم سنجارییەوە شوێنی گیرایەوە، لەئاسایشی پارێزگاری هەولێرو دهۆك بەرپەرسیار بوو. ئەو تێبینییکرد کە، هەر لە ساڵی ١٩٩٦ەوە، پارتیو یەکێتی کۆنترۆڵی ئاسایشی هەرێمەکانی بندەستی خۆیان بەشێوەیەکی باشتر کرد وەك لەوەی کە پێشتر پێکەوەبوون. ئەو، ئەم گۆڕانەی بۆ ئەوە گەڕانەوە کە

---

[68] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی پیرە، سلێمانی، ٩ژوون ١٩٩٨.

ئۆرگانـەکانی ئاسـایش لەیـەك سەرچـاوەوە فـەرمان وەردەگـرن، زیـاتر لـەوەی لـە دوو سەرچاوەوە بێت:

" دوای جیابوونەوەکـەی سـاڵی ۱۹۹٦، ئاسایـشی فـرە باشـتر بـووە، تەنانـەت لـە سلێمانیش، بەهۆی دانپێدانانی یەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هـەردوو شوێنەکەدا. هـەر حیزبـەو کـارگێڕی خـۆی هەیـەو کـەمتر پێویـست دەکـات لـە هەرێمەکـەی خۆیـدا سەبارەت بە هەلومەرجی نێوخۆیی حیزبەکەی نیگەران بێت، هەریەکەیان دەخوازێت پێـــشانی بـــدات کـــە شـــەرعییەو هـــەروەها سیـــستمێکی ئاســـایش‌و دادپـــەروەری هەڵسوڕاوی هەیە." [69]

بـەگوێرەی ئـەم وەزیـرە، دەتوانرێت بەڵگـەی ئـەم گۆڕانـە لـە کەمبوونـەوەی رێـژەی ئەنجامـــدانی تاوانـــدا ببینرێـــت کـــە تایبەتمەنـــدیی کوردســـتانی عێـــراق بـــوو . [70] بەهەمانشێوە، هۆشـیار زێبـاریش تێبینییکـرد کـە هەڵـسوڕانی سیـستمە نوێیەکـە بـۆ هەریـەك لـە پـارتی‌و یـەکێتی ئاسـانترە، چـونکە چـیدی رکابەرییـەك لـەنێوان سـتاف ئۆفیسەکانی ح ه ك دا نیە. [71]

---

[69] چاوپێکەوتن لەگـەڵ فازیـل میرانـی، هـەولێر، ٢٦ ئـووت ١٩٩٩. فازیـل میرانـی هـەروەها ئەنـدامێکی دەستڕۆیشتووی مەکتەبی سیاسیە.

[70] بۆ پشتگیریی ئەم مشتومڕە، وەزیر گفتوگۆی لەمەڕ ئەو گرفتانەوە دەکرد کە رووبەڕووی دەسـەڵاتی دادوەریـــی ببـــووەوە لـــە سیـــستمی پـــەنجا بـــە پـــەنجا دا، تەنانـــەت ئەگـــەر وەزارەتـــی دادیـــش داوای گومـانلێکراوێکی بکردایـە، جێبـەجێکردنی ئـەم داوایـە پـشت بـەو حیزبـە سیاسـییە دەبەسـتێت کـە گومانلێکراوەکەی لەنێودا بوو کە داخۆ رێگە بەو گرتنە دەدات رووبدات. ئەم بۆچوونە هـەروەها لەلایـەن حـاکم قـادرەوە پـشتگیریی کـرا، ئـەوەی کـە لەلایـەن یەکێتیـەوە بـۆ پرسـە ئەمنییـەکان لـەنێو حکومەتـە هاوبەشـەکەی هـەرێمی کوردسـتاندا دانرابوو. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ حـاکم قـادر حەمـەجان، سلێمانی، ٦ سێپتەمبەر ٢٠٠٠,

[71] چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشیار زێباری، سەلاحەدین ، ٢٩ مایۆ ٢٠٠٠،. موحسن دزەیی، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠،. کەریم سنجاری، سەلاحەدین، ٣٠ مایۆ ٢٠٠٠.

ئنجا ئەو گرفتە سەرەکییەی رووبەڕووی حکومەتەکانی هەرێم دەبووەوە بریتییبوو لە گرفتی دارایی کە تێکەڵ بوو بە ناکارایی میکانیزمی پلاندانان. هەر کارگێڕییەك پێویستە سەرچاوەی داهاتەکەی بزانێت پێش ئەوەی بزانێت بەچ جۆرێك پارە خەرجدەکات. هەرچەندە، وەك کارگێڕیی، هیچ کام لە کابینەکان ئاستی ئایندەیی داهات بۆ سیستمەکەیان نازانن، بەتایبەت کە داهاتیان پشتدەبەستێت بە کارەکان و هەروەها پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران، عێراق و تورکیا و هەروەها یوئێن، شانبەشانی پەیوەندییە نێوخۆییەکان لەگەڵ حیزبەکانی تردا. وێڕای ئەوەش، پارتی کۆنترۆڵێکی بەرچاوی ئیبراهیم خەلیلی کردووە، لەچەندین بۆنەی جیاوازدا ئەگەری لەدەستدانی ئەم داهاتەی خۆی پێشانداوە، کاتێك تورکیا تێڕژانی بازرگانی خۆی لەم خاڵەوە وەستاند. لەوەش زیاتر، بەهۆی حاڵەتە دیفاکتۆکەوە، هیچ لایەکیان ناتوانن قەرز وەربگرن، هەروەها بەهۆی گۆڕانە بەردەوامەکانی ئابووریی-کۆمەڵایەتیی و هەلومەرجی ئاوارتەوە. سەلماوە باجی تایبەت کە مەحاڵە بێتەدی.

لەوەش زیاتر، هەردوو سەرۆك وەزیران (کۆسرەت رەسوڵ و نێچیرەڤان بارزانی) دانیان بەوەدا ناوە کە توانای حکومەتەکەیان بۆ پلانی سیاسیی گونجاو و بەرنامەکان فرە سنووردارە، هەروەها، کاریگەریی خراپی ئەو بڕە مەزنە پارەیەشی لەسەرە کە بەهۆی مامەڵەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە کوردستانی عێراقدا لەڕێگەی ئاژانسەکانی یوئێنەوە بڵاوەی پێکراوە. هەروەك دابینکردنی ئەم بڕە بەشە کەلتووری پشتبەستنی نەك تەنیا لە کومەڵگەی کوردییدا هێناوەتەئارا، بەڵکە لە ستراکتۆری کارگێڕییەکە خۆیدا، کە هەردوو سەرۆك وەزیرانەکە و مەکتەب سیاسییەکە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدەن.[WR]

---

[72] چاوپێکەوتن لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، سەلاحەدین ، ١ ئووت ٢٠٠٠، کۆسرەت رەسوڵ ، سلێمانی، ٢٦ ئووت ١، ٢٠٠٠ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، . نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش، ٢١ ئووت ٢٠٠٠.

## شیکاریی پرۆسەی بڕیارسازیی لە سێیەمین و چوارەمین کابینەدا

بەدڵنیاییەوە لەکاتێکدا لەم کتێبەدا سوود لە چەندین چاوپێکەوتن کراوە کە لەگەڵ لێپرسراوە فەرمییەکانی حکومەتەکانی هەرێم لەناوچەکەدا ئەنجامدراوە، هەروەها لەگەڵ چاودێرانی سیاسەتی کوردیی بەگشتیی، هەر ئەنجامگیرییەك لەسەر ئەو ئاکامانە بنیاتبنرێت تاڕادەیەك تەرەفگیریی و لێڵیی دەگرێتەخۆ. ئەم راستییە خەتای لێپرسراوەکانی تێدانیە. ئەوانەی تەواو دڵفراوان بوونکە کاتێکی گرنگی خۆیان بۆ روونکردنەوەی دیدو بۆچوونەکانیان لەمەڕ سیستمە سیاسییەکە بەخەرجدا، بەڵکو زیاتر سروشتی فەزای سیاسییەکەی کوردستتانی عێراقە. بۆ برەوپێدانی شیکارییەك لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنی ئەو سیاسەتکارانە بنیاتنراوە کە لێپرسراوی بڕیارسازییان لە کارگێڕییەکەدا لەئەستۆدا بووە(هێندێکیان تا ئێستاش هەر لێپرسراون)، داوامکرد، رێگەشدرا، کە بەرنامەی زێدەتری کۆڵینەوە سەبارەت بە ستراکتۆری کارگێڕییەکەی خۆیان بگرنە ئەستۆ.

ئەو وەزارەتانەی کە بۆ ئەم بوارە فرە بایەخدارە کرایە ئامانج ئەوانەبوون کەوام لەقەڵەمدابوون فرە ئاسان دەستیان پێ رادەگات و هەروەها بە بەڵگەگەلێکیش سەبارەت بە بە زۆر لە رووخسارەکانی پرۆسەی بڕیارسازیی و هەروەها پەیوەستە گونجاوەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کارگێڕییەکە لە سیستمە سیاسییەکەدا فەراهەمدەکات. لەوانە مەکتەبە جێبەجێکارەکانی پارێزگاکان و حیزبە سیاسییەکاندا. هەربۆیە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری، پەروەردە، بنیاتنان و پەرەپێدان، ارەوانیی و گەشتوگوزار هەروەها کاروباری کۆمەڵایەتییم لە هەردوو سیستمە کارگێرییەکەدا کردە ئامانج. [WS]

[73] ئەم وەزارەتانە وەزارەتی خزمەتگوزاریی گشتیی سەرەکیی بوون، کارمەندانی ئەم دەزگایانە زیاتر لەگەڵ بیانییەکاندا کاریان دەکرد، شتێکە کە لە عێراقدا باو نیە. زۆربەی بەرنامە وزراییەکان لەڕووی سیاسییەوە نهێنیی دانەدەنرا ، بۆنموونە وەك ئەو حاڵەتەی کە لە وەزراەتی پێشمەرگەدا هەیە.

لەنێو وەزارەتەکاندا، بواری چالاکییەکانی حکومەتم درکپێکرد کە پێکەوەو بەشێوەیەکی گشتگیر ئەو ئاکارانە رووندەکەنەوە کە ستراکتۆرە کارگێڕییەکە لەڕووی پلانو جێبەجێکردنەوە هەڵدەسوڕێت. لەڕێگەی چەند بەرنامەیەکی دیارییکراوەوە کەوتمە کۆکردنەوەی تێکڕای نووسراوە بایەخدارەکانو دیدەنی ئەو لێپرسراوانەشم کرد کە بەئەرکە تایبەتمەندەکەیانەوە پەیوەستن، وێڕای ئەوەی جاروبار گەر بگونجایە سەردانی ئەو ناوچە دیارییکراوانەی بەرنامەکەشم دەکرد.

## پرۆسەی پلانە بەراییەکان

خاڵێکی هەرە جێگەی نیگەرانیی سەرۆك وەزیران بریتییبوو لە پرۆسەی پلانە بەراییەکان. کەمیی داتا پشتپێبەستراوەکان لەنێو ستراکتۆری دەسەڵاتە خۆماڵییەکەدا، کە وەك پێدەچێت تێکەڵ بوو لەگەڵ سیستەمە بەجێماوەکەی دابەشکردندا کە بەهۆی دابینکردنی دارایی زۆرەوەو لەڕێگەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی ئاژانسەکانی یوئێنەوە پشتگیریی دەکرا، ببووەهۆی بە ئامانجگرتنێکی لاوازی سیاسەتو بەرنامەکان. بۆنموونە: هەریەك لە نێچیرەڤان بارزانیو کۆسرەت رەسوڵ ئاماژەیان بەمەدا وەك لاوازییەکی سەرەکیی لەنێو کارگێڕییەکەدا کە هەوڵی راستکردنەویان دەدا. لە کردنی ئەم کارەدا، هەردوو سەرۆك وەزیران یاسایان تێپەڕاند کە رێگە بەدامەزراندنی مەکتەبی ئاماری ناوەندییو لێژنەی پلاندانانی ناوەندیی بدات.

دەشێت کێشەکە وەك کێشەیەکی جدیی بناسێنرێت، بۆ نموونە: کەم لە وەزیرەکان دەیانتوانی زانیارییەکەی ورد سەبارەت بە بنەمای سیاسەتەکانیان لەپشت ئاماژەی ئەندازیارو رووپێوکارەکانەوە لەنێو وەزارەتەکانیاندا فەراهەم بکەن. یەك لەوانەی کە توانیان ئەمە بەڕێوەبەرن جۆرە تەکنۆکراتەکان بوو، هەروەها کەسانی وەك مەئمون بریفکانیو بەهمەن حسێن(کە وەزیری بنیاتنانو پەرەپێدان بوون لە هەولێرو سلێمانی). هەرچەندە، تەنانەت ئەم ئەندامانەش دانیان بە بوونی ئەم لاوازییە لە

وەزارەتەكانی خۆشیاندا دا.[74] وەزیرو بریكارەكانی دیكە خوازیار نەبوون بگلێنە نێو كاروباری تەكنیكییەوە بەڵام زیاتر پشتیان بە دەستوپێوەندە شارەزا تایبەتەكانی خۆیان دەبەست بۆ راوێژ سەبارەت بە كێشە تەكنیكییەكان.[75] هەرچەندە بەشێوەیەكی گونجاو كەمیی داتا گشتییەكانی زانیاریی كە بەهۆیەوە دەتوانرێت سیاسەتەكان، بەرنامەكان، هەروەها پلانەكانی دابەشكردن بۆ بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش دابڕێژێت، ئەوەی بەدەستەوەدەدا كە ئاراستەی زۆربەی سیاسەتەكانی ح هـ ك بێ رێنمایی مابووەوە، كە بووەهۆی بەئامانجگرتنێكی لاوازی گشت هەریەك لە سیاسەتە خۆجێییەكانی حكومەتو هەروەها بەرنامەكەی ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش.

لەبەرئەوە لەسەر ئاستی پلاندانانی گشتیی، حكومەتەكانی هەرێم پێویستیان بە پشتگیریی و یارمەتییەكی بایەخداربوو. هەرچەندە، كاتێك سیاسەتێك دەناسرێت، هەرچەندە چەواشە كارانەش بێت، كاروهەڵسوڕانی نێو كارگێڕییەكە لێهاتوویەكی بەرچاو پیاندەدەن، لەكاتی ناساندندا، خزمەتگوزارییە گشتییەكان لەرێگەی پلاندانانێكی بەراییەوە پەرەیسەندووە كە لێهاتووییەكی پلەبەرز پێشاندەدات، لەوانە ئامادەیی ئەڵقەكانی فیدباك لەنێو سیستمەكەو دانانی لیژنە چاودێرەكان بەسەر پرسە تەكنیكییەكان بودجەدا. كێشەكان لە داڕشتنی سیاسەتو بەرنامەكاندا نیە، بەڵكو لە ناساندنی بەرایی ئاراستەی سیاسەتەكەدایە .

ئەم سیستمە هێندێكجار ئاستەنگی پێكدەهێنا لەهەردوو كارگێڕییەكەداو هەردوو سەرۆك وەزیران سەبارەت بەم لاوازییە بەئاگابوون.[76] بۆ نموونە: لەنێو ژینگەیەكی بەرتەسكی وەك سلێمانیدا دەگونجێت لەگەڵ بوونی سەختترین گرفتە ئابووریی و

---

[74] چاوپێكەوتن لەگەڵ شێخ مەئمون بریفكانی، هەولێر، ٢٠ مایۆ ١٩٩٨،. بەهەمەن حسێن، سلێمانی، ١١ ژوئیە ١٩٩٨.

[75] چاوپێكەوتن لەگەڵ فەلاح مستەفا بەكر، هەولێر، ٢١ مایۆ ١٩٩٨.

[76] چاوپێكەوتن لەگەڵ كۆسرەت رەسوڵ ، سلێمانی، ٢٣ مایۆ ٢٠٠٠،. نێچیرەڤان بارزانی، سەری ڕەش، ٢٢ ئۆكتۆبەر ٢٠٠٠.

کۆمەڵایەتییەکان کە بەهۆی کارەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵانی هەشتاکاندا هاتبووەئارا. هەروەها راگواستنی دواتری کۆمەڵانی خەڵك لە کەرکوك جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە هێندێك کەس بەرەو ئەوە بچن کە داوای یارمەتی لە یەکێتی بکەن. دەتوانێت پرۆسەکە شێوەی داواکارییەکی راستەوخۆ لە سەرۆك وەزیران بکرێت، کە لەرێگەی دانیشتنی هەفتانەی بۆ بینینی خەڵك بەردەوام بوو، یاخود دەیتوانی لەرێگەی پلەبەندی یەکێتی خۆیەوە بۆ پێشکەشکردنی عەرزوحاڵێك لە کۆمیتەیەکی ناوچەییەوە دەستپێبکات. بۆنموونە: رێگەی دواییان لەلایەن خەڵکی گەڕەکی زێڕینۆکەوە گیرایەبەر کە نشینگەیەکی بەکۆمەڵە نزیکە لە سنووری شاری سلێمانی، بووەهۆی دەستکەوتنی ناوەندێکی تەندروستی لەماوەیەکی کەمدا. هەمان شێواز دەتوانرێت سەبارەت بە گوندی شێنێ ببینرێت، کە پاش چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ تاڵەبانی، سوودیان لە بنیاتنانی پرۆژەیەکی نوێی ئاو بینی لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان بنیاتنرا. بەوەش، لە هەلومەرجێکی بەو چەشنەدا، دەتوانرێت ببینرێت کە ئەو ئاستەنگ و شلۆییە دەشێت هێندێك سوودی هەبێت. بەدڵنیاییەوە سەبارەت بە زێڕینۆك، کە لەڕووی نێوخۆییەوە خەڵکانێکی راگوێزراوی هەولێرو کەرکوك بوون، خەڵکەکەی نە دەیانتوانی پەنا بۆ پارێزگاری سلێمانی بەرن، نە کەوتبوونە ژێر سایەی دەسەڵات و سەلاحییەتی ئەویشەوە. تەنیا رێکخراوێك کە دەیانتوانی لێی نزیك بنەوە یەکێتی خۆی بوو، بەتایبەت کە دوو کۆمیتەی لەنێو زێڕینۆك خۆیدا هەبوو.

هەردوو کابینەکە گوتیان تێدەکۆشن بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە چەشنە روانینە بەمیرات بۆماوەی لە نەخشەداڕشتنی بەرنامەو سیاسەتەکاندا، لەوانەیە کە زۆر بەرچاوبێت لە هەولێر، کە جێگری سەرۆك وەزیران سامی عەبدولڕەحمان هانی لابردنی ئەو کارمەندانەی دەدا بە ناکارا یاخود گەندەڵ ناسێنرابوون تا ئاستی بەڕێوەبەری گشتیی...لە سلێمانیدا کە دارایی بۆخۆی کێشەیەك بوو، هاندەرێکی ئاشکرای کەمتر بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەئارادابوو.




وێنەی ٧: ٤ وێناکردنی پێشکەشکردنی پرۆسەی پلانە بەراییەکان لە حکومەتەکانی هەرێمی کوردستاندا.

وێنـــەی ٧ :٤ هێڵکارییـــەکی پرۆســـەی پلاندانانـــە کـــە لەلایـــەن وەزارەتـــە خزمەتگوزارییـــە دەستنیـــشانکراوەکان لـــەم کەیـــسەی کۆڵینەوەکـــەدا ناســـینراوە. پرۆگرامەکان بە چەندین شێواز دەستیپێکردووە، بەڵام بەتوندی پشتی بە ژێرخانی ئۆرگانە جێبەجێکارە پەیوەندییدارەکان بەستووە. پرۆسە بەراییەکان دەشێت چەند لێکۆڵینەوەیەکی بوارە سەرەتاییەکان بگرێتەخۆ، دانوساندن لەگەڵ ئێن جی ئۆکان، هەروەها بەراوردکاریی لەگەڵ داتاکانی بەردەستدا. ئەم خاڵەی دواییان بەچەشنێك لاواز بوو بەهۆی ئەو راستییەی کە حکومەتەکانی هەرێم بەدەست کەمیی توندی هەبوونی داتاکانەوە دەیاننالاند بەهۆی کۆبوونەوەی زۆربەی زانیارییەکان لە وەزارەتە هاوشێوەکانی حکومەتی عێراقدا، هەروەها ئەو پشێوییە رەهایەی لە زۆربوونی هەڵسوڕانی ئاژانسە مرۆڤایەتییەکان لەناوچەکەدا. هەریەکەو بەگوێرەی داتاکانی خۆی.

کاتێك پێناسەیەکی بەرایی سەبارەت بە پرۆگرامێکی گونجاو روودەدات، بەرنامەیەکی کاتیی بە ژێرخانی جێبەجێکارییدا تێدەپەڕێت و بە مەکتەبەکانی پلاندانانی پەیوەندیداری بەڕێوەبەرایەتییەکاندا تێدەپەڕێت، پاشتر لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان دەگاتە دواپلەی، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەکنیکی پەیوەندییدار لە وەزارەت بایەخی پێدەدات. دەگونجێت پلانی کاتیی لەلایەن مەکتەبی پارێزگاریشەوە پێشکەشبکرێت، هەروەها هەرچەندە ئەمە پێدەچێت زیاتر رێی تێبچێت ئەگەر هاندەری بەرایی روویدا چ لەرێگەی عەرزوحاڵی گشتییەوە یاخود لەرێگەی هەڵسوڕانی ئێن جی ئۆو یوئێنەوە. بەشی کۆتایی ئەم پرۆسە بەراییە بەدیدێت کاتێك وەزیرو مەکتەبی وەزیر دواپێشنیاز پەسەند دەکەن. کە دواتر وەزیر بۆ لەبەرچاوگرتن رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات.

کە لە وەزارەت لەسەری رازییبوون، ئنجا وەزیر پێشنیازەکە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکات بۆ لەبەرچاوگرتن لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها بۆئەوەی لەلایەن وەزیرەکانی دیکەوە مشتومڕی لەبارەوە بکرێت. لەم خاڵەدا، وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووریی دەبێتە بەشێك لە

پرۆسە فەرمییەکان سەبارەت بە پلاندانان و بودجەی گونجاو بۆ هەر بەرنامەیەکی نوێ. ئنجا پێشنیازی بەرنامە بەشێوەیەکی دوورودرێژتر لە کۆبوونەوەی مەکتەبەکانی وەزارەت، مەکتەبە تەکنیکییەکانی یاسادانان یاخود راپۆرتە سەربەخۆکانی راوێژکاران یا ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان لێی دەکۆڵرێتەوە.

## پلاندانانی بودجە

لەوانەیە ئاسانترین رووخسار بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروهەڵسوڕانی حکومەتەکانی هەرێم ئەوەبێت کە چۆن بەرنامەکانی نێو کارگێڕییەکە خەرجیی بۆ تەرخاندەکرێت. بەتایبەت لەماوەی دواقۆناغی سێیەمین کابینەدا، پارتی فرە راشکاوانە مشتومڕیان لەمەڕ مەسەلە داراییەکان دەکرد، بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی ئەوەی کە سوودیان لە ناوچەی ئیبراهیم خەلیل وەردەگرت کە ناوچەیەکی فرە داهاتی بایەخدار بوو.زێدەکردنی بڕی دارایی بەردەستی ح ه ك لە هەولێر، سیاسەتێك بوو کە پارتی خوازیار بوو بەشێوەیەکی زێدە ئاشکرابێت. بەتایبەتی وەك دەستپێشخەرییەکی ئاشتییانە جەختی لە پێویستیی هەڵبژاردنێکی فرە حیزبیی لەئایندەدا دەکردەوە. پارتی پەرۆشی ئەوەبوو وەك حیزبێك ببینرێت کە لە دەڤەرەکەی خۆیدا پشتگیریی کارگێڕیی دەکات. هەربۆیە سەبارەت بەو داراییەی خرابووە بەردەست ح ه ك تەواو کراوەو روون بوو، ئەگەر سەبارەت بە دارایی حیزبەکەی خۆی یان قاسەکەی بنەماڵەی بارزانیش وانەبوویێت.

بەپێچەوانەوە، یەکێتی بەشێوەیەکی ماقووڵ لەمەڕ زۆربەی چالاکییەکانی حکومەت روون بوو، بەلاّم سەبارەت بە مەسەلەکانی بودجە چەشنە قرقەپێکی کردبوو، شتێکی ئاشکرایە کە پارتی داراییەکانی زیاتر خستبووە بەردەست ح ه ك لەهەولێر، ئەو کارەی کە یەکێتی زۆر نەیدەتوانی هیوای پێی بێت و لەگەڵی دەرچێت. وەڵامی بەرایی ح ه ك لە سلێمانی ئەوەبوو کە هەوڵی شاردنەوەی ژمارەکانی دەدا، ئەوەی کە پارتی لەڕووی روونوواندنەوە راشکاوانەتر کرد بەبەراورد بە دیزەبەدەرخۆنەکردنی بوارە داراییەکانی ح ه ك لە سلێمانی. هەرچەندە، لە ساڵی

٢٠٠٠دا، یەکێتی و ح ه ك لە سلێمانی ئەم کێشەیەی کەمی داراییان بە قازانجی خۆیان قۆزتەوە، کاتێك هەوڵی راکێشانی سۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانیان دەدا تا پارتی ناچار بکات لە داهاتی ئیبراهیم خەلیل شەریکیان بکات، بۆئەوەی جیاوازییە راستیینەکان لە پێوانە کۆمەڵایەتییە-ئابوورییەکان بەئامانج بگرێت.

کاریگەریی ئەم جیاوازییە سەبارەت بە کاروهەڵسوڕانی هەردوو کارگێڕییەکە قووڵ بوو، ح ه ك لە هەولێر لە بەرنامەیەکی بەرفراوانی چالاکی کەرتی گشتیی بەرخوداربوو کە بەڕادەیەکی مەزن لەڕووی داراییەوە لە گەنجینەی پارتییەوە پشتگیریی دەکرا، ئەو هێشتا شانبەشانی یوئێن و ئێن جی ئۆکان هەڵدەسوڕا. بەتایبەت سەبارەت بەبڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵام دواجار زۆریش پشتی بەم سەرچاوەیە نەبەست. هەرچەندە، ح ه ك لە سلێمانی فرە زیاتر پشتی بەو داهاتە دەبەست کە لەبەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك و ئێن جی ئۆکانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وەزارەتەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان نزیکەی بە تەواویی پشت بە گرێبەست و پشتگیرییەکانی یوئێن ببەستن و ئەمەش هێندێکجار گرفتی لەنێوان ستافی یوئێن و هاوشێوەکانیان لە کارمەندانی ح ه ك /سلێمانی پێکدەهێنا، ئەوانەی دواتر زێدەتر لە هاوشێوەکانیان لە هەولێر، هەوڵی ئەوەیان دەدا کۆنترۆڵێکی زێدەتری خەرجکردنی ئەو پارە تەرخانکراوانە بکەن.

وێنەی ٧ :٥ هێڵکاری پلاندانانی بودجەی بەراییە کە لەلایەن وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانەوە ناسێنراوە کە سەبارەت بە بابەتی کۆڵینەوەکە دەستنیشانکراون. ئەم ئامادەکارییە بەراییەی بودجە جۆرە پەیوەستێکی لەگەڵ ناساندنە بەراییەکانی بەرنامەکەوە هەیە. هەروەها ئاستێکی نزمتری ستراکتۆری کارگێڕییە کە ئەم کارە بنەڕەتییەی گرتۆتەئەستۆ. لەم ئاستەدا، واپێدەچێت کە پەیوەستێکی گشتیی بایەخدار لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییە جۆربەجۆرەکان و بەشەکانی وەزارەتە جۆربەجۆرەکانی مەکتەبەکانی حکومەتدا هەبێت، بەتایبەتی سەبارەت بە پلاندانانی دابەشکردنی کەلوپەل و کۆکردنەوەی سەرچاوەکان. لەسلێمانیدا، مەیلێکی دیکەی نزیکبوونەوە لە ئێن جی ئۆکان هەبوو بۆ پشتگیریی دارایی زیاتری




وێنەی ٧ : ٥ وێناکردنی پێشکەشکردنی پرۆسەی بودجە لە هەرێمی کوردستاندا.

بەرنامەکان. ئەم پلاندانانە کاتیەی بودجە رەگەزێکی کاری رووماڵکردنی بنەڕەتییە، هەروەها ئەڵقەکانی گێڕانەوەی داراییە دەتوانرێت لەنێو سیستمەکەدا بناسرێت ئەگەر مەکتەبی ناوچەیی بودجەکە بە ناپەسند بداتە قەڵەم. جاروایە کە بودجە یان لەڕێی ستراکتۆری وزراییەوە تێدەپەڕێنرێت، یان وەك زیاتر باوە راستەوخۆ بۆ مەکتەبە هاوشێوەکانی پلاندانان لە وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابوورییەوە. ئەم بودجەیە لەگەڵ پلانەکانی بەرنامەکە لەلایەن تەواوی ئەنجومەنەوە مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت، دواتریش لەنێوان بەشە تەکنیکییەکانی وەزارەتی پەیوەندییدارداو هەروەها وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووریی. ئەوساکە بودجەکەیان پەسەند دەکرێت یاخود رەتدەکرێتەوە. ئەگەر رەتکرایەوە، بەرنامەکە دەگونجێت هەڵبوەشێنرێتەوە یان هەڵپەسێردرێت. بەڵام زیاتر دەگونجێت بودجەی بۆ دابنرێتەوە لەلایەن ئەو بەشەی کە پێشنیازە ئەسڵییەکەی هێناوەتەئارا. ئەگەر پەسەندکرا، وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووریی، وەزارەتی پەیوەندییدار ئاگادار دەکاتەوە کە بڕی دارایی بۆتەرخانکراوی بۆ دەنێرێت. هەروەها فەرمان دەداتە خەزێنەی حکومەت(لەوی ئەو کارەی پلانی بۆ دانراوە ئەنجام بدرێت)تاکو ئەو بڕە داراییە خەرج بکات چ لەڕێگەی ئەو حسابەی بۆ وەزارەتی پەیوەندییدار دانراوە، یاخود لەو داراییە ئاوارتە تایبەتەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوە.

بۆ چاودێری خەرجی بەرنامەکان و تێچوونیان، لیژنەیەکی دارایی دادەمەزرێت بە هاوبەشی لەنێوان بەشە وەزارەتەکەو وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووریی. راپۆرتەکانی ئەم لیژنەیە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی پەیوەندییدارو وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووریی، دەگەڕێتەوە. بەڕێوەبەرایەتیی ئەو بەشەی وەزارەت سەرنج لەهەر گرفتێك دەدات کە لەلایەن وردبینی ژمێریارییەوە جەختی لێبکرێت و داوای هەر زیادەکارییەکی پێویست پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکات. واپێدەچوو کە ح هـ ك/سلێمانی بە سیستمێکی فرە کەمتر ئاشکرای داراییەوە هەڵدەسوڕا، بەدڵنیاییەوە ئەوەش بەهۆی ئەو راستییەی زۆرینەی ئەو داهاتەی کە

لەڕێگەی ئەم سیستمەوە تێدەپەڕێنرا لەلایەن ئاژانسەکانی یوئێن‌و ئێن جی ئۆکانەوە بودجەکەی دەدرا‌و وردبینیش دەکرا.

## پرۆسەی جێبەجێکردن

بەدواداچوون‌و گۆڕینی پلان‌و دانانی بودجەی بەرنامەکانی حکومەت بۆ چاککردنی راستیینەی ستراکتۆری سروشتی یاخود باری ژیانی کۆمەڵگا ئاسانە. لەگەڵ ئاکامێکی ئاشکرا لە کۆتاییدا بۆ کارکردن دژ بە داواکارییەکانی بەرنامە ئەسڵییەکە. هەرچەندە، پێویستە بۆ تێگەشتنی ئەم پرۆسەیە لە ژێرخانی کارگێڕییەکەدا، کە شیکاریی میکانیزمەکان دەگرێتەخۆ کە بەهۆیەوە دەسەڵاتە ناوچەییەکان سیاسەت‌و بەرنامەی خۆیان جێبەجێدەکەن. (بۆ نموونە، چ لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆیانەوە/بەش‌و ستافەکان کە لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکاندا گرێبەست دەکەن، یاخود بەدوای هاوکاریی ئێن جی ئۆکاندا دەگەڕێن) چۆن بەرنامەکان لە ماوەی کاتی جێبەجێکردندا هەڵدەسەنگێنرێت، یاخود دەگونجێت ئەنجامدانی کاری کۆنتڕۆڵی جۆری بگیرێتەبەر.

وێنەی ٧ :٦ پرۆسەی جێبەجێکردنی گشتیی ڕووندەکاتەوە، کاتێك کە بودجە‌و پلانی بەرنامە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندییدارەوە پەسەند دەکرێت، ئنجا ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی پەیوەندییدار‌و وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووریی لیژنەیەك بۆ چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەی پێشنیازکراو پێکدەهێنن، کە شانبەشانی لیژنەیەکی وردکاریی هەڵدەسوڕێت. ئەم لیژنەیە لە ناساندنی ستاف تەکنیکی لەگەڵ وەزارەتەکان‌و بەڕێوەبەرایەتییەکان بەرپرسیارە، ئەوانەی نێو مەکتەبەکانی حکومەتیش دەگرێتەخۆ، لەگەڵ بەڵێندەرە تایبەتە خۆماڵییەکانیش دانوسان دەکات ئەگەر پێویستی بە شارەزایی بوو لە دەرەوەی توانا ڕێکخراوەییەکانی ستراکتۆری وەزارەتەکان. لەکات‌و دوای جێبەجێکردندا، کارەکە لەلایەن لیژنەی جێبەجێکردنەوە هەڵدەسەنگێنرێت، یاخود لەلایەن بەدەنەیەکەوە کە وەزیرێك یان بریکارەکەی سەرۆکایەتی بەرنامە تایبەتە بەرچاوەکان دەکات. وێڕای ئەم کۆمەڵە کاروهەڵسوڕانە،

حکومەتەکانی هەرێم زۆربەی جار داوای لێدەکرێت کە ئەو بەرنامانە وەربگرێت کە لەلایەن ئێن جی ئۆکان یان ئاژانسەکانی یوئێنەوە دەستپێکراوە. لە حاڵەتی بەمشێوەیەدا، حکومەتەکان وەك باوە تێکەڵ بە بەرنامەکە دەبن، بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی قۆناغی کرداریيدا. پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەکە لەم جۆرە پێشنیازانە دەکۆڵێتەوە کە ح هـ ك بەدوای قۆناغەکانی جێبەجێکردنی کەوتووە یاخود بەشێك لە بەرنامەی تێچوونەکەی خستۆتەسەرشانی . هەرچەندە، سەرکەوتنی ئەم جۆرە وەبەرهێنانە وا پێدەچێت بەهۆی کەمیی هەماهەنگیی لەنێوان کارگێڕییەکەو ئێن جی ئۆ پەیوەندییدارەکان سەخت و بەکێشە بێت.

دەگونجێت پرۆسەی بڕیارسازیی حکومەتەکانی هەرێم وەسفبکرێت وەك هەڵسوڕانێك بەدرێژایی بنەمایەکی هاوشێوە لە هەریەك لە هەولێرو سلێمانیدا، لەگەڵ دەزگاکانی و بڕواگەلێکی دیارییکراو کە پرۆسەکە لەجیاتی تاکەکان بەڕێوەدەبەن. ئەمەش بە شێوەیەکی مەزن لەگەڵ زۆربەی شیکارییەکانی سیاسەتە کوردییەکەدا نایەتەوە. کە مەیدانی سیاسیی لە هەرێمەکەدا لەلایەن کەسایەتییەوە دەهاژورێت. لەکاتێکدا ئەمە دەشێت لەبواری حیزبە سیاسییەکەدا دروستبێت، لەبواری کارگێڕیی مەکتەبەکانی حکومەتدا هەوڵەکان بەشێوەی کاری دەستەجەمعی زیاتر لەوەی تاکە سیاسەتکارەکان بیکەن. چەند نموونەیەکی بەرچاوی جیاش هەیە. بێگومان کۆسرەت رەسوڵ مۆرکی کەسایەتیی خۆی لە حکومەتەکەی ئیدارەی سلێمانی دابوو، هەروەك نێچیرەڤان بارزانیش لە هەولێر کردوویەتی. هەرچەندە، پرۆسەی بڕیارسازیی لەم کارگێڕییانەدا پلەیەکی بەرزی لە نەزم و پەیوەستەگیی و پابەندبوون پێشانداوە، بەڵام بڕێکی زێدە لە لێکدانەوەو بەرپرسیارێتیش.

جیاوازیی لە پرۆسەی بڕیارسازیی لەنێوان کارگێڕییەکەی هەولێرو سلێمانیدا ئاشکرایە. لەڕاستییدا، پرۆسەیەکی شلڕۆتری کارگێڕیی و هەروەها داخراوی یەکێتی لەنێو ح هـ ك رەنگدانەوەی ئەو کۆت وبەندە داراییە بوون کە کاری لە سلێمانی و دەربەندیخان کردبوو، بەهۆی هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکی و جیۆئابوورییەکە. ئەمەش سیستمێکی وەبەرهێنا کە دەبوو خۆی لەگەڵ بەئامانجگرتنی ناوچە دیارییکراوەکان و




وێنەی ٦:٧ پرۆسەی جێبەجێکردن لە حکومەتەکانی هەرێمی کوردستاندا.

بەشە سەختەکان رابهێنێت لەگەڵ یارمەتی یەکێتی بۆ ناساندنی گرفتەکان. لە هەولێردا، ح هـ ك سوودی لەوە بردووە کە دەستکراوەترە، ئەگەر هێشتا فشەڵ نەبێت، داهات لە خاڵە گومرگییەکانی پارتیەوە کە ئیبراهیم خەلیلە سەرچاوەی گرتووە. کاریگەری ئەمەش ئەوە بوو کە زێدە ڕێگەی دەدایە پارتی کە خۆی لە ح هـ ك بەجیا بگرێت، هەروەها حکومەتەکەش کەمتر پشت بە ئاژانسەکانی یوئێن و بەرنامەی ئێن جی ئۆکان ببەستێت.

هەرچەندە، هەردوو حکومەت لاوازییەکی جدییان پێشاندا لەڕووی توانایانەوە بۆ دانانی پلانی درێژخایەن، ئەوەش لەبنەڕەتدا بەهۆی کەمیی داتا و ئەو ڕاستییەی کە وەزارەتێکی پلاندانان یان دەزگای فۆرمەڵەکردنی پلان لەهیچ یەك لە ستراکتۆرەکەدا نیە.ئەم گرفتانە هاوکاتبوو لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە جێبەجێکردنی بڕیای ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەوت بەرامبەر بە خۆراك هانی ئەوەی دەدا کە کەمتر کار بۆ بەڕێوەبردنی پلان بکرێت. هەروەها ئاژانسەکانی یوئێنیش ئاسان داوایان لە دەسەڵاتی ناوچەیی دەکرد کە "لیستێکی کڕینی کەلوپەلەکانیان" بۆ دابینبکەن کە دواتر پێشکەش بە حکومەتی عێراق دەکرا وەك بەشێك لە پلانی دابەشکردن. ئاکامی ئەم بزاوتە بریتییبوو لە دوو کارگێڕیی کە بە ناکاراییو بێلیاقەت دەناسرایەوە، هێندێکجاریش بە نەشارەزاییو لێنەوەشاوەیی. تەکانێکی زێدە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە لەئارادابوو، کۆسرەت ڕەسوڵ ڕێبەریی دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ بەناوەندییکردنی تێکڕای بەشە پلادانانە وەزراییەکان، هەروەها سامی عەبدولڕحمانیش لێکۆڵینەوەی لە ئەگەری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی پلاندانان دەکات. بەڵام ئەم هەوڵانە پشت بە سەقامگیریی هەمیشەیی سیاسییو ئاساییکردنەوەی سەرچاوەکانی داهات دەبەستێت.[77] لەوەش زیاتر، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پلاندانان دەشێت بەڵگەی پرەوپێدانی پەرەپێدانی پلانی درێژخایەن

[77] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ١٠ ئووت ١٩٩٩،. سامی عەبدولڕەحمان، ،٢ فێبرایەر ٢٠٠٠.

بێت بۆ هەرێمە کوردییەکەی عێراق، ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە پایتەختەکانی وڵاتانی دراوسێدا دێنێتەئارا.

## ئەنجامگیریی

ح هـ ك لە رێکخستنێکی یەکگرتووەوە لەسەرەتای نەوەتەکانەوە پەرەیسەندو دەساڵ دواتر بووە دوو سیستمی لەیەکجیای دابەشبوو. هەرچەندە، زیاتر لەو هێزەی کە لە یەکگرتندایە، پێچەوانەکەی ئەم مەسەلەیەی سەلماند. سیستمە هاوبەشەکەی یەکەمین و دووەمین کابینە دوو حیزبی سیاسیی پێکەوە بەستبوو کە خواستی جیاجیایان بۆ دەسەڵاتخوازیی هەبوو. پێکەوەبەستنەوەیان لە هەلومەرجێکی بەشداریی دەسەڵاتدا رکابەرێکەی بە ئاقارێکی خراپدا برد. لەوەش زیاتر، سیستمە هاوبەشەکە دەوڵەتانی دەوروبەری نیگەران کرد. جگە لە حکومەتی عێراق، هەروەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، خاوەنی ستراکتۆرێکی حوکمڕانیی بوو کە خواستی پتەوکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی بە ئاکارێکی یەکگرتووانە هەبوو(لەسەر کاغەز). ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر بۆ تورکیا، ئێران و هەروەها عێراقیش جێگەی خۆشحاڵیی نەبوو.

ئاکامی کەوتنە نێو کێشمەکێش لە ساڵی ١٩٩٤دا دەرکەوتەیەکی دیاری هەردوو بارگرانی و گوشاری نێوخۆیی و دەرەکیی بوو، پاشان سیستمە دابەشبووەکە لە هاوینی ١٩٩٦ەوە سەریهەڵدا، رێی بە پارتی و یەکێتی دا کە بەدەر لە گرفت و ململانێ و رکابەری نێوخۆ و بێ پەلاماری دوژمنکارانەی دەرەکیی هەرێمەکە بەڕێوەبەرن. هەرچەندە، شوێنی جیۆپۆلیتیکیی، سەرچاوەیەکی ناجێگیری داهاتی بۆ دوو سیستمەکە پێکهێنا، هەروەها چەند کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتیی جیاواز لەئاست هەردوو ناوچەکەدا وایکرد حکومەتەکانی هەولێرو سلێمانی پەیوەندییەکی جیاواز سەبارەت بە حیزبە سیاسییە هەژموونداره‌کان پێشانبدەن.

ئەم گرفتانە وایکرد ئەرکی بەڕێوەبردنی کوردستانی عێراق بەجۆرێك سەخت بێت. حکومەتەکانی کوردستانی عێراق ماوەیەکی زۆر کارگێڕییان دەکرد بێئەوەی لەژێر کاریگەرییەکانی شەڕەکانی ناوخۆدا بڕووخێن، بەدڵنیاییەوە ئەم راستییە لە

چاودێرانی زیرەك و وریا شاراوە نەبووە. عەزیز محەمەد، سەرکردەی پێشووی ڕێزداری حیزبی شیوعی تێبینییکردووە کە :" ح ھ ك چەند سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا، بەڵام پێویستە درك بەوە بکرێت کە ئەو بۆ نزیکەی نەوەیەك هەبووە، ئەوەی بەدەستهاتووە بە ئاسانیی بەس نیە." [WX]

داخۆ هۆکاری کەمیی دەستەکەوتەکان لە پارتی و یەکێتیدا دەبینرێتەوە، یاخود لەکاری دەوڵەتانی دەوروبەر خاڵێکی سەرنجڕاکێشی مشتومڕە. هەرچەندە، پێدەچێت چەندە سەقامگیریی لە کوردستانی عێراقدا درێژتربێتەوە، سەرکەوتنی زیاتری حکومەتەکانی هەرێم زێدەتر دەبێت. جەلال تاڵەبانی کە تەواو سەبارەت بە ناکارایی ح ھ ك ڕاشکاوە، سەرزەنشی هەردوو دەستە بزاوتانە دەکات کە ڕێگە لە کاروهەڵسوڕانی کارگێڕییەکە دەگرن. بەڵام هێشتا بڕوای بەوەیە کە ح ھ ك سەرکەوتوو دەبێت. بەتایبەت لەساڵی ١٩٩٦ەوە، وێڕای دوژمنایەتیی هەرێمیی و ململانێی نێوخۆ کە جێگەی داخە، کارگێڕییە ساواکەمان سەرکەوتنێکی بەرچاوی سەلماندووە." [WY]

هەستی مەسعود بارزانیش هەمانشێوەی سەلماندووە، لە وەڵامێکی پرسیارێکدا سەبارەت بە چۆنێتیی کاروهەڵسوڕانی حکومەت، گوتی کە:

"ئەوەندەی خزمەت هەیە، گومانی تێدانیە کە تا ئێستا ئەدای حکومەت لەوە کەمترە ئارەزووی دەکەین، هەرچەندە، بۆئەوەی دادپەروەربین، پێویستە وێڕای پێزانینمان تێبینی پەرەسەندنی بەردەوامو خێرا بکەین...گرنگترین شت ئەوەیە کە سیاسیی بەهێزو کرداریمان هەیە کە ژیانێکی ئارامو خزمەتگوزارییەکی باش بۆ خەڵك دابین دەکەن." [XP]

---

78 چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ١٩ ئووت ١٩٩٩.

79 گوتاری تاڵەبانی لە ٩ نۆڤەمبەر ١٩٩٩ لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەی ئەنتەناسیونالْ لە پاریس.

80 ڕۆژنامەی "الزمان" ٢٦ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٠، دیدەنی مەسعود بارزانی ، لەلایەن سەع ئەلبەزاز.

دەستپێشخەرییە هەنوکەییەکان بۆئەوەی هەردوو هەرێمەکە بۆ کارگێڕییەکی یەکگرتوو بگێڕنەوە پێویستە لە ڕێی هەریەك لە وانەکانی مێژوو، هەروەها تێگەیشتن لە کاروهەڵسوڕانەکانی حکومەتەکانی هەرێم بیری لێبکرێتەوە، پەرۆشییەکی فرە لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە بۆ کارگێڕییەکی یەکگرتوو هەیە، لانیکەم بە ئاشکرا.[81] هەرچەندە، ئەو پرسیارەی کە پێویستە بکرێت ئەوەیە داخۆ حیزبەکان بەڕاستیی ئەمەیان دەوێت، هەروەها لەوانەیە زۆر گرنگتربێت، ئایا لەماوەی درێژخایەندا سوودمەند دەبێت؟ جەلال تالەبانی، بەڵگەی بە سەرۆك وەزیرانی کابینە هاوبەشە نوێیەکە هێنایەوە کە نێچیرەڤان بارزانیە، بەڵام بۆ بەدیهێنانی ئەمە، پێویستە هەڵبژاردنێك بکرێت و پارتی و یەکێتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا ئاسایی بکەنەوە تاڕادەیەکی فرە زێدەتر لەوەی کە ئێستا هەیە. لەوەش زیاتر، وادەردەکەوێت کە هەر لایەنەو هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی خۆی بە ح ھ ك لەناوچەکەی خۆیدا بدات، پارتی چوارەمین کابینەی خۆی لەسایەی نێچیرەڤان بارزانیدا دامەزراند، هەروەها یەکێتی، هەڵبژاردنی ناوچەیی گرتەئەستۆ(کە تێیدا زۆرینەی بەرچاوی بەدەستهێنا). فرە زەحمەتە پێمان وابێت کە ئەم دوو حیزبە مەبەستەکانی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە بخەنەکار، هەروەها لەوە زەحمەتترە کە پێمان وابێت پێکەوە سیستمێك پەسەند بکەن کە تەنیا حیزبێك حوکم بکات و ئەوی تریان ئۆپۆزسیۆن بێت. عەزیز محەمەد دووبارە تێبینیی ئەوەی کرد کە:

"سەرکردایەتییەکەمان یەکێتیی ناوێت و هەموو شتێك دەکەن بۆئەوەی جیابن. دەگونجێت بڵێین یەکێتییمان دەوێت، بەڵام ئەو ئاکارەی ئەوان دەیانەوێت وادەکات پێکەوە نەگونجێن، سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی خوازیارن کۆنترۆڵی تەواوی

[81] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سلێمانی، ٢٩ ئووت ١٩٩٩،. سامی عەبدولڕەحمان، ١٠ ئووت ١٩٩٩.

هەر بەدەنەیەکی یەکگرتوو بکەن. هیچ یەك لەو حیزبانە نایانەوێت لە ئۆپۆزسیۆن حیزبی دووەم بن.[XR]

دەگونجێت لەماوەیەکی درێژخایەندا، کوردستانی عێراق سوود لە دامەزراندنی سیستمێکی حوکمڕانی یەکگرتوو وەربگرێت. هەرچەندە لە کورتخایەندا، ئەگەر مێژوو ڕێبەر بێت، زەحمەتە چاوەڕێی یەکخستنی زیاتر وەك چارەسەرێکی گرفتەکانی کورد لە عێراقدا بکەین، بەتایبەت، کە سیستمی دابەشبووی هەنوکەیی وا خۆی پێشانداوە کە بەشێوەیەکی ماقووڵ لە پاراستنی هێندێك رووخساری ئاشتیی و ئارامیی لە هەرێمەکەدا سەرکەوتووە، ئەو هەرێمەی کە زیاتر بە توندوتیژیی و نائارامیی سیاسیی فرچکی گرتووە

[82] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ١٩ ئووت ١٩٩٩.

# ئه‌نجامگیریی

دوای نزیکه‌ی ده‌ساڵ له‌ بوون بێ ده‌ستوه‌ردانی راسته‌وخۆی حکومه‌تی ناوه‌ندیی عێراق، ده‌گونجێت گه‌لی کوردستانی عێراق ئه‌مێستا درکی به‌ سیستمێکی سه‌قامگیری خۆجێ کردبێت له‌گه‌ڵ خولیاو ئاره‌زووی به‌ها دیموکراتییه‌کان. ئه‌گه‌رچی هێشتا تا ئێستا نه‌هاتۆته‌ئارا. به‌خواستبێت یان به‌رێکه‌وت، سیستمی سیاسیی و کارگێڕی له‌ هه‌رێمه‌که‌دا بۆ ستراکتۆرێك په‌ره‌یسه‌ندووه‌ که‌ تاڕاده‌یه‌کی که‌م سه‌قامگیریی پێشانداوه‌، هه‌ڵبه‌ته‌ له‌ڕێگه‌ی دابه‌شبوونێکی خاوی ده‌سه‌ڵات و ستراکتۆرێکی کارگێڕیی ناکاراو بێ لیاقه‌تدا، هه‌روه‌ها بوونی فره‌ حیزبایه‌تیی سنووردار‌دا. ده‌توانرێت تایبه‌تمه‌ندیی سیستمه‌ سیاییه‌که‌ وا ببینرێت که‌ ریشه‌ی له‌ ده‌یه‌کانی په‌ره‌سه‌ندنی سیاسیی پێش ساڵانی نه‌وه‌ته‌کاندا داکوتیه‌وه‌. هه‌روه‌ها ده‌گونجێت له‌جۆری خه‌ڵکی کوردستان خۆشیدا سه‌رچاوه‌گرتبێت. به‌وه‌ش، تایبه‌تمه‌ندیی سیستمی کارگێڕیی ئه‌وه‌ی پێشانداوه‌ که‌ به‌شێوه‌یه‌کی مه‌زن له‌ژێر کاریگه‌ریی سیستمی حیزبه‌ سیاسییه‌کانداو بزاوتی نێوخۆیاندا بووه‌، تێکه‌ڵ به‌و ئه‌رکه‌ پێویسته‌ی به‌ڕێوه‌بردنی هه‌رێمێك بووه‌ له‌ ناوچه‌یه‌کی جیۆپۆلیتیکی گڕگرتوودا.

به‌تایبه‌تی له‌ساڵی ١٩٩١ه‌وه‌، حیزبه‌ سیاسییه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی وه‌ك پارتی و یه‌کێتی ناچاربوون دان به‌ پێویستی هاندانی کاروهه‌ڵسوڕانی زیاتری دیموکراسیی بنێن تاکو پشتگیریی کۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تیی بۆ کێشه‌که‌یان به‌ده‌ستبێنن. ئه‌مه‌ هاوکات بووله‌گه‌ڵ پێویستیی سه‌رکرده‌ی حیزبه‌کان بۆ پاراستنی بنه‌مای ده‌سه‌ڵاتی تایبه‌ت به‌ خۆیان، چ له‌نێوخۆی حیزب و چ له‌نێو هه‌رێمه‌که‌دا به‌شێوه‌یه‌کی گشتیی. هه‌ربۆیه‌ هاوسه‌نگییه‌کی دیالێکتیکی هه‌بوو له‌ نێوان پێویستی بره‌وپێدانی

دیموکراسیی و بەها مەدەنییەکان هەروەها گرتنەئەستۆی ئەو کاروهەنگاوانەی کە ئاستی هەنوکەیی پێکەوە هەڵسوڕانی بژاردە بپارێزێت.

ئەو سیستمەی کە بە بۆچوونی من، بەبێ ویستو مەبەست، پاش شەڕە دژوارەکەی سالانی ١٩٩٤-١٩٩٥و داگیرکردنی دواتری هەولێر لەلایەن پارتیەوە بە پاڵپشتیی حکومەتی عێراق هاتەئارا، دەتوانرێت وەك رازیکەرێکی زۆربەی داواکارییەکانی برەوپێدانی پەرەپێدانی سیستمە کارگێڕییەکەو کۆمەڵگای مەدەنیی ببینرێت. شانبەشانی پاراستنی دەسەلات، بەهێنانەکایەی تەرزە سیستمێکی سیاسیی و کارگێڕیی تەوافوقیی، کە پاڵپشتیکەرە سەرەکییەکانی، واتە پارتی و یەکێتی لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا دابەشبوون. پەرەسەندنی کارگێڕییە جیاکان هەروا ئاسان نەبوو، ئیعتیباراتە سیاسییەکان بەشوێن زۆر لە کارەکانی هەردوو کارگێڕییەکەوە بوو. هەرچەندە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٩ وە ، زێدەبوونی کارایی لە هەردوو کارگێڕییەکەدا دەرکەوت، لەگەڵ بەرچاوکەوتنی کەسانی تەکنۆکرات لە زۆربەی ئاستە بالاکاندا، وێڕای هاندەرە سیاسییەکانی هەردوو حیزبەکە کە هەژموونیان بەسەر کارگێڕییەکەدا هەبوو. واتە نێچیرەڤان بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر، هەروەها جەلال تاڵەبانی و کۆسرەت رەسوڵ و بەشێوەیەکی زێدەتریش، نەوشیروان مستەفا لە سلێمانی.

کاریگەریی زنجیرە بڕیارەکانی ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر پەرەسەندنی کارگێڕییەکەوە مەزن بوو. لەڕاستییدا، ئەوان ئەرکێکی مەزنیان لە کارگێڕییەکە ساواکە دوورخستەوە بە زامنکردنی بەشە خۆراکی دانیشتووانی هەرێمەکەو دابینکردنیان بە رەگەزە بنەڕەتییەکانەوە. ئەوەش سەرچاوەگەلێکی بەرچاوی خستە بەردەست کارگێڕییەکە، هەروەها بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك پاڵپشتێکی کارگێڕییەکەی لەبواری تەکنیکییەوە کرد، ئاژانسەکانی یوئێن ناچاربوون یارمەتی و هاوکاریی لەگەڵ ئۆفیسە کوردییەکەدا (دەسەلاتە ناوچەییەکان) بکەن(یوئێن نەیدەتوانی پێکەوە وەك ح ه ك ئاماژەیان بۆ بکات بەهۆی پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقەوە).هەروەها چەندین پرۆژەی مرۆڤایەتیی بەرفراوان لەرێگەی وەزارەتە

تەکنیکییــە پەیوەندییدارەکانــەوە جێبــەجێبکات، بــەوەش پــشتگیریی ســتاف و چــالاکییەکانی ئــەو وەزارەتانــەی کــرد. ئــەم بزاوتــەش پێــشوازییەکی لەلایــەن کارگێڕییەکــەی بــن هــەژموونی یــەکێتی لێکــرا، ئەوانــەی کــە بەهەمانــشێوەی کارگێڕییەکەی ژێر هەژموونی پارتی، لە سەرچاوەو داهاتی نێوخۆ بەرخودارنەبوون.

لەڕاســتییدا لێکدانــەوەو جێبــەجێکردنی ڕێکەوتننامــەی واشــنگتۆن لــە ســاڵی ١٩٩٨دا، کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەردوو حیزبەکە بۆ لای یەك رابکێشێتەوە، ئەو هاوسەنگییە دیالێکتیکەی پشتگوێخستبوو کە لەلایەن کوردان خۆیانەوە بەدیهاتبوو. ئــەوەی لەڕاســتیدا تــوانی دەســتەیەك سیاســەتکار لــە شــاری هــەولێری پایتــەخت بێنێتــەئارا کــە ڕەخنــەگرو بەرهەڵــستکارێکی تونــدی ڕێکەوتنەکــە بــوون.ئەمــەش بەدبەختییــەکی مــەزن بــوو، کــە ڕێکەوتننامــەی واشنگتۆن چــەندین ئەگــەری پێشنیاز کردبوو کە هەڵبژاردن تەنیا یەك لەو ئەگەرانە بوو. هــەردوو حیزبــە سیاسییەکە پێیــان وابــوو ئەگــەر هەلومەرجــە هەنوکەییەکــە بــەردەوام بێــت، ئەوســا هەڵبــژاردن دەبێــت ئەنجامبدرێت، هەرچەندە، من پێموابوو کە کاتێکی زیاتر پێویستە تا زامنی ئەوە بکرێت کە کارگێڕییەکان لەڕووی جیاکردنەوەیان لە هەژموونی حیزبە سیاسییەکان زۆریــان بــەدیهێناوە، گرفتــەکان ســەبارەت بــە داهاتــەکانی نێوخــۆ چارەســەر بکــرێن، هــەروەها دەرفــەتی زیــاتریش بــدرێت بــە حیزبــە سیاسییەکان کــە تونــدیو دژوارییــە نێوخۆییەکانی خۆیان چارەسەربکەن. بەتایبەتی یەکێتی، فشارێکی جدیی نێوخۆیی سەبارەت بە ستراکتۆری سەرکردایەتیی حیزبەکە هەیەکە دەبێت چارەسەربکرێت. لــەنێو پارتیــدا پرســە ناســەقامگیرە ســەرەکییە هەنوکەییــەکان لــە مەســەلەکانی ڕێکخــستنی پەیوەندییــەکانی پــارتی لەگــەڵ یــەکێتیو حیزبــە بــچووکەکانی دیکــەدا چڕدەبێتەوە. لەوانەش گروپە ئیسلامییەکان. دووبارە کات بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە هەستیارو دژوارانە پێویستە. یەکخستنەوەی کارگێڕییەکانو هــەروەها سیتمە سیاسییەکە لــەم کاتــەدا، ئــەو گەشــەکردنو پێشکەوتنە دەخاتــە مەترسییەوە کــە لــە ساڵی ١٩٩٦ەوە هاتۆتە ئارا.

دەتوانرێت گرفتەکانی یەکگرتنەوە لە فاکتەرە نێوخۆییە سیاسییەکان‌و دەرەکییە جیۆپۆلیتیکییەکاندا ببینرێتەوە. سەبارەت بە گرفتە سیاسییە نێوخۆییەکان، هێشتا پارتی‌و یەکێتی بەرجەستەی دیدو بۆچوونی جیاواز لەمەڕ سیاسەت‌و چارەسەرەیی کێشەی کورد دەکەن. هێشتا یەکێتی رادیکاڵترینی ئەو دوو حیزبەیە، پارتیش بەردەوام پێشانیداوە کەتوانای پەنابردنە بەر هەرکارو هەنگاوێکی هەیە بۆ پاراستنی پێگەی سیاسیی‌و سەربازیی خۆی لەهەرێمەکەدا، بەتایبەتی دژی یەکێتی. لەوەش زیاتر، شێوازە سیاسییە جیاوازەکانی حیزبەکان، کە تایبەتمەندییەکی باوە لە شیکاریی مێژووی سیاسیی کورددا، هێشتا ئاشکرایە. پێگەی بارزانی لە پارتیدا هێشتا بالادەستە، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوانەدا کۆك نیم کە مەسعود بارزانی وەك دیکتاتۆرێکی خێڵەکیی بەسەر ئەو کەسانەوە دەزانن کە بوونەتە پیاوی‌و دەیانپارێزێت. بەهەمانشێوە، رەخنەکان ئاراستەی یەکێتیش دەکرێتەوە، بەتایبەتی ئەو پاشاگەردانییەی لە پرۆسەی بڕیارسازییدا پێوەی دیارەو ئەوەش زۆرجار دروستە. بەلام مرۆ دەبێت سەبارەت بە پەرەسەندنی سیاسیی‌و مێژوویی ئەو رێکخراوانە بەئاگابێت، هەروەها ئەوەی دەشێت رووبدات بریتییە لە نزیکبوونەوەی کوردانە بە ئاراستەی بڕیارسازیی دەستەجەمی، زیاتر لە حوکمی ڕەشەخەڵك، ئەوەی وەك کەسێك زیاتر چاوەڕوان دەکرێت. هەرچەندە، بوونی ئەم جیاوازییە بنەڕەتییانە بەدڵنیاییەوە وادەکات راکێشانی هەردوو حیزب بۆ پێکەوە هاوکاریی‌و رێکخستنی فەرمانڕەوایەتییەکی متمانەدار مەسەلەیەکی پڕگرفت بێت.

سەبارەت بە تێوەگلانی جیۆپۆلیتیکی هێزە بیانییەکان، دەگونجێت کوردستانی عێراق وەك سەنتەرێکی جیۆپۆلیتیکی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ببینرێت. وێڕای مانەوەی توندیی‌ودژواریی‌یەکانی نێوان تورکیا‌و ئێران لەئاستێکی بەرزدا. ئەم دەوڵەتانە رکابەریی خۆیان لە رێگەی بریکارەکانیانەوە لە کوردستانی عێراقدا دەکرد، کە هەنوکە پارتی بۆ تورکیا‌و یەکێتی بۆ ئێران هەڵدەسوڕێت. هەرچەندە ئەم وەفاداریی‌و وەلائاتانە بەدەگمەن جێگیرن. عێراق بە ئاشکرا لە کاروباری هەرێمەکەوە گلابوو، ئەو هەرێمەی خانەخوێی هێزەکانی دیکەی بیانیی‌و رۆژهەلاتی ناوەڕاستە.

هەرێمە کوردییەکەی عێراق توانای ئەوەی هەیە وەك ناوچەیەکی زێدەبایەخدار لە رۆژهەلاتی ناوەراست هەڵسوڕێت، وێڕای تونای کارکردنە سەر کاروباری چەندین دەوڵەتانی ناوچەکە. کلیلی ئەم بزاوتە جیۆپۆلیتیکییەی لە ناسەقامگیریی نێوخۆی کوردستانی عێراقدا دەمێنێتەوە. هێندەی ئەوەی کە دەوڵەتانی دەوروبەر نیگەرانن، بوونی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی دیموکراتی یەکگرتوو لە کوردستانی عێراقدا بەڵگەی سەقامگیریی زێدەترو بە دەزگاییکردنی کوردستانی عێراقە. ئەوەش هۆکارێکی تەواوە بۆ ئەوان کە چالاکانە هانی ناسەقامگیریی هەرێمەکە بدەن، وەك لە سالانی ١٩٩٤–١٩٩٦ روویدا. بەتایبەت ئەم دەوڵەتانە لەوەدەترسن کە سەرکەوتنی دیموکراتییەتێکی کوردی عێراق دەگونجێت سەرنجی ولاتانی وەك ئەمەریکا بۆخۆی رابکێشێت، کە دەشێت پشتگیریی پەرەسەندووی ئەم جۆرە حکومەتانە بدات. لەبەرئەوە ئاکامەکەش ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٩٤دا، کارو هەوڵی هەماهەنگانە لەلایەن ولاتانی دەوروبەرەوە بۆ دابەشکردنی حکومەتە یەکگرتووەکە کرا، بەهەرشێوەیەك بگونجێت سیاسیی یاخود سەربازیی.

چارەسەری ئەم گرفتە، بەڵگەکان پێدەچێت پێشانی بدەن، کە بریتییە لە هێشتنەوەی سیستمە سیاسیی و کارگێڕییەکە، لە ماوەیەکی دووری کورتخایەندا، بەدابەشکراویی. دابەشبوونێکی بەم چەشنە بە چەندین هۆ سوودبەشە، بەلام لەوانەیە، فرە گرنگتر، شەرعییەتی ئاشکرای حکومەتە خۆماڵییەکە لادەبات، ئەوەش نیگەرانی دەوڵەتانی دەوروبەر هێور دەکاتەوەو ئەو ئەگەرە پێویستە کەم دەکاتەوە کە لە ناسەقامگیریی هەرێمە کوردییەکەی عێراقەوە بگلێن . هەروەها ئەم دابەشبوونە رێ بە هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی پارتی و یەکێتی دەدات ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن. لەکاتێکدا پێگەی دەسەلاتیان لەماوەیەکی کورتخایەندا دەپارێزێت.

وەك پێشتر نووسراوە، رێکەوتننامەی واشنگتۆن چەندین ئەگەری پێشکەشکردووە، کە هەڵبژاردن یەکێك لەوانەیە. واپێدەچێت کە باوەڕداران بەم رێکەوتننامەیە دانیان بەم بزاوتە مەترسییدارانەدا نابێت و رێ بە پێشکەوتنی نزیکبوونەوە بدەن رووبدات. هەرچەندە، وادەردەکەوێت کە زۆر لە حیزبەکان پرسی

هەڵبژاردن وەك مۆتەكە ببینن و ئەركێكی سەخت بێت كە هانی پتەوكردنی پلەبەپلەی سیستمێكی سیاسیی یەككگرتوو بدرێت، بۆ هەریەك لە جەماوەری كوردی عێراق بەگشتیی و حیزبە سیاسییەكان بەتایبەتیی.

هەربۆیە وا پێشنیاز دەكرێت كە زێدەبوونی یەككگرتنەوەیەكی بەم چەشنە دەتوانێت لە ئاكارێكی ئاراستەیی تەكنیكی زێدەتردا بەدیهێنرێت، لەسایەی دیدێكی تەوافوقیی پێكهاتنەوەی بژاردەدا، بە بایەخدانی زیاتر بە هەماهەنگیی چالاكییەكانی دەسەڵاتە ناوچەییە جیاكاندا، زیاتر لەوەی بۆ زێدە هاتوهاوارو بەیاننامەی سیاسیی گەورەو بەكارهێنانی هەڵبژاردن. ئەمێستا هەرێمە كوردییەكەی عێراق لە بارودۆخێكی گرژدایە، بەڵام شەش ساڵی بە بێ شەڕێكی ناوخۆیی دژوار تێپەڕاندووە. ئەمەش بریتییە لە ئەركی سیستمی تەوافوقیی جیۆگرافیی كە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دەركەوتووە، هەروەها لەم سیستمەدایە كە دەگونجێت پەرەسەندنی سیاسیی ئاشتییانەی زێدەتر بێتەئارا.

وەك بینرا، دەگونجێت كوردستانی عێراق بەوە بناسرێتەوە كە بۆتە تاقیگەی تیۆرەكانی زانستی سیاسیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان. پێگەكەی لە چەقی مەتەڵی جیۆپۆلیتیكی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە هۆی پەرەسەندنی بەردەوامی ناجێگیریی سیاسیی. گرفتی ململانێ و ركابەرییە سیاسییە نێوخۆییەكان كە تێكەڵ بە ئەجێنداگەلێكی جیۆپۆلیتیكیی دەرەكیی بوونەتەوە ئەوە دەگەیەنێت كە كوردان وەك مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت دەمێننەوە. ئەمە دەشێت نەگۆڕێت. هەرچەندە، گەلی كوردستانی عێراق تەنیا لە رێگەی ململانێوە سەقامگیریی و ئازادیی خۆیان بەدەستبێنن، چ لەنێو دەوڵەتەكەی خۆیان یاخود لەنێو ئەو دەوڵەتانەی تێیدا گیریان خواردووە. هەمان كات سیاسەتكارەكانیان و ئەو دەوڵەتانەی گریمانەی پشتگیریی كێشەكەیانیان هەیە رێگەیەك بگرنە بەر تێیدا دان بەوەدا بنرێت كە پێویستە هاوسەنگی لەنێوان پێویستییە نێوخۆییەكان و هێزە دەرەكییەكاندا بێتەدی كە كار لەم هەرێمە تراژیدییئامێزە دەكات.

# پاشەکیی

نووسینی ئەنجامگیریی ئەم کتێبە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١دا بوو، وا دەردەکەوت کە کوردستانی عێراق لە دۆزەخدا هەبووە، کە لەداوی ئاڵۆزییە جیۆپۆلیتیکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گیریخواردووە، بەڵام دەتوانێت وەك قەوارەی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی ئەو هەلومەرجە بمێنێتەوە کە سەدام حسێنی تێدا ئیحتیواکراوەو هەروەها کوردانی عێراقیش رێیان پێدەدرێت لە پرۆژەی دەوڵەتە دیفاکتۆکەیان بەردەوامبن. لەڕاستییدا، لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١دا، کەم پێدەچوو رووداوگەلێك هەبن کە هەڕەشە بێت بۆ بەردەوامی قەوارە ناجێگیرەکەی کوردستانی عێراق‌و حکومەتە کوردییەکانی. هەرچەندە، هێرشە خۆکوژییەکانی کرانەسەر نیۆرك‌و واشنگتۆن دی سی لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا، رووداوگەلێکی ئەوتۆی هێنایەپێش کە دەگونجێت مژدەی بە دەزگاییبوونی دەوڵەتە دیفاکتۆ کوردییەکەیان وەك تایبەتمەندییەکی دانپێدانراوی عێراق لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێبێت، یاخود مردن‌و لەناوچوونی ئەو قەوارە نیمچە دانپێدانراوە کوردییە لە دەوڵەتی عێراقی شێواوو پڕئازاردا.[1]

مەبەست لەم پاشەکییە ئەنجامدانی دوو ئەرکە، یەکەمیان، هاوکات لەگەڵ بابەتی ئەم کتێبە کە پەرەسەندنی سیاسیی نێوخۆیی کوردییە، بۆ فەراهەمکردنی ئەو

---

[1] سەبارەت بە کاریگەری ١١ی سێپتەمبەر لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا، بڕوانە:

T. Dodge and S. Simon (eds), (2003) 'Introduction' in T. Dodge and S. Simon, *Iraq at the Crossroads: State and Society in the Shadow of Regime Change*, International Institute of Strategic Studies Adelphi Paper No. 354, Oxford: OUP. For the problems posed to the Kurds by 'regime change' see G. Stansfield (2003a) 'The Kurdish Dilemma: The Golden Era Threatened' in T. Dodge and S. Simon (eds), op. cit., pp. 131–48; G. Stansfield (2003b) 'Iraq and its Kurdish State: Dream On' in *The World Today*, Vol. 59, No. 2, London: Royal Institute of International Affairs, pp. 9–11.

پەرەسەندنە نوێیانەی کە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣دا روویانداوە، بەئاماژەدان بە پرسە نێوخۆییەکانی پارتیو یەکێتی و پەرەسەندنی حکومەتە وابەستەکانیان. لەم ماوەیە چەندین گۆڕان روویانداوە، بەتایبەت لەگەڵ پێکهێنانی چوارەمین کابینەو هەروەها گۆڕان لە دابەشکردنی دەسەڵات لەناو حیزبەکاندا، کە جێگای بایەخە. ئەم گۆڕانانە زێدەتر سوود بە پتەوبوونی دەوڵەتە دیفاکتۆکە دەگەیەنن، هەروەك کابینە دابەشبووەکانیش سروشتێکی تەکنۆکراتانەی زێدەتریان گرتۆتەبەر، لەکاتێکدا حیزبە سیاسییەکان خەریکن رەنگدانەوەی متمانەی زێدەتری جەماوەرە کوردییەکە بنو لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیش راشکاوانەتر جەخت لەمافی ئەو ئۆتۆنۆمییە کوردییە بکەنەوەکە لەماوەی دەساڵ زیاتری خۆبەڕێوەبردنیدا بەدەستهاتووە. ئەرکی دووەم ئەم پاشەکییە ئەوەیە کە لە بایەخدان بە هەلومەرجە نێوخۆییە کوردییەکە دووركەوینەوەو بوونی قەوارە دیفاکتۆکە بخرێتە نێو چوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکا سەبارەت بە "گۆڕینی رژێم"و جەنگی دژە تیرۆر. ١١ی سێپتەمبەر، بەڕاست یان بە هەڵە، پرسی عێراقی خستەبەر سەرنجی کارگێڕییە نوێیەکەی جۆرج دەبلیو بوشی ئەمەریکا. سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق وەك پیلانگێڕێکی سەرەکیی بینرا لەناو ئەو میحوەری کە بە "میحوەری شەڕ" دەناسرێت، لەگەڵ ئێرانو کۆریای باکووردا، هەروەها دوای ئەوەی "قۆناغی یەکەم" لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی تاڵیبانی ئەفغانستان وا دەهاتەپێش چاو کە کۆتاییهاتبێت، بەئاشکرا دەرکەوت کە لابردنی سەدام دەبێتە "قوربانی دووەم".[R] بۆ دەوڵەتەکە دیفاکتۆ کوردییەکەی عێراق "گۆڕینی رژێم" باش فامکرا لەڕووی گۆڕینی هەلومەرجە دیالیکتیکە سیاسییو ئابوورییەکەی کە بۆ ماوەی دوا دەیەیە کوردانی عێراقی لە دوورگە سەربەخۆکەی خۆیاندا هێشتۆتەوە. هەرچییەك رووبدات(یاخود لەڕاستییدا خەریکە رووبدات)،

---

[2] بڕوانە:
J. Yaphe (2003) ‘America’s War on Iraq: Myths and Opportunities’ in T. Dodge and S. Simon (eds), op. cit., pp. 23–4.

لابردنی سەدام ئەو بزاوتە دەگۆڕێت کە کۆنترۆڵی کوردستانی عێراقی کردووە.[S] لەگەڵ ئەم مشتومڕانەی سیاسەتسازانی ئەمەریکا، پاش ساڵانێك لە بێدەنگی سەبارەت بە سەرکەوتنی ئۆتۆنۆمییە کوردییەکە، ئەمێستا کوردستانی عێراق وەك نموونەیەك بۆئەوە دێننەوە کە دەکرێت عێراقی بێ سەدام بە چ شێوەیەك بێت. بەهەمانشێوە، ئۆپۆزسیۆنی عێراقییش سەرکەوتنی کوردانی عێراق وەك ئاسۆیەك بۆ ئایندەی خۆیان دەبینن. هەرچەندە، بە بەردەوامییدان بە ئەنجامگیرییەکەی ئەم کتێبە، دانپێدانانی دەستبەجێی " کوردستانی عێراق" لەسەر ئاستی جیهانیی و هەروەها هەوڵەکانی حیزبە کوردییەکان تاکو خۆیان وەك ئامرازێکی گۆڕان لە عێراق لە چوارچێوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و ئیۆزسیۆنی عێراقییدا وەپێش بخەن، دەگونجێت ببێتەهۆی لەناوچوونیان. وڵاتانی بەهێزی دەوروبەری عێراق، لەوانە تورکیاو ئێرانو دەوڵەتی عەرەبی سعودیە(وێڕای بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی)لە ئەگەری سەرهەڵدانی کوردستانێکی سەربەخۆ دەترسن، هەروەها سەرکردایەتیی کوردیی خۆی لەنێو گەمارۆی جەنگێکی قسەو لێدوانەکاندا بینیوەتەوە، کە دەگونجێت بەئاسانی بەرەو جەنگێکی چەكو وێرانکاریی وەرچەرخێت.[T]

---

[3] بڕوانە:

G. Stansfield (2003a) ‘The Kurdish Dilemma: The Golden Era Threatened’ in T. Dodge and S. Simon (eds), op. cit., pp. 131–48.

[4] گرنگترینو مەترسیدارترین ئەم ناکۆکییانە ئەمێستا لەنێوان پارتیو تورکیا دا بەڕێوەدەچێت، ترسی تورکیا لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەلایەن کوردی عێراقەوە وایلێکردوون سیاسەتێك بەرنەپێش ڕێگە بە داگیرکاری سەربازی تورك بۆ عێراق بدات. پارتی وەڵامێکی بەهێزی دایەوە، کە سەرکردەکانی ڕایانگەیاند کە هێزەکانی پارتی بەرەنگاریی داگیرکارییەکی بەو شێوەیە دەبێتەوە. بۆنموونە بڕوانە:

P. Cockburn (2003) ‘Kurds Vow to Fight Turkish Ivaders Poses New Problem for Bush Coalition’ in *The Independent*, 4 March.

## پەرەسەندنە کوردییەکانی عێراق

بایەخداترین پەرەسەندنەکانی "کورد" کە لە وەرچەرخان بەرەو سەدەی بیست و یەکەم روویانداوە بریتییە لە بەدەزگاییکردنی بەردەوام و پەرەسەندنی حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان. هەردوو کابینەکە لە هەولێرو سلێمانی خۆیان رێکخستۆتەوە، کەسانی تەکنۆکرات زیاتر لەپێشوو لە پۆستە بالاکاندا دانراون، هەروەها سەرۆکایەتیی کابینەکانیش گۆڕاون. هەرچەندە، دەگونجێت ئەم گۆڕانانە زادەی رەنگدانەوەی سیاسەتە نێوخۆییەکان بن لەنێو پارتی و یەکێتیدا، وێڕای خولیای برەوپێدانی ئەجێندا تەکنۆکراتییەکان لەنێو کارگێڕییەکاندا. پارتی کۆنگرەی دوازدەهەمینی خۆی لەنێوان ٦-١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا بەستووە، لەم کۆنگرەیەدا، لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، کە مەسعود بارزانی سەرلەنوێ وەك سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە، هەرچەندە، کۆنگرە دەرکەوتنی گەنجە ئەندامەکانی پارتی لە ئاستە بالاکاندا بەخۆوە بینی، هەروەها مەکتەبی سیاسی پارتی رێکخرایەوە، رێ بە رووداني گۆڕانی زیاتر لەنێو ح هـ ك دا درا، نێچیرەڤانی برازای مەسعود وەك سەرۆك وەزیرانی چوارەمین کابینە دانرا کە لە ٢٠ی دیسەمبەری ١٩٩٩دا پێکهێنرا. سامی عەبدولڕەحمان لە بەرپرسی لێژنەی کارگێڕی مەکتەب سیاسی لابراو بوو بە جێگری سەرۆك وەزیران، د.رۆژ نوری شاوەیس کرا بە سەرۆکی ئە ن ك . لە سلێمانیش، یەکێتی دووەمین کۆنگرەی بەست و کۆسرەت رەسوڵ دەستی لە سەرۆکایەتی وەزیرانی ح هـ ك/سلێمانی هەڵگرت و د. بەرهەم ساڵح لە ٢١ی یەنایەری ٢٠٠١ خرایە شوێنی.

ئەم کابینانە سروشتێکی تەکنۆکراتانەیان هەبوو، پێشکەوتنی بایەخداریان لە دانوسان لەگەڵ ئاژانسەکانی یوئێن و لەنوێنەرایەتیی کوردستانی عێراق لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتییدا بینی. د.بەرهەم ساڵح دیپلۆماتی پێشووی تاڵەبانی بوو لە ئەمەریکا، لێزانییەکی تایبەتی سەلماند لە چاککردنی پێگەی ح هـ ك لە چاوی سیاسەتکارە ئەمەریکییەکاندا، هەروەها سامی عەبدولڕەحمان وەك جێگری نێچیرەڤان، جەختی لەوە کردەوە کە برەوپێدانی بەدەزگاییکردنی ح هـ ك لەلایەن میدیای جیهانییەوە

تێبینییکراوە لەرێگەی ئەو لێدوانو پێپەڕە دیپلۆماسییانەی خۆیەوە، هەرچەندە، لەکاتێکدا، کە حکومەتەکانی هەرێم بەرفراوان دەبن، حیزبەکان زیاتر دەبنە قەوارەیەکی گۆڕاو پەرتەوازە. بۆ نموونە، تادێت پارتی زیاتر رەنگی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی دەگرێتەخۆ. مەسروری کوڕی مەسعود ئەمێستا لە مەکتەبی سیاسییدایە، نێچیرەڤان سەرۆك وەزیرانە. هەروەها چەندە دژواریی و توندیی لە عێراق زێدەتربێت، مەیلی ناوەندگەرایی پارتیش بەوئەندازەیە زێدەتر دەبێت. بەهەمانشێوە، یەکێتیش پاش کۆنگرەی دووەمی سیاسییتر بووە، لەگەڵ ژمارەیەکی سەرنجڕاکێش نوێنەرایەتیی پێشمەرگەی"کەرکوکیی" کە بۆ مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردراون. میانڕەوە خاوەن نفوزەکانی دیکە وەلانراون، لەوانەش محەمەد تۆفیق، پێشمەرگە کە لە کۆسرەت رەسوڵدا چڕبۆتەوە سەرۆکایەتیی مەکتەبی سیاسیی دەکات. پتەوبوونی پێگەی حیزبەکان هێزە سیاسییە کۆنەکانیان بەشێوەیەکی چالاك بەرەوپێش دەچوو. بنەماڵەی بارزانی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، هەروەها کەسایەتییە کۆنەکانی کۆمەڵە وەك سەرکردەی بنەڕەتی یەکێتی دەرکەوتوون.

## وێنە فراوانەکە

١١ی سێپتەمبەر تەنگەتیلەیی سەرکردەکانی کوردی وەلاناو بەرچاوی روونـاك کردنەوە، بۆ کوردان پرسەکە چیدی پەرەسەندنی دەوڵەتە دیفاکتۆکەی کوردی عێراق نەبوو، بەڵکو ئەمێستا مەسەلەکە مەزنترو پەیوەستبوو بە ئایندەی عێراقەوە، یەکێتیو پارتی رووبەڕووی پرسی جدیی مانەوە بوونەوە، گۆڕانی رژێم لە عێراقدا ئەو هێزانە لادەبات کە وایانکردووە دەوڵەتە کوردییە دیفاکتۆکە خۆی رابگرێت، لابردنی سەدام دەشێت هەڵگرتنی گەمارۆو سزاکانو کۆتایی ناوچەی دژەفڕینی بەدوادابێت. لەوەش زیاتر، دەگونجێت بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی سەبارەت بە پرسەکانی بەغداو عێراق بێت زیاتر لەوەی کە سەبارەت بە هەولێرو سلێمانی و مەینەتییەکانی کوردان بێت. هەرچەندە، نە پارتیو نە یەکێتی ئارەزوو دەکەن یاخود هێزی ئەوەیان هەیە رێگە لە ئەمەریکا بگرن. بەڵام ، لەکاتێکدا هەردوو حیزبەکە لە

هیوایەیاندا راستگۆن کە عێراق بەئاراستەی دیموکراتیکی فرە حیزبیدا گەشە بکات، ئەو راستییەی کە ئەوان خەریکە ئەو داهاتە گرنگەو پێگەی سیاسییان لەسەرئاستی نێودەوڵەتیی لەدەستبدەنو بۆ ژێر رەحمەتی بەغداو هەر رژێمێکی ئایندە جێبهێڵرێن. وەك تەمێکی هەمیشەیی لەئاسۆی ئایندەییاندا دەمێنێتەوە.[5]

لەبەرئەوە ستراتیژییەتی حیزبە کوردییەکان ئەوەیە کە پێگەیان لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییدا پتەوبکەنەوە.[6] ئای ئێن سی لەساڵی ١٩٩٩دا پێکهێنرایەوە دوای تێپەڕینی یاسای رزگارکردنی عێراق لە ساڵی ١٩٩٨، ئەوەی ٩٧ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیی بۆ گروپەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی مسۆگەرکرد. هەریەك لە پارتیو یەکێتی نوێنەری خۆیان لە سەرکردایەتییدا هەبوو( هەریەك لە هۆشیار زێباریو د. لەتیف رەشید) هەروەها هەردوو حیزبەکە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ باقی دیکەی گروپەکانی ئۆپۆزسیۆندا هێشتەوەو پەرەیانپێدا. بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی، کوردان بایەخێکی بنەڕەتییان هەبوو. کوردان، شانبەشانی شیعە، جەنگاوەرانێکی ناو ئۆپۆزسیۆنێکی عێراقیی بوون.[7] هەروەها کوردان، شەرعییەتێکی ناوچەییو مشتومڕێکی مۆراڵیی بۆ جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن فەراهەمکرد، بەهۆی ئەو نموونە بێ ئەژمارانەی کارە وەحشییگەرییەکانی سەدام کە دژی کوردی عێراق ئەنجامیداون.[8] شانبەشانی ئەم راستییە کاریگەرانە، پارتیو یەکێتی توانیبوویان سوپایەکی تارادەیەك مەزن، نزیکەی ٨٠٠٠٠ پێشمەرگە لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن. ئەوەی کاتێك هەوڵیدا سسیاسییەکان قانع بکەن، راستییەکی سەرنجڕاکێش بوو. لەبەرئەوە هیچ گروپێك لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی نەبوو ئیدیعای جدیبوون بکات

---

[5] Stansfield (2003a) op. cit., pp. 131–2.

[6] بۆ زیاتر لەمەڕ پەیوەندییەکانی کوردو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی بڕوانە:

Stansfield (2003a), op. cit., pp. 136–9; I. al-Khafaji (2003) ‘A few Days After: State and Society in a Post-Saddam Iraq.’ in T. Dodge and S. Simon (eds) op. cit., pp. 78–92; G. Stansfield (2003c) ‘Toward a New Iraqi Government: Farce or Future?’ in *The World Today*, Vol. 59, No. 4 (April), London: Royal Institute of International Affairs, pp. 7–9.

[7] J. Yaphe (2002) op. cit., p. 34.

[8] Stansfield (2003a) op. cit., pp. 131–2.

بێئـەوەی لەلایـەن کوردانـەوە شـەرعییەتی کرداریـی و مۆراڵییـان پـێ ببەخـشرێت. بەدڵنیاییـەوە، بـارزانی و تاڵـەبانی ئـەوەیان درکپێکردبـوو. هەرچـەندە، لەکاتێکـدا واپێدەچـوو یـەکگرتوویی لەئاسـتی سـەرەوەدا هـەبێت، هـەردوو سـەرکردەکە، لەگـەڵ حیزبەکانیانـدا، سیاسـەتگەلێکی جیاوازیـان گرتەبـەر لەهەوڵیانـدا بـۆ بەدەسـتهێنانی کاریگەرییەکی بەرچاوتر لەنێو ئاراستەکردنی سیاسیی ئوپۆزسیۆنی عێراقییدا. وەك مـشتومڕێك، کێـشەی کـورد هێـشتا لەلایـەن سـەرکردایەتییەکی فـرە بیرتەسـکی جوڵانەوەی کوردییەوە کۆنترۆڵکراوە. لەڕووی سیاسییەوە، پێویست بە سەرسوڕمان ناکـات کـە لـە تـەواوی مـاوەی گـۆڕینی ڕژێمـدا، پـارتی و یـەکێتی بەدابەشـبوویی مابوونـەوە، گـرنگ نیـە، چ لێـدوانێك لـە سـلێمانی و سـەلاحەدینەوە سـەبارەت بـە یەکخستنەوەی سیستمە سیاسییە کوردییەکە دەدرێت. یـەکگرتن لەڕێگـەی جەختو بایەخی ئەمەریکا بۆ گۆڕینی ڕژێم لە عێراق، هێشتا ناکۆکییە نێوخۆییـەکان لـەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەن. ئەوەی کە ناچاری کردن لەماوەی دە ساڵی رابردووەوە بگلێنە چەند خولی ململانێی خوێناوییەوە، خراوەتە لاوە بۆ ئایندەیەکی نادیار. هەرچەندە، ئەو ئاکارەی کە پارتی و یەکێتی گرتوویانەتەبەر لـە هـەوڵی کارکردنـە سـەر سیاسـەتی ئەمەریکا و ڕەنگکردنی تەواوی جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی غـەدر لـەو ڕاستییە دەکات بایەخ و خولیای جیاوازیـان لـەوە هەیە پێیان وابێت پێویستە عێراقی ئایندە چۆن بێت، هەروەها شوێنی کوردیش پێویستە تێیدا چی بێت.

پارتی بە ڕۆیشتنی سەدام و ئاساییکردنەوەی ژیانی سیاسیی لەعێراق زۆری هەیە لەدەسـتی بـدات. ئـەو هـەر لـە سـاڵی ١٩٩٧ەوە خـۆی رادەهێنێـت، بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکانی خۆی لەهەمبـەر رکابەرەکانیـدا خۆی بەهێزبکات و بەشێوەیەکی تونـد خـەریکی بەدەزگاییکردنی ستراکتۆری حیـزب و حکومەتەکەیـەتی لـە هـەولێرو دهۆك. ئەو بڕە پارەیـەکی زۆری چنگخستووە و خستوێتییە کاری وەبەرهێنانـەوە، هەربۆیـە، وەبـەرهێنانێکی ئـابووریی ڕاسـتیینەی زۆری هەیـە تـا بیپارێزێـت و میکـانیزمی سەرچاوەی داهاتیشی هەیە پاسـەوانی لێبکـات. ئـەم دوو بزاوتـە، ئاراسـتەی ڕەوتـە سیاسـییە بنەڕەتییـەکانی بـاو بـۆ هەریـەك لـە پـارتی و یـەکێتی لـە سـەرکردایەتیی

جولانەوەی کوردی لەعێراق پێکەوە گرێدەدەن. بۆ سەرکردایەتیی پارتی، مەحالە پێشبینی قەبارەی ئەو گۆڕانە بکرێت کە بەلابردنی سەدام دەگونجێت رووبدات، لەبەرئەوە قومارێکی گەورەیە. هەربۆیە پارتی پێگەیەکی پارێزراوی گرتووەو سیاسەتی بەدیهێنانی قەوارەیەکی فیدراڵی کوردیی لە دەوڵەتی عێراقدا گرتۆتەبەر. لەڕاستییدا، ئەوەی پارتی بۆ سەدام خوازیارییەتی بریتییە لە لابردن، بەڵام خوازیاری مانەوەی دەوڵەتە دیفاکتۆکەیە پاش لەناوچوونی سەدام– لەواقیعدا لەسەر هەمان ناوازەیی جیۆپۆلیتیکی ساڵانی نەوەتەکان بەردەوامە وەك هەوڵێك بۆ هێشتنەوەی بالادەستیی خۆی پاش ئەوەی گۆڕانەکە دێتەدی. لەبەرئەوە، پارتی ئاڵای فیدراڵیزمی وەك سیاسەتێك بۆ ئایندەی عێراق هەڵکردووە. خۆی لەخۆیدا، ناساندنی پارتی لەگەڵ توند دەستپێوەگرتنی بیرۆکەی خۆبەڕێوەبەری لەنێو دەوڵەتی عێراقدا زیاتر دەبێتەهۆی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ تورکیادا، سەرنج و پێگەی یەکێتی بەچەشنێك جیاوازیی هەیە، تاڵەبانی ئەوەی پەسەندە کە مۆدێلی فیدراڵیی بۆ ئایندەی عێراق مۆدێلێکی گونجاوە. بەڵام بڵاوەپێکردنی دوکەڵی هێزەکانی هەرێمیی بۆ بارزانی جێهێشتووە، لەڕاستییدا، تاڵەبانی زۆر بە پەلە بوو بۆ زامنکردنی مانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمیی، هەروەها لەوەش دڵنیابوو کە بۆخۆی لە کۆبوونەوە مەزنەکەی واشنگتۆن دی سی نوێنەرایەتیی یەکێتی دەکات، بە پێچەوانەی بارزانییەوە کە لە کاتێکی سەختدا تۆماری تەمەنی زێدەتر دەکات.

ئەمێستا، لەساڵی ۲۰۰۳دا، سەرکردایەتیی کورد لە شوێنە بالاکاندا چەندین هاوڕێی هەن، ئەو هاوڕێیانە چەندە دڵسۆزن، دەبێ چاوەڕێ بکرێت کە ببینرێت. هەرچەندە، بیرۆکەی دیموکراتیەتی کوردیی(سەلمێندراوە کە عێراقییەکان بە بیرۆکەی دیموکراسیی نامۆ نین) واپێدەچێت لەڕووی مافی مرۆڤەوە بەرەو چاکتربوون بڕوات، هەروەها ئەو بڕوایەی کە کوردستان ببێتە هاندەری دیموکراسیی لە عێراق و منارەی دیموکراسیی عێراق لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست روونـاك بکاتەوە، پێدەچێت ئەمێستا بووبێتە بابەتێك لەمەڕ گۆڕانی رژێم. ئەم کتێبە ئەوە روونەکاتەوە کە کوردان لە ساڵی ۱۹۹۱ەوە دەستکەوتێکی مەزنیان بەدەستهێناوە، دژی هەموو ئەگەرەکان،

دەوڵەتێكی دیفاكتۆ سەریهەڵداوە كە ژیانی خەڵكی هەرێمەكەی چاكتركردووە. بەڵام كێشەو گرفتگەلێكیش لەئارادایە، خولە یەك لەدوایەكەكانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان حیزبە كوردییەكاندا، گەندەڵی ئابووریی لە دەوروخولی چالاكی جۆربەجۆری حكومەت، هەروەها ئەو دەركەوتە ئاسانەی كە هێزە بیانییەكان لە كاروباری دەوڵەتە دیفاكتۆكە تێوەگلاون دەبێت دانیپێدابنرێت. لەبەرئەوە، ئایا مۆدێلی كوردیی بۆ ئایندەی عێراق جەنگی ناوخۆو دەستێوەردانی دەرەكیی و گەندەڵیی و دابەشبوونی عێراقە بە دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی پەرتبووی لێكدابڕاو، یاخود زیاتر هێنانەكایەی دیموكراتیەكی فرە حیزبیی و پتەوكردنی سەقامگیرییە، لەڕاستییدا پرسیارێكی بەم چەشنە زەحمەتە، بەڵام وەك مشتومڕێك، سیستمە سیاسییە كوردییەكە پێویستی بە كاتە گەشە بكات، بۆئەوەی چارەسەری گرفتەكانی خۆی بكات، ئەوەی كە لە ساڵانی نەوەتەكانەوە دەیكات پێش ئەوەی بتوانێت وەك مۆدێلێك بۆ تەواوی عێراق بەكاربهێنرێت.[٧] ئەو دەستكەوتانەی كوردان بەدەستیانهێناون پێویستە دانیپێدابنرێت، هەروەها پێوانەكانی بناسرێنەوە كە بەهۆیەوە پەرەسەندنە سیاسییەكانیان دەتوانێت بەئاكارێكی بەردەوامانە بەردەوامبێت، بەڵام بۆ پێشكەكردنی سیستمێكی نابەكەمی ئا بەم شێوەیە، كە گیرۆدەی چەندین كێشەی نێوخۆییە، وەك مۆدێلێك بۆ دەوڵەتێكی وەك عێراق، كە بۆ خۆی خانەخوێی ناسەقامگیرییەكی سەختی سیاسییە، نەك هەر گێلێتییە، بەڵكو بۆ عێراقییەكان و بۆ كورد خۆشی، جێگەی مەترسییە.

ئایا دەگونجێت كوردان لەعێراقدا بگەڕێنەوە بۆ ئەو پێگە پەراوێزخراوەی كە پێشتر هەیانبوو؟ پاش لابردنی سەدام، بایەخی جیهانیی بەگشتیی و ئەمەریكا بەتایبەتیی سەبارەت بە بەغدا دەبێت و هەروەها جەخت لە "یەكێتی خاكی عێراق"

---

[9] بۆ هەڵسەنگاندنی سەقامگیریی قەوارە سیاسییە كوردییەكەی عێراق، بڕوانە:

M. Leezenberg(2003) ‘Economy and Society in Iraqi Kurdistan: Fragile Institutions and Enduring Trends’ in T. Dodge and S. Simon (eds) op.cit., pp. 149–60.

دەکرێتەوە. داخۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی هەست بە پێویستیی زامنکردنی ئەوە دەکات کە مافە نەتەوەییەکانی کورد بپارێزێت و بە ڕێزلێگیراوی بمێنێتەوە، بەداخەوە، گەر مێژوو بکەینە چاوساغمان، ئەمە جێگەی مشتومڕە، لەبری ئەوە، لەوەدەچێت زۆر لەوانەبێت کە بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەمەڕ بوژانەوەی ئابووریی عێراق و یەکخستنەوەی، هەروەها سامانە نەوتییەکەی بە سیستمێکی نێودەوڵەتییەوە بێت، بەوەش، مەترسیی ئەوە هەیە کە دەنگی کوردان هێشتا ببیسترێت، بەڵام درەنگ وەڵامی بدرێتەوە. هەرچەندە، مێژووی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردی عێراق دەبێتە وەبیرهێنەرەوەیەکی بەردەوام کە عێراقییەکان و کوردان بە بەها دیموکراتییەکان نامۆ نین، بەڵام ئەو هێزانەی کە پیلان لە کاریگەری ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتی عێراق دەگێڕن، واناکەن تاسەر بمێنێتەوە.

*Gareth R. V. Stansfield*

# *Iraqi Kurdistan*

## *Political development and emergent democracy*

***Translated by***

**Assistant Professor. Dr. Yasin Sardashty**

چاپەمەنی سیما- سلێمانی